د. وریا عمر امین



# وێستگەکانی گەشتی ژیانم

بڵاوکراوەی زانکۆی جیهان
کوردستان – هەولێر
٢٠٢٤

# وێستگەکانی
# گەشتی ژیانم

# وێستگەکانی گەشتی ژیانم

د. وريا عمر امين

بڵاوکراوەی زانکۆی جیهان

کوردستان – هەولێر
٢٠٢٤

* ناوی کتێب: وێستگەکانی گەشتی ژیانم

* نووسەر: دکتۆر وریا عمر امین

* بەرگ و سەرپەرشتی هونەری: عوسمان پیرداود

* نەخشەسازی: عیسام موحسین

* چاپخانەی رۆژهەڵات – هەولێر

* لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(٢٧٧٥)ی ساڵی ٢٠٢٤ی پێدراوە.

## ناوەرۆک


| | |
|---|---|
| پێشەکی | ١١ |
| دەسپێک | ١٣ |
| باوکم – ئەو ژینگەیەی تیایدا ڕووام | ١٨ |
| بیرەوەرییەکانم لە دیمانەیێکدا | ٣٠ |
| خوێندنی سەرەتاییم | ٨٥ |
| خوێندنی ناوەندی و ئامادەییم | ٨٩ |
| خوێندنی زانکۆییم | ٨٩ |
| خوێندن لە زانکۆی مۆسکۆ و زانکۆی لەندەن | ٩٨ |
| دامەزراندنم لە زانکۆی بەغداد | ١١١ |
| هاوسەرگیریم | ١٣٦ |
| کۆڕی زانیاریی عیراق | ١٣٦ |
| ئەکادیمیای کوردی | ١٤٦ |
| زانکۆی جیهان | ١٦٧ |
| دکتۆرا لە مێژوو | ١٧٧ |
| د. عیزەددین مستەفا ڕەسول | ١٨٢ |
| د. کەمال مەزهەر ئەحمەد | ١٨٨ |
| د. مارف خەزنەدار | ١٩١ |
| تۆفیق وەهبی | ١٩٤ |
| بەشیر موشیر | ١٩٨ |
| گیوی موکریانی | ٢٠٨ |
| گۆران | ٢١١ |
| مەسعوود محەممەد | ٢١٧ |
| مەحموود زامدار | ٢١٨ |
| ئیبراهیم باڵدار | ٢٢٢ |

| | |
|---|---|
| فەرەیدوون عەلی ئەمین | ٢٢٤ |
| نوری عەلی ئەمین | ٢٢٦ |
| د. کەمال فوئاد | ٢٢٧ |
| د. ئیحسان فوئاد | ٢٢٨ |
| د. چمشید حەیدەری | ٢٣١ |
| جەواهیری | ٢٣١ |
| د. مەجید ماشتە | ٢٣٧ |
| مەدحەت بێخەو | ٢٣٩ |
| غازی فاتح وەیس | ٢٤١ |
| مام شەعبانی پۆستەچی | ٢٤٣ |
| داری ساری | ٢٤٤ |
| عبدالرزاق بیمار | ٢٤٧ |
| حاجی هاشم | ٢٤٩ |
| لەتیف حامید | ٢٥٠ |
| لەتیف هەڵمەت | ٢٥١ |
| د. عەزیز گەردی | ٢٥٢ |
| تاریق جامباز | ٢٥٤ |
| ڕەئووف جەمباز | ٢٥٧ |
| حوسێن شێروانی | ٢٥٩ |
| شیعری سەردەمی منالێم | ٢٦٠ |
| دیمانەکانم | ٢٦٣ |
| یەکەم بڵاوکراوەم | ٢٦٣ |
| ئازادکردرنی کتێبەکانم | ٢٦٦ |
| کتێبخانەی زانستی | ٢٧٠ |
| کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کورد | ٢٧٠ |

| | |
|---|---|
| ئیزگەی کوردیی بەغداد | ٢٧٣ |
| یەکێتیی نووسەران | ٢٧٣ |
| کۆمەڵەی بەزەیی بە ئاژەڵ هاتن | ٢٧٥ |
| ڕۆژبوونی پشیلەکانم | ٢٧٧ |
| کۆڕۆنا | ٢٧٨ |
| ئوم کەلسووم | ٢٨٢ |
| بازگەی شێراوە | ٢٨٥ |
| شەوێک لە پردێ | ٢٨٨ |
| چۆن کۆترەکەم ڕزگارکرد | ٢٨٩ |
| چۆن بووم بە مامۆستای مامۆستای خۆم | ٢٩٠ |
| چۆن بووم بە قاچاخچی | ٢٩١ |
| چۆن بووم بە پزیشک | ٢٩٣ |
| چۆن بووم بە وەکیلی شێخ | ٢٩٤ |
| چۆن بووم بە مەلا | ٢٩٨ |
| چۆن بووم بە ڕووەکخۆر | ٢٩٩ |
| چۆن بێ بلیت سواری فڕۆکە بووم | ٣٠٠ |
| چۆن قوتابییەکی خۆم لە گرتن ڕزگارکرد | ٣٠١ |
| چۆن دزیم لێ کرا | ٣٠٢ |
| چۆن ڕفێنرام | ٣٠٣ |
| چۆن ئۆتۆمبێلەکەم ئازاد بوو | ٣٠٣ |
| لە بەندیخانەی هەولێر | ٣٠٤ |
| بە چ دەردەسەرییەک باڵەخانەکەی بنیاتنا | ٣٠٥ |
| جەژنی کەران | ٣٠٥ |
| قەفەزەکەی ڕزگاری برام | ٣٠٩ |
| (ڕزگار)ی برامی (ڕزگار) کرد | ٣١١ |

| | |
|---|---|
| چۆن قۆپییەکەی لێ ئاشکرا بوو | ٣١٢ |
| قۆپیەچییەکی لێهاتوو | ٣١٥ |
| گای قوربانی | ٣١٦ |
| یەکێتیی گشتیی نووسەرانی عیراق | ٣١٧ |
| فێسبوک و ماڵپەڕەکانم | ٣٢١ |
| ئەنجامی ژیانم | ٣٢٤ |
| نامەکەم بۆ منالێم | ٣٢٩ |
| ئەلبۆم | ٣٣١ |

لەخەزانـــی تەمەنـــدام و چیـــی وام نەمـــاوە
لە سەرسـامی و بـێ ئومێـدی و کەسـەر بەولاوە
کەل و پەلی خۆم تێک ئەنێم..تەواوبـوو گەشـتم
بە ژیانێـکدا وڕی کـــــردم، تێی نەگەیشـــــتم
..........
لەگەڵ ئەوەی ژیانم هەمووی تاڵی و ترشی بـوو
بە گەشبینی و زەردەخەنە ڕووی خـۆم پۆشـیبوو
ژەهـراوم پێشکەش بکرابـا، ئەمکـرد بە شـەکراو
گریـــانم کــردە گــۆرانی، فرمێســک بە گــوڵاو
ئەوەی بەرقـــی تێگرتابـــام گــوڵم تــێ ئەگــرت
بــۆ پــیلان و کەتنەکــانی ڕێــم لــێ نەئەگــرت
دڵخۆشــێکم دیبـــا دڵـــم لەو خۆشـــتر ئەبـــوو
لەگەڵ گریـــاوان گریـــانم بە جۆشـــتر ئەبـــوو
ئاسۆی تـارم بە ئەسـتێرەی گەش گەش چنیبـوو
لەو شوێنە خۆم ئەدۆزیەوە لـووتکەی ونـی بـوو

## پێشەکی

نووسینەوەی بیرەوەری گرنگێتیی تایبەتیی خۆی هەیە. بیرەوەرنووس شاهێدی ڕووداوەکانی سەردەمی خۆیەتی، دەبێتە کەرەسەیێکی گرنگی باوەڕ پێکراو بۆ مێژوو. بیرەوەرییەکان تیشک دەخەنە سەر لایەنە نهێنی و لێڵەکان، هەڵەکان ڕاستدەکەنەوە، ڕاستییە نەزانراوە ونبووەکان دەدۆزنەوە، کێشەکان چارەسەر دەکەن. ماف دەگەڕێننەوە بۆ خاوەنەکانیان. ئەزموونی ژیانن. بۆیە بیرەوەرنووس دەبێ ڕاستگۆیانە بەسەرهات و ڕووداو و پەیوندییەکان بگێڕێتەوە، نەک مێژووی ساختە بۆخۆی درووست بکات، ڕەنج و دەسکەوتی ئەم و ئەو بداتە پاڵ خۆی، کە لە هەندێ لە هەڵسوکەوت و بیرەوەرییەکاندا بەدی دەکرێ. من لە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانم هیچم بێ مێژوو و بەڵگەنامە نەخستۆتە ڕوو. لە کاتی تۆمار کردنیان پەیوەندیم بە ئەوانەوە کردووە کە بەشدار و ئامادەبوون لە بەسەرهاتەکاندا.

زۆر لە هاوڕێیان لە بارەی بیرەوەرییەکانمەوە لێم دەپرسن. وەڵامی من بۆیان هەر ئەوە بووە: من لە ئەرک و پێویستیی سەرشانی نیشتمانپەروەری و ئەکادیمیی خۆم زیاتر هیچم نەکردوە تا شایانی بیرەوەری نووسین بم. زۆر لە جموجۆڵ و بەسەرهاتەکانیشم لە کاتی خۆیدا لە ڕۆژنامە و گۆڤار و لەسەر لاپەڕەکانی فێسبوکدا بڵاوکردۆتەوە.

ئەوانەی لێرە پێشکەشیان دەکەم بەشێکی ڕووە گەشەکەی ژیانم پێکدەهێنن. هەرگیز تخوون هەڵوێستە نەرێنییەکانی کەس ناکەوم. سرووشتی ئامادەکردنەکەشی وای خواست چەند زانیارییێک تیایدا دووبارە بێتەوە. چەند بەسەرهاتێکیش چۆن ڕوویداوە وەک خۆیان بە شێوازی چیرۆک دەیانگێڕمەوە. گەلێ بیرەوریی تاڵ و شیرینی تریشم هەن شایانی ئەوەن ئاماژەیان پێ بکرێ، لەبەر زۆرییان لێرە جێگەیان نەبووەوە، هیوادارم لە ئاییندەدا ئازادیان بکەم.

ڕێز و سوپاس بۆ بەڕێز (د. نەوزاد یەحیا باجگر) بۆ چاپکردنی ئەم کتێبە لەسەر ئەرکی زانکۆی جیهان.

**بە دڵی خۆش بۆ هەمووان**

**وریا عمر امین**

**٢١ – ٦ – ٢٠٢٤**

**دەسپێک**

ئەم وتەیەم لە ئاهەنگی ڕیزلێنانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاواندا لە (٢٠١٦/٣/٣٠) دا پێشکەش کرد. کورتەیەکی خەستی سەرگوزشتەی زانستیمە.

**بەڕێزان ئەم کاتەتان شاد.. نەورۆزتان پیرۆز**

ئیمڕۆ ١٠ ی مانگی نەورۆزە. نەورۆزی ساڵی ١٩٦٧ بوو.. کە دەکاتە نیو سەدە بەر لە ئیستا، لە تەمەنی هەرزەکاریدا بووم.. لەگەڵ دەستەیێک هاوڕێ (مەحموود زامدار و عبدالله پەشێو و چەتۆ حەسەن و ئازاد عومەر ئەمین و جەمیل ڕەنجبەر و فەرهاد شێخ عەبدولقادری بەرزەنجی و مەریوان شوان نامق و ..) بۆ نەورۆز ڕوومان کردبووە سەیرانگای بەستۆڕە. بەستوڕە ئەوسا بەستۆڕە بوو. گوڵزار و لالەزار و گوڵشەن بوو. بەهەشتێ بوو بۆ خۆی. خوڕڕە و ئاوازی ئاوە سازگارەکەی تا دەمی هاوین دەما. بە داخەوە ئیستا شێوێنراوە و هەموو بۆتە چیمەنتۆ. ڕۆژێکی ئەفسووناویمان بەسەر برد..شەوەکەی ئەم چەن دێرە شیعرەم لە دایک بوو:

**بۆ بەزم و جەژنی نەورۆز بوو چووین بۆ سەیران**
**ڕامانبوارد، بە گۆرانی و بەستە و حەیران**
**لەسەر گیای نەرم و سەوز زۆر هەڵپەڕین**
**بەناو کۆڕی کیژۆڵانا زۆر تێپەڕین**
**بە دیمەنی بەهار مەست بووین، ون بووین نەماین**
**بەو بۆنانەی کە نەرمە با لە ڕووی ئەداین**
**بلێسەی دڵ گڵپەی بەرز بوو کەوتە جۆش**
**تواینەوە لە ناو جوانیی بەهاری خۆش**
**ئەو ڕۆژە بوو دڵم تووشی دڵداری بوو**
**تووشی ناڵە و ئاخ و ئۆف و ئازاری بوو**
**بووم بە دڵدار.. دڵداری چی؟ هی شاخ و کێو**
**هی خوڕەی ئاو.. هی دیمەنانی هەستبزێو**
**ئەی یارەکەم.. ئەی کوردستانی ئێسک سووک**
**ئەی دڵگیرتر.. جوانتر ڕازاوەتر لە بووک**

**به کـــام زمـــان تاســـه و جۆشـــی ئـــاگراویم**
**دەرخەم کە هەڵقـــــوولاوە لە جەرگەی لاویـــــم**
**به کـام وشــەی گەش و زێــڕین؟ به کـام خـامە؟**
**بـــۆت دەربــــڕم ئەو هەســــتەی دەربــــارەت لامە**
**به کـام دەنگـی ناسـک و سـاز؟ به کـام ئـاواز؟**
**بچـــــریکێنم بـــۆت ئەی کوردســـــتانی به نــــاز**
**نـــا نـــاتوانم هــیچ بڵــێم، چـــونکه به جوانیــت**
**دڵ هـــیلاکم، هەرچــــی بیڵـــێم هەرگیـــز وا نیـــت**

ئەم عیشـقەم هەر لە پشـتی بـاوک و دایـکەوە چـۆتە هەوێـنم. هەر وەک گۆران دەڵێ: (ئەشچێتە هەوێنی کوڕ و کوڕەزا .. تا تاکێ کورد مابێ لە چیای بەرزا).

ئەم عیشقە بوو، وای لێ کردم ببم بە پێشمەرگەیێک، هەموو بوونی خۆم تەرخان کەم لە پێناوی. هەرچییەکم کردبێ لە ژیانمدا، هەر هەڵوێستێکم، هەر هەڵسـوکەوتێکم هەمـووی لە نـاو چوارچێـوە و دیمـانەی ئەم عەشـقە پـاکژە بێگەردە پیرۆزەدا بووە. لەسـەر ئەمە زۆر ئەزیەتم کێشـاوە، دووچاری گەلێ کارەسـات و مەینـەت بـووم. تەنـانەت دوو جـار بە سـەختی برینـدار کـرام، جارێکیـــان لە مردنێکـــی سەداســـەدی ڕزگـــارم بوو.(شـــایانی باســـە کە د. عیــززەدین مســـتەفا ڕەســـوول لە وتارەکەیـدا کە ئێســـتا لەم دانیشـــتنەماندا پێشکەشـی کـرد، بأسـی ئەم ڕووداوەی کـرد، کە خـۆی تێیـدا ئامـادە بـوو. هەڵوێسـتێکی قارەمانـانەی نوانـد. قوتابییەکـانی هێنـا نەخۆشـخانە خـوێنم پێ ببەخشن، چوو بەگژ ڕاگری کولێجەکە و سێ ڕۆژ مانی بە قوتابییەکان گرت).

خۆشبەختانە هەندێ هەلی زێڕینم بۆ هەڵکەوت بواریان بۆ ڕەخسـاندم بتـوانم بە هۆیـانەوە هەسـتی دڵسـۆزی ئەم عیشـقەم دەربـڕم. دەرفەتـم بـۆ ڕەخسـا لە سـەختترین و بەرزتـرین زانکۆکـانی جیهـان، زانکـۆی مۆسـکۆ و زانکۆی لەنـدەن بخـوێنم. خوێنـدنم لە زانکۆی لەنـدەن شـەش سـاڵی خایانـد.. هەردوو نامەکـانم لە بـارەی شـیکردنەوەی زمـانی کـوردیەوە بـوون بەپێـی نـوێترین ڕێبـازە زمانەوانییەکـان. لەگەڵ تەواوکردنیـان دانەم لێیـان بـۆ گەلـێ

زمانەوانان و بەشە زمانەوانییەکانی ئەوروپا و ئەمەریکا نارد، بەمە توانیم زمانی کوردی بە بواری زمانەوانیی جیهانیی بناسێنم و بە دیاردە سەیرە نەناسراوەکانی سەرنجی زمانەوانانی جیهانیی پێ ڕاکێشم.

لە ساڵی ١٩٨٠دا گەڕامەوە و لە بەشی کوردیی زانکۆی بەغداد دامەزرێنرام. دەستم کرد بە بڵاوکردنەوەی وتار و لێکۆڵینەوە لە بارەی زمان و ڕێزمانی کوردییەوە بە پێی ڕێبازە سەردەمەکانی زمانەوانی. تا ئیستا بە سەدان وتار و باس و لێکۆڵینەوە و کتێبم لە بارەیەوە بڵاوکردۆتەوە. بە هۆیانەوە ئەو ڕێبازە نوێیانەم گواستەوە بواری زمانەوانیی کوردی. بەرهەمەکانم بوون بە سەرچاوەی سەرەکی بۆ قوتابییانی خوێندنی باڵا و زمانەوانە گەنجە خوێنگەرمەکان و کەوتنە بەر لێشاوی ڕەخنەی کۆنخوازەکان.

لە ساڵی ١٩٩٢ پلەی پرۆفیسۆریم بە کاتێکی پێوانەیی دەسکەوت. یەکەم کەس بووم پلەی پرۆفیسۆری لە زمانی کوردیدا دەسگیر بکات. ئەوسا سەرۆک بەشی کوردی بووم، یەکسەر کەوتمە کۆشش بۆ دامەزراندنی بەشی خوێندنی باڵای زمان و ئەدەبی کوردی. خۆشبەختانە ئەمەشم بۆ هاتە دی. ڕەزامەندیی وەزارەتی خوێندنی باڵام دەسگیرکرد. لەساڵی (١٩٩٣ – ١٩٩٤) یەکەم خول دەستی پێکرد. بەشەکە تا ساڵی (٢٠٠٦/٢٠٠٧) بەردەوام بوو لە دەرچوواندنی قوتابییانی ماجستێر و دکتۆرا لە زمان و ئەدەبی کوردیدا. بەمە دەستەیێک پسپۆری زمانەوانی و ئەدەبیمان پێگەیاند. هەر ئەوانە بوون، بوون بە بەردی بیناغە بۆ دامەزراندنی بەشەکانی تری خوێندنی باڵا لە زانکۆ تازە دامەزراوەکانی کوردستانی دوای ڕاپەڕین.

هەر ئەو ساڵە بوو کە ڕاگری کولێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین (د. ئازاد محەمەدەمین نەقشبەندی)، نامەیێکی بۆ ناردم داوای لێ کردم یارمەتییان بدەم لە دامەزراندنی خوێندنی باڵا لە بەشی کوردی و ئینگلیزیی زانکۆی سەلاحەددیندا، چونکە ئەوسا هەر من پرۆفیسۆری زمانەوانی بووم. منیش سەرەڕای باری نالەبار و ترس و بێ ئامانی ئەوسا وتم: (ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە ئاواتمان بوو.. چۆن دەڵێم نا؟). دوای ڕاپەڕین بوو، کوردستان لە

عیراق دابڕابوو هاتوچۆکردن زۆر زەحمەت و قەدەغە و ترسناک بوو. بەڵام من گوێم نەدایێ و یەکسەر هاتمە هەولێر، لەگەڵ د. ئازاد بەشەکەمان دامەزراند، بەرنامەکانمان دانا. دەستم کرد بە دەرسدانەوە. لەبەر بێ مامۆستایی، زۆربەی دەرسەکانم دەوتەوە و سەرپەرشتیی هەموویانم کرد لە هەردوو بەشە کوردی و ئینگلیزییەکەدا. هەمان شت بە گوێرەی زانکۆی سلێمانی و کۆیە و گەرمیان و ڕاپەڕین، بەشداریم کرد لە دامەزراندنیان و وانە وتن و سەرپەرشتیکردن تیایاندا.

لە ساڵی ١٩٩٢ بووم بە سەرۆکی لیژنەی تەرقیاتی کولیجی پەروەردەی زانکۆی بەغداد. هەر خۆشم ئەوسا سەرۆک بەشی کوردی بووم. ئەمەم بەهەڵ زانی، تەرقیەم بە هەموو مامۆستاکانی خۆم کرد و گەیاندمنە پلەی پرۆفیسۆری. تەنانەت مامۆستاکانی بەشەکانی تریش، ئەوانەی تەرقیەکانیان وەستابوو و تەگەرەیان تێ کەوتبوو، هەمووم چارەسەرکرد و وام کرد ترقیە بکەن. بەمە وەک کوردێک کەسبی مامۆستا عەرەبەکانم کرد و ڕیزیانم دەسگیر کرد.

شایانی باسە کە توانیم بوونی خۆم لە بواری ئەکادیمیی زمان و ئەدەبی عەرەبی و ئینگلیزی و فارسی و جوغرافیا و مێژوو بسەپێنم و بسەلمێنم.ساڵەها لە قۆناغی ماجستێر و دکتۆرادا وانەیان تێدا بڵیمەوە و بەشداری لە خوێندنی باڵایان بکەم. جگە لەمانە بە دەیان وتار و باس و لێکۆڵینەوەم بە زمانی عەربی بڵاوکردۆتەوە. بە هۆیانەوە بۆچوون و ڕێبازە تازەکانی شیکردنەوەم بە بواری زمانی عەرەبی ناساند، بەم کار و هەڵوێستانەم ڕووە گەشەکەی کوردم بە دوست و دوژمنان ناساندووە. ئەنجام توانیم فەیلەقی ئەکادیمیی زمان و ئەدەبی کوردی دامەزرێنم. ئیستا زۆربەی هەرە زۆری هەڵگرانی بڕوانامەی ماجستێر و دکتۆرا و پرۆفیسۆرەکانی زمان و ئەدەبی کوردی و ئینگلیزی بەرهەمی ئەو بەشانەن، زۆربەیان قوتابیی من بوون، گەر قوتابیشم نەبووبن قوتابیی قوتابیمن و ئیستا نەوەی سێیەم و جوارەمیشم بۆ پەیا بووە.

شانازی بەوە دەکەم کە بەشێکی زۆری قوتابییانم گەیشتن بە پلەی

بەرزی زانســتی و کـۆمەڵایەتی و بەڕێــوەبەرایەتی، یەک لەمــانە وەزیــری ڕۆشـنبیری کاک(خالـد دۆسـکی) یە کە ئیسـتا لێرە لەگەڵمانـدایە، چـوار سـاڵ قوتابیم بووە.

ئەمانە و توانیم گەلێ کاری تر لە بواری ئەکادیمی و ڕۆشنبیریی کوردی ئەنجــام بــدەم دوور لە هەمــوو جــۆرە بەرژەوەنــدییەکی تاکەکەســی و پەیوەنــدییەک و بــێ گوێــدانە ئەو هەڵســوکەوت و هەوڵە دواکەوتــووە هەرزەکـارانەی هەنـدێ دەیانـدا گیرۆگرفـت و کێشــەم بـۆ دروسـت کەن و تەگەرە بخەنە سەر ڕێی کاروانی کارکردنم و بیشێوێنن.

ئەمـانە تـاقە سـەرمایەکمن لە ژیانمـدا، شـانازییان پێوە دەکەم و خـۆم بە بەختوەرترین کەس دەزانـم کە ئەو هەمـوو دەرفەتـانەم بـۆ هەڵکەوت بواریـان بۆ ڕەخساندم بتوانم بەشێکی ئەرکی سەرشـانم جێبەجێ بکەم، وەک چەپکە گوڵێک پێشکەش بە نەتەوە و کوردستانە شیرینەکەمی بکەم.

زۆر سوپاسی وەزارەتی ڕۆشنبیری دەکەم بۆ ئەم ئاوڕدانەوەیەی.

سوپاس و ڕێز و نەوازش بۆ قوتابیی چوارساڵەم وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان کاک (خالید دۆسکی) و مامۆستا (خەلیل عەبدوڵلا)و(د. سالار عوسمان).

ڕێز و سوپاس و خۆشەویستیم بۆ ئێوەی بەڕێز کە ئەزیەتتـان کێشـا و تەشریفتان فەرمووە ئەم ئاهەنگ. هەمیشە دڵنیا و سەرکەتوو بن.

**وریا عومەر ئەمین**
**٣٠ ئازار ٢٠١٦**

## باوکم : ئەو ژینگەیەی تیایدا ڕووام

مــن لە ڕۆژی شــەممەی ڕێکەوتــی(١٩٤٧/٣/١٥)، لە شــاری کــۆیێ لە گەڕەکی بەفری قەندی لە دایک بووم. ئەوسا باوکم لەوێ مامۆستا بوو. تەمەنم یەک ساڵان بوو، لە (١٩٤٨/٢/٢٩) دەگوێزرێتە شاری سلیمانی، تا ساڵێ ١٩٥١ لە قوتابخانەکانی (فەیســەلییە و مەڵکەنــدی و ســوورەدزە)ی سەرەتایی وانە دەڵێتەوە. لەوێ(ئازاد)ی برام لە دایکبوو. دوای سێ ساڵ لە ١٩٥١دا دەگوێزرێتە هەولێر بۆ قوتابخانەی (ئیبن المستوفی).

(د. محمد عبدالله کاکە سوور) لە گۆڤاری مێژوو، ژ ١٦ی ساڵی ٢٠١٠، ل ٣٥٣ – ٣٧٢، لێکــۆڵینەوەیێکی بە ناونیشــانی(**عمــر امــین** – کەســایەتیی ناسراوی شاری هەولێر) بڵاوکردۆتەوە، تیایدا سەرگوزشتەی ژیانی باوکم دەخاتە ڕوو. لێکۆڵینەوەکە تیشک دەخاتە سەر ئەو بارودۆخەی من تیایدا پەروەردەبووم. وەک خۆی دەیخەمە ڕوو:

**عمر امین – کەسایەتیی ناسراوی شاری هەولێر.**

هەولێر خاوەنی چەندین کەسایەتیی مێژوویە کە جێ پەنجەیان لە مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتیی شارەکە و کوردستان دیارە. هەندێکیان وەکوو پێویست گرنگییان پێوە دراوە و هەندێکیان پتر لە پێویست ناسراون و گەورە کــراون، هەندێکیشــیان لە چــاو ئەو ڕۆڵە گەورەیەی لە مێــژووی شارەکەدا بینیویانە غەدریان لێ کراوە. بەم غەدرکردنە ناهەقی بەرامبەر هەولێر و مێژووی کورد کراوە.

یەکێک لە ڕۆشنبیرە هەرە دیارەکانی شاری هەولێر کە دەکرێ ناسناوی (ڕۆشــنبیری بێنــاز) ی بــدرێتێ (عــومەر ئەمــین) ـە کە دەکــاتە بــاوکی پرۆفیسۆر(وریا عومەر ئەمین).

(عومەر ئەمین) یێکێکە لەو مامۆستا پێشەنگانەی کە پێش هاتنی کارەبا بۆ شاری هەولێر، ئەم بە چرای زانست و ڕۆشنبیری و خوێندەواری شاری هەولێری ڕووناک کردۆتەوە. چەندین منداڵی کوردی هەولێر و کۆیە و عەنکاوە و شەقڵاوە و سلێمانی و گەلێ لە شارۆچکەو دیهاتەکاندا لە ژێر دەستی ئەو فێری نووسین و خوێندن بوون. مسعود محمد و دڵدار و دڵزاری

شاعیر و دەیان کەڵە نووسەر و ئەدیب و کەسایەتیی کورد قوتابیی مامۆستا عومەر ئەمین بوون.

(عومەر ئەمین) جگە لەوەی مامۆستا و پەروەردکارێکی زۆر مەزن بوو، کوردێکی پاک و تێکۆشەرێکی دڵسۆز بوو. یەکەم کەسە لە شاری هەولێر هەر لە بیستەکانی سەدەی رابردووەوە ناوی کوردی لە منداڵەکانی بنێ و ئەم نەریتە پیرۆزە لە هەولێر بڵاوبکاتەوە. مامۆستا عومەر ئەمین ناوە ناوە شیعر و نووسینی لە گۆڤاری (هەتاو) ی مامۆستا (گیوی موکریانی) دا بڵاو دەکردەوە .

کە خەریکی ئامادەکردنی نامەی دکتۆراکەم بووم، کە سەبارەت بە گەشەکردنی خوێندنی فەرمی بوو لە لیواکانی کوردستانی عیراقدا لە ١٩٢١ تا ١٩٥٣، لە رێی بەڵگەنامەکاندا ڕۆڵی گرنگ و پڕ لە شانازیی ئەو زاتە بەرز و پیرۆزەم بۆ دەرکەوت.

مامۆستا(عومەر ئەمین) یێکێکە لە کۆنترین مامۆستاکانی شاری هەولێر. کۆڵەگەییێکی ڕۆشنبیریی نەک هەر هی شاری هەولێر بەڵکو هی هەموو کوردستان بوو. بەڵام مخابن تا ئیستا هیچ شتێکی بۆ نەکراوە و فەرامۆش کراوە، کە دەبوو وەک وەفادارییەک پەیکەرێکی بۆ درووست بکرابا، قوتابخانەییێک یا کتێبخانەییێک یا شەقامێکی بە ناو بنرابا.

مامۆستا (عومەر ئەمین) لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، دەورێکی باڵای هەبوو لە بڵاوکرنەوەی خوێندەواری و ڕۆشنبیری لە کوردستاندا. بە دەیان کەڵە نووسەر و شاعیر و ناوداری کورد قوتابیی بوون و لەژێر دەستی ئەودا فێری خوێندن و نووسین بوون. (دڵدار) ی شاعیر و (مسعود محمد) ی بیرمەند و (دلزار) ی شاعیر و زۆری تر قوتابی ئەو بوون.

مامۆستا مسعود محمد لە ئالقەی پێنجەمی (گەشتی ژیانم) دا کە لە گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژ ١٠٩ ساڵی ١٩٨٦ ل ٢٨٠ دا لە بارەی مامۆستا (عومەر ئەمین) ـەوە دەڵێ:

{مامۆستا (عومەر ئەمین) خەڵکی هەولێر بوو. باشترین دەرسدەری (قراءە) و (حیساب) بوو. دوای دەیان ساڵ بۆی دەگێڕامەوە (خۆیشم لە بیرم

بوو) كه له ماوەییەكی كورتدا فێری نووسینی بووم، هێندەشم لێ ڕازی بوو كه زۆر جاران له كاتی دەرسدا به دوایدا دەناردم له پۆلی خۆمەوە بۆ پۆلی له خۆم هەورازتر، دەچووم پرسیارێكم وەڵام دەدایەوە كه قوتابییەكی ئەو پۆله وەڵامی پێ نەدرابۆوە. تا بشلێی مەمنوونی دەكردم كه دەمبیستەوە لای باوكم ڕەزامەندیی خۆی بەرانبەرم دەربڕیوە. مامۆستا (عمر ئەمین) له پاش خۆی دیارییەكی باشی بۆ سەقافەتی كوردی به جێ هێشتووە، ئەویش (د. وریا عمر أمین ) ە كه له سەقافەتی نوێی زمانەوانیی ئەوڕوپا بەرخوردار بووە و خزمەتی زمانەكەمانی پێ دەكات}.

مامۆستا (بەشیر حسین سعدی) له ژمارە (٦) ی گۆڤاری (مێژوو) ی ٢٠٠٨ دا ل ٣٧٩ – ٣٨٢دا له بارەی مامۆستا عومەر ئەمینەوە دەڵێ:

{له ساڵی خوێندنی ١٩٦٠ – ١٩٦٢ له قوتابخانەی گۆڤەندی سەرەتایی به یەكەوە مامۆستا بووین. ئەو بەڕێوەبەری قوتابخانه و منیش مامۆستا بووم لای ئەوبەڕێزە، لەو كاتەش شۆڕشی ئەیلوول بەردەوام بوو به سەرۆكایەتیی سەرۆكی نەمر مستەفا بارزانی.

ئەوەی شـــایانی بیركـــردنەوەیە ئەوەیە ئەو بەڕێـــزە هەرچەن به تەمەن گەورە بـوو بەڵام هەسـتێكی نەتەوایەتیـی كـوردیی بەرزی هەبـوو. له یەك شانەی ڕێكخستن بووین. ئەو و مامۆستا محمد عزیز فتاح و من (نووسەری ئەم دێرانه) به یەكەوە باسی ئەوەمان دەكرد كه چۆن ناوی قوتابخانەكەمان (گۆڤەندی ئێواران) بوو، كردیانه (شیبان المسائیە)!؟ ئەو جۆرە كردەوانه زیان بەوە دەگەیەنـێ كه دەیانویسـت كـوردیی قوتابخانەكـان بـكەنه عەرەبـی. ئەوەشیان له زیان بەولاوە قازانجی هیچ لایەكی تری پێوە نییە.

مامۆستای خوالێخۆشبوو بۆمانی ڕوون دەكردەوە كه گەلی كورد هەر به ئامانجی خۆی دەگات. ئەم جۆرە كەسانەی بەربەرەكانێی كورد دەكەن بەشـیان هەر لەنـاوچوونه، نـابێ ئەم جـۆرە كـردەوانه نائومێـدمان بكـات. قسەكانی زۆر خۆش بوون هەر به ئومێدی ئەوە بووین ئێوارە دابێ یەكتر ببینین. له خەسلەتە بەرزەكانی ئەوە بوو كه پیاوێكی ڕاستگۆ بوو، بیر و باوەڕی خاوێن و قسه خۆش بوو، له زانیاریدا پلەییێكی بەرزی هەبوو، زۆر

زیرەک و بلیمەت بوو، بە ڕاستی ئەگەر خەڵک لای دانیشتایە فێری ڕەوشتی چاک دەبوو لای ئەو بەڕێزە. پیاوێکی دڵساف و ڕاستگۆ بوو باسی کەسی نەدەکرد بە خراپە، هەر گیروگرفتێک هەبایە هێمنانە چارەسەری دەکرد بێ ئەوەی کەس لێی برەنجێ. هەزار ڕەحمەتی لێ بێ}.

پرۆفیسۆر (د. موحسین محەمەد حوسێن) کە یێکێکە لەو قوتابییانەی لە قۆناغی سەرەتاییدا مامۆستا عومەر ئەمین دەرسی پێوتوونەتەوە، لە بارەیەوە دەڵێ:

{لە ساڵی (١٩٥٢ – ١٩٥٣) لە پۆلی شەشەمی سەرەتاییدا بووم لە قوتابخانەی(ئیبن ئەلمستەوفی). مامۆستای خۆشەویست و زانا و پەروەردکار (عومەر ئەمین) وانەی أشیا وسیحە) ی پێ دەوتینەوە. مامۆستایەکی یەکجار چاک بوو، لە وانە وتنەوە زۆر سەرکەوتوو بوو، شێوەی وانە وتنەوەی و هەڵسوکەوتی ئاسایی نەبوو، زۆر جیا بوو لە مامۆستاکانی تر. لەگەڵمان هەمیشە ڕووخۆش بوو، هەرگیز لە وانەکانی بێزار نەدەبووین. تا وای لێ هات وا تێبگەین کە ئەمە مامۆستا نییە. زانیارییەکی زۆری پێ بوو. زۆر دڵسۆزانە بە دڵ هەوڵی دەدا بیانخاتە مێشکی قوتابییەکانی. شێوەی دەرسدانەوەی زۆر دڵگیر بوو، وای لە ئێمە دەکرد بەدڵ گوێڕایەڵی بین. بابەتەکانی بە شێوەیەکی کارەکی لە ئێمە دەگەیاند. ئێمەی دابەش دەکردە سەر چەن گرووپێک. تێیدەگەیاندین ئەم هەورە لە کوێوە دێ،.چۆن باران دەبارێ ؟ بۆ چوار کەژ لە ساڵدا هەیە؟. ئاوی کانییەکان لە کوێوە دێن؟. ئەستێرە و هەتاو و مانگ و دیاردەکانی سروشتی چین و چۆن دەجووڵێنەوە؟، باسی زیندەوەر و گژوگیا و گوڵی بۆ دەکردین. وێنە و نەخشە و ئامێری جۆراوجۆری دەسکردی خۆی دەهێنا و بە هۆیانەوە دیاردەکانی ڕوون دەکردەوە بە جۆرێ چێژێکی زۆری لێ وەرگرین. بەم جۆرە زانیارییەکی زۆری دەخستە مێشکمان و ئاسۆی بیرکردنەوەمانی فراوان دەکردەوە، بە شێوەییێک هەرگیز لە بیرمان نەچێتەوە و وای لە ئێمە دەکرد خۆمان زیاتر بەدوایاندا بچینەوە و بۆ هاوڕێ و کەس و کاری خۆمانی بگێڕینەوە. هەرگیز ئەوەمان بیر ناچێتەوە کە هەمیشە ئامۆژگاریمانی

دەکرد کە(دەبێ لە دەوروبەری خۆمان فێر بین و لە بارەی هەموو شتێکەوە ئەم سێ پرسیارە ئاڕاستە بکەین (چۆن؟ بۆ؟ کەی؟) و بڕوا نەکەین بە هەموو ئەوەی کە دەیبیستین تا خۆمان تاقیی نەکەینەوە و نەگەینە ئەنجام . ئێمە ئەوسا لەو شتانە بە ئاسانی حاڵی نەدەبووین بەڵام بەجۆرێ بۆی باس دەکردین ئێمەی دەورووژاند وای دەکرد بیر بکەینەوە. بەڕاستی مامۆستایەکی مامۆستا بوو. هەزار رەحمەتی لێ بێ}.

**پرۆفیسۆر د. موحسین محەممەد حوسێن**
**یەکێ لە قوتابییەکانی ٢٠١٠/٦/٦**

پرۆفیسۆر (د. وریا عومەر ئەمین) لە دیمانەیەکدا لە حەفتەنامەی (بەدرخان) دا لە بارەی عومەر ئەمینی باوکییەوە دەڵێ:

{باوکم فەرمانبەر و مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی بوو. هەر چەن ساڵێ جارێ دەگوێزرایە یەکێ لە گوند و شارەکانی کوردستان. لە بیستەکانەوەکانەوە تا ساڵی ١٩٥٠ دوو جار، هەر جارەی بۆ پێنج شەش ساڵ لە شاری کۆیێ مامۆستا بووە. لەوێ دەرسی بە ئەحمەد دڵزار و دڵدار و مسعود محمد و زۆر لە کەڵە پیاو و ناودارانی کوردی ئەم شارەی وتۆتەوە.

باوکم خاوەن ڕەز و باغ بوو لە شەقڵاوە. هەمووساڵ لە پشووی هاویندا ماڵمان دەچووە شەقڵاوە. لەوێ لە بناری سەفین لە ناو ڕەز و باغە فێنکە دڵگیرەکاندا هاوینمان بەسەر دەبرد. ئەم گوێزانەوەیەمان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێ دینامیکییەتێک و چێژێکی تایبەتیی بە ژیانی منداڵیم بەخشیبوو و بووە هۆی ئاشنابوونم لە گەڵ شێوە جیاوازەکانی کوردی و زمانەکانی تری کوردستان فێربم. باوکم کتێبێکی زۆری هەبوو هەر لە منداڵییەوە چاوم بە کتێب و گۆڤارەکانی ئەو کردەوە. باوکم هاوڕێ و دۆستی زۆر لە ڕۆشنبیرە کوردەکانی سەردەمی خۆی بوو، زۆری دەخوێندەوە. ناوە ناوەش وتار و شیعری دەنووسی و لە گۆڤاری هەتاوی مامۆستا گیوی موکریانیی بڵاو دەکردەوە. زۆر جار منی لەگەڵ خۆی دەبردە لای مامۆستا گیو لە

چاپخانەکەیدا. باوکم پێش ئەوەی بمرێ وەسیەتی کرد ئەم چوارینەی لە سەر کێلی گۆڕەکەی بنەخشێنرێ:

**بە کاری چی دێ سەر و ماڵ و ژیان**
**گەر بەختی نەکەی لە ڕێی نیشتمان**
**کوردم ڕوواوم لە باغی ژیان ا**
**بە ئاو و خاکی پاکی کوردستان.**

باوکم هاورێ و هاوپۆلی گۆران بوو. لە کەرکووک بەیەکەوە خوێندوویانە. مناڵ بووم وەک دوێنێ بێ ئاوا بیرمە لە هاوینی ساڵی ١٩٦٠دا بوو لە شەقڵاوە گوران هاتە لای باوکم، باوکم بە منی ناساند و وتی ئەمە مامت گۆرانە. ئەویش دەستێکی بەسەری منا هێنا و ماچی کردم. بەیەکەوە گفتوگۆییێکی زۆریان لە بارەی شیعر و ئەدەبەوە کرد. یەکەم کسپەی دڵداریم لە گەڵ شیعرا و عیشقم بۆ گۆران لەوێوە دەست پێ دەکات}.

**ڕۆژنامەی بەدرخان**
**ژ ٦٦ ی (٢٢ – ١٠ – ٢٠٠٦)**

مامۆستا (عومەر ئەمین) لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا لە پەیمانگای دارالمعلمین – لە بەغداد خوێندوویەتی. لە(١٨ – ٨ - ١٩٢٥) بڕوانامەی وەرگرتووە. هاوپۆڵ و هاوڕێی فایق بێکەس و شێخ نوری شێخساڵح و مستەفا خۆشناو (ئەفسەری شەهید) و عزت عبدالعزیز (ئەفسەری شەهید) و زۆر لە کەسایەتییە کوردەکانی ئەوسا بووە. خەباتگێڕ و تێکۆشەرێکی ڕێی کوردایەتی بووە. لەم بارەیەوە مامۆستا (نژاد عبدالله عزیز) لە نامەیەکیدا بۆ د. وریا عومەر ئەمین دەڵێ:

{لە بیستەکانی سەدەی پێشوودا.. ئەو قوتابییە کوردانەی کە لە بەغداد دەیانخوێند، ڕێکخراوێکیان دامەزراند بە ناوی (کۆمەڵەی کورد لە بەغداد)، کە لەم زاتانە پێکهاتبوو:

(عومەر ئەمین – عبدالله عزیز (عەبە هەولێری) – ئەمین ڕەواندوزی – شێخ نوری شێخ ساڵح - فائق بێکەس – مستەفا سائیب – کریم زانستی –

شێخ تەییب – غنی شالّی – کامل کاکەمین – عبدالله علی حکمت – ڕەشید عارف – عبدالله سعید – محمد باشقە فەیلی – مستەفا خۆشناو (ئەفسەری شەهید) – عزت عبدالعزیز (ئەفسەری شەهید) – نوری ئەحمەد تاها (برای کامەرانی شاعیر) – تاهیر مەریوانی ( ت . ب . مەریوانی) – عبد القادر حشمەت – فائق مستەفا - شاکر سید حکیم و زۆری تر کە بەداخەوە لەم دەمەدا نایەنە بیرم. ئەوانە لە مالّی (ئەمین رواندوزی) یا لە دوکانی وەستا (بەشیر موشیر) لە بەرامبەر مزگەوتی حەیدەرخانە کۆ دەبوونەوە. دوو گۆڤاریشیان دەردەکرد.

لەناو ئەمانە قوتابییە هەولێرییەکان بازنەیێکیان لە ناو خۆیانا رێکخست کە ئەمانە بوون.

عبدالله عزیز (عەبە هەولێری، هەر ئەوسا ئەم ناسناوەی لە خۆ نا) – عومەر ئەمین –سید غریب سید سلیم - ئەمین ڕواندزی – عبدالمجید حسن - ابراهیم ڕەشید) و هی تریش.

ئەم کۆمەڵانە لە لایەن ناودارانی کوردی ئەوسا (تۆفیق وەهبی و جمال بابان و جەلال بابان و معروف جیاوک) ـەوە سەرپەرشتی دەکران. لە پاشان هەموویان چوونە ناو حیزبی (هیوا) وە}.

(عومەر ئەمین) هونەرمەندێکی دەست ڕەنگین بوو لە نیگارکیشان و پەیکەرتاشیدا. لەم بارەیەوە د. وریا دەلّێ :

{باوکم هونەرمەند بوو، دەستی نیگارکێشان و پەیکەرتاشیی هەبوو، بۆ تابلۆکانی هەرگیز بۆیەی بەکار نەدەهێنا. بەرد و چەوی ڕەنگاورەنگی لە شاخ و بەستەکاندا کۆدەکردەوە و بە هاون دەیکوتی و لەگەڵ چەمەنتۆی سپی دەیکرد بە هەویر و بۆیە، ڕەنگەکانی پێ دادەڕشت. قەپێلکە دار و مۆروو و زەنگیانە و وردە شووشە و ئاوێنەی بەکار دەهێنا. هەموو ساڵ بەشداریی دەکرد لە پێشانگای ساڵانەی قوتابخانەکان لە هەولێر. کارەکانی جێی سەرنج ڕاکێشان بوون. لە ساڵی ١٩٥٧دا بوو منارەی ئەشبێلییای بە تەختە و مقەبا و کاغەزی چوکلێتی ڕەنگاورەنگ و زەنگیانە و مۆری و ئاوێنە دروست کرد. ئەوسا ئێمە مناڵ بووین بیرمە هەموو ڕۆژ کە دەهاتەوە چوکلاتێکی زۆری

دەهێنـایەوە بـۆ کـاغەزە ڕەنگاورەنگەکـانی، دڵمـان زۆر خـۆش دەبـوو بەمە. بەرزیی منارەکە لە مەترێ زیاتر بوو.. دروست کردنی شەش حەوت مانگی خایاند. ئاواتمـان دەخواسـت ئەم کـارەی قەت تەواو نەبـێ تـا هەمیشـە ئەم هەمـوو چـوکلاتە بخـۆین. ئەمە وێـنەیەکە لەو پێشـانگایانە کە موتەسـەریفی ئەوسای هەولێر لەگەڵ باوکم سەیری یەکێ لە کارەکانی دەکات.

بـاوکم ژینگەدۆسـت بـوو، زۆر حەزی لە چانـدن بـوو. زۆر بـایەخی بە ژینگە ئەدا. لە پۆلی چوارەمدا بووم لە عەنکاوە دەرسی (أشیا و سیحەی) پێ دەوتینەوە. زۆر جار باسی گرنگێتیی چاندنی بۆ دەکردین و هانی دەداین بەردەوام نەمام و گوڵ بچێنین. ئەوەی زۆر چەختی لەسەر دەکرد ئەوە بوو دەیووت: کە نەمامێ دەچێنن دەبێ تا خۆی دەگرێ ئاگاداری بن و بیپارێزن. ئەگەر ئیستا بچیتە قوتابخانەی عەنکاوە لە چیمەنەکەیدا گەلێ دار و درەختی کالیپتۆز و سنۆبەری بەرز دەبینی.. ئەوە هەموو باوکم لە ساڵی ١٩٥٦ و١٩٥٧ چانـدوونێتی. لە چانـدنیان مـن یـارمەتیم دەدا و دەچـووم لە ڕوبـارەکەی عەنکاوە بە پەقرەج ئاوم دەهێنا و ئاوم دەدان.

باوکم فەلەکناس بوو، منـاڵ بووم جارێکیان ڕۆژ گیرا، پارچە جامێکی هێنـا بە دووکەڵ ڕەشـی کـرد، پێـی سـەیری گیرانەکەمـان کـرد. ئامۆژگـاریی خەڵکەکەی دەکرد کەس ڕاستەخۆ سـەیری گیـرانەکە نەکـات، خەتەرە چـاو سەقەت دەکات.

باوکم سێ پارچە ڕەز و باغی هەبوو لە شـەقڵاوە، هەمـوو ساڵ بۆ سـێ مانگ و چوار مانگ دەچووین لەناو باغ و ڕەزەکانا هاوینمان بەسـەر دەبرد. وەک ســەپان و ڕەزەوان خزمەتــی دەکــردن شــینایی دەچانــد. لەو شــتە سـەیرانەی هەرگیز بیرم ناچێ ئەوەیە جارێکیان نەمامێکی سێوی بچووکی چانـدبوو نەختــێ خــوار بــوو، داوای لــێ کــردم کەدێکــی ڕاســت لەو دار ئەسپیندارەی بۆ ببڕم تا نەمامە خوارەکەی پێ ببەستێتەوە و ڕاستی کات. دارەکەم بۆ ئامادە کرد و لەتەنیشت سێوەکەی چەقاند و لێی بەست. ئەوەی سەیرە سێوەکە وشک بوو و ئەسپیندارەکە ڕوا.. ئیستاش ماوە و پەلوپۆی گەیشتۆتە ئاسمان. جگە لەمانە وەستا بوو. ئەم خانووەی ئیستا تیایا دەژین

له هەولێر له ساڵی ١٩٦٠ بنیات نا. هەموو قاڵبی چەمەنتۆکان خۆی داینا و خۆی وەستایەتیی تێدا دەکرد}.
(بینینی تایبەت ٢٠١٠/٥/٢٨)

**له وێستگەکانی ژیانی مامۆستا ( عمر ئەمین)**

١٩٠٥ له شاری هەولێر له دایک بووه .

١٩٢٤/٩/١٣ مامۆستای سەرەتایی عەنکاوه

١٩٢٥/٨/١٨ بڕوانامەی (دارالمعلمین الابتدائیه) ی لەغداد وەرگرتووه

١٩٢٥/٩/٢١ مامۆستای سەرەتایی له کۆیه

١٩٢٧/٩/١ مامۆستای سەرەتایی له قوتابخانەی (اربیل الاولی).

١٩٢٨/٩/١٦ مامۆستای سەرەتایی له شەقڵاوه

١٩٢٩/١٠/١ مامۆستای سەرەتایی له کۆیه

١٩٣١/١٠/١ مامۆستای سەرەتایی له قوتابخانەی (اربیل الاولی)

١٩٣٣/١٠/١ مامۆستای سەرەتایی له قوتابخانەی (اربیل التانیه)

١٩٣٤/١٠/١ مامۆستای سەرەتایی له باتاس

١٩٣٥/١٠/١ مامۆستای سەرەتایی عەنکاوه

١٩٤٦/٩/١ دەست له کار دەکێشرێتەوه و دوور دەخرێته مونتەفیک (ناسریه)

١٩٤٨/٢/٢٩ مامۆستای قوتابخانەی (فەیسەلییه) له سلێمانی

١٩٤٨/١٠/٧ مامۆستای سەرەتایی مەڵکەندی له سلێمانی

١٩٤٩/١١/٢٠ مامۆستای قوتابخانەی سورەدزه له سلێمانی

١٩٥١ مامۆستای قوتابخانەی ئیبن المستوفی له هەولێر

١٩٥٣ - ١٩٦٠ قوتابخانەی عەنکاوه

١٩٦١ – ١٩٦٣ مامۆستای سەرەتایی گۆڤەندی ئێواران له هەولێر(دوایی ڕژێمی بەعسی ئەوسا ناوەکەی گۆڕی و کردی به شیبان المسائیه). شایانی باسه که مامۆستای پەروەردکار (ئاواز عومەر ئەمین) که کچی مامۆستا عومەر ئەمینه، ئەوه بیست و پێنج ساڵه مامۆستا و بەڕێوەبەری هەمان قوتابخانەیه(گۆفەند).

مامۆستا عومەر ئەمین لە ١٩٦٤/١/٤دا کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی (ئیمام محمد) نزیک منارەی چۆلی نێژرا.

## سەرچاوەکان

**بەشیر حسین سعدی** (٢٠٠٨) چەند بیرەوەرییەک دەربارەی مامۆستای خوالێخۆشبوو (عومەر ئەمین). گۆڤاری (مێژوو) ژمارە ٦ /٢٠٠٨ ، ل ٣٧٩ – ٣٨٢.

**حمید ئەبوبەکر بەدرخان** (٢٠٠٦) دیداری ڕۆژنامەی بەدرخان لەگەڵ پڕۆفیسۆر د. وریا عومەر ئەمین – ڕۆژنامەی (بەدرخان) ژمارە (٦٦) ی ٢٠٠٦/١٠/٢٢.

**عبدالله کاکە سوور**(د.) (٢٠٠٤) گەشەکردنی خوێندنی فەرمیی بوو لە لیواکانی کوردستانی عیراقدا لە ١٩٢١ تا ١٩٥٣ ، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین.

**موحسین محەممەد حوسێن**(د.) دیمانە و لێپرسین لە ٢٠١٠/٦/٦.

**مسعود محمد** (١٩٨٦) گەشتی ژیانم – گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژ ١٠٩ ساڵی ١٩٨٦ ل ٢٨٠

**وریا عومەر ئەمین** (د.) (٢٠١٠/٥/٢٩) بینینی تایبەت.

**نژاد عبدالله عزیز** (٢٠١٠) نامەیێک بۆ ئامۆزام د. وریا عومەر ئەمین.

سوپاسی ئەندازیار (ئازاد عومەر ئەمین) دەکەم کە فایلی باوکیی خستە ژێر دەستم.

**ئەم لێکۆڵینەوەیە لە گۆڤاری مێژوو، ژمارە ١٦ی ساڵی ٢٠١٠، ل (٣٥٣ – ٣٧٢) بڵاوکراوەتەوە.**

## ئامۆژگارییەکەی باوکم هەمیشە لە گوێم دەزرینگێتەوە

لە پۆلی شەشەمی سەرەتاییدا بووم، ماڵمان لە عەنکاوە بوو، لە گەڕەکی (جمعیە). جارێکیان، شەوێکی زستان بوو، باوکم کتێبێکی بە دەستەوە بوو لە بەر ڕووناکیی چرا دەیخوێندەوە، لێم پرسی چۆن یەکێ دەبێ بە نووسەر، وتی: (بە هەمیشە خوێندنەوەی زۆری درێژخایەنی هەمەچەشنە). ئەم وتانەی لە دڵ ودەروونم چەسپا. هەر ئەوە بوو منی خستە جیهانی خوێندنەوە و کردمی بە نووسەر.

## باغی خانەنشینان و بەسەرهاتێکی سەردەمی منداڵیم.

باغی شار لە (١٩٣٧/٢/١٦)، بە بریاری ئەنجومەنی شارەوانی ژمارە (٨١)، لەسەردەمی موتەسەریفی هەولێر (ئەحمەد تۆفیق) درووست کراوە. هونەرمەندی دەنگ خۆش شەهابەی هەولێری، یەکەم باغەوانی بوو. خەڵکی هەولێر سەرەتا ناڕازی بوون لەکردنەوەی باغەکە، پێیان نەدەخستە سەر زەوییەکەی چونکە پێشتر گۆڕستان بووە. پاشان دەرکەت کە نێژراوەکان ئەو سەربازانە بوون، کە هاتوونەتە هەولێر و داگیریان کردووە. ئنجا پێیان ناوەتە ناوی.

دوای شەهابە (خەلیلەفەندی) کە خەڵکی(توزخورماتوو) بوو، بۆتە باغەوانی و بە ناوی  باغی(خەلیلە فەندی) زانرا. پیر و کەسایەتیەکانی هەولێر و ئەو لادێییانەی ماست و پەنیر و هێلکەو گەنم و جۆ و میوەیان دەهێنا بۆ فرۆشتن، لە ناو باغەکە لە سێبەری درەختەکانیدا دەحەسانەوە. هەر ئەوان ناویان نا (باغی شار). چونکە تاکە شوێنێکی گشتی بوو لە هەولێر .لە ساڵی ٢٠٠٨دا نۆژەنکراوەتەوە و ناوەکەی بۆتە( باغی خانەنشینان).

لەو بیرەوەرییە شیرینانەم کە پەیوەندیی بە سەردەمی منداڵیم و ئەم باغەوە هەیە، ئەوەیە لە ساڵانی (١٩٥١ – ١٩٥٣)، حەفتا و یەک ساڵ بەر لە ئیمڕۆ، ماڵمان لە گەڕەکی خانەقا بوو. کە دەکەوێتە پشت باغەکە. ڕۆژێ دایکم دە فلسی دامێ بچم بووز(سەهۆڵ) بکڕم لە شێخەڵلا. لە ڕێگا دەبوو بە دەوری باغەکەدا بسووڕێمەوە. سەری خۆم بردە ناو شیشەکانی پەرژینەکە

(سـیاجەکە) تـا بەنـاو بـاغەکەدا قەدبـڕ بـپەڕمە ئەوبەر، سـەرم عاسـێ بـوو، چەندی کردم پێم دەرنەدەهات. دەستم کرد بە گریان، پیاوێک بەوێدا تێپەڕی، وتی:(ئەوە چت لێ قەومایە کوڕێژگە .. لۆ داناکەسێی؟) و ڕزگاری کردم .

بووزەکەم کڕی. لە گەڕانەوە بەناو کۆڵانە تەسکەکەدا، لە دەستم خزی و کەوتە ناو جۆگە پیسە سیاناوییەکە. بێزم نەهات دەستی بۆ بەرم، وازم لێ هێنا و بە دەم گریانەوە بە دەستبەتاڵی گەڕامەوە ماڵ.

## حەفتا ساڵە لە کلیلە ونبووەکەم دەگەڕێم

لە سـاڵی(١٩٥٢ – ١٩٥٣) بـاوکم مامۆسـتا بـوو لە قوتابخـانەی(ابن المسـتوفی) لە تەیـراوە، ئەو سـاڵە بـوو تیایـدا خـرامە بەر خوێندن.(مامۆسـتا فەتاح عبدوللەتیف) باوکی (سامی شۆڕش) ی شاعیر و نووسـەر مامۆستام بوو، ئەو فێری ئەلفوبێی کردم.( مامۆستا زەکی) بەڕێوەبەر بوو. ماڵمـان لە گەڕەکی خانەقا بوو، هەمـوو بەیانییـان لەگەڵ بـاوکم بە بن قەڵاوە دەچووینە قوتابخـانە. دوای بـاوکم کەوتبـووم، کلیلـی جانتـاکەم بە پەتـێ بەسـتبوو، بە پەنجەم دەمسووڕاند، لەو شوێنەی ئێستا هێلانەی کۆترانی لێیە، پەت و کلیل لە دەسـتم پەڕی و کەوتە نـاو گیـاوگۆڵەکە. چەنـدی کردمـان مـن و بـاوکم نەماندۆزییەوە. لەو سـاکەوە ئەوە بـوو بە زیـاتر لە حەفتـا سـاڵ، هەر چەنـد بەوێدا تێپەڕم، ئەو ڕۆژە و کلیلەکەم دێتەوە بیر، دەمێ دەوەستم چـاو بە شوێنەکەدا دەخشێنم، لە کلیلەکە دەگەڕێم، خۆزگەم بەو ڕۆژە دەخوازم.

**بیرەوەرییەکانم لە دیمانەیەکدا**

لە ڕۆژانـی (٣و٤ و٥ ی نیسـانی ٢٠١٦) لە بەشـی ڕاگەیانـدنی زانکـۆی جیهان، سەرۆکی بەش  د. محمد خدر مەولوود، دیمانەیێکی لەگەڵمدا سازدا، هەر ئەوسـا بە پیـدیئێف لە ئەنتەرنێتـدا بڵاوکـرایەوە، پاشـان لە سـاڵی ٢٠٢١ لەگەڵ چەند بـابەتێکی تـر، وەک کتێبێ بە ناونیشـانی (وریـا عـومەر ئەمـین – ڕیز لێنان و هەڤپەیڤین) بە چاپی گەیاند.

پرسـیارەکانی د. مـحەمەد خـدر مـەولوود پانتـاییێکی فرەوانـی بیرەوەرییەکانمی گرتۆتەوە. بۆیە کردم بە بەشی یەکەمی ئەم کتێبە. د. محمد لە پێشەکییەکەیدا دەڵێ:

پرۆفیسـۆر د. وریـا عـومەر ئەمـین کەسـایەتییەکی گەورەی ئەکـادیمی و ئەدەبـی و ڕۆشـنبیری و ڕوونـاکبیریی کوردسـتانە. زیـاتر لەنیـو سـەدەیە لە بـواری زمـان و ئەدەب و فەلسـەفە و فەلەک و سـاڵنامە و مێـژوودا خـزمەت دەکـات و خـاوەنی شـاخەرمانێک داهێنـان و بەرهەمـی ڕەسـەنە. پرۆفیسـۆر دکتۆر وریـا عومـەر ئـەمین  جگە لەوەی زانـاییێکی توانـایە، پیـاوێکی هـێمن و کەمـدووە، هەرگیـز لـە خـۆی نادوێـت و باسـی خـۆی ناکـات. خاکـە ڕایـی و لـەخۆبوردەیی و لەخۆنـەدوان و خۆنەویستی، چەنـد سـیفەتێکن (وریـا عـومەر ئەمین) یان پێ دەناسرێتەوە.

لەبەر ئەو هەمـوو بەخششـانەی د. وریـا عـومەر ئەمـین، وەزارەتـی ڕۆشـنبیری و لاوانـی کوردسـتان لە ڕۆژی چوارشـەممەی ڕێکەوتـی ٣٠ ی ئاداری ٢٠١٦ ڕێوڕەسمێکی شکۆداری ڕێزلێنانی بۆ سازدا.

شـایانی باسـە کە دوای ئەم ڕیزلێنـانەی وەزارەتـی لاوان و ڕۆشـنبیریی کوردسـتان و بە بـۆنەی ڕۆژی زانسـت لە (١٦ــ ٤ ــ ٢٠١٦) دا ڕێکخـراوی (ئاشـتیی جیهـانی بـۆ ڕۆشـنبیری و زانسـتەکان) ڕێوڕەسـمێکی ڕیزلێنـانی شایسـتەی بۆ د. وریـا لە زانکۆی بەغدادا سـازدا، وەک زانـاییێکی نـاوداری عیراقی و ئەو ڕۆڵەی گێڕاویەتی لە خزمەتکردنی زمـان و ئەدەبی عەرەبی و کـوردی و زانسـت و ڕۆشـنبیریی گشـتی. نـاوی د. وریـا دەمـێکە کەوتـۆتە لیستەی گەورەزانایانی عیراق.

دوابەدوای ڕێزلێنـانەکەی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری، داوام لە د. وریـا کـرد دیمانەییێکی لەگەڵدا ساز بدەم بەڵکو وەڵامی هەندێ پرسیارمان بۆ بداتەوە کە زۆر لەبارەیەوە دەکرێ و هەندێ لایەن لە ڕووە تایبەتییەکانی ژیانی خۆی بخاتە ڕوو. وا بوو د. وریا بەوپەڕی دڵفراوانییەوە ئامادەیی خۆی پێشان دا. لە ڕۆژی (یەکشـەممەی ٣ نیسـان ٢٠١٦) لە سـەرۆکاتیی بەشـی ڕاگەیانـدنی زانکۆی جیهان، کە خۆی ئەندامی بۆردەکەییێتی و لە دامەزرێنەرەکانیەتی، سێ ڕۆژ دانیشتین و بە ڕاشکاوی وەڵامی هەموو پرسیارەکانی دامەوە.

دیمانەکەم پێشکەش بە(گۆڤاری ڕامان) کرد بۆ بڵاوکردنەوەی. دوای ٦ شەش مانگ چاوەڕوانی و دوای دەرچوونی(٥ ژمارە) ئنجا پێم ڕاگەیێنرا کە دیمانەکە لە (ڕامان) دا بڵاو ناکەنەوە. ئەوە وەک کتێبێک لەگەڵ وتارەکانی ڕێزلێنانەکان و هەندێ بابەتی تر پێشکەشتانی دەکەین.

ڕێـز و سـوپاس بـۆ بـەڕێز (د. ئـەکرەم فەرەیـدون حەمەئـەمین) مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین لـە پـای ئـەرک کێشانی زۆری لـە دیزاین و ڕێکخستنی ئەم پەرتووکە.

**دیمانەکە**

لە سەرەتای دیمانەکەدا گیرم خواردبوو، نەمدەزانی چۆن و لە کوێوە لەگەڵ د. وریادا دەست پێ بکەم!. فریشتەی داهێنانی شیعری فریام کەوت، بۆیە وام بە باش زانی وەک شاعیرێک لەگەڵ د. وریا دەست پێ بکەم. و وتم:

*** شـیعر پانتـاییەکی زۆری لە جیهـانی د. وریـا عـومەر ئەمینـدا داگیرکردووە.. یەکەم بەرهەمی بڵاوکراوەتان شیعر بوو، زیاتر لە نیو سەدە بەر لە ئیمڕۆ، زۆر حەزدەکەم ئەم دیمانەیە وەک شاعیرێک بە جیهانی شیعر دەست پێ بکەین.**

- سوپاسـتان دەکەم.. ئـارەزووی خۆتـانە.. منـیش وام پـێ خۆشـە، مەحمـوود زامـداری ڕەحمەتیـت هێنـایە بیـرم کە دەیگـوت (وریـا هەم دەشعرێنێ... هەم دەعلمێنێ)..فەرموو.

*** یەکەم پرسیارم ئەوەیە.. دوای ئەم هەموو ئەزموونەتان لە شیعر و ئەدەبدا، پێناسینتان بۆ شعر چییە؟**

ـ شیعر جوانترین و ناسکترین و ڕەوانترین و بەرزترین و بەهێزترین شێوەکانی دەربڕینی هەست و بیر و خۆشەویستی و پەروەردەیی و ڕۆشنبیرییە. هێز و ئازادی و سەربەستیی وشە و داهێنانە. سیماییکی سەرەکیی پێکهێنانی نەتەوەییە، ئاڵا و زمانی یەکگرتووی مرۆڤایەتییە. شیعر هەموو مرۆڤ لە ژێر کەپرێکدا کۆ دەکاتەوە و دەیکا بەیەک خێزان. هەست و نەست و ئاواتەکانی دەخاتە ڕوو. ڕۆلێکی باڵای هەیە لە پتەوکردنی پەیوەندیی مرۆڤایەتی بەوەی کە هەموو مرۆڤ بەرەنگاری هەمان گرفتن. هەموو هاوبەشی هەمان پرس و هەستن. هەموو هاوئاوات و هاوسەرەنجامن، هەموو قارەمانی هەمان داستانی بوون و ژیانن. هەر شتی جوانە دەچێتە ناو شیعرەوە.. هەرگیز شوێنی ڕک و کین و جیاوازی و توندڕەوی و خۆپەرستیی ناچیتێ.. شاعیران جوانی و مرۆڤایەتی و خۆشەویستی و گەشبینی لە دڵ و دەروونیدا دەڕوێنن و ڕووە گەشەکەی ژیان دەخەنەڕوو و چەمکی مرۆڤایەتی پتەو دەکەن و دەچەسپێنن و سنوورەکان تێکدەشکێنن، زامەکان ساریژ دەکەن، شیعر گڕوگاڵی ژیانە، پشوویێکە لە جەرگەی هیلاکیدا.

*** چۆن شیعری کوردیی دەبینیت؟**

– شیعر پلە و پایە و گرنگییەتییەکی تایبەتیی لە بوونی ئێمەی کورددا هەیە. زۆربەی هەرە زۆری شاعیرانمان (لە خانییەوە تا ئیستا) پێشمەرگەی وشەی پیرۆزن.. هەمیشە لە سەنگەرە پێشەوەکانی بەرەکانی خەبات و تێکۆشاندان، هەڵگری ئاڵای ئازادی و سەربەستین.. پارێزەری زمانی کوردین.

شیعری کوردی زمانی دەربڕینی عیشق وخۆشەویستیمانە بۆ خاکە شیرینەکەمان. چەکی بەهێزی تێکۆشانمانە دژی داگیرکەرانمان. زەنگی کاروانی خەباتمانە لە پێناو ئازادی و سەربەخۆییمان. چقڵی چاوی دوژمنانمانە. چریکەی بەرەبەیانی ئازادیمانە.. دەنگ و هاواری چەوساوەکانە بە ڕووی زۆرداران و ڕەنجخۆران و خۆفرۆشان و خاکفرۆشان.

شیعری کوردی دەزگاییێک و پەیمانگاییێکە بۆ دەرچوواندنی عاشقانی کوردستان و خەباتکەران و تێکۆشەران. پارێزەری زمان و کەلتوور و مێژوو

و مافی نەتەوایەتیمانە.. چرای ڕۆشنکەرەوەی بیرمانە... تۆماری لاپەڕەکانی مێژووی خەباتمانە لە پێناو ئازادیمان.

*** ڕات لە بارەی شیعری نوێوە.**

- سەرهەڵدانی شیعری نوێ پەیوەندیی بە پەرەسەندنی باری ڕۆشنبیری و مێژووییەوە هەیە.. شیعری نوێ ژانرێکی گرنگە شوێنی خۆی هەیە لە بوار و مێژووی ئەدەبی جیهانی و گەلاندا.. بەڵام بەلای منەوە ناتوانێ و نابێ جێگای شیعری ئاسایی بگرێ و لەناوی با. ئەوەی بە شیعری نوێ لەقەڵەم دەدرێ، پەخشانە و بە شیعر موتوربە کراوە یا بە پێچەوانەوە. جیاوازیی نێوان شیعری نوێ و شیعری ئاسایی لەوەدایە شیعری نوێ تەنها یەک جار دەخوێنرێتەوە و زۆر کەم و بە زەحمەتی لەبەر دەکرێت، کەچی شیعری ئاسایی بەردەوام دەخوێنرێتەوە و بە ئاسانی لەبەر دەکرێ و لە کۆڕ و گفتوگۆی ڕۆژانەدا هەمیشە ئامادەیە. ئێستاش شیعرەکانی خانی و جەزیری و جەواهیری و معلقات و متنبی و خەیام و شەکسپیر و شێللی و پۆشکین و فردەوسی و لامارتین و جەلالەددین ڕوومی و ... هەموو شاعیرە ڕەسەنەکانی جیهان بەردەوام وێردی سەر زارن و هەمیشە دەوترێن و دەوترێنەوە. کەچی شیعرە ئازادەکانی سەیاب و نازک مەلائیکە و شێرکۆ بێکەس و ئەدۆنیس و.. بە دەگمەن دێنە سەرزار و باس کردن. من بە هەزاران دێر شیعری کوردی و عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی و تورکیم لە بەرە، بەڵام ناتوانم یەک پارچە شیعری نوێ بە تەواوی لەبەرکەم، کۆپلەی بچووک بچووک نەبێ کە وێنەی شیعریی ناسک دەگرێتە خۆ. ئەویش زوو لە بیر دەچێتەوە.

بەلای منەوە دەبێ شاعیر سەرەتا مەشق لەسەر شیعری ئاسایی بکات تا زاڵ بێ بەسەر یاساکانی شیعر ئنجا بێتە سەر شیعری نوێ. شیعری نوێ زۆر کەسی کردۆتە شاعیر بێ ئەوەی بەهرەی ڕاستەقینەی شیعرییان هەبێ. شایانی باسە ئێستا زۆر لە شاعیرانی ئەمبەر و ئەوبەری جیهان شان بە شان نووسینی شیعری نوێ، بۆ سەلماندنی شاعیرییەتی خۆیان دەگەڕێنەوە سەر جۆری پێشووش.

*** خۆت هیچ شیعری نوێت نووسیوە؟**

- بەڵێ دوو سێ پارچەم لە شیعری نوێ بڵاوبۆتەوە.

*** دەتوانی نموونەیێکمان پێشکەش کەیت؟**

- ئەم شـــیعرەم کە بە ناونیشـــانی(دڵی ســـڕبووم) ە، لە ســـاڵی ١٩٨٢ دا بڵاوکراوەتەوە:

**لە بەر دەرگای**
**بەهەشتی خۆشەویستی بووم**
**فریشتەی ئاواتی نێشتم**
**بە جێی هێشتم**
**بوونم تێکچوو**
**هەستم شێوا**
**زەردەخەنەم توایەوە**
**ڕێگەی بەرەو ناخم گیرا**
**ئیتر بۆ هیچ کچێکی تر**
**نەکرایەوە...**
**ساڵەهای ساڵیش بەسەر چوو**
**خۆری لاویم خزی و کەوتە**
**دامێنی ئاسۆی ئاوابوون...**
**بەفری تەمەن سەری پۆشیم**
**لەو ساڵەهایەی بەسەرچوو**
**گەلێ جوانی زۆر لەو جوانتر**
**منیان خۆشویست**
**بەڵام هەرگیز...**
**وشەیێکیان لە من نەبیست**
**دڵیان خۆشکات**
**لەو ساڵەهایەی بەسەرچوو**
**کاسەی گەنجی**
**هەرچییەکی تیابێ نۆشێم**

**بەڵام هەرگیز**
**یەکتریمان نەبینیوە**
**من و خۆشیم**
**....**
**زۆر لەمێژە..**
**تامی ئازاری دڵداریم..نەچشتووە**
**زۆر لەمێژە**
**لەتاو دووریی خۆشەویستا**
**هیچ فرمێسکم نەڕشتووە**
**....**
**چەن حەزئەکەم**
**تووش بم..تووشی دڵڕفێنێ**
**هەستی سڕبووم ببووژێنێ**
**لە چاوما**
**کانیی فرمێسک بتەقێنێ**
**ئازارم با و بمسووتێنێ**
**بۆی بگریم و نەمدوێنێ**

*** یەکەم بڵاوکەرەوەتان شیعر بوو لە ساڵی ١٩٦٥ دا.. کێ بوون ئەو شاعیرانەی شاری هەولێر کە لەو سەردەمەدا دەتناسین و هاوڕێت بوون.؟**

- ئەو نووسەر و ڕۆشنبیر و شاعیرانەی ئەوسا هاوزەم بوون و پەیوەندیم لەگەڵیاندا هەبوو و بەردەوام یەکتریمان دەبینی (سەعدوللا پەرۆش - عبدالله پەشێو - سامی شۆڕش - مەحمود زامدار - عبدالخالق سەرسام - نەوزاد یەحیا باجگر - عبدالله حداد - موخلیس یونس مستەفا - جەمیل ڕەنجبەر - ڕۆستەم باجەڵان - موحسین جوامێر - مەجید هێڕش و زۆری تر) کە ئیستا زۆریان جێ پەنجەیان لە بواری ئەدەب و ڕۆشنبیریدا دیارە و لە ڕیزی پێشەوەدان. هەروەها مدحت بێخەو و پیرباڵ مەحموود و مەلا مەسعوود بێبەش و عبدالرزاق بیمار و جاهید و حەبیب عەلی میرانی و هی

ترم دەدی بە زۆری لای مامۆستا گیوی موکریانی لە چاپخانەکەیدا.

*** لەو کتێبەتاندا کە بەناونیشانی (کوردستان في ضمیر الجواهری) یە و زانکۆی جیهان لە ساڵی ٢٠١٥ بڵاوی کردۆتەوە.. ئاماری کۆی شیعرەکانی جەواهیـری ئەنجـام دەدەن.. بـۆچی ئەم جـۆرە لێکۆڵینەوەیەتـان لەبـارەی شاعیرەکانی خۆمان پێشکەش نەکرد.**

ـ وەک ڕەخنەگرە عەرەبەکان لە بارەی ئەم کتێبەوە دەڵێن، ئەم باسـەی مـــن ئاســـۆیێکی نـــوێی لە بـــواری لێکـــۆڵینەوەی ئەدەبـــی عەرەبـــی کردۆتەوە..ئەنجامدانی ئەم جۆرە کارە بۆ شـاعیرێکی وەک جەواهـری ئاسـان نییە چـونکە شـیعرەکانی یەکجـار زۆرن و دەستنیشـان کردنـی بەحرەکانیـان یەکجار زەحمەتە... ئێمە شـاعیری وا بەرهەم یەکجارزۆرمان نییە و دەست نیشان کردنی کێشـی شیعری کوردی کارێکی زەحمەت و دژوار نییە.. هەر شاعیرێکی کورد بەدەستەوە بگریت بە دەپانزە ڕۆژ کارێکی وای بۆ ئەنجام دەدرێت. من دەمێکە کار لەسـەر پڕۆژەییێکی وا لە بارەی شـاعیرە کوردەکان دەکەم و هی دەیان شاعیرم ئامادە کردووە.. تەواوی کەم بڵاوی دەکەمەوە.. هیـوادارم نووسـەر و ئەدەبدۆسـتە گەنجەکانیشـمان ئەم ئەرکە بـخەنە سـەر شان و ئەمجۆرە کارانە ئەنجام بدەن.

من (جەواهیری) بە شاعیری خۆمـان لە قەڵەم دەدەم. کورد هەتـا هەتـایێ قەرزاری جەواهیرییە. هیچ شاعیرێکی کورد نەیتوانیوە بەقەد جەواهیـری و بە هێزی جەواهیری باسی کوردستان و تێکۆشانی گەلی کورد بکات و دەنگ و هاواری کورد بگەیێنێتە هەموو جیهان. جەواهیـری سـەفیری کوردسـتان بـوو لە هەموو وڵاتانی جیهاندا، بۆیە هەرچییەکی بۆ بکەین هەر کەمە.

*** هەندێ لە ڕەخنەگران گۆران و هەردی دەکەنە هاوسـەنگ..لە کاتێکا هەردی شـــیعری یەکجـــار کەمـــی هەیە و گـــۆران زۆر. چـــۆن ئەمە هەڵدەسەنگێنیت؟**

– زۆری و کەمیـی شـیعر پێـوانە نیـیە بـۆ شـاعیرییەتی شـاعیر.. هەر شـاعیرێک بەدەسـتەوە بگریـت دەبینـی کە بە ژمـارەییێکی کەم لە شـیعرەکانی ناسـراوە و ئەو ئاسـت و پـلەیەی پـێ بەخشـراوە.. بـۆ نمـوونە پیرەمیـرد

بەرهەمدارێکی بە پیت بوو و کۆی شیعرەکانی چەن بەرگێک پێک دەهێنن کەچی زۆربەی هەرە زۆری خەڵکەکە و تەنانەت ڕۆشنبیرەکەش، تەنها ئاگاداری سێچوار پارچەن لە شیعرەکانی، بە تایبەتی سروودی (نەورۆز) ـەکەی و (سبەینێ بوو لەخەو هەڵسام ڕوانیم بەفرە باریوە) و (ئەستێرە بەرزەکان)...دڵدار کە دیوانێکی تەواوی هەیە هەر بە (ئەی ڕەقیب) ـەکەی ناسراوە. هەمان شت بەگوێرەی گۆران و هێمن و هەر شاعیرێکی تر هەر چەند شیعرێکیان بەرچاوە. ئەحمەد هەردی کە هەموو شیعرەکانی ناگەنە (٢٠٠) دێر..کەچی گۆران بە هەزاران دێری نووسیوە و هەر ژمارەییێکی کەمی شیعرەکانی بەرچاوە، وەک (گوڵی خوێناوی) و (بووکێکی ناکام) و هیتر...گەر بهاتایە (هەردی) بەقەد گۆران شیعری هەبایە هەر بەوەندە دەناسرا کە ئێستا پێیان ناسراوە. هەر وەک وتم زۆری و کەمی پێوانە نییە بۆ شاعیرییەتی شاعیر. لە ئەدەبی گەلاندا شاعیر هەیە بە یەک پارچە شیعر گەیشتۆتە لووتکە، کە لە ئەدەبی عەرەبیدا بە (شاعر الواحده) ناو دەبرێن. وەک (المنخل اليشكرى و دولقه بن العبد المنبجى و ابوالحسن على بن زريق البغدادى) و زۆری تر.. ئەمانە بە یەک پارچە شیعر گەیشتوونەتە لووتکە و چوونەتە ناو مێژووی ئەدەبی عەرەبییەوە..

من هەرگیز گۆران و هەردی بە هاوسەنگ دانانێم..هەردی شاعیرێکی یەکجار بەرزە بەڵام بە قوتابیی گۆران دەشێ. گۆران دامەزرێنەری ڕێبازی شیعری نوێی کوردییە، ڕۆڵی سەرەکیی هەیە لە نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا. گۆران ڕێچکە شکێنە، هەردی ڕێچکەشکێن نییە. هیچ نوێکارییەک لە هەردیدا بەدی ناکرێت. زۆربەی شیعرەکانی هەردی لەسەر کێشی عەرووزیی عەرەبین. وەستایەتییەکەی لەوەدایە کە لەناو ئەو قاڵبە وشکانەی عەرووزیی عەرەبی شیعرە ڕۆمانتییەکانی بەوپەڕی ناسکییەوە دادەڕێژێت و دەردەبڕێت. هەردی شاعیری فرمێسک و ڕەشبینییە لە ناو قاوغی بێ ئومێدیی خۆیدا دەتلێتەوە و خاوەن پرس نییە. وەک بزانم هیچ شیعرێکی نیشتمانیی ئەوتۆی نیە و هیچ شیعرێکی نییە پەیوەندیی بە پرس و بیری مرۆڤایەتییەوە بێ.. بە پێچەوانەی

گــۆران کە شـــاعیرێکی شۆڕشـــگێری بیرمەنـــدی مرۆڤـــایەتیی گەشـــبینی ئامانجداری بەگژاچووە.

ئەوەی مـایەی سەرنجیشــە هەردی ســێ پـارچە شـیعری هەیە کە هەر یەکەی بە دوو قۆنـاغ تەواو کـردووە، مـاوەی نێـوان قۆناغەکـان دەگـاتە چـل ساڵ. شیعر دەربڕینی هەستێکی ئانییە، دەنگدانەوەی ئەو ساتە تایبەتییەیە تێیدا نووسراوە. جێی ئەو ماوەیە دوور و درێژەی تێدا نابێتەوە..

*** زۆر گەنج بێ ئەوەی هیچ بەهرەی شاعیرییان هەبێ شیعر دەنووسن و بڵاو دەکەنەوە.. ڕات چییە لەبارەی ئەمانەوە؟**

- بەلای منەوە ئەمە شتێکی یەکجار باش و تەندرووستە. ئەبێ وابێ و هەر واش بووە. ئەمە دیاردەیێکی سروشتییە. هەموو کەس و گەنجێ ئەبێ هەوڵ بدات شیعر بنووسێ و خۆی تاقیکاتەوە، ئەگینا چۆن ئەگەر بەهرەی شاعیریی تێدابێ پێی دەزانێ؟ بەم دیاردەیەیە شاعیر خۆی دەدۆزێتەوە. لەو هەزارەهـایەی کە لە هەر سـەردەم و نەوەیێکدا هەوڵ دەدەن شـیعر بنووسـن دەپانزەییێکیـان دەمینـنەوە و دەبـن بە لـووتکە و پـلەی دووەم و سـێیەم و... ئەوانیتر دەڕەوێنەوە و دەتوێنەوە. شێخ ڕەزا دەڵێ (چونکە شاعیر زۆر بووە لەم عەسـرەدا.. بـۆتە حەشـری نێـرەکەر لەم حـوجرەدا) کـوان ئەو هەمـوو نێرەکەرانەی سـەردەمی شـێخ ڕەزا کە باسـیان دەکـات؟ نـاوی چەنـدیان لـێ مـاوەتەوە و کـێن؟ لە وڵاتە پێشـکەوتووەکاندا، هەر لە قۆنـاغی سـەرەتاییەوە مامۆسـتاکان قوتابییـان فێـرە نووسـین دەکەن داوایـان لـێ دەکەن شـیعر و چیرۆک بنووسن و هەستی خۆیان بە نووسین و شیعر دەربڕن بە تایبەتی لە بۆنەکانـدا، وەک (ڕۆژی ڤالەنتـاین) و (یـادی ڕۆژبوونیـان) بـۆ دۆزیـنەوەی بەهرەدارەکان. لای ئێمە گەر مێرمناڵێک شیعرێ بنووسێ گاڵتەی پێ دەکەن بەهرەداریش بێ دەمکوتی دەکەن..

من داوا لە هەموو گەنجێ دەکەم هەوڵ بدات شعر و خورپە و چیرۆک بنووسێ و خۆی تاقیکاتەوە، بەڵکوو ئەم بەهرەیەی تیا بێ؟ ئەمە نەک هەر بۆ شـیعر بەڵکـوو بـۆ هەمـوو بوارەکـانی تـریش. کەسـیش لە هـیچ بوارێکـا لە لووتکەوە دەسپێناکات... بە داخەوە ئێمە میللەتێکی بەهرەکوژین.

*** شـــيعرەکانت هەمـــوو لەبـــارەی جـــوانی و خۆشەویســـتی و سرووشتەوەیە.. شیعری سیاسیت نییە؟**

- زۆربەی شیعرەکانم دەربڕینی جوانیی کوردستان و خۆشەویستیمە بۆی. بەلای منەوە ئەمەش جۆرێکە لە شیعری سیاسی. لە سەردەمی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕدا ئەوەی شیعرێکی سیاسیی دژی ڕژێم دانابا بە خاووخێزانەوە بنبڕ دەکرا...بۆیە شاعیرەکانمان بە زارەکی و دەسنووس و بە ناوی نهێنییەوە شیعرەکانیان بڵاودەکردەوە.. هەندێکیش لە شاعیرەکانمان بەناوی فەلەستین و تێکۆشانی گەلی فەلەستین، کە وەک هێما بۆ کورد و کوردستان بەکاریان دەهێنا، شیعریان دادەنا و لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی بەغدادا بڵاویان دەکردنەوە. زەلامەکانی ڕژێم هەستیان بەمە دەکرد و پێیان دەزانی و دەیانگوت:

**(عبالهم احنا زمایل ما نفتهم.. قصدهم من فلسطین هو کردستان؟)**

واتا (وا دەزانن ئێمە کەرین تێناگەین کە مەبەستیان لە فەلەستین کوردستانە).

من ئەوسا شیعری سیاسیم دادەنا.. هەندێ دانەم لێ بە دەستی چەپ بە خواروخێچی دەنووسییەوە و بۆ هاوڕێیە نزیکەکانم دەخوێندەوە، وەک(عبدالرزاق بیمار و ممتاز حەیدەری و د. کەمال مەزهەر و . زۆری تر). دانەیێکم لێ دەدا بە مامۆستا ممتاز حەیدەری بۆ پاراستنی لە ئیرشیفەکەیدا...یێکێ لەو شیعرانە لە بارەی ئەو (ندوە) یەوە بوو کە لە (١٩٨٨/٣/١٢) لەهەولێر دژی شۆڕشی کورد لە لایەن ڕژێمەوە سازدرا. ژمارەیێکی زۆر ڕۆشنبیری کورد بانگهێش و ڕاپێچ کرابوون. من یێکێ بووم لەوانەی داواکرابووم بچم.. خۆم شاردەوە و نەچووم.. لێپێچینەوە و هەڕەشەیێکی زۆرم لەسەر لێ کرا و هاوڕێیان ئاگادارن.. لەو نەدوەیەدا خوالێخۆش بوو شەهید (شاکر فەتاح) ڕاشکاوانە وتی (ئەم جۆرە جموجۆڵانەی دژی شۆڕشی کورد بێ ئەنجامە..کار لەکار ترازاوە.. بۆ چارەسەرکردنی ئەمە، ئێمە کۆ مەکەنەوە.. بڕۆن لەگەڵ سەرکردەکانی شۆڕش دانیشن.. خەڵکەکە نەفرەتمان لێ دەکەن لەگەڵتاندا دانیشتووین..

هتد).. ئەنجامەکەی ئەوە بوو شاکر فەتاح گیرا و لەناوبرا.. بەم بۆنەیەوە من ئەم چەن دێرەم نووسی:

**لە نەدوەکەی شاری هەولێر**
**شاکر فەتتاح خۆی کرد بە شێر**
**دلێرانە دەریبڕی**
**جاشی بۆگەن..سەگی دڕی**
**مایەی سەرشۆڕیی میللەتی**
**نیشانەی نزمی و زیللەتی**
**(کەڵە جاشی) نەخوێندەوار**
**سوور هەڵگەڕا.. وەک گورگی هار**
**ئەمینەکان هەموو تۆقین**
**گوێیان وەک کەر کەوتە لەقین**
**تێگەیشتن کەمیان ماوە**
**گەورەکەیان خەیاڵ خاوە**
**گەر ملیۆن سەریش هەڵپاچێ**
**ئەم کوردە هەرگیز تیا ناچێ**

شایانی باسە کە زەلامەکانی ڕژێم چوونە لای شاکر فەتاح لە بەندیخانە و داوایان لێ کرد لە قسەکانی پاشگەز بێتەوە تا لێی ببوورن.. دلێرانە وتی.. (پاشگەز نابمەوە.. با ئەوەندە پیاو بن بەم تەمەنەم بمکوژن).

ئەو سیخوڕ و بەعسییە دۆڵـژەنە کوردانەی بەغداد کە لە دامودەزگا ئەمنییەکاندا کاریان دەکرد و بۆ ڕژێم هەڵدەپەڕین و چاودێریی کوردەکانیان دەکرد وڕاپۆڕتیان لە سەر دەنووسین، هەمووش ناسراو و زانراون کێن. هەر کە سەدام ڕووخا یەکسەر ئاڵا و پەڕۆی زەرد و سەوزیان هەڵکرد و هەڵواسی و کردیان بە چەپڵەو شایی و وایان ڕادەگەیان کە هێللاری (خەتمائیلی) حیزبە کوردیەکان بوون لەناو حیزبی بەعسدا.. ئەمەم لە(٢٠٠٣/٥/١٢) دا کرد بە شیعرێ بە ناونیشانی (گێڕگۆڕ) ـەوە و لە ڕۆژنامەی (بەدرخان) دا بڵاوکرایەوە. ئەمە یەکەم شیعری سیاسیی کوردییە

دوای ڕووخانی سەدام:

**تا دوا سەمموون.. تا ئێسقانی بەعسی بوو**
**ڕاپۆرتی لەسەر خوشکیشی نووسیبوو**
**ڕەشاش لە دەسیا بە جلی زەیتوونی**
**فیدای سەدام بوو بە دڵ و دەروونی**
**خۆی کورد و بۆ ئەم کوردکوژە دڵسۆز بوو**
**بە ڕادەیێ ئەنفالی لا پیرۆز بوو**
**سەر و سامان.. هەرچییەکی کە هەیبوو**
**بەساقەی ساتێکی کاکە عودەی بوو**
**وای ئەزانی ئیتر هەتا هەتایێ**
**بۆی ئەمینێ.. خواش دەرەقەتی نایێ**
**سەدام بەزی.. ئەو یەکسەر گێڕی گۆڕی**
**وتی.. ئۆخەی.. هەزار لەعنەت لە گۆڕی**
**ئەم خوێڕییە.. بوونگەنیوە.. دەبەنگە**
**لێمان بوو بە خەتمایل و پێشمەرگە**
**هەر وەک بڵێی نە بای دیبێ نە باران**
**کەوتۆتەوە فشەفش وەکو جاران**

زۆربەی زۆری شیعرەکانم لەبارەی عیشق و خۆشەویستیمە بۆ کوردستان و جوانییەکەی.

*** چ پارچە شیعرێکی خۆت کەلەهەموو شیعرەکانت زیاترت خۆش دەوێت؟**

- هەموویان وەک جگەرگۆشەمن.. ئەم دوو دێر شیعرەم کە لە کۆتایی بەهاری ساڵی ١٩٨٠دا دامناوە..ڕۆژ نییە نەیەتە بیرم و بۆخۆمی نەخوێنمەوە. تیایدا دەڵێم:

**کاروانی گوڵ وا خەریکە بار ئەکا**
**گیانم خۆزگەم بە بەهاری پار ئەکا**
**کە هەموو ڕۆژ گوڵێکت بۆ ئەهێنام**
**ئیستاش نەک گوڵ.. هەر خۆشت نایێیتە لام**

*** دیارە بەستراوە بە یادیگارییەکی سەردەمی گەنجیت.**

- لەوانەیە.

*** ئەی چ شیعرێکی شاعیرێکی ترت زۆر دێتە بیر؟**

- یەکجار زۆرن بەڵام ئەم چەند دێرەی هێمن زوو زووە دێتەوە بیرم:

**بەهار بوو فەسلی زستانم ئەگەر یـارم لەگەڵ بـایە**
**درۆیە گەر وتوویـانە بە خـونچێکی بەهــار نــایە**
**بەڕیشی بۆزەوە سوجدەی دەبەم من بۆ جەماڵی تۆ**
**ئەدی بۆچی دەیانگوت، دار کە پیر بوو تازە دانایە**

*** گەر داواتان لێ بکەم پارچە شیعرێکت پێشکەش بە خوێنەرانی ئەم دیمانەیە بکەیت. کام لە شیعرەکانت هەڵدەبژێریت؟**

- بە مـن بـێ هەمـوو شـیعرەکانم لێـرە پێشـکەش بـکەم.. بەم دەمە ئەم پـارچە شـیعرەم هـاتە بیـر کە بە نـاوی (خەم و تـرس) ـەوەیە. سـیماکانی تەسەووفی پێوە دیارە.

**بێ تـامی کرد... بوو بە چی هەر نەبڕایەوە**
**ئەم دڵەی مــن ئاســنیش بــا ئەتــوایەوە**
**لەتـــاو تـــۆیە هەرگیزاوگیـــز داناکەســـێ**
**دابین نـابێ.. بە هـیچ شـتێ بە هـیچ کەسـێ**
**ئاگادارنیـت سـەردەمێکە بـۆت وەک شـێتم**
**لە هەرکوێ بم... لێت ئەگەڕێم چـاوەڕێتم**
**خەم و تاڵیت لوتکەی خۆشـی و شـیرینیمە**

**هەنســکی هەناسەســاردیم... گــۆرانیمە**
**گـڕی سـۆزت دڵـی تـاری ڕوونـاک کـردووم**
**هۆشی چنراو بە مەراقـی بـێ بـاک کـردووم**
**ئـــاواتێکی و ئەترســـم ڕۆژێ بتگەمـــێ**
**لـــە ئاســـمانی ســـاماڵتا ببمـە تەمـــێ**

*** شیعرێکی تر..**

- ئەم چوارینانەم کە بە ناوی (لە چرۆکانی دارستانی دڵم) ـە:

**لەگەڵمای و بیرت ئەکەم**
**لە دڵتام و بۆت ئەسووتێم**
**بەقەد مەنگیی سەرنجەکەت**
**لێت دڵنیام و ئەترسێم**

****

**پشکۆی سۆزی کوورەی دڵم**
**کەوتۆتە بەر بای باوەشێن**
**کێوەکانی خەمم یەک یەک**
**ئەهەژێن و هەڵئەوەشێن**

****

**ئاگرێکەو تێم بەربووە**
**خۆشە بەقەد ئازارەکەی**
**لافاوێکەو ڕامئەماڵێ**
**شەپۆلە شێت و هارەکەی**

****

**ماسییەکی ناو دەریام و**
**عەودالّی چۆڕە ئاوێکم**
**لەناو سەد داوی ورد دام و**
**خەریکی داو و ڕاوێکم**

****

**بەقەد دووریت نزیکم لێت**
**بەقەد نزیکیت دووری لێم**
**سێبەری تۆم لێت ڕائەکەم**
**لێم ڕائەکەیت کە لە دووت دێم**

****

**من بارانم ...(تۆ) ی هەور بووم**

**ئەبمەوە تۆ... ئەبیەوە من**
**نازانین کاممان کاممانین**
**من لە تۆ ون تۆ لە من ون**
**من تاریکیم...تۆ ڕووناکییت**
**من شەوم و تۆ مانگمی**
**مەزنیت بە سایەی منە**
**کە لە ڕۆژا هەڵدێی گومی**
****

**من دەریام و تۆ ڕۆخمی**
**من بە تۆ هەم .. تۆ بە من هەی**
**ببی ئەبم .. نەبم نابی**
**خۆت نامینێی لە ناوم بەی**
****

**من درەختم.. تۆ ڕەگمی**
**تۆی سەرچاوەی بوون و سەوزیم**
**کەچی منم دیار، تۆ گومی**
**تۆی لە نزمی و.. من لە بەرزیم**
****

**تۆ ڕەشەبای من پووشێکم**
**بۆ کوێت بوێ بۆ وێم ئەبەی**
**نە من لە تۆ دەرباز ئەبم**
**نە تۆ ئەتوانی بەرمدەی**

*** دوای ئەم هەموو ئەزموونە دوور و درێژە.. چۆن لە ژیان گەیشتیت؟**

- زستانی ساڵی ٢٠١٣ بوو، ڕۆژێکیان لەسەر لێواری شادۆڵی (خەرەند) دا وەستابووم. سەرسام و ئەبلەقی ئەو جوانی و مەزنی و نهێنییە بووم..لە پڕ هەناسەم تەنگ بوو، بەرچاوم تاریک داهات. هەستم بە نەمان کرد. کشامە دواوە و لەسەر بەردێکدا دانیشتم و ئەم چەن دێرەم بۆ هات... تێیدا تا ڕادەیێک وەڵامی ئەم پرسیارەتان دەداتەوە، کە دەڵێم:

**لەســەر لێــواری خەرەنــدی نەمــان وەســتاوم**
**ئیســتاکەنا ئیســتا لە پــڕ ئەنــووقێ چــاوم**
**لەخەزانــــی تەمەن دام و چیـــی وام نەمـــاوە**
**لە سەرسامی و بێ ئومێدی و کەسـەر بەولاوە**
**کەل و پەلی خۆم تێک ئەنێم.. تەواوبوو گەشتم**
**بە ژیانێکــدا وڕی کــردم.. تێــی نەگەیشــتم**
**لە ڕۆشـنایی بـوونی لێڵـدا تارماییێـک بـوو**
**لە تاریکسـتانی نەبوونـدا برووسـکەیێک بـوو**
**گـڕێ بـوو لەپـڕ دامرکـا.. گـوڵێ بـوو وەری**
**چی بوو ئەمە وا سـەیر هات و وا زوو تێپەڕی!؟**

لەو کاتەدا (د. دیار عەلی کەمال) لەگەڵمدا بوو. ئەو کاغەز و پێنووسەی شیعرەکەم پێ نووسی لەمم وەرگرت. یەکەم کەس بوو ئەم شیعرەی بیست.

*** گەشبینیت یا ڕەشبینیت؟**

- لە شیعرێکمدا کە بە ناونیشانی (چەن تابلۆییێکی داستانی چلەی ژیانم) دایە، نامەیێکە بۆ منالێم باسی تاڵی و ناخۆشیی ژیانم دەکەم و بەم دێرە دەسپێدەکەم:

**ئـــەی منالێم ..ئـەی بەهەشــتە زەوتکراوەکـەم**
**ئیستاش بە کوڵ بۆت ئەگریم و شینت بۆ ئەکەم**

* * *

شیعرەکە نەختێ درێژە.. چەند دێرێکی لێ هەڵدەبژێرم:

**ئەی منـــالێم.. ئەی دۆزەخـــی هەناســە ســاردیم**
**تۆ بەهەشت بووی لەچاو ئەوەی لەدوای تۆدا دیم**
**ڕۆژەکـــانم هەمـــوو خـــۆزگەن بە ڕۆژانـــی تـــۆ**
**بە شـــەوانی پـــڕ هــــەژان و ڕووگـــرژانـــی تۆ**

* * *

**ئیستاش ئا بەم هەستەی وشکم.. بەم دڵەی پیـرم**
**ناخـــی ناخـــم ڕائەچـــەنێ کـــە دێیتە بیـــرم**

تا له دوا دێڕەکانیدا دەڵێم:

**لەگەڵ ئەوەی ژیانم هەمووی تاڵی و ترشی بوو**
**بە گەشبینی و زەردەخەنە ڕووی خۆم پۆشیبوو**
**ژەهراوم پێشکەش بکرابا، ئەمکرد بە شـــەکراو**
**گـریانـــم کردە گۆرانـــی، فرمێسـک بە گوڵاو**

* * *

**ئاسۆی تارم بە ئەستێرەی گەش گەش جنیبوو**
**لەو شوێنە خۆم ئەدۆزیەوە لووتکەی ونی بوو**

* * *

واتا سەرەڕای کارەساتاویی ژیانم.. پێدەچێت مرۆڤێکی گەشبین بم.

*** ئەم شیعرەت بڵاو کردۆتەوە؟**

- بەڵێ ئەمەو هەموو ئەو شیعرانەی بۆم خوێندیتەوە هەموو لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوبوونەتەوە. بەڕێز (بەدران ئەحمەد حەبیب) داوای لێ کردم کۆیان کەمەوە، لە دەزگای ئاراس بە چاپی بگەیێنێ. وابوو بەشێکیان لە ساڵی (٢٠٠٧) دا بە ناونیشانی (سەیرانێکی شیعرستان) ـەوە بڵاوکرایەوە.

***پێناسینت بۆ بەختەوەری.**

ـ بەختەوەری بەو چەمکەی ئێمە لێی دەگەین هەرگیز بوونی نییە. فەیلەسووفی فەڕەنسی(ڤۆلتێر) دەڵێ (ئێمە هەرگیز ناژین، هەمیشە بە ئاواتەوەین بژین). مرۆڤ هەر بە سروشت بوونەوەرێکی تلاوەیە (شەقی) یە لە هەر بارێک و پلە و پایەیێکدا بێت هەرگیز لەگەڵ واقیع و خودی خۆی نـاگونجێ. هەرگیز ئۆقرە ناگرێ، دابین نابێ، داناسەکێ. لە ترس و سامناکییەکی بەردەوامدایە. برسی نییە لە برسێتی دەترسێ... نەخۆش نییە لە نەخۆشی دەترسێ... هەیەتی لە نەبوونی دەترسێت... ئازووقەی دە ساڵەی داگرتبێ بیر لە هی کوڕەزاکانی دەکاتەوە... ئەم سروشتەی وای کردووە هەمیشە بتلێتەوە. گەر لە ڕوانگەیێکی ترەوە سەیری ئەم لایەنەی هەست و ژیانی مرۆڤ بکەین .. پێدەچێ مرۆڤ بە شێوەیێکی گشتی تا ڕادەیێک بەختەوەرە بێ بەڵام تا بەسەر نەچێ دەرکی پێ ناکات. بۆیە هەمیشە

ڕابردووە تاڵەکەی خۆش بووە و خۆزگەی بۆ دەخوازێ. (ئەم ئیستایەمان) کە تاڵە ببێتە ڕابردوو (خۆش) دەبێ. بە پێی ئەم هاوکێشە فەلسەفییە، مرۆڤ هەمیشە لە خۆشیدایە و پێی نازانێ و دەرکی پێ ناکات. بیرەوەریی ڕۆژە سەختەکان هەمیشە خۆشن و خۆزگەیان بۆ دەخوازین. پێناسەیێکی بەختەوەری دەڵێ (بەختەوەری پشووییێکی کورتە لە سەر ڕێگای ئەشکەنجەی بێکۆتاییدا) ... بۆچوون و بیرکردنەوەی تاکەکەسی و باری دەروونی و ڕۆشنبیری و بارودۆخ هەموو ڕۆڵیان هەیە لە بۆچوون و هەستکردن. کەس تا کەسیش وەستاوە.

بەلای هەندێ لە فەیلەسووفانەوە کلیلی بەختەوەری لەوەدایە مرۆڤ خۆی لە ڕابردوو و داهاتوو ئازاد کات و بیریان لێ نەکاتەوە.. هەر وەک خەیام لەم چوارینەیدا ئامۆژگاریمان دەکات:

**از دی کە گوزشت هیچ از او یاد مکن**
**فردا کە نیامدست فریاد مکن**
**بر آمدە و نامدە بنیاد مکن.**
**حالی خوش باش و عمر بر باد مکن**

*** لەو بڕوایە دان کە مرۆڤ دەتوانێ خۆی لە ڕابردوو و داهاتوو ڕزگار بکات؟**

- ئاسان نییە.. لەوانەیە بۆ ساتێکی کەم بتوانێ.

مرۆڤ هەمیشە بەختەوەرە گەر مرۆڤ وازی لێ بێنێ.

*** ئایا تۆ مرۆڤێکی بەختەوەریت؟ خۆشی و ناخۆشی لە چیدا دەبینیت؟**

- من خۆم بە بەختەوەر دەزانم چونکە بە دیمانەییێکی فەلسەفی بیر لە ژیان و بووندا دەکەمەوە. هۆی بەختەوەریم ئەوەیە، ژیان بەلامەوە هیچە و گرنگ نییە و هەرگیز بیر لە هیچ بەرژەوەندییەک بۆخۆم ناکەمەوە، هەرگیز بیر لە هەبوون و نەبوون ناکەمەوە.. خۆشی و ناخۆشیی خۆم لە خۆشی و ناخۆشیی خەڵکا دەبینم. لەم بارەیەوە لە شیعرێکمدا دەڵێم:

**دڵخۆشێکم دیبا دڵم لەو خۆشتر ئەبوو**
**لەگەڵ گریاوان گریانم بە جۆشتر ئەبوو**

شاعیری سەدەی دەیەمی فارسی گەنجوری ڕوودەکی دەڵێ:

**به روزی نیک کسان گفت غم مخور زینهار**

**بسـا کسـا که به روزی تـــو ارزومندست**

واتا هەرگیز خەم مەخۆ و چاوت لەڕۆژی کەس نەبێ

زۆرکەس بەو ئاواتەیە بگات بە ڕۆژی تۆ.

واتا ژیان چەند تاڵ بێ تاڵتر هەیە.

*** ڕۆڵی سەرەکیتان هەبووە لە دامەزراندنی بەشی خوێندنی باڵای زمان و ئەدەبی کوردی. سەرەتاکان چۆن بوو؟**

- لە ساڵی (١٩٨٢ ەوە تا ساڵی ١٩٩٨) سەرۆکایەتیی بەشی کوردیی زانکۆی بەغدادم پێ سپێررا. لە ساڵی ١٩٩٢ دا پلەی پرۆفیسۆریم دەسگیر کرد. یەکەم کورد بووم ئەم پلەیە لە زمانی کوردی و زمانەوانیدا وەرگرێ. یەکسەر دەستم کرد بە هەوڵدان بۆ دامەزراندنی بەشی خوێندنی باڵای (دکتۆرا و ماجستێر) لە زمان و ئەدەبی کوردیدا و توانیم دەسگیری کەم. لەبەر کەمی و نەبوونی مامۆستا لە بەشەکەدا توانیم ڕەزامەندی دەسگیرکەم تا مامۆستایان(نوری عەلی ئەمین و عەبدەلڕەزاق بیمار) بەشداری بکەن بە وانە وتنەوە و موناقەشەکردنی قوتابییانی خوێندنی باڵا. ئەمە دانانێکی فەرمی بوو بە پایە و پلەبەرزیی ئەکادیمیی ئەم دوو زانایەمان. خوێندنی باڵا لە بەشەکەدا بەردەوام بوو تا ساڵی ٢٠٠٥.لەو ماوەیەدا ژمارەیێکی زۆر دکتۆر و ماجستێری زمان و ئەدەبی کوردیمان دەرچوواند.

لە دوای ڕاپەڕین، کوردستان لە عیراق دابڕا. لە ساڵی (١٩٩٥/١٩٩٤) د. ئازاد نەقشبەندی کە ڕاگری کولێجی ئاداب بوو نامەیێکی بۆ ناردم داوای کرد یارمەتییان بدەم لە دامەزراندنی خوێندنی باڵا لە بەشی کوردی و ئینگلیزیدا.. چونکە ئەوسا هەر من پرۆفیسۆری زمانەوانی بووم. منیش سەرەڕای باری نالەبار و ترس و بێ ئامانی ئەوسا وتم (ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە ئاواتمان بوو.. چۆن دەڵێم نا؟).. هاتوچۆکردن زۆر زەحمەت و ترسناک بوو.. هاوکاری لەگەڵ زانکۆی سەلاحەددین و دام و دەزگا زانستیەکانی کوردستان قەدەغە بوو.. سەرەڕای ئەمە گوێم نەدایێ و هاتمە هەولێر و لەگەڵ پرۆفیسۆر د.

ئازاد نەقشبەندی بەشەکەمان دامەزراند و بەرنامەکانمان دانا و دەستم کرد بە دەرسدانەوە. زۆربەی دەرسەکانم دەوتەوە. هەر دوو حەفتە جارێ بە نهێنی دەهاتم. ئێوارەی چوارشەممان دوای ئەوەی دەوامی بەغدام تەواو دەبوو بەڕێ دەکەوتم شەو درەنگ دەگەیشتمە هەولێر.. پێنجشەممە، کە لە بەغداد ئۆفم هەبوو، دەرسەکانم دەوتەوە و هەینی دەگەڕامەوە. زۆر جاریش هەینییانیش بەیانییەکەی قوتابییەکانم دەبینی و ئێوارەکەی دەگەڕامەوە بەغداد. ئەوساکە ڕۆژانی شەممە پشوو نەبوو.

کە کۆڕسەکان تەواو بوون، هەر خۆم بووم بەسەرپەرشتی هەموویان لە هەردوو بەشەکەدا. هەمان شت بە گوێرەی زانکۆی سلێمانی، هەر دوو حەفتە جارێ دەچووم. واتا حەفتەیێ دەچوومە هەولێر حەفتەکەی تر بۆ سلێمانی.

***کێ بوون ئەو خوێندکارانەی یەکەم دەورەی دکتۆرا لە زانکۆی سەلاحەددین کە سەرپەرشتییت کردن؟**

- ئەوانەی بەشی کوردی ئەم بەڕێزانە بوون: د. تارا عبداللە سعید(بێخاڵ) - د. تالب حوسێن - د. فەرەیدوون عەبدوول - د. فەتتاح مامە - د. یوسف شەریف.

بەشی ئینگلیزی تەنها د. عبدالحمید یەعقووب بوو.

د. محمد نوری عارف سەرپەرشتیی د. یوسف شەریفی کرد چونکە بابەتەکەی بەراوردی بوو لەنێوان زمانی کوردی و فارسی. چوار لەوانە ئیستا گەیشتوونەتە پلەی پرۆفیسۆری و دوانیان کۆچی دواییان کردووە. خوا لێیان ببوورێ.

*** د. عبدالحمید یەعقووب لە قۆناغی ناوەندیدا مامۆستات بوو و پاشان تۆ بووی بە مامۆستا و سەرپەرشتی.. ڕێکەوتێکی سەیر و خۆشە..چۆن هەستت دەکرد.**

- بەڵێ ئەمەیان لە خۆشترین و سەیرترین ڕێکەوت و ڕووداوەکانی ژیانمن. لە مێژووی هەموو جیهاندا ڕێکەوتی وا ڕووی نەداوە و هەرگیز ڕوو نەداتەوە. یێکێکە لە سەرمایە هەرە بەنرخەکانی ژیانی ئەکادیمیم، تا ماوم شانازیی پێوە دەکەم.

له قۆنــاغی دووەمــی ناوەندیــدا بــووم، خوالێخۆشــبوو پرۆفیســۆر د. عبدالحمید یعقوب وانەی ئینگلیزیی پێ دەوتینەوە. من ئەو ساڵە لە وانەکەی کەوتم و ئیکمال بووم. ئەمە ناچاری کردم سێ مانگی هاوین بە خەستی تەرخانکەم بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوەی خولی دووەم. ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی لە زمانی ئینگلیزیدا باش ببم و خۆشمبوێ و لە هەموو قۆناغەکانی دواتردا بەسەرکەوتوویی تێیدا دەرچم.

لە ساڵی ١٩٨٠دا خوێندنم لە زانکۆی لەندەن تەواوکرد و گەڕامەوە لە زانکۆی بەغداد دامەزرێنرام. دوای ئەمە د. عبدالحمید چووە ئینگلتەرا، لە زانکۆی وێلز ماجستێری لە زمانی ئینگلیزیدا دەسگیرکرد. لە بەشی ئینگلیزیی کولێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین دامەزرا و بوو بە سەرۆکی بەشی ئینگلیزی.

لە ساڵی ١٩٩٤ کە د. ئازاد محمد امین نەقشبەندی ڕاگری کولێجی ئاداب بوو، بەشی خوێندنی باڵای بەشی ئینگلیزی و بەشی کوردی لە زانکۆی سەلاحەددیندا دامەزرێنرا و من یێکێ بووم لە دامەزرێنەرەکانی. د. عبدالحمید بوو بە تاکە قوتابیی یەکەم خولی بەشەکە. لە کۆرسەکانا زۆربەی وانەکانم پێ دەوتەوە و پاشان بووم بە سەرپەرشتی. ناونیشانی نامەکەی:

An applied contrastive study of English and Kurdish segmental system and structure

بوو. لە رۆژی ١٩٩٧/٨/٢١ دا موناقەشەی کرد و دکتۆراکەی بە پلەی نایاب وەرگرت. کە بریاری دەرچوونەکەی خوێنرایەوە، من وەک سەرپەرشت لە بەرگرییەکەیدا قسەی خۆم کرد و وتم:(بەختەوەرم و شانازی بەوەوە دەکەم بڕوانامەی دکتۆرا لە زمانی ئینگلیزیدا ببەخشم بەو مامۆستایەم کە منی لە زمانی ئینگلیزیدا خست).

دوای ئەمە هەموو تەرقییەکانی د. عبدالحمید تا پرۆفیسۆری بەهۆی منەوە بوو.

د. عبد الحمید پەروەدکارێک و مرۆڤێکی شارستان بوو، زانا و شارەزا بوو، هێمن و لەسەرەخۆ بوو. تا ماوم قەرزار و منەتباری ئەم مامۆستایەمم. هەزار ڕەحمەتی لێ بێ.

*** ئەی د. حەمەی مارف ئەوسا مامۆستا بوو لە کولێجی ئادابدا .. بۆ سەرپەرشتیی نەدەکرد؟**

- د.حەمەی مارف خوا لێی ببووریّ، ئەوسا هێشتا بڕوانامەی ماجستێری هەبوو بە پێی ڕێنماییەکان مافی سەرپەرشتیی دکتۆرای نەبوو. پاشان چووە دەرەوە و خوێندنی تەواو کرد. ئنجا دەستی بە سەرپەرشتیکردنی قوتابییانی دکتۆرا کرد.

*** گوتتان جارێکیان گەیشتمە سەر لێواری مردن.. بۆمان ناگێڕیتەوە چۆن بوو ئەمە؟**

- زیاتر لە جاریّ... بەڵام ئەو جارەیان بە موعجیزە قورتاربووم. یەکێکە لەو بیرەوەرییانەم کە پانتاییێکی زۆری لەمێشک و دەروونما داگیرکردووە. هەرچەن بیرم دەکەوێتەوە موچڕک بە لەشما دەگەڕیّ، دەریدەخا کە ئێمە لە سەردەمی سەدامدا لە چ دەردەسەری و نەهامەتییەکدا دەژیاین.

- تەمموزی ساڵی ١٩٩٧ بوو، لە بەردەم چایخانەی مچکۆ لە هەولیر چاوم بە د. کەمال غەمبار کەوت. کۆڵیّ ڕۆژنامەی لە بن هەنگڵدا بوو. دوای چاک و چۆنی و هەواڵ پرسین، وتی: ئیستا من لە (ڕۆژنامەی دەنگی میللەت) کار دەکەم کە بە کوردی و عەرەبی دەردەچیّ و دانەییێکی کوردی و یەکی عەرەبیی دامیّ. لێم وەرگرت و خستمە ناو جانتاکەم.

ڕۆژی دوایی بەرەو بەغداد کەوتمە ڕیّ. بیرم چووبوو ڕۆژنامەکان لە جانتاکە دەرهێنم. لە سەیتەرەی شێراوە لە کاتی پشکنینەوە رۆژنامەکان بەرچاو سەربازی پشکنەر کەوتن، مانشێتەکەی کە گەورە و بە ڕەنگی سوور نوسرابوو، زۆر توند بوو دژی سەددام. یەکسەر پێی وتم ناسنامەکەتم بدەریّ و بە شوفێرەکەی وت ئێوە برۆن.

ڕاستییەکەم وەک چۆن بوو بۆ گێڕایەوە، چۆن ئەم ڕۆژنامانە کەوتنە ناو جانتاکەم. زۆر بە تووڕەییەوە وتی قسە مەکە، کەل و پەلی خۆت بهێنە و لەگەڵمدا وەرە. منی بردە لای مەسئوولەکەیان و ڕۆژنامەکانی دایێ. مەسئوولەکە سەیرێکی کرد و لاپەڕەکانی هەڵدایەوە و وتی، بینێرن بۆ کەرکووک بۆ تسفیرات. زۆر هەولم لەگەڵیدا دا، وتم گەر من مەبەستێکم

هەبێ ئەم ڕۆژنامانە بەرم بۆ بەغدا وا بە ئاشکرا و بەرچاو نایانبەم..من مامۆستای زانکۆم لە بەغداد دەژیم، سەیری ناسنامەکەم بکە، دایکم زۆر نەخۆشە، لەسەرەمەرگدایە، داوای منی کردبوو بمبینێ، بۆیە هاتمە هەولێر. دوێنێ ئێوارە بە ڕێکەوت چاوم بە کۆنە برادەرێک کەوت وتی ئیستا لەم ڕۆژنامانەدا کار دەکەم و ئەم رۆژنامانەی دامێ، منیش بێ ئەوەی سەیریان بکەم خستمە ناو جانتاکەم و بیرم چوو دەریانهێنم و فڕێیاندەم. من زۆرم وت ئەو هیچی نەبیست. سەربازەکە منی بردە ژوورێکی بچووک و وتی چاوەڕێ بە تا دەتبەن بۆ کەرکووک لەوێ چارەی خۆت بکە.... ماوەییێکی زۆر لە قرچەی گەرمای تەممووزدا لەو ژوورەی وەک تەنووری داخراو وابوو مامەوە. مێشکم وەستا نەمدەتوانی بیر بکەمەوە، منالە بچکۆلەکانم بیرکەوتەوە، هەناسەییێکی ساردم هەڵکێشا، چاوەکانم فرمێسکیان تێزا و لە دڵی خۆما وتم بەستەزمان بەم منالییە بێ باوک و بێ کەس مانەوە.

لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەم دەکرد، چاوم بە نایب زابتێک کەوت نەختێ بە تەمەن دیاربوو، بە بەردەم ژوورەکەدا تێدەپەڕی، بانگم کرد، وتم بێ زەحمەت دەتوانم قسەیەکت لەگەڵدا بکەم. نزیکم کەوتەوە و بە عەرەبی وتی (فەرموو کاکە). چیم بەسەرهات بوو هەمووم بۆ گێڕایەوە و سوێندم بۆ خوارد کە چۆنی دەگێڕمەوە وایە. هەر ئەوەندەی وت: خوا ڕزگارت کا و ویستی بڕوا..(سێ سەد هەزار دیناری تەبع و گەلاییێکم پێبوو).. وتم لەسەر و سیماتەوە پێدەچی مرۆڤێکی خواپەرست و چاک و پیاوەتیت پێوە دیارە.. ئیستا من دەبەن نازانم بۆ کوێ و چیم بەسەردێ.. ئەو بڕە پارەیەم پێیە تازە بۆچیمە، دەیکەم بە دیاری بۆ تۆ، بیدە بە منالەکانت.. وتی سوپاست دەکەم با پێت بێ نەوەک لە کەرکووک پێویستت بێ.. منیش بڕێکی کەمم لێ گێڕایەوە و وتم ئەوەش بۆ بەڕێزت. نەختێ بێ دەنگ مایەوە و وتی: خوا کەریمە و ڕۆیشت. دوای ماوەیێ دەرکەوتەوە، ڕۆژنامەکانی لە دەست، بەرەو من هات و بە زەردەخەنەوە سەیری دەکردم، یەکسەر تێگەیشتم، هاتە لام و وتی (خلصتک من مصیبة كبيرة) واتا(تۆم لە کارەساتێکی گەورە ڕزگار کرد) و ناسنامەکە و ڕۆژنامەکانی دامێ و وتی هەر بە دەستی خۆت بیاندڕە. کە

دڕیمن پارەکەم هەڵگرت بیدەمێ وتی، لە شوێنی خۆی بەجێی بهێڵە و لەگەڵما وەرە. دوای کەوتـم تـا سـەری شـەقام و وتـی تـۆ بـڕۆ خـوا حـافیزت بێ و سوباسـی خـوا بکە و وریـابە بە هـیچ جـۆر باسـی نەکەیت. لە سـەر شـەقام وەسـتام، ئوتومبیلێـک بـۆم وەسـتا، تـا پـردێ لەگەڵیـا چـووم، لەوێـوە بـۆ کەرکووک و ئنجا بۆ بەغا.

دوای دوو حەفـتە گەڕامەوە هەولێـر یەکسـەر چـوومە لای د. کەمـال غەمبار و چیم بەسەرهات بۆم گێڕایەوە و وتم: خەریک بوو بە ئیعدام کردنم بدەیت.

لەو ساکەوە تـا ڕووخـانی سـەدام کە بەرەو بەغـا دەچووم دە جـار خـۆم دەپشـکنییەوە و هێشـتا دەترسـام. ئیسـتاش کە بە شـێراوەدا تێدەپەڕم دڵـم دەلەرزێ.

*** دەڵێن د. وریا زۆر بە ئاسانی بڕوانامە دەبەخشێ و تەرقیەتان بە هی وا کردووە کە شایانی پڕۆفیسۆری نین.**

- کە بەشـی خوێنـدنی بـاڵای دکتـۆرا و ماجسـتێری زمـان و ئەدەبـی کـوردیم لە بەغـداد لە سـاڵی ١٩٩٢ دا دامەزرانـد لە هەمـوو عیـراق و کوردستاندا سێچوار دکتۆری زمان و ئەدەبی کوردی هەبوون کە دەرچووی زانکۆکانی یێکیەتیی سۆڤیەت بوون. لە ڕووی ستافی پلەداریەوە زۆر هەژار بووین. ئەوسـا تەنهـا دوو بەشـی کوردی هەبوو (زانکۆی بەغداد و زانکۆی سـەلاحەددین). بەو تـوانینە سـەرەتاییە نەدەتـوانرا قوتابییەکـانی دکتـۆرا و ماجسـتێر بە مواسـەفاتی جیهـانی و تەنـانەت نـیمچە جیهـانیش دەرچـوێنین. ئیسـتاش بە داخەوە ئەم تـوانینە بەدی نـاکرێ... ئێمە لە قۆنـاغی خۆبنیاتنانـدا بووین. هەڵگری بڕوانامە و پلەداری زانستیمان نەبوو. پێویسـتیمان بە کـادری زانکۆیی بوو بۆ پەرەدان و فرەوانکردنـی بەشـە کوردییەکان و دامەزرانـدنی بەشـی کـوردی لە زانکـۆیە نوێکانمانـدا، بە تـایبەتی دوای ئـازادی. مـایەی دڵخۆشییە توانیمان ژمارەیێک دکتۆرای زمان و ئەدەبی کوردی بە هەچ حـاڵێ بێ و بە نیوەچلی دەرچووێنین کە بـوون بە نـاوک و بینـاغە بۆ دامەزرانـدنی بەشە کوردییەکان لە زانکۆیە نوێکانماندا و بەشێکیان بگەیێنینە پلەی یاریدەر

و پڕۆفیسۆری..ئیستا ئەوانەن کاروباری بواری ئەکادیمیی بەشە کوردییەکان بەڕێوەدەبەن و نەوەی ئەکادیمیی نوێ پێدەگەیێنن. زۆر مەبەستم بوو زوو ستافی ئەکادیمیی پلەدار بۆ زمان و ئەدەبی کوردی ئامادە بکەم. بەختەوەرم کە توانیم ئەم ئەرکە بەجێ بهێنم و فەیلەقی ئەکادیمیی زمان و ئەدەبی کوردی لە زانکۆدا دامەزرێنم. هەمان شت بە جۆرەی بەشی ئینگلیزیش. زۆربەی هەرە زۆری دکتۆر و پڕۆفیسۆرەکانی بەشە کوردی و ئینگلیزییەکانیش قوتابیی من بوون بە دەرسدانەوە و سەرپەرشتیکردن و موناقەشەوە. ئەگەر قوتابیشم نەبووبن قوتابیی قوتابیمن و هەموو لەژێر دەستی من پلە زانستییەکانیان وەرگرتووە. خۆشبەختانە ئیستا نەوەی ئەکادیمیی سێیەم و چوارەمیشم بۆ پەیا بووە. گەر وام نەکردایە ئیستا بێ کادیری زانستیی پلەدار دەماینەوە و ئەم سامانی ئەکادیمیی ئیستامان بۆ بنیات نەدەنرا.

*** ڕات بەرامبەر بە ئاستی زانستیی ئەوانە؟**

– کە دەسمان پێ کرد ئەوسا (دوکانی بەکر و دوو قالب سابوون) بوو. هیچ شتێکیش (لە پڕێ نابێتە کوڕێ). بۆیە زۆر ئاساییە پلەی زانستیی دەرچووەکان لە سەرەتادا لە ئاستی ئەو بڕوانامەیەدا نەبووبێ کە وەریانگرتووە. لەگەڵ ڕیزم بۆ هەندێکیان، زۆربەی زۆری نامەکان لاسایی و ئەرشیفین و پێداچوونەوەن و دەچنە ڕیزی ئامادەکردنەوەوە. زۆربەی زۆریان هیچ گیروگرفتێکی زمانی کوردی و هیچ یاسایێکی پێشتر باس نەکراو ناخەنە ڕوو و هیچ کێشەیێکی زمانەوانیی کوردیی چارەسەرناکەن. گیروگرفت و گریمانە لە نامەکاندا بەدی ناکرێت، کە مەرجی سەرەکییە لە نامەی ماجستێر و دکتۆرادا. بەڵام گەشبینم کە بەرەو باشی دەڕوات. هەموو بوارێک بە سادەیی و ساکاری دەسپێدەکات بەرەبەرە پەرە دەسەنێ. خۆشبەختانە ئیستا کۆمەڵێک ئەکادیمیمان پێ گەیشتوون لە زمان و ئەدەبدا کە مایەی شانازین و بەرهەمەکانیان ڕۆڵ دەگێڕن لە مێژووی ڕۆشنبیری و ئەدەبیمان.

*** گەر داواتـان لـێ بـکەم نـاوی یێکـێ لەوانە بهێنیت کە نامەکەیـان لە ئاستێکی زانستیی بەرزدایە.**

- زۆرن ئەوانەی کە گەیشتوونەتە پایە و پلەی بەرزی زانستی هەموو جێی شانازین. داوای ناوێکم لێ دەکەیت بەم دەمە(عەزیز گەردی)م هاتە بیر. کارەکانی هەموو ڕەسەنن و شتی تازەی دەسخستووە و ئەنجامی خۆیەتی و ئامادەکردن لە نامەکانیدا بەدی ناکرێت. زۆر گیروگرفت و لایەنی شاراوە و دژواری کێشی شیعری کلاسیکیی کوردیی چارەسەر کردووە و ڕوونی کردۆتەوە.. من بە(فەراهیدی) ی شیعری کلاسیکیی کوردیی دادەنێم.

بابێمەوە سەر باسەکەمان... ڕاستە لەسەرەتادا هەندێک نەرمیم دەنواند لەبەر ئەو هۆیانەی باسم کردن، ئەویش تا ڕادەیێک بوو کە کاری نەرێنی لە ئاستی زانستی نەکات. زۆر جار تەرقییەم نەڕواندووە لەبەر لاوازیی باسەکان. لەوانە هەبووە زانیویەتی بۆ من هاتووە. هاتووە بەوپەڕی ڕێزەوە گلەییی لێ کردووم. منیش بۆم ڕوونکردۆتەوە و قەناعەتم پێ هێناوە بۆ کارەکەی نەڕۆیشت. هەشە زۆر نا پەروەردەییانە بە جوێنی بازاڕی بەرەنگارم بووە و هەڕشەی لێ کردووم. یەک لەوانە باس دەکەم چونکە لەبەردەم مامۆستایانی ئەو بەشە کوردییە ڕووی دا و خەڵکەکە پێی دەزانێ:

تەرقییەی مامۆستاییێکم بۆ هات.، باسەکانی یەکجار لاواز بوون، هی ئەوە نەبوون ئەو پلەیەی پێ وەرگرێ کە بۆی پێشکەش کردبوو، لام نەڕۆیشت. زانیبووی بۆ من هاتووە، ڕۆژێ هات لەبەردەم قوتابییان و مامۆستایانی بەشە کوردییەکە هەزار جوێنی ناشیرینی بازاڕیی پێدام کە نەک لە مامۆستاییێکی زانکۆ بەڵکو لە هیچ ڕۆشنبیرێک ناوەشێتەوە. بەم هەڵسوکەوتە نەشیاوەی ڕەوشت و حەرەمی زانکۆیی پێشێل کرد. بووە مایەی سەرسوڕمانی هەموو ئەوانەی لەوێ بوون و بیستییان، منیش هەر بە پێکەنینەوە پێشوازیم دەکرد و دڵم دەدایەوە. دوایێ بۆم دەرکەوت کە پێش من باسەکانی بۆ سێ مامۆستای تر نێرراوە ئەوانیش نەیانڕواندبوو. وا دیارە هەر بەمن وێرا. گەر ئەم ڕووداوە لەبەردەم هاوڕێیانی تر ڕووی نەدابا و نەزانرابا و ڕاگرایەتیی کولێجەکە پێی نەزانیبا هەرگیز باسم نەدەکرد.

لەگەڵ ئەمەشدا هەرگیز لێی نەتۆرام و نیگەران نەبووم و هەر هاوڕێیانە و خۆشەویستانە پێشوازیم دەکرد و دەیکەم وەک هەرگیز هیچ شتێکی نەشیاو ڕووی نەدابێ.

*** ئەمەم زۆرجار بیستووە..ئەی لەگەڵ قوتابییانی خوێندنی باڵا دووچاری هیچ گیروگرفتێک نەبوویت؟**

ـ بە گوێرەی قوتابییانی خوێندنی باڵا و بەڕێوەبردن و دەرسدانەوە و سەرپەرشتی کردنیش، چەند جارێ تووشی هەندێ کێشەی لابەلا بووم. قوتابیی وا هەبووە لەسەر کەمتەرخەمی و ڕیزنەگرتنی ڕێنومایییەکان ئامۆژگاریم کردووە داوام لێ کردووە ڕیزی بەرنامەی خوێندن و ڕێنومایییەکان بگرێ و وەک قوتابییێک هەڵسوکەوت بکات و بە قسەی مامۆستای سەرپەرشتی بکات و پەڵە نەکات و خۆی پێش مامۆستاکەی نەخات. لەسەر ئەمە لێم زویر بووە و تەنانەت هەوڵی داوە کێشە و گیروگرفتم بۆ دروست کات، بەڵام من هەمیشە هەڵسوکەوتم لەگەڵ ئەم جۆرە قوتابییانە برایانە و پەروەردییانە و خۆشەویستانە بووە و هەروا دەمینێ.

*** وتتان تووشی هەندێ گیروگفت بووی لەگەڵ چەند قوتابییێک. سروشتی ئەم گیروگرفتە چۆن بوو؟**

– وەک وتم چەند حاڵەتم هاتۆتە پێش کە زۆر ئاساییە ڕووبدەن لە کۆمەڵێکی دواکەوتووی وەک ئێمە. خوێندکار هەبووە لەبەر زێدەبڕوایان بەخۆوە، خۆیان لە ژوور مامۆستای سەرپەرشت و ڕێنمایییەکان دەبینی و زۆر پەڵەیان دەکرد. یێکێ لەوانە دەگێڕمەوە:

بووم بە سەرپەرشتی خوێندکارێکی دکتۆرا. یەکەم جار کە دانیشتین بۆ دەسکردن بە پلاندانان و کارکردن، داوام لێ کرد یەکەم شت بیکات ئامادەکردنی پرۆپۆزەڵی نامەکەییتی کە دەبێ گیروگرفت و گریمانەی لێکۆڵینەوەکەی تێدا بخاتەڕوو. بۆم ڕوونکردەوە چۆن ئامادەی بکات. دوای ماوەیێ هات ٥٢ لاپەڕەی بۆ هێنام، لەگەڵیدا پێنووسێکی ڕەساس و

مساحەیێکی دامێ و وتی (مامۆستا هەر لە شوێنی خۆی بۆم ڕاست کەرەوە).
وتم :

ئەمانە لابە من هەڵەچنی ڕێنووسی نامەکەت نیم،(ئەو یەکسەر هەڵچوو). ئەمە ئەوە نییە کە من داوام لێ کردی. با سەیرێکی بکەم بزانم چیت کردووە، چیت نەکردووە، کە شتێ ئامادە دەکەیت ئەبێ پێکەوە بۆی دانیشین و لە بێژینگی بدەین و بە پێی مەنهەجییەت بیخەینە قالبی نامەنووسین و موناقەشەی لەسەر بکەین. لەوانەیە بەشی وای تێدا دەبێ لابرێ یا شتی تری بخرێتە سەر. یا پاش و پێش دەخرێ. یا پێویستی بە دووبارە نووسینەوە دەبێ. یا هەمووی پشتگوێ دەخرێ. .. هتد.

ئەوەی کردبووی پێداچوونەوەیێک بوو بە هەموو کارە ڕێزمانییەکانی زمانی کوردی. دەسخۆشیم لێکرد و وتم کارێکی چاکت کردووە ئەو هەموو سەرچاوانەت دیوە و وا بە وردی خوێندووتنەوە و تێبینیت لەبارەیانەوە تۆمار کردووە، ئیستا دەزانیت چی لەبارەی ڕێزمانی کوردی کراوە و چی نەکراوە و گیروگرفت و کەموکورییەکان چین. ئەرکی تۆ ئەوەیە یێکێ لەو چی نەکراوانە هەڵبژێریت و بەو شێوەیەی تێمگەیاندی بیکەیت بە گیروگرفتی لێکۆڵینەوەکەت و گریمانەی بۆ ئامادە بکەیت ئنجا بە پێی گیروگرفت و گریمانەکەت پلانی نامەکەت دادەڕێژین و بە پێی ڕێبازێکی زمانەوانی شیی دەکەیتەوە و چارەسەری گیروگرفتەکەت دەکەیت. وتی ئەی ئەوەی نووسیومە؟ وتم ئەم کارە ئەرشیفییانە بەمجۆرە ناچنە ناو لێکۆڵینەوەی زانستی.. تۆ ئەرکێکی سەختت لەسەر شانە و ماوەی دووسێ ساڵت لەبەر دەمدایە بۆ تەواوکردنی. تۆهەمووی مانگێکە دەستت پێ کردووە. دەتەوێ بە مانگێ دکتۆرا تەواو کەیت؟ وتی: مامۆستا ئەی من چی بنووسم؟ وتم: ئەوە دەنووسی کە کاری لەسەر دەکەیت. نامەی دکتۆرا ئامادە کردن و کۆکردنەوە نییە، شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە و گەیشتنە ئەنجامی نوێیە کە پێشتر باس نەکرابێ. مەرجی سەرەکی لە ئامادەکردنی نامەی دکتۆرا دەبێ کارەکە (ڕەسەن) بێ واتا ئەنجامەکانی پێشتر نەزانرابێ، پەڵەت نەبێ شت یەکجار زۆرە بۆ نووسین. جارێ وەک داوام لێکردی پڕۆپۆزەڵەکەم بۆ ئامادە

بکە. بەم قسانەم زۆر نیگەران بوو  و وتی مامۆستا تۆ ناتەوێ من تەواوی بکەم. کەلوپەلەکانی هەڵگرت و بە دڵشکاوییەوە دەرچوو. و لای ئەم و ئەو دەیووت (د. وریا تەگەرەم دەخاتە بەردەم و ناهێڵی تەواوی کەم).

ئەوەی مایەی سەرسوڕمان بوو لام، ئەم قوتابییە پێشتر ماجستێری تەواو کردبوو. ماجستێر قۆناغی فێربوونی پێڕەوی نووسینی نامە و باسی ئەکادیمییە. نەیدەزانی پرۆپۆزەڵ و گریمانە چین. وا دەرکەوت سەرپەرشتەکەی لە ماجستێردا هیچی لەم بارەیەوە فێرنەکردبوو.

خوێندکارێکی تر، دوای پلاندانان بە شەش حەوت مانگێ دەرکەوتەوە،(١٣٨٠) لاپەڕەی چاپکراوی بە فۆنتێکی وردی بۆ هێنام کە ئەگەر فۆنتەکە بخرایە سەر پیوانی ئاسایی لەوانەیە دەبوو بە (٣٠٠٠) لاپەڕە. وەک کورد دەڵێ (بە ناو وەرکەوتبوو). ئەوەی نووسیبووی بەشی دە کتێبی دەکرد. دوور لە ڕێنماییەکانی ئامادەکردنی نامەی دکتۆرا و ئەو پلانەی بۆم دانابوو. داوام لێکرد کارەکەی بە پێی پلانەکە بێنێتە ئەنجام، فایدەی نەبوو، هەرگیز بە قسەی نەدەکردم. سەیر لەوەدا بوو، سەرچاوەی پەیوەنیدارم دەدایێ بیانخوێنێتەوە پشت گوێی دەخست. کە لێم دەپرسی بۆ ئەو سەرچاوانەی دامیتێ نەتبینیون. دەیگوت کاتم نییە.

کاتەکەی هاتە سەر تەواوبوون، گەیشتە ئەوەی دەبوو نامەکە پێشکەش بکات. منیش بەمەرجێ بۆم حەواڵە کرد کە خۆی بەرپرسە. ئەمەم بۆ ڕاگرایەتی و لە کاتی گڤتوگۆکردندا ڕوونکمردەوە. وابوو لیژنەی گفتوگۆکە پێیان هێنایە سەر ٢٣٠ لاپەڕە.

ئەم جۆرە خوێندکارە خۆبەشتزانانە خۆیان لە ژوور مامۆستای سەرپەرشت و ڕێنماییەکان دەبینن.

خوێندکارێکی تر، ئەمەیان نەختێ سەیر بوو. سەرۆک بەش بووم، سەرپەرشتی یێکێ لە خوێنکارەکان نووسراوێکی ئاڕاستە کردم تیایدا دەڵێ (ئەو قوتابییە (؟) وەتی دراوەتە من بۆ سەرپەرشتی کردنی، ئەوە بوو بە شەش مانگ دیار نییە. ئیتر من سەرپەرشتیی ناکەم). منیش لە ڕێی خوێندکارێکەوە (ڕەحمان ئیسماعیل) خەبەرم بۆ نارد بۆ هەولێر بە زووترین

کات بێ بۆ بەش ئەگینا تەرقین قەید دەکرێ. هات و لە جیاتی ئەوەی هۆی دواکەوتنەکییم بۆ ڕوون کاتەوە  لێم تووڕە بوو و پەنجەی بۆ ڕاوەشاندم و وتی (هێز نییە بتوانێ من تەرقین قەید بکات). بە پێکەنینەوە وتم : زۆر ڕاست دەکەی تۆ وەک قوتابییەکی دکتۆرا ئەمە بێ هەڵسوکەوتت، هێز نییە بوێرێ تەرقین قەیدت بکات. ئەمەشم نەدەگێڕایەوە گەر لەبەردەم کۆمەڵێ مامۆستاو قوتابییانی بەشەکە ڕووی نەدابا.

*** دەتوانی ناوی ئەم قوتابییانە ئاشکرا کەیت؟**

- داوای لێبووردن دەکەم، نەخێر، ئێستا خۆشبەختانە هەموو بە ناو لە پلەی بەرزی ئەکادیمدا دان. خۆیان پێگەیاندووە و توانینی زانستییان لە ئاستێکی شیاودا دایە. پەیوەندیی برایانە و خۆشەویستانەمان بەردەوامە و شانازییان پێوە دەکەم. هەندێ جار کە یێکتر دەبینین بۆ پێکەنین ئەم یادگارییانە دەگێڕینەوە. پاشان هەر خۆشم تەرقییەم پێ کردن و گەیاندمنە پلە بەرزەکانیان.

*** ڕۆڵی تۆفیق وەهبی لە بواری زمانەوانیدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

- تۆفیق وەهبی نووسەر و زمانەوانێکی بێ هاوتای سەردەمی خۆی بوو. دەسپێک و پێشەنگی ڕێزمان و زمانەوانیی کوردییە. لەساڵی ١٩٢٥وە تا دواماڵئاواییی لە ساڵی ١٩٨٤دا، کە دەکاتە نیو سەدە، بێ وەستان بەردەوام بووە لە پێشکەشکردنی بەرهەمی زمانەوانیی کوردی لە بواری (ڕێنووس، ڕێزمان، ئەتیمۆلۆجی، فەرهەنگسازی، نژادی زمانی کوردی و مێژوو) بوون، بە پێڕەوی زانستیی ئەنجام دراون. زۆر لایەنی شاراوەی مێژووی زمانی کوردی و نژادی ناوی شارە کۆنەکانی کوردستانی لێکداوەتەوە و دەسنیشانی کردوون.  گرنگترین بەرهەمی تۆفیق وەهبی فەرهەنگە (کوردی ئینگلیزی) یەکەیێتی کە لەگەڵ ئەدمۆنس دا ئامادەیان کردووە، لە ساڵی ١٩٦٦ لە لەندەن چاپکراوە، زیاتر لە (٢٠٠٠٠) بیست هەزار وشەی گرتۆتە خۆ. لە فەرهەنگە سەرکەوتووەکانە. هەموومان قەرزاری ئەم کەڵە نووسەرەین.

***ڕاتـــان لە بـــارەی بەرهەمە زمانەوانییەکـــانی مامۆســـتا مەســـعوود محەممەد؟**

- ماوەییێکی زۆر لە گەڵ مامۆستا مەسعوود محەممەددا هاوکار بووین. لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، لە لیژنە زمانەوانییەکانی کۆڕی زانیاریی عیراقدا هاو ئەندام بووین و پێکەوە کارمان کردووە. مامۆستا مەسعوود محمد زانایێکی گەورەیە..شێوازێکی پتەوی لە نووسیندا هەیە. مەنگی و قووڵی و هێزێکی لەڕادەبەدەر لە دەربڕینە کوردی و عەرەبییەکانیدا بەدی دەکرێت، کە تەنانەت بۆتە مایەی سەرسوڕمانی نووسەر و ڕۆشنبیرە عەرەبەکانیش، پشـــوویێکی درێـــژی هەیە. هەرگیـــز نـــاوی ســـەرچاوەکانی نابـــات لە نووسینەکانیدا..

لە ڕووی باسە زمانەوانەکانیدا، زیاتر بایەخ بە لایەنی فۆنەتیکی و نژادی وشە و زاراوەسازی دەدات. بۆچوونە زمانەوانییەکانی ورد وڕەسەنن بە تایبەتی لە لێکدانەوەی داڕشتن و واتای وشە و زاراوەکاندا.

*** ڕاتان لەبارەی بەرهەمەکانی د. ئاوڕەحمانی حاجی مارف؟**

- د. ئاوڕەحمانی حاجی مارف هەزار ڕەحمەتی لێ بێ، خوێندنی لە یەکیەتیی سۆڤیەت تەواو کردبوو.. ناونیشانی نامەکەی (مێژووی فەرهەنگنووسیی کوردی) بوو. کە ئەوسا ژمارەی فەرهەنگەکانی کوردیی لە پەنجەکـــانی دەســـت کەمتـــر بـــوون. کـــارێکی مێژوویـــی ئەرشـــیفی و پێداچوونەوەیێکی ڕەخنەیی بوو بەو فەرهەنگە کوردییانەی کە تا ئەوسا دانرابوون. ئەوەی مایەی سەرنجە سەرەڕای ئەوەی فرەنووس بوو، بە سەدان وتار و کتێب و باسی لە بارەی زمان و ڕێزمانی کوردییەوە بڵاوکردۆتەوە، کەچی نامەکەی خۆی بڵاو نەکردەوە و هەرگیز لە هیچ نووسین و وتارێکیدا باسی ناکات و ناوی ناهێنێ و نایناسێنێ و نایانکات بە سەرچاوە بۆ هیچ یەکێ لە باسەکانی.

لە ســـاڵی ١٩٧٢ گەڕایەوە وڵات و دەســـتی کـــرد بە نووســـین و بڵاوکردنەوەی کتێب و وتار و لێکۆڵینەوە. نووسەرێکی بە پیت بوو بەڵام زۆربەی وزەی خۆی بۆ ڕەخنەگرتن تەرخان کردبوو، خۆی زیاتر خەریک

کرد بە کێشەی لابەلا، بە سەدان لاپەڕە ڕەخنەی نەرێنیی لە بارەی زۆربەی نووسەر و زمانەوانەکان بڵاوکردەوە. بەداخەوە جەختی لەسەر فەرهەنگسازی و زمانەوانی نەکرد و پەرەی بەخۆوە نەدا. بەرهەمە زمانەوانیەکانی لەبارەی ڕێنووس و دەنگسازی و دارشتنی وشە بوون لەسەر پێڕەوێکی تەقلیدی کۆن بوون. هەرگیز خۆی لە ڕستەسازی نەدا و دەیگوت (هێشتا ماومانە بۆ ڕستەسازی). زمانی دەربڕینی بە کوردییەکی پاک و ڕەسەن بوو.

وەک پسپۆڕێک لە فەرهەنگسازیدا چاوەڕێی ئەوەی لێ دەکرا بنەماییێکی زانستی بۆ دانانی فەرهەنگی نەتەوەیی کوردی دارێژێ و کلیلی فەرهەنگی کوردی بسازێنێ. بەداخەوە هیچیان نەهاتنە دی. بەم دواییە فەرهەنگێکی بە ناوی (میدیا) وە بڵاوکردەوە تەنها پیتی ئەلفی گرتۆتەخۆ. لەڕووی زانستی و هونەرییەوە هیچ جیاوازییەکی نییە لەو فەرهەنگانەی ڕەخنەی لێ دەگرتن. هەر فەرهەنگێکیش پیت بە پیت دەرچێ سوودێکی ئەوتۆ ناگەیێنێ. لە (د. ئازاد ئەحمەد مەحموود)م بیست، کە کتێبخانە و دەسنووسەکانی د. ئاورەحمانی لە بەغدادەوە گوازتەوە ئەکادیمیای کوردی، وتی هیچ دەسنووسێکی پیتەکانی تر لە کەلوپەلەکانیدا نییە. واتا هەر یەک پیتی ئامادە کردبوو.

شایانی باسە هەموو تەرقییەکانی د. ئاورەحمان تا پرۆفیسۆری لە ڕێی منەوە بوون.

*** هەڵسەنگانتان بۆ کارە زمانەوانییەکانی د. محەممەد مەعرووف فەتاح؟**

- د. حەمەی مارف خوا لێی ببوورێ، هەر لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە هاورێ بووین. پەیوەندیی برایەتیمان تا کۆچی دوایی بەردەوام بوو. ساڵەها پێکەوە لە زانکۆی سەلاحەددین و سلێمانی و ئەکادیمییای کوردیدا کارمان کرد. مامۆستاییێکی زمانەوانیی چاک بوو. ئاگاداری بنەما گشتییە زمانەوانیەکان بوو. داوای لەو قوتابییانەی سەرپەرشتیی دەکردن دەکرد، بە پێی ڕێبازی (جی بی)، کە ڕێبازێکی ڕستەسازییە، نامەکانیان پێشکەش بکەن. بەڵام خۆی هیچی لەم بارەیەوە

پێشـکەش نەکـرد و نەنووسـی. یەکەم وتـاری لە سـاڵی ١٩٨٠دا لە گۆڤـاری کـۆڕی زانیـاریی عیـراق – دەسـتەی کـورد بە ناونیشـانی(خۆیەتی لە زاری سـلێمانیدا) بڵاوکـردۆتەوە. بەرهەمـی هەمـوو ژیـانی ئەکـادیمیی لە ٢٠ بـاس تێناپەڕێ.. واتا بەرێژەی هەردوو ساڵ باسێک.

(جـــی بـــی) ڕێبـــازێکی ڕستەســـازییە. د. حەمەی مـــارف لە بـــواری ڕستەســـازیدا تەنهـــا دوو باســـی بڵاوکـــردۆتەوە.. یێکێکیـــان بەنـــاوی (ڕستەسـازی)یە، کە بە ڕێبـازێکی تەقلیـدیی کـۆن پێشـکەش کـراوە و هـی (ئەرنسـت مەکاریۆس)ـە، وەریگێـڕاوەتە سـەر زمـانی کـوردی. دووەمیـان بە ناونیشـانی (بـاس لە جۆرێـک لە ڕسـتەی کوردیـدا) کە بە پێڕەوێکـی وەسـفی گشـتی پێشکەش کـراوە. باسـەکانی تـری لەبـارەی فۆنەتیـک و مۆرفۆلۆجیـا و ئیدیەم و زمـانی نەتەوایەتـی و پراگمـاتیکن. هەمـوو کـارە زمانەوانییەکـانی ١٧ باسـن لە کتێبێکـدا بە نـاوی (لێکـۆڵینەوە زمانەوانییەکـان) لە سـاڵی ٢٠١٠ لە لایەن دەزگـای تـوێژینەوە و بڵاوکـردنەوەی موکریـانی بـڵاو کـراونەتەوە. کارەکانی بە پێڕەوێکی وەسفیی گشتی پێشکەش دەکات. خۆشی لە هیچ یێکێ لەو لێکۆڵینەوەکانیـدا نـاوی هـیچ ڕێبـازێ نـاهێنێ. شـایانی باسـە کە هەمـوو تەرقییەکانی تا پرۆفیسۆریش هەمووی بە هۆی منەوە بوو.

*** بەرهەمە زمانەوانییەکانی د. شێرکۆ بابان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

– د. شـــێرکۆ بابـــان هەســـتێکی زمـــانەوانیی یەکجـــار ناســـکی هەیە. نووســـینەکانی بە شـــێوەییێکی گشـــتی دووبـــارە پێشکەشـــکردنەوە و ساغکردنەوەی ئەو یاساو باسانەن کە پێشـتر بـڵاو بوونەتەوە. وردەکاری لە هەنـدێ لە کارەکانیـدا بە دی دەکرێـت. لە ڕووی سـەرچاوە بەکارهێنـانەوە ئاماژە بەو سـەرچاوانە ناکات کە لێیان وەردەگرێت بەڵکو ئاماژە بە هەندێ سـەرچاوە دەکـات کە پەیوەنـدییەکی ئەوتۆیـان بە باسـەکەوە نییە. هەنـدێ جـاریش ئامـاژە بەو سـەرچاوانە دەکـات کە لێیـان وەردەگرێـت و دەڵـێ بە شـێوەییێکی ناڕاسـتەوخۆ سـوودی لـێ وەرگرتـوون، کە لە هـیچ پێڕەوێـک و ڕێبازێکدا ئاماژەکردنی وا بە سەرچاوەوە نییە و نەبیستراوە. سەرباری ئەمە جاری وا هەیە سەرچاوەی هەندێ زمانەوانان دەخاتە پاڵ هیتر.

د. شێرکۆ لەدەرەوەی ڕەوتی زمانەوانیی گشتی کار دەکات. خۆشی دەڵێ (من جیاوازم، ڕێباز و پێڕەوی تایبەتیی خۆم هەیە). شێواندنی لایەنی مێژوویی لە نووسینەکانیدا بە دی دەکرێت. کارەکانی زیاتر دەچنە ڕیزی Fiction Linguistics زمانەوانیی ئەندیشەییەوە.

*** د. شێرکۆ وای دەخاتە ڕوو کە تیۆرێکی فۆنۆلۆجیی بە ناوی زەبری بزوێن لە دەنگسازیی زمانەکاندا داهێناوە.. ئێوە چی دەڵێن لەم بارەیەوە؟**

– لەگەڵ ڕێزم بۆ د.شێرکۆ، ئەم بۆچوونە نەختێ پەڵەیی پێوە دیارە. شتەکان بەم ئاسانییە نین. دوای بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی سۆسێر (کۆرسێ لە بارەی زمانەوانییەوە) لە ساڵی ١٩١٦، تیۆرییە زمانەوانییەکان دەسیانکرد بە سەرهەڵدان. ئەوەی پەیوەندیی بە فۆنۆلۆجییەوە هەبێ، لەوساکەوە تا ئیستا کە دەکاتە سەدەییکی ڕەبەق(٤٦) تیۆریی فۆنۆلۆجی دەرکەوتووە.(زۆربەیان لە ئەمەریکا و سێ چواریکیان لە وڵاتە ئەوڕوپییەکاندا بووە)، هەر یەکە لەسەر زەمینەی تیۆرییەکانی پێش خۆی بنیات نراوە (وەک هەر بوارێکی تری زانست)، واتا دانەری هەر تیۆرییەکی نوێ دەبێ ئاگاداری هەموو ئەوانەی پێشخۆی بووبێ. گومانم هەیە کەسێکمان ئەو ئاگادارییەی هەبێ. ئەوەی د. شێرکۆ باسی دەکات لە تیۆریی Prosodic Phonoloy و Vowel Harmony و Stratificational و هیتردا هاتووە و بە زمانی کوردیش زۆری لەبارەوە وتراوە.

د.شێرکۆ دەڵێ (زەبری بزوێن لە دەنگسازیی زمانەکاندا) واتا تیۆرییکەی گشتییە (یونیڤێرسال)ـە، نازانین لەسەر چەن زمان ئەمەی تاقیکردۆتەوە تا گەیشتۆتە ئەم ئەنجامە و ئەم بڕیارە گرنگە بدات. ئەمە لە لاییک، لەلاییکی ترەوە لە مێژووی هەموو زانست و زمانەوانیدا کەس ناتوانێ بڵێ و نەیگووتووە من تیۆریم داناوە. ئەبێ بوار و دەزگا زانستییەکانی زمانەوانیی جیهانی ئەم بڕیارە بدەن.

*** چۆن بە شێوەیێکی گشتی ئەم زمانەوانانە هەڵیاندەسەنگێنیت؟**

ـ هەموو ئەوانەی پرسیارتان لە بارەیانەوە کرد. هەریەکە بە جۆرێ و بە

پێی زەمینە و بۆچوونی خۆی لە زمانی کوردیی کۆڵیوەتەوە و خزمەتی دڵسۆزی زمانەکەی کردووە. جێ پەنجەی خۆی هەیە لە کاروانی زمانەوانیی کوردیدا و هەر یەکە تەواوکەری ئەوانی ترە و هیچ کەسێکیش نابێ (بە تەنها هەر ئەو بێ). مێژووش ڕەحم بەکەس ناکات.

کارەساتی کوشندەی ئێمە لەوەدایە هەندێکمان لە خۆی زیاتر کەسیتر نابینێت.

*** گەر داواتان لێ بکەم ناوی زمانەوانێکی کوردی کۆن بهێنیت کە بەلاتانەوە ڕۆڵی هەبووە لە ڕێزمان نووسینی کوردی.کێ هەڵدەبژێریت.**

- خوالێخۆشبوو (نوری عەلی ئەمین)، من بە پێشەنگی ڕێزماننووسی کوردیی دەزانم.

*** چۆن کارە زمانەوانییەکانی خۆتان هەڵدەسەنگێنن؟**

- کەس مافی هەڵسەنگاندنی کارەکانی خۆیی نییە. ئەوەی کارەکانی خۆی هەڵسەنگێنێ متمانەی زانستیی خۆی دەدۆڕێنێ. لەمەدا بوار و مێژوو بەرپرسن و ئەمان بریار دەدەن. دەڵێن (کەس بە دۆی خۆی ناڵێ ترشە) بەڵام من بە دۆی خۆم دەڵێم زۆر ترشە چونکە دەزانم زانست گەیشتۆتە کوێ و ئێمە لە کوێین.

*** پێشتر ئەوەتان درکاند کە د. نەوزاد لە شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە جموجۆڵی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی هەبووە.. چەند کۆمەڵە شیعرێکی بڵاوکردۆتەوە .. چۆنی هەڵدەسەنگێنیت؟**

- د. نەوزاد هاوڕێیەکی دێرینمە وەک پێشتر وتم لە شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە یێکێ بوو لەو ئەدەبدۆستانە کە خولیای خوێندنەوە و نووسینی کوردی بوو.. خۆشی لە شیعرێکیدا بە بۆنەی مردنی (سامی شۆڕش) ـەوە باسی ئەو ڕۆژانەی خۆی دەکات و دەڵێ:

**سامی .. ئەی شۆڕش**
**بحەسێوە... بحەسێوە ... بحەسێوە**
**لە سکونی موتلەقدا**
**لە یادمە ١٩٦٥**

**لە گازینۆی سیروان لە بن قەڵا**
**گەنجان... دۆمینە و تاوڵە**
**ئێمەش کوردایەتی ئازارمان بوو**
**مڵاکی چای ناو پیاڵە**
**ئاوازی ئەی ڕەقیبمان بوو**
**کوردستان لە هەولێرەوە پێڕەومان بوو**
**هەر ئەڕۆین .. ئەڕۆین .. ئەڕۆین**
**ڕێگامان مەرگمانە**
**درووستکردنی ئاوەدانیی کوردستانمانە**

وا بوو لە کولێژی بزیشکیی زانکۆی مووسڵدا وەرگیرا و لە ساڵی ١٩٧٤ بوو بە بزیشک. بەمە لە بوار دابڕا بەڵام وازی لێ نەهێنا. پەیوەندی و عیشقی بۆ ڕۆشنبیری و وشەی کوردی بەردەوام بوو. لە ساڵی ١٩٨٧ خوێندنی باڵای لە زانکۆی بەغداد تەواوکرد و بوو بە پسپۆر لە نەشتەرگەریی دڵدا.

د. نەوزاد توانینە ئابوورییەکەی خۆی بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵ تەرخان کردووە و چەند دەزگاییێکی خزمەتگوزاری دامەزراندووە. دیارترینی ئەمانە زانکۆی جیهانە لە شاری هەولێر، پاشان لە سلێمانی و دهۆکدا ئیستاش وەک بزانم هەوڵدەدا لە شاری کەرکووکیش دایمەزرێنێ. جگە لەمە دەیان دەزگای گەورە بەڕێوە دەبات. سەرەڕای ئەم هەموو بێ کاتی و سەرقاڵییەی موچڕکی ڕۆشنبیری بەری نەداوە. کتێبخانەییێکی گەورەی کتێبە کوردییەکانی پێکهێناوە کە بە سەدان بەڵگەنامە و دەسنووسی بە نرخ و دەگمەنی تێدایە. مۆزەخانەی ماڵی فۆلکلۆری کوردەواری و سەنتەری ڕۆشنبیری و دەزگای بڵاوکردنەوە و سەنتەری بەڵگەنامەکانی مێژووی کوردی دامەزراندووە.. ئیزگە و کەناڵی تەلەفزیۆنی کوردیی تایبەتیی خۆی هەیە. چاڵاکەوانێکی ژینگەییە، بە هەزاران نەمام و گوڵ و درەختی لە چیمەنەکانی زانکۆکە و شوێنی تردا ڕواندووە.. و گەلێ جموجۆڵی تری ڕۆشنبیری و زانستی و کۆمەڵایەتی. لەگەڵ ئەمەدا بەردەوام دەنووسێ و تابلۆ دەنەخشێنێ. تا ئیستا ٦ بەرگی بڵاو کردۆتەوە. لەگەڵ ئەلبۆمێکی گەورەی تابلۆکانی دەرکردووە..

له شاکاره گرنگەکانی د. نەوزاد ئامادەکردن و پێشکەشکردنی زنجیرە کتێبی (کوردستان لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا) یە . ئەم بەڵگەنامانە شاکارێکی مێژوویی بەهادارن، گرنگێتیی تایبەتیی خۆیان هەیە و ڕۆڵێکی گەورە و دیار دەگێڕن لە تیشک خستنە سەر گەلێ لە لایەنە شاراوەکانی مێژووی ئەو سەردەمەی کوردستان و دەبن بە سەرچاوەییێکی گرنگ بۆ مێژوونووس و لێکۆڵەوەران .

تا ئیستا ١٦ بەرگی لێ دەرچووە. هەر بەرگەی تایبەتە بە یێکێ لە شارەکانی کوردستان.

شاکارێکی تری مێژوویی گرنگی د. نەوزاد دەرکردنی (ئەتلەسی کوردستان) ە بە(١١٤) لاپەڕەی قەبارە گەورە.(١٠٧) خەریتەی کۆنی گرتۆتە خۆ، دەیسەلمێنن کە کوردستان هەر لە کۆنی کۆنەوە نیشتمانی کورد بووە.

سەبارەت بە شیعرەکانی، د. نەوزاد بە زمانی کوردی و عەرەبی دەنووسێ .. زۆربەی بابەتەکانی لەبارەی خۆشەویستیی نیشتمان و پرسی ژیان و بوون و مردنن. ئەم شێوازە شیعرییەی د. نەوزاد لە Telegramic Poetry (شیعری برووسکەیی) و (نانۆ) و (هایکۆ) دەکەن. تێیدا بە دووسێ وشە یا یەکدوو دێڕ بە لادانی زمانی و لۆژیکی و دەربڕینی لێڵ و نامۆ مەبەستێک بە دەستەوە دەدات و سەرنج ڕادەکێشێ . بەشێکی شیعرەکانی د.نەوزاد سەر بەم (ژانرەن).

*** مەبەست لە (نانۆ) و هایکۆ) چییە؟**

- نانۆ زاراوییێکی زانستی ئەتۆمە..تەکنەلۆجیای تەنە لەڕادەبەدەر بچووکەکانە. لەسەر ئاستی پێوانەی ئەتۆمی لە کەرەسە دەکۆڵێتەوە، ئامێری یەکجار بچووک دروست دەکات و دادەهێنێ قەبارەکانیان بە نانۆمیتەر دەپیورێ.(یەک نانۆمیتەر یەک لە ملیۆنی میللیمیتەرێکە).

ئەم زاراوەیە لە بواری شیعردا خوازراوە وەک چەمکێک بۆ ئەو شیعرە یەکجار بچووکە چڕانەی کە لە دووسێ وشە پێک دێن. هەشە لە تاکە وشەیێک. شیعرە کورتەکانی برووسکەیی بەر ئەم ژانرە دەکەون.

لەناو عەرەبدا ئەم ژانرە لە ساڵی ٢٠١٢ شاعیری عیراقیی لە سووریا

(ئەسـعەد ئەلجبـووری) پێشـنیازی کـرد و لە بەیاننامەییەکـا ڕایگەیانـد.(وەک بەیاننامەکەی ڕوانگەی ئێمە). دوابەدوای دەرچوونی ئەم بەیاننامەیە،(مستەفا سـەعید) کە ئەمـیش هەر شـاعیرێکی عیـراقییە وتـارێکی بـڵاو کـردەوە تیایـدا ئەوەی ڕاگەیاند کە ئەم پێش ئەسعەد جبووری بە چەند ساڵێ پرۆژەی جۆرە شـیعرێکی لەم جـۆرەی پێشـنیاز کـردووە بە نـاوی (قصـیدة الومضـة) واتا(شیعری تریشقەیی)، کە لە شیعری (نانۆ) بچووکترە.. نەیوێراوە بڵاوی کاتەوە بەڵام پێشانی شاعیرە هاوڕێکانی داوە.

وەک پێشـتر ئامـاژەم پێـدا کە ئەم جـۆرە شـیعرانە دەمـێکە لە ئەدەبـی جیهانیدا باون. بۆ نموونە شیعری (هـایکۆ) کە لە سـەرەتای سـەدەی حەڤدەم لە یاباندا لەسەر دەستی (ماسشیو باشو) سەری هەڵداوە و دوای دوو سـەدە لە سـەرەتای سـەدەی نۆزدەم لە ڕێی شـاعیری هۆڵەندی (هیندریک دۆف)ەوە بە وڵاتە ڕۆژئاواییەکـان ناسـێنرا. دوای ئەمە بە وڵاتەکـانی تـری جیهـان بـڵاو بووەوە.

*** ناوی شاعیرە ناسراوەکانی ئەم پێڕەوە.**

- ماسشیو باشو کە دامەزرێنەری ڕێبازی هـایکۆیە، و بوسـۆن و ئوکـا شیکی و کۆبایاشی ئیسا لە یاباندا..

لە شاعیرە بەناوبانگەکانی جیهانی کە شیعری هایکۆیان نووسیوە عیـزرا پاوەنـد و هیـوم و تـانگراد و زۆری تـر.. لە شـاعیرە عەرەبەکـان کە بەنـاوی (نـانۆ) وە نووسـیویانە ــ اسـعد الجبـوری کە پێشـنازکەری ئەم پێڕەوەیە لە ئەدەبی عەرەبیدا و ریـاز عبدالاحد و شـادی اسـماعیل و وداد نبـی و زۆری تر.

*** دەتوانین هەندێ نموونە لە شیعرەکانیان ببیستین؟**

- بەڵێ... بە وەرگێڕانیان بۆ سەر کوردی:

**١ـ شیکی**

قوڕبەسەر هاوین
وا باران بەسەر
ماسیدا دەبارێ

**٢ ـ باشۆ**

ـ چنارێکی سەوز

کەدەکانی

بەسەر لمدا دادەرژێن

لە هی عەرەبی

**١ – اسعد الجبوری**

ـ خەوتن گۆڕێکی کراوەیە

**٢ ـ ریاز عبدالاحد**

ـ خۆشەویستی خاکی هۆنراوەیە

**٣ ـ شادی ئیسماعیل** ـ نێوان من و تۆ .. بێ نێوانە

*** هەندێ نموونە لە هی د. نەوزاد.**

– د. نەوزاد.. گەلێ دەربڕین و وێنەی شیعریی سەرنجڕاکێشی هەیە کە مایەی تێڕامانن و دەچنە بواری جەدەلییەتەوە، بە تایبەتیی ئەوانەی لەبارەی پرسی فەلسەفیی ژیان و مردنن. هەندێ دربڕینی بوێرانەشی هەیە لە بارەی بوون و کردگار کە لە کۆمەڵە شیعرییەکانی (فی اللە) و (الموت) دا بەرچاو دەکەون. لەوانەی ئیستا لە بیرمە:

– ئەمەوێ مردن لە مردن تێرکەم

تا مردن تێر بێ لە مردن

– ساڵەها هەوڵم دا وێنەییێک بکێشم واتای نەبێ

نەمتوانی

– پەیژەکانی سەرکەوتن بەرەو بێ پایانی

لەوێوە پایانی دەست پێ دەکات

*** لە هیچ حیزبێکا ئەندام نەبوویت؟**

ـ من هەمیشە خۆمم بە پێشمەرگە زانیوە. هەموو ژیانم تێکۆشان بووە و هەموو وزە و توانینی خۆمم بەوپەڕی لەخۆبووردنەوە بۆ کوردایەتی و کورد و کوردستان و مرۆڤایەتی تەرخان کردووە. لە سەر ئەمە ئەزیەتێکی زۆرم

خـواردووه. دوو جـار برینـدار کـراوم. جارێکیـان بە سـەیری لە مردنێکـی سەداسەدی دەرباز بووم. لە ساڵی دووەممدا بووم لە بەشی کوردیی زانکۆی بەغداد، تووشی کارەساتێکی کوشندە بووم. ئێمەی قوتابییان بە جل و بەرگی کوردییەوە ئاهەنگێکی کوردانەمان بە گۆرانی هەڵپەڕکێ و شیعر خوێندنەوە دەگێـڕا. لـەپڕ بعسـییەکان پـەلاماریان دایـن، ئەنجامەکـەی ئـەوە بـوو مـن بـە سەختی بریندار کرام. د. عزالدین مستەفا ڕەسول و هاوڕێکانم منیان گەیاندە نەخۆشخانەی فریاگوزاری. د. عزالدین داوای لـە قوتابییـەکان کـرد زوو فریـام کەون بۆ خوێن بەخشین و سێ ڕۆژ مانی پێ گرتن لەسەر ئەمە.

لە سـاڵی ١٩٦٣ لە قۆنـاغی ناوەندیـدا بـووم ..ئەوسـا هەر یەک حیـزب هەبـوو کە پـارتیە، چـوومە ریزی،(ئەنـدازیار سـالار بەکـر سـامی) ڕێکخـەرم بوو..کە ناخۆشی کەوتە ناو برادەران من خۆمم بێدەنگ کرد و نەمویست لە ڕووی تەنــزیمییەوە لاییــک دژی لایەکەی تــر بگــرم و خــۆم بــخەمە ئەم کێشەیەوە، کە ماڵی کوردی وێران کرد.

*** تۆ مرۆڤێکی ڕووەکخۆریت توخنی گۆشت ناکەویت. هۆی ئەمە چییە و لە کەیەوە بووی بە ڕووەکخۆر؟**

- کە بۆ خوێندن چوومە زانکۆی لەندەن لەگەڵ هەندێ قوتـابی بووم بە هـاوڕێ کە ڕووەکخـۆر و چـالاکەوان بـوون لە کـۆمەڵەی ڕووەکخـۆران و ژیـنگەی بەریتـانی. لەگەڵیـان ئامـادەی کـۆڕ و چالاکییەکانیـان دەبـووم. بڵاوکراوەکانیـانم دەخوێنـدەوە، دەچـوومە چێشـتخانەکانی تـایبەت بە ڕووەکخۆران. زۆر زوو مـوچڕکی ئەم بیروبـاوەڕە گەڕا بە هەسـتمدا و چـوو بە دڵمـا و لە مێشـکما چەسـپی و بـووم بە ڕووەکخـۆر. لە ١٩٧٧/١٠/٢٤ دا، بیرمە سیودووەم یادی دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو، بۆ دواجـار گۆشـت کەوتە زارم. ئەوە بـوو بە ٤٠ سـاڵ. هەر ئەوسـا بـووم بە ئەنـدام لەو کــۆمەڵەیەدا. ئەم بیــرە مرۆڤــایەتییە ڕەســەنە لە وڵاتە پێشــکەوتووەکاندا تەشەنەی کردووە. ئیستا بە ملیونەهای لێ بوونەتێ.

کە گەڕامەوە دەستم کـرد بە بڵاوکـردنەوەی ئەم بیروبـاوەڕ و نەرێتە بە نووسـین و زارەکـی. لە زانکـۆی جیهانـدا لەگەڵ دامەزرێـنەری زانکـۆکە (د.

نەوزاد یحیی باجگر) کە چالاکەوانێکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ژینگەییە، کۆمەڵەییێکمان دامەزراند بەناوی (کۆمەڵەی بەزەیی بە ئاژەڵا هاتن) لەبەر سەرقاڵی ماوەیێک لێی سست بووین، ئیستا خەریکین و بەتەماین چالاکی بکەینەوە.

لەم بوارەدا تا ئیستا ئەنجامی باشم بە دەست هێناوە..ژمارەییێکی زۆر لە کەس و کار و گەنجانی کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی و بوونەتە ڕووەکخۆر..من شانازییەکی زۆری پێوە دەکەم.

مرۆڤ خۆی ئاژەڵە.. ئاژەڵیش بەقەد مرۆڤ مافی ژیانی هەیە.. لە ڕووی هەست و ئازار و خۆشەویستیی ژیانەوە هیچ جیاوازییەک لە نێوانیانا نییە. ئەم بیرە لووتکەی مرۆڤایەتی و شارستانیەتە.. لە کۆمەڵە دواکەوتووەکاندا دەرکی پێ ناکەن و بە ئاسانی جێی نابێتەوە.. لەو بڕوایەدام هەچ ڕۆشنبیرێک بە قووڵی بیر لە چەمکی ئازار و ژیان بکاتەوە ئەم بیرۆکەیە پەسند دەکات. لەو قەناعەتەشدا دام کە ڕۆژێک هەر دێت با دوای هەزارانساڵیش بێ دوتریێ (سەردەمێ مرۆڤ گۆشتخۆر بوو).

دەمێکە کاتی ئەوە هاتووە بە جۆرێکی تر بیر لە مەسەلەی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ ئاژەڵ بکەینەوە. ئەوانیش لە دایکی تەبیعەت زاون.. لە هەمان کەرەسە درووست کراون.. بە هەمان یاساکانی سروشت ژیانیان پێ بەخشراوە.. گۆشت.. ئێسقان.. خوێن.. هەناسە.. برسی بوون.. ترسان.. ژیان خۆشویستن... زاوزێ کردن و بێچوە خۆشویستن و پاراستن.. ئێش و ئازار.. مردن.. هتد. چییان لە مرۆڤ کەمترە و چییان لە مرۆڤ ناکات.

کاتی ئەوە هات مرۆڤ بەخۆیدا بێتەوە و بە چاو و گیانێکی تر سەیری پەیوەندیی خۆی بە سروشت و ئاژەڵەوە بکاتەوە. ئەوە دەرک کات کە مرۆڤ و ئاژەڵ هەردوو هاودەردن و هەردوو بەرهەم و کردەی هەمان سروشتن و بە قەد یەک مافی ژیانیان هەیە.

*** مناڵەکانت چۆن؟**

- بیری وا و هیچ جۆرە بیرێک نابێ بەسەر مناڵدا بسەپێنرێت. مناڵ دەبێ لەڕووی پەروەردەییەوە لەسەر ڕێی ڕاست بەخێو بکرێت.. فێری

خۆشویستنی ژیان و جوانی و ڕاستگۆیی و مرۆڤایەتی بکرێ دوور لەهەموو جۆرە ڕک و کین و جیاوازییێک. باسی هیچ کەس و نەتەوە و بیروباوەڕێکی لا بە خراپە نەکرێ. فێری بزەیی بە ئاژەڵدا بکرێ.

من هەرگیز داوایان لێ ناکەم و لێم نەکردوون واز لە گۆشت خواردن بهێنن. کە منداڵ بوون لێیان دەپرسیم بۆ نایخۆم، دەمگوت حەزی لێ ناکەم. ئیستا گەورە بوون و دەرکی ئەوە دەکەن بۆ نایخۆم. پەروەردەم کردوون بەزەییان بە ئاژەڵدا بێتەوە و تەنانەت کۆمەڵە چیرۆک و شیعری منداڵانم بۆ نووسیون و بڵاوم کروونەتەوە هەموو لەبارەی ئەم چەمکەوەیە. سەربەستیم داونەتێ و وازم هێناوە خۆیان ڕێچکەی خۆیان لەم ڕووەوە هەڵبژێرن..

دەبێ منداڵ لەسەر بیناغەی بەزەیی بە ئاژەڵا هاتن پەروەردە بکرێ.. زۆر جار دەبینم منداڵان چۆن ئەزیەتی پشیلە و سەگ دەدەن.. بە نەقیزە کەر لێدەخوڕن.. بە دار لاستیک چۆلەکە و کۆتر دەکوژن.. بولبول و تەیروتوار دەخەنە ناو قەفەزەوە.. نەوت و ئاوی گەرم دەڕژێننە ناو شارە مێرووولەوە.. دەبێ دایک و باوکان هەر لە منداڵییەوە تێیان بگەیێنن کە ئەم هەڵسوکەوتانە دڕندەیی و نارەوان.. دەبێ ڕەوشتی خۆشەویستی و بەزەیی لە دڵ و دەروونی منداڵانیان بڕوێنن.

ئەوەی زۆر نیگەرانم دەکات کەوباز و کەڵەشێر بازەکانن. نازانم چۆن لە دڵیان دێ ئەو باڵدارە جوانە بەستەزمانانە وا تێکبەردەن، یەکتر هەلا بە هەلا بکەن و لەناو خوێنی خۆیانیان بگەوزێنن. نازانم چ خۆشی و چێژێ لەم دڕندەییە دەبینن. ساڵەها پێش ئیستا وتارم لە بارەی ئەم کارەساتانەوە بڵاوکردۆتەوە و داوام کردووە کاربەدەستان ڕێگا لەو کارە نارەوایانە بگرن. داوام کردووە وەزارەتی پەروەردە مەسەلەی بەزەیی بە ئاژەڵا هاتن و ژینگە پاراستن بخاتە بەرنامەی خوێندنی ساوایان و سەرەتایی. ئەگەر ئەم ڕەوشت و نەریتە بڵاو بێتەوە و لە مێشکی منداڵ بچەسپێ ئەمە کار لە باری دەروونی و پەروەردەیی گشتی دەکات و ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ لە کەمکردنەوەی توندوتیژی لە کۆمەڵدا. شایانی باسە کۆمەڵێک چیرۆک و شیعری منداڵانم بڵاوبوونەتەوە بە ناونیشانی (میوانی ئازیز)ەوە. هەموو دەچنە چوارچیوەی

بەزەیی و خۆشەویستی بۆ ئاژەڵ.

*** نموونەیێک لەو شیعرانە.**

- ئەم شیعرە بە ناوی(کۆترۆکە) یە:

**کۆترە نەرم و نۆڵەکە**
**کە بۆت دێم  تۆ ڕامەکە**
**من هاوڕێی دڵسۆزی تۆم**
**خۆشم ئەوێی بەقەد خۆم**
**دانم بۆتۆ هێناوە**
**وا تێنەگەی کە داوە**
**من ئازادیی تۆم ئەوێ**
**خۆشی و شادیی تۆم ئەوێ**
**حەزم لە سەربەستییە**
**ڕکم لە ژێر دەستییە**

*** زۆر کەس لەو بڕوایەدان کە گۆشت خواردن شتێکی سرووشتییە. ئێوە دەڵێن چی؟**

- لە سروشتدا دوو جۆر ئاژەڵ هەن(گۆشت خۆر و ڕووەکخۆر).. یا هەر گۆشت دەخوات یا هەر ڕووەک.. تەنها مرۆڤە جووتخۆرە. لێکۆڵینەوە زانستییەکانی لەم بارەیەوە دەریانخستووە کە مرۆڤ بە ڕەچەڵەک ڕووەکخۆرە چونکە لە ڕووی فسیۆلۆجی و شیتەڵییەوە سروشتی پێکهاتنی ددانەکانی و گەدە و ڕیخەلۆکە و هۆڕمۆنەکانی دەقاودەق وەک هی ئاژەڵە ڕووەکخۆرەکانە، کە جیایە لەهی ئاژەڵە گۆشتخۆرەکان. لەبەر ئەمەیە مرۆڤ ناتوانێ بە ئاسایی گۆشتی خاو بخوات.. ئەبێ بیبرژێنێ یا لێبنێ. ئەمە ئەوە دەسەلمێنێ کە گۆشت خواردن کارێکی سروشتی نییە. ئەنجامی ئاگر دۆزینەوە و بەکارهێنانی بووە بۆ لێنان. ئەگەر مرۆڤ بە ڕاستی و بە ڕەچەڵەک گۆشتخۆربایە دەبوو بتوانێ بە ئاسایی گۆشتی خاو بخوات.

لێکۆڵینەوەکان ئەوەشیان دەرخستووە کە مرۆڤە ڕووەکخۆرەکان تەندرووستترن و ڕێژەی تەمەنیان بەرزترە و مێشکیان ڕوونترە و باری

دەروونییان ئارامترە لە گۆشتخۆرەکان و تووشی زۆر نەخۆشیی کوشندە نابن.

بە بەراوردکردنی ئاژەڵە گۆشتخۆر و ڕووەکخۆرەکان دەردەکەوێ کە هەموو ئاژەڵە گۆشتخۆرەکان هار و دڕندەن کەچی ئاژەڵە ڕووەکخۆرەکان هێمن و هێورن.

من لەگەڵ ئەو بڕوایەدام کە مرۆڤ بە ڕەچەڵەک ڕووەکخۆرە. جگە لەمانە مرۆڤ گەیشتۆتە لووتکە لە بیرکردنەوە و ڕامان لە لوغز و مەزنیی بوون و جوانی و ژیان و پرسی ئازار، ئەبێ بە پێوانەی تر سەیری ئەم کارەساتە بکات و واز لەم بەستەزمانانە بهێنێ و چیتر ژیانیان لێ زەوت نەکات و بەم دەردەیان لەناو نەبات کە ڕۆژێ بە ملیۆنەهایان لێ دەکوژێ و سەردەبڕێ.. چی ئەم بەستەزمانە بێ دەسەڵاتانە لەم جینۆسایدە قورتار دەکات؟

شانازی دەکەم و دڵخۆشم بەوەی ئەم نەریتە شارستانییەتە و هی تری وەک (ڕۆژی ڤەلەنتاین)م گواستەوە لای خۆمان. هەر لە سەرەتای هەشتاکانەوە لە بۆنەکانیاندا وتاریان لە بارەیەوە بڵاو دەکەمەوە بە گەنجە بیر خوێنگەرمە ڕووناکبیرەکانیان دەناسێنم. گەر لە ژیانمدا شانازی بە یەک شت بکەم ئەوەیە کە ڕووەکخۆرم. دڵخۆشم بەوەی کە ژمارەیێکی زۆر کەس و کار و گەنجە ڕۆشنبیرەکان بوونەتە ڕووەکخۆر و بەردەوام لە زیادبووندان.

*** هەندێ بەسەرهاتی سەیرت لەگەڵ ئاژەڵاندا باس دەکرێت. دەتوانی یێکێ لەو بەسەرهاتانەمان بۆ بگێڕیتەوە؟.**

- گەلێ ڕێکەوت و بەسەر هاتم هەیە لەمبارەیەوە.. یێکێ لەمانە ئەوەیە لە ساڵی ١٩٩٢ بوو، کە ئیڤانی کوڕم دووسێ مانگان دەبوو.. لە بەغداد لە گەڕەکی سەیدییە لە شوقەیێکدا کرێچی بووم.. دوای هەرای شەڕی ئێران و داگیرکردنی کوێت بوو.. باری ئابووری کارەساتاوی بوو.. موچەکەم ٣٠٠٠ دینار بوو و قوتووی شیری منداڵان بە ٥٠٠٠ دینار بوو.. لە شێعرێکمدا بە ناونیشانی (میوانی ئازیز) کە ئەو شەوەی ئیڤان لە دایک بوو لە (١٩٩٢/٣/٣)

دا نووسیومە باسی ئەو ڕۆژانە دەکەم... چەن دێرێکیت بۆ دەخوێنمەوە:

**میـــوانی ئـــازیز... یەکەم شـــەوتە**
**یەکەم ئــــاهەنگی گــــریە و خەوتە**
**بەخێـــر هـــاتیتە ژیـــانی پـــڕ زام**
**خەمێکیـت هەمـوو خەمێکـت قـووت دام**
**ڕۆڵە وەخـــتەکەت تـــا بڵێـــی ســەختە**
**چیبکەم دیارە شت.. هەمووی بە بەختە**
**مـن و بەخـت بە پشـت نـاحەزی یێکـین**
**لە گەڵ کەساســی تـــا بڵێـــی ڕێکـــین**
**ڕۆڵە ژیـــان ئیســـتا بـــارێکی قورســـە**
**هەر مـاڵوێرانی و برسـییەتی و ترسـە**
**هەرزەکـــارێکی دڕی بـــێ ویـــژدان**
**ئەم وڵاتەی لـێ کـردووین بە زینـدان**
**بیست و چوار ساڵە بە ژیانی جۆ و کـا**
**مەلە لە خوێنـــا بەم خەڵـــکە ئەکـــا**
**خەڵـکەکەش خـراپ لێیـان شـێواوە**
**بـــرا لە بـــرا خـــۆی مەڵاس داوە**
**چ تــاوانێ بــوو کــردم دەرحەق تــۆ**
**پەنـجە ئەگەزم.. ئەمەم بـۆ کـرد.. بـۆ**
**تـــۆم هێنـــایە ئەم ژیـــنە شـــێواوە**
**ڕووە ســـپیەکـەی زەرد هەڵگـــەڕاوە**

... هتد

خاوەن ئەو شوققەیەی تێیدا نیشتەجێ بووم، بەردەوام داوای لێ دەکردم دەرچـم، لە بـارێکی یەکجـار نالەبـاردا دەژیـام تەنگـم پـێ هەڵچنرابـوو، گیـرم خواردبـوو نەمـدەزانی چیـبکەم. ئەوسـا(ئازاد)ی بـرام لە گەڕەکـی غەزالـیە خـانوویێکی هەیکەلـی هەبـوو هەر خشـت بـوو بـێ پەنـجەرە و دەرگـا، بـۆی تەواو نەدەکـرا. وتـی(من تـاقەتی ژیـانم لەم وڵاتە نەمـاوە. سـەری خـۆم هەڵـدەگرم و دەچـمە هەنـدەران. ئەم ئوتـومبیلەم بفرۆشـە و بە پـارەکەی

خانووەکە تەواو بکە و بچۆرە ناوی). وەکالەییێکی بۆ کردم و سەفەری کرد. ئۆتۆمبیلەکەم بە (٦٥٠٠٠) دینار فرۆشت کە تا ڕادەییێک بەشی دەکرد خانووەکەی پێ تەواو بکرێت..لەگەڵ وەستا (ابو عەلی) کە ئازادی برام ڕایسپاردبوو خانووەکە تەواو بکات چووینە ناو خانووەکە بۆ ئەوەی دەست بکا بە کار. بینیم دوو هێلانەی کۆتر لەناو دەکتەکانی موبەریدەکاندا هەن. لە (ئەبوو عەلی) م پرسی گەر ئێوە کار بکەن ئەی ئەم کۆترانە. پێکەنی و وتی دەیانفڕێنین و هێلانەکە فڕەدەدەین. وتم شتی وا چۆن دەبێ؟ گاڵتەی بە قسەکانم هات و بە پێکەنینەوە وتی ئێمە گوێ نادەینە ئەم شتانە. قبووڵم نەکرد و پێیم وت(تا بێچوە کۆترەکان نەفڕن بە هیچ جۆر ناهێڵم دەست بکەن بەکار). ئەبوو عەلی سەیر و گاڵتەی بە قسەکانم هات و بە عاجزی و سەرسوڕمانەوە خواحافیزیی کرد.

هەموو ڕۆژ دەچوومە سەر خانووەکە، چاوەڕێ بووم کۆترەکان چۆلی بکەن. تا دوای ٢٤ ڕۆژ دوا هێلانە چۆل بوو. لەم ماوەیەدا بازاڕ گرێ سەندبوو، بە پارەکە تەنها دوو ژووری پێ تەواوکرا ئەویش بە نیوەچلی.

بەسەرهاتم لەگەڵ ئاژەڵاندا زۆرە، هەموو چیرۆکن. هەر بۆ پێکەنین ئەمەشتان دەگێڕمەوە:

زستانی ساڵی ٢٠٠٨ بوو... ڕۆژێکیان گەڕامەوە ماڵەوە بینیم دایکی ئیڤان لە چیمەنەکەدا دانیشتووە هەر منی بینی بەدەنگێکی پڕ لەترس و لەرزەوە وتی فریام کەوە ئەوە لەکوێی؟ پێش سەعاتێ جورجێکی گەورەم لە موبەقەکەدا بینی. منیش یەکسەر چووم هەموو ژوورەکانم پشکنی لێی گەڕام هیچم نەدۆزییەوە. پاشان چوومە بازاڕ لە کەلوپەل فرۆشێکم پرسی چۆن چارەسەری بکەم. وتی ئەوەتا یا زەهری بۆ دادەنێی، قەفەزێشمان هەیە بۆ گرتنی. قەفەزەکەم لێ کڕی و بردم لەماڵەوە دامنا. دوای دوو ڕۆژ جورجەکە گیرا. بۆ کوشتن، نایکوژم.. لەدەرەوەش بەڕەڵڵای بکەم دەچێتە ماڵێکی تر. لەناو سندووقی ئۆتۆمبیلەکەم دانا بردم لە چۆلاییێکدا بەڕەڵلای کەم. لە شوێنێکدا وەستام. کە ویستم بەڕەللای کەم، ترسام، وتم ئیستا دەمبینن و وا تێدەگەن تەقینەوە دادەنێمەوە. جورجەکەم هێنایەوە ماڵەوە و قەفەزەکەم لە

چیمەنەکەدا دانا. چووم نەختێ پەنیر و نانی چەورم بۆ هێنا. دایکی ئیڤان وتی: هەر ئەوەمان مابوو! پیاوی خەڵک قەفەزی بولبول دەهێنێتە ماڵەوە و تۆش جورج و مشک. زوو زووە خواردنم بۆ دەبرد و ئاوم لەبەر دانا. دوای دوو ڕۆژ. لەگەڵ(دیار)ی کوڕم چووینە ئەو شوێنە چۆڵەی پێشتر چووبووم.. ئوتومبیلەکەم وەستاند و دابەزیم، بۆنیتەکەم کردەوە، وای پیشاندەم کە ئوتومبیلەکە تێکچووە. نەختێ دەستم لە مەکینەکەی وەردا و قەفەزەکەم دابەزاند و دەرگایەکەم کردەوە و بایبایم لێ کرد. جورجەکە بە ڕاکردن چووە ناو تەراشەکانی ڕۆخ شەقامەکە. کە گەڕامەوە دایکی ئیڤان وتی: ئەوە بۆ نەتهێنایەوە؟.

*** کام ئاژەڵت لەهەمووان خۆشتر دەوێت؟**

- جارێکیان هاوڕێیەکم ئەم پرسیارەی لێ کردم. منیش هەر بۆ گاڵتە وتم مارمێلکە. بەسەرسوڕمانەوە پرسیی بۆ؟ وتم(چونکە تاکە شتێکە خێزانەکەم لێی دەترسێت).

*** وەک چالاکەوانێکی ژینگەیی، کام وەرزتان پێ لە هەمووان خۆشترە؟**

- من هەموو وەرزەکانم پێ خۆشە. هەر یێکێکیانم زیاتر لەوانی تر خۆشدەوێت. هەریەکە تاموبۆ و جوانی و خۆشیی تایبەتێتیی خۆی هەیە. لە شیعرێکما کە بە ناونیشانی (نامەییێکی نەورۆزی)یە لەم چەند دێرەیدا لە بارەی هەستم سەبارەت بە وەرزەکانەوە دەڵێم:

**بەقەد پایز شەیدای زستان و بەهارین**
**بەهار دادێ پەلکەزێڕینەی ڕەنگارین**
**هاوین دادێ فێنکی و کانیی سازگارین**
**پایز دادێ دارستانین زێڕ ئەبارین**
**زستان دادێ بۆ ڕیشۆڵە میواندارین**

*** ئێوە وەک خاوەن یەکەم پڕۆژەی ئینسایکلۆپیدیای کوردستان.. ئەنجامدانەکەی گەیشت بە چی؟**

- بیرۆکەی دانانی ئینسایکلۆپیدیای کوردستان دەگەڕێتەوە ناوەڕاستی

سـەدەی ڕابـردوو. ڕۆشـنبیرانی کـورد زۆر جـار لەدانیشـتنە ئەدەبـی و زانسـتییەکانیاندا باسـی ئینسـایکلۆپیدایان دەکـرد و ئەم ئاواتەیـان دەخواسـت ئینسـایکلۆپیدیاییێک بـۆ کوردسـتان دابنـرێ. ئەمە هەر ئـاوات و هەر بە قسـە بوو. هیچ وتارێک لەم بـارەیەوە بڵاونەکراوەتەوە و هـیچ دەکومێنتێک نییە لە بـارەیەوە، تـا سـاڵی ١٩٩٧دا بۆ یەکەم جـار مـن پڕۆژەییێکـی تەواوم پێشـکەش حکومەتی کوردستان کرد بە نـاوی (ئینسـایکلۆپیدیای کوردسـتان ئـاواتێکە) لە ڕێی بەڕێوەبەری گشتیی دەزگای ئـاراس کـاک (بەدران ئەحمەد حەبیب) ەوە. پاشان پڕۆژەکە لە گۆڤاری (ڕامـان) ی ژمـارە ٤١ ی سـاڵی ١٩٩٩دا ل ٢٧ – ٢٩ بڵاو کرایەوە.

لەبەر بـاری نـا ئاسـایی ئەوسـا نەتـوانرا کـاری لەسـەر بکـرێ. پـێش ئەم پـڕۆژەیەی مـن هـیچ دەکومێنتێـک نییـە و هـیچ وتارێـک لەم بـارەیەوە بـڵاو نەبۆتەوە بڵێ پڕۆژەییێکی وا لە ئارادا بووە.

لە ساڵی ٢٠٠٧ دا بووم بە ئەندامی کارای ئەکادیمییای کوردی. یەکسـەر ئەم پێشنیازەم پێشکەش بە ئەنجومەنی ئەکادیمیا کرد، ئەنجومەنی ئەکادیمیا پەسـندی کـرد و بە پێـی کۆنووسـی (ژ١٥ ی ٢٠٠٨/٢/٣) لیژنەییێـک دانـرا بەسەرۆکایەتیی من و هەر خۆم لیژنەکەم بەم جۆرە دامەزراند:

د. وریا عومەر ئەمین ـ سەرۆک

موئەیەد تەییب ـ ئەندام

د. جەبار قادر ـ ئەندام

حەمید بەدرخان ـ ئەندام

عبدالرحمن معروف ـ ئەندام

لیـژنەکە مـن دامنـا و یێکـێ لە ئەنـدامەکانی دەسنیشـانم کـردن (د. جەبـار قادر) بوو. کە لیژنەکە دانرا د. جەبار نەیگوت کە پـڕۆژەی تـری وا هەبـووە و ئەم بەشـداریی تێدا کـردووە و کـاری تێدا کـردووە. بە پـێچەوانەوە لەبەردەم هەمـوو ئەنـدامانی ئەکادیمییـا دەسـخۆشـیی لـێ کـردم و وتـی ئەمە کـارێکی پیرۆزە و پڕ بە دڵ پشتگیریت دەکەم.

پـاش ماوەییێک بێ ئاگاداریی مـن لە پڕ لیژنەییێکـی تـر بە سـەرۆکایەتیی

(د.جەبار قادر) دانرا بێ ئەوەی پرس بە من بکرێ و ئاماژە بە لیژنەکەی پێشوو بکرێ (کە بووە جێی سەرسوڕمانی هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی ئەکادیمیا). د.جەبار وای خستە ڕوو و وای ڕادەگەیاند کە دەمێکە لە ئەوروپا کاریان لەسەر کردووە. لیم پرسی ئەی بۆ کە لیژنەکەمان دانا و تۆ کرای بە ئەندام تێیدا باست نەکرد؟ (وەڵامی نەبوو).

بە داخەوە ئەمە کارێکی نائەکادیمی بوو نەدەبوو لە ئەکادیمیادا ڕوو بدات. لەگەڵ ئەمەشدا، من ئامادەیی خۆمم پیشاندا بۆ هاوکاری کردن لە گەڵیدا.

لە دیمانەیێکدا لە ڕۆژنامەی بەدرخان ژ ١٥٧ ی ٢٠١١/٨/١٥ ئەم ڕاستییانەم خستە ڕوو و گوتم (گرنگ ئەوەیە کارەکە ئیشی لەسەر بکرێ و ئەنجام بدرێ. گرنگ نییە کێ ئەنجامی دەدات. ئەمە ئەرکێکی نەتەوەییە).

بە داخەوە ئەنجامەکەی گەیشت بە ئەوە (نەئەوان هیچیان پێ کرا، نە هێشتییان ئێمە هیچ بکەین).

*** چۆن کێشەی ڕێنووس هەڵدەسەنگێنیت؟**

- بە داخەوە ڕێنووس لای ئێمە بۆتە فۆبیاییێکی کوشندە. گیروگرفتی سەرەکیی لەمەدا لەوەدادیە کە سەیری ڕێنووس دەکەین وەک کێشەییێکی زمانەوانی. دەمێکە زمانەوانان ڕێنووسیان لە گیروگرفتەکانی زمانەوانیدا جیا کردۆتەوە و ڕێنووسیان لە زمانەوانی دەرهێناوە. هیچ ڕێبازێکی زمانەوانی نیە باسی ڕێنووس بکات. ڕێنووس بۆتە شتێکی کۆمەڵایەتی و پێکهاتنی عەفەوی لەسەریا. هەر لای ئێمە بۆتە دێوەزمە و کراوەتە کێشەییێکی ئاڵۆز و بۆتە گرفت.

ئەم ڕێنووسەی ئیستامان گەلێ گونجاوە و لەوە باشتر ناکرێ، بە دەسکاری کردنی گرفتی تر سەرهەڵدەدا. گەر بەراوردی بکەین لەگەڵ ڕێنووسی میللەتانی تری پێشکەوتوو لەڕووی دەسەڵات و شارشتانییەت و ئابووری و تەکنەلۆجیاوەی وەک زمانی ئینگلیزی و یابانی و چینی، دەردەکەوێ ئێمە لە چاو ئەوان هیچ گیروگرفتێکی ڕێنووسیمان نیە.

بە داخەوە لە هیچ شتێکدا سوود لە ئەزموونی میللەتان وەرناگرین.. لە

ساڵی (١٥٦٨ز)، کە دەکاتە چوار سەدە و نیو بەر لە ئیستا، وەزیری دەرەوەی بەریتانیا (سێر تۆماس سمیت) یەکەم پێشنیازی ڕێنووسسازیی بە ناونیشانی (لە بارەی ڕاستکردنەوەی ڕێنووسی ئینگلیزی) یەوە پێشکەش بە شا ئێدوەردی شەشەم و ئیلەزەبێتی یەکەم کرد. لەو ساکەوە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، بەهەزاران وتار و لێکۆڵینەوە و ڕەخنە لەبارەی گرفتەکانی ڕێنووسی ئینگلیزیەوە بڵاو بونەتەوە، هەموو داوای چاکسازیی بۆ دەکەن. بەناوبانگترینیان داواکارییەکەی (بیرنارد شۆ)یە. وەسیەتی کرد هەرچی سەرمایەی هەیە تەرخان بکرێ بۆ چاککردنی ڕێنووسی ئینگلیزی.. بەڵام سەرەڕای دەسەڵات و توانینیان هیچیان بۆ نەکرا. دوای ٤٥٠ ساڵ تێپەڕبوون بەسەر وتارەکەی (سێر تۆماس سمیت). لە ساڵی ٢٠١٣دا پرۆفیسۆری زمانی ئینگلیزیی زانکۆی ئۆکسفۆرد(سایمون هۆڕبن) ڕایگەیاند کە(ترازان و دوورکەوتنەوەی نووسین لە ئاخاوتن و کێشەکانی ڕێنووس و هەبوونی شێوەی جیا بۆ نووسینی هەمان وشە لە زمانی ئینگلیزیدا دەبێ بە شتێکی ئاسایی سەیری بکرێ و قبووڵ بکرێ و هەر هەوڵدانێک بۆ یەکگرتنیان بێ سوودە و سەرناگرێ)..

زمانی چینی کە زمانی زیاتر لە ملیار و نیوێکە، زمانی چارێگێکی هەموو مرۆڤی سەر ڕووی زەمینە، ئیستاش نووسینی وێنەیی(ئیدیۆگرامی) بەکار دەهێنن. لە نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوودا لە سەردەمی ماوتسی تۆنگدا هەوڵدرا بۆ گۆڕینی بە نووسینێکی فۆنیمیکی، نەیانتوانی، بۆیان دەرکەوت کە گەر بیگۆڕن، شارستانییەتی کۆن و یەکیەتیی نەتەوایەتییان لەدەس دەدەن و دەبن بە چەن میللەتێک. نووسینەکەیان هۆکاری سەرەکیی لێکبەستنی نەتەوەییانە، بۆیە بریاریان دا نەیگۆڕن و دەسکاریی نەکەن. هەر بەو نووسینە سەختە بیدائییە ناقۆڵایە گەیشتوونەتە لووتکەی تەکنەلۆجیا و بەربەرەکانێ لەگەڵ هەموو جیهاندا دەکەن..

لەم سەد ساڵەی بەسەرچوو بە هەزاران وتار و لێکۆڵینەوە لە بارەی گیروگرفتەکانی ڕێنووسی عەربییەوە لەلایەن کەڵە نووسەر و زمانەوانەکانەوە بڵاوکراونەتەوە. داوای چاکسازیی ڕێنووسی عەرەبی دەکەن.

بەڵام هەرگیز نەیانتوانی دەسکاریی بکەن. هەندێ دەڵێن قورئان ڕێنووسی عەرەبیی ڕاگرتووە، کە وا نییە. سەیرێکی ڕێنووسی قورئان و نووسین و ڕێنووسی عەرەبی بکە دەردەکەوێ، جیاوازیی نێوانیان ئاسمان و ڕێسمانە.

هەر زمانێکی تر بەدەستەوە بگرین هەمان شتە. بۆیە ئێمەش دەبێ لە شوێنێکدا بوەستین ئەگینا هەرگیز بە هیچ ناگەین.

چەخت لەسەر ئەمە دەکەمەوە کە ئیستا ڕێنووس بە بابەتێکی زمانەوانی ناژمێررێ. هیچ ڕێبازێکی زمانەوانی نییە لە دیسەسوێرەوە بگرە تا ئیستا باسی کێشەی ڕێنووس بکات. ڕێنووس پێکهاتنێکی عەفەویی کۆمەڵایەتیی مێژوویییە. نابێ تێکەڵ بە سیاسەت و زمانەوانی بکرێت، کە بەداخەوە ئێمە کردوومانە، قسە زۆرە لەسەر ئەم کێشەیە. شایانی باسە ئێمەی (لیژنەی ڕێنووس لە ئەکادیمییای کوردی) دا، کتێبێکمان لە ساڵی ٢٠١٣دا بەناونیشانی(ڕێنووسی کوردی بەپێی بنەما زانستییەکانی ڕێنووسی گشتی) بڵاوکردەوە. بە لە ڕووی زانستی و مێژوویییەوە لەم کێشەیە دەکۆڵێتەوە. هیوادارم و ئاواتەخوازم ئەوانەی بایەخ بەم لایەنە دەدەن و پێشنیازیان هەیە سەیرێکی ئەم کتێبە بکەن و ئامادەین بۆ هەر گفتوگۆییێک لە بارەیەوە.

*** چالاکییێکی لە ڕادەبەدەر لە فێسبووکدا دەنوێنیت، هۆی ئەمە چییە؟**

- من بەختەوەری و خۆشیی ژیانی خۆم لەوەدا دەبینم کە لە سەردەمی پێش تەکنەلۆجیا هاتمە ژیان و فریای لووتکەی تەکنەلۆجیا کەوتم کە پێشتر، تەنانەت بیست بیست و پێنج ساڵێکیش بەر لە ئیستا نەدەهاتنە خەیاڵیش، بە تایبەتی مۆبایل و ئەنتەرنێت و فێسبووک. کە بە هۆیانەوە ئەم جیهانە پان و بەرینە بۆتە ژوورێکی بچووک نەک گوندێک وەک دەیانگوت. خەڵکەکەی لێک نزیک کردەوە و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتیی نێوانیانی یەکجار پتەو کرد وای کرد هەمیشە لە هەموو شوێنێکدا بیت و پێکەوە بن.

من چێژێکی تایبەتی لەم داهێنانە وەردەگرم لەبەر دوو هۆ. یەکەم: ژیانی سادەی پێش تەکنەلۆجیام بینیوە و چێشتوومە. دووەم: بە هۆیانەوە هەست دەکەم هەمیشە لەگەڵ هەموو کەسێکی سەر ڕووی زەمیندام. یەک خولەک مۆبایلم پێ نەبێ هەست دەکەم نیم. بە هۆی ئەنتەرنێت و مۆبایلەوە، لەهەر

کوێ بم دەتوانم بە ڕەنگ و دەنگەوە ڕوو بە ڕووی هەر کەسێک بم لە هەر کوێدا بێ. هەر زانیارییێکم بوێ لە بارەی هەچ شتێکەوە یەکسەر لە ڕێی ئەنتەرنێتەوە دەستم دەکەوێ. کە جاران خۆم دەزانم بە چ حاڵێ دەسمان دەکەوت. ئەنتەرنێت کتێبخانەییێکە هەموو کتێب و بڵاوکەرەوە و زانیاریی هەموو جیهانی گرتۆتە خۆ، بۆ کوێ بچم سووک و ئاسان لەگەڵمدایە.

جاران وتارێکمان بنووسیبایە دەبوو بە بەرید بۆ گۆڤار یا ڕۆژنامە بینێرین. بە حەفتە و مانگ تا دەگەیشت و هەندێ جار ون دەبوو. بە مانگ چاوەڕێمان دەکرد تا بڵاو دەکرایەوە. ژمارەییێکی کەم خوێنەر لە شوێنێکی سنووردراردا دەیانبینی، کەچی ئیستا، وتارێک لە ئەنتەرنێت یا لە فێسبووکدا بڵاو بکەمەوە، بە یەک چرکە دەگاتە هەموو شوێنێکی سەر رووی زەمین و یەکسەر دەکەوێتە بەردەست بلیۆنەها.

لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا کە خوێندکار بووم لە دووروڵاتان، زوو زووە نامەم بۆ دایکم دەنارد. نامە زۆر دڕەنگ دەگەیشت،چونکە هاتوچۆ خێرا نەبوو و هەموو نامەییێک لە ریقابە دەبینرا و دەخوێنرایەوە. بۆیە دوو مانگ و سێ مانگیدەخایاند.. جاری واش هەبووە بێنج شەش نامە بە یەک جار دەگەیشت.

هەزار ڕەحمەتی لێ بێ (مام شەعبانی پۆستەچی) ئیشێکی چاکی دەکرد. نامەکانی بەیەک جار نەدەگەیاند. گلی دەدایەوە و هەر ناوەناوە یێکێکی دەگەیاند. بەمە دایکم بەردەوام دڵنیا دەبوو. ئەوسا پەیوەندی کردن ئاسان نەبوو. زۆر جار بۆ تەلیفۆنکردنێ بۆ وڵاتان دەبوو بچووبانا بەغداد. کەچی ئیستا ئیمێل و ئەنتەرنێت و ڤایبەر و مۆبایل کەوتۆتە گیرفانی هەموو کەسێک. وایان کردووە چەن لێک دوور بن، هەمیشە پێکەوە بن.

بەسەرهاتێکی سەیرم هاتەوە یاد کە پەیوەندیی بەم مەسەلەیەوە هەیە. جارێکیان لە لەندەنەوە بۆ سەردان هاتمەوە هەولێر ٢٠ بیست ڕۆژ مامەوە. پێش چوونم بۆ بەغداد، تا لە وێوە بچمە لەندەن، نامەییێکم بۆ دایکم نووسی پوولێکم لێدا و بە ژێری ئیستیکان مۆرم کرد و دامە(مام شەعبانی پۆستەچی)، شەممە بوو، پێم وت بەیانی دەچمە بەغداد. سێ شەممە بە

فڕۆکە سەفەر دەکەم. دایکم زۆر پەرێشانە، تۆ ڕۆژی هەینی ئەم نامەیە بگەیێنەماڵەوەمان. خوا خێرت دەنووسێ. وتی سەرچاو کاکە وریا بەخێر بچیت و بەخێر بێیتەوە. کە چوومە بەغداد بەو ئومێدەی سێشەممە سەفەر بکەم. کێشەی نوێکردنەوەی پەسەپۆرتەکەم هاتە پێش وای کرد دوو حەفتە سەفەرەکەم دواخەم. ڕۆژی چوارشەممە گەڕامەوە هەولێر. ڕۆژی هەینی بەیانییەکەی زوو لە دەرگا درا. من چووم دەرگاکەم کردەوە، مام شەعبان بوو، خۆی و پاسکیلەکەی، نەیزانی و دەرکی نەکرد کە من وریام و وتی: (چاوتان ڕوون ئەمە نامەیێکە بە بەریدی خێرا لە کاک وریاوە ئیستا گەیشت). منیش زۆر سوپاسم کرد و خۆم مات کرد و پێم نەوت من وریام. نامەکەم لێ وەرگرت و تا ئیستاش لام پارێزراوە.

بە گوێرەی پرسیارەکەتان لە بارەی فێسبوکەوە، ڕاستە تا ڕادەیێکی زۆر چالاکم. ڕۆژ نییە بابەتێ یا زیاتری تێدا بڵاو نەکەمەوە. بابەتەکان هەموو هەمەچەشنە و ئامانجدار و سنوورشکێنن. تەرخان کراون بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی گشتی و هوشیاری و هەستی مرۆڤایەتی و بیری پاک و ڕوون و ژیان خۆشویستن و جیهان و گەردوون ناسین و ژینگە پاراستن و تەبایی لە نێوان ڕەگەز و ئایینەکان. تا ئیستا زیاتر لە ٤٠٠ بابەت و وتارم لە فێسبووکدا بڵاو کردۆتەوە بە سێ زمان، هەوڵ دەدەم تیایاندا ڕووە گەش و جوانەکەی ژیان و سرووشت بخەمە ڕوو و خۆشەویستی بڕوێنم. ئامانجی هەرە سەرەکیشم ئەوەیە ڕووە گەشەکەی خۆمان وەک کورد بۆ دۆست و دوژمنانمان دەرخەم. هاوڕێ و خوێنەرێکی یەکجار زۆرم هەیە. بەردەوام پەیوەندیم پێوە دەکەن، بە تایبەتی قوتابیانی بەشە کوردییەکان، پرسیارم لێ دەکەن لە بارەی زمانەوانی و داوای زانیاری و سەرچاوە و ڕێنماییم لێ دەکەن. منیش وەڵامی هەموویان دەدەمەوە و پێویستییەکانیان جێبەجێ دەکەم.

*** وەک بزانم ژمارەیێکی زۆر ماڵپەڕ و لاپەڕەی فێسبووکتان هەیە.**

- جگە لە لاپەڕەی فێسبوکی کەسیی خۆم، ماڵپەڕێک و دوو لاپەڕەی فێسبوکی ترم هەیە بە ناوی تابلۆی شانازییەوەیە تەرخانم کردوون بۆ بەشە

کوردییەکان. تێیاندا یەکەمەکانی هەموو بەشە کوردییەکان نمایش دەکرێت.

ماڵپەڕێکی تر بە ناوی (شەپۆلەکان)ـە، وێنەی دەرچوونی بەشە کوردییەکان نمایش دەکات. مامۆستای بەشی کوردیی زانکۆی بەغداد(م. فەیسەل غازی محەممەد) سکرتێری ماڵپەرەکانە و هاوکارمە لە ئامادەکردنیان. ئەم ماڵپەڕەشم هەیە کە کتێب و وتارەکانمی تێدا دەسدەکەوێ:

http://wariaomaramin.blogspot.com

*** دەپرسن بۆ تا ئیستا هەر لە بەغداد ماویتەوە و بە یەکجاری نەگەڕاویتەوە کوردستان.**

- لە ساڵی ٢٠٠٤ ەوە هەوڵ دەدەم بگەڕێمەوە کوردستان. داوای نەقلم کرد، ڕەزامەندیم لە زانکۆی بەغداد دەسگیر کرد، بەڵام لای خۆمان نە زانکۆی سەلاحەدین نە زانکۆی سلێمانی قبووڵیان نەکردم. نەشمتوانی واز لە وەزیفە ٢٥ ساڵ خزمەتییەکەم بهێنم چونکە تاکە سەرچاوەیەکم بوو بۆ ژیانی منداڵەکانم و خانەنشینییەکەم لەدەست دەچوو و لە هەولێر شوێنم نەبوو بۆ حەوانەوەی ماڵ و منداڵەکانم. سەیر ئەوەیە من و مامۆستاییێکی بەغدایی بە پێی هەمان نووسراوی فەرمی ڕەزامەندیمان لە زانکۆی بەغداد دەسگیر کرد، ئەو قبووڵ کرا و من نەکرام. نامەییێکم بۆ سەرۆکی حکومەتی کوردستان نارد داوام کرد وەک هەموو ئەو مامۆستا زانکۆییانەی گەڕانەوە شوێنێکم بۆ دابین کەن تا خۆم دەگرم، تا بگەڕێمەوە، وەڵام نەدرامەوە. دوای ئەمە سێ نامەی ترم نارد هەمان شت. دوا نامەم بە شێوەییێکی فەرمی لە ڕێی ئەکادیمیای کوردییەوە نارد..بە چاک و خراپ هیچ وەڵام نەدرامەوە. بۆیە بە داخەوە بۆم ڕێکنەکەوت بە یەکجاری بێمەوە. ئەم قسانەی ئیستا کردمن لە دیمانەییێکی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ ڕۆژنامەی بەدرخان (ژمارە ١٥٧ ی ١٨ـ ٥ ـ ٢٠١١) دا درکاندمن. وتم بەڵکو لە ڕێی ڕۆژنامەوە دەنگم دەگا.


*** دەتوانی ناوی ئەو مامۆستایەمان بدەیتێ؟**

- بەڵێ دەتوانم، ئێستا لە بەشی مێژووی کولێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین دەوام دەکات. داوام لێ بکرێ ناوەکەی دەردەخەم. ئاشکرایە بە

دەیان مامۆستای تری (غەیرە کوردیش و..!) لە هەموو زانکۆکانی کوردستان پێشوازی کران و ڕێزیان لێ گیرا و منیش وام بەسەر هات.

*** بۆ سکاڵاتان پێشکەش نەکرد؟**

- سکاڵا پێشکەش بە کێ بکەم.!؟ .زیاتر لەوە کە پێنج نامەم بۆ سەرۆکایەتیی حکوومەت ناردووە؟ من هەر لە سەرەتاوە هەوڵم داوە لە کوردستان دامەزرێم، بۆم نەرەخساوە. لە ساڵی ١٩٧١ دوای دەرچوونم بەیەکەم لەبەشی کوردیی زانکۆی بەغداد، لە (٤ / ٩ / ١٩٧١) دا، یەکسەر چوومە سلێمانی، داواکاریم پێشکەش بە سەرۆکایەتیی زانکۆی سلێمانی کرد تا بە موعید لە بەشە کوردییەکەی دامەزرێم. دوای سێ مانگ ونیو وەڵام درامەوە بە نەڕەزامەندی.



بسم الله الرحمن الرحيم

وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
رئاسة جامعة السليمانية
مديرية الادارة والذاتية
الشعبة / الذاتية
العدد / [illegible]
التاريخ ١٩٧١/١٢/١
ختم الواردة

الى / السيد ريبار صرامين / أربيل / محلة ابن المستوفي / دار المهندس نيازي صرامين

م / طلب

اشارة الى طلبك المؤرخ في ١٩٧١/٩/٤ .
نأسف لعدم امكان تعيين حاملي شهادة تقل درجته عن الماجستير في الوظائف التعليمية في جامعتنا لذا نلمس بالامكان تعينك في الوقت الحاضر .

الدكتور جمال عبدالكريم فؤاد
مساعد الرئيس للشؤون الادارية والفنية

نسخة منه الى / ـ
ـ مكتب السيد الرئيس
ـ مكتب السيد مساعد الرئيس
ـ عمادة كلية الاداب / قسم الدراسات الكردية / اشارة الى كتابكم المرقم ١/ ١٨ والمؤرخ في ١٩٧١/١٢/١١ .
ـ شعبة الذاتية
ـ ملفة الكتب الصادرة

وەک لە وەڵامەکەیاندا دەڵێن پلەی موعیدی لەو بەشەدا نییە . کەچی بە پێی ڕێنومایییەکان پۆستی موعیدی لە هەیکەلی ستافی هەموو بەشێکی زانکۆدا هەیە و بەشی کوردی لێی بەدەر نییە. دوای ئەمە بە ماوەیێکی کەم موعیدیان لە بەشی کوردی دامەزراند:

لەساڵی ١٩٨٠ کە خوێندنم لە زانکۆی لەندەن تەواوکرد، دیسان چووم داواکاریم پێشکەش زانکۆی سلێمانی کرد بۆ دامەزراندنم لە بەشی کوردی وەک مامۆستا، ئەمجارەش بێ ئومێدیان کردم.

وەک لەسەرەوە ئاماژەم پێدا، لە ساڵی ٢٠٠٤ دوای ڕووخانی ڕژێمی بەغداد، دیسان بۆ جاری سێیەم داواکاریم پێشکەش بە زانکۆی سلێمانی کرد بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندییان بۆ گوێزانەوەم بۆ زانکۆی سلێمانی ئەمجارەش ڕەتکرامەوە. لە کاتێکا ئەوسا پێنج شەش ساڵ بوو من وانەبێژی دەرەکی بووم لە زانکۆی سلێمانیدا.

کەس نازانێ خێر لەچیدایە. ئیتر نازانم گلەییان لێ بکەم یا سوپاسیان بکەم.

*** ئایا بیرت لە نووسینی بیرەوەرییەکانت نەکردۆتەوە؟**

- بڕواناکەم من شتێکی ئەوتۆم کردبێ لە ژیانمدا شایانی بیرەوەری نووسین بێ. لە دیمانە و نووسینی وتارە لابەلا و پەرتوبڵاوەکانم باسی هەندێ لە بەسەرهاتەکانی ژیان و پەیوەندییەکانم دەکەم. بۆم بڕەخسێ کۆیان دەکەمەوە. وەڵامەکانم بۆ پرسیارەکانتان دەچنە ئەو خانەیەوە.

*** زۆر سوپاستان دەکەم.. لە کاتمان گرتی و هیلاکمان کردیت..**

- من سوپاسی ئێوەی بەڕێز دەکەم.

**خوێندنی سەرەتاییم**

من (وریا عمر امین) لە ماڵەوە ناوم (شێرکۆ) یە، لە ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی (١٩٤٧/٣/١٥)، لە کۆیێ لە گەڕەکی بەفری قەندی لە دایک بووم. دایکم (سەبیحە کەریم عەبدوڵڵا) کۆییە. ئەوسا باوکم لەوێ مامۆستا بوو. لە (١٩٤٨/٢/٢٩) دەگوێزرێتە شاری سلیمانی تا ساڵێ ١٩٥١ لە قوتابخانەکانی

(فەیسەلییە و مەڵکەندی و سوورەدزە) ی سەرەتایی دەرس دەڵێتەوە. لەوێ (ئازاد) ی برام لە دایکبوو. دوای سێ ساڵ لە ١٩٥١دا دەگوێزرێتە هەولێر بۆ قوتابخانەی ( ئیبن المستوفی).

لە ساڵی (١٩٥٢ – ١٩٥٣) خرامە بەرخوێندن لە هەمان قوتابخانەدا. (مامۆستا فەتاح عبدوللەتیف) باوکی (سامی شۆڕش) ی شاعیر و ئەدیب، مامۆستام بوو، ئەو فێری ئەلفوبێی کردم.( مامۆستا زەکی) بەڕێوەبەر بوو.

باوکم خاوەن ڕەز و باغ بوو لە شەقڵاوە. هەمووساڵ لە پشووی هاویندا دەیبردینە شەقڵاوە. لەوێ تا دەوامی قوتابخانەکان دەستی پێ دەکرد دەماینەوە. هاوینمانمان لە بناری سەفین، لە ناو ڕەز و باغە فێنکە دڵگیرەکاندا بەسەر دەبرد.. لە بیرەوەرییە خۆشەکانی ئەو سەردەمەم :

لە هاوینی ساڵی ١٩٥٣ بوو. (٣٢٦) فلسم لە ڕۆژانەی خۆم کۆکردبووەوە. ڕۆژێک چوومە (گوندی) واتا بازار بە شێوەزاری شەقڵاوە، نوقڵ و چوکلێت بکڕم. کابرایێکم بینی بەرخ و بزن و مەڕی دەفرۆشت. بزنۆکەیێکم لێ بە (١٥٠) فلس کڕی. بزنۆکەکە لێم غەزری, لەگەڵم نەدەهات. بە قۆچەکەی ڕامکێشا تا بردمەوە. باوکم کە بینی وتی ئەمە چییە؟ وتم کڕیم، بە ١٥٠ فلس.. لێم تووڕەبوو، وتی یەکسەر بیگەڕێنەوە، بزن ئاژەڵێکی بزێوە، هەموو شینایی ناو ڕەزەکە تێکدەدا. منیێش بە ناچاری بە دەم گریانەوە بە ڕاکێشان بردمەوە ئەو شوێنەی لێم کڕیبو. کابرا لەوێ نەمابوو. نەمزانی چی بکەم. دەستم کرد بە گریان. بەو دەمە مامۆستا زەکی بەڕێوەبەری قوتابخانە بەوێدا تێپەڕی منی بە بزنەوە بینی دەگرییێم. دەستی لەسەر سەرم دانا و لێی پرسی ها وریا ئەوە چیتە؟ بۆ دەگرییێی؟ منیش بەسەرهاتەکەم بۆ گێڕایەوە. وتی بە چەندت کڕیوە؟ وتم بە (١٥٠) فلس. وتی ها ئەوە (٢٠٠) فلس بیدە بەمن. (٢٠٠) فلسەکەم لێ وەرگرت لە خۆشییانا بە ڕاکردن گەڕامەوە، کە بۆ باوکم گێڕایەوە.کۆڵێ پیکەنی.

لە ساڵی (١٩٥٣ – ١٩٥٤) باوکم گوێزرایەوە قوتابخانەی عەنکاوە. گواستمانەوە ئەوێ. ئەوسا لە عەنکاوە دوو قوتابخانە هەبوون . (قوتابخانەی حکمە)، خوێندن تیایدا تا پۆلی سێ بوو. بەڕێوەبەرەکەی مامۆستا (عمر



**ئەمە قوتابخانەی سەرەتایی عەنکاوەیە.. باوکم ئەو درەختانەی لە ساڵی ١٩٥٦ دا ڕواند. من منداڵ بووم یارمەتیم دەدا لە ڕواندنیان. بۆ ئاودانیان ڕۆژانە ئاوم بە بەقرەج لەو ڕوبارەوە دەهێنا کە بە ناوەڕاستی عەنکاوەدا تێدەپەڕی، (٢٠٠ ) مەترێ لە قوتابخانەکە دوور بوو.**

ساقی) بوو. و (قوتابخانەی عەنکاوە) کە باوکم بەڕێوەبەری بوو.، بۆ ساڵانی چوارەم و پێنجەم و شەشەم.

من ساڵی دووەم و سێیەمم لە قوتابخانەی (حکمە) خوێند و ساڵانی چوارەم و پێنجەم و شەشەمم لە قوتابخانەی (عەنکاوە). خوێندن بە زمانی عەرەبی بوو. بەمە زمانی عەرەبی فێربووم. تا ساڵی ١٩٥٩ باوکم گوێزرایەوە هەولێر بۆ قوتابخانەی (گۆڤەندی ئێواران). کە دوایێ ڕژێمی بەعسی ئەوسا ناوەکەی گۆڕی و کردی بە (شیبان المسائیە).

باوکم عومەر ئەمین لە ١٩٦٤/١/٤دا کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی (ئیمام محمد) نزیک منارەی چۆلی نێژرا

ئەو شەش ساڵەی لە عەنکاوە ژیام زمانی کلدانی بە تەواوی فێربووم. هەموو قوتابییەکان مەسیحی بوون، من تاکە موسوڵمانێک بووم لە ناویاندا.

له وانەی ئایینداا ئامادە دەبووم. هەمیشە بەرزترین نمرەم وەردەگرت. فێری ئەلفوبێ و نووسینی سریانی بووم. لەگەڵ هاوڕیکانم دەچوومە کەنیسە و ئینجیلم دەخوێند.بەمە.شارەزاییەکی زۆرم لە کلتوور و ئایینی مەسیحی پەیاکرد.

ئەم گوێزانەوەیەمان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێ دینامیکییەتێک و چێژێکی تایبەتیی بە ژیانی منالیمی بەخشی و بووە هۆی شارەزابوونم لە شێوە جیاوازەکانی کوردی و زمانی کلدانی و عەرەبی فێربم..

**مامۆستاکانم لە قوتابخانەی عەنکاوە.**




**لە ڕاستەوە/ دانیشتوو : عمر أمين – لوقا دميانوس - يوسف يلدا – عبدالاحد عوديش**

**وەستاو : بويا مرقس – شمعون هرمز – حنا عبد ألاحد**

ناوی هاوپۆلەکانم لە قوتابخانەی عەنکاوەی سەرەتایی لە ساڵانی (١٩٥٣ – ١٩٥٩):

أوراها بطرس شابا – ادورد توما شعانا – افرام متى يوسف – انور يلدا بطرس – بديع بهنام – بويا ويردينا مروگى – توما بويا بطرس – جبار توما يلدا – جورج دنحا ويردينا – حبيب بويا توما – حبيب صليوة مروگى حبيب فرنسى يوسف – حنا هرمز دخوكا – دنحا بويا عطو – دنحا مرقس يعقوب – سعيد لؤقا دميانوس – سعيد منصور سولاقا – صباح بويا سولاقا – صبري صليوة كوندة – صلاح خضر عبو – عزيز دنحا توما عيسى گورگيس عيسى – غازي يوسف – فريد اسحاق كوندا – قرداغ سلمان – نعمت هرمز حكيم – نعيم مرقس – وريا عمر امين

## خوێندنی ناوەندی و ئامادەییم

خوێندنی ناوەندی و ئامادەییم لە قوتابخانەی ئامادەیی هەولێر لە سالانی (١٩٥٩ – ١٩٦٧) شوێنەکەی ئێستا بۆتە بەشێک لە پەرلەمان و سەرۆکایەتیی فەرمانڕەوایی هەرێمی کوردستان. لەو مامۆستایانەی تیایدا دەرسیان پێ وتوومەتەوە:

عبدالحمید یەعقووب – باکووری– حوسام شاکر – ئەحمەد عەبدولکەریم – عەبدولمەسیح المالح – شێخ عارف نەقشبەندی – ئەنوەر تاهیر – لەتیف حامد – مەکی ؟ - فوئاد شێخ جەماڵ - موسی خەلیل – جەلیل عبداللّە – سلێمان شاکر – عبدالرزاق محمد حداد - مەلا خدر مەولوود – جەلال غەریب عمر – عارف نقشبندی – دارا عمر و...

### لە هاوپۆلەکانم لە ساڵی یەکەمدا (١٩٥٩ / ١٩٦٠)

چەتۆ حەسەن - وریا ئەحمەد حەمەدەمین - عبدالرحمن عبداللە - اکرم محمدامین - فارووق جەمیل - ممتاز حسن - عبداللە سیدۆک - فەوزی سادق - یونس بەرهاو - مختار عساف - عاکف سلێمان - عبد الکریم شهباز - حەسەن تەویل - جەمال حەمەوەیس - مرعی سید حسن - سالم ساعاتی - غانم ساعاتی - سولاقا هرمز - یوئیل پەرچەم - غازی یوسف

## خوێندنی زانکۆییم

لە ساڵی خوێندنی (١٩٦٧ – ١٩٦٨) لە بەشی کوردی کولێجی زمانانی زانکۆی بەغداد وەرگیرام.. دوای دوو ساڵ بەشەکە گوێزرایەوە کولێجی ئاداب. لە ساڵی (١٩٧٠ – ١٩٧١) بە یەکەمی دەرچووم. ئەو مامۆستایانەی

لەم چوار ساڵەدا وانەیان پێ وتینەوە:

عەلائەددیـن سـوجادی – د. عـزەددین مسـتەفا ڕەسـوول – د. مـارف خەزنەدار – د. کەمـال فوئـاد – د. ئیحسـان فوئـاد – د. ئەمـین موتـاپچی – د. پاکیزە ڕەفیق حلمی – د. نەسرین فەخری – د. ئەحمەد عوسمان – د. حەبیب الحسنی – د. عایف حەبیب – د. ساڵح تەقی – د. کاوس قەفتان.

**ئەمەش وێنەی دەرچون و ناوی مامۆستا و هاوپۆلەکانمە:**




لەچەپەوە:

ڕیزی یەکەم :

وریا عومەر ئەمین ـ شامیل مەردان ـ یاسین مستەفا خۆشناو ـ خەلیل دۆسکی ـ عەبدولڕەحمان هەمەوەندی - ـ قاسم جەلیل عەتار ـ نەجات کەریم ـ قەیتەران موتەلیب خۆشناو

ڕیزی دووەم

د. ئەمـین موتـابچی ـ د. مەریەم عەزیز ـ د. کـاوس قەفتـان ـ د. پـاکیزە ڕەفیق حیلمی ـ مامۆستا عەلائەددین سوجادی ـ د. سـالح تەقی ـ د. ئەحمەد عوسـمان -ـ د. کەمـال فوئـاد ـ -د. عیزەدین مستەفا ڕەسوول -ـ د. محمود

غناوی الزهیری ( ڕاگری کولێج (ــ د. مەعرووف خەزنەدار –ــ د. نەسرین فەخری ـ د. ئیحسان فوئاد ـ-ئەمینە موراد ـ ساهیرە غولام – ـ کازیمە نادر.

ریزی سێیەم:

فائیقە محەمەد سالح ــ جەمیل هەمزە ــ قومرییە عەلی مەحموود ــ ڕووناک مەحموود بۆمبا ـ شوکریە ئەشرەف خەتاب ــ بەیان عەبدولکەریم ــ پەروین حەوێزی ـ نەجیبە سابیر ـ فەتحییە وەلی ـ بەرائەت عەونی ــ سوعاد سالح سەعید ــ لامیعە نوورەددین ــ سەبرییە کەریم ــ فاتیمە ئەحمەد ــ سوهام بیلال نەجار ـ ڕووناک محەممەد ــ سنۆبەر ئەحمەد خاڵ ــ سەبرییە عەبدولقادر

ریزی چوارەم

ڕەفیق حاجی سالح ـ کەریم محەمەد قاسم –ـ بابا عەلی بەرزەنجی ــ ئاسۆ عەلی ئەمین ــ عوسمان محەمەد ــ سالم خالد ــ سەلیم ڕەجەب ــ حوسێن محەممەد الکرکری ـ میخائیل سندی ـ عبد القادر محەممەد ئەمین ــ جەمال ڕەشید ـ سەلاحەددین عەلی ــ عوسمان عەبدوللا ــ بەسیمە کامیل ــ دولبەر سەلیم میران.

ریزی پێنجەم:

تاریق عەبد ـ لیۆن شەعیا ــ فەرید بیلال نەجار –ـ فازیل موعتەسەم ــ محەممەد سەلیم مستەفا ـ نزار شەوکەت.

ئامادە نەبووەکان : نەمیر نورەددین

**گۆڤاری (نۆبەرە)**

بەشداریم لە زۆربەی چالاکییە کۆمەڵایەتی و ئەدەبییەکانی بەشی کوردی دەکرد، بە وتار و شیعر خوێندنەوە و ئامادە بوون لە بۆنە ڕۆشنبیرییەکاندا. یەکێ لەو چالاکییانەم دەرکردنی گۆڤاری (نۆبەرە) بوو. لەگەڵ (د. فریاد فازیل). دەستەی نووسەرانی لە(د. فریاد فازیل زەنگەنە و محمد عبدالکریم بەرزەنجی و وریا عمر امین) پێکهاتبوو. تەنها یەک ژمارەی لێ دەرچوو. تیایدا یەکەم چیرۆکم بە ناونیشانی (هاوڕێی دڵسۆز) ل (٥٤ – ٥٦) بڵاوکرایەوە.


نۆبەرە

گۆڤار

بەغدا

١٩٧٠

زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)

ژمارەکان: تەنیا (١) ژمارەی لێ دەرچووە

مامۆستا (عبدالله زەنگەنە) گۆڤاری نۆبەرەوە بەم جۆرە پێدەناسێنێ:

ئەوانەی بە نووسین بەشدارییان تێدا کرد :

(فریـاد فازیـل زەنـگەنە – دڵشـاد مەریـوانی – شـوکرییە ڕەسـووڵ – ئەحمەد هیرانی – جەوهەر تایر – عبدالقادر ڕانیەیی – محمد بەرزەنجی – ئەنوەر جاف – سامی شۆڕش – ڕەشید عومەر – سروور عەبدولجەبار – وریا عمر امین – ئەرسەلان باییز - جەوهەر جەباری).

## مام عەباسی بۆیەچی

لە ساڵی ١٩٧٠دا، لە پۆلی چوارەمی بەشی کوردیی کولێجی ئادابی بەغدادا بووم. لە سووچی چیمەنەکەی پێشەوە،(مام عەباس) سندووقێکی پێڵاو بۆیەکردنی لە بەردەم خۆی دانابوو. مام عەباس کوردێکی فەیلی بوو. تەمەنی چل ساڵێ دەبوو. گەلێ شیعری فۆلکلۆریی لوڕیی لەبەر بوو. من لە گەڵ هاوپۆلەکانم(ئاسۆ عەلی ئەمین و قاسم جەلیل عەتار) خوا لێیان ببوورێ، دەچووینە لای، قسە و باسی خۆشمان بۆ دەگێڕایەوە. دڵمان خۆش دەکرد، شیعری دڵداریمان بۆ دەخوێند. ئەویش بە حەسرەتەوە سەیری قوتابییانی دەکرد، کوڕ و کچ لەناو چیمەنەکەدا تێکەڵاون پێکەوە، دڵخۆش و ڕوو بە پێکەنین دەخولێنەوە. هەناسەی ساردی هەڵدەکێشا و دەیگوت خۆزگەم بە خۆتان.

من زۆر بەزەییم پێدا دەهاتەوە. زوو زووە دەچوومە لای، جار و بار ساردی و لەفەم بۆ دەبرد. زۆر هۆگری من بوو، بە ڕادەیێ گەر دووسێ ڕۆژ نەچووبامە لای لێی دەپرسیم و لێم دەگەڕا.

هەرگیز نە لای ئەو نە لای هیچ کەسێکی تر قاچم نەخستۆتە سەر سندووقی بۆیەچی .

ڕۆژێ کیسەیێکی دامێ، وتی: کاک وریا تۆ هەرگیز ناهێڵی خزمەتت بکەم، ئەم دیارییەم لێ قبووڵ بکە. بینیم شیشەیێک بۆیاغ و فلچەیێکی تیایە. ئەم هەڵوێستەی ئاگری تێ بەردام، قوڵپی گریان کەوتە گەروم، هەنسکم هەڵدا، دەستم کردە ملی و کۆڵێ ماچم کرد و فرمێسکم هەڵڕشتە سەر شانی، دەستم برد بۆ گیرفانم، هەرچییەکی پێم بوو دامێ و وتم: ئەمەش دیاریی من بۆ تۆ .

من لە ژیانمدا زۆر خەم ومەینەتم چێشتووە. زۆر کارەسات و دەردەسەریم بەسەر هاتووە، هیچ کامێکیان بەو قووڵی و توندییەی ئەو جارە ناخی نەهەژاندووم و نەیڕووخاندووم. ئێستاش دوای (٥٤) ساڵ کە دێتە بیرم فرمێسک لە چاوما دەزێ.

هەزار ڕەحمەتت لێ بێ مام عەباس، ئاخۆ ئێستا خۆڵی کام گۆڕستانی

غوربەتی.

**وێنەم لەگەڵ مام عەباسدا لە ئەلبۆمدا ببیین**

**زرار و یوسف دوانەکەی بەشی کوردی**

(زرار مەولوود و یوسف مەولوود) دوو قوتابیی بەشی کوردی بوون. دوو ساڵ دوای من. دوو دووانەی هاودەق بوون. بالآبەرزی لەش کەڵەگەتی قەڵەو. هەمان جۆر جلیان لەبەر دەکرد. لێک جیا نەدەکرانەوە. یێکێکیان لە پۆلی(ا) بوو ئەویتر (ب). تەنانەت لە ناو پۆلیشدا لە هەمان شوێندا دادەنیشتن. مامۆستا عەلائەددین سوجادی وانەی ئەدەبی لە هەردوو پۆلەکەدا دەوتەوە. دەچووە کام پۆڵ هەمان قوتابیی دەدی بەرانبەری دانیشتووە. مامۆستا عەلائەددین وایزانی ئەوە هەوادارییەتی حەز لە وانەکانی دەکات بۆیە لە هەردوو پۆلەکەدا ئامادە دەبێ. ڕۆژێ دوای زەنگ لێدان بانگی دەکات و پێی دەڵێ: تۆ بۆ هەمیشە وانەی خۆت بەجێ دەهێڵی دێیتە وانەکەی من. بەو دەمە ئەوەکەی تر پەیا بوو. مامۆستا عەلائەددین دوو سێ جار سەیرێکی کرد و سەیرێکی ئەوەکەی تری کردەوە و ڕووی لە قوتابییەکانی تر کرد و بە سەرسوڕمانەوە وتی (ئەرێ ئەمە چی بوو !؟).

**کامیان شەڕکەرەکە بوو؟**

ڕۆژێکیان یێکێکیان، هەر خوا خۆی دەزانێ کامەیان بوو، بەرەو کولییە دەهات، لە ڕێگا تووشی چەند گەنجێ دەبێ لێیان دەبێ بە مشتومڕ و شەڕە بۆکسانێ. دوای دەکەون تا کوللیە. لە دەرەوە بۆی دەوستن. دەوام تەواو دەبێ، قوتابییان دەرچوون. گەنجەکان بینییان، بە سێیان بۆی هاتن و دایانە بەر شەق و بۆکسان. تومەز ئەوەکەی تر بوو شەڕی لەگەڵیاندا کردبوو. ئەوەکەی تر بۆیان هات. گەنجەکان وەک تیسکەی تفەنگ ڕایانکرد.

**بانگی پێشوەختە**

ڕۆژێکیان دوای نیوەڕۆ بوو(من و مەحمود زامدار و جەمیل هەمزە کاکەشین) چووینە سەردانی مامۆستا (عەلائەددین سوجادی) لە مزگەوتی(نەعیمە خاتوون) لە مەیدان. کە دانیشتین. مامۆستا بە مام قادری

مجێوری مزگەوتەکەی گوت: مام قادر نەختێ ئاومان بۆ بێنە. مام قادر چووە سەربان و دەستی کرد بە بانگدان. مامۆستا عەلائەددین سوجادی وتی: وریا خێراکە زوو فریا کەوە، من بە مام قادرم وت نەختێ ئاومان بۆ بێنە، ئەو چوو بانگ بدات. هێشتا سەعاتێکی ماوە بۆ بانگ. ئەوە دووسێ جارە ئەم بەزمەمان پێ دەکات.

مامۆستا عەلائەددین لە کتێبی(ڕشتەی مرواری) دا ئەم بەسەرهاتە باس دەکات.

**یارمەتیدانی هاوپۆلەکانم**

هەموو ساڵ مامۆستایانی ئەدەب و زمان و مێژوو داوای نووسینی ڕاپۆڕتیان لە ئێمەی قوتابییان دەکرد. هەندێ لە هاوڕێکانم پێیان ئاسان نەبوو. داوای یارمەتییان لێ دەکردم. هەشبوو داوای دەکرد من بۆی بنووسم. منیش یارمەتیی هەموویانم دەدا و بۆ هەندێکیشیانم دەنووسییەوە. بۆ ئەمە دەبوو هەموو سەرچاوەکان بخوێنمەوە. ئەنجامەکەی ئەوە بوو من سوودێکی زانستیی زۆرم وەردەگرت، ئەوان نمرەی باش.

لە ڕێکەوتە سەیرەکان ئەوە بوو، مامۆستای مێژوو(د. ئەحمەد عوسمان) و مامۆستای ئەدەب (د. ئیحسان فوئاد) داوای ڕاپۆڕتیان لێ کردبووین. من هەردووکیانم ئامادەکرد و لە هەمان ڕۆژدا پێشکەشم کردن. بە هەڵە هی ئەدەبم دابوو بە مامۆستای مێژوو و هی مێژوو بە هی ئەدەب. ئەنجام هەردووکیان(نایاب) یان دابوومێ.

**قومرییە عەلی مەحمود**

خولی ئێمە پەنجا (١٩٦٧ – ١٩٧١)، (٤٩) قوتابی بووین. دابەش کرابووینە سەر دوو پۆل(ا و ب)،(ا) لە نهۆمی خوارەوە بوو (ب) لەسەرەوە. من لە (ب) دا بووم. (قومرییە عەلی مەحمود) کە لە(ا) دا بوو، دەسخەتێکی یەکجار جوانی هەبوو. هەموو تێبینییەکانی وانەی ئەدەبی د. ئیحسانی دەنووسییەوە. زۆر جار د. ئیحسان دوای لە من دەکرد بچم دەفتەرەکەی (قومری) بهێنم. تا هەمان بابەت بخوێنین. چوون و گەڕانەوە لایەنی کەم سێ

خولەکی دەخایاند. ڕۆژێکیان پێش زەنگ دەفتەرەکەم لە قومری وەرگرت، خستمە ژێر کراسم. د. ئیحسان هات داوای لێکردم دەفتەرەکە بهێنم. دەرچووم دەرگاکەم لە دوای خۆم داخست، تا (١٠) دەم ژمارد و بە دەفتەر بە دەستەوە دەرگاکەم کردەوە و هاتمە ژوور، قوتابییەکان هەموو ئەبڵەق بوون، بە دەنگێکی بەرز دایانە زرمەی پێکنین. د. ئیحسان وتی: ئێستا زانیتان بۆ هەمیشە داوا لە وریا دەکەم دەفتەرەکە بهێنێ.

**پلاییس و دەرنەفیس**

ڕۆژێکیان وانەی (د. ئیحسان فوئاد) مان هەبوو. هات و لە شوێنی خۆی دانیشت. دەستی بۆ سەعاتەکەی برد قورمیشی بکات . قورمیشەکە نەدەسوورا، ڕووی لە ئێمەی قوتابییان کرد و وتی؛ ئەرێ کەس پلاییسێکی پێ نییە؟ منیش جانتاکەم کردەوە و دەرنەفیسێک و پلاییسێکم خستە بەردەمی. هەموو ئەبڵەق بوون و دایانە زرمەی پێکەنین.

**ئاهەنگی دەرچوون (٢٦ نیسان ١٩٧١).**

سێ ڕۆژ  پێش ئاهەنگی دەرچوون، د. عزەددین مستەفا ڕەسوول داوای لێکردم شتێ لە ئاهەنگەکەدا پێشکەش بکەم. منیش ئەم پارچە شیعرەم بە ناونیشانی (فرمێسکی ماڵئاوایی)  هۆنییەوە و لە ئاهەنگەکەدا پێشکەشم کرد. هاوپۆلم هونەرمەند(یاسین مستەفا) عەریفی ئاهەنگەکە بوو. ئەو منی پێشکەشکرد بۆ خوێندنەوەی شیعرەکە:

**فرمێسکی ماڵئاوایی**

**ئەی فرمێسکی قەتیسماو  لە گلێنەی چاو**
**ئەی ئەو ئاخەی کە دەروونم ئەکەیت بە ئاو**
**ئەی ئەو دڵەی کە جێنشینی خەفەتی**
**ئەی ئەو بوونەی ئێمڕۆ لەتاوا لەتلەتی**
**ئەی ئەو لەشەی یەک تۆز هێزت تیا نەماوە**
**ئەی ئەو هەستەی برینداری لە سەد لاوە**
**ئەی ئەو خوێنەی وەک پڕوشکی ئاگر گەرمی**

ئەی ئەو ئـــاواتە پـــڕژینەی ئیســـتا تەرمـــی
دوا ماڵئاواییتـــان بـــکەن لەم چـــوار ســـاڵە
ئـــاهەنگێکی خـــۆش بگێـــڕن هەرچەن تـــاڵە
ئەو چوار ساڵەی پڕ خۆشی بـوو، پـڕ شـیرینی
کە بەســـــەرچوو بە ئـــــاوات و خەوبینینـــــی
ئەو چوار ساڵەی هەموو دەمێکـی سـەیران بـوو
دڵمان شاد بـوو .. دەممـان بە بەستەو حەیـران بـوو
ئەو چـوار سـاڵەی بە نـاو گوڵانـا گەشـتێ بـوو
لە بـۆنی خـۆش و جوانییـا .. بەهەشـتێ بـوو
ئەو چوار ساڵەی هەر ئێسک سووکی و هەر ناز بـوو
هەر چرپەبـوو.. هەر دەنگـی خـۆش و ئـاواز بـوو
ئەی ئەو کـــچە خنجـــیلانەی ئـــاواتم بـــووی
تــۆ پەرســتگای دڵــی غەمگــین و مــاتم بــووی
تـــاڵە تیشـکی شـــەوی ژینـــی پـــڕ زارم بـــووی
خـــۆری ئاسـۆی گـــوڵزاری بـــێ بەهـــارم بـــووی
شـــــنە و بـــــاران و فێنکیـــــی بیابـــــانم بـــــووی
زەردەخەنەی ســـەر لێـــوی بە گریـــانم بـــووی
ئێشـــلابەری دەرد و زامـــی کەساســـیم بـــووی
هێـــز و تـــین و خـــۆراکی گیـــانی برسـیم بـــووی
ســـــەردەمێکە.. ئەمەوێ و جـــــورئەت نـــــاهێنم
لەبەر دەمتـــــا بوەســـــتم بـــــۆت بـــــدرکێنم
تێتگەیێـــــــنم ..لە چ دۆزەخێکـــــــا ژیـــــــاوم
بـــــــزەی چـــــــاوت..چ گرێکـــــــی تێـــــــبەرداوم
ئەوا ئەڕۆی..ئیتـــر بە چـــی ســـەبووریم بـــێ
لەدوای تۆ چی دەرمـــانی دەردی دووریـــــم بێ

**دوای ئەم شیعرە مامۆستاکانم ناسناوی (خەلیفەی گۆران) یان پێ بەخشیم.**

عبـدالرزاق بیمـار و کەریـم شـارەزو و مەحمـوود زامـدار و ... وتـار و

لێکۆڵینەوەیان لە بارەیەوە بڵاوکردەوە... **(ئەحمەد زەردەشت)** لە(گۆڤاری گەرمیان (ژ ١٠)ی ساڵی ٢٠٠٦،(ل ٦١ – ٦٣)دا، وتارێکی بە ناونیشانی (خوێندنەوەی ژیانی خوێندکاران وفرمێسکی ماڵئاوایی د. وریا عمر امین)، بڵاو کردۆتەوە، تیایدا لە بارەی ئەم شیعرەوە دەڵێ:


(... لەم شیعرە ناسک و پڕ هەست و نەستە ڕاستەقینەیەی مامۆستا (وریا) ڕۆمانسییەت و ڕیالیزم دەست لە ملانی یەکتر دەبن و بە وشە ناسک و سادە و ساکارە کوردییە پاراو و ڕەسەنەکانی، بە بێ ئارایشت و جوانکاریی دەستکرد، شاکارێکی ئەدەبی تۆمار دەکات و ئەڵبەتە(وریا) بەم چامەیە تەنها تەعبیر لە زاتی زاتییەتی خودی خۆی ناکات، بەڵکوو بگرە هەستی تەواوی هاوتەمەنی ئەو سەردەمەی خۆی و تەواوی گەنجان و هەمیشە دڵتەڕان دەکات. تەعبیر لە قۆناغێکی تەواوی ژیانی مرۆڤ دەکات. ئەوەتا لە ئاهەنگی دەرچوونی بەشی کوردیی ساڵی ١٩٧١ دا وریای خوێندکار ئەم شاکارە ئەدەبییەی خوێندۆتەوە و پێشکەشی کردووە بە هاوڕێ و هاوپۆلەکانی ...).

## خوێندن لە زانکۆی مۆسکۆ و زانکۆی لەندەن

لە ١١ ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ دا بەیاننامەی ١١ی ئازار دەرچوو. یەکێ لە برگەکانی ئەوەبوو حوکمەتی عیراق قوتابیی کورد بنێرێتە زانکۆکانی دەرەوە بۆ خوێندنی دکتۆرا لە زمان و ئەدەبی کوردیدا. ئەو ساڵە بوو من بە یەکەمی لە بەشی کوردیی زانکۆی بەغداد دەرچووم. یەکسەر تەقدیمم کرد و ناوم دەرچوو بۆ خوێندن لە زانکۆی مۆسکۆ لە یەکیەتیی سۆڤیەتدا. .من یەکێ بووم لە ٨١ قوتابیی تر لە بوارە هەمەچەشنەکان (ئەندازیاری – سەیدەلە – جیۆلۆجی – کشتوکاڵ – نەوت - زانستی ماسی – زمان – ئەدەب ..)

من لە (٢٥ حوزەیران١٩٧٢) چووومە مۆسکۆ. لە زانکۆی مۆسکۆ دەسمان کرد بە خوێندنی زمانی ڕووسی.دوای ئەوەی کۆڕسی زمانمان تەواوکرد یەکسەر دراینە سەرپەرشت بۆ ئەوەی نامەی دکتۆرا ئامادە بکەین. بێ ئەوەی ماجستێرمان هەبێ و بێ ئەوەی هیج کۆڕسێ وەرگرین. وەزارەتی خوێندنی باڵای عیراقی بەم پڕۆگڕامە ڕازی نەبوو. بە خوێندنی باڵای

سۆڤیەتی ڕاگەیاند، کە ئەمە لەگەڵ پێکهاتنەکانمان و پێویستییەکانی خوێندنی باڵای جیهانی ناگونجێ. وا دیارە سۆڤیەت ئامادە نەبوون پڕاگرامی خۆیان بگۆڕن کە(کاندیدات) بوو. ئەنجام .پەیوەندیی زانستی و ڕۆشنبیریی نێوان عیراق و سۆڤیەت تێکچوو. خوێندنی باڵای عیراقی فڕۆکەیێکی تایبەتیی ناردە مۆسکۆ و لە (٥ ئەیلوول ١٩٧٣) هەموومانی کە (٨١) قوتابی بووین کێشایەوە. کە گەییشتینە بەغداد، لە فڕۆکەخانە وەزیری خوێندنی باڵا (هشام الشاوی) پێشوازیی کردین و وتی، بەیانی هەمووتان وەرنە وەزارەت بۆ کۆبوونەوە. لە کۆبوونەوەکەدا وەزیر دەریخست کە لایەنی سۆڤیەتی سەرپێچییان کرد و بە پێی پێکهاتنەکانمان لەگەڵتاندا کاریان نەکرد، بۆیە ئێوەمان کێشایەوە و بریارمان دا هەمووتان بنیرینە زانکۆیە ڕەسەنەکانی ئەمەریکا و وڵاتە ئەوڕوپییەکان.


MINISTRY OF HIGHER AND SPECIALIZED SECONDARY EDUCATION OF THE USSR

MOSCOW STATE UNIVERSITY named after M.V. LOMONOSOV

Preparatory faculty for foreign citizens

No. pf34

25th June, 1973

CERTIFICATE

The Dean's Office of the preparatory faculty for foreign citizens of the State Moscow University named after M.V. Lomonosov certifies that the citizen of Iraq **WARIA OMER AMIN** attended this faculty in 1972-1973 academic year and passed the following examinations and credit-tests:

| | |
|---|---|
| Russian language | excellent |
| Introduction to study social sciences | passed |
| ~~Mathematics~~ | |
| ~~Physics~~ | |
| ~~Chemistry~~ | |
| ~~Biology~~ | |
| Literature | passed |

Dean of the preparatory faculty of MSU — I.A. VORONKOV

وثيقة السنة التحضيرية

EMBASSY OF THE REPUBLIC OF IRAQ CULTURAL OFFICE - MOSCOW

29.6.73
Luda

مـن قبـوولْم لە زانكـۆی لەنـدەن لە کـولێجی SAOS بەشـی زمـانەوانی دەسـکەوت، لە ٢١ ی ئـازاری ١٩٧٤چـوومە لەنـدەن. ئـامۆزام (ئەمـین زەکـی ئەمین) کە ئەوسـا لە لەندەن دەژیـا هـاتە پێشـوازیم لە فڕۆکەخـانەی (هیتـڕۆ). حەفتەیێ لە ماڵی لە ناوچەی ( Richmond)  مـامەمەوە. لەگەڵمـدا هـات هەمـوو پێویستییەکانی نیشتەجێبوون شوێن دابینکردنی بۆ سەروبەرکردم.

بـاوکی (ئەمـین)، مـامم (زەکـی ئەمـین) ئەفسـەرێکی عوسـمانی بـوو، کە حوکوومەتی پاشایی عیراق لە سـالێ ١٩٢٢ دامەزرێنـرا، بـوو بە بەڕێوەبەری هێزی ئاسـمانیی سـوپای عیـراق. پەیکەرتاشـێکی هونەرمەند بـوو، پەیکەرێکـی فـڕۆکەی لە بەر دەرگـای فڕۆکەخـانەی سـەربازیی ئەوسـا بنیـات نـا، زۆر بەناوبانـگ بـوو. لە گەڕەکی(ئەعـزەمییە) لە بەغـداد دەژیـا، پەکەرێکـی شـاهینی لەسەربان بنیات نابوو، بووبوو بە ناونیشان. دەیانگوت(شارع النسر/ شەقامی شـاهین). ئێسـتاش ئەو شـەقامە هەر بەو نـاوە ناسـراوە. ئامۆزاکانم(عەدنـان و ئەمـین و مائیـدە و هــاجەر)، هەمـوو ئەنـدازیار و هونەرمەنـدی ناسـراوی سەردەمی خۆیان بوون.

(عەدنان زەکی ئەمین/ ١٩٣١ – ٢٠٠٥)، ئەندازیارێکی تەلارسازیی ناودار بـوو. لە شـاکارەکانی (دیـزاینەر و بنیـاتنەری بـورجی سـەیرانگای زەوڕا (بـرج حدیقه الزورا)  لە بەغداد و کەلێ پڕۆژەی ئاوەدانکاریی تـر بـوو لە سـەرتاپای عیراقدا.


لە بارەی کەس وکارەکـانی تـرم ئەوانەی لە بەغـداد دەژیـان د. عیـزەددین مستەفا ڕەسوول لە وتاەکەیدا لە ڕێوڕەسمی ڕیزلێنانی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری و لاوان لە (٢٠١٦/٣/٣٠)دا دەڵێ:

(د. وریا کوڕی بنەماڵەییێکی کورد پەروەرە. باوکی مامۆسـتایەکی گەورە بوو. چەن نەوەی پێگەیاندبوو. ڕەحمەتیی مـامی ئەحمەد فەخـریم دەناسـی کە یەکێک بـوو لە ئەنـدامە بەردەوامەکـانی یـانەکەی مامۆستا(بەشـیر موشـیر) .. هەستی قووڵی کوردایەتیی لێ دەڕژا).

د. عزەددین لە کتێبی (بەکر سدقی لە مێژووی کورد و عیراقدا/٢٠١٤ – ل ١٨ – ١٩) ئەم زانیارییانە دەخاتە ڕوو.

## دەستکردن بە خوێندن

شـەش مانـگ زمـانی ئینگلیـزیم لە پەیمانگـای LTC خوێنـد. لە سـاڵی خوێندنی (١٩٧٥/١٩٧٦) دەستم کرد بە خوێندن تا ساڵی(١٩٨٠) تەواومکرد و لە (١٩٨٠/٤/٢٠) گەڕامەوە عیراق.


EMBASSY OF THE REPUBLIC OF IRAQ.
CULTURAL DEPARTMENT.
20 QUEEN'S GATE,
LONDON, SW7 5JG

سفارة الجمهورية العراقية
الدائرة الثقافية
لندن

TEL: 01-584 7141
IN REPLY PLEASE QUOTE
OUR REF:
YOUR REF:

الرقم / الادارة والذاتية / ٤٢٠ / تعليم عالـي
التاريخ ١٦/٤/٩٨٠

الى :
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
دائرة البعثات / مديرية بعثات قارة اوربا
م/ اكمال متطلبات دراسة

يسرنا اعلامكم بان السيد وريا عمر امين طالب بعثتكم الى المملكة المتحدة قد اكمل متطلبات الحصول على شهادة الدكتوراه في موضوع اللغة الكردية من جامعة لندن بتاريخ ١٨/٣/٩٨٠ استنادا الى كتابها المؤرخ في ٢٠/٣/٩٨٠ .
نرفق طيا نسخة من اطروحته الموسومة :

ASPECTS OF THE VERBAL CONSTRUCTION IN KURDISH

للاستفادة منها والاحتفاظ بها لديكم وقد اعلمنا خطيا بانه سيغادر الى الوطن وعن طريق الجو بتاريخ ٢٠/٤/٩٨٠ .
مع التقدير ،،

المرفقات : ١ـ صورة كتاب الجامعة . ٢ـ نسخة من الاطروحة .

طليع مصطفى مكي
م/ المستشار الثقافي

نسخة منه الى :
ـ وزارة التعليم العالي والبحث العلمي / دائرة البعثات / مديرية بعثات قارة اوربا مع صورة من كتاب الجامعة ونسخة من الاطروحة / للتفضل بالعلم مع التقدير .
ـ وزارة التعليم العالي والبحث العلمي / دائرة البعثات / الحسابات / للتفضل بالعلم مع التقدير .
ـ وزارة الاعلام / المكتبة الوطنية / مع نسخة من الاطروحة لحفظها لديكم مع التقدير
ـ رئاسة جامعة بغداد / المكتبة المركزية / مع نسخة من الاطروحة لحفظها لديكم مع التقدير .
ـ " " الموصل / " " / " " " "
ـ " " البصرة / " " / " " "
ـ " " السليمانية / " " / " " "
ـ " " التكنولوجية / " " / " " "
ـ " " المستنصرية / " " / " " "
ـ الحسابات / للعلم وصرف تكاليف طبع الاطروحة رجاء .
ـ لجنة الكتب الصادرة .
ـ السيد وريا عمر امين / مع التهاني متمنين له سلامة العودة الى الوطن
١٦/٤

ئەو کـاتەی گەڕامەوە کەشـوهەوای دەسـتپێکرنی جەنگـی نێـوان عیـراق و ئێران دەستی پێکردبوو.بـارودۆخ زۆر شـڵەژابوو، عیـراق هەمـوو توانینەکـانی ڕاگەیـاندنی خـۆی تەرخـانکردبوو بـۆ هەڕەشـەکردن و دژایەتیکردنـی ئێـران و

خـۆ ئامـادەکردن بـۆ جەنگـی سـەربازی لەگەڵیدا. بە سـەدان هەزار کەسـیان ئـاوارەکرد گـوایە(تەبەعییەن) واتـا بەنـژاد ئێـرانین. تەنـانەت یێکێکـی وەک شاعیری گەورە(جەواهیری) ڕەگەزنـامەی عیراقییـان لـێ کێشـایەوە بەوەی کە عیراقـی و عەرەب نیـیە. بە سـەدانیان خسـتە بەنـدیخانەکان و لەنـاوبرد و شـوونبزر کرد بە تـاوانی سیخووڕیکردن بۆ ئێران. هەر شـتێ پەیوەنـدیی بە ئێران و ناوی ئێرانەوە هەبا قەدەغە کرا، تەنانەت کەس نەیدەوێرا ناوی ئێران بهێنێ.

ئـا لەم کـاتە سـەختەدا مـن گەڕامەوە. لە خوێنـدنی بـاڵا نامەکەمیـان بـۆ خەبیـری سـەلامەی فیکـری نـارد. بـۆ نیگبەتـی لە دێـری یەکەمـی پێشـەکیی نامەکەمدا دەڵێم:

Kurdish is a north western Iranian Language spoken by about 12,000,000 people in Kurdistan [!]

واتا : (کوردی زمانێکی باکوور – ڕۆژئـاوای ئێرانییە نزیکەی ١٢ملیـۆن کەس قسەی پێدەکەن)[1] بۆ ئەم زانیارییە ئاماژە بە سەرچاوەی ( M. Short & A.McDermott.) دەکەم، کە ڕاپـۆرتێکە بە ناونیشـانی (Kurds) بـۆ (نەتەوە یەکگرتووەکان) ئامادە کرابوو باسی کێشەی کورد و چەوساندنەوەی دەکات بە دەستی ڕژێمەکان.

خەبیـری نـامەکەم بە ڕەنگـی سـوور هێڵـی بە ژێریانـدا کێشـابوو و لە ڕاپۆرتەکەیـدا وای خسـتبووە ڕوو کە (مـن کوردسـتان دەکەم بە بەشـێک لە ئێـران و کـورد ئێـرانیین. ئەمە قسـەیێکی ترسـناکە لەگەڵ ئـاوات و بەهاکـانی ئـوممەی عەرەبـی نـاگونجێ سـەرچاوەی قەدەغەی بەکـار هێنـاوە... هتـد). لە لێپێچینەوەیـان لە گەڵمـدا، بـۆ خـۆ ڕزگـارکردن وتـم سەرپەرشـتەکەم ئەمەی بەسەرما سەپاند. ژیانم کەوتە مەترسی، یەکسـەر چوومە لای مامۆستاکانم (د. کەمال مەزهەر ئەحمەد) و (د. عیزەددین مستەفا ڕەسوول) و لە ڕێی (د. عبدالستار تاهیر شەریف) و هیی ترەوە، فریام کەوتن.

دوای سێ مانگ هات و چوو و واسـتە و واسـتەکاری و تـرس و لەرز و تـۆقین، داوایـان لێکـردم (ئەم دێـرە و سـەرچاوەکەی لابەم و بە نووسـین

دەریخەم کە سەرپەرشتەکەم ئەمەی بە سەرما سەپاندووە). بەم جۆرە نەجاتم بوو.

ئەم گواستنەوەم لە مۆسکۆوە بۆ لەندەن بەخێر گەڕایەوە. زۆر سوودبەخش بوو بۆم. بەمە شارەزاییم لە ئەزموونی دوو وڵات و سیستەمی جیا پەیاکرد. دوا کەوتن لە هەموو شتێکدا زیانە لە زانستدا نەبێ قازانجە. کە لە زانکۆی لەندەن دەمخوێند ئاواتم دەخواست پەیوەندیی نێوان عیراق و ئینگیلتەرا تێکچێ بەڵکو ئەمجارە دەماننێرنە ئەمەریکا.

## INTRODUCTION

Kurdish is a northwestern Iranian language spoken by about 12,000,000 people in Kurdistan.(1) Kurdistan is situated in the heart of Asia Minor and occupies the greater part of the mountainous region extending between the Black Sea and the steppes of Mesopotamia on one side, and the Anti-Taurus range and the Iranian Plateau on the other. Today Kurdistan includes portions of Iraq, Iran, Turkey, Syria and the Soviet Union.

As regards the question of the origin of the Kurds, we are confronted with more than one theory. Some rely on linguistic evidence and consider them Indo-European in origin since their language is Iranian. Others relate them to other Asiatic groups like the Chaldeans and Georgians. Whatever the historical implications of Kurdish may be, and from whatever source it may have derived, is not our concern, since we are here dealing with it synchronically. However, its close relationship to Persian is obvious.(2)

Kurdish has been influenced by Arabic, as it has also been influenced by all the languages with which it has cultural and geographical contact, such as Turkish and Persian.

---

(1) Inadequate census information prevents any clear understanding of the total number of Kurds. Confusion is total. The variations in population estimates are between 6,990,000 and 16,470,000. See Short, M. and McDermott, A. (1975).


(2) For different opinions about the origin of the Kurds and their language, see MacKenzie D.N. (1961a), Minorsky, V. (1940) and Wahbi, T. (1974).


**بوونم بە ئەندامی کۆمەڵەی فیلۆلۆجیی .**


کـۆمەڵەی فیلۆلـۆجیی بەریتـانی لە سـاڵی 1842دامەزرێنـراوە لە لایەن مامۆستایانی زمانەوانیی زانکۆی لەندەن. ئامانجی کۆمەڵەکە، کۆ کردنەوە و گەشـەدان بە زانیـاریی زمـانەوانیی گشـتییە. مەرجی سـەرەکی بۆ بـوون بە ئەندام پێشکەشکردنی دیاردەییێکی زمانەوانیی ڕەسـەنی پێشـتر بـاس نەکراوە. لە سـاڵی 1978 دوای بڵاوکردنەوەی کتێبەکەم Some Fundamental Rules of Kurdish Syntax structure کە یەکەم کـار بـوو لە بـارەی شـیکردنەوەی زمـانی کـوردی بە ڕێبـازی Structuralis، بـووم بە ئەنـدامی ( کـۆمەڵەی فیلۆلۆجیی بەریتانی Philological Society . لەم کتێبەدا دیاردەییێکی زمانی کوردیم خستۆتە ڕوو کە پێشتر لە بواری زمانەوانیی گشتیدا نەبیسترابوو.

مامۆستای زمـانەوانیم پڕۆفیسـۆر Theodora Bynon منی بۆ ئەندامێتی هەڵبژارد.

لە پاشـکۆی گۆڤـاری کـۆمەڵەی فیلۆلـۆجیی سـاڵی ١٩٧٨ لیسـتی نـاوی هەموو ئەندامانی کۆمەڵەکە لە ساڵی ( ١٩٠٢ ەوە تا ١٩٧٨) خراونەتە ڕوو. لە لاپەڕە (xxi ) دا ئاماژە بە ناوی من کراوە.(شەشەم ناو لە ژێرەوە)





PHILOLOGICAL SOCIETY

COUNCIL 1977–78

*President*

PROFESSOR A. M. DAVIES, PH.D.

*Vice-Presidents*

†MISS A. WOODWARD, M.A.
PROFESSOR SIR HAROLD W. BAILEY, M.A., D.PHIL., F.B.A.
PROFESSOR L. R. PALMER, M.A., PH.D., D.PHIL.
PROFESSOR SIR RALPH TURNER, M.C., M.A., LITT.D., F.B.A.
PROFESSOR J. BROUGH, M.A., D.LITT., F.B.A.
PROFESSOR W. SIMON, C.B.E., D.PHIL., D.LIT., F.B.A.
PROFESSOR W. S. ALLEN, M.A., PH.D., F.B.A.

*Ordinary Members of the Council*

MISS J. M. AITCHISON, M.A.
PROF. R. AUTY, M.A., DR. PHIL., D.LITT., F.B.A.
C. J. E. BALL, M.A.
PROF. N. E. COLLINGE, M.C., M.A., PH.D.
J. CREMONA, M.A., PH.D.
PROF. R. A. CROSSLAND, M.A.
PROF. C. J. F. DOWSETT, M.A., PH.D.
I. GERSHEVITCH, PH.D., F.B.A.
PROF. W. HAAS, M.A.
PROF. E. J. A. HENDERSON, B.A.
PROF. P. H. MATTHEWS, M.A.
D. R. MCLINTOCK, M.A.
PROF. T. F. MITCHELL, B.A.
PROF. G. PRICE, M.A., D.DE L'U.
PROF. P. B. SALMON, M.A., PH.D.
PROF. M. SAMILOV, PH.D.
L. SEIFFERT, M.A., DR.PHIL.
PROF. H. L. SHORTO, M.A.
N. V. SMITH, PH.D.
PROF. J. C. WRIGHT, M.A.

*Hon. Treasurer*

PROFESSOR E. J. DOBSON, M.A., D.PHIL., F.B.A.

*Hon. Secretaries*


PROFESSOR R. H. ROBINS, M.A., D.LIT., School of Oriental and African Studies, University of London, London, WC1E 7HP.
J. H. W. PENNEY, M.A., Wolfson College, Oxford (*for Publications*)

*Auditors*

A. B. ADAMS & CO., Prama House, Banbury Road, Oxford

*Bankers*

MESSRS. BARCLAY & CO., LTD., 1 Pall Mall East, S.W.1.
Subscription, £7·00 a year (due 1st January).
Agents and Publishers for the Society: Basil Blackwell, 108 Cowley Road, Oxford.
Publishers of *Publications* I–XV and the Society's *Dictionary*, Oxford University Press, Walton Street, Oxford OX2 6DP.



MEMBERS OF THE PHILOLOGICAL SOCIETY, APRIL, 1978 xxv

1949. STOCKHOLM. Universitets Biblioteket, Förärvsavdelningen, Fack, S-104 05 Stockholm 50, Sweden.
1947. STOCKHOLM. Kungl. Biblioteket, Stockholm, Sweden.
1969. SUDBURY. Serials Department, Laurentian University Library, Sudbury, Ontario, Canada.
1966. SYDNEY. Macquarie University Library, North Ryde, N.S.W. 2113, Australia.
1975. TALLAHASSEE. Florida State University Library, Tallahassee, Florida 32306, U.S.A.
1962. TAMPA. University of South Florida Library, Tampa, Florida 33620, U.S.A.
1969. TOKYO. Ochanomizu University Library, Otsuka 2-chome, Bunkyo-ku, Tokyo, Japan.
1900. TORONTO. The University Library, Toronto, Ont., Canada M5S 1A5.
1957. TRIESTE. Istituto di Glottologia, Università, Via dell' Università 7, 34100 Trieste, Italy.
1977. TRIVANDRUM. Kerala University Library, Trivandrum 695001, Kerala State, South India.
1937. UPPSALA. Kungl. Universitets Bibliotek, Box 256, S-751 05 Uppsala 1, Sweden.
1956. VANCOUVER. The Library, University of British Columbia, Vancouver 8, Canada.
1929. WASHINGTON. The Library of Congress, Order Division (9001585), Washington, D.C. 20540, U.S.A.
1962. WÜRZBURG. Universitätsbibliothek, Domerschulgasse 16, D–87 Würzburg, Germany.
1967. YORK. The Library, The University, Heslington, York YO1 5DD.

ASSOCIATED SOCIETIES

1939. LINGUISTIC SOCIETY OF AMERICA, c/o Professor William Bright, Anthropology Department, University of California, Los Angeles, Calif. 90024, U.S.A.
1960. LINGUISTIC SOCIETY OF INDIA, c/o Deccan College, Poona 6, India.

STUDENT ASSOCIATES

1977. AMIN, W. O., Dept. of the Near and Middle East, School of Oriental and African Studies, Malet Street, London WC1E 7HP.
1977. BURR, M. J., B.A., Glebe House, The Leys, Chesham Bois, Amersham, Bucks.
1976. CRISP, S. R., B.A., St. Catherine's College, Oxford.
1977. KAKOURIOTIS, A., School of Oriental and African Studies, Malet Street, London WC1E 7HP.
1974. KAY, Miss Helen S., B.A., 14 Buckingham Avenue, Liverpool 17, Lancs.
1975. MCCONE, K. R., B.A., Hertford College, Oxford OX1 3BW.

**ئەو مامۆستا و پرۆفیسۆرانەی لە کۆرسەکاندا وانەیان پێ وتوومەتەوە:**

R. H. Robins – J. D. O'Connor – Neil Smith – Theodora. Bynon – A. C. Gimson – D. N. Makenzie - Frank R. Palmer - David Crystal – Nicholas Sims-Williams

**مامۆستا و سەرپەرشتم مەکەنزی D. N. Makenzie**

د. مەکەنزی مامۆستام بوو. وانەی فیلۆلۆجیی زمانە ئێرانیەکانی پێ دەوتمەوە. مەکەنزی لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا هاتبووە کوردستان بۆ فیربوونی زمانی کوردی و کۆکردنەوەی کەرەسە بۆ لێکۆڵینەوەی دکتۆراکەی بە ناونیشانی (Kurdish Dielect Studies)، لە ساڵی ١٩٦١ بە دوو بەرگ لە (Oxford University Press – London) بڵاوکرایەوە. بەرگی یەکەم لە بارەی ڕێزمانی کوردییەوەیە، بەرگی دووەم کۆمەڵە

چیرۆکێکی فۆلکلۆریی کوردییە بە ڕێنووسی لاتینی.
مەکەنـزی خزمەتێکـی زۆری بە زمـانی کـوردی گەیانـدووە و ڕۆڵێکـی زۆری هەبووە لە ناساندنی زمانی کوردی بە زانکۆکانی ڕۆژئاوا.
جگە لە زمـانی کـوردی، کـاری لەبـارەی زۆربەی زمـانە ئێرانییەکـانەوە کردووە (خوارزمی ـ پەهلەوی ـ ئێرانیی ناوەڕاست ـ سوگدی ـ پشتۆ....). بەرهەمێکی زۆری زانستیی پتەوی پێشکەش کردووە و بۆتە سەرچاوە و مەرجەعێکی جیهانی بۆ زمانی کوردی و زۆربەی زمانە ئێرانییەکان .
د. مەکەنزی بلیمەت و یەکجار زیرەک و قسەخۆش و پێخەنزان بوو. ناوە ناوە بەسەرهات و بیرەوەرییەکانی خۆی لە کوردستاندا بۆ دەگێڕامەوە. یێکێ لەوانە کە زۆر سەیر و سەرنجڕاکێش بوو ئەوەیە کە تا ئیستاش کە دێتە بیرم تێر پێدەکەنم :
وتی جارێکیان لە خزمەت ئاغای گوندێکدا دابەزیبووم، لە دیوەخانەکەیا دەخەوتم. بە ڕۆژ دەچوومە ناو خەڵکەکە، کە هەموو تا بڵێی ساکار و دڵڕوون و دڵپاک بوون، زۆر ڕێزی غەریبە و میوانانیان دەگرت، زۆر یارمەتییان دەدام. بووبووم بە هاوڕێی چەن کەسێ، گەنج و پیر، لە گەڵیانا بە کوردی دەدوام و مەشقی زمانی کوردیم دەکرد. دەچوومە لای پیر و بەساڵا چووەکان داوام لێ دەکردن چیرۆکی فۆلکلۆریم بۆ بگێڕنەوە .هەرچییەکم ببیستایە یەکسەر تۆمارم دەکرد، واتای وشەکانم لێک دەدایەوە و لایەنە ڕێزمانییەکانم ساغ دەکردەوە. جارێکیان دەربڕینێ سەرنجی ڕاکێشام لێی حاڵی نەبووم، ئەویش ئەوە بوو قسەکەرەکان هەندێ جار هەندێ وشەیان دووبارە دەکردەوە بە گۆڕینی دەنگی یەکەم بە (م) وەک ( گیا و میا) (گوڵ و موڵ) (بەرد و مەرد) . ڕۆژێ لە گەڵ چەن کەسێکا لەو دەشتە دانیشتبووین لێم پرسین ئەوانیش سەریان لێ دەرنەدەچوو. لەو کاتەدا مەلای مزگەوتی لادێیەکە بەلامانەوە ڕەت بوو و سەلامی لێ کردین . هەموو لەبەری وەستاین. مەلا زۆر بەریزەوە، بە زمانی عەرەبی و بە بیسمیللا و ئەعووزوبیللا قسەی لەگەڵدا کردم. منیش لە دڵی خۆما وتم باشترین کەس ئەوەیە ئەم پرسیارەی لێ بکەم. کە لێم پرسی، نەختێ سەری هێنا و سەری

بـرد و ئـایەتێکی قورئـانی بۆ خوێندمەوە (ان فی اختلاف الـوانکم و السـنتکم لایـات للعـارفین ) و هەنـدێ وەعـزی بە سـەرما دا و داوای لـێ کـردم ببـم بە موسـڵمان. هـیچم لـێ هەڵنەکرانـد. ئێـوارەرەکەی لە دیوەخانـدا لەگەڵ ئاغـا و دەست و بەرەکەیدا لەبەر تیشکی چرای لۆکس لە سـەر خوانـدا دانیشـتبووین، ڕووم لە ئاغا کرد و وتم: جەنابی ئاغا کە دەڵێی (شار و مار)،( چیا و میا) (و گوڵ و موڵ )، ئەم مار ومیا و موڵە چین؟. واتایان چییە؟ . ئاغـا دوای نەختـێ بیرکـردنەوە وتـی (مەکەنـزییە فەنـدی، ئەمە چ نیـیە. خـۆت بەم قسـە قـۆڕانە خەریک مەکە. ئەمانە هەموو قسەی (نەزان و مەزانانە).

**لە ڕۆژنامەی هەولێر ژ ٢٣٢٤ ی ٢٠١٦/٢/٢٥ بڵاوکراوەتەوە.**

## گۆڕستانی هایگێت

کە گەییشتمە لەندەن لە(١٩٧٤/٣/٢١) ماوەییێک لە ناوچەی (هایگێت) نزیک بەناوبانگترین گۆڕسـتانی جیهـان(Highgate Cemetery) ژیـام. ئەم گـۆڕسـتانە لە ساڵی ١٨٣٩ دامەزرێنراوە. بە هەزاران لە بەناوبانگترین زانـاو فەیلەسـووف و هونەرمەنـــد و نووســـەری بەریتـــانیی و جیهـــانیی ئەوانەی خزمەتـــی مرۆڤایەتییان کردووە و ڕەوتـی مێژوویـان گۆڕیـوە، تیـدا نێژراون. بە تـابلۆی مێژووی زیندووی زانست و مرۆڤایەتی ناونراوە. من جار و بار گەشتێکم بۆ دەکرد. لەو گۆڕانەی تیایدا چەندین جار چوومەتە سەریان:

کارڵ مارکس (١٨١٨ – ١٨٨٣) دامەزرێنەری بیری مارکسیزم.
مایکڵ فەڕەدای (١٧٩١ – ١٨٦٧) داهێنەری مووەلیدەی کارەبا
جۆرج ئیلیۆت (١٨١٩ – ١٨٧٦) ڕۆماننووس
چارلس دیکنز (١٨١٢ – ١٨٧٠) مەزنترین ڕۆماننووسی ئینگلیز
و زۆری تر

جگە لەمە بەردەوام گەشتی مۆزەخانەکان و شـوێنەوارە مێژووییەکـان و ڕوانـگەی گرینـویچی فەلەکـی و شـوێنەواری سـتۆنهێنج و زانکۆکـانی تـری بەریتانیم دەکرد. دوو جار چوومەتە زانکۆی سۆڕبۆن لە فەرەنسا.

**لێکۆڵینەوە لە بارەی زمانە سامییەکان**

لە ساڵی ١٩٧٩ لە سەر تەواوکردنی خوێندنمدا بووم. (ڕیدەر ج. ساگس) مامۆستا و پسپۆڕی زمانە سامییەکان بوو لە زانکۆی ویڵس، سەردانی بەشی زمانەوانیی کردبوو. یەکێ لە مامۆستاکانم پێی وتبوو خوێندکارێکمان هەیە زمانی عەرەبی وکلدانی دەزانێ. هاتە لام وتی: خەریکی لێکۆڵینەوەییێکی بەراوردیم لە نێوان زمانە سامییەکاندا. زۆر پرسیاری لێ کردم لە بارەیانەوە. کە بینی من زۆر شارەزام، پێشنیازی کرد هاوبەش بین لە لێکۆڵینەوەکەدا. من داوای لێبووردنم لێ کرد لەبەر سەرقاڵییم بە خوێندنم، پێشم وت: گەر هەر پرسیار و پێویستییەکت بوو من ئامادەم. چەند جارێ بە تەلیفۆن پەیوەندیی پێوە کردم. دوای تەواوکردنی خوێندنم گەڕامەوە. شەڕی نێوان عیراق و ئێران هەڵگیرسا، هەموو پەیوەندییەکانم پچڕان.

**چۆن ئەم دەنکە برنجە گەییشتە ئێرە؟**

پێنج هاوڕێی بووین(من و یابانییەک ناوی سووکی بوو، دوو عیراقی (خەلەف و سامی) و یەک ئینگلیز). هەموو قوتابیی دکتۆرا و ماجستێر بووین. پێکەوە چووینە چێشتخانەیێک. کە لێبووینەوە سووکی چەند دەنکە برنجێ لەسەر قاپەکەی مابوو، دەنک دەنک بە پەنجەکانی خستنیە زاری.(سامی) کە لە بەشی ئەندازیاری بوو، بە پێکەنین و گاڵتەوە سەیری کرد و وتی(ئاڕ یوو موسڵاوێ) واتا(تۆ موسڵاویت؟). یابانییەکە تێ نەگەیشت، بەسەر سوورمانەوە ڕووی لە من کرد. منیش تێمگەیاند. سووکی تووڕەبوو، هەڵسایە سەر پێ. بە دوو پەنجەکانی دەنکە برنجێکی هەڵگرت و دەستی خۆی بەرزکردەوە و ڕووی تێکرد و پێی وت: تۆ وەڵامی ئەم پرسیارانەم بدەرەوە:

لە چ وڵاتێک و کێ بوون ئەوانەی ئەم دەنکە برنجەیان چاند؟
کێ بوون ئەوانەی ماوەی شەش مانگ پەروەردەیان کرد و ئاویان دا؟
کێ بوون ئەوانەی دروێنەیان کرد؟
کێ بوون ئەوانەی بردیانە ئاش؟
کێ بوون ئەوانەی هێنایانە ئەم وڵاتە؟

کێ بوون ئەوانەی  بردیانە بازاڕەکان؟

کێ بوون ئەوانەی لە بازاڕەکاندا کڕییان و هێنایانە ئەم چێشتخانەیە؟

کێ بوون ئەوانەی لێرە لێیاننا، چەند خوێ و ڕۆن و ئاگر و کات و ئەرکی ویست تا لێنرا؟

کێ بوون ئەوانەی تێیانکرد و هێنایانە بەر دەمم ؟

ئەم دەنکە برنجە، ئەو هەموو ڕێگەوبانەی بڕی، ئەو هەموو دەستەی کرد، ئەو هەموو ئەزیەتەی لەپێناو کێشرا تا گەییشتە بەر دەمم، ئنجا جەنابت دێی گاڵتەم پێ دەکەیت و دەتەوێ فڕێیدەمە ناو زبڵدانەکە؟. سەیری قابەکەی خۆت بکە چەندت لێ بە فیڕۆ هێشتۆتەوە.

ئایا دەزانیت و بیستووتە ڕۆژی دەیان هەزار منداڵ لە ئەفەریقیا لە برسانا دەمرن؟

ئێستا زانیم بۆ ئێوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەم ڕەزاڵەتەدا دەژین و هەرگیز نابن بە هیچ؟ سامی تەریق بووەوە و داوای لێبووردنی کرد. ئێمەش هەموو سوپاسمان کرد بۆ ئەو زانیاری و تێبینییانەی کە هەرگیز نەدەهاتە خەیاڵمان و بوون بە وانەو پەند بۆمان.

**د. شاکر ناسر حەیدەر**

لە ساڵی ١٩٧٨ پیاوێکی بە تەمەن ڕۆژانە هاتوچۆی کتێبخانەی SOAS ی زانکۆی لەندەنی دەکرد. تا درەنگ دەمایەوە، هەر خەریکی نووسین و خوێندنەوە بوو. وای بۆ دەچووم مامۆستاییێکی زانکۆ بێ لە یەکێ لە بەشەکاندا. یەکترمان ناسی. د. شاکر ناسر حەیدەر لە زانا گەورەکانی یاسا بوو. بە دەیان کتێبی بڵاوکراوەتەوە. هەموو تا ئێستاش سەرچاوەی سەرەکین بۆ یاسازان و کولێجەکانی یاسا. لە زانکۆکانی ئەمەریکا و لەندەن خوویندوویەتی. لە گوگڵ بپرسن و بزانن چ کەڵە زانایێکە.

دوای ئەوەی زانی من کوردم متمانەی پێ هێنام، دەردی دڵی خۆی بۆ هەڵڕشتم. وتی:

(من ڕاگری کولێجی یاسا بووم لە زانکۆی بەغداد، ماوەیێکە هەندێ(؟) داوایان لێ دەکردم بڕوانامەی بەکالۆریۆسی یاسایان پێ ببەخشم. من

هەرگیز قبوولّم نەدەکرد و پێم دەوتن (نحن فی کلیەت القانون، نعمل کل شیء بقانون) واتا (ئێمە لە کولێجی یاسا داین، هەموو شتێ دەکەین بە یاسا). ئەنجام لایانبردم و هەڕەشەیان لێ کردم. ژیانم کەوتە مەترسی، ڕامکرد و هاتمە ئێرە).

قوتابییە عیراقییەکان لێی دەسڵەمینەوە، تخوونی نەدەکەوتن. من بە کوردەکانم ناساند(د. وشیار کەریم و غەنی دەروێش و ..). جارێکیان لە نەخۆشخانە کەوت، تەنها من دەچووم پێویستییەکانیم بۆ سەروبەر دەکرد. کە دەرچوو بردمە لای خۆم وەک باوکی خۆم خزمەتم دەکرد، تا باش چاک بووەوە. دوای ئەمە هۆگرم بوو، کە دەهاتە کتێبخانە، هەمیشە لەسەر هەمان مێز بەرانبەرم دادەنیشت.

د. شاکر کاتی خۆی وانەی بە سەرۆک کۆماری ئەوسا(ئەحمەد حەسەن بەکر) وتۆتەوە، کە خوێندکاری ئێواران بووە لە کولێجی یاسا لە پەنجاکاندا. نامەیێکی بۆ نووسی تیایدا باسی بارودۆخی خۆی بۆ کرد و گلەیی لێ کرد. من لەگەڵیا چووم بۆ سەفارەی عیراق و نامەکەمان دا سەفیر. دوای ڕۆژێ سەرۆک کۆمار بە برووسکە وەڵامی دایەوە و ئەمری کرد( بە زووترین کات بلیتێکی تەیارە و هەزار دینار بدرێتە د. شاکر و بە شێوەیێکی فەرمی ڕەوانەی بەغداد بکرێ و ئاگاداری کاتی گەییشتنی بکرێمەوە تا خۆم بچمە پێشوازیی). وابوو یەکسەر گەڕایەوە عیراق.

لە بەسەرهاتە خۆشەکان لەگەڵ د. شاکر ناسر حەیدەر:

ڕۆژێکیان لە کتێبخانە لەسەر هەمان مێز دانیشتبووین هەر یەکە خەریکی کاروباری خۆی بوو. لە پڕ وتی کاکە وریا فریام کەوە زوو بمگەیێنە نەخۆشخانە، وا هەست دەکەم تووشی جەڵتە بووم، بەر چاوم لێڵ بووە، سەرم دەسووڕێ. منیش زوو کەل و پەلەکانی خۆم تێک نا. دەستم برد بۆ چاوێلکەکەم، بینیم هی د.شاکر بوو. تومەز چاوێلکەکەی منی کردبووە چاو و بووبووە هۆی لێڵی و سەر سووڕانی. **گەڕانەوەم بۆ عیراق و ونبوونی دەکومێنتەکانم**

ئەو چەند ساڵەی لە لەندەن مامەوە، ژمارەیێکی یەکجار زۆر دەکۆمێنت

و وێنه و کتێبم لا کۆ بووبووەوە. ئەمانە و لە گەڵ پرینتەرێک و تەلیسکۆبێکی فەلەکی و هەندێ کەلوپەل و جلو بەرگ، لە ناو سێ کارتۆندا پێش گەڕانەوەم بە دە ڕۆژ، بە شەحن ڕەوانەی بەغدادم کردن. کە گەیشتم چوومە فرۆکەخانە بۆ وەرگرتنیان. تەنها دوو سندووقیان دامەوە. ئەوەی کتێب و وێنە و دەکۆمێنتەکانی تیابوو وتیان نەگەیشتووە. کەی گەیشت ئاگادارت دەکەینەوە. بۆ پرینتەر و تەلیسکۆبەکەش دەبێ ڕەزامەندیی دائیرەی ئەمنمان بۆ بێنی. زانیم کارتۆنەکە و پرینتەر و تەلیسکۆبەکە موسادەرە کراون، هەرگیز دەستم ناکەونەوە. ئیتر وازم لێهێنان و بەلایانەوە نەچوومەوە.

ئەوەی زۆر خەفەتم بۆ خوارد تەنها وێنە و دەکومێنتەکان بوون. گەنجینەییێکی بەهاداری ئەرشیف و سەرگوزشتەی شەش ساڵەی ژیان و ئەکادیمیم بوون..وێنەکانم لەگەڵ هاوڕێیان و مامۆستایانم و کەسایەتییەکان و گەشتەکانم لە بەریتانیا و ئەوروپا بوون.

دەکومێنتەکان بریتی بوون لە دەسنووس و ڕەشنووس و نامەی زمانەوانان و مامۆستایانی زانکۆکان و هاوڕێ و کەس و کاران. ونبوونیان زیانێکی گەورەیان پێ گەیاندم. کەلێنێکی گەورەیان خستە پیرەوەرییە ئەکادیمییەکانم.

**دامەزراندنم لە زانکۆی بەغداد**

لە ڕۆژی سێشەممەی ڕێکەوتی (١٩٨٠/٨/٥) لە بەشی کوردیی کولێجی پەروەردەی سەر بە زانکۆی بەغداد کە کەوتۆتە (بابولموعەززەم)، دەست بەکاربووم. لە ساڵانی (١٩٨٢ – ١٩٩٩) سەرۆکایەتیی بەشەکەم پێ سپێردرا. لە (١٩٩٩/٢/٢٣) بە داواکاریی خۆم دەستم لەسەرۆک بەشی کێشایەوە.

لەو چل ساڵەی ژیانی ئەکادیمیم، بووم بە ئەندام و سەرۆکی زیاتر لە ١٥٠ لیژنەی زانستی. سێ جار بووم بەسەرۆکی لیژنەی تەرقییات.

لە (١٩٩٢/٤/٩)دا بە پێی فرمانی زانکۆیی (ژ ٩٠٧٠ لە ١٩٩٢/٥/٢٧) بە کاتێکی پێوانەیی پلەی پرۆفیسۆریم دەسگیرکرد. یەکەم کورد بووم ئەم پلەیە لە زمانی کوردی و زمانەوانیدا وەرگرێ.

وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
جامعة بغداد
الدائرة القانونية والادارية

العدد / ٥١ ٤٢
التاريخ / ٢٢/٢/١٩٩٩

((امر جامعي))

م/ اعفاء


تقرر اعفاء الدكتور وريا عمر امين الاستاذ في كلية التربية /ابن رشد بجامعتنا من مهام رئاسة قسم اللغة الكردية بناءاً على طلبه واعتباراً من تأريخ الانفكاك.

جامعة بغداد
كلية التربية
ابن رشد
٢٦٣
٢٤/٢/١٩٩٩

عبد الاله يوسف الخشاب
رئيس جامعة بغداد

نسخة منه الى//
عمادة كلية التربية/ابن رشد /للتفضل بالاطلاع واتخاذ مايلزم.. مع التقدير
مكتب السيد رئيس الجامعة / للتفضل بالاطلاع.. مع التقدير
شعبة الافراد/ التدريسيين
شعبة الافراد /الملاك
شعبة التخطيط والمتابعة

خلود/ك٣



العدد ٩٠٧٠ التاريخ ١٩٩٢/٥/٢٧

جامعة بغداد

[illegible] الاولى

( امـــر جامعــــي )

م/ ترقيـــة علميـــــة

استنادا الى قرار مجلس الجامعة المتخذ بجلسته الخامسة عشرة المنعقدة

في ١٩٩٢/٥/٣ الموافق ٢ ذي القعدة ١٤١٢ هـ.

تقرر ترقية الدكتور ضياء عمر امين/ الاستاذ المساعد في كلية التربية / ابن رشد الى مرتبة

الاستاذية اعتبارا من ١٩٩٢/٤/٩ استنادا الى قرار مجلس قيادة الثورة رقم ٣١٥ لسنة ١٩٨٨

من ١٩٩٢/٤/٩ على ان لا يترتب على ذلك اية فروقات مالية قبل صدور امرنا هذا.

خضر جاسم محمد

رئيس جامعة بغداد وكالة

نسخة منه الى/

مكتب السيد مساعد رئيس الجامعة

عمادة كلية التربية / ابن رشد

قسم الشؤون القانونية والادارية / الملاك


امانة مجلس الجامعـــــة

شعبة الاعـــــلام

الترقيات العلميـــــة

الدكتور ضياء عمر امين/ متمنين لك دوام التوفيق

مواضعة///



جامعة بغــداد
كلية التربية ابن رشد للعلوم الإنسانية
شعبة الموارد البشرية

العدد/ ٢٨٦٢
التاريخ/ ٢٨/٧/٢٠١٣

(( فلنعد بالقرآن إلى العراق ولنعد بالعراق إلى القرآن))
أمر إداري
م/ إحالة على التقاعد

تنفيذا للأمر الجامعي المرقم ٢٤٦٦٢ في ٢٣/٧/٢٠١٣ تقرر الآتي :-
١- يلغى الأمرين الجامعيين المرقمين ٨٧٢٧ في ١٧/٣/٢٠١٣ و١٥١٤٥ في ٨/٥/٢٠١٣
٢- إحالة التدريسيين المدرجة أسماؤهم في أدناه على التقاعد لبلوغهم السن القانوني (٦٥) سنة من العمر واعتبارا من تاريخ ٧/٥/٢٠١٢ وبعد إبراء ذمتهم من أموال الدولة .

| الاســــم | تاريخ الإحالة على التقاعد |
| --- | --- |
| ١- أ.د. جعفر عباس حميدي | ٣١/١٢/٢٠١٢ |
| ٢- أ.د. فلاح جمال معروف | ٣١/١٢/٢٠١٢ |
| ٣- أ.د. ليلى عبد الرزاق نعمان | ٧/٥/٢٠١٢ |
| ٤- أ.د. عبد القادر عبد الجبار مصطفى | ٣١/١٢/٢٠١٢ |
| ٥- أ.د. قيس إسماعيل محمود | ٣١/١٢/٢٠١٢ |
| ٦- أ.د. طارق نافع حميد | ٧/٥/٢٠١٢ |
| ٧- أ.د. وريا عمر امين | ٧/٥/٢٠١٢ |
| ٨- أ.د. عبد الرحمن كريم عذاب | ٣١/١٢/٢٠١٢ |
| ٩- أ.د. بدر خان عبد الله بدري | ٧/٥/٢٠١٢ |
| ١٠- أ.د. محمد كريم مهدي | ١/٧/٢٠١٣ |

أ.د. كاظم كريم رضــا
العميد وكالة
٢٨/٧

نسخه منه إلى/-
رئاسة جامعة بغداد/ قسم الشؤون الإدارية / أمركم أعلاه مع التقدير
مكتب السيد العميد/للتفضل بالاطلاع مع التقدير
الأقسام العلمية المعنية /للتفضل بالاطلاع والتبليغ وإعلامنا بتاريخ الانفكاك وعلى ان يتم خلال (٣) أيام من تاريخ صدور الأمر الجامعي أعلاه مع التقدير .
شعبة الموارد البشرية / وحدة المتقاعدين /التدريسيين / الأرشفة الالكترونية/للتأشير رجاء
الحسابات/ للتفضل بالاطلاع واتخاذ اللازم من قبلكم و تعتبر الفترة من تاريخ بلوغهم السن القانوني ولغاية تاريخ الانفكاك ( اجر مقابل عمل ) مع التقدير .
التدقيق
وحدة المتابعة والتخطيط / للتأشير رجاء
الملف الشخصي لكل منهم مع الأوليات .....

له (٢٠١٣/٧/٢٣) دا بریاری خانەنشینیم دەرچوو. دوای خانەنشینیشم بەردەوام بووم لە وانەوتنەوە و سەرپەرشتیکردن. ئێستاش وەک پرۆفیسۆرێکی نایاب بەردەوامم تیایدا.

وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
رئاسة جامعة بغداد
قسم الشؤون العلمية

MINISTRY OF HIGHER EDUCATION
AND SCIENTIFIC RESEARCH
UNIVERSITY OF BAGHDAD
Dep. of Scientific Affairs

العدد: ش ع / ٢٤٢
التاريخ: ١٧/١/٢٠١٦

NO.:
DATE:

## امر جامعي

### م/ منح لقب استاذ متمرس

بناءاً على قرار مجلس الجامعة في الجلسة السابعة المنعقدة بتاريخ ٢٠١٥/١٢/٢١ واستناداً للصلاحيات المخولة لنا ، تقرر منح الدكتور **وريا عمر امين** الاستاذ المتقاعد من كلية التربية – ابن رشد للعلوم الانسانية لقب استاذ متمرس لاثره العلمي الواضح وحاجة الكلية لخدماته .

يعتبر الامر نافذاً من تاريخه اعلاه

أ.د.علاء عبد الحسين عبد الرسول
رئيس جامعة بغداد
٢٤/١

نسخة منه الى //

- وزارة التعليم العالي والبحث العلمي/ دائرة البحث والتطوير/ للتفضل بالاطلاع ... مع التقدير.
- السيد المساعد العلمي/ للتفضل بالعلم ... مع التقدير .
- امانة مجلس الجامعة/للعمل بالمادة (٢/ثانياً) من تعليمات الاستاذ المتمرس رقم ١٦١ لسنة ٢٠١٠ ... مع التقدير .
- عمادة كلية التربية –ابن رشد للعلوم الانسانية /للتفضل بالعلم واجراء اللازم ...مع التقدير .
- الاستاذ الدكتور وريا عمر امين ... مع التقدير.
- قسم العلاقات العامة والاعلام/للعمل بالمادة (٢/ثالثاً) من التعليمات رقم ١٦١ لسنة ٢٠١٠ .... مع التقدير .
- قسم الشؤون الادارية – شعبة الهويات/لاصدار هوية استاذ متمرس للموما اليه ... مع التقدير .
- قسم الشؤون الادارية/الحفظ العام
- قسم الشؤون العلمية/مع الاوليات

- ت/نهال الحداد "ص١٧" ٢٠١٦/١/١٢

الجادرية ـ حي الكرادة ـ بغداد
AL-Jadriyah - Karrada district - Baghdad.
E-mail:scientific.affairs@uobaghdad.edu.iq & journals_conferences@uobaghdad.edu.iq

له (٢٠١٦/١١/١٧) پلەی پرۆفیسۆری شەرەفی زانکۆی بەغدادم پێ بەخشرا.

لەماوەی (٤٠) ساڵ کارکردنم لە کولێجی پەروەردەی زانکۆی بەغداد، هاوکاری ئەم (١٠) ڕاگرە بووم:

| | |
|---|---|
| د. خاشع المعاضيدي | ١٩٨٠-١٩٨٢ |
| د. عبدالرحمن عبدالكريم العاني | ١٩٨٢-١٩٩٠ |
| د. رؤوف عبدالرزاق العاني | ١٩٩٠-١٩٩١ |
| د. مالک ابراهيم صالح الدليمي | ١٩٩١-٢٠٠٢ |
| د. نزار عبداللطيف الحديثي | ٢٠٠٢-٢٠٠٣ |
| د. عبد الأمير دكسن | ٢٠٠٣-٢٠٠٩ |
| د. كريم حيدر خضير | ٢٠٠٩-٢٠١١ |
| د. عهود عبدالواحد عبدالصاحب | ٢٠١١-٢٠١٢ |
| د. كاظم كريم رضا | ٢٠١٢-٢٠١٦ |
| د. علاوي سادر جازع | ٢٠١٦- |

**دامەزراندنی بەشی خوێندنی باڵا**

دوای بوونم بە پرۆفیسۆر لە (١٩٩٢/٤/٩) دا، یەکسەر دەستم کرد بە هەوڵدان بۆ دامەزراندنی بەشی خوێندنی باڵای (دکتۆرا و ماجستێر) لە زمان و ئەدەبی کوردیدا. ئەم ئاواتەم بۆ هاتە دی. یەکەم خولی دکتۆرا و ماجستێر بە پێی فرمانی وەزاری ژمارە (ت م ٢٤٩٣/٥ لە ١٩٩٣/٨/٣٠) لە ساڵی خوێندنی (١٩٩٣ – ١٩٩٤) دەستی پێ کرد. لەم قوتابییانە پێکهاتبوو:

دکتۆرا / احمد حسن فتح الله - فوئاد حسين احمد - عبدالله حسين رسول - ڕەفیق محمد محیەددین.

ماجستێر/ نازەنین جەلال - ئازاد عبدالواحد کەریم - فوئاد ڕەشید - عادل مەجید گەرمیانی.

لەبەر کەمی و نەبوونی مامۆستا لە بەشەکەدا توانیم ڕەزامەندی دەسگیر بکەم تا مامۆستایان (نوری عەلی ئەمین و عەبدەلڕەزاق بیمار) بەشداری بکەن بە وانە وتنەوە و موناقەشەکردنی قوتابییانی خوێندنی باڵا. ئەمە داننانێکی فەرمی بوو بە پایە و پلەبەرزیی ئەکادیمیی ئەم دوو زانایەمان.

خوێنـدنی بـاڵا لە بەشـەکەدا بەردەوام بـوو تـا سـاڵی ٢٠٠٥.لەو مـاوەیەدا ژمارەیێکی زۆر دکتۆر و ماجستێری زمان و ئەدەبی کوردیمان دەرچوواند.

لە ساڵی ١٩٩٤ ڕاگری کولێجی ئاداب (د. ئازاد محمد امین نەقشبەندی) نامەیێکی بۆ ناردم داوای کرد یارمەتییان بدەم لە دامەزراندنی خوێندنی باڵا لە بەشی کوردی و ئینگلیزیدا. چونکە ئەوسا هەر من پڕۆفیسۆری زمانەوانی بووم. سەردەمێکی سەختی دوای ڕاپەڕین بوو. منیش سەرەڕای باری نالەبار و ترس و بێ ئامانی ئەوسا، هاتوچۆکردن زۆر زەحمەت و ترسناک بوو، هاوکاری لەگەڵ زانکۆی سەلاحەددین و دامودەزگا زانستیەکانی کوردستان قەدەغە بـوو. سـەرەڕای ئەمە گـوێم نەدایـێ و هـاتمە هەولێـر و لەگەڵ پڕۆفیسۆر(د. ئازاد نەقشبەندی) بەشەکەمان دامەزراند و بەرنامەکانمان دانا. دەستم کرد بە دەرسدانەوە. زۆربەی دەرسەکانم دەوتەوە. هەر دوو حەفتە جارێ بە نهێنی دەهاتم. ئێوارەی چوارشەممان دوای ئەوەی دەوامی بەغدام تەواو دەبوو بەڕێ دەکەوتم شەو درەنگ دەگەیشتمە هەولێر. پێنجشەممە، کە لە بەغـداد ئـۆفم هەبـوو، دەرسـەکانم دەوتەوە و هەینـی دەگەڕامەوە. زۆر جـاریش هەینییـانیش بەیـانییەکەی قوتابییەکـانم دەبینـی و ئێـوارەکەی دەگەڕامەوە بەغداد. ئەوساکە ڕۆژانی شەممە پشوو نەبوو.

ئەوانەی بەشی کوردی ئەم بەڕێزانە بوون:

د. تارا عبدالله سعید(بێخاڵ) - د. تالب حوسێن - د. فەرەیدوون عەبدوول - د. فەتتاح مامە - د. یوسف شەریف.

بەشی ئینگلیزی تەنها د. عبدالحمید یەعقووب بوو.

کە کۆڕسـەکان تەواو بـوون، مـن بـووم بەسەرپەرشـتی هەموویـان لە هەردوو بەشەکەدا (کوردی و ئینگلیزی). د. محمد نوری عارف سەرپەرشتیی د. یوسف شـەریفی کـرد چـونکە بـابەتەکەی بەراوردی بـوو لەنێـوان زمـانی کوردی و فارسی.

هەمان شت بە گوێرەی زانکۆی سلێمانی و کۆیە و ڕاپەڕین و گەرمیان. بەشداریم کرد لە دامەزراندنی بەشی خوێندنی باڵای ماجستێر و دکتۆرای زمـان و ئەدەبی کـوردی و ئینگلیـزی تیایانـدا و وەک پڕۆفیسـۆری وانەبێـژ

وانەم لە هەموویانــدا دەوتەوە و سەرپەرشــتیی دکتــۆرا و ماجســتێرەکانم دەکرد.

لە ماوەی(٤٠) ساڵی کارکردنم لە زانکۆکاندا سەرپەرشتیی(٦٥) قوتابیی دکتۆراماستەرم کرد، لە زمان و ئەدەبی کوردی و ئینگلیزی و عەرەبیدا.

بــووم بە ئەنــدام و ســەرۆک لیــژنەی گفتوگــۆی نــزیکەی ٢٥٠ نــامەی ماجســتێر و دکتــۆرا لە زمــان و ئەدەبــی کــوردی و ئینگلیــزی و فارســی و عەرەبی و پەروەردە و دەروونناسیدا.

تەرقیــیەم بە(٩١) مامۆســتای زانکۆکــان کــرد بــۆ پــلەی (پرۆفیســۆری و یاریــدەر و مامۆســتا) لە زمــان و ئەدەبــی کــوردی و عەرەبــی و ڕووســی و فارسی و ئینگلیزیدا.

بــووم بە ســەرۆک و ئەنــامی زیــاتر لە ١٥٠ لیــژنەی زانســتی لە زانکــۆ و دەزگا زانستییەکاندا

هەر سەرپەرشتیکردنێک و بەشدارییەکم لە لیژنەی گفتوگۆکانـدا چیرۆک و بەسەرهات و وانەییێکی زانستی و ڕۆشنبری و کۆمەڵایەتی بوو. پانتاییێکی فرەوانیان لە ژیانی ئەکادیمیم داگیرکردووە. هەنـدێکیان کـاریگەریی تایبەتییـان هەبــووە، وەک ئەوەکەی (پ.د. عبدالحمیــد یعقــوب، کە لە شــوێنێکی تــری ئەم کتێــبەدا باســی دەکەم). ئــاواتەخوازم بیــانکەم بە بەرگێکــی ســەربەخۆی بیرەوەرییەکانم.

لێــرە یەکــێ لەوانە دەگێــڕمەوە کە ئەو نــامەی دکتــۆرایە بــوو لەبــارەی ڕۆماننووســی گەورەی کــورد ( عەزیــزی مەلای ڕەش)، لە پێشکەشــکردنی(د. ئیبــراهیم عبــدالرحمن جــاف) بە ناونیشانی(کێشــەکانی لادێ لە ڕۆمانەکــانی عەزیزی مەلای ڕەش) لە بەشی کوردیی کولێجی پەروەردەی زانکۆی بەغداد، لە (٢٠٠٨/١/١٥) دا ئەنجام درا. لە نامە سەرکەوتووە ڕەسەنەکان بوو. پلەی نایابی وەدەیهێنا. من ئەندام بووم لە لیژنەکەیدا. دوای هەڵسەنگاندنی نامەکە، پیرۆزبــایی و دەستخۆشــیم لە خۆمــان و لە د. ئیبــراهیم جــاف کــرد بــۆ دەسنیشانکردنی ئەم کەڵە ڕۆماننوسەمان وەک بابەتێ بۆ نامەی دکتۆرا. ئەمە ڕیزلێنــان و دان پێ نـان بـوو بە گەورەیی عەزیزی مەلای ڕەش. لە کۆتاییدا وتم (عەزیزی مەلای ڕەش) لە ئیمڕۆوە بوو بە(عەزیزی مەلای گەش).

## چوار قارەمانەکەی زانکۆی سەلاحەددین

لە سەرەتای مانگی ئایاری ساڵی ١٩٨٢، جوار خوێنکاری بەشی کوردیی زانکۆی سەڵاحەدین، لەسەر جموجۆڵی خەباتی کوردایەتییان، نەفی کران و دوور خرانەوە بۆ زانکۆی بەغداد. من ئەوسا سەرۆک بەشی کوردی بووم. ئەم بەڕێزانە بوون:

١ – د. تانیا ئەسعەد ساڵح ــ ئیستا مامۆستایە لە بەشی کوردیی پەروەردەی بنەڕەتیی زانکۆی سەلاحەددین.

٢ – عومەر سەلیم عەلی میراودەلی ـ ئەدیب و ڕۆماننووسی ناودار.

٣ – د. مەریوان عومەر حەسەن دەوڵەت – ئیستا پرۆفیسۆر و مامۆستایە لە بەشی کوردیی زانکۆی سلێمانی.

٤ – پەیمان ئەحمەد فایەق ـ بەداخەوە پەیوەندیم پێیەوە پچڕاوە. وەک لە د. مەریوانم بیست، پەیمان بوو بە پەنابەر لە نەمسا. تووشی ڕووداوێکی هاتوچۆ بوو پەکی خست. ئێستا خەریکی کاسبکارییە. پاشان دەستم کەوت و پەیوەندیم پێوە کرد.

چیرۆکی دوورخستنەوەی ئەم خوێندکارانە لاپەڕەیێکی گەشی خەبات و تێکۆشانمانە لە پێناو ئازادی و سەربەخۆیی، من ناوم نان(چوار ئەفسەرەکەی دووەم)، ئێستا ئاڵان بەرز دەشەکێنەوە لە بواری زانستی و ئەدەبیی کوردیمان.

ئێمەی مامۆستایانی بەش، پێشوازیی قارەمانانمان لێ کردن. **لەم بارەیەوە د. مەریوان لە نامەیێکیدا بۆم، دەڵێ:**

{ لە سەرەتای مانگی ئایاری ساڵی ١٩٨٢ وەک خوێندکارێکی پەروەردەی نیشتیمانپەروەری، لەماوەی ئەوچەند ڕۆژەی خۆپێشاندانی خوێندکاریی زانکۆ ڕاگوێزراوەکەی سلێمانی لەهەولێر بەردەوامبوو، من تێیدا چالاک بووم و تا لەدوا ڕۆژی خۆپێشاندانەکە لەنزیک قەڵای هەولێر دەستگیردەکرێم و بۆ ماوەی چەند مانگێک بەدرێژایی بەهار و هاوین، لەگەڵ دەستەیەک خوێندکاری تر لە بەندیخانە ماینەوە، تا بڕیاری لێبوردنی گشتی دەرچوو، ئازادکراین. ڕژێمی سەرکوتکەری بەعس بەو سزای گرتنەش وازی

نەهێنـا و زۆربەمـانی بـۆ زانکۆکـانی عیـراق گواسـتەوە، ئـێمەی هەر چـوار خوێنـدکاری چـالاکی ئەو ڕۆژانەی گواسـتەوە بـۆ زانکـۆی بەغـدا و لەبەشـی کوردیی کۆلێجی پەروەردەی ئیبنولروشد وەرگیراین. پێشتر لەلایەن ڕاگرەوە زۆرمان لێکرا کە بچینە بەشێکی دی، چونکە قۆناغی دوو لە بەشەکەدا نەبوو، ڕژێـم بە تەمـا بـوو بەشـەکە داخـات، بەڵام ئـێمە پێداگرییمان لەسـەر بەشـی کوردی کرد، تا ڕاگری کۆلێج بەخواستەکەمان ڕازی بوو. شـایانی باسـە کە مامۆسـتایانی بەشـی کـوردیی بەگشـتی و بەڕێـز(پ.د. وریـا عـومەر ئەمـین) بەتایبەت، ئەو مامۆستا وێرەک و بەغیرەتە بوو، کەپێشوازی گەرمیی لێکردین و تا دوا قۆناخی خوێندنمان پاڵپشتمان بوو.}

**د. تانیا اسعد محمد ساڵح بەم جۆرە بەسەرهاتەکەیان دەگێڕێتەوە.**

{ بەڕێز د. وریا عمر امین

ئـێمە چـوار قوتـابی بـووین، (تانیـا اسـعد محمدسـاڵح - مەریـوان عـومەر حەسەن دەوڵەت - عومەر سـەلیم عەلـی میراودەلـی - پەیمـان احمـد فـائق)، لە ساڵی ١٩٨١ لەبەشی زمانی کوردی کۆلێژی ئـادابی زانکـۆی سـەلاحەددین، بە هـۆی چـالاکی سیاسـی و بەشـداری کردنمـان لە خۆپێشـاندانەکانی قوتابییـانی زانکۆی ئەو ساڵە، دوای گرتن و ئازاردانێکی زۆر ئازاد کراین. بـۆ سـزادانمان و تۆڵە کردنەوە لێمان بە فەرمانی مەجلیس قیادەی سـەورەی ئەو سـەردەمەی بەعس، نەقڵ کراین بۆ زانکـۆی بەغداد. بەڵام لەبەر ئەوەی بەشـی کـوردی لە کـۆلێژی ئـاداب داخرابـوو ئێمەیـان بـردە بەشـی کـوردی کـۆلێژی پەروەردە. ئەگەر چـی پرۆگرامـی خوێنـدنی ئەم بەشــە لەگەڵ بەشــی کــوردی کــۆلێژی پەروەردە جیاواز بوو بەڵام بە هەوڵی بەڕێز (دکتـۆر وریـا عمـر امـین) هەمـان پرۆگرامی خوێندنی  بەشی کوردیی ئادابمان خوێند.

ئەو کاتە بەرێز (د. وریا عمر امین ) سەرۆکی بەشی زمانی کوردی بوو، بۆ مێژوو، پێشوازییەکی گەرمی لێکردین. گەرچی لەم بەشەشدا تەنها قۆنـاغی سـێ و چـوار هەبـوون بەڵام لەبەر ئەم چـوار قوتـابییە قۆنـاغی دوو تەنهـا بـۆ ئێمە کرایەوە. هەڵوێسـتی دکتـۆر وریـا لەبیـر نـاکەین کە هـۆڵێکی بچـووکی بـۆ تەرخان کردین لە شـوێنێکی چەپەر و شـاراوەدا و کلیلـی ژوورەکەی دا بەمـن

و پێی وتم:( نەوەکو شتێکتان بۆ دابنێن و توشی گێچەڵێکتان بکەن. هەر شتیکیش بوو خێرا ئاگادارتان ئەکەمەوە) . ئیمە ئەو سێ ساڵەمان لە ژێر چاودێری سیخوڕەکانی بەعسدا بەسەر برد و زۆر هەوڵیاندا ببینە بەعسی و واژۆیان بۆ بکەین. بەڵام چۆکمان بۆ دانەنەواندن، بگرە بەردەوامیش بووین لەسەر کوردایەتیی خۆمان، دوای دەرچوونیشمان بڕوانامەیان پێنەداین و حیجزیان کرد. پاش دووساڵ و بە هەوڵ تەقەلایەکی زۆرو واستەو بەرتیل بڕوانامەکانیان پێداین}.

**عومەر میراودەلی (ڕۆماننووس) لە نووسینێکیدا لەم بارەیەوە دەڵێ:**

{من یەکێکم لەو خوێندکارانەی کە لە خۆپیشاندانەکانی زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر ساڵی ١٩٨٢ بەشدار بووم. ئەو ڕۆژە مامۆستای مێژوو د. جەمال ڕەشید کۆڕێکی هەبوو، کە کۆڕەکە تەواو بوو، ئێمەی گەنجی خوێنگەرم، بەبێ ئەوەی لە هێزەکانی ئاسایش بترسین، ڕژاینە سەر شەقام، دروشمەکانمان دژی بەعس و سەدام گوت. ئاسایش بە کێبڵ تێمانبەربوون. زۆرمان گیراین... ساڵی دوایی ژمارەیێکی زۆر لە ئێمەی خۆپێشاندەران نەفی کراین بۆ زانکۆکانی عێراق. لە پۆلەکەی ئێمە چوار خوێندکار بووین(من و تانیا ئەسعەد و پەیمان احمد و مەریوان عومەر دەوڵەت). نەفی کراین بۆ بەشی کوردیی زانکۆی بەغداد. ئەوسا (دکتۆر وریا عومەر ئەمین) سەرۆکی بەشی کوردی بوو، پێشوازییەکی گەرمی لێکردین، زۆر یارمەتیی داین. جگە لە دکتۆر وریا د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ و د. نەسرین فەخری و د. ئەمین موتابچی و د. ئاوڕەحمانی حاجی مارف مامۆستاکان بوون.

.د. وریا کە لە دکتۆرەکانی دیکە گەنجتر بوو زیاتر لە ئەوان لە گرفت و کێشەکانمان ئاگادار بوو، وەک هاوڕێ هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکردین. هەرچەندە ئەو مامۆستای زمان و ڕێزمان بوو، فەلەکناس و شاعیریش بوو، بەتایبەتی سێبەری گۆرانی لەسەر دیار بوو، زووزووە شیعری گۆرانی بۆ دەخوێندینەوە}.

**جگە لەم چوارە**، دوو قارەمانی تر (قانیعە حەوێز إسماعیل) لە پۆلی

دەەوم و (تالیب سەلیم) لە پۆلی چوارەم بوون، لەبەر هەمان هۆ گوێزرانە لامان. لەم بارەیەوە (ڤانیعە حەوێز) لە نامەیێکیدا بۆم لە (٢٠٢٤/٢/٦) دا بەم جۆرە باسی بەسەرهاتەکەیان دەکات:

{ئەو کاتەت باش دکتۆر وریا

ناوی سیانەم (ڤانیعە حەوێز إسماعیل) ە، خەلکی ڕانیەم، کاتی خۆپیشاندانەکە لە قوناغی دوو بووم. دوای ئەوەی هاوڕێیانی کۆلێژم هاتن بۆ لام، وتیان بەیانی خۆپیشاندان دەکەین زۆر بوێرانە و بەخۆش حالی بریارم دا کەبەشدار بم. شوینی گردبوونەوەمان لای کۆلیژی ئیدارە بوو، کە دەکاتە ریکەوتی سێی مانگی پێنج، کە گەیشتینە ئەو شوێنە بینیم ژمارەیێکی زۆر لە قوتابییان لە هەموو کولێژەکانەوە ئامادە بووبوون. بۆیە دەستمان کرد بەهیتاف لێدان بڕووخێ بەعس. بەڵام زۆری نەخایەند ئەمن و ئاسایش، بەجلی ڕەسمیی کۆلێژ بەرەو ڕوومان هاتن. ئەوەبوو کۆمەڵێکمان گیراین. هەر لەوێ هەموو گیانیان شین کردینەوە بە کیبل. ئێمە نزیکەی ٣٠ قوتابی دەبووین، سێ شەو لە سجن ماینەوە. لەکاتی لیکۆڵینەوە چاویان بەستبووینەوە، بە تەزووی کارەبا لە دەم و چاویان دەدایین تاکو اعتراف بکەین. دوای ئەوە تەعاهودیان پێکردین کە هیچی تر بەشداری نەکەین.و داوای لێ بووردنەوە بکەین و ئێمەیان گواستەوە بەشی کوردیی زانکۆی بەغداد.

دوێنێ لەگەڵ تانیا قسەم کرد ناوی قوتابیەکی ترم بەبیر هینایەوە لە گەڵمان گوێزرایەوە،ئەویش ناوی (تالیب سەلیم) بوو لەقۆناغی چوار، خەڵکی شاری سلێمانی بوو.

لەگەڵ ڕیزم

**ڤانیعە حویز إسماعیل**

٦ – ٢ – ٢٠٢٤}

**د. پەری ساڵح حەمید موفتی**

لە مانگی ١ ی ساڵی ١٩٨٢ (د. پەری ساڵح حەمید موفتی) کە ئیستا مامۆستای ئەدەبی کوردییە لە زانکۆی کۆیە، قوتابیی ساڵی چوارەم بوو لە بەشی کوردیدا. براکەی شەهید(شەهرەیار) پێشمەرگەیێکی چالاک بوو، بە تۆمەتی کوشتنی ئەفسەرێکی ئەمن، هەموو کەس و کاری گیران و ڕاگوێزرانە بیابانەکانی باشووری عیراق. جندرمەکانی بەعس هاتن لە کولێج گرتیان، ماوەیێک لە گرتووخانە مایەوە و بەربوو. سەرەڕای ئەمە لە تاقیکردنەوەی سەری ساڵ بە پلەی زۆرباش دەرچوو.

ئەم شەش قارەمانە و زۆربەی قوتابییەکانی بەشی کوردی، گەنجی خوێنگەرمی نیشتمانپەروەر بوون. خوشک و برا و کچ و کوڕانی پێشمەرگە و تێکۆشەران بوون. ئاگادار بووم هی وایان تێدا بوو پەیوەندییان بە پێشمەرگە و شۆڕشەوە هەبوو. یەکێ لەوانە کاک (خالید عبدالرحمن ئەحمەد دۆسکی) بوو، کە لە ساڵانی (١٩٨٠ – ١٩٨٤) قوتابیی بەشی کوردی بوو و لە ساڵانی(٢٠١٤ – ٢٠١٩) بوو بە وەزیری ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان. کاک خالید ناوە ناوە ون دەبوو، دەچووە شاخ. من یارمەتیی ئەوانەم دەدا لە دەوام نەکردن. لەسەر ئەم هەڵوێستەم مامۆستایەکی دکتۆری کورد ڕاپۆرتی بۆ ڕاگر نووسی. ڕاپۆرتەکەم لا پارێزراوە، لە کاتی خۆیدا لەگەڵ هی تر بڵاویان دەکەمەوە.

**چۆن د. عومەر ئیبراهیم عەزیزم لە بەشی کوردی دامەزراند**

لە ساڵی ١٩٨٠وە، د. عومەر ئیبراهیم عەزیز دەناسم. لە ئەکادیمیست و نووسەرە دیارەکانمانە. خاوەنی شاخەرمانێک بەرهەمی ڕەسەنە. کوردپەروەرێکی خۆڕاگر بوو. لەسەر هەڵوێست و جموجۆڵی کوردایەتیی لە بەغداد ماوەیێک گیرا و ئەشکەنجە درا. بە کوردییەکی ڕەوان و پەتی قسەی دەکرد، هەرگیز وشەی عەرەبیی بەکار نەدەهێنا، بۆیە ناسناوی(پەتی) ی پێوە لکا. لە ساڵی ١٩٩١ لە بەشی دەروونناسیی کولێجی پەروەردەی ئیبن ڕوشد وەرگیرا بۆ خوێندنی ماجستێر. ئەوسا من سەرۆکی بەشی کورد بووم. زوو زووە دەهاتە لام. کە بڕوانامەی ماجستێری دەستگیر کرد، داوای لێ کردم

هەوڵــی بــۆ بــدەم بەڵکــو وەک مامۆســتا لە بەشــی کــوردی دابــمەزرێ. داواکارییەکەم حەواڵەی ڕاگری کولێج (د. مالک ابراهیم الدلیمی) کرد. چوومە لای کتێب و بەرهەمەکانیم لەگەڵ خۆم برد و وتم: وانەی دەروونناسی لەهەر چوار قۆناغەکانی بەشی کوردی دەخوێندرێ. ئەو مامۆستایانەی ئەم وانەیە دەڵێنەوە کوردیزان نیین، بە عەرەبی وانەکان دەڵێنەوە. بەشی کوردی زۆر پێویستی بە ڕاژەی مامۆستا(عومەر ئیبراهیم عەزیز) هەیە، کە لە نووسەرە ناسراوەکانمانە، بەرهەم و کتێبەکانیم خستە بەر دەمی. د. مالیک یەکسەر ڕەزامەندیی خۆی دەربڕی و دایمەزراند.

دوای ســاڵێک لە دکتــۆرا وەرگیــرا. لە ڕۆژی (١٩٩٨/٢/١٩) گفتوگــۆی نامەکەی لە هۆڵی بەشی کوردی کرا. بە پلەی نایاب دەرچوو. دوای ئەمە گەڕایەوە کوردستان. لە (١٩٩٨/٤/٥) لە زانکۆی سەلاحەددین دەستبەکاربوو.

لە ساڵی ٢٠٠٢ تەرقییەکەی بۆ پڕۆفیسۆری یاریدەر بە من سپێررا. و لە (٢٠٠٩/٥/٢) بوو بە پڕۆفیسۆر. لە (ل ١٢٦ – ١٢٨) ی بیرەوەرییەکانی کە بە ناونیشانی (پەتینامە) یە، لەم بارەیەوە دەڵێ:

{کە لە ماستەر لە کولێژی پەروەردەی (ئیبن ڕوشد) لە (١٩٩١ /١٠/١٢) وەرگیــرام، زوو زوو لە بەشــی کــوردی ســەرم لــێ دەدان و لەگەڵ مامۆستایانی ئەو بەشە پەیوەندیم بەهێز بوو، بەڵام لەگەڵ دکتۆر وریا زیاتر، تاوای لێهات هەواڵی ئەوم دەگەیاندە دایکی و هەردوو خوشکی و براکەی کە بە دکتۆر وریایان دەگوت: شێرکۆ. هەر کە دەگەییشتمە هەولێر سەری ماڵی دایکیم دەدا، کە ژنێکی زۆر بەڕێز و تەنانەت هەردوو خوشکی، ئاوازخان و ئاهەنگ خانی خوشکی و کاکە ڕزگاری برای بە دڵخۆشییەوە پێشوازییان لێ دەکردم.) ...(دوای بەدەستهێنانی ماستەرەکەم لە (١٩٩٢/٨/١٤) و دواییش ژنم هێنــا، دکتــۆر وریــا لە نــاو هەمــوو مامۆســتاکان تەنیــا خــۆی بە ماشــینی کۆڕۆناکەی لە بووک گواستنەوەکەم ئامادە بو: تاکو میوانخانە لەگەڵمان هات و ئەو هەمــوو مانــدووبوونەی کێشــا) (دوای ئەوەی بڕوانــامەی ماجســتێرم دەسگیرکرد، داوام لە کاک دوکتۆر وریا کرد هەولّم بۆ بدا تا کو لە بەشی کوردی دامەزرێم. ... هەموو بەرهەمە چاپکراوەکانی منی خستە بن هەنگڵی

بەرەو لای ڕاگری کولێجی ئەو کاتە(دوکتۆر مالک ابراهیم الدلیمی) لەسەر مێزی بەردەمی دانا و گوتی: خاوەنی ئەم بەرهەمانە خاوەن ماستەرە لە دەروونزانیی پەروەردەیی و نووسەرێکی بە توانای کوردە و بەشەکەمان زۆر پێویستیی بە ڕاژەکەییێتی. یەکسەر ڕەزامەندیی دابوو}.

لە بیرەوەرییە خۆشەکانم لەگەڵ د. عومەر پەتی ئەوەیە، د. عومەر هەمیشە بە کوردییەکی پەتی قسەی دەکرد. هەرگیز وشەی عەرەبیی بەکار نەدەهێنا. بۆیە ناسناوی (پەتی) ی پێوە لکا. بانگەشەی دەکرد بۆ ناونانی کوردیی لە مندالان. کە مندالێیوو ناوی عەرەبیی لێنان. بەلامانەوە سەیر بوو، لە بەر ئەمە من ناسناوی (پەتی) م لێ کێشایەوە و کردم بە (عومەر تەپی).

هۆی ئەمە وەک خۆی وتی: دەربڕینی ڕیز و وەفاداری بوو بۆ باوکی و هاوژینەکای (د. فاتیمە ڕەشید حەسەن باجەلان) کە ئەمیش هەر قوتابیی خۆمان بوو لە بەشی ئینگلیزیی کولێجی پەروەردە و تەرقییەکەی بۆ پرۆفیسۆری یاریدەر لە ساڵی (٢٠٠٢) دا بە من سپێردرا.

**هۆی دەرنەکەوتنی د. عزەددین لە ڕۆژی موباشەرە.**

لە(٩/١) ی هەموو ساڵێکدا، پشووی هاوین تەواو دەبێ. مامۆستای زانکۆ دەبێ لەم ڕۆژەدا لە بەشی خۆی ئامادە بێ، دەستبەکاربوونی خۆی(مباشرە) لای سەرۆکی بەش تۆمار بکات. لە یەکی ساڵی ١٩٨٣ د. عزەددین مستەفا ڕەسول دەرنەکەوت. من سەرۆکی بەش بووم. هیچ ڕێگاییێکی پەیوەندیکردن پێیەوە نەبوو. من گیرم خوارد. نەمزانی چی بکەم. کەوتمە نێوان دوو ئاگرەوە. ناچار خۆم موباشەڕەکەم بۆ نووسی و لاسایی واژۆیەکەیم کردەوە. دوای دە دوانزە ڕۆژ د. عزەددین دەرکەوت. لێم پرسی: مامۆستا خێرە لە ڕۆژی موباشەرەدا دەرنەکەوتی؟ بە بنا گوێمدا چرپاندی: بەینی خۆمان بێ لە دەرەوەی عیراق بووم ئامادەی کۆنفرانسێکی حیزبی شیوعی بووم. من تۆقیم، شڵەژام، گیانم سڕ بوو. ئەوسا کێ دەیوێرا ناوی حیزبی شیوعی بێنێ. یەکسەر بە خاو و خێزانەوە ئیعدام دەکرا. ئەی ماڵوێرانخۆم. موخابەراتی سەدام دەزانن چەند موو لە ناو لووتماندایە. قابیل نییە هەر پێی دەزانن. بریارم دا سەری خۆم هەڵگرم ڕاکەم، بچمە چیا. ئەمە ئاسان نەبوو.

ساڵەها تا جەنگی کوێت ترس و ڕاڕایی بەری نەدەدام. ئێستاش کە دێتە بیرم موچڕک بە لەشما دەگەڕێ.

**د. ئەمین موتابچی**

د. ئەمین موتاپچی وانەی فارسیی پێ دەوتینەوە. مرۆڤێکی تا بڵێی دڵپاک و هێمن و لەسەرەخۆ بوو. وانە ٤٥ خولەک بوو ئەو نیوەی باسی خواردنی بۆ دەکردین. لە ساڵانی هەشتا و نۆوەدەکاندا کە ئەو مامۆستا بوو لە بەشی فارسی، ماڵی لەسەر ڕێگام بوو، هەندێ جار کە دەردەچوو دەهاتە لام و پێکەوە دەگەڕاینەوە. لە ڕێگا هەر باس باسی خواردن بوو. منیش هەر بە ئەنقەست هەمیشە پرسیاری خواردنم لێ دەکرد. گەر بە چێشتخانەیێکدا تێپەڕیبایین نەختێ لای دەوەستام. ئەویش سەیری دەکرد و هەر ئافەرین ئافرینی بوو. ڕۆژێ بینیم زۆر خەفەتبارە، لێم پرسی چ خێرتە. وتی قالەی کەبابچی تۆ خۆش، کەبابچییێکی عەجایب بوو، کەبابی زۆر بە تام بوو، تا مرد پانکە و مەکینەی گۆشتی بەکار نەهێنا. هەر بە چەقۆ`قیمەی دەکرد و بە باوەشێن ئاگرەکەی دەگەشاندەوە. هەزار ڕەحمەتی لێ بێ دووبارە نابێتەوە.

دایکی ئیڤان لە گەڵماندا لە بەشی کوردی کارمەند بوو. کە بە دەزگیرانم کرد لێی پرسیم: وریا باوکی دەزگیرانەکەت چ کارەیە؟ منیش وتم خاوەن چێشتخانەیە. وەک موژدەیێکی یەکجار خۆشی بدەیتێ، ڕووی گەش هەڵگەڕا و بە بزەبزی چاوەکانی سەیری کردم وتی: عافەرم کوڕم. بە قوربانت بم . دەمزانی ئازا و زیرەکی. یاخوا هەزار جار پیرۆزت بێ.

د. ئەمین پاشان بوو بە خزمم.(سزە ڕەئووف جەمباز)ی خوارزامی بۆ کوڕەکەی خواست. ئیعدام کردنی کوڕەکەی کۆستی خست. دوای ڕووخان باری کرد بۆ لەندەن. هەر لەوێ لە(٢٠٢٠/٣/١٢) کۆچی دوایی کرد و هەر لەوێ نێژرا.

**د. کاوس قەفتان**

د. کاوس قەفتان مرۆڤێکی ناسکی دڵپاکی قسەخۆش بوو. هەرجی ڕک و کینەیە لە دڵیدا نەبوو. باسی کەسی نەدەکرد بۆ پێکەنین نەبا. وەک مەلا

مەزبـووره وابـوو. قسـە خۆشـەکانی کـۆبکەمەوە کتێبێکیـان لـێ دەردەچـێ. چەندێکیان لێ دەگێڕمەوە.

١ - خێزانەکەی د. کاوس (ڤالا) ڕووس بوو. کۆچی دوایی کرد. ئێمەی هاوڕێیانی (د. کەمال و د. ئیحسان فوئاد و د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف و زۆری تر) بەشداریمان کرد لە ناشتنی لە گۆڕستانی کەرخ لە بەغداد و هەر سێ ڕۆژ لە تازیمانەکەیدا لە گەڵیدا دانیشتین.

د. عبدوڵڵای دراوسـێی بە خـۆی و خێـزان و کچەکـانییەوە، وەک ئەوەی تازیمـانەی خۆیـان بـێ ئـاوا خزمەتیـان دەکـرد. پێشـوازیی ژنانیـان دەکـرد، خواردنیان ئامادە دەکرد.

دوای دوو سـاڵ، دایکـی د. عەبـدوڵڵا مـرد.(د. کەمـال و د. ئیحسـان و د. ئەوڕەحمان و من) چووین بە دوای، لەگەڵمان بێتە تازیمانەکەی لە مزگەوتی (ڕەئسـل حەوواش). د. کـاوس داوای لێبـووردنی کـرد وتـی: زۆر بـێ تـاقەتم ناتوانم بێم. د. کەمال بە توورەیییەوە وتی (کاوس .. بیرت چوو د. عەبدوڵڵا بە خاو و خێزانییەوە چی بۆ کردی کە ڤالا مرد؟ چۆن دەڵێی نایێم!؟).

د. کاوس وتی: دایکی د. عەبدوڵڵا ژنێکی پیری کەنەفتەی پەککەوتە بوو. نەخـۆش بـوو، گیریـان بەدەسـییەوە خواردبـوو، خواخوایـان بـوو بمـرێ و لەکۆڵیـان بێـتەوە. د. کەمـال وتـی: زۆر باشـە کەواتە دەبـێ بێیـت بچـین پیرۆزبـاییی لـێ بکەیـن. وابـوو لەگەڵمانـدا هـات. لە ڕێگـا وتـی: د. عەبـدوڵڵا پیاوێکی وا پیر چۆن دەبێ دایکی هەبێ. عەیبە پیاو لەم تەمەنەدا دایکی هەبێ.

٢ - دایکـی د. عـزەددین کـۆچی دواییـی کردبـوو، لەگەڵ د. کـاوس و مامۆستایانی تر چووینە ماڵیان بۆ سەرەخۆشی. ئێمەی پیاوان لە ژوورەوە دانیشتین، ژنانیش لەسەر فەرشێ لە چیمانەکەدا دانیشتبوون. کە دەرچووین د. عـزەددین بەڕێـی دەکـردین. د. کـاوس چـاوی بە پیرەژنێکـی چارۆگەسپیبەسەر کەوت، وای زانی ئەمە دایکی د. عزەددینە. وتی: بوەستن با سڵاوێک لە دایکی عزەددین بکەم. خۆمـان پێ ڕانەگرا هەمـوو پێکەنـین. د. عزددین وتی: زۆر سوپاس کاوس، دایکمت زیندوو کردەوە.

٣ - مامۆسـتا (عەلائەددیـن سـوجادی) لە (١٩٨٤/١/١٣)دا کـۆچی دوایـی

کرد. به زۆر د. کاوسمان برده تازیمانەکەی. لەوێ (لەتیف گولی) لەڕیزی پێشـوازی وەسـتابوو، وەک لە ئاهەنگێکـدا بـێ، دەسـت لەسـەر سـینگ هەڵپەڕهەڵپەڕ بەناو هاتووانددا هاتوچۆی دەکرد و بەخێرهاتنی دەکردن. د. کاوس وتی:(سەیری لەتیف گلی بکەن چی ئەکات وەک بڵێی خۆی مردووەکە بێ). ئێمەش لەبەر پێکەنین خۆمان پێ ڕانەدەگیرا. د. کەمال بە تووڕەییەوە وتی: کاوس تۆ لە تازیمانەدا دانیشتوویت، ئێرە شوێنی ئەم قسانە نییە.

٤ - د. کاوس زۆر سست بوو لە دەوامکردن. مانگی هەر دوو سێ جار دەردەکەوت. من دەرسەکانیم بۆ دەوتەوە. مووچە لە(١٦) مانگدا دەدرا. ئەو هەمیشە لەم ڕۆژەدا ئامادە دەبوو. جارێکیان (١٦) ی مانگ دەبێ دەچێتە کولێج دەبینێ دەرگای دەرەوە داخراوە، چۆل و هۆل کەس دیار نییە. لە پرسگە پێیان وتبوو: دکتۆر ئیمڕۆ (هەینی) یە.

٥ - ڕۆژێکیان خواردن و میوە و خواردنەوە و چەرەزاتم لە کارتۆنێکدا خستە ئوتومبیلەکەم. ئێوارە بوو لەگەڵ(د. کەمال و د. ئیحسان فوئاد و د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف). چووینە لای د. کاوس، بینیمان بە شۆرتێکەوە، مێشکوژ بەدەست لە چیمەنەکەدا پیاسە دەکات. لە چیمەنەکەدا دانیشتین. د. کاوس بەخێرهاتنی کردین، چووە ژوورەوە دیاربوو بۆ ئاو هێنان. من خێرا چووم کارتۆنەکەم هێنا و هەرچیی تیابوو لەسەر مێزەکەم ڕیزکرد. دەسمان کرد بە خواردن وەک دەمێک بووبێ دانیشتووین. د. کاوس هات دۆلکەییێکی ئاو بەدەسیەوە. بێ ئەوەی هیچ بڵێ یا هیچ سەرسوڕمانێکی پێوە دیار بێ، دانیشت ولەگەڵماندا کەوتە خواردن و خواردنەوە، وەک بڵێی نە بای دیبێ نە باران. ئێستاش نە ئەو باسی کرد نە ئێمە.

**د. نەسرین محمد فەخری**

بە حەفتەیێ پێش ١ی نیسانی ساڵی ١٩٨٤، ڕۆژێ لەگەڵ مامۆستایان (د. کاوس – د. ئەوڕەحمان – د. ئیحسان – ئیبراهیم باڵدار – د. عزەددین – د. نەسرین – فەرەیدوون عەلی ئەمین) دانیشتبووین. باس و خواسی خۆشمان بۆ یەکتر دەگێڕایە. ڕووم لە د. نەسرین کرد وتم: مامۆستا دوای حەفتەیێ یەکی نیسانە، درۆیەکم بۆ ئامادە کردوویت. د. نەسرین وتی کەس ناتوانێ

درۆم بەسەردا تێپەڕێنێ. منیش تا ڕۆژی یەکی نیسانیش هەموو ڕۆژ بە بیرم دەهێنایەوە.

ئەمری ئیداریی مامۆستاییێکی ترم هێنا، گوێزرابووەوە زانکۆی موسل. تەنها ناوەکەییم گۆڕی بە(د. نسرین فخری) و ئیستینساخم کرد. خستمە زەرفێکەوە و لەسەریدا نووسیم ( الی د. نسرین فخری المحترمە).

١ی نیسانی١٩٨٤هات، یەکشەممە بوو، هەموو دانیشتبووین. بە د. نەسرینم وت، مامۆستا، (ئیمڕۆ ڕۆژەکەیە). گاڵتەی پێ هات. چوومە لای کارمەندی دابەشکردنی بەریدی کولێج (محمد تەڵقە)، پێم وت دوای پێنج دەقە ئەم زەرفە بێنە و بیدە بە د. نەسرین. هات، زەرفەکەی دایە دەستی، خوێندییەوە، ماوەییێک ماتییەکی قورس سەر و سیمای داگرت. چاوەکانی زەق هەڵگەڕان، سەیری ئەم لا و ئەو لای کرد و لەپڕ تەقییەوە، بەدەنگێکیی بەرز وتی: من چیمکردووە وا سزا بدرێم. چل ساڵە خزمەتی ئەم زانکۆیە دەکەم، هەزار کێشەم هەیە، چی لە مناڵەکانم بکەم، چ قوڕێ بکەمە سەرم... و دایە قوڵپی گریان. سەیر لەوەدابوو، مامۆستاکانی تریش هەموو بڕوایان کرد و ناڕەزاییی خۆیان دەربڕی. دوای ماوییێک وتم: مامۆستا ئادەی بزانم ئەمە چیی تێدا نووسراوە؟ کاغەزەکەم لێ وەرگرت، بێ ئەوەی سەیری بکەم، هەلا بە هەلام کرد و وتم: مامۆستا ئیتر نەڵێی هەرگیز درۆی نیسانم بەسەردا تێناپەڕێ.

دوای ئەمە د. نەسرین هەرگیز لە ١ی نیساندا سەری بە کوللییەدا نەدەکرد.

**گەڕانەوەی د. ئیحسان بۆ بەشی کوردی.**

د. ئیحسان فوئاد بوو بە بەڕێوەبەری گشتیی خوێندنە کوردییەکان لە وزارەتی پەروەردە. لە سەر ئەوەی قبووڵی نەکرد وەک بەڕێوەبەرە گشتییەکانی تر جلی زەیتوونی لەبەر بکات، وەک سزا دەریانکرد و گەڕاندنیانەوە بەشی کوردی. من ئەوسا سەرۆک بەش بووم..دیار بوو ئەمە زۆر نیگەران و بێ تاقەتی کردبوو. هەمیشە جگەرەی دەکێشا. هات وتی : (وریا، من ئیتر ناتوانم بچمەوە ئەو شوێنە. بێ زەحمەت تۆ بڕۆ کیتابی

ئینفیکاکەکەم بۆ بێنە). من سێ چوار ڕۆژ هاتوچۆم کرد تا دەستم کەوت. هێنام و دەست بە کاربوونەوەکەییم بۆ نووسی، خشتەی وانەکانیم بۆ دەستنیشان کرد. ڕۆژی دوایی هات، دانیشت، دەستی کرد بە جگەرەکێشان. ژوورەکەی قانگدا. وتم مامۆستا بێ زەحمەت لە پۆلی سێ وانەت هەیە. وتی: وریا زۆر بێ تاقەتم، ئیمڕۆ تۆ لە جیاتی من بڕۆ وانەکە بڵێوە. منیش وتم: ئەمر دەکەی بە چاو، تۆ مامۆستای منی، هەمیشە لە خزمەتی تۆ دام، هەر مەڵێ وریا ئەم جگەرەیەم بۆ بکێشە.

**د. مالیک ئیبراهیم الدلیمی**

لە سالانی (١٩٩١ – ٢٠٠١) ڕاگری کولێجی پەروەردە بوو. هەموو ئەو ماوەیە هاوکارم بوو وەک سەرۆکی بەشی کوردی. دۆستێکی دڵسۆزی کوردە. زۆر بایەخی بە بەشی کوردی دەدا، هیچ پێویستییەک و داواکارییێکی ڕەت نەدەکردەوە. لە وتارێکیدا لەم بارەیەوە نووسیویەتی:

{... ومن هذه القامات والعقول التي وجدتها بأنها سبقت زمانها اخي الاستاذ الدكتور وريا عمر امين الذي عمل معي في ادارة قسم اللغة الكردية في كلية تربية ابن رشد التي تشرفت بعمادتها في السنوات (١٩٩٠ – ٢٠٠١)، الذي وجدت فيه انسانا متواضعا محبا للخير يحترم الجميع، فأستحق الوصف بأنه ذلك الانسان والعالم الجليل المبدع والمتألق والذي افتخر به من اعلام شعبنا الكردي الاصيل في عراقيته وتواضعه الجم. وكنت فرحا جدا عندما تم اختياره عضوا في المجمع العلمي العراقي كأحد قاماته تحقيقا للحق وانصافا للعلم وانه كان الانسان المناسب في المكان المناسب ليكون علما مرموقا من اعلام العراق التي قدمت الكثير والكثير من اجل النهوض بالعراق الكبير ادام الله اخي وزميلي الاستاذ الدكتور وريا عمر امين وبالعمر المديد وافتخر به علما وعالما يليق بالعراق وبكردستان الحبيبة والإنسانية جمعاء كما لي الشرف بأن اضعه كجوهره من جواهر العراق في كتابي القادم الموسوم جواهر وحواضر عراقية}.

**أ.د. مالك إبراهيم الدليمي**

**ڕاپۆرتنووس و سیخوڕەکانی بەش**

له ڕۆژی سێشـەممەی ڕێکەوتـی (١٩٨٠/٨/٥)له بەشـی کـوردیی کـولێجی پەروەردەی ســەر بە زانکـۆی بەغـداد دەســت بەکـاربووم. لە(٢٠١٣/٧/٢٣) بریـاری خانەنشـینیم دەرچـوو. له سـاڵانی (١٩٨٢ – ١٩٩٨) سـەرۆکایەتیی بەشەکەم پێ سپێردرا. بەشـەکە هەرچەن بەشـی کـوردی بوو، کەچـی زۆر بە دەگمەن قوتانیی کوردی تێدا وەردەگیرا. لە هەر قۆناغەی لە نێوان شەست حەفتا قوتابیدا دە دوانزە کوردیان تێدا دەبوو، ئەوانیتر هەمـوو عەرەب، کە بە هیچ جۆر ئارەزووی خوێندنیان لە بەشی کوردیدا نەبوو، بەڵام ناچار دەبوون لەترسـی عەسـکەریی سـەردەمی جەنگدا قبـووڵی کەن. ئێمەی مامۆسـتایانی بەشـەکە گیرمـان بە دەس ئەو بـارە نالەبـارەوە خواردبوو. لە لایێکا هەوڵمـان دەدا و بەردەوام داوامــان دەکــرد بەشـــەکە زیــاتر قوتــابیی کــوردی تێــدا وەرگیرێ، لە لاییێکی ترەوە بەزەییمان بە قوتابییە عەرەبەکـان دەهـاتەوە کە بە زۆر ئەم بەشـەیان بەسەرا سەپێنرابوو.

ئێمەی مامۆسـتایان، بە گیـانێکی شارسـتانانە هەڵسوکەوتمان لە گەڵیانـدا دەکـرد. ڕوومـان دەدانـێ، یارمەتیمـان دەدان، هەمیشـە لەگەڵیانـا ڕووخـۆش بـووین، لە وانەکانـدا باســی زمـان و ئەدەب و مێـژوو و هـونەر و کـۆمەڵی کوردمان بۆ دەکردن، بە شێوەییێکی ناراستەوخۆ زۆر شتمان لە بارەی کورد وکێشـەی کوردەوە تـێ دەگەیانـدن. ئەنجـام وای لـێ دەهـات بەرە بەرە لە گەڵ بەشـەکەدا بگونجێن و خۆشەویسـتیی ئێمەیـان لە دڵ بنیشـێ و بە چـاوێکی تـر سـەیری ئێمەی کـورد بکەن. بەمە بە شـێوەییێکی عەفەوی بەشـی کـوردی بـوو بە ســەنتەرێ بـۆ پڕۆپاگەنــدە کــردن بـۆ کــورد لە بەغـداد لەو ســەردەمە سـەختەدا. لەمەدا ئەنجـامی چاکمـان وەدی هێنـا. زۆر دۆسـتمان دەسـگیرکرد، هەسـت و ڕای زۆر لەو گەنجـانە بەرامـبەر بە کـورد هـاتە گـوڕین. جارێکیـان قوتابییەک پێـی وتـم (مامۆسـتا لێت ناشـارمەوە، پێش ئەوەی بێمە ئەم بەشـە زۆرم ڕک لە کـورد بـوو. ئیسـتاش دەڵـێم خـۆزگە کـورد بـام). ئیسـتاش دوای بەست سی ساڵیش بە سەدانیان بەردەوام پەیوەندیم پێوە دەکەن و سـەردانم دەکەن و لێم دەپرسنەوە.

مامۆستاکانی بەش نموونەی پاکی و دڵسۆزی و نیشتمانپەروەری بـوون.

به داخەوە وەک دەڵێ (چەم بێ چەقەڵ نابێ) یەکدوانێکمان بۆ پەیابوو، بە قسەوقسەلۆک و ئاژاوە نانەوە بارۆدۆخی بەشەکەیان شێواندبوو. هەشبوو ڕاپۆرتیان بۆ حیزب و ڕاگرایەتیی کولێج و سەرۆکایەتیی زانکۆ لەسەر مامۆستاکان دەنووسی.

مامۆستاکانی بەشەکانی تر زۆر ڕێزیان لێ دەگرتم، یێکێ لەوانەی پەرپرسێکی حیزبی بوو، چەندین جار باسی ئەوڕاپۆرتانەی بۆ دەکردم کە لە بارەی منەوە دەنووسران، دەیوت نەماننناسیبایت و موتەئەکید نەبایین کە تۆ بێ لایەنی، بەم ڕاپۆرتانە ئیعدام دەکرای.

لە ساڵی ١٩٩٨ بوو ڕۆژێک ڕاگری کولێج ( د. مالک ابراهیم سالح الدلیمی) بە دوایدا ناردم. کە چووم بینیم کاک (نەجدەت عبدالمجید) برای (سەبیح عبدالمجید) لای دانیشتبوو. کاک نەجدەت بەوپەڕی ڕێزەوە پێشوازیی لێ کردم. وتی کاک وریا، تۆ مرۆڤێکی ناسراوی. هەموومان شانازیت پێوە دەکەین. گەلێ ڕاپۆڕتت لە سەر نووسراوە کە تۆ هاتوچۆی هەولێر دەکەیت و لە زانکۆی هەولێردا دەرس دەڵێیتەوە.


من زۆر سوپاسم کرد و وتم ڕاستە من زۆر هاتوچۆی هەولێر دەکەم چونکە کەس و کار و ماڵم لەوێیە. دەچمە لای دایک و خوشک و براکانم.، بە تایبەتی لەبەر دایکم کە پیر و نەخۆشە، هەمیشە داوای من دەکات. ڕاستیشە سەردانی هاوڕێیانم دەکەم لە زانکۆدا و گەر دەرسیش بڵێمەوە من بە شتێکی ئاساییی تێدەگەم، هەولێر عیراقە و هیچ کێشەیێک نابینم لە مەدا. زانست پەیوەندیی بە دۆستایەتی و دوژمنایەتییەوە نییە. من کابراییێکی بێ لایەنم، ئەوە ئەمەریکا و ئینگلتەرا کە دوژمنی سەر سەختی عیراقن کەچی حوکوومەتی عیراق ساڵانە دەیان قوتابی بۆ ئەو وڵاتانە بۆ خوێندن دەنێرێ. کاک نەجدەت وتی من هەر بۆ ئەوە هاتووم هەواڵت بپرسم و پێت بڵێم ئاگات لەخۆبێ. (د. مالک) یش زۆر ستایشی کردم و وتی کولێجی پەروەردە شانازی بە د. وریا دەکات. مرۆڤێکی پاک و بێ لایەنە، خەریکی زانستی خۆیەتی. ئیستاش لەگەڵ (د. مالیک)، کە لە دەرەوە دەژیێ، پەیوەندیی تەلیفۆنی لە نێوانماندا بەردەوامە. هەموو جار باسی ئەو ڕۆژانە دەکەین و

سوپاسی هەڵوێستەکەی دەکەم.

چوومە لای د. ئەورەحمانی حاجی مارف کە ئەویش هاتوچۆی زانکۆی سلێمانیی دەکرد. بەسەر هاتەکەم بۆ گێڕایەوە، وتی با بۆخۆیان بڵێن.

من ئەو ساڵی وازم لە دەرسدانەوە هێنا لە زانکۆکانی کوردستان. بۆ ساڵی دوایی دەستم پێکردەوە.

لە (٢٠١٢/ ١١/٧) یێکی لە مامۆستاکانی بەشی کوردی (؟)، کە خۆی پێشتر یەکێ بوو لە قوتانییەکانمان، ڕاپۆرتێکی بۆ ڕاگری کولێج(د. کازم کریم رزا) نووسیبوو تیایدا وای دەردەخا کە هەموو مامۆستاکانی بەشی کوردی



السيد عميد كلية التربية الاستاذ الدكتور كاظم كريم رضا المحترم

تحية طيبة و بعد..

قدم التدريسي ([redacted]) مذكرة الى سيادتكم ، حيث يتحامل فيها على اساتذة قسم اللغة الكردية ، فيها الكثير من الاتهامات و الافتراءات و المغالطات و التناقضات التي تمس جميع اساتذة القسم مما اثار الاستغراب و الاستهجان.

في مذكرته استهان ([redacted]) بعلمية و كفاءة اساتذة القسم دون استثناء على انهم غير كفوئين لا يصلحون للتدريس مما ادى الى تردي المستوى العلمي للقسم و نسي انه كان و الى وقت قريب واحدا منهم و انه يتحمل مسؤولية ما يدعيه .

السيد العميد المحترم

نحن اساتذة قسم اللغة الكوردية نعبر عن استياءنا الشديد لما بدر من زميلنا (______) تجاهنا وبيننا من كانوا من اساتذته. نطلب منه و من خلال سيادتكم ان يكف عن كتابة هذه التقارير الكيدية البائسة التي عفا عنها الزمن (وهو معروف بها)، وان لا يتدخل في شؤون قسمنا الذي رفضه بشدة والذي حاول و لسنوات و بدون هوادة ان يستلم مهام رئاسته الا اننا رفضناه و بالاجماع و لم يحصل حتى على صوت واحد في ثلاثة انتخابات.

نضع امامكم السيرة العلمي ل ([redacted]) لتكونوا على بينة منها.

هذا ولكم جزيل شكرنا و تقديرنا

اساتذة قسم اللغة الكوردية (بالاجماع)
كلية التربية / ابن رشد – جامعة بغداد
2012 – 12 – 5

کەمتەرخەمن و ئاستی زانستییان نزمە، ئەمە بۆتە هۆی بەرەڵلایی و دابەزینی ئاستی زانستیی قوتابییەکان و ...هتد.

بەشێکی ڕاپۆرتەکە منی دەگرتەوە. هێرشێکی زۆر دەکاتە سەر من، دەڵێ: (دەوامی زۆر لاوازە. کەم لە بەشدا دەردەکەوێ. مامۆستایەکی باش نییە، خۆی بەستۆتەوە بە کارکردن لە زانکۆکانی(شیمال).

مامۆستاکانی بەش بە سێ لاپەڕە وەلامێکی دوور و درێژی ڕاپۆرتنووسەکەیەیان دایەوە. لێرە تەنها یەکەم و دوا پەرەگرافی لێ دەخەمە ڕوو:

منیش ڕوونکردنەوە و وەڵامی خۆمم بەم جۆرە دایەوە:

السيد العميد المحترم

بواسطة السيدة رئيسة قسم اللغة الكردية المحترمة

تحية طيبة...وبعد

قدم السيد [redacted] مذكرة إلى سيادتكم يتحامل فيها على قسم اللغة الكردية بكليتنا، فيها الكثير من الاتهامات والافتراءات و المغالطات التي تمس جميع أساتذة القسم مما أثار الاستغراب.

فيما يخصني ... يدعي الموما إليه باني مرتبط بدوام وعقد مع مؤسسات علمية في إقليم كردستان وان دوامي في كليتنا ضعيف ..

نود إعلامكم باني لم أكن ولست مرتبطا بأي عقد مع أية جهة. كل ما في الأمر هو إني عضو عامل في المجمع العلمي الكردي – اربيل. احضر اجتماعات الهيئة لمرة واحدة أو مرتين في الشهر في أيام الأحد و بعلم و بموافقة العمادة و رئاسة الجامعة ..وان حضوري في هذه الاجتماعات لا يتقاطع أبدا مع دوامي في الكلية حيث إني رتبت جدولي بشكل يكون يوم الأحد أوف بالنسبة لي، ومع ذلك أداوم كل بقية أيام الأحد في الكلية لتدريس دروس إضافية للطلبة و الإشراف على بحوثهم ...و حتى أثناء العطل الصيفية لا انقطع عن الدوام. و طيلة خدمتي الجامعية (33) سنة لم أتمتع بأية أجازة .... السادة رؤساء الأقسام و المعاونون وكل الأساتذة على علم بكل ذلك ... وبعد كل هذا يأتي تلميذي و يتهمني بالتقصير و عدم الالتزام.

ومما أثار اندهاشي و استغرابي هو أن [redacted] الذي هو تلميذي و أكن له كل الاعتزاز و المحبة يعلم هذه الحقيقة و طالما انتقدني بسبب دوامي في الأيام التي لا دروس لي فيها.

السيد العميد

أرجوا من سيادتكم التفضل بالأمر بأجراء تحقيق في هذه المسألة لان هذا اتهام باطل لا أساس له يمس كرامتي الوظيفية .

هذا و لكم فائق شكري و تقديري..

أ.د. وريا عمر أمين

قسم اللغة الكردية

2012 – 11 – 13

ئەو سیخوڕە بەعسییانەی چاودێریی کوردەکانیان دەکرد وڕاپۆڕتیان لە سەر دەنووسین، هەمووش ناسراو و زانراون کێ بوون. ئەو ڕەوشتنزمە چاوقاییمانانە، هەر کە سەدام ڕووخا یەکسەر ئالاّ و پەڕۆی زەرد و سەوزیان هەڵکرد و هەڵواسی و کردیان بە چەپڵەو شایی و وایان ڕادەگەیان کە هێللاری (خەتمائیلی) حیزبە کوردیەکان بوون لەناو حیزبی بەعسدا. کارەسات و سەیرەکە لەوەدابوو ئەو خوێڕییە بێناموسانە ئەمجارە کەوتنە بانگەشە و ناوزڕاندن بە، بە بەعسی بوونی ئەوانەی ڕاپۆڕتیان بۆ بەعس لەسەر دەنووسین . بە داخەوە هەندێ لایەنە ناسراوە کوردییەکانیش داڵدەیان دان و تەنانەت ڕیزیشیان لێ گیرا بە پۆست و دەستکەوت. خۆ ڕاگرەکانیش پشتگوێ خران. ئەمە زیانێکی مێژوویی بە کورد گەیاند.. ئەمەم لە (٢٠٠٣/٥/١٢) دا کرد بە شیعرێ بە ناونیشانی (گێڕگۆڕ) ـەوە و لە ڕۆژنامەی (بەدرخان) دا بڵاوکرایەوە. ئەمە یەکەم شیعری سیاسیی کوردییە دوای ڕووخانی سەدام:

**تا دوا سەمموون.. تا ئێسقانی بەعسی بوو**
**ڕاپۆڕتی لەسەر خوشکیشی نووسیبوو**
**ڕەشاش لە دەسیا بە جلی زەیتوونی**
**فیدای سەدام بوو بە دڵ و دەروونی**
**خۆی کورد و بۆ ئەم کوردکوژە دڵسۆز بوو**
**بە ڕادەیێ ئەنفالی لا پیرۆز بوو**
**سەر و سامان.. هەرچییەکی کە هەیبوو**
**بەساقەی ساتێکی کاکە عودەی بوو**
**وای ئەزانی ئیتر هەتا هەتایێ**
**بۆی ئەمینێ.. خواش دەرەقەتی نایێ**
**سەدام بەزی.. ئەو یەکسەر گێڕی گۆڕی**
**وتی.. ئۆخەی.. هەزار لەعنەت لە گۆڕی**
**ئەم خوێڕییە.. بوونگەنیوە.. دەبەنگە**
**لێمان بوو بە خەتمایل و پێشمەرگە**
**هەر وەک بڵێی نە بای دیبێ نە باران**
**کەوتۆتەوە فشەفش وەکو جاران**

**هاوسەرگیریم**

لە ڕۆژی (/١٩٨٤/١٢ ) کچێـک هـاتە نووسـینگەکەم لە بەشـی کـوردی کاغەزێکی بە دەستەوە بوو. خۆی پێ ناساندم، وتی: (من ناوم جینان عەباسە دەرچووی کولێجی ئیدارە و ئیقتیسـادم، ئیمڕۆ ئەمری دامەزراندنم دەرچوو وەک فەرمـانبەر لە بەشـی کـوردی، هـاتووم بێـزەحمەت دەسـتبەکاربوونم بـۆ بنووسـی. بەخێرهـاتنم کـرد و وتـم فەرمـوو دانیشـە. دەسـتبەکاربوونەکەییم بۆنووسی و شوێنی کار کردنەکەیم پێشان دا و ئەرکەکانیم بۆ ڕوونکردەوە.

دوای سێ ساڵ، نازانم چۆن، ڕۆژێ لە پڕ هاتە خەیاڵم، ئەنجام بوو بە قیسـمەتم. لە (١٩٨٩/٩/٩) بـووین بە یەک مـاڵ. ئاهەنگەکەمـان لە یـانەی سەلاحەددین لە بەغداد بەڕێوەچوو. ئەوە بوو بە ٣٥ ساڵ. سێ کوڕ ( ئیڤان – دیار – ئۆڕاس) و دوو نەوە (یارا و ڤیان ئیڤان) لە نێوانماندا ڕوواون.

**کۆڕی زانیاریی عیراق**

دوای دەرچـوونی بەیاننـامەی (١١ ئـازار ١٩٧٠)، بە پێـی یاسـا ژ ١٨٣ی ساڵی ١٩٧٠ (کۆڕی زانیاریی کورد) دامەزرێنرا وەک دەزگاییێکی سەربەخۆ لە ڕووی دارایی و بەڕێوەبەرایەتیەوە. دیوانی سەرۆکایەتی بەڕێوەی دەبرد بە نوێنەرایەتیی وەزیری پەروەردە و فێرکردن.

ئامـانجی ئەم دەزگـایە پاراسـتنی زمـانی کـوردی و گەشـەدان بە بـواری زانست و ئەدەب و هونەری کوردی و زیندوو کردنەوەی کەلەپووری کوردی بوو.


کۆڕی زانیاریی کورد لە (٢٩ ئاب ١٩٧٠) دامەزرێنرا، بە سەرۆکایەتیی ( د. ئیحسان شێرزاد) و ئەندامێتیی (شێخ محەمەدی خاڵ – مەسعوود محمد – د. کەمال مەزهەر ئەحمەد – عبدالرحمن هەژار – د. عبداللە نەقشبەندی – د. پاکیزە ڕەفیق حلمی – د. عبدالحمید ئەتروشی – عەلائەددین سوجادی – د. ناجی عەباس)

لە ساڵی ١٩٧٣ یەکەم ژمارەی (گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد) دەرچوو. تـا سـاڵی ٢٠٠٣ وەسـتا لە دەرچوونـدا. لەو مـاوەیەدا (٣١) بەرگـی دەرکـرد. ژمـارەییێکی زۆر کتێبـی بڵاوکـردەوە لە بـواری زمـان و ئەدەب و فەرهەنـگ و

مێژوو و کەلەپووری کورد .. هتد.) گەلێ کۆنفرانس و کۆنگرەی زانستیی بەست لەبارەی کێشەکانی ڕێنووس و زمانی کوردی. چەندین لیژنەی هەمیشەییی پێکهێنا بۆ (زمان و ڕێنووس و ئەدەب و مێژوو و فەرهەنگ و کەلەپوور).

له سالّی ١٩٧٨، به پێی یاسا (ژ ١٦٣ ی سالّی ١٩٧٨) هەر سێ کۆڕ (عەرەبی و کوردی و سریانی) لێکدران و کران به یەک به ناوی ( المجمع العلمی العراقی - کۆڕی زانستیی عیراق).

له (١٩٨١/١٢/١٩) وەک شارەزا له کۆڕی زانیاری عیراق دامەزرێنرام



بسم الله الرحمن الرحيم

REPUBLIC OF IRAQ
IRAQI ACADEMY
Baghdad
TEL : EXC 25026 — 25029
ADAMIAH
P. O. B. 4023

الجمهورية العراقية
المجمع العلمي العراقي
الوزيرية — بغداد
ص. ب. ٤٠٢٣ — الاعظمية
بدالة ٢٥٠٢٦ — ٢٥٠٢٩

No. :
Date / / 19

العدد : ل/١/ ١٧٧٥
التاريخ ١٩ / ١٢ / ٨١ ١٩

عمادة كلية التربية / مكتب السيد العميد
جامعة بغداد

م / ســــطح

نهديكم خالص تحياتنا ونرجو علمكم ان الدكتور وريا عمر امين المدرس في فرع اللغة الكردية بكليتكم قد اختير خبيرا في لجنة اللغة الكردية في المجمع العلمي العراقي لذا نرجو تفضلكم بالسماح له بحضور اجتماعات تلك اللجنة في تمام الساعة العاشرة من صباح ايام الثلاثاء اسبوعيا .

مع جزيل الشكر ووافر التقدير


عبد اللطيف عبد المجيد محمد
مدير الهيئة الكردية

نسخة منه الى /
رئاسة اللغة الكردية بكلية التربية / لنفس الغرض مع التقدير
ادارة الهيئة الكردية
السيد مقرر اللجنة الدكتور كامل حسن البصير / للتفضل بالعلم

جملة : ١٠/١٨

له ساڵی ١٩٩٧، به پێی فرمانی دیوانی سەرۆکایەتیی کۆڕی زانیاریی عیراق ( ژ ٤٨٣ ی ١٩٩٧/٥/٢٩) دەستەی کورد و دەستەی سریانی دامەزرێنران. .دەستەی کورد ئەم ئەندامانەی گرتە خۆ.

(جوامێر مەجید سەلیم - د. جەلال محمد ساڵح -جەمال عبدالقادر بابان– د. نەسرین فەخری – محمد عەلی شەلال – د. زەنون محمد پیریادی– خسرو الجاف - د. عبدالقادر عبد الرحمن - د. وریا عمر امین).


بسم الله الرحمن الرحيم

جمهورية العراق
ديوان الرئاسة
المجمع العلمي

العدد: ٤٨٣
التاريخ: ٢٢ / محرم / ١٤١٨هـ
٢٩ / ٥ / ١٩٩٧م

أمــــر

م/ تشكيل هيئة اللغة الكردية وهيئة اللغة السريانية

استنادا الى المادة الاولى من قانون التعديل الاول لقانون المجمع العلمي ذي الرقم (٣) لسنة ١٩٩٥.

وبناء على ما اقرته الهيئة العامة في المجمع العلمي بجلستها الخامسة ... ١٩٩٧/٥/٢٣م - ٦ محرم الحرام ١٤١٨هـ ، تقرر/

اولا / تشكيل هيئة اللغة الكردية من/

١- الدكتور جوامير مجيد سليم
٢- الدكتور جلال محمد صالح
٣- جمال عبد القادر بابان
٤- الدكتورة نسرين فخري
٥- الدكتور محمد علي شلال
٦- الدكتور ذنون محمد بيريادي
٧- خسرو الجاف
٨- الدكتور عبدالقادر عبدالرحمن
٩- الدكتور وريا عمر امين

ثانيا / تشكيل هيئة اللغة السريانية من

١- الدكتور يوحنا ...
٢- الدكتور يوسف متي ...
٣- الدكتور خالد اسماعيل علي
٤- الدكتور ...

ملاحظة

سيجري انتخاب رئيس هيئة اللغة الكردية في الساعة العاشرة من صباح ... ١٩٩٧/٦/... وانتخاب رئيس هيئة اللغة السريانية الساعة (١١) من اليوم نفسه يرجى الحضور.

ناجي معروف ...
رئيس المجمع العلمي


لە ڕۆژی دووشـەممەی ڕێکەوتـی(١٩٩٧/٦/١٦) ئەندامانی دەسـتەی کـورد کـۆ بـووینەوە، د. (جـوامێر مەجید سـەلیم) مـان بە سـەرۆک هەڵبـژارد. دوای ئەمە چەند کۆبوونەوەییکمان ئەنجام دا بۆ دانانی پلانی کارکردن و پێکهێنانی لیژنەکـانی (زمـان – ئەدەب – کەلەپـوور – مێـژوو – فەرهەنـگ)، بـۆ وەدی هێنانی ئەو ئامانجانەی(کۆڕی زانیاری) لە پێناویدا دامەزرێنرابوو.

ئەو مامۆستایانەی لە لیژنەکاندا ئەندام و هاوکارم بوون:

(مەسـعوود محمـد - جەمـال بابـان – نـوری عەلـی ئەمـین – سـادق بەهائەددین – د. کامیل بەسیر – مەلا جەمیلی ڕۆژبەیـانی – مەلا شـوکور – ئەبو زەید سـندی - د. ئاوڕەحمـانی حـاجی مـارف - د. عبدالرحمن عبداللـه - د. ئەمـین موتـاپچی – حەمەی مەلا کەریـم – ئەنـوەر قەرەداغـی – د. عەلـی تۆفیق نادر – د. جەلال محمد ساڵح – د. جوامێر مەجید سـەلیم – د. زەنـوون پیریادی – د. هوشیار مەعرووف – شـێخ محمد عەلـی قەرەداغـی – د. فوئـاد حەمە خورشـید – د. بەدرخـان سـندی – حسـێن جـاف - د. وریا عمر امین).

لە(١٩٩٩/٦/٢٧) لە گەڵ ئەم بەڕێـزانە وەک دەسـتەی کـورد بـۆ مـاوەی سـێ سـاڵ هەڵبژێرراین:

(جـوامێر مەجیـد سـەلیم - د. عبدالقادر عبد الـرحمن - د. هوشـیار معـروف – د. فوئـاد حەمە خورشـید – محمـد علـی قەرەداغـی - د. جەلال محمـد سـاڵح - د. وریـا عمـر امیـن - د. علی توفیق نـادر – د. محمد علی شلال)


بسم الله الرحمن الرحيم

جمهورية العراق
ديوان الرئاسة
المجمع العلمي

العدد: ١٠٢٩
التاريخ ١٤/ ربيع الاول/ ١٤٢٠هـ
٢٧/ ٦/ ١٩٩٩م

أمـــر

م / هيئـــة اللغة الكرديـــة

بنـاء على الانتخـاب الذي جرى في الجلسـة الحـادية عشـرة للهيئـة العامـة المنعقدة في ٢٤ صفر ١٤٢٠ هـ ـ ٨ حزيران ١٩٩٩ م يكون الاسـاتذة الآتيـة أسـماؤهم أعضاء في هيئة اللغة الكردية لمدة ثلاث سنوات :

١- د. جوامير مجيد سليم
٢- د. جلال محمد صالح
٣- د. عبد القادر عبد الرحمن
٤- د. وريا عمر أمين
٥- د. هوشيار معروف
٦- د. علي توفيق قادر
٧- د. فؤاد حمه
٨- د. محمد علي شلال
٩- السيد محمد علي قره داغي

ناجح محمد خليل الراوي
رئيس المجمع العلمي

نسخة منه الى :
مكتب رئيس المجمع
مكتب الامين العام
هيئة اللغة الكردية
الادارة
الحسابات
التدقيق
الأعضاء

بسم الله الرحمن الرحيم

جمهورية العراق
ديوان الرئاسة
المجمع العلمي

العدد : ١٥٨٥

التاريخ ٢٠/جمادى الأولى/١٤٢٠ هـ
٢/٩/١٩٩٩ م

أمـــر

م / تشكيل لجان هيئة اللغة الكردية

بنـــاء على اقتراح هيئة اللغة الكردية في اجتماعها الثالث المنعقد في ١٩٩٩/٨/١٥ .

تشكل لجان هيئة اللغة الكردية من :

اولاً : لجنة المصطلحات العلمية

١- الدكتور جلال محمد صالح ( رئيساً )
٢- الدكتور علي توفيق ( عضواً )
٣- الدكتور محمد علي شلال ( عضواً )
٤- الدكتور هوشيار معروف ( عضواً )
٥- الدكتور عبد القادر عبد الرحمن ( عضواً )
٦- الدكتور ذنون محمد عزيز ( عضواً )
٧- الدكتور عبد الرحمن عبد الله ( عضواً )

ثانيـــاً : لجنة المصطلحات الانسانية

١- الدكتور جلال محمد صالح ( رئيساً )
٢- الدكتور علي توفيق ( عضواً )
٣- الدكتور محمد شلال ( عضواً )
٤- الدكتور هوشيار معروف ( عضواً )
٥- الدكتور فؤاد حمة خورشيد ( عضواً )
٦- الدكتور محمد ملا كريم ( عضواً )
٧- الدكتور نوري علي أمين ( عضواً )

ثالثـــاً : لجنة التراث والتأريخ

١- الدكتور جوامير مجيد سليم ( رئيساً )
٢- السيد محمد علي قرداغي ( عضواً )
٣- الدكتور وريا عمر أمين ( عضواً )
٤- السيد جمال بابان ( عضواً )
٥- السيد محمد جميل روزبياني ( عضواً )
٦- السيد محمد ملا كريم ( عضواً )
٧- الدكتور عبد الرحمن معروف ( عضواً )


رابعـــاً : لجنة اللغة الكردية

١- الدكتور جوامير مجيد سليم ( رئيساً )
٢- السيد محمد علي قرداغي ( عضواً )
٣- الدكتور وريا عمر أمين ( عضواً )
٤- الدكتور فؤاد حمة خورشيد ( عضواً )
٥- الدكتورة نسرين فخري ( عضوة )
٦- السيد رشيد باجلان ( عضواً )

ناجح محمد خليل الراوي
رئيس المجمع العلمي
١/٩/٩٩

نسخة منه الى :
مكتب رئيس المجمع
مكتب الامين العام
هيئة اللغة الكردية
الادارة
الحسابات
التدقيق
الاعضاء

بە پێـی نووسـراوی (ژ ١٥٨٥ لە ١٩٩٩/٨/١٥)، لە (١٩٩٩/٩/٢) لیژنەکـانی کۆڕی زانیاریی عیراق – دەستەی کورد بەم جۆرە دامەزرێنران:



بسم الله الرحمن الرحيم

جامعة بغداد
عمادة كلية التربية الاولى
ابن رشد
الواردة
العدد / ٢٢٢٦
التاريخ ١٠/٩/٢٠٠٠

جمهورية العراق
ديوان الرئاسة
المجمع العلمي

العدد : ٢٠٥١

التاريخ ١١/ ج٢ / ١٤٢١ هـ
١٠/٩/٢٠٠٠ م

وزارة التعليم العالي والبحث العلمي

كلية التربية / ابن رشـــــد

م/ مباشــــــرة

استنادا الى محضر هيئة رئاسة المجمع العلمي المنعقد بتاريخ ٢٠٠٠/٩/٥ .

باشر الدكتور وريا عمر آمين العمل في هيئة اللغة الكردية / المجمع العلمي اعتبــارا من ٢٠٠٠/٩/٩ . ويعتبر متفرغا لأيام السبت والأحد من كل أسبوع .

يرجى التفضل بالاطـــــــــــــلاع .

أحمد مطلوب
الأمين العـــــام
١٠/٩/٢٠٠٠م

نسخة منه الى :

وزارة التعليم العالي والبحث العلمي / كتابكم ٥٤٨١ في ٢٠٠٠/٧/١٠
يرجى التفضل بالاطلاع

المجمع العلمي
العدد
التاريخ / / ١٤ هـ
/ / ٢٠ م

مكتب السيد رئيس المجمع
مكتب السيد الأمين العام
هيئة اللغة الكردية
الإدارة
الحســـابات
التدقيــــق

نجاة ٩/١٠

دەستەی کورد بەردەوام بوو لە کارەکانیدا تا ساڵی ٢٠٠٣. لەو ماوەیەدا بەشداریم لە هەموو کۆنفرانس و سیمینار و جموجۆڵە زانستییەکانیم کرد و (٩) لێکۆڵینەوەم لە گۆڤارەکەیدا بڵاوکردەوە.

**چالاكییەكانم لە بواری زمان و ئەدەبی عەرەبی**

چەندین لێكۆڵینەوە و وتار لەلایەن زانایانی زمانەوانیی عەرەب لە بارەی چالاكییەكانم لە بواری زمان و ئەدەبی عەرەبییدا بلاوكراوەتەوە. یەكێ لەوانەدەخەینە ڕوو.

(د. علی حواس الحلو) سەرۆكی بەشی عەرەبی لە زانكۆی بەغداد لە وتارێكیدا بە ناونیشانی( د. وریا عمر امین لە بواری زمان و ئەدەبی عەرەبیدا) دەڵێ:.

{ بالرغم من ان اختصاص الدكتور وريا عمر امين ليست اللغة العربية و الادب العربي، الا ان بحوثه و دراساته و المامه و اطلاعه الواسع على اللغة العربية و الادب العربي جعلته يرقى الى درجة المختصين و من علماء العربية حتى لقب براوية الجواهري و موسوعة الشعر العربي . فله العشرات من المقالات و البحوث الاصيلة و المبتكرة عن اللغة العربية و الادب العربي و علم العروض. من اهم بحوثه عن العربية:

١- التفسير الميكانيكي لظاهرة الحروف الشمسية و القمرية – سنة ١٩٩٠.. وهو اول من فسر ظاهرة الحروف الشمسية و القمرية و بين قوانينها الصوتية . اضاف به الدكتور وريا عمر امين شيئا جديدا مبتكرا اغنى به الدراسات الصوتية للغة العربية.

٢- امواج الشعر – سنة ١٩٩٠ . دراسة مبتكرة عن علم العروض ذلل به صعوبة ادراك تفعيلات كل بحر من بحور الخليل مختصرا علم العروض كله بجدول موحد من غير خلل و لا نقص.

كما كتب عددا من المقالات و البحوث و الكتب عن الادب العربي. فكتب عن المتنبي و الرصافي و امين الريحاني و الجواهري و حسين علي محفوظ و غيرهم.

نشر بحثا في مجلة الاستاذ، العدد ٢١٢ سنة ٢٠١٥ بعنوان ( الجواهري في دراسة كمية). يقدم فيه الباحث جردا كميا لنتاجات الجواهري الشعرية لم يسبق ان تطرق الى هذا النوع من الدراسات اي باحث في الادب العربي.

كما صدر له مؤخرا كتابا قيما بعنوان (كردستان في ضمير الجواهري –

من منشورات جامعة جهان) مثل جهدا ادبيا مميزا.. نتمنى للدكتور وريا عمر امين كل الموفقية من اجل خدمة لغتنا العربية.

**الدكتور علي حواس الحلو**

**رئيس قسم اللغة العربية – كلية تربية ابن رشد – جامعة بغداد**

**18 – 10 – 2015**

## بانگەوازەکەم بۆ زمانەوانانی عەرەب

لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە، بە دەیان لێکۆڵینەوە و وتار و کتێبم لە بارەی ئەدەب و زمان و ڕێزمانی عەرەبییەوە بڵاوکردۆتەوە. تیایاندا دەری دەخەم کە ئەو ڕێزمانە عەرەبییەی ئێستا (١٣٥٠) ساڵ بەر لە ئیمرۆ، ئەبولئەسوەد الدوئەلی (٦٠٣ – ٦٨٨ز) دایناوە، ڕێزمانێکی زۆر دواکەوتووە، هەرگیز لەگەڵ گیان و پێویستییەکانی سەردەم ناگونجێ. من پێڕەوێکی نوێی بە پشتبەستن بە بنەماکانی زمانەوانیی سەردەم پێشناز دەکەم. چەندین وتار و لێکۆڵینەوە و کتێبم لەم بارەیەوە بڵاوکردۆتەوە.

ڕێزماننووسانی عەرەب بە تایبەتی دکتۆر و مامۆستایانی زانکۆکان و گەنجەکان بە نەرێنی و گەشبینییەوە پێشوازیی پێڕەوەکەیان کردم. کۆنخوازەکان دژی وەستاون و بە پیلانی لەقەڵەم دەدەن.

لە ساڵی ٢٠٢١ بابەتێکی ڕێزمانیم بە ناونیشانی (ڕێککەوتن لە زمانی عەرەبیدا) پێشکەش بە گۆڤارێکی زمانەوانیی عەرەبی کرد، کە گوایە بە گیانێکی سەردەمانە سەیری زمانەوانی دەکەن. بڵاویان نەکردەوە بەو هەنجەتەی کە لەگەڵ بنەماکانی ڕێزمان نووسینی عەرەبیی ڕەسەن ناگونجێ. پاشان لە گۆڤاری (چەند بابەتێکی کوردناسی)ی ئەکادیمیای کوردیی ژمارە (٢ ی ٢٠٢٣/ ل ١ – ٢٠) بڵاوکرایەوە. تیایدا ڕاپۆرتی خەبیر و وەڵامی خۆم دەخەمە ڕوو. دوای ڕەفزکردنی بابەتەکەم، بانگەوازێکم بە زمانی عەرەبی بە ناونیشانێ (کاتی ئەوە هاتووە بە نووسینی ڕێزمانی عەرەبی بێنەوە). لە چەند شوێنێک و لە فێسبوکدا (٢٥ – ٢ – ٢٠٢٢ / Waria Omar Amin) بڵاوکرایەوە.

## بوونم بە ئەندامی کارای کۆڕی زانیاریی عیراق

بە پێی فرمانی سەرۆک وەزیرانی عیراق (محمد شیاع االسودانی) ژمارە (٢٣٣٣٦٢٢/٣٠٦٥) لە ٢٠٢٣/١١/١٦ دا، بە ئەنـدامی کـارای کـۆڕی زانیـاریی عیراق هەڵبژێردرام.

بسم الله الرحمن الرحيم

جمهورية العراق
مكتب رئيس مجلس الوزراء

Republic of Iraq
Prime Minister's Office

العدد: 2333622 / 3065
التاريخ: 2023/11/16

امر ديواني / 23977

بناءً على مقتضيات المصلحة العامة، وإستناداً إلى أحكام المادة (10) من قانون المجمع العلمي العراقي رقم (22) لسنة 2015، وموافقة السيد رئيس مجلس الوزراء، تقرر ما يأتي:

**أولاً**: تعيين السادة المدرجة أسماؤهم في الجدول أدناه أعضاءً عاملين في المجمع العلمي العراقي:

| ت | الاسم | ت | الاسم |
|---|---|---|---|
| 1 | د. محمد حسين محمد آل ياسين | 13 | د. عبد المجيد حمزة ناصر علي الناصر |
| 2 | د. إحسان علي صائب حسين علي | 14 | د. عبد الواحد محمد مسلط فيصل الفيصل |
| 3 | د. جبار أجخيم تميم ناصر الرفاعي | 15 | د. علي ناصر غالب حسين الشمري |
| 4 | د. حسام سعيد محمود بندر النعيمي | 16 | د. فائزة عبد الامير نايف هديب |
| 5 | د. حميد مجيد حميد هدّو | 17 | د. فاضل صالح مهدي خليل السامرائي |
| 6 | د. روبين هاشم شمويل يوسف | 18 | د. محمد عبد اللطيف عبد الكريم جبار |
| 7 | د. رؤوف عثمان معروف عبد الرحمن | 19 | د. محمود حبيب شلال محمود المشهداني |
| 8 | د. زهير غازي محسن زاهد المياح | 20 | د. ناهض عبد الرزاق دفتر مهدي |
| 9 | د. طارق عبد عون صحن حمزة الجنابي | 21 | د. نبيلة عبد المنعم داود محمد صالح العنزي |
| 10 | د. طه محسن عبد الرحمن هاشم | 22 | د. هاشم يحيى حسين أحمد الملاح |
| 11 | د. عباس فاضل عباس عبد الدائم السعدي | 23 | د. وريا عمر أمين عبد الرحمن |
| 12 | د. عبد علي حسن عبود حسن الخفاف | | |

**ثانياً**: ينفذ الأمر من تاريخ صدوره.

إحسان ياسين العوادي
مدير مكتب رئيس مجلس الوزراء
2023/11/16

## چاڵاکییەکانم لە بواری گەردوونناسی و جوگرافیادا

سەرۆکی کۆمەڵەی جوگرافیی عیراقی (پ.د. ئەیاد عاشور) و سەرۆکی بەشی جوگرافیای زانکۆی بەغداد (پ.د. بەشیر ئیبراهیم) ئەم نامەیەیان لە (٢٠١٥/١٠/١٨) بۆ لیژنەی هەڵبژاردنی زانایانی عیراق نارد:

### وريا عمر امين جغرافي و فلكي مبدع و متميز

الاستاذ الدكتور **(وريا عمر امين)** عضو الجمعية الجغرافية العراقية ،جغرافي و فلكي موسوعي متميز معروف.كتب الكثير من المقالات و البحوث الاصيلة و الملفتة للنظر في الفلك و الجغرافية و البيئة. نذكر منها:

1 – كسوف الشمس و الانجازات العلمية العظيمة مجلة المثقف الجديد ع 144 سنة 1999
2 – حجم الارض قبل 22 قرنا – مجلة رنكين ع 8 سنة 1988
3 – قصة كروية الارض – جريدة ملحق العراق ع 103 في 1989/9/20
4 – رسالة مرعبة تصلنا من اعماق الفضاء – جريدة هاوكاري ع 772 في 198557/1/17
5 – كيف تلد النجوم – جريدة هاوكاري ع 877 في 1987/2/5
6 – التلوث – جريدة اسو ع 19 في 12/2 1989
7 – الانسان و الحيوان – جريدة بدرخان ع 100 في 2008/7/22
8 – هجرة الاسماك – ماساة المهاجرين – جريدة العراق ع 3165 في 1986/6/18
9 – عن المذنب هالي – جريدة العراق ع 3080 في 1986/3/12
10 – نظام التقويم الميلادي – مجلة المثقف الجديد ع 150 سنة 2001 ...الخ

**للدكتور وريا عمر امين عدة طروحات جغرافية و فلكية ملفتة للنظر وهي من بناة افكاره نذكر منها:**

1 – فكرته المعنونه (هل الوزن في الليل اكثر ام في النهار) و المنشورة سنة 1983 واستنادا الى منطق القوة المركزية و العممركزية يبرهن بان الوزن في الليل على الارض اخف من النهار(منشور في جريدة العراق ع 2219 في 17 –5 – 1983) – (نسخة مرفقة من المقال).

2 – صاغ معادلة فلكية لقياس سرعة دوران الارض على خطوط العرض ( 1998). اقرب الى النظرية يمكن تطبيقه على جميع الكواكب . (جريدة العراق ع 6519 في 21 نيسان 1998. (نسخة من المقال).

3 – في 2013/3/6 القى محاضرة قيمة في الجمعية الجغرافية العراقية بعنوان( نظرية مركزية الشمس في الفكر الفلكي القديم) موضوع أصيل غير مطروق في الفكر الجغرافي. (نشر في مجلة ميزوو – التاريخ ، ع 29 سنة 2014).... و غيرها الكثير من النشاطات الجغرافية و العلمية المتنوعة.

نتمنى له دوام التوفيق من اجل خدمة وطننا العراق

**الاستاذ الدكتور أياد عاشورالطائي**
رئيس الجمعية الجغرافية العراقية

**الاستاذ الدكتور بشير ابراهيم اللطيف**
استاذ الجغرافية – جامعة بغداد – كلية تربية ابن رشد


2015-10-18

**ئەکادیمیای کوردی**

ئەکادیمیای کوردی درێژە پێدراوی کۆڕی زانیاری کوردە، کە لە بەغداد لە ساڵانی (١٩٧١ - ١٩٧٨) چالاک بوو. دوای ڕاپەڕین و بەپێی یاسای (ژمارە ١٢ی ساڵی ١٩٩٧) بە ناوی (کۆڕی زانیاریی کوردستان) زیندوو کرایەوە. لە(١٩٩٨ تا کۆتایی ٢٠٠٠) لە قۆناغی ڕێکخستنەوەدا بوو، دواتر بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی (ژ ٩٥ لە ١٣ /١١/ ٢٠٠٠) دا، (د. شەفیق قەزاز) وەک سەرۆکی کۆڕی زانیاریی کوردستان (بە وەکالەت) دەستنیشان کرا. لە دوای بڕیاری یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی کوردستان لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٧ دا، داوا لە (د. کەمال فوئاد و د. شەفیق قەزاز) کرا، ئەنجومەنی کۆڕی زانیاری کوردستان دامەزرێننەوە. هەر ئەوسا یاسای کۆڕی زانیاری کوردستان هەموار کرایەوە و ناوەکەی گۆڕدرا بە (ئەکادیمیای کوردی).

لە کاتی دامەزراندنی ئەکادیمیادا لە ڕێی (بەدران ئەحمەد حەبیب و د. شێرزاد نەجاڕ) ەوە پەیوەندی بە من کرا بۆ سەرۆکایەتییەکەی. داوای لێبوردنم کرد. هەمان شت بۆ سەرۆکایەتیی زانکۆی سەلاحەددین.

من لە خولی یەکەمی ئەکادیمیادا بە ئەندامی کارا هەڵبژێررام.



Kurdistan Region
Council of Ministers
Presidency of Divan
Department of Administrative & Financial Affairs
Directorate of Management

هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
سەرۆکایەتی دیوان
فەرمانگەی کاروباری کارگێڕی و دارایی
بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی

No.: ژمارە: ١١٥٦

Date: / / 200 ڕێکەوت: ١٤/ ٥/ ٢٠٠٨

فەرمان

ئەم بەڕێزانەی کە ناویان لە خوارەوە هاتووە وەک ئەندامی کارای ئەکادیمیای کوردی هەڵبژێردراون لە ڕێکەوتی ٢٠٠٧/١١/١٨ .

ناوبراوان لە ٢٠٠٧/١١/١٨ پێش نیوەڕۆ دەست بە کار بوون .

د.نوری عثمان عبدالرحمن
سەرۆکی دیوان

| ژ | ناو |
|---|---|
| ١ | د. عەبدولجەبار قادر غەفوور |
| ٢ | د. ووریا عومەر ئەمین |
| ٣ | د. محەمەد مەعروف فەتاح |
| ٤ | د. نووری تاڵەبانی |
| ٥ | م. موئەیەد تەیب ئەحمەد |

وێنەیەک بۆ:
- وەزارەتی دارایی /ب. گ . دیوان /میلاکات/ بۆ جێبەجێ کردنی کاری پێویست لە گەڵ ڕێزدا...
- ئەکادیمی کوردی /نووسراوتان ژمارە (٣٨٢) لە ٢٠٠٧/١٢/١٧/ بۆ کاری پێویست لە گەڵ ڕێزدا ...
- کارگێڕی.
- دۆسیەی گشتی.
- خولاو.

Kurdistan Region – Erbil
Phone: 2220210 - 2230247 - 2230248
Email:council_of_ministers@krg.org
هەرێمی کوردستان - هەولێر
تەلەفون: ٢٢٢٠٢١٠ - ٢٢٣٠٢٤٧ - ٢٢٣٠٢٤٨

خولەکە لە ٢٢ی ئابی ٢٠٠٧ هەتا ١٢ی ئەیلوولی ٢٠١١ بەردەوام بوو، ئەنجومەنی ئەکادیمیا لەم (١٥) ئەندامە پێکهاتبوو:

(شەفیق قەزاز / سەرۆک – ڕەشید فندی / جێگری سەرۆک – ئازاد ئەحمەد مەحموود / سکرتێر – موئەیەد تەیب – نەجاتی عەبدوڵلا – کەمال مەزهەر ئەحمەد – عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ – نووری تاڵەبانی – عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی – موحسین محەممەد حوسێن – جەمال عەبدول – جەبار قادر – محەممەدی مەلا کەریم – محەممەد عەلی قەرەداغی – وریا عومەر ئەمین ).

ئامانجی سەرەکیی ئەکادیمیای کوردی وەک لە یاساکەیدا خراوەتە ڕوو، پاراستن و پتەوکردنی زمانی کوردی و کەلەپوور و ناسنامە نەتەوەییەکانمانە. بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی، پلان و کارنامەی داڕشتوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی زمانی کوردی لە(ڕێنووس و زاراوەسازی و زمانی ستاندارد و بیبلیۆگرافیا .. هتد) داڕێژرا. بۆ هەر یەک لەمانە لیژنەیێکی هەمیشەییی تەرخان کرا. لە ساڵی (٢٠٠٧) ەوە تا ئیستا، سەرۆکایەتیی ئەم لیژنانە بە من سپێررا (جگە لە ئەندامێتیم لە چەندین لیژنەی تردا).

١ – لیژنەی ساڵنامە

٢ – لیژنەی ئینسایکلۆپیدیا

٣ – لیژنای بیبلیۆگرافیا

٤ – لیژنەی فەرهەنگ

٥ – لیژنەی ڕێنووس

هەموو ئەم لیژنانەی سەرۆکایەتیم کردن، ئەرکەکانی خۆیان بە ڕێکوپێکی ئەنجام داوە. هەموو وەک کتێب هەر لە ئەکادیمیادا بڵاوکراونەتەوە.(ئینسایکلۆپیدیای کوردستان نەبێ، کار لەسەریا بەردەوامە).

حکوومەتی هەرێمی کوردستان

ئەکادیمیی کوردی

ئەنجومەن

ژمارە: ١٥

ڕێکەوت: ٢٠٠٨/٢/٣

## کۆنووسی کۆبوونەوەی پازدەهەم

ئەنجومەنی ئەکادیمیی کوردی، ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی ٢٠٠٨/٢/٢، (١٠)ی بەیانی، بەئامادەبوونی سەرۆکی ئەکادیمی: د. شەفیق قەزاز و جێگری سەرۆک: ڕەشید فندی، ئەندامانی کارا: د. محەممەد مەعرووف فەتتاح، د. نووری تاڵەبانی، د. وریا عومەر ئەمین، د. جەبار قادر، د. موحسین محەممەد حسێن، د. عەبدولفەتتاح عەلی بۆتانی، محەممەدی مەلا کەریم، جەمال عەبدول، محەممەد عەلی قەرەداغی، موئەیەد تەیب، کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی کرد. ئەندامانی کارا: د. کەمال مەزهەر، د. کەمال فوئاد و د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ لەم کۆبوونەوەیەدا ئامادە نەبوون. ئەندامانی ئەنجومەن بەپێی بەرنامەی کاری کۆبوونەوەکە، گفتوگۆیان کرد.

### ١. ناوە دەستنیشانکراوەکانی لیژنەکانی ئەکادیمی

هەریەک لە سەرۆک لیژنەکان بە دوور و درێژی باسی میکانیزمی کاری لیژنەکە و دیاری کردنی بابەتە بەراییەکانی لیژنەکەی کرد، بابەتانەش لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنەوە، گفتوگۆیان لەسەر کرا، پاشان ئەو ناوانە خرانە ڕوو کە بۆ کاری لیژنەکان دەستنیشان کرابوون بەم جۆرە:

١. لیژنەی بیبلۆگرافیا: سەرۆکی لیژنە: د. وریا عومەر ئەمین

شوان سلێمان بابە

محەممەد وسمان

ئەریمان خۆشناو

٢. لیژنەی ئینسایکلۆپیدیا: سەرۆکی لیژنە: د. وریا عومەر ئەمین

د. جەبار قادر

حەمید ئەبوبەکر

عەبدولڕەحمان مەعرووف

موئەید تەیب

لیژنەی ساڵنامە، کە بەشێکە لە لیژنەی بیبلۆگرافیا و لەژێر چاودێری د. وریا عومەر ئەمینەوە بەڕێوەدەچێت، پێک دێت لە:

**لیژنەی ساڵنامە**

لە ساڵی (٢٠٠٢) دا کتێبێکم بە ناونیشانی (ساڵنامەی کوردستان – دەزگای ساڵنامەی کوردی) یەوە لە دەزگای ئاراس لە ژێر ژمارە (١٢٣) دا بڵاوکرایەوە. تیایدا ساڵنامەییێکی ستراتیجیی کوردیی هەمیشەییم پێشکەش کرد. بە هۆیەوە هەموو کێشەکانی ساڵنامەی کوردی چارەسەر کرا و ساڵنامەی هەر ساڵێکی ڕابردوو و داهاتووی کوردی و زایینی بە ئاسانی دەستدەکەوێ. لەگەڵ هەموو یاسا و هاوکێشەکان.

لە (٢٠٠٨/١/٢٠) دا پێشنیازێکم پێشکەش بە ئەنجومەنی ئەکادیمیای کوردی کرد بۆ ڕەچاوکردنی وەک ساڵنامەییێکی فەرمیی کورد.

لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئەکادیمیای کوردیی ڕۆژی یەک شەممەی ڕێکەوتی (٢٠٠٨/٢/٣) گفتوگۆ لەبارەی پێشنیازەکەم کرا و بە پێی مادە (١٨) لە یاسا هەموارکراوی ئەکادیمیای کوردی ژمارە ١٢ی ساڵی ١٩٩٧ و بە پێی کۆنووسی ژمارە (١٢) ی ڕێکەوتی (٢٠٠٨/٢/٣)، بریار درا بە پێکهێنانی لیژنەییێک لە پسپۆڕانی ساڵنامە و مێژوو و بیرکاری بۆ ئەم مەبەستە. لیژنەکە بە سەرۆکایەتیی خۆم بەم جۆرە پێکهێنرا:

١ – د. وریا عمر امین - سەرۆکی لیژنە

٢ – م. کەریم شارەزا – پسپۆری ساڵنامە

٣ – د. موحسین موحەممەد حوسێن – پسپۆری مێژوو

٤ – د. جەبار قادر – پسپۆری مێژوو

٥ – د. وەسفی تاهیر ساڵح – پسپۆڕی بیرکاری و کۆمپیوتەر

٦ – د. ڕەشید فندی – شارەزا و پسپۆڕی مێژوو و کەلەپوور

لیژنەکە لە ڕۆژی دووشەممەی ڕێکەوتی (٢٠٠٨/٤/٢١) کۆبووەوە. دوای گفتوگۆکردن ئەم بریارانەی دا:

(( ١ - بۆ بە سیستەم کردنی ساڵنامەی کوردی، هەر ئەو ساڵنامەیەی د. وریا عومەر ئەمین بە ناونیشانی (ساڵنامەی کوردستان – دەزگای ساڵنامەی کوردی) یەوەیە ڕەچاوبکرێت، دوای ئەوەی ژمارەی ڕۆژەکانی مانگی گەلاوێژ بکرێ بە (٣١) لە جیاتی (٣٠) و هی سەرماوەز بکرێ بە(٣٠)

له جیاتی (٣١).

٢ - داوا له د. وریا عومەر ئەمین خۆی بکرێ، ساڵنامەکە ڕێکبخاتەوە بشێ بو بەکار هێنانی گشتی)).

منیش دوای ئەوەی ساڵنامەکەم ڕێکخستەوە. ناونیشانەکەییم گۆڕی بە ( **ساڵنامەی ئەکادیمیای کوردی**) تا مۆرکێکی گشتیی فەرمیی پێوە بێ، ئنجا پێشکەش بە ئەنجومەنم کردەوە. ئەنجومەنی ئەکادیمیا لە کۆبوونەوەی ژمارە (٤٠) ی ڕۆژی یەکشەممەی ڕێکەوتی (٢٠٠٩/٢/٢٢) گفتوگۆی لە بارەیەوە کرد. هەموو ئەندامەکان تاقییان کردەوە. لە ئەنجامدا پەسندیان کرد و بریاریان دا بە ساڵنامەی فەرمیی کوردی ڕەچاو بکرێ. ئەکادیمیای کوردی لەژێر ژمارە (٥٣) ی ساڵی (٢٠٠٩)ی بڵاوکراوەکانی لە چاپخانەی (حاجی هاشم) بە چاپی گەیاند. ساڵنامەکە لەم ماڵپەڕەدا دەستدەکەوێ:

http://wariaomaramin.blogspot.com

## ڕاستکردنەوەی مێژووی دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان

لە ساڵی ٢٠٠٢دا کتێبی (ساڵنامەی کوردستان) م لە دەزگای ئاراسدا دەرچوو. تێیدا بۆ یەکەم جار یاساکانی کردنی مێژووی کوردی بە زایینی و زایینی بە کوردی دەست نیشان کرا. هەروەها پێڕەوێکە بە هۆیەوە ساڵنامەی هەرساڵێکی کوردی و زایینی (١٧٥٠ – ٢١٠٠) دەستدەکەوێ و ڕۆژەکەی دەخاتە ڕوو.

ژمارەییێک لە ڕووداوە مێژووییەکانم خستە سەر ساڵنامەی کوردی. ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام ئەوە بوو کە ٢٢ – ٤ – ١٨٩٨ بووە ڕێکەوتی (٢ گوڵان ٢٥٩٨) و کەوتە ڕۆژی ( هەینی )، کەچی دووجار لەسەر لاپەڕە یەکی ڕۆژنامەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە لە ڕۆژی پێنجشەممەدا دەرچووە.

سەرەتا وای بۆ چووم کە هەڵەییێک لە کارەکەی مندا هەیە. دوای پێداچوونەوە بۆم ساغ بووەوە کە کاتی خۆی لە گۆڕینی مێژووەکە بۆ زایینی بە یەک ڕۆژ هەڵەی تێکەوتووە.

واتا یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان لە (٢١ – ٤ - ١٨٩٨) دا دەرچووە نەک (٢٢ی).

| مێژوو بە زایینی | کوردیی بەرامبەر | ڕۆژەکەی | ڕووداوەکە |
|---|---|---|---|
| ٢٢ / ٤ /١٨٩٨* | ٢ گوڵان ٢٥٩٨ | هەینی | دەرچوونی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان |
| ١٨ / ٦ / ١٩١٩ | ٢٨ جۆزەردان ٢٦١٩ | چوارشەممە | جەنگی دەربەندی بازیان |
| ١٠ / ١٠ / ١٩٢٢ | ١٨ ڕەزبەر ٢٦٢٢ | سێشەممە | دامەزراندنی یەکەم حکوومەتی شێخ مەحموود |
| ١٣ /٢/ ١٩٢٥ | ٢٤ ڕێبەندان ٢٦٢٤ | هەینی | هەڵگیرسانی شۆڕشی کورد لە تورکیا |
| ٧/ ٣ / ١٩٢٥ | ١٦ ڕەشەمێ ٢٦٢٤ | شەممە | هێرشکردنە سەر شاری دیار بەکر |
| ٢٩ / ٦ / ١٩٢٥ | ٨ پووشپەڕ ٢٦٢٥ | دووشەممە | لەسێدارەدانی شێخ سەعیدی پیران |
| ٤ / ٢ / ١٩٢٦ | ١٥ ڕێبەندان ٢٦٢٥ | پێنجشەممە | دامەزراندنی کۆمەڵەی (زانستی) لە سلێمانی |
| ٢١ / ٤ / ١٩٢٦ | ١ گوڵان ٢٦٢٦ | چوارشەممە | یەکەم قوتابخانەی کچان لە سلێمانی کرایەوە |
| ٦ / ٩ / ١٩٣٠ | ١٥ گەلاوێژ ٢٦٣٠ | شەممە | ڕاپەڕینی بەردەکی سەرا لە سلێمانی |
| ٢٢ / ١ / ١٩٤٦ | ٢ ڕێبەندان ٢٦٤٥ | سێشەممە | دامەزراندنی کۆماری مەهاباد |
| ١٦ / ٨ / ١٩٤٦ | ٢٥ خەرمانان ٢٦٤٦ | هەینی | دامەزراندنی پارتی دیموکراتیی کوردستان |
| ١٥/ ١٢ / ١٩٤٦ | ٢٤ سەرماوەز ٢٦٤٦ | یەکشەممە | ڕووخانی کۆماری مەهاباد |
| ١٩ / ٦ / ١٩٤٧ | ٢٩ جۆزەردان ٢٦٤٧ | پێنجشەممە | لەسێدارەدانی چوار ئەفسەرەکە |
| ١٨ / ٢ / ١٩٥٢ | ٢٩ ڕێبەندان ٢٦٥١ | دووشەممە | دامەزراندنی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان |
| ٩ / ١٠ / ١٩٥٦ | ١٧ ڕەزبەر ٢٦٥٦ | سێشەممە | کۆچی دوایی شێخ مەحموود |
| ١٤ / ٧ / ١٩٥٨ | ٢٣ پووشپەڕ ٢٦٥٨ | دووشەممە | شۆڕشی ١٤ی تەممووز |
| ١١/ ٩ / ١٩٦١ | ٢٠ گەلاوێژ ٢٦٦١ | دووشەممە | هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول |
| ١٨/ ١١ / ١٩٦٢ | ٢٧ گەڵارێزان ٢٦٦٢ | یەکشەممە | کۆچی دوایی گۆران |
| ١١ / ٣ / ١٩٧٠ | ٢٠ ڕەشەمێ ٢٦٦٩ | چوارشەممە | دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی ئازار |
| ٢٢ / ٦ / ١٩٧٠ | ١ پووشپەڕ ٢٦٧٠ | دووشەممە | یەکەم کۆنگرەی ئەدیبانی کورد بەسترا |
| ٢٠ / ٨ / ١٩٧٠ | ٢٩ خەرمانان ٢٦٧٠ | پێنجشەممە | دامەزراندنی کۆڕی زانیاریی کورد لە بەغداد |
| ١ / ٣ / ١٩٧٩ | ١٠ ڕەشەمێ ٢٦٧٨ | پێنجشەممە | کۆچی دوایی بارزانیی نەمر |
| ٣١ / ٣ / ١٩٩١ | ١١ نەورۆز ٢٦٩١ | یەکشەممە | کۆڕەوی مەزن |
| ١٩ / ٥ / ١٩٩٢ | ٢٥ گوڵان ٢٦٩٢ | سێشەممە | هەڵبژاردنی یەکەم پەرلەمانی کوردستان |
| ٤ / ٧ / ١٩٩٢ | ١٣ پووشپەڕ ٢٦٩٢ | شەممە | پێکهێنانی یەکەم وەزارەتی حکوومەتی کوردستان |

بۆ ئەمە سەیری ئەم سەرچاوانە بکەن:

١ – وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٢) ساڵنامەی کوردستان – دەزگای ئاراس هەولێر .لە ل ١٩دا ساڵنامەی ساڵی ١٨٩٨ خراوەتە ڕوو. تێیدا ٤/٢٢ هەینییە.

٢ - وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٩) ساڵنامەی ئەکادیمییای کورردری ل ٥٥. ١٨٩٨/٤/٢٢ بە هەینی دانراوە ئاماژەی پێ کراوە.

٣ – وریا عومەر ئەمین (٢٠١٢) ڕۆژنامەی کوردستان لە ساڵنامەی کوردستاندا.گۆڤاری ڕۆژنامەنووسی. ژ ٢٦ ساڵی ٢٠١٢.

**لیژنەی ئینسایکلۆپیدیای کوردستان**

بیرۆکەی دانانی ئینسایکلۆپیدیای کوردستان دەگەڕێتەوە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو. ڕۆشنبیرانی کورد زۆر جار لەدانیشتنە ئەدەبی و زانستییەکانیاندا باسی ئینسایکلۆپیدایان دەکرد و ئاواتی ئەوەیان دەخواست ئینسایکلۆپیدیاییێک بۆ کوردستان دابنرێ. ئەمە هەر ئاوات و هەر بە قسە بوو. هیچ بەڵگەنامەییێک وتارێک لەم بارەیەوە نییە و بڵاونەکراوەتەوە.

بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٧١ دا، (شێخ عەبدولقادر بەرزەنجی)، خاون ئیمتیاز و سەرنووسەری گۆڤاری شەفەق)، کە لە(١٩٥٨ – ١٩٦٢) لە کەرکووکدا دەردەچوو، کتێبێکی بە ناونیشانی (فەرهەنگی زانیاری یا ئینسایکلۆپیدیای کورد) لە چاپخانەی ڕاپەڕین – سلێمانی بڵاو کردۆتەوە.

لە ساڵی ١٩٩٤دا، ئازاد عەبدولواحید باسێکی بە ناونیشانی(پڕۆژەی دانانی ئینسایکلۆپیدیایەک بە کوردی) بە دوو بەش لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) دا بڵاو کردۆتەوە.

لە ساڵی ١٩٩٧دا بۆ یەکەم جار من پڕۆژەییێکی زانستیی تەواوی بە پشت بەستن بە پێڕەوەکانی (Encyclopedia Britannica ی بەریتانی و Большая Российская Энциклопедия ی ڕووسیم پێشکەش بە حکومەتی کوردستان کرد بە ناوی (ئینسایکلۆپیدیای کوردستان ئاواتێکە)، لە ڕێی بەڕێوەبەری گشتیی دەزگای ئاراس (بەدران ئەحمەد حەبیب) ەوە. لە گەڵیدا سەرۆکی هەرێمی کوردستانی ئێستا کاک نچیرڤان بارزانیمان بینی. بەڕێزی

دەستخۆشـی لێکـردین و وتـی( دەسـت بـکەن بە کـار و ئـێمە بـۆ هەمـوو پشـتگیرییەکتان ئامـادەین). ئەمە ئەوسـا وەک دەنگوبـاس لە ڕۆژنامەکانـدا بڵاوکـرایەوە. بە داخەوە بە هـۆی کارەسـاتی براکـوژیی ئەوسـا نەمـانتوانی هیچی بۆ بکەین. تەواوی پڕۆژەکە لە گۆڤاری (ڕامان) ی ژمارە ٤١ ی سـاڵی ١٩٩٩دا ل ٢٧ – ٢٩ و چەند شوێنێکی تردا بڵاو کرایەوە.

لە سـاڵی ٢٠٠٧ دا کە بـووم بە ئەنـدامی کـارای ئەکادیمییـای کـوردی، یەکسەر پڕۆژەکەم پێشکەش بە ئەنجومەنی ئەکادیمیا کرد، دانەم لێ دابەش کرد بەسەر هەموو ئەندامەکان. ئەنجومەنی ئەکادیمیا پەسندی کرد و بە پێی کۆنووسـی (ژ١٥ ی ٢٠٠٨/٢/٣) لیژنەییـێک دانـرا بەسـەرۆکایەتیی مـن و هەر خۆم لیژنەکەم بەم جۆرە دامەزراند:

د. وریا عومەر ئەمین ـ سەرۆک

د. جەبار قادر ـ ئەندام

موئەیەد تەییب ـ ئەندام

حەمید بەدرخان ـ ئەندام

عبدالرحمن معروف ـ ئەندام

لیـژنەکە مـن دامنـا و یێکێ لە ئەنـدامەکانی دەسنیشـانم کـردن (د. جەبـار قادر) بوو. کە لیژنەکە دانرا د. جەبار نەیگوت کە پڕۆژەی تـری وا هەبووە و ئەم بەشـداریی تێدا کـردووە و کـاری تێدا کـردووە. بە پـێچەوانەوە لەبەردەم هەمـوو ئەنـدامانی ئەکادیمییـا دەستخۆشـیی لـێ کـردم و وتـی ئەمە کـارێکی پیرۆزە و پڕ بە دڵ پشتگیریت دەکەم.

پاش ماوەییێک بێ ئاگاداریی من و ئەنجومەنی ئەکادیمیا، لە پڕ لیژنەییێکی تـر بە سـەرۆکایەتیی (د.جەبـار قـادر) دانـرا بـێ ئەوەی پـرس بە مـن بکـرێ و بخرێتە کۆبوونەوەی ئەنجومەن و ئاماژە بە لێژنەکەی پێشوو بکرێ (کە بووە جێی سەرسوڕمانی هەمـوو ئەنـدامانی ئەنجـومەنی ئەکادیمیـا).. د. جەبـار وای خستە ڕوو کە دەمێکە لە ئەوروپا کاریان لەسەر کردووە. لێم پرسـی ئەی بۆ کە لیژنەکەمان دانا و تۆ کرای بە ئەندام تێیدا باست نەکرد؟ (وەڵامـی نەبـوو). بە داخەوە نەدەبـوو ئەمە لە ئەکادیمیـادا ڕوو بـدات. لەگەڵ ئەمەشـدا، مـن

ئامادەیی خۆمم پیشاندا بۆ هاوکاری کردن لە گەڵیاندا.

لە دیمانەییێکـــدا لە ڕۆژنـــامەی بەدرخـــان ژ ١٥٧ ی ٢٠١١/٨/١٥ ئەم ڕاستییانەم خستە ڕوو و گوتم (گرنگ ئەوەیە کارەکە ئیشی لەسەر بکرێ و ئەنجام بدرێ. گرنگ نییە کێ ئەنجامی دەدات.. ئەمە ئەرکێکی نەتەوەییە).

ئەنجامەکەی گەیشت بە ئەوە (نەئەوان هیچیان پێ کرا، نە هێشتییان ئێمە هیچ بکەین).

لە کتێبی (کوردستانیکا) کە د. جەبار پێشـەکیی بۆ نوسیوە دەڵێ (دوای گەڕانەوەم باســی پـڕۆژەکەم لەگەڵ ڕەوانشــاد د.شــەفیق کـرد...). لە ڕووی مێـژووەوە ئەم باسکردنەی لەگەڵ د. شـەفیق لە کاتێکدابووە، کە دەمـێ بـوو پڕۆژەکەی من لە ئەکادیمیادا بە واژۆی د. شـەفیق خـۆی ڕەچاو کرابوو و د. جەبار خۆی ئەندام بوو لە لیژنەکەیدا. وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێ کراوە.

**لیژنەی بیبلیۆگرافیا**

١ - د. وریا عمر امین – سەرۆکی لیژنە

٢ – د. شەفیق قەزاز

**٢ – د. شوان سلێمان یابە**

**٣ – د. نەریمان خۆشناو**

**٤ – پارێزەر. محەممەد وەسمان عەزیز**

لیژنەکە چوار بەرگ بیبلیۆگرافیای زمانی کوردیی ئامادە کرد:

.بەرگـی یەکەم: بە ناونیشـانی (بیبلیۆگرافیـای ئەکادیمیـای کـوردی – زمـان / بەشـی یەکەم – بەرگـی یەکەم) (٤٠٠) لەپەڕەیە. هەمـوو ئەو کتێـب و لێکۆڵینەوە و وتـارانەی گرتـۆتە خـۆ کە بە زمـانی کوردی لە بـارەی زمـان و ڕێزمانی کوردییەوە لە سەرەتاوە تا ساڵی (٢٠١٠) بڵاوکراونەتەوە. لە سـاڵی (٢٠١٠) لەژێـــر ژمـــارە (٧٩) ی بڵاوکراوەکـــانی ئەکادیمیـــای کـــوردی، لە چاپخانەی (سپیرێز – دهۆک) بڵاوکراوەتەوە.

بەرگـی دووەم ؛ ئەو کتێب و لێکـۆڵینەوە و وتـارانەی گرتـۆتە خـۆ کە لە بـارەی زمـانی کوردییەوە بە زمـانە بیانییەکـان بڵاوکـراونەتەوە. ئامـادەیە بـۆ چاپ.

بەرگی سێیەم : لە ئەنجامدان دایە. ئەو کتێب و لێکۆڵینەوە و وتارانە دەگرێتە خۆ کە بە زمانی کوردی لە بارەی زمان و ڕێزمانی کوردییەوە دەرچوون لە ساڵی (٢٠١٠) ەوە تا ئێستا.

## لیژنەی فەرهەنگ

ئامانجی سەرەکیی لیژنەی فەرهەنگ لە ئەکادیمیای کوردیدا، ئامادەکردنی (فەرهەنگی نەتەوەیی)ی زمانی کوردییە. بۆ وەدیهێنانی ئەم ئەرکە ئەنجومەنی ئەکادیمیا لیژنەییەکی پێکهێنا بەم جۆرە:

وریا عمر امین - سەرۆکی لیژنە

محەمەد وەسمان – ئەندام

عبدولڕەحمان مەعرووف - ئەندام

لیژنەکە دوای چەند کۆبوونەوەییێک ئەم پلانە درێژخایانەی نەخشاند:

١ - ئامادەکردنی کتێبخانەی فەرهەنگی کوردی، بە کۆکردنەوەی هەموو فەرهەنگە کوردییەکان.

٢ - هەڵبژاردنی شیاو و باشەکانیان لەلایەن لیژنەییەکەوە.

٣ - .دابەزاندیان لە کۆمپیووتەر و تێکهەڵکێشکردنیان و کردنیان بە یەک.

لیژنەکە هەنگاوی یەکەمی بە سەرکەوتوویی ئەنجام داوە، بە ئامادەکردنی لیستێک بە ناونیشانی هەموو ئەو فەرهەنگە کوردییانەی تا ئێستا دەرچوون، کە بە پێی ئەم کۆششە گەیشتۆتە(٥١٨) ناونیشان

ئەنجامی کارەکانمان وەک کتێبێ بە ناونیشانی (فەرهەنگی فەرهەنگەکان) لە ساڵی ٢٠٢٣ لەژێر ژمارە (٥٠٩) ی بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، لە چاپخانەی (زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر) بڵاوکراوەتەوە، (٢٢٨) لاپەڕەیە. لە دوو بەش پێکهاتووە.

١ - بەشی یەکەم بە پێی ڕیزبەندی ناوی دانەرانی فەرهەنگەکانە.

٢ - بەشی دووەم بە ناونیشانی فەرهەنگەکان بە پێی زمان دەخاتەڕوو.

ئاواتەخوازم بەردەوام بین لە ئەنجامدانی هەنگاوەکانی تر..

**لیژنەی ڕێنووس**

م. جەمال عەبدول – سەرۆک

د. وریا عمر امین – ئەندام

د. فاڕووق عومەر سدیق – ئەندام

د. ئازاد ئەحمەد مەحموود – ئەندام.

لیـژنەکە داوای لە مـن کـرد ڕابەرێـک ئامـادە بـکەم لە بـارەی پێـڕەوی چارەسـەرکردنی کێشـەکانی ڕێنووسـی کـوردی بە پێـی بنەمـا زانسـتییەکان. منـیش هەر خـۆم بە تەنیـا نـامێلکەییێکم ئامـادەکرد بە نـاو نیشانی(ڕێنووسـی کوردی بە پێی بنەما زانستییەکانی ڕێنووسی گشتی). ئەکادیمیای کوردی بە نـاوی (لیـژنەی ڕێنـووس) ەوە، لە سـالّی ٢٠١٣ لەژێـر ژمـارە (٢٥٤) ی بڵاوکراوەکانیدا، لە چاپخانەی (حاجی هاشم) دا بە چاپی گەیاند.

**بڵاوکراوەکانم لە ئەکادیمیادا**

( ١٢) کتێـب و (٢١) لێکـۆڵینەوەم لە ئەکادیمیـادا بڵاوکـراوەتەوە. ئەندازیاری دیزایین هونەرمەند (عوسمان پیرداود کواز) کە لە ئەستێرە هەرە گەشـەکانی بـواری ڕۆشـنبیری و چـاپەمەنیی کـوردییە، بە دەسـتە ڕنگینەکەی خۆی هەموو کتێب و لێکۆڵینەوەکانمی بە ڕێکترین و جـوانترین شـێوە ئەنجام داوە. لە سالّی (٢٠٠٩)وە بەڕێزیان لەگەڵ دیزاینـەری دەسـت ڕەنگین (عیسـام موحسـین) تـا ئێسـتا هاوکارمـانن لە ئەکادیمیـای کـوردی، سـەرپـەرشـتیی هونەری و دیزاینەری ناوەرۆک و بەرگی هەمـوو کتێب و بڵاوکراوەکـانی ئـە کادیمیا ئـەنجام دەدات. بەمە ڕۆڵێکی کـاریگەری گێڕا لە گەشـەدان بە بـواری بڵاوکـردنەوەی ئەکادیمیـای کـوردی. جـگە لەمە سەرپەرشـتی و دیـزاینەری هەزاران کتێبی نووسەران و دەزگاکان بووە. دەمێکە داوای لێ دەکەم سـیڤیی تەواوی کارەکـانی خـۆی ئامـادە بکـات.. ئەو ڕۆژە دڵخۆشـی کـردم کە وتـی کاری لەسەر دەکەم هیوادارم بەم زووانە تەواوی بکەم.

**گەشتەکانمان**

دهۆک (٢٨ – ١٢ – ٢٠١٣)

زاخۆ (٢٩ – ١٢ – ٢٠١٣٩
کۆیە ( )
سلێمانی (٧ – ٥ – ٢٠٢٢)
هەڵەبجە (٨ – ٥ – ٢٠٢٢)
کەرکووک (١٢ – ٦ – ٢٠٢٢)

**ئەو ئەندامانەی دەستیان لە کار کێشایەوە یا وازیان هێنا:**

د. نووری تاڵەبانی – د. کەمال مەزهەر ئەحمەد - د. جەبار قادر - د. ڕەشید فندی - د. ئازاد ئەحمەد مەحمود - د. ڕێبوار سیوەیلی.

**ئەو ئەندامانەی کۆچی دواییان کرد.**

د. محمد مەعروف فەتاح (٢٠١٠/٦/٢٢)
م. حەمەی مەلا کەریم (٢٠١٧/٣/١٢)
د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ (٢٠١٩/١٠/٣)
د. شەفیق قەزاز (٢٠٢٠/١٠/٢٢)
د. کەمال مەزهەر ئەحمەد (٢٠٢١/٣/١٦)
د. فارووق عومەر سدیق (٢٠٢٢/٤/٩)

**ئەوانەی بەردەوامن لە ئەندامێتی، تا کاتی نووسینی ئەم یاداشتە(٢٠٢٤/٢/٦):**

عبدالفتاح بۆتانی - عبدولڕەحمان مزووری - محمد عەلی قەرەداغی - جەمال عەبدول - نەجاتی عەبدوڵلا - موحسین محمد حوسێن - وریا عومەر ئەمین - حەمەی حەمە باقی - عوسمان دەشتی - ڕەشاد میران - هۆشەنگ فارووق.

**ئەکادیمیا و ڕەخنەگران**

گەلێ گلەیی و ڕەخنەی نەرێنی دژ بە ئەکادیمیای کوردی لەسەر لاپەڕەکانی فێسبوکدا بەردەوام بڵاو دەکرێتەوە، وایان دەردەخەن کە ئەکادیمیا دەزگاییێکی ئیفلیجە هیچی نەکردووە و هیچ ناکات. زۆربەی ڕەخنەگرەکان بە ناوی خوازراو و لە لاپەڕەی شاراوەوە تێبینییەکانیان

دەردەخەن. وەک دەریش دەکەوێ هەموو گەنج و هەرزە نووسەرن. یەک مامۆستای زانکۆ یا پسپۆرێکی زمانەوانیی ناسراو بەرچاو ناکەوێ.

ڕەخنەکانیان تەنها ئاستی ڕێنووس دەگرێتەوە. لە کاتێکدا ئەکادیمیا کار لەسەر هەموو لایەن و کێشەکانی زمانی کوردی دەکات(ڕێزمان و فەرهەنگ و بیبلیۆگرافیا و ستاندارد و زاراوە و مێژوو و دەسنووس و گۆڤار و کتێب چاپکردن و ..).

منیش بۆ مێژوو ڕوونکردنەوەم لە بارەی ڕەخنەکان پێشکەش دەکرد. بۆ نموونە لە (٢٠٢١/٥/٥) لە لاپەڕەی فێسبوکم (Waria Omar Amin) بە ناونیشانی (قسە هەزارە.. دووانی بەکارە). تیایدا دەڵێم:

(ئەندامانی ئەکادیمیا هەموو زانا و دڵسۆز وخەمخۆری زمان و مێژوو و کولتووری کوردن، هەر یەکە بە قەد باڵای کاکی ڕەخنەگر کتێب و لێکۆڵینەوەی پێشکەش کردووە. ئەندامانی ئەکادیمیا هەرگیز کەمتەرخەمییان نەکردووە لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی ئەکادیمیا، بە هاوکاری و پشتگیریی دڵسۆزەکان، بە هێمنی و سەرەڕای قەیرانی دارایی و کۆڕۆنا و لافاوی تەقینەوەی زانیاری، بەردەوامە لە کارکردن و ئەنجامدانی پلانەکانی لە پێناو پاراستن و گەشەدان بە زمان و کەلتوورەکەمان).

**بوونم بە نوێنەری هەرێم لە لیژنەی یاسای زمانە فەرمییەکان لە ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق.**

لە (٢٠١٤/١/٥) فرمانی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق (ژمارە ٥ ی ساڵی ٢٠١٤) دەرچوو بۆ پێکهێنانی لیژنەییێکی باڵای سەر بە ئەنجومەنی وەزیران، بۆ بەدواچوونی ڕەچاوکردنی یاسای زمانە فەرمییەکانی، بە سەرۆکایەتیی جێگری سەرۆکی فەرمانگەی یاسایی ئەنجومەنی وەزیران (د.ڕەحیم علێوی حسین) و نوێنەرایەتیی ئەنجومەنی نوێنەران و هەرێمی کوردستان. ئەکادیمیای کوردی (د. عیزەددین مستەفا ڕەسول) ی بۆ ئەم ئەرکە هەڵبژارد. بە هۆی ناجێگیریی تەندرووستیی، د. عیزەددین داوای لێبووردنی کرد. ئەکادیمیای کوردی لە جیاتی ئەم منی هەڵبژارد.و لیژنەکە بەم جۆرە پێکهێنرا:

١ – د.رەحیم علێوی حسین – سەرۆک
٢ – د . وەلید عبدالله فتح الله – نوێنەری ئەنجومەنی نوێنەران.
٣ – د. وریا عمر امین – نوێنەری هەرێمی کوردستان

هەرێمی کوردستان ـ عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
سەرۆکایەتی دیوان
فەرمانگەی کاروباری کارگێری ودارایی
بەرێوەبەرایەتی کارگێری

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers

إقليم كوردستان ـ العراق
رئاسة مجلس الوزراء
رئاسة الديوان
دائرة الشؤون الإدارية والمالية
مديرية الادارة

ژمارە: ٢٧٠٢ No:
ڕێکەوت: ١٨/ نەورۆز /٢٧١٥ ی کوردی Date: ٢٠١٥/٤/٧

بۆ / نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغداد
بابەت / وەڵام

نووسراوتان ژمارە (٢٥٧٢) لە ٢٠١٥/٢/١٩
سەبارەت بە وەڵامی ناوەرۆکی نووسراوی سەرەوەتان تایبەت بە دەستنیشانکردنی نوێنەرێکی تر لە شوێنی بەڕێز (د.عزالدین مصطفی رسول) بەهۆی نەتوانینی بۆ ئامادەبوون لە دانیشتنەکانی لێژنەی تایبەت بە جێبەجێکردنی یاسای زمانە فەرمییەکانی عێراق ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٤، پێتان ڕادەگەینین بەڕێز (د.وریا عومەر ئەمین) ئەندامی کارای ئەنجومەنی ئەکادیمیای کوردی بە نوێنەرمان دەستنیشانکرا لە شوێنی ناوبردراوی سەرەوە بە مەبەستی ئامادەبوون لە دانیشتنەکانی لێژنەی ئاماژەپێکراو، بۆ ئاگاداری و کاری پێویست.

لەگەڵ ڕێزماندا...

نێچیرڤان احمد عبدالله
سەرۆکی دیوان

وێنەیەک بۆ:
- ئەکادیمیای کوردی/کارگێری/نووسراوتان ژمارە (١٩٩) لە ٢٠١٥/٢/٣٠ بۆ ئاگاداری و کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا.
- کارگێری
- دۆسیەی گشتی
- حولاو.

شیروان

Scanned with CamScanner

هەرێمی کوردستان - هەولێر Kurdistan Region - Erbil
E-mail:cm@krg.org
تەلەفون: ٢٢٢٠٢١٠ - ٢٢٢٠٢٤٧ – ٢٢٢٠٢٤٨ (٠٦٦) ٠٩٦٤
Phone: 0964 (066) 2230210 - 2230247 - 2230248



حكومة أقليم كوردستان العراق
ممثلية بغداد

حكومه تى هه ريمى كوردستانى عيراق
نوينه رايه تى به غدا

العدد ٢٠١٥
التاريخ ٢٩/ ٥/ ٢٠١٥

" الحشد الشعبي وقوات البيشمركه سند ظهير لجيش العراق الباسل "

إلى/ الأمانة العامة لمجلس الوزراء / دائرة شؤون اللجان
الموضوع/ توصيات لجنة الامر الديواني رقم ٥٠ لسنة ٢٠١٣

نهديكم أطيب تحياتنا ...

إشارةً إلى كتابكم ذي العدد: ش ل/أ/٥٠/١٤/٢٤٣٥ في ٢٠١٥/١/٢٧ ولاحقاً بكتابنا المرقم ٢٥٧٢ في ٢٠١٥/٣/١١ أعلمتنا رئاسة مجلس وزراء إقليم كوردستان/دائرة الشؤون الإدارية والمالية بموجب كتابها المرقم ٢٧٠٢ في ٢٠١٥/٤/٧ ترشيح (د.وريا عمر امين) العضو الأصيل في مجلس الأكاديمية الكوردية ممثلاً في اللجنة المُشار إليها أعلاه بدلاً من (د.عز الدين مصطفى رسول) راجين تفضلكم بالعلم.

مع التقدير

عثمان عبد الله محمد
مدير مكتب ممثليه حكومة إقليم كوردستان
في بغداد

الأمانة العامة لمجلس الوزراء
ممثلية اقليم كوردستان

صورة عنه إلى :
- الصادرة.

General Secretariat of Council of Ministers
Kurdistan Regional Government Representation
phone No :- 01 - 7432390
mobile :- 07702505270

الأمانة العامة لمجلس الوزراء
ممثلية إقليم كوردستان
بغداد - كرادة مريم
Email : krg.baghdad@yahoo.com

لە ڕۆژی یەکشەممەی ڕێکەوتی (٢٠١٥/٤/١٩) لە یەکەم کۆبوونەوەکەدا ئامادە بووم. کارنامەمان داڕشت و دەسمان کرد بەکار کردن. مانگی دوو

جار کۆ دەبینەوە.

سەردانی شارەکانی کوردستانمان کرد (کەرکوک – هەولێر – عەنکاوە و..) .. نـاو و ڕێنووسـی تـابلۆی شـەقامەکان و دامودەزگـا فەرمـی و تایبەتەکانمـان دەپشـکنییەوە و سـەرپێچییەکانمان دەخسـتە بەردەم بەرپرسەکان بۆ چارەسەر کردنیان.

مەحـزەری کۆبوونەوەکـان پێشـکەش بە ئەنجـومەنی وەزیـران و ئەنجومەنی نوێنەران و سەرۆکایەتیی هەرێم و ئەکادیمیای کوردی دەکەین.

زۆربەی ئەو بڵاوکراوە و کتێبانەی لە بارەی یاسای زمانی کوردییەوە دەردەچوون دەمخستنە بەردەست ئەندامانی لیژنەکە و لێدوانمان لە بارەیەوە دەکرد. وەک کتێبەکەی یاسازان(خەلیل عەبدوڵڵا) بە ناونیشانی(پرسی زمانی کـوردی لە عیراقـدا) و پـڕۆژە و کتێبەکـانی یاسـازان(تاریق جامبـاز) بە ناونیشانی(پرۆژە یاسای زمانە فەرمییەکان لەهەرێمی کوردستان - عیراق) و (من اباده اللغات الی قانون اللغات الرسمیه فی العراق الاتحادی) و زۆری تر.

**کۆتایی هاتن بە خولی چوارەم**

بە پێـی فرمـانی ژمـارە ٨٩٠ ی ٢٢ – ٢ – ٢٠٢٤ی سـەرۆک وەزیـران کۆتایی هێنرا بە خولی چوارەم.

بە پێی فرمانی ژمارە ٩٢٢ / ٢٥-٢-٢٠٢٤ی سەرۆک وەزیران کۆتایی هێنرا بە خولی چوارەم و ئەم ئەندامانە دیاریکران بۆ خولی پێنجەم:

حمەسەعید حسن کریم

موئەیەد تەیب احمد محمد

لزگین عبدالرحمن احمد

کاروان عمر قادر

حمەزیاد مەولود احمد

بە پێی فرمانی (ژمارە ٨٩٠ ی ٢٠٢٤/٢/٢٢) ی سەرۆک وەزیران کۆتایی هێنـرا بە خـولی چـوارەم. بەو پێـیەی مـن نـوێنەری ئەکادیمیـا و هەرێمـم لە لیژنەی زمانە فەرمیەکان، ئەم نووسراوەم لە ڕێی بەشی یاسایی ئەکادیمیای کوردییەوە ئاڕاستەی سەرۆکی ئەکادیمیا کرد:

**بەڕێز سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی مامۆستا حەمەسەعید حەسەن**

لە ڕێی بەشی یاسایی ئەکادیمیای کوردییەوە

هەموو کاتێکتان بە خۆشی

دوای دامەزراندنی دەستەی نوێی ئەکادیمیای کوردی، بە بەڕێزتانم ڕاگەیاند بە زووترین کات یەکێ لە ئەندامانی دەستەی نوێ هەڵبژێرن بۆ ئەندامێتی لە لیژنەی یاسای زمانە فەرمییەکانی عیراقی سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانی بەغداد. چونکە من دوای لابردنم شەرعییەتی ئەندامێتیی لیژنەکەم لەسەر لاچوو و مانەوەم تیایدا نایاسابییە.

ئەم لیژنەیە پەیوەندیی بە (مادە ١٤٠) ەوە هەیە. بە ئەمری سەرۆکی هەرێم من کراومەتە ئەندام. لایەنێکی زۆر هەستیار و کرنگە..ئەرکی چاودێری کردنی چۆنییەتی ڕەچاوکردنی ڕێنومابییەکانی زمانی کوردییە لە ناوچە دابڕاوەکان و چۆنیەتیی بەکارهێنانی زمانی کوردیە لە فۆڕم و تابلۆکانی دەزگا فەرمییەکانی هەموو عیراق. سەنگەرێکە بۆ پاراستنی زمانی کوردی. نەبوونی نوێنەری کورد تیایدا زیانێکی گەورەی نەتەوەیـیە. ئاسانکاری دەڕەخسێنێ بۆ پێشێلکردنی مافە ڕەواکانمان. بۆیە دەبێ زۆر بە جددی بایەخی پێ بدرێ.

لیژنەکە بەردەوام سەردانی کەرکووک و هەولێر و شارەکانی تری کوردستانی دەکات. چاومان بە بەرپرسەکان(بەڕێوەبەری گشتیی پەروەدە و پۆلیس و ڕەگەزنامە و تەندرووستی و دادوەری و .. هتد) دەکەوێت. چاودێریی تابلۆکانی هاتوچۆی شەقام و دەزگاکان و فۆڕمەکان دەکەین. چەندین ڕاپۆرتمان لە بارەی پێشێلکردنی مافی زمانی کوردی بە (مجلس النواب) و (ئەنجومەنی وەزیرانی بەغداد) پێشکەشکردووە. ئەمانیش بە فەرمی ئەمریان بە سەردا کردووە، مافی زمانی کوردی بە پێی یاسا ڕەچاو بکەن و بپارێزن. لەم بارەیەوە ئەنجامی زۆر گرنگمان وەدی هێناوە.

بایەخدان بە لیژنەی یاسای زمانە فەرمییەکانی عیراقی ئەرکی هەرە سەرەکیی ئەکادیمیای کوردییە، لە هەموو لیژنەکانی تری گرنگتر و

پێویستترە. چارەسەر نەکردنی ئەم کێشەیە، ئەکادیمیا دەخاتە بەرپرسیارێتی، نابێ کەمتەرخەمیی لێ بکرێ.

داوا لە بەڕێزتان دەکەم بە زووترین کات یێکێ لە ئەندامەکان هەڵبژێرن بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە. من تا مانگێکی تر بەردەوام دەبم، دوای مانگێ دەست لەکار دەکێشمەوە و ئاگاداری سەرۆکایەتیی هەرێم و حوکومەتی کوردستان دەکەم.

لەگەڵ ڕیزم بۆ بەڕێزتان

**د. وریا عمر امین**

٠٧٥٠٨١٧١٩٣٧ نوێنەری هەرێم لە لیژنەی یاسای زمانە فەرمییەکان

٢ – ٦ – ٢٠٢٤

**بەڕێز سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی مامۆستا حەمەسەعید حەسەن**

لە ڕێی بەشی یاسایی ئەکادیمیای کوردییەوە

هەموو کاتێکتان بە خۆشی

سوپاس بۆ نامەکەتان. دووپاتی دەکەمەوە بۆ بەڕێزتان، کە من هەرگیز داوای گەڕانەوەم بۆ ئەکادیمیا نەکردووە و نایکەم، تا دەنگ لەسەر گەڕانەوەم بدەن. تکایە لە مەبەستی من حاڵی بن، من داوای ئەوە دەکەم کە دەبێ یەکێ لە ئەندامەکان هەڵبژێرن وەک نوێنەری هەرێم لە لیژنەی باڵای یاسای زمانە فەرمییەکانی عیراق لە ئەنجومەنی وەزیرانی بەغداد لە جیاتی من.

ئەکادیمیا دەزگایێکی سیاسیی نەتەوەییە بەر لەوەی ڕۆشنبیری بێ. ئەم لیژنەیە لە هەموو لیژنە و ئەرکەکانی تری ئەکادیمیا گرنگتر و پێویستترە. سەنگەرێکە بۆ پاراستنی زمانی کوردی. نەبوونی نوێنەری کورد تیایدا زیانێکی گەورەی نەتەوەییە. ئاسانکاری دەرەخسێنێ بۆ پێشێلکردنی مافە ڕەواکانمان.

ئەوەی لەســــەرم بـــوو بەوپەڕی دڵســــۆزییەوە کـــردم. لەمەودوا لە کۆبوونەوەکاندا ئامادە نابم . ئیتر بریار لای خۆتانە چۆنی سەروبەر دەکەن.

لەگەڵ ڕیزم بۆ بەڕێزتان

**پ. د. وریا عمر امین**

٢٠٢٤ – ٨ – ١٥

٠٧٥٠٨١٧١٩٣٧

**هۆی کۆتایی هێنان بە خولی چوارەم**

سێ ئەندامی ئەکادیمیا (د. ڕەشاد میران – م. حەمەی حەمە باقی – د. موحسین محمد حسین) چەندین جار چوونەتە نووسینگەی سەرۆک وەزیران سکاڵایان پێشکەش کردووە، گوایە د. عبدالفتاح بۆتانی سەرۆکێکی دیکتاتۆرە و بە ئارەزووی خۆی ئیشەکان دەڕوێنێ. وەک دەرکەوت چوار ساڵ زیاتر بوو کێشە لە نێوانیاندا هەبووە، بێ ئەوەی هیچ یەکێ لە ئێمەی ئەندامان پێی بزانین و هەستی پێ بکەین. ئەنجامەکەی ئەوە بوو، بە پێی فرمانی(ژمارە ٨٩٠/ ٢٢ – ٢ – ٢٠٢٤) ی سەرۆک وەزیران کۆتایی هێنرا بە خولی چوارەم و دەستەی نوێ پێکهێنرا. ئەم بریارە درا بێ ئەوی هیچ لێپێچینەوەییێک لەبارەیەوە بکرێ و پرس بە ئێمەی ئەندامەکانی تر بکەن. لەکاتێکدا لە مادە ٢٢ فەقەرە ٢ی یاسای ئەکادیمیا هاتووە: (ئەندامی ئەکادیمیا ئەندامێتیی خۆی لە دەست دەدا ئەگەر هات و سێ جار لەسەریەک ئامادەی کۆبوونەوەکان نەبوو بێ هۆی پەسند، یا ئەگەر کەمتەرخەمیی نواند لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی)

هۆیەکەش ئەوە بوو ئەم سێ ئەندامە بە تەمای لادانی د. عبدالفتاح بۆتانی بوون تا خۆیان جێگەی بگرن. لە دوا کۆبوونەوەماندا لە(٢٠٢٤/٣/٣) خواحافیزیمان لە یەکتر کرد، هەر بۆ پێکەنین و گاڵتە ئەم دێرە شیعرەم نووسی:

**ڕەشاد و حەمە و موحسینی دانا**
**لـە ڕێش ئەگەڕان سمێلیان دانــا**

د. عبــدالفتاح بۆتــانی بەڕێــوەبەرێکی بــاش بــوو. زانــا بــوو، هــێمن و لەسـەرەخۆ بوو، گۆڕانکاریی خستە ئەکادیمیا و ڕێکی خستەوە. پەیوەندیی لەگەڵ کارمەندان نەرم و برایانە بوو. ئاساییە هەندێ جار کێشەی لا بەلا لە هەموو دەزگایێک لە نێوان کارمەندانی سەرهەڵبدا، بەڵام دەبێ بە لێبوردەیی ڕەفتار بکرێ تا تەشەنە نەکات و نەگات بە ئەنجامی نەخوازراو و نەبێتە قسە و قســەڵۆک، کاڵفامــان نــان و پیــازی پــێ بخــۆن. ئەکادیمیــا دانــراوە بــۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکان، ئەندامەکانی لـووتکەی ڕەوشـت و زانسـتن، جێی داخە ناتەبایی بکەوێتە نێوانیان.

د. عبدالفتاح بۆتانی نووسراوێکی بۆ ئەندامەکان نارد تیایدا خۆی بێبەری دەکات لەو توومەتانەی ئاڕاستەی کراون لە لایەن ئەو سێ ئەندامەوە. منیش بەم نامەیە دڵم دایەوە:

**بەڕێز د. عبدالفتاح بۆتانی**

ئەم کاتەتان باش

نووسراوەکەتانم بە دەست بەرپرسی بەشی یاسایی ئەکادیمیا (شـیلان جەلال) پێ گەییشـت. جێگەی داخە کە ئەو هەڵسـوکەوتە نەشـیاوانە لە نێوان ئەنـدامانی ئەکادیمیـادا ڕووبـدات. وەک دەردەکەوێ چـوار سـاڵ زیـاترە ئەو کێشەیەتان هەبووە بێ ئەوەی ئەندامانی ئەکادیمیا پێی بزانن و هەستی پێ بکەن. دەبوو هەر زوو خۆت بتخستایە کۆبوونەوەی ئەنجومەن و گفتوگۆی لەسەر بکرایە و چارەسەر بکرابا و نەگەیشتابا ئەم ئەنجامە دراماتیکیە.

مــن هەمــوو ژیــانم گــوێم نەداوەتە ئەم جــۆرە گیروگرفتــانە و خــۆم لە هەموو جۆرە کێشەیێک دوور خستۆتەوە. بۆ نموونە:

١ – لەو دیمــانەیەی لەگەڵ د. عــزەدین مســـتەفا ڕەســـوول لە گۆڤــاری ڕامــانی ژ ٢٤٥ی ســاڵی ٢٠١٨) دا د. عــززەدین وتــوویەتی (د. وریــا دەڵــێ ئەکادیمیـای کـوردی بـووە بە دەزگایێـک بـۆ سـووککردنی کـورد)، کە لێـت پرسیم وتـم (چۆن قسـەی وا لە منەوە دەردەچێ؟). هەمـوو کەسـیش دەزانـێ

ڕەوشتی من ئەوە نییە ئەم جۆرە قسانە بکەم. نازانم چۆن بڕوات پێ کرد. ئەمە لە کاتێکدا بوو بە دەیان کۆمێنت و وتار لە فێسبوکدا بڵاو دەکرایەوە سووکایەتییان بە ئەکادیمیا و بەڕێزت دەکرد. من تاکە ئەندامێک بووم وەلامی هەموویانم دەدایەوە و بە ناڕاستم دەردەخستن.

ئەوەی سەیر بوو داواتان لێکردم وەڵامەکەم بە نووسین تۆمار بکەم. پاشان لە ژمارە ٢٤٨ ی گۆڤاری ڕامان ڕوونکردنەوەییێکم لە بارەیەوە بڵاو کردەوە.

٢ - بەڕێزت عقووبەت دام بە بڕینی موچەی مانگێکم لەسەر ئامادەنەبوونم لە کۆبوونەوەی ئەنجومەن. هۆی ئامادە نەبوونم لافاو هەڵسابوو، ڕێگەو بان گیرابوو. بە مۆبایل داوای لێبووردنم کرد و وێنەی لافاوەکەم نارد . ئەوە ئیجرائێکی سەیر بوو، دژی هەموو یاسا و ڕێنومابییەکان بوو. من لەو ١٧ ساڵەی ئەندامێتیم شەش جار ئامادە نەبووم . (سێ جار) لەبەر موناقەشەی نامەی ماجستێر و دکتۆرا. (یەک جار) لەبەر نەخۆشی و (دوو جار) لەبەر ڕێگا گیران. لە هەمووشیاندا پێشوەخت ئەکادیمیام ئاگادار کردۆتەوە. لە یاسای ئەکادیمیا مادە ٢٢ فەقەرە ٢ هاتووە:

**(يفقد العضو العامل عضويته اذا تخلف عن حضور ثلاث اجتماعات متتالية بدون عذر مشروع او عدم استمراره عن اداء واجباته بصورة مرضية)**

لە کاتێکدا ئامادە نەبوونم بە مۆڵەت بوو و یەکەم جارم بوو.

نازانم بە کام مادە منت سزا دا. لەگەڵ ئەوەشدا بەوپەڕی دڵفرەوانییەوە پێشوازیم کرد. ڕۆژێ لە ڕۆژان، نە باسم کرد و نە هیچ نیگەرانیم دەرخست و نە گلەییەکم کرد. تا ئەو ڕۆژە خۆت باست کرد، کە لەگەڵ د. دەشتی عوسماندا لە ژوورەکەتدا بووین، وتت (نازانم ئەو برادەرانە لەسەر چی شکاتیان لە من کردووە. من هیچ خەراپەم بۆیان نەبووە و لە چاکە زیاتر بۆیان هیچم نەکردووە) و ڕووت لە من کرد و وتت (ئەگەر تۆ شکایەتت کردبا حەقت بوو چونکە من لەسەر هیچ سزام داوی).

هیچ ئەندامێکی ئەکادیمیا بەقەد من خزمەتی ئەکادیمیای نەکردووە وبەقەد من ڕیزی لە بەڕێزت نەگرتووە. هەمیشە بە کردەوە بە ڕووی ئەوانە

دەبوومەوە کە ڕەخنەیان لە بەڕێزت دەگرت.

کاک دکتۆر

ئەگەر خۆت ئەمەت نەوتایە من هەرگیز باسم نەدەکرد. ئەوەی مایەی پێکەنینە ئەوەیە(لە ماوەی ٤٥ ساڵی وەزیفەییم تەنها یەک جار ئەویش لە سەر هیچ سزا دراوم، ئەویش لەلایەن خۆشەویسترین و نزیکترین هاوڕێم بوو، کە (د. عەبدولفەتاح بۆتانی) ە.

ئەمە گلەیی نییە، من هەرگیز گلەیی لە کەس ناکەم .. تەنها بۆ خۆشییە

لەگەڵ ڕیزم

**وریا عمر امین**

**٢ – ٥ – ٢٠٢٤**

**زانکۆی جیهان**

زانکۆی جیهان دەزگا و مەڵبەند و تەلارێکی سەرکەشی ڕۆشنبیری و زانستی و ڕاژەگوزاریی کۆمەڵایەتییە لە کوردستاندا. لە سەر ڕووبەری ١٢٠ دۆنم بنیات نراوە. (٢٨) بەشی زانستیی گرتۆتەخۆ..چیمەنەکانی یێکێکە لە پارکە گەورەکانی شاری هەولێر کە ڕووبەرەکەی دەیان دۆنمە. ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێ لە ژینگە پاراستن.. بە هەزاران دار و درەخت و گوڵ و گوڵزاری تێدا ڕوواوە. نیشتمانێکی پارێزراوی باڵدارانە.

(د. نەوزاد یەحیا باجگر) لە ساڵی (٢٠٠٧) دا. بە پێی نووسراوی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران، (ژ ٣٢٥ لە ٢٠٠٧/٢/٢٤). زانکۆی جیهانی دامەزراند. دەستەی دامەزرێنەران و ئەمینداریەتیەکەی لەم بەڕێزانە پێک هاتبوو :

١ - د. نەوزاد یەحیا باجگر

٢ – پ.د. وریا عومەر امین

٣ – پ.د. فەرهاد عومەر حەوێزی

٤ – تەڵعەت یەحیا سەعید باجگر

٥ – سەباح یەحیا سەعید باجگر

٦ – نوێنەری حکومەتی هەرێم

جگه له بواری خوێندن و کولێج و بەشە زانستییەکان، زانکۆی جیهان ئەم دەزگایانەش دەگرێتە خۆ کە بایەخ بە بواری ڕۆشنبیری و کەلەپوور و مێژوو و کەلتووری کورد دەدەن و ڕاژە پێشکەش بە کۆمەڵ دەکەن.

١ - کتێبخانەیێکی گەورەی ئاسایی و ئەلیکترۆنی، بە هەزاران کتێبی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و زمانانی تری تێدایە.لە بارەی هەموو بوار و زانستە سروشتی و مرۆییەکانەوە.

٢ - سەنتەری بەڵگەنامەکانی مێژووی کورد، کە بە هەزاران بەڵگەنامە و دەسنووسی بە نرخ و دەگمەنی تێدایە.

٣ - مۆزەخانەی ماڵی فۆلکلۆری کوردەواری.

٤ - سەنتەری ڕۆشنبیری و دەزگای بڵاوکردنەوە.

٥ – دەرکردنی گۆڤاری وەرزیی زانستیی.

٦ – دەزگای زمانەوانی زانکۆی جیهان.

٧ - سەنتەری هونەرە جوانەکان.(نیگار کێشان و مۆسیقا و گۆرانی).

٨ – لیژنەی ژینگە پاراستن.

٩ ـ گوندی کەلەپووریی زانکۆی جیهان.

١٠ - سەنتەری ڕاژەگوزاریی کۆمەڵایەتی : پەیمانگاییێکی فرەلایەنە بۆ فیرکردنی پیشەیی.. خولی بەردەوامی کردۆتەوە بە خۆڕایی و بێ بەرانبەر بۆ گەنجان و ئارەزوومەندان تێیدا فێری پیشەی بەرگدووری و سەرتاشین و مافورچنین و چاپکردنی سکرین دەبن. تا ئیستا بەسەدان فێرخوازی دەرچوواندووە، فێری پیشەی کردوون و کاری بۆ ڕەخساندوون.

١١ – سەنتەری کار ڕەخساندن بۆ گەنجان.

١٢ – خولی فێرکردنی زمانی ئینگلیزی و بنبڕکردنی نەخوێندەواری.

١٣ - ئیزگە و کەناڵی تەلەفزیۆنی کوردیی زانکۆی جیهان. ئەم دەزگایە لە ساڵی ٢٠٠٧ هەر لەگەڵ دامەزراندنی زانکۆکە دامەزرێنرا. سەر بە بەشی ڕاگەیاندنە و شوێنی هەر لەناو بەشەکە خۆیەتی.

... هتد

**سروودی زانکۆی جیهان**

شیعری ؛ د. وریا عومەر ئەمین

ئاوازی : فەرهەنگ غەفوور

**زانکۆی جیهان**
**ئەی مەشخەڵی ڕێی هەڵکشان**
**بەرەو ئاسۆی**
**سەربەخۆیی و جوانیی ژیان**
**تۆ ئاواتی نیشتمانی**
**پەیامێک بۆ گشت جیهانی**
**تۆ ئازادیی... تۆ سەربەستیی**
**تۆ بارانی خۆشەویستیی**
**دروشمی دڵسوزی و ڕاستیی**
**هەڵگری ئاڵای زانستیی**
**زانکۆی جیهان**

لەو ماوەیەدا لە گەڵ ئەم بەڕێزانە لە ئەنجومەنی ئەمینداریەتیی زانکۆکانی جیهان هاوکار بووین:

(د. نەوزاد یەحیا باجگر - ا. تەڵعەت یەحیا باجگر - ا. سەباح یەحیا باجگر – م. ناز نەوزاد – د. ئەمجەد سابیر دەلەوی – د. شێرزاد تاڵەبانی – د. محمد سدیق خۆشناو - د. سیروان بابان – د. عەلی سەعید - د. فوئاد مەولوود شەریف – د. سەعید ئیسماعیل سلیڤانی – د. زێرەڤان عبدالمحسن اسعد - د. ئومێد ڕەفیق فەتاح – د. وریا عمر امین - د. ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ ).



هەرێمی کوردستان- عێراق
سەرۆکایەتی زانکۆی جیهان
نوسینگەی سەرۆکی زانکۆ

Kurdistan Region – Iraq
Presidency of Cihan University
Office of President

اقليم كوردستان - العراق
رئاسة جامعة جيهان
مكتب رئيس الجامعة

No:
Date:

الى عمادة كلية التربية / ابن رشد - جامعة بغداد

م / توضيح

تحية طيبة ...

نود اعلامكم عند تاسيس جامعة جيهان في عام ٢٠٠٧ طلبت الهئية المؤسسة للجامعة من الاستاذ الدكتور وريا عمر امين تقديم المشورة نظرا لخدمته وخبرته الطويلة في العمل الجامعي ومكانته ومرتبته العلمية ، وعلى اثر ذلك ساهم في وضع اللبنات الاولى لتأسيس الجامعة وبشكل طوعي كمساهمة في خدمة المجتمع ودون اية مقابل ولم تخصص له اي راتب وليس له اي صفة رسمية في الجامعة . على اثر ذلك اختارته الهئية الموسسة كعضو شرف في مجلس امناء الجامعة علما بانه الف نشيد الجامعة .

زود بهذا التاييد بناء على طلبه .

راجين التفضل بالاطلاع

مع التقدير

ا.د.امجد صابر الدلوي
رئيس الجامعة
٢٠١٣/ ١ /١٣

**ئەرک و جموجۆڵە زانستی و ڕۆشنبیرییەکانم لە زانکۆی جیهاندا:**

١ - ئەندامی بۆردی زانکۆکانی جیهان.

٢ - دانەری سروودی (زانکۆی جیهان)

٣ - سەرۆکی لیژنەی بەرزکردنەوەی ناسناوی زانستیی زانکۆی جیهان لە دامەزراندنییەوە لە ساڵی ٢٠٠٧ تا ئێستا (٢٠٢٤) بەردەوامم.

٤ - ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری زانستیی زانکۆی جیهان.

٥ – ئەندامی دەستەی ڕاوێژکاریی گۆڤاری زانکۆی جیهان.

٦ – ئەندامی لیژنەی باڵای زانستیی زانکۆی جیهان.

٧ – ئەندامی لیژنەی باڵای ئامادەکاریی کۆنفرانسە زانستییەکانی زانکۆی جیهان.

٨ – بەدواچوونەوە و ڕاوێژکاریی زمانەوانی و ڕۆشنبیری و هونەری.

٩ - بەشداری کردن لە کۆنفرانسە زانستییەکان.

١٠ – بەشداریکردن لە ڕێکخستن و دەوڵەمەندکردنی کتێبخانە و سەنتەری دەکومێنتەکانی زانکۆی جیهان. تا ئێستا نزیکەی (٣٠٠٠) کتێبم پێ پێشکەش کردووە. بەردەوام هەر سەرچاوەییکی پەیوەندیداریش دەرچێ پێشکەشیان دەکەم.

١١ – بەشداریکردن لە جموجۆڵە ڕۆشنبیری و ژینگەییەکان. لەگەڵ (د. نەوزاد باجگر) کۆمەڵەی بەزەیی بە ئاژەڵانمان لە زانکۆکەدا دامەزراندووە.

١٢ – ڕوونکردنەوە و وەڵامدانەوە ئەوانەی ڕەخنەی نەرێنی لە دەسکەوتەکانی زانکۆکە دەگرن.

١٣ – بڵاوکردنەوەی کتێبی زمانەوانی و باس و لێکۆڵینەوەی زانستی لە گۆڤارەکانی زانکۆ.

١٤ – ئەندامی ڕاوێژکاری و سەرپەرشتی زانستیی گۆڤاری (زمانەوانیێ).

١٥ – نوێنەرایەتیی زانکۆکە لە دام و دەزگا ڕۆشنبیرییەکانی کوردستان و بەغداد.

٤ – سەرپەرشتی زانستیی دەزگای زمانەوانیی زانکۆی جیهان.کە تیایدا

ئەم بەڕێزانە هاوکار و دەستەی کارگێڕیی دەزگاکە بوون:
١ – د. هاوکار حەمەفەرەج
٢ – م. ئادیار سەعدی خدر
٣ – د. گۆران مامەند
٤ – م. هەمزە ڕەحمان بەکر

**شاندی زانکۆی جیهان**

لەسەر ڕاسپاردەی بەڕێز (د. نەوزاد یەحیا باجگر)، شاندی زانستیی زانکۆی جیهان سەردانی شاری ئستەنبولی کرد، بۆ دەستەبەرکردنی بەڵگەنامە مێژوویی و دێرینەکانی تایبەت بە کوردستان و ناوچەکە و بەستنی پەیوەندیی زانستی لەگەڵ ناوەندە ڕۆشنبیری و زانستیەکانی ئەستەنبۆڵ. شاندەکە لەم بەڕێزانە پێکهاتبوو:

(م. جەمال خەزنەدار – د. وریا عومەر ئەمین – د. محمد خدر مەولوود). لەوێ (د. بژار عوسمان ئەحمەد) کە ئەوسا قوتابیی دکتۆرا بوو لە بواری مێژوودا، بوو بە ڕابەرمان. گەنجێکی زیرەک و وریا و شارەزا، زۆر یارمەتیی داین، بێ ئەو ئەرکەکانمان وا بە سەرکەوتوویی ئەنجام نەدەدرا.

لە (٤ – ٢٠١٦/٨/١٢) لە ئستەنبول ماینەوە. ڕۆژانە دەچووینە سەنتەری بەڵگەنامەکانی عوسمانی. دوای دەوام سەردانی دەزگا و سەنتەر و زانکۆ و شوێنەوارە مێژووییەکانمان دەکرد. چووینە(زانکۆی مەڕمەڕە – کتێبخانەی کەلەپووری میللی – زانکۆی ئستەنبول – شارەوانیی ئستەنبول - مزگەوتی سوڵتان ئەحمەد – مزگەوتی ئایا سۆفیا) و چەندین شوێنی تر.

شاندەکە دوای گەڕانەوەی، لە ڕۆژی (٢٠١٦/٨/١٤) دیاریەکانی بەڕێز(د. ئۆندەر بایر) بەڕێوەبەری گشتیی سەنتەری بەڵگەنامەکانی عوسمانی لە شاری ئەستەنبۆڵ گەیاندە (د. نەوزاد یەحیا باجگر). لە دیدارەکەدا بەڕێزان د. فوئاد مەولود شەریف سەرۆکی زانکۆی جیهان – هەولێر و د. سعید سلێڤانی سەرۆکی زانکۆی جیهان - دهۆک و د. سیروان بابان جێگری سەرۆکی دەستەی زانکۆکانی جیهان و د. سەباح حەیدەر جێگری سەرۆکی زانکۆی جیهان ئامادەبوون.

د. نەوزاد یەحیـــا بـــاجگر ئەرکـــی شـــاندەکەی بەرز نرخانـــد لە دەســـتەبەرکردنی ژمـــارەیێکی زۆر لە بەڵگەنـــامەی مێژوویـــی تـــایبەت بە کوردستان. هەروەها لەبارەی گرنگێتیی دامەزراندنی سەنتەری بەڵگەنامەکان لە زانکۆی جیهان دوا، لە پێناو پاراستنی هەموو جۆرە بەڵگەنامەیەکی تایبەت بە کوردستان و خەڵکی کوردستان، بەشێوەییێکی زانستی کە پێشتر بایەخی پێ نەدراوە.

هەرواهـا د. نەوزاد ئامـادەیی زانکـۆی جیهـانی دەربـڕی بـۆ بەسـتنی پەیوەندی زانستی و ڕۆشنبیری لەگەڵ زانکۆکانی وولاتی تورکیا و سەنتەری بەڵگەنامەکانی عوسمانی و کتێبخانەی میللی شاری ئەستەنبوڵ.

د. نەوزاد دەستکەوتەکانی شاندەکەی بە زنجیرەییێک کتێب بڵاوکردەوە. هەر بەرگەی تـایبەت بە شـارێکی کوردسـتان، تـا ئیسـتا ١٦ بەرگـی لـێ دەرچووە. بەم جۆرە:

بەرگی (١ و ٢) تایبەتە بە شاری هەولێر و دەور و بەری.

بەرگی (٣ و ٤) تایبەتە بە شاری بارزان و زێبار.

بەرگی (٥) تایبەتە بە شاری بازیان و چەمچەماڵ.

بەرگی (٦) تایبەتە بە کۆیسنجەق.

بەرگی (٧) تایبەتە بە ڕانیە.

بەرگی ( ٨ و ٩) تایبەتە بە شاری سلێمانی و دەور و بەری.

بەرگە (١٠) تایبەتە بە زاخۆ.

بەرگی (١١ و ١٢) تایبەتە بە شاری کەرکووک و دەور و بەری

بەرگی (١٣) تایبەتە بە شاری پشدەر

بەرگی (١٤) تایبەتە بە شاری کفری

بەرگی (١٥) تایبەتە بە شاری ڕواندز

بەرگی (١٦) تایبەتە بە شاری ئامێدی

ئـەم بەڵگەنامانـە شـاکارێکی مێژوویـی بەهـادارن، گرنگێتیـی تایبـەتیی خۆیان هەیە و ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لـە تیشک خستنە سـەر گـەلێ لـە لایەنـە شـاراوەکانی مێـژووی ئـەو سـەردەمەی کوردسـتان و دەبـن بـە

سەرچاوەییێکی گرنگ بۆ مێژوونووس و لێکۆڵەوەران .

هەر لێکۆڵینەوەییێکی مێژووی ئەم چوار سەد ساڵەی نێوان (١٥٣٤ ــ ١٩٢٠ز) ی کوردستان، بێ ئاگاداری لەم بەڵگەنامانە ئامادە بکرێ، لەوانەیە کەم و کوڕیی تێکەوێ.

لە بارەی شاند و گەشتەکەوە د. محمد خدر مەولود لە لاپەڕەی فێسبوکی خۆی Muhammad Khidher Mawlood(٢٠١٩/٧/٥) وتارێکی بە ناونیشانی (پەشێویستەکان و پەشێویزم) بڵاوکردۆتەوە، دەڵێ:

یەکەم کەس کە وتاری لەبارەی پەشێوەوە بڵاوکردۆتەوە و پەشێوی وەک شاعیرێکی داهێنەر ناساند، د.وریا عومەر ئەمین بوو لە ساڵی ١٩٦٥. .

سێ پەشێویست( جمال خەزنەدار ـ د.وریا عومەر ئەمین ـ د. محەممەد خدر مەولوود).

ڕۆژانی ئەستەمبۆڵ حەوت ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژێکی وەک ئیمڕۆدا ( تەمووزی ٢٠١٦ ) گفتووگۆی تێر وتەسەلی هەمەلایەنە و شەوانیش گەنگەشەی ئەدەبی و رۆشنبیری و شیعری کوردیی هەولێر و کوردستان و پەشێو و دیاردەی پەشێوی لە شیعری کوردی دا.

دەستەواژەی ( پەشێویستەکان و پەشێویزم ) لە داهێنانی د. وریا بوو زۆرمان بەدڵ بوو، د. وریا زۆر جوانی هێنا و من و مامۆستا جمال خەزنەدار بە دڵ پەسندمان کرد. .

هەر بۆ زانیاری یەکەمین کەس کە وتاری لەبارەی پەشێوەوە بڵاوکردۆتەوە و پەشێوی وەک شاعیرێکی داهێنەر ناساند، د.وریا عومەر ئەمین بوو لە ساڵی ١٩٦٥ لە ڕۆژنامەی دەنگ و باسدا بڵاوی کردۆتەوە . منیش لە کتێبەکەم ( وریا عومەر ئەمین – دیمانەو هەڤپەیڤین ) کە ئێستا لەژێر چاپدایە و لە ساڵی ٢٠١٧دا چاپە ئەلیکترۆنییەکەی بڵاوبۆتەوە، لەوێ د.وریا زۆر لایەنی ژیانی ئەدەبی و رۆشنبیری ئەوسای هەولێر و شیعرەکانی پەشێو و کاریگەرییەکانی باس دەکات، کە بەیەکەوە لە ناوەڕاستی شەستەکانی ساڵی ١٩٦٥ دەستیان بە شیعر نووسین کردووە.

**نامەی پرۆفیسۆر د. عوسمان دەشتی بۆ د. نەوزاد یەحیا باجگر**

د. عوسمان دەشتی لە نامەییێکیدا، لە(٢٠٢٣/١١/٢١)، بۆ د. نەوزاد یەحیا باجگر - سەرۆکی دەزگای زمانەوانیی زانکۆی جیهان، پێشنیازی ئەوەی بۆ دەکات، کۆی بەرهەمەکانم بە چاپ بگەیێنێ.

ڕیز و سوپاسی بێ پایانم بۆ هاوپیشە و هاوڕێی دێرینم بەڕێز د. عوسمان دەشتی بۆ ئەو دڵسۆزی و ئەو هەڵوێست و ڕەوشتە ئەکادیمییە ناسکە بەرزە جوانەی نواندی.

بەلای منەوە کۆبەرهەم دەبێ دوای مردنی نووسەرەکە ئەنجام بدرێ. چونکە نووسەر تا دواهەناسەی بەردەوام دەبێ لە بەخشش و پێشکەشکردن.

من بەش بە حاڵ خۆم دەیان کتێب و پڕۆژەم ئامادەیە و کاریان لەسەر دەکەم، جگە لە گەلێ نووسین و بابەتی پەرشوبڵاوم، دەبێ کۆیان بکەمەوە، کە دوو سێ کتێبیان لێ دەبێتەوە. گەر لە ئێستاوە کۆبەرهەمەکانم بڵاو بکرێتەوە هەموو ئەمانەی لێ بێبەش دەبن.

ئاواتەخوازم تەمەنتان درێژ بێ، ئەوسا ئەم پێشنییازەتان ئەنجام بدەن. لە ئێستاوە من لە گۆڕەوە سوپاستان دەکەم.

سوپاس وڕیز بۆ (د. نەوزاد یەحیا باجگر) بۆ پشتگیریکردنی نووسەران و هونەرمەندان و بۆ بەخششەکانی لە پێناو گەشەدان بە بواری زمانەوانی و هونەری و ڕۆشنبیریمان.

هەمیشە دڵنیا بن

**وریا عمر امین**

بۆ زۆر بەڕێز/ جەنابی د. نەوزاد یەحیا باجگر

سەرۆکی دەستەی ئەمینداریەتی زانکۆکانی جیهان

بابەت/ چاپ و بڵاوکردنەوەی کۆبەرهەمی پ.د. وریا عومەر ئەمین

لە دوای ڕێز و سڵاو

لە بەڕێزتان شاراوە نییە کەوا پ.د. وریا عومەر ئەمین تەمەنێکی لە خزمەتکردن بە زانست و ڕۆشنبیری و زمانەوانی کوردیدا بەسەربردووە. کارو بەرهەمە زانستییەکانی بە هەرسێ زمان (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی)، لەلایەن پسپۆران و ناوەندە زانستی و ئەکادیمییەکان لە هەرێمی کوردستان و لە عێراقدا بە چاوێکی بەرز و بەڕێزەوە سەیر دەرکرێن. لە پاڵ ئەوەی بە دەیان و سەدان کادیرو پسپۆری (ماجستێر و دکتۆرا)ی لە هەرسێ زمانەکەدا لە عیراق و لە هەرێمی کوردستان پێگەیاندووە، بۆیە بە حەق بووە بە (مامۆستای نەوەکان) و پلەو پایەی زانستیی لە بوارێ زمانەوانیدا بووە بە ئەستێرەیەکی پرشنگدارو لە ئاسمانی کوردەواریدا دەدرەوشێتەوە. هەربۆیە وەکو قەدرزانی و وەفایەک بۆ ئەو زانا زمانەوانە کوردە ماندوویی نەناسە، پرۆژەو پێشنیاری چاپ و بڵاوکردنەوەی کۆبەرهەمی زانستی و ڕووناکبیری ئەو زاتە لە چەند بەرگی کتێبدا وەکو پاکێجێک، دەخەمە بەرچاوی بەڕێزتان، تا وەکو یەکێک لە پرۆژەو بەرنامە رووناکبیرییەکانی زانکۆی جیهان کاری لەسەر بکرێت و جێبەجێ بکرێت. لە پێشەوەش ئەوپەڕی ڕێزو حورمەت و قەدرزانینمان پێشکەش دەکەین.

هەرشادبن

پ.د. عوسمان دەشتی

مامۆستای وانەبێژی خوێندنی باڵا لە زانکۆی کۆیە

ئەندامی کارای ئەکادیمیای کوردی

٢٠٢٣/١١/٢١

## هەڵوێستێکی مرۆڤانەی کەموێنەی د. نەوزاد یەحیا باجگر

لە سەرەتای مانگی ئابی ٢٠١٩ دا (ئاهەنگ) ی خوشکم هەستی بە هیلاکی و شەکەتییەکی زۆر کرد. بردمانە نەخۆشخانەی (پار) ئەنجامی پشکنینەوەی دەرچوو شێرپەنجەییێتی. بردمانە تورکیا بۆ نەخۆشخانەی (Memorial) لە ئەنقەرە.(ئاواز و ڕزگار) لە گەڵیدا چوون،(ئازاد) یش لە لەندەنەوە بەگەریان کەوت. دوای حەفتەیێ وتیان شێرپەنجەکە تەشەنەی

کـردووه، له هەمـوو جەسـتەیدا بـڵاو بـۆتەوە، چـارە نـاکرێ، بیـبەنەوە. بەیـانییەکەی ڕۆژی هەینیـی (١٣ – ٩ – ٢٠١٩) گەڕانـدیانەوە و بردیـانە نەخۆشخانەی ڕزگاری. سەعات سێی دوای نیوەڕۆ گیانی سپارد.

من کۆستم کەوتبوو، نەمدەزانی بەو دەمە چی بکەم. ڕوو لە کێ کەم. تەلیفۆنم بۆ (د. نەوزاد یەحیا باجگر) کرد کە هاوڕێی دێرین و هاوسەری (سوزان شەریف جەمباز) ی خوارزامە. ئەویش پیاوانە، یەکسەر هەموو کارەکانی خۆی بەجێ هێشت و وەک خدری زیندە فریام کەوت. شەش حەوت لە کارمەندانی خۆشی بە چەند ئوتومبیلێکەوە لە گەڵ خۆیدا هێنا.

د. نەوزاد کە پێشتر یانزە ساڵ بزیشکی نەخۆشخانەی ڕزگاری بوو. شارەزای ئەم جۆرە ڕووداوانە بوو. ئاسانکارییەکی زۆری ڕەخساند بۆ سەر و بەر کردن و وەرگرتنی.تەرمەکە. تەرمەکەیان بردە مزگەوتی (حاجی مەکیـیە) ی دایکی د. نەوزاد بۆ شـۆردنی. یەکسەر پارچە ئەرزێکی لە گۆڕستانی شـێخ ئەحـمەد( بلـۆکی ١٢ ژمـارە ٢٧٨٢) ی بـۆ پەیـا کـردم. گـۆڕهەڵکەنی ڕاسـپارد گـۆڕهەڵکەنن. دەوروبەری سـەعات ١٠ لە ناشـتنی بوونەوە.

بۆ پرسەکە مزگەوتی (ڕەشاد مفتی) بۆ پیاوان و (حاجی مەکیە) ی بۆ ژنانی دەسگیر کرد. سێ ڕۆژ ژوورسەری بەرنەدام. لە گەڵمدا لە پرسەکە دانیشت، پێشوازیی هاتووانی دەکرد. دوای پرسەکە لە (١٥ /٩ /٢٠١٩) ئەم سوپاس و پێزانینەم لە فێسبوکدا ئاڕاستەی د. نەوزاد کرد.

### سوپاس و پێزانین بۆ ڕێزدار د. نەوزاد یحیی باجگر

لەکانگـەی دڵمـەوە ئەوپـەڕی ڕێـز و سوپاسـی بـێ پایـانی سـەرۆکی ئەنجومەنی ئەمینداریێتیی زانکۆکانی جیهان (د. نەوزاد یەحیا باجگر) دەکەم بۆ ئەو هەڵوێستە مرۆڤییە کەموێنەیەی پێشانی دا لە ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمی خوشکی خوا لێخۆشبووم (ئاهەنگ عومەر ئەمین)

دوعای خێری بۆ دەکەین و ئاواتەخوازین تەندرووست و تەمەن درێژ و

هەمیشە سەرکەوتوو بێ. لە خوا دەپاڕێینەوە هی وەک ویمان بۆ زۆر بکات.

**د . وریا عمر أمین**


**ئەندامی ئەنجومەنی ئەمینداریێتیی زانکۆکانی جیهان**

**١٥ – ٩ – ٢٠١٩**

## دکتۆرا لە مێژوو

لە ساڵی(٢٠٠٢/٢٠٠١)، دەستم کرد بە خوێندنی دکتۆرا لە مێژوودا، لە (پەیمانگەی مێژووی عەرەبی بۆ خوێندنی باڵا)ی سەر بە (ڕێکخراوی وڵاتە عەرەبییەکان لە قاهیرە). ناونیشانی نامەکەم (**تاريخ وتحديد العلاقات البنيوية للتقويمين الميلاي والهجري وتأسيس نظام للتقويم الكردي**).

(دەستنیشانکردنی پەیوەندییە بنیاتییەکانی نێوان ساڵنامەی زایینی و هیجری و دامەزراندنی پێڕەوێک بۆ دامەزراندنی ساڵنامەی کوردی) بە سەرپەرشتیی(پ. د. عبد الامير دكسن) بوو. لە(٢٠٠٤/٩/١٨) گفتوگۆکرا. سەرۆکی لیژنەکە(پ.د. کەمال مەزهەر ئەحمەد) بوو. بە پلەی نایاب دەرچووم:


إقرار لجنة مناقشة

نشهد نحن أعضاء لجنة المناقشة قد اطلعنا على الأطروحة الموسومة (تأريخ و تحديد العلاقات البنيوية للتقويمين الميلادي و الهجري وتأسيس نظام للتقويم الكردي ) و المقدمة من الباحث وريا عمر أمين و ناقشناه في محتوياتها و فيما له علاقة بها. نوصي بأنها جديرة بالقبول لنيل درجة دكتوراه فلسفة في التراث العلمي بدرجة (امتياز).

عضو
التوقيع:
الاسم: أ.د. طارق نافع الحمداني
التاريخ ١٨/ ٩ / ٢٠٠٤

عضو
التوقيع:
الاسم: أ.د. صالح فليح حسن الهيتي
التأريخ ١٨ / ٩ / ٢٠٠٤

عضو
التوقيع:
الاسم: أ.د. الاسم:أ.د. أياد عاشور الطائي
التاريخ: ١٨/ ٩ / ٢٠٠٤

عضو ( المشرف )
التوقيع:
الاسم : أ.د عبد الأمير عبد دكسن
التأريخ ١٨ / ٩ / ٢٠٠٤

عضو
ألتوقيع:
الاسم: أ.د. كمال مظهر احمد
التأريخ: ١٨ / ٩ / ٢٠٠٤
رئيس اللجنة

صدقت الأطروحة من مجلس معهد التأريخ العربي و التراث العلمي للدراسات العليا.

د.
عميد معهد التأريخ العربي و التراث العلمي
للدراسات العليا
التأريخ : ١٩ / ٩ / ٢٠٠٤

جامعة الدول العربية
اتحاد المؤرخين العرب
الأمانة العامة
عمادة معهد التاريخ العربي
والتراث العلمي للدراسات العليا

Arab Leagae
Union of the Arab
Historians
Secretariat General
Deanery of the Arab History
and Scientific Heritage
Institute for Higher Studies

معهد التاريخ العربي والتراث العلمي للدراسات العليا

العدد/ ٦٣١
٢٣ ربيع الأول ١٤٢٦ هـ
٢/ ٥/ ٢٠٠٥م

No.:
Date:

بسم الله الرحمن الرحيم

إلى / وزارة التعليم العالي والبحث العلمي / جامعة بغداد

م / تأييد

تحية وتقدير........

نؤيد لكم بان السيد وريا عمر أمين قد حصل على شهادة الدكتوراه فلسفة في التراث العلمي العربي من قسم التراث الفكري والعلمي العربي من معهدنا وبدرجة امتياز ، في موضوع أطروحته " تاريخ وتحديد العلاقات البنيوية للتقويمين الميلادي والهجري وتأسيس نظام التقويم الكردي " وقد قبل للحصول على الشهادة أعلاه استناداً لكتاب وزارة التعليم العالي والبحث العلمي / قسم الدراسات العليا المرقم (٦٧٨٤ ) في ٢٠٠٢/٤/١٨م والذي يقضي بالسماح لحملة لقب أستاذ بالحصول على شهادة الدكتوراه بدون كورسات وذلك بعد شهادة الدكتوراه الأولى التي حصل عليها من جامعة معترف بها .

للتفضل بالاطلاع مع التقدير ..................

الأستاذ الدكتور محمد جاسم المشهداني
الأمين العام لاتحاد المؤرخين العرب
رئيس الهيئة العلمية للمعهد

العراق - بغداد - المنصور
شارع النقابات - حي طرابلس
ص .ب (٦٣٨٧)
هاتف ٥٣٧٢٨٧٥-٥٣٧٢٨٧٦
الفاكس ٥٣٧٢٥١٦
ثريا ٠٠٨٨٢١٦٢١١٧٢١٨٨
خلوي ٠٧٩٠١٣٤٨٩٢٣
Iraq - Baghdad
Al-Naqabat St.
Po.box :(6376)
Tel. : 5372875 - 5372876
Coble Moarkheen
Fax.:5372516

بسم الله الرحمن الرحيم

جمهورية العراق
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
دائرة البعثات والعلاقات الثقافيـة

العدد : ص ب ٢٣/
التاريخ : / ٢٠٠٨/١٠/

## قرار تقييم شهادة

استناداً الى قرار اللجنة العلمية المشكلة بموجب الأمر الوزاري المـرقم ج م/ ٣٠٥٤ في ٢٠٠٥/١١/١ تعتبر شهادة الدكتوراه التي حصل عليها السيد **وريا عمـر امـين** فـي موضوع **التراث العلمي العربي** من معهد التـاريخ العربـي والتـراث العلمـي بتـاريخ ٢٠٠٤/١٠/٢ **شهادة دكتوراه أمدها سنتان بعد شهادة الماجستير.**

مع التقدير ...

**أ. د. علي محسن المشاط**
**مدير عام دائرة البعثات والعلاقات الثقافية**
٢٠٠٨/١٠/٢٢

<u>نسخة منه الى/</u>
- عمادة معهد التاريخ العربي والتراث العلمي/أشارة الى كتابكم المرقم م/٢٩٢ في ٢٠٠٨/٧/١٧ ... للعلم مع التقدير
- الدائرة القانونية والإدارية .. مع التقدير
- قسم الدراسات خارج العراق/ تقييم الشهادات
- السيد وريا عمر امين ... مع تمنياتنا بالموفقية
- البريد الدوار

محمد/ تقييم

E.mail: takeembethat@mohesr.gov.iq

لە ساڵی ٢٠٠٨دا بەڕێوەبەری دەزگای(سپیریز)، شاعیر و نووسەر (موئەیەد تەییب)، نامەکەی وەک کتێب بڵاوکردەوە. مێژوونووسە عەرەبەکان بایەخێکی تایبەتییان پێ دا. چەندین وتاریان لە بارەیەوە بڵاوکردۆتەوە. (پ.د. عیماد عبدالسلام ڕەئووف) ئەم هەڵسەنگاندنەی خستە ڕوو.

**كتاب (تأريخ وتحديد العلاقات البنيوية للتقويمين الميلادي و الهجري و تأسيس نظام للتقويم الكردي) للباحث د. وريا عمر أمين**

علم التقويم من العلوم غير الميسرة لكثير من الناس و يعود ذلك الى المواصفات الصعبة التى يقتضي توفرها لدى الباحث في هذا العلم ، وهى مواصفات متنوعة ، منها الدراية الكاملة بعلم الحساب و جملة من العلوم الرياضية و التعمق بعلم الفلك ، فضلاً عن المعرفة الواسعة بالتأريخ ولاسيما تأريخ علم التقويم.

والكتاب الذي وضعه الدكتور وريا عمر أمين ، هو انموذج واضح لهذا النوع من الدراسات المعقدة ، التي جمعت بين علم محض ، ومعرفة انسانية واسعة. وهو لم يكن الا ثمرة ناضجة لدرس طويل ، وتتبع مضن ، ودقة متناهية في تحليل المعطيات ، وصبر جميل على المصادر ، واستعانة بوسائل التقنية الحديثة.

وقد توصل المؤلف الى حقائق مهمة ، ونتائج كبيرة ، واظن انه نجح في تأسيس معرفة جديدة في ألتأريخ.

واذا كان الكتاب قد استدعى تجربة حياة مؤلفه ، فان الكتاب نفسه سيبقى مؤثراً في المجال العلمي لاجيالٍ عديدة.

أ. د. عماد عبدالسلام رؤوف

استاذ التأريخ الحديث

كلية تربية ابن رشد . جامعة بغداد

2004 - 12 - 10

(د. جواد البيضاني) له وتارێكیدا به ناونیشانی(قراءة في كتاب الموسوعي البروفيسور وريا عمر امين) دەڵێ:

{ ... من بين المصنفات المهمة كتاب (تحديد العلاقات البنيوية للتقويمين الميلادي والهجري وتأسيس نظام للتقويم الكُردي)، لمصنفه الاستاذ الدكتور وريا عمر أمين، صدرعن (دار سبيريز للطباعة والنشر) في محافظة دهوك، ويحمل الكتاب رقم ايداع في مكتبة البدرخانيين في دهوك بالتسلسل (٤٠٦)،

وليس في هذا الكتاب رقم دولي .

وصل عدد صفحاته إلى ١٨٤ صفحة. يبدأ الكتاب بمقدمة جميلة للمصنف جاء فيها ":للزمن صفحة صعبة الإدراك تحيط به غشاوة تنقشع بعد حين للعلماء، ولا يمر وقت طويل وذا بالغشاوة تعود بشكل اخر اكثر ضبابية، وعلى الرغم من معرفتنا بالزمن تزداد باستمرار، ونستطيع قياس مروره بدقة، لكنه بعيداً عن تناولنا للتحكيم فيه."

قرأ المصنف موجز تاريخي عن هذا الفن المعرفي الذي وصفه بـ (المقياس الزمني)، ويرى ان الحاجة اصبحت ماسه اليه مع تطور المفاهيم الفكرية والاقتصادية، ويرى وفقاً لمعرفته التاريخية أن الحضارات القديمة كانت لها موجبات في رسم مواقيت خاصة بها، فالبابليون لهم مفاهيمهم للتقويم، كذلك المصريون والاغريق، وقبل كل هؤلاء السومريون الذين كان لهم الفضل في وضع أساس جديد للمواقيت لم يعرفه العالم من قبل.

الكتاب جمع بين علم التاريخ لانه بين الصور التي رسمتها الامم لتواريخها، وازمنتها، واوضح معادلات رائعة في بيان هوية التقاطع بين التوقيتات التي عرض طرائق حسابها، فأعطى رسماً بيانياً عن سني التواريخ الهجري وقارنها بالتاريخ الميلادي، ولعله لم يكن الأول في بيان هذه الصورة ولكن الذي ميزه انه قرأ الزمن حتى عام (٢١٠٠ هجرية / ٢٦٥٩ ميلادية)، ويبدو ان شيء ما اوقفه عند هذا التاريخ !

وريا عمر امين مؤرخ ولغوي وفلكي، بل هو باحث موسوعي يذكرنا بعلماء القرون الوسطى الذين جمعوا المعارف بهوية واحدة، نعم هو مؤرخ، ولغوي،، وفلكي، وله مصنفات بعلوم معرفية اخرى. لم يتوقف عند اختصاص حتى يبدع بالآخر، وما كتابه (تحديد العلاقات البنيوية للتقويمين الميلادي والهجري وتأسيس نظام للتقويم الكُردي ) إلا غَيْضٌ من فَيْض، كتبه عبر سنين ورشح مضامينه في افق اقرب إلى الابتكار، فمن حقنا نحن بالعراق أن نفخر بمثل هذه القامات التي انتجت الكثير للثقافة المعرفية العراقية . حفظ الله استاذنا وشيخنا وزميلنا البروفيسور وريا عمر امين ومزيد من الابداع والتالق}.

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسول**

پەیوەندیم لەگەڵ د. عزالدین مستەفا ڕەسوول دەگەڕێتەوە بۆ نیو سەدەی ڕەبەق. لە ساڵی ١٩٦٧ کە تەقدیمی بەشی کوردیم کرد لە کولێژی زمانان ـ زانکۆی بەغداد، ئەوسا بەڕێزی مامۆستا بوو لەوێ .

مامۆستایان (عەلائەددین و د. پاکیزە ڕەفیق حلمی و د. عیزەالدین مستەفا ڕەسوول) لیژنەی موقابەلەی ئەو خوێندکارانە بوون کە تەقدیمی بەشی کوردییان کردبوو. لە موقابەلەکەدا، یەکەم کەس پرسیاری لێ کردم د. عزالدین بوو. لێی پرسیم هیچ شیعرێکی کوردیت لەبەرە ؟ منیش وتم هي کام شاعیر؟ بە سەرسوڕمانەوە وتی : دیارە زۆرت شیعر لەبەرە. شیعریکی گۆرانمان بۆ بڵێ، پرسیم کام شیعری؟ هەموو ئەندامەکان پێکەنین، مامۆستا عەلائەددین وتی: ئەم بەڵایە چییە بۆمان هاتووە!؟ د. عزالدین وتی ئارەزووی خۆتە. منیش شیعری گوڵی خوێناویم بەتەواوی بۆ وتن.

د. پاکیزە لێی پرسیم چ کتێبێکت لەبارەی ئەدەبی کوردییەوە خوێندۆتەوە؟ وتم: زۆربەیانم خوێندۆتەوە(ئەوسا ژمارەی کتێبە کوردییەکان بە پەنجەی دەست دەژمێردران.) زۆربەیان لە کتێبخانەکەی باوکم هەبوون. پرسیی وەک ؟. منیش ناوی کتێبەکەی مامۆستا عەلائەددین سوجادي (مێژووی ئەدەبی کوردی) و (شیعر و ئەدەبیاتی کوردیی ڕەفیق حلمی) و (گوڵدەستەی شوعەرای هاو عەسرم) و (ئەنجومەنی ئەدیبانی ئەمین فەیزی بەگ) م هێنا..و زۆر پرسیاری تریان لێ پرسیم.

لە کۆتاییی موقابەلەکەدا د. پاکیزە کە سەرۆکی بەشەکە بوو وتی. من دەتنێرم بۆ خوێندنی دکتۆرا. د. عزالدین وتی تۆ ئەبێ وەرگیرێی و ... هەر لەوساکەوە مامۆستاکان بایەخێکی تایبەتییان بەمن دەدا وەک هاوڕێییێکی خۆیان هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکردم. بە تایبەتی د. عزالدین بڕوای زانستیی پتەوی بە من هەبوو تەنانەت دەسنووسەکانی باوکی(سەفوەت) ي بۆ دەهێنام دووبارە بە ڕێنووسی نوێ بیاننوسمەوە. ئاماژەی بەمە کردووە لە کتێبەکاندا .

لە ساڵی دووەممدا بووم، تووشی کارەساتێکی کوشندە بووم. ئێمەی

قوتابییان بە جل و بەرگی کوردییەوە ئاهەنگێکی کوردانەمان بە گۆرانی هەڵپەرکێ و شیعر خوێندنەوە دەگێڕا....لەپڕ بعسییەکان پەلاماریان داین، ئەنجامەکەی ئەوە بوو من بە سەختی بریندار کرام. د. عزالدین و هاوڕێکانم منیان گەیاندە نەخۆشخانەی فریاگوزاری. د. عزالدین داوای لە قوتابییەکان کرد زوو فریام کەون بۆ خوێن بەخشین و سێ ڕۆژ مانی پێ گرتن لەسەر ئەمە..

لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا من بووم بە سەرۆکی بەشی کوردی و بەڕێزی مامۆستا بوو لەوێ. ئەو ساڵانەی پێکەوە کارمانکرد پڕن لە یادگاریی خۆش.

کە بۆ خوێندن چوومە لەندەن، د. عزالدین کە دەهاتە لەندەن، دەهاتە لام. لە و ساڵانەی کە من لە زانکۆی سلێمانیدا وانەبێژ بووم، زۆر جار لەماڵی بەڕێزیان دادەبەزیم.

بیرەوەرییە نیو سەدەییەکانم لەگەڵ د. عزالدین لە خۆشترین و جوانترین لاپەڕەکانی ژیانمن ، هەرگیز لە بن نایەن.

پەیوەندیی خۆشەویستی و قوتابییێتی وهاوڕێتیمان تائیستا بەردەوامە، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر و پتەوتر دەبێ.... تا ماوم بە هەموو ژیانم قەرزاری ئەو مرۆڤەم کە ئەگەر هاندان پشتگیریی دڵسۆزانەی ئەم نەبا ژیانم بە تەواوی جۆرێکی تر دەبوو..

ئاواتەخوازم تەمەن درێژ و هەمیشە تەندرووست بێ.

**لە گۆڤاری (ڕامان) ژ ١٥٣ ساڵی ٢٠١٨ بڵاوبۆتەوە.**

**وتاری د. عیزەددین مستەفا ڕەسوول لە ڕێوڕەسمی ڕیزلێنانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان لە (٣٠ – ٣ – ٢٠١٦)**

د. وریا عومەر ئەمین ـ برامە، هاوەڵ و هاوڕێ و هاوکارمە ـ با بڵێم: قوتابیشمە و چوار ساڵ لە بەشی کوردیی کولێجی ئاداب دەرسم پێ وتووە.. ئەو یەکەمی هەرچوار ساڵەکەی خوێندنی بوو. کاتێ لە لەندەن دەیخوێند، لە گەشتێکدا لەگەڵ خێزانم چووینە ئەوێ.. بە ڕاستی خزمەتی زۆری کردین و

تا ئیستاش هەڵنەکەوتووە بە نووسین سوپاسی بکەم ـ با ئەمڕۆ سوپاسی بکەم.

د. وریا کوڕی بنەماڵەیێکی کورد پەروەرە.. باوکی مامۆستایەکی گەورە بوو. چەن نەوەی پێگەیاندبوو.. ڕەحمەتیی مامی ئەحمەد فەخریم دەناسی کە یەکێک بوو لە ئەندامە بەردەوامەکانی یانەکەی مامۆستا(بەشیر موشیر) .. هەستی قووڵی کوردایەتیی لێ دەڕژا.

د. وریا زانایە.. ڕاستە بە ڕەسمی پسپۆڕی زمانی کوردییە، بەڵام خۆی بە چەند زانستی ترەوە خەریک کردووە. ئەو خوێندنە وردەی بۆ شیعری جەواهیری کە کتێبێکی بە نرخی لێ درووست بوو، کلیلێکی جوانی بۆ باسەکانی ناو شیعری جەواهیری درووست کردووە. چەند کەسمان هەیە وەک دوکتۆر وریا کە لە پاڵ کوردی و عەرەبی و ئینگلیزیدا خۆی بە چەند زمانیترەوە خەریک کردبێ و کەم یا زۆر ئاگاداری تورکی و ڕووسی و فارسی و کلدانی بێت. کاتی د. وریا هەر سەر بە زانست و کوردۆلۆژییە.. و پیاوێکی نیشتمانپەروەرە کە هەمیشە سەر بە نەتەوەکەی خۆیەتی. لە بیرمە کە بەعسییە فاشیستەکان لە ژووری دەرسدا – کە قوتابی بوو هێرشیان کردە سەری و برینداریان کرد، کە ئیستاش شوێنی ئەو بریندار کردنەی پێوە دیارە و با ئەوەش بڵێم شانازی بە هەڵوێستی خۆمەوە دەکەم بەرامبەر بەو ئازاردانەی ئەودا.

شانازی بە هەموو لایەنەکانی دوکتۆر وریا و بنەماڵەکەیەوە دەکەم. سوپاسی وەزارەتی ڕۆشنبیری و برای شیرینم د. سالار عوسمان دەکەم کە کۆڕی ڕیزلێنانیان بۆ د. وریا ڕێکخستووە.. با ئەمجۆرە کەسانە لە ژیاندا دوو قسەی باش ببیستن و بەشمان هەر هێرشکردنە سەر نەبێ.

سوپاستان دەکەم و هەر بژین.


**عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ**

**(عیزەدینی مەلا مستەفای حاجی مەلا ڕەسوول)**

**سلێمانی ٢٠١٦/٣/٢٨**

لە وتەکانی د. عیزەددین لەبارەی منەوە، دەیگوت( وریا خەڵکی سلێمانییە .. تەجمیعی هەولێرە).

د.عیزەددین لە (٢٠٠٥/٨/٤) دا ئەم ڕاپۆڕتەی بۆ مێژوو، بۆ لیژنەی مافی مرۆڤ نارد لەبارەی ئەو ڕووداوەی تێیدا بە سەختی بریندار بووم.



لجنة حقوق الإنسان
وزارة التعليم العالي

بعد التحية

كان الزميل الدكتور وريا عمر أمين طالباً في قسم اللغة الكردية بكلية اللغات بجامعة بغداد، وكنت أدرس في تلك الكلية. وذات يوم في أواسط كانون الثاني ١٩٦٩ قام طلبة القسم باحتفال فني في إحدى قاعات الكلية. وقد وجدنا إزعاجاً وتحملاً من الطلبة المنتسبين الى الحزب الفاشستي الحاكم، إذ كيف يغني ويصفق طلبة كرد - دون إذنهم، وفوجئنا بهجوم من قبلهم على القاعة. وقد أصيب عدد من الطلبة برضوض وآلام، ولكن أكثرهم إصابة هو السيد (وريا عمر أمين) الذي وجدنا الدم يسيل بغزارة من خده، ولا أدري أكان الجرح من آلة راضّة، أم بسبب ضرب رأسه بشباك القاعة وكسر الزجاج. فأخذته مع بعض الطلبة حالاً الى المستشفى، وأدخل الى غرفة العمليات الصغرى، حيث احتاج الى خياطة الجرح - وما زالت آثار الجرح باقية. واحتاج الى تبرع بالدم. فقمنا بحملة تبرع من طلبة القسم. وشفي بعد فترة من الزمن.

هذا ما أتذكره بالضبط وبناء على طلبه قدمت هذا الاستشهاد

الدكتور عز الدين مصطفى رسول
أستاذ بجامعة السليمانية
رئيس اتحاد الأدباء الأكراد

٢٠٠٥/٨/١٤

له (٢٠١٤/١/٥) فرمانی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق (ژمارە ٥ ی ساڵی ٢٠١٤) دەرچوو بۆ پێکهێنانی لیژنەیێکی باڵای سەر بە ئەنجومەنی وەزیران، بۆ بەدواچوونی ڕەچاوکردنی یاسای زمانە فەرمییەکان. ئەکادیمیای کوردی (د. عیزەددین مستەفا ڕەسول) ی بۆ ئەم ئەرکە هەڵبژارد. د. عیزەددین لەبەر دۆخی تەندرووستیی، داوای لێبوردنی کرد و منی لە جیاتی خۆی هەڵبژارد.

**د. عزالدین مستەفا ڕەسووڵ و هەندێ بیرەوەریی سەردەمی قوتابێتیم .**

لە ساڵی خوێندنی ١٩٦٨ ــ ١٩٦٩ لە قۆناغی دووەمی بەشی کوردیی زانکۆی بەغداد بووم، کە دەکاتە ٥٣ ساڵ بەر لە ئیمڕۆ، بەهەشتی د. عزالدین مستەفا ڕەسول وانەی (شێوەکان) ی پێ دەوتینەوە..بەرنامەی وانەکە (داستانی مەم و زینی ئەحمەدی خانی) بوو ..هەر حەفتەیەی پەنجا شەست دێرمان لێ دەخوێند و شیمان دەکردنەوە و لەگەڵ شێوەزاری کوردیی خواروو بەراوردمان دەکردن و گفتوگۆمان لە بارەیانەوە دەکرد و ئەزبەرمان دەکردن.. من ئیستاش سەدان دێریم لێ لەبەرە و لە بیر ماوە. هەروەها زمانی ستاندارد و زمانی ئەدەبی یەکگرتوو بابەتێکی سەرەکی بوو لە بەرنامەکەدا .

د. عزالدین پوختەی موحازەرەکانی خۆی لە بارەی زمانی ستانداردەوە وەک کتێبێ لە ساڵی ١٩٧١دا بە چاپ گەیاند. یەکەم ئەکادیمیستە پرس و گرنگێتیی زمانی یەکگرتووی کوردیی ورووژاند و کتێبی لە بارەیەوە بڵاوکردەوە. بۆتە سەرچاوەی سەرەکی بۆ بابەتی زمانی یەکگرتووی کوردی. هەر چییێکی لە بارەی پرسی ستاندەردەوە دوای ئەم کتێبە دەرچووبێ، هەموو دووبارە کردنەوەی بۆچوونەکانی د. عزالدینن.

لە پاڵ بابەتی وانەکە و لە ڕێی چەمک و ناوەرۆکی دێرەکانی داستانی مەم و زینەوە، د. عزالدین فێری زۆر شتی دەکردین، کوردایەتی، مێژوو، فەلسەفە، پەروەردە، مرۆڤایەتی .. وا دیار بوو دیار بوو خۆشی پڕۆژەی هەبوو لە بارەی ئەحمەدی خانییەوە.. وا بوو لە ساڵی ١٩٧٩چوو لە مۆسکۆ وەک نامەیێک بە ناونیشانی (ئەحمەدی خانی - شاعیر و بیرمەند .. فەیلەسووف و سۆفی) پێشکەش بە زانکۆی مۆسکۆی کرد و بەرزترین

بڕوانامەی پێ وەرگرت.

ئەوساڵە بوو د. عزالدین، داوای لە ئێمەی قوتابی کرد باسێک لە بارەی شێوەکان و زمانی یەکگرتووی کوردی ئامادە بکەین . ئەوسا ئێمە قوتابیی قۆناغی دووەم بووین، ئاستی زانیاریمان نزم بوو .. ژمارەی هەموو کتێبەکانی کتێبخانەی کوردی بە گۆڤارەکانەوە لە ٣٠٠ ڕەت نەدەبوو.لەمانە هەر سی چل کتێب و باس و فەرهەنگ لە بارەی زمانی کوردییەوە بوون . بە پشت بەستن بەو چەن سەرچاوە کەمەی ئەوسا بەردەست بوون ئەم ڕاپۆرتەم ئامادەکرد.

لەو ساکەوە تا ئیستا کە دەکاتە ٥٥ ساڵ بە سەدان وتار و لێکۆڵینەوە و نامە لە بارەی شێوەزار و ستانداردی زمانی کوردییەوە بڵاوکراونەتەوە .گەر زانیارییەکانی ئەم ڕاپۆرتە بەراودرد بکرێن لەگەڵ زۆربەیان دەبینین جیاوازییێکی ئەوتۆ لە نێوانیاندا بەدی ناکرێت. .هەر هەمان ئەو زانیارییانەن کە لە نووسینەکانی تۆفیق وەهبی و ڕۆژهەڵاتناسەکاندا خراونەتە ڕوو، بێ تاقیکردنەوەی مەیدانی دووبارە دەکرێنەوە. ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە زۆربەی لێکۆڵینەوەکانمان ئامادە کردن و لێک وەرگرتنن. لەگەڵ ڕیزم بۆ هەندێکیان.

**دەرنەکەوتنی د. عزەددین لە ڕۆژی موباشەرە.**

لە(٩/١) ی هەموو ساڵێکدا، پشووی هاوین تەواو دەبێ. مامۆستای زانکۆ دەبێ لەم ڕۆژەدا لە بەشی خۆی ئامادە بێ، دەستبەکاربوونی خۆی(مباشرە) لای سەرۆکی بەش تۆمار بکات. لە یەکی ساڵی ١٩٨٣ د. عزەددین مستەفا ڕەسول دەرنەکەوت. من سەرۆکی بەش بووم. هیچ ڕێگاییێکی پەیوەندیکردن پێیەوە نەبوو. من گیرم خوارد. نەمزانی چی بکەم. کەوتمە نێوان دوو ئاگرەوە. ناچار خۆم موباشەرەکەم بۆ نووسی و لاساییی واژۆیەکەیم کردەوە. دوای دە دوانزە ڕۆژ د. عزەددین دەرکەوت. لێم پرسی: مامۆستا خێرە لە ڕۆژی موباشەرەدا دەرنەکەوتی؟ بە بنا گوێمدا چرپاندی: بەینی خۆمان بێ لە دەرەوەی عیراق بووم ئامادەی کۆنفرانسێکی حیزبی شیوعی بووم. من تۆقیم، شڵەژام، گیانم سڕ بوو. ئەوسا کێ دەیوێرا ناوی حیزبی شیوعی بێنێ. یەکسەر بە خاو و خێزانەوە ئیعدام دەکرا. ئەی ماڵوێرانخۆم.

موخابەراتی سەدام دەزانن چەند موو لە ناو لووتماندایە. قابیل نییە هەر پێی دەزانن. بریارم دا سەری خۆم هەڵگرم ڕاکەم، بچمە چیا. ئەمە ئاسان نەبوو. ساڵەها تا جەنگی کوێت ترس و ڕاڕاییی بەری نەدەدام. ئێستاش کە دێتە بیرم موچڕک بە لەشما دەگەڕێ.

**د. کەمال مەزهەر ئەحمەد**

پەیوەندیی قوتابێتی و هاوڕێتی و برایەتی و خۆشەویستیی بەردەوامی ڕۆژانەی ٥٤ ساڵەم لەگەڵ بەهەشتی (د. کەمال مەزهەر ئەحمەد) لە خۆشترین و گەشترین لاپەڕەکانی پڕ شانازیی ژیانمە. ئەمەش چەند وێستگەییێکمە لە گەڵیدا:

١- ناسینم بۆ ئەو زاتە پاکژە دەگەڕێتەوە ساڵی ١٩٦٨ کە قوتابیی قۆناغی دووەم بووم لە بەشی کوردیی زانکۆی بەغداد .د. کەمال وانەی مێژووی تێدا دەوتەوە.

٢- لە ساڵی ١٩٧٢ کە ناوم دەرچوو بۆ خوێندن لە زانکۆی مۆسکۆ، د. کەمال مەزهەر منی لەگەڵ خۆی بردە لای نوێنەری ڕۆشنبیری لە سەفارەتی سۆڤیەتیدا، منی پێ ناساندن و ڕایسپاردن ئاگایان لێم بێ. نامەییێکیشی بۆ نووسیم بۆ پرۆفیسۆر بەکاییف، کە ئەوسا مامۆستا بوو لە بەشی ڕۆژهەڵاتناسی لە زانکۆی مۆسکۆدا. دوای حەفتەیێ لە گەیشتنمە مۆسکۆ، چوومە لای بەکاییف و نامەکەم گەیاند.دوای ئەمە چەند جارێکی تر سەردانی بەکاییفم کرد.

٣- لە ١٩٨٠ کە خوێندنم لە زانکۆی لەندەن تەواوکرد و لە کولێجی پەروەردەی زانکۆی بەغداد دامەزرێنرام یەکسەر هاتە لام بۆ پیرۆزبایی.

٤- لە ١٤ / ٢ / ١٩٨١ کە ڕۆژی جیهانیی خۆشەویستییە، وتارێکم بڵاوکردەوە بە ناونیشانی (د. کەمال مەزهەر ئەحمەدلە ڕۆژی خۆشەویستیدا لە دایک بووە).

٥- لە سالی ١٩٩٧ من سەرۆکی بەشی کوردی بووم، د. کەمال خۆی گواستەوە بەشی کوردی.

٦- لە ساڵی ٢٠٠٤ د. کەمال بوو بە سەرۆکی لیژنەی گفتوگۆی نامەی

دکتۆراکەم لە بواری مێژوودا. لە(٢٠٠٤/٩/١٨) گفتوگۆکرا.

٧ - لە ساڵی ٢٠٠٧ دا بووم بە ئەندامی کارای ئەکادیمیای کوردی، ئەویش تێیدا ئەندام بوو. زیاتر لە ١٠ ساڵ هاوکار بووین.

٨- لە ٩ / ٩ / ٢٠١٥ نامەیێکی لە بارەی منەوە نارد بۆ لیژنەی ڕیزلێنانی حکومەتی عیراق بۆ هەڵبژاردنم وەک زانایێکی عیراقی .

٩- لە ساڵی ٢٠١٧ لەبەر بارودۆخی تەندروستیی دەستی لە کار کێشایەوە لە ئەکادیمیای کوردی و بۆ چارەسەری ڕوویکردە ئەڵەمانیا .

١٠- لە ١٦ / ٣ / ٢٠٢١ لە نەخۆشخانەیێکی ئەلەمانیادا کۆچی دوایی کرد.

١١- لە ٢٣ / ٣ / ٢٠٢١ بەشداریم کرد لە پێشوازیی تەرمە پاکژەکەی لە فڕۆکەخانە نێودەوڵەتیی هەولێر .

١٢- بەیانییەکەی ٢٤ / ٣ / ٢٠٢١ ئەکادیمیای کوردی ڕێوڕەسمی ماتەمینێکی شایستەی بۆ ئەنجام دا. تێیدا سەرۆکی حوکمەت نچیرڤان بارزانی و سەدان زانا و مامۆستای زانکۆ و کەس و کار و خۆشەویستانی ئامادە بوون . وتاریان پێشکەش کرد و تەرمەکەیان گوڵباران کرد .

دوای ڕێوڕەسمەکە تەرمەکەی برایە ماڵەوەی، ماوەیەک لە کتێبخانەکەی دانرا، ئنجا بەرەو سلێمانی بەڕێمانکرد لە هەمان ڕۆژ لە گۆڕستانی گردی سەیواندا بە خاک سپێردرا .

.ڕەحمەتی خوای لێ بێ.

**(گوڵەوریا) کەی د. کەمال**

ژیانی منداڵیم لە ناو ڕەز و باغە دڵگیرەکانی شەقڵاوە و گوڵستانی دەشت و دەر و سەیرانگای بەهارانی عەنکاوە و سەرچاوە دڵگیرەکەدا بەسەر برد. هەر لەوساکەوە لە عیشق و خۆشەویستییەکی تایبەتیدا لەگەڵ سرووشتدا دەژیم. گوڵ و نەمام چاندن بۆتە بەشێک لە ژیانم. هەموو وەزێ تۆی گوڵان دەگرم و کۆی دەکەمەوە.دابەشیان دەکەم و بۆ کوێ بچم لە چیمەنە گشتییەکان و زانکۆکان و ماڵە هاوڕێیاندا پێیانوەردەکەم.

کە لە ساڵی ١٩٨٠ دا گەڕامەوە، چەندین جۆر تۆی گوڵم لەگەڵ خۆمدا

هێنا. یەکێ لەمانە گوڵێکی ڕەنگ ڕاڕنجی بوو، یەکجار جوانە و خێرا بەرز هەڵدەچێ و پەلوپۆ دەهاوێژێ، پڕگوڵێکی وەرز پاییزییە.

هەموو ساڵێک لەسەر بنجی خۆیدا دەڕوێتەوە. لەو ساکەوە ساڵ بە ساڵ تۆکەی دەگرمەوە و چیمەنەکانی کولێج و زانکۆکان و ڕێ و بان و ماڵە هاوڕێیانم لێ پڕ کردووە.

د. کەمال بەم کارەی منی دەزانی، ئەم گوڵەی زۆر پێ جوان بوو، لە چیمەنی ماڵەکەشیا چاندبووم. ڕۆژێ لێی پرسیم ناوی ئەم گوڵە چییە، وتم نازانم، وتی چۆن نازانیت، ئەمە (گوڵە وریایە). ئیتر بەم ناوە ناسرا و بڵاو بووەوە.

لە بن قەڵای هەولێر لای بازاڕی کتێبفرۆشان، لە تەک حەوزەکاندا پانزە ساڵ بەر لە ئیمڕۆ ئەم گوڵەم چاندووە. هەموو ساڵ لەسەر بنجی خۆیدا دەڕوێتەوە. کتێبفرۆشەکان بەم چیرۆکە دەزانن. کە پاییز داهات دەتوانن سەردانیان بکەن.

لە ساڵی (٢٠٠٤) دا بوو، ڕۆژێکیان لای(د. کەمال مەزهەر ئەحمەد) بووم، مامۆستایان (حەمید بەدرخان و زیرەک میرە و ئیدریس شەیداهۆ) هاتنە سەردانی د. کەمال، پەیکەرێکی لەدار داتاشراوی (میقداد بەدرخان)یان بۆ بە دیاری هێنابوو. دوای قسە و باسێکی خۆش خواحافیزییان کرد و وتیان دەچینە سەردانی (سینەم بەدرخان) لە گەڕەکی عامریە.

**نامەکەی د. کەمال مەزهەر ئەحمەد بۆ لیژنەی ڕیزلێنانی حوکوومەتی عیراق.**

الی هیئة تکریم العلماء الموقرة

تحیة طیبة.

الدکتور وریا عمر امین عالم عراقي من اذکیاء الکورد المعروفین. موسوعي مبدع متبحر في شتی المجالات لقب بالموسوعة المتحرکة..باحث ومؤرخ له نتاج غزیر. نشر حوالی ٢٠ کتابا واکثر من الف بحث ودراسة ومقالة في اللغة والادب والفلک والعلوم والبیئة والتاریخ والتقویم وعلم العروض...وغیرها . یجید سبعة لغات ویکتب وینشر بثلاثة لغات (العربیة –

الكوردية – الانكليزية). وهو اديب ومن الشعراء الكورد المعروفين المبدعين . له مجموعة شعرية بعنوان (نزهة في جنان الشعر) . يحفظ الالاف من الابيات الشعرية باللغات العربية والانكليزية والكردية والفارسية والتركية حتى لقب بموسوعة الشعر الشرقي وراوية الجواهري. نظم تقويما دائميا في غاية البراعة والابداع. كما انه ابتكر نهجا جديدا مبسطا لدراسة علم العروض حيث جمع جميع الزحافات والعلل في جدول موحد.

مؤسس الدراسات العليا (الماجستير و الدكتوراه) في قسم اللغة الكردية بجامعة بغداد ومن مؤسسي اقسام الدراسات العليا في جامعات اقليم كردستان. اشرف على ودرس وناقش المئات من طلبة الدراسات العليا في اللغة والادب الانكليزي والكوردي والفارسي والعربي والتربية .

له مساهمات علمية وثقافية اخرى كثيرة يستحق وبجدارة ان يمنح لقب عالم..

أ.د. كمال مظهر احمد

استاذ التاريخ – جامعة بغداد

الامين العام للمجمع العلمي الكوردي – بغداد

العضو العامل للمجمع العلمي الكوردي (الاكاديمية الكوردية).

**د. مارف خەزنەدار**

دیارییە بە نرخەکەی د. مارف خەزنەدار

یێکێ لە خۆشەویستترین ئەو کتێبانەی لە ژیانمدا بە دیاری پێشکەش کرابم ئەوانەن کە د. مارف خەزنەدار بە بۆنەی دەرچوونم بە یەکەمی لە بەشی کوردی پێشکەشی کردم لە ڕۆژی گێڕانی ئاهەنگی دەرچوونمان لە (٣٠ – ٦ – ١٩٧١) دا.

پەیوەندیی خۆشەویستی و مامۆستایەتی و قوتابییتیم لەگەڵیدا تا دوا ڕۆژی ژیانی بەردەوام بوو. لەم بارەیەوە لە گوتوبێژێکی زانستی و فەرهەنگیدا کە لە گۆڤاری ( مامۆستای کورد ) ژ ٢٤ و ٢٥ ساڵی ١٩٩٥ ل ٥٣ بڵاوکراوەتەوە باسی بەشی کوردی دەکات د. مارف دەڵێت:

( .... بەشی زمانی کوردی دەورێکی گرنگی لە پێگەیاندنی خوێندەوار و

ڕۆشــنبیری کــورد لە مامۆســتایانی قوتابخــانەی ناوەنــدی و ئامــادەیی و کـارگەرانی ڕادیـۆ و تەلەفزیـۆن و ڕاگەیانـدن و ڕۆژنـامە نووسـی، هەروەهـا بەشــێکی زۆر لە نووســەر و ڕۆشــنبیرانی نەوەی تازەمــان دەرچــووی بەشەکانی زمانی کوردیی کولێجی ئەدەبیاتی زانستگای بەغدا و سلێمانی و ســەلاحەدینن. نـامەوێ لە بیـرت بچـێ نووســەر و مامۆســتایانی وەکـوو **(مەحموود زامدار و وریا عمر امین و دڵشاد مەریوانی و ئەحلام مەنسوور و ڕەفیق سابیر و فریاد فازیل و خالید جوتیار و نەوزاد ڕەفعەت و ئەنوەر قادر و سامی شۆڕش و شیرین کەمال و سەلاح شوان و ڕەشاد میران و محەمەد بەکـر و فەرهـاد شـاکەلی و گەلێکـی تـر)** دەرچـووی ئەم بەشـی کـوردییەن. یادگـاری سـەردەمی قوتابێتییـان لاپەڕەیێکـی ڕوونـاک و بەهـادارە لە ژیـانی زانستیمدا و هەمیشە شانازی بەوەوە دەکەم کە ڕۆژێ لە ڕۆژان قوتـابیی مـن بوون..

**گۆڤاری ( مامۆستای کورد ) ژ ٢٤ و ٢٥ ساڵی ١٩٩٥ ل ٥٣.**

د. مارف مامۆستاییێکی زۆر ڕێکوپێک بوو. بە بەرنامە وانەکانی دەوتەوە. هەرگیز دووبارەکردنەوە لە بابەتەکانی بەدی نەدەکرا. پێویست نەبـا لە بـابەت لایندەدا. پێچەوانەی هەندێ مامۆستای تر کە هیچ پلان و بەرنامەیان نەبوو. بۆیە دووبارە کردنەوە و لادان لە وانەکانیان بەدی دەکرا.

د. مـارف زۆر ورد بـوو لە کاتەکـانی. لەگەڵ زەنگلێدانـدا لە پـۆل ئامـادە دەبوو، هەرگیز دوانەدەکەوت و کاتی وانەکە تەواو نەبووایە نەدەوەستا.

لە ساڵی دووەممانـدا بووین، ڕۆژێکیان زەنگ لێیدابوو، ئێمەی قوتابییان، کـوڕ و کـچ، لەبەر دەرگـا وەسـتابووین بە دەنگـی بەرز قسـەمان دەکـرد و پێدەکەنین. د. مارف هات و زۆر لێمان تووڕە بوو، وتـی.. ئەمە چییە ؟ ئێوە چـۆن قوتـابییەکی زانکـۆن. شـەرم نـاکەن دوای جەرەس لێـدان لە دەرەوە دەوەسـتن و ئەم قیژەقیـژ و هاتوهـاوارانە دەکەن! ئـێمە لە ئەوروپـا پـێش زەنگلێدان لە شـوێنی خۆمـان بێ دەنگ دادەنیشـتین، چاوەڕێی مامۆسـتامان دەکرد و لەم جۆرە ئامۆژگاری و قسە خۆشانەی.

د. مارف وانەی کێش و قافییە و عەرووزی پێ دەوتینەوە. لە شوێنی خۆی دانیشت. بە تووڕەییەوە هەندێ سەیری چڕوچاوی قوتابییەکانی کرد و نەختێ دەستی لە ناو جانتاکەی وەردا و سەیرێکی منی کرد و وتی (وریا هەستە بنووسە):

**ڕەبی مووی لێ بێ زمانی پەنجەکانی هەڵوەرێ**
**هەر کەسێ گوڵشەن بە دەردی کوڵخەنی دۆزەخ بەرێ**

من ئەوسا ئەم دێرە شیعرەم ئەزبەر نەبوو.. نیوە دێری یەکەمم نووسی و فریای نیوەکەی تر نەکەوتم و ترسام لێی بپرسم.. هەر خۆم بەم جۆرە تەواومکرد:

**ڕەبی مووی لێ بێ زمانی پەنجەکانی هەڵوەرێ**
**هەر کەسێ لە دوای جەڕەسا ڕادەوەستێ لە دەرێ**

ڕووی کردە (ئاسۆ عەلی ئەمین) و وتی ئاسۆ بیخوێنەوە. ئاسۆ خوێندییەوە:

**ڕەبی مووی لێ بێ زمانی پەنجەکانی هەڵوەرێ**
**هەر کەسێ لە دوای جەڕەسا ڕادەوەستێ لە دەرێ**

د. مارف وتی چییی!!؟؟..بڕۆ دەرەوە. ئاسۆ وتی مامۆستا بۆ بچمە دەرەوە؟ وەک داواتکرد ئەوەی سەر تەختەکەم خوێندەوە. د. مارف سەیرێکی تەختەکەی کرد و ڕووی لە من کرد و وتی (وریا بڕۆ دەرەوە). منیش هەستام بڕۆم، کە گەییشتمە دەرگا بەر لەوەی دەرچم وتی (وریا .. وەرەوە .. وەرەوە .. ئافەرین .. دێرەکە سوارە).

ئەم دێرە شیعرە هی حەمدی ساحبقڕانە(١٩٧٦ -١٩٣٦).

دوای (٢٨) ساڵ لەم بەسەرهاتە، لە ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی (٢٨ – ٩ – ١٩٩٦) بووم بە ئەندامی لیژنەی گفتوگۆکردنی نامەی ماجستێری (د. عبدالله خدر مەولوود) کە بە ناونیشانی (لێکۆڵینەوەییێک لە شیعری حەمدی) دا بوو، بە سەرپەرشتیی (د. مارف خەزنەدار). باسی ئەم بەسەرهاتەم کرد و لێم پرسی مامۆستا لە بیرتە؟ وتی، ئەوە شتێک نییە لە بیر بچێتەوە.

لە بارەی شیعرەکانمەوە دەیگووت ( بۆنی گۆرانت لێ دەکەم).

**تۆفیق وەهبی**

**لە نامەیێکمـدا بـۆ د. مـارف خەزنەدار لە ئەرشـیفی نامەکـانی (مـارف خەزنەدار) دا.**

ئەنـدازیار (د. بنیـاد مـارف خەزنەدار) کتێبێکـی بە ناونیشـانی (ئەرشـیفی نامەکـــانی مـــارف خەزنەدار) بڵاوکـــردۆتەوە، تیایـــدا بەشـــێ لەو نامـــانەی گرتۆتەخـۆ کە نووسـەران و ئەدیبـان وشـاعیران و قوتابییـان بـو ( د. مـارف خەزنەدار ) یان ناردووە.

ئەم نامـانە گرنگێتییەکـی مێژوویـی تایبەتیـان هەیە. پەنـۆڕامەیێکە بـار و دۆخ و دەنگوباس و ڕووداوەکانی بواری ڕۆشنبیری و ئەدەبیی نیو سـەدە بە ڕاست و ڕوونی دەخاتە ڕوو.

مایەی سەربەرزی و شانازییە بۆ من کە یێکێ لە نامەکانی منی تیایە، کە قوتـابی بـووم لە زانکـۆی لەنـدەن لە (١٩٧٧/٤/٨) دا بـۆم نـاردووە. وێـنەی نامەکە لە کتێبەکەدایە.

.شـایانی باسـە کە (د. مـارف) گەنجینەیێکـی زۆری بەهـاداری بـۆ بەجـێ هێشـووین، ئـاواتەخوازم هەمـووی ئـازاد بکـرێن و گوڵـدانی ڕۆشـنبیری و ئەدەبیی کوردییان پێ گەشتر و ڕازاوەتر بکرێ .

**ئەمەش نامەکەمە:**

.............................

لندن ٨-٤-١٩٧٧

مامۆستام .. دکتۆر مارف بەڕێز

ڕۆژتان باش

ببوورن لە نامە نەنووسینم ئەم هەموو ماوەیە دوور و درێژە بۆتان. زۆربەی ئیشە دووەمیەی هەندێ گیرو گرفت بوونی بەم دواییە ڕێگەی هەموو شتێکی لێ گرتم.


پێش ماوەیەک سەرێکم لە مامۆستا تۆفیق وەهبی دا. نزیکەی چوار سەعات لای مام. زۆر قسەی خۆشی بۆ کردم و و زۆر بەڕێزەوە ناوتانی ئەهێنا.

زۆر باسی چاپکاری خۆی و پەیوەندی لەگەڵ مەیدانی زمانەوانی یاعی بۆ باس کردم. گلەیی لە هەندێ نووسەران کرد کە گوایە دەرحەقە بەم هیچ وەفایەکی نانوێنن و ئەو بیرو باوەڕانە و ئەو زاراوانەی ئەم داینا وون هەموویان خستۆتە پشت گوێ و بە هیچ بیرو بۆچوونێ جێگریانە کردوون.

پیری یەکی خستووە، ئەو کەوتنەی پاری زۆری چارێ کردووە. زۆر بە زەحمەت هەڵئەستێ و ئەڕوا. ئەڵێ زۆرم مشت بە دەستەوە بەڵام توانینی چاپم نەماوە و زۆر بە زەحمەت ئیشم بۆ ئەکرێت.

ئەیووت، زۆر حەز ئەکەم پێش ئەوەی بمرم جارێکی تر چاوم بەو هاوڕێ و دۆستانە بکەوێتەوە. زۆر دڵخۆشتە بوو کە ووتم لە وانەیە دکتۆر مارف سەرێدات.

من هێشتا هەر لەسەر پرۆگرامی خۆم بەردەوام تا ئێستە باش ڕۆیشتووەم


پێش ماوەیەک نامیلکەیەکم لەبارەی دارشتنی ڕستە لە
زمانی کوردیدا لە چاپ دا. بە دەستی هاوڕێیەک دانەیەکم
بۆ ناردن. هیوام وایە بەدەستتان گەیاندبێ. لەبەر ئەوەی
زۆر هەڵەی چاپی تیا بوو ئەوە دووبارە بۆتان ئەنێرمەوە
دوای ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی.
بەم زووانە دوو نامیلکەی تر چاپ ئەکەم. دەربارەی
مۆرفۆلۆجی لە زمانی کوردیدا و زانستی دەنگ و زمانی کوردی.. هەر
دەرچوون بۆتانە ئەنێرم.
ئەوانەیە دوای دوو مانگی تر بە سەردان بێمەوە عێراق
جا هەرچی فەرمانێکتان هەیە سەرچاو ئامادەم.
سڵاو و ڕێزم بە هەموو مامۆستاکانم بگەیەنە.
زۆر سوپاست ئەکەم
ئیتر هەر خۆش بن
قوتابیت
وریا عمر امین

**نامەی وریا عومەر ئەمین بۆ مارف خەزنەدار**

مامۆستام دکتۆر مارفی بەڕێز

ڕۆژتان باش

ببوورن لە نامە نەنووسین ئەم هەموو ماوە دوور و درێژە بۆتان. زۆریی ئیش دووچاری هەندێ گیروگرفت بوونم بەم دواییە ڕێگەی هەموو شتێکی لێگرتم.

پێش ماوەیەک سەرێکم لە مامۆستا تۆفیق وەهبی دا. نزیکەی چوار سەعاتێ لای مام. زۆر قسەی خۆشی بۆ کردم و زۆر بەڕێزەوە ناوتانی ئەهێنا.

زۆر باسی یادیگاری خۆی و پەیوەندیی لەگەڵ مەیدانی زمانەوانیانی بۆ باس کردم. گلەیی لە هەندێ نووسەران کرد کە گوایە دەرحەق بەم هیچ

وەفایەک نانوێنن و ئەو بیروباوەڕانە و ئەو زاراوانەی ئەم دایناون هەموویان خستۆتە پشتگوێ و بە هی پڕوپووچ جێگریان کردوون.

پیری پەکی خستووە، ئەو کەوتنەی پاری زۆری کارتێکردووە. زۆر بە زەحمەت هەڵئەسێ و ئەڕوا. ئەڵێ زۆرم شت بەدەستەوەیە بەڵام توانینی جارانم نەماوە و زۆر بە زەحمەتی ئیشم بۆ ئەکرێت.

ئەیووت، زۆر حەز ئەکەم پێش ئەوەی بمرم جارێکی تر چاوم بەو هاوڕێ و دۆستانە بکەوێتەوە. زۆر دڵخۆش بوو کە وتم لەوانەیە دکتۆر مارف سەربدات.

من هێشتا هەر لە سەر پرۆگرامی خۆم بەردەوامم، تا ئێستا باش ڕۆیشتووم. پێش ماوەیەک نامیلکەیەکم لە بارەی داڕشتنی ڕستە بە زمانی کوردی لەچاپدا. بەدەست هاوڕێیەک دانەیەکم بۆ ناردن هیوام وایە بەدەستی گەیاندبن. لەبەر ئەوەی زۆر هەڵەی چاپی تیا بوو، ئەوە دووبارە بۆتانی ئەنێرمەوە دوای ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی.

بەمزووانە دوو نامیلکەی تر چاپ ئەکەم. دەربارەی مۆڕفۆلۆجی لە زمانی کوردیا و زانستی دەنگ و زمانی کوردی. هەر دەرچوون بۆتان ئەنێرم.

لەوانەیە دوای دوو مانگی تر بە سەردان بێمەوە عیراق، جا هەچ خزمەتێکتان هەیە سەرچاو ئامادەم.

سڵاو و ڕێزم بە هەموو مامۆستاکانم بگەیەنە. زۆر سوپاست ئەکەم. ئیتر هەر خۆش بن.

**قوتابیت**
**وریا عومەر ئەمین**
**لەندەن ١٩٧٧/٤/٨**

شایانی باسە کە لەگەڵ (د. وشیار کەریم) کە ئەو سەردەمە لە هەمان کولێج School of Oriental and African Studies ی سەر بە زانکۆی لەندەن دەمانخوێند. پێکەوە دەچووینە لای تۆفیق وەهبی و مێجەر ئەدمۆنس و زۆر


له کەسـایەتییەکان. وێنەمـان لەگەڵ هەموویـان گرتـووە، بە داخەوە لەگەڵ سەدان وێنە و دەکومێنتی تر لە کاتی گەڕانەوەم ون بوون.

**بەشیر موشیر**




بەشیر موشیر (١٨٨٨ – ١٩٦٣/٦/٢٠) ناسناوەکانی (فەیلەسوف، شاعیر، زەعیم، موشیر) ی خراوەتە پاڵ. مامۆستا بەشیر کۆلکە خوێندەواری بوو، بەڵام ئەو خۆی بە فەیلەسوف و زانا و شاعیر دەناساند. بە سەدان بەیاننامە و وتاری ڕەخنەییی سیاسی بە ناوی بڵاوکراوەتەوە، کە یەک وشەیانی لێ خۆی نەینووسیوە و نەشی خوێندوونەتەوە. لەسەر ئەمە زۆر گیراوە و ئەشکەنجە دراوە. دوای مردنیشی و تا ڕووخانی سەدام وتار و شیعری سیاسی بە ناویەوە بڵاودەکرایەوە.

لە ساڵی ١٩٣١ کتێبێکی بە ناو بڵاوکراوەتەوە بە ناونیشانی (سیپارەی حەق پەرستی) وا باوە کە ئەسیریی شاعیر نووسیویەتی.


پیارەی حق پەرستی

اول کتیبیکي عجیبه، بەدەستي بشیر مشیر نوسراوه، به کەلکي هەمو صاحب‌حق وحق شناس وحق داوا کەر وحق به دست‌یەت، ریگە ی‌حقیقت نیشان ادا.

اوەل چاپه : نرخي شش آنه ٦

١٩٣١

لەچاپ خانەی سریان لە چاپ دراوه

بغـدا

کەسایەتی و هەڵسوکەوتە سەیرە سەرنجڕاکێشەکانی بوون بە پێڕەوێکی گاڵتەئامێز بە ناوی بەشێریزم، کە لە سەرانسەری کوردستان هەواداری هەبووە، لەوانە (پیرەمێرد - مام جەلال – د. کەمال فوئاد – د. عزەددین مستەفا ڕەسوول – عەلائەددین سوجادی – هەژار - د. قاسملۆ – زەکی ئەمین – مەعرووف جیاووک – ڕەفیق حلمی – ئەمین ڕواندزی - د. جەمال

نەبەز – جەمیل ڕۆژبەیانی - د. محمد نووری عارف – گۆران – هەردی – سەعید قەزاز – ئەسیری و زۆری تر).

بەشیریزم وەک بزووتنەوەییێک تا مردنی(د. ئیحسان فوئاد) لە ساڵی (٢٠٠٨) بەردەوام بوو. تا ڕووخانی سەددام شیعر و نووسینی سیاسیی بە ناو بڵاو دەکرایەوە. من بەش بەحاڵی خۆم چەند پارچە شیعرێکم بە دەستخەت بە ناوی بڵاوکردۆتەوە. یەکێ لەمانە ئەوەیە کە گۆرانیی (زێرە) دەرچووم تیایدا دەڵێم:

**لەم زەمانە هەموو شتێ سەرەوژێرە**
**زێڕ خەڵووزە .. خەڵووز زێڕە**
**شێر بۆتە مشک .. مشک شێرە**
**ئاڵای سەرکەوتن**
**لە دەست ئەو کەسەیە کە لە ژێرە**

... هتد

هەموو لە ئەرشیفی (مومتاز حەیدەری) دا پارێزراون.

لە ساڵی ١٩٧٥ لە کتێبخانەی SOAS ی زانکۆی لەندەن لە ناو کتێبەکانی مامۆستا (توفیق وەهبی) ئەم چوارینەی (بەشیر موشیر ) م دۆزییەوە. بە دەسخەتی خۆیەتی، لە ٢٦ـــ١ـــ١٩٣٨ دا نووسیویەتی. ئەم دەسخەتەم بۆ یەکەمجار لە ڕۆژنامەی بەدرخان ژ ٦٧ ی ٢٢ـ٣ـ٢٠٠٦ بڵاوکردەوە.

لە بەغداوە
٢٦ – ١ – ١٩٣٨

**یەک ڕەنگ و دوو ڕەنگ لە یەک جیاکەی**
**یەک ڕەنگ ئاوێتەی کوولەکەی بەها کەی**
**دوو ڕەنگ شەرمەزاری هەردوو دونیا کەی**
**وەک لۆڕانسی عەرەب ڕەبی**
**بۆ کوردەواری بابێ پەیا کەی**


بەرگ دوروو: بەغداد

بشیر مشیر.


لەســەر ئەمە و چالاكییەكـانم لە بواری بەشیریزمدا لیژنەی ناوەندیی سیاسیی بەشیریزم بە سەۆكایەتیی (د. ئیحســان فوئــاد) بڕوانــامەی (بەشــیرا)ی پێشكەشــكردووم كە لە دكتۆرا بەرزترە.

بەشــیر موشــیر لە (٣٠ – ٦ – ١٩٦٣) مــرد. لە گۆڕســتانی (شــێخ مەعرووفی كەرخی) نێژرا.

لە ساڵی (٢٠٠٠) دا گۆڕەكەیـان تێكدا و شوێنەكەیان ڕامالی، كردیان بە دوكـان. لەســەر ئەمە نووســینگەی سیاســیی كــۆمەڵەی بەشــیریزم ئەم بەیاننامەیەی بە زمانی عەرەبی دەركرد.


لە بغداد
٢٦-١-١٩٦٠
ربه یك رنگ و دو رنگ له یك جیا كه‌ی
یك رنگه آو یتیه‌ی كو له كه‌ی بیا كه‌ی
دو رنگه شرمزاری هر دوو دنیا كه‌ی
دڵ لوو انسی عرب ربی
بو كورده زاری بابی بیا كه‌ی

برگ دەروو: بغدا
بشیر مشیر


« بيان من المركز العام للجمعية البشيرية »
- مكتب السليمانية -


الرفاق اعضاء الجمعية داخل الاقليم
الرفاق اعضاء الجمعية خارج الاقليم والمغتربين ..

تحيات بشيرية ..

أيّها الرفاق والاصدقاء الاعزاء ، يا بناة الخير والجمال والمساواة .. بمزيد من الاسى والحزن والحيرة ننعي ضريح استاذنا الفاضل (بشير مشير) .. حيث أن عصبة من الملالي المشرفين على مقبرة (الشيخ معروف الكرخي) في عاصمة الرشيد وتنفيذاً لمآربهم الجشعة ، استولوا في ليلة دهماء من شهر تشرين الاول عام ١٩٩٥ على الضريح الشامخ واستأجروا حفنة من عمال المباني حيث هدموا القبر وتركوه قاعاً صفصفاً ومن ثم قام منذوبهم المدعو (الملا علي المندلاوي) ببيع قطعة الارض المحفورة والخالية من كل اثر الى اولاد المرحوم (علوان خلف البرادعي) المتوفي سنة ١٩٩٥ ، بمبلغ قدره (٣٥٠) ثلاثمائة وخمسون دولاراً لاغير ، دون أن يكون اولاد (البرادعي) على بينة من امر هؤلاء من المتاجرين بالقبور ورفات الموتى ..

أمّا أن تباع البضاعة من الذهب والفضة والنفط والبلاتين والخشب والعقار ... الخ ، وغيرها من المواد الخاضعة للبيع والشراء ، فهو امر طبيعي منذ زمن جدنا الاكبر (آدم) وزوجته العاقلة (حوّاء) - عليهما السلام - امّا أن يبلغ الجشع والضيعة ودناءة النفس بأنسانها على وجه كرتنا الارضية التي يتحرق غلافها الآن لخطر فقدان كميات كبيرة من (طبقة الاوزون) ..

نقول امّا أن يبلغ الانحراف بزمرة ، تدعي نفسها بالعصمة والهدى والتفرغ لعبادة الله تعالى وتطبيق تعاليم القرآن الكريم والحديث النبوي الشريف والسير من دروب الهدى والرشاد ،



أن يبلغ السفه بعصبة كهذه - بل بعصابة مجرمة كهذه - درجة من الغواية والضلالة تتجاسر فيها أن تمد يدها الآثمة الى ضريح زعيمنا الروحاني وهو يرقد بسلام في ديار الغربة منذ ١٩٦٣ مخالفة لجميع قيم الاديان السماوية ، ومن ثم رمي رفاته الى مكان مجهول دون علم من ذويه وتلاميذه واخفاء حق التصرف لصاحبه الشرعي وبيعه الى شخص غريب لايمت بأية صلة اليه ، نقول بأن جريمة كهذه تعد حقاً من الكبائر - ولاحول ولاقوة الا بالله - و - حسبنا الله ونعم الوكيل -

وإننا إذ نذيع هذا الخبر المشؤوم ونضع الجريمة امام ضمير الانسانية والجميع الخير من البشر ، نرجو من كافة اعضائنا الكرام التمسك بالهدوء وضبط النفس ريثما تتبين الحقيقة ونتحرّى الفاعل الحقيقي الذي يقف وراء الجريمة لينال جزاءه العادل .

اننا في الوقت الذي نعبّر عن حزننا واسفنا الشديدين لهذا الاعتداء الآثم على محلة ومثواه تعد من مقدسات شعبنا البطل ، نؤكد للجميع بأننا سوف نواصل السير على طريق الهدى والبشارة ووفق المبادئ الخيّرة لزعيمنا الروحاني الراحل (وعند الايجاب) وكلما تطلبت الضرورة ذلك ، آملين أن يوفقنا الله عزّ وجل في جهودنا لإيجاد حفنة من رفاته الكريمة المبعثرة في مستقبل قريب تمهيداً لنقلها الى تلة (مامه يارة) للقيام بإيداعها الثرى جنباً الى جنب مع صديقه الوفي الشاعر والاديب (پيرەمێرد) الخالد ووفق مراسيم لائقة تناسب مكانته الرفيعة تنفيذاً لوصيته التي تلاها على مسامع تلاميذه الاوفياء من احدى أمسيات شهر حزيران عام ١٩٦٣ وقبيل رحيله بأيام ، وإنا لله وانا اليه راجعون ..

مكتب الجمعية البشيرية / المركز العام
[illegible] ١٤/١٢/٢٠٠٠

چوارینێکی بەشیری کە کەس تێیناگات:


خەون و تەرم

قڕاندی ، زڕاندی ، مڕاندی هێند بە سەرما
کوڵاندی ، سووتاندی بوژاندی چۆن لە گەرما !
بە هێزی پڕ سۆزی کە قوژی ناخ کە ئەمما ،
بە ئێشی بە ڕێشی دەروێشی خەون و تەرما

عەدنان حەمە تەغاری
١٥/١٠/٩٨٥

## باوکیشم بەشیریست و هاوڕێی بەشیر بوو

مامۆستا (نژاد عبدالله عزیز) لە وتارێکیدا لە بارەی باوکمەوە دەڵێ:

{لە بیستەکانی سەدەی پێشوودا.. ئەو قوتابییە کوردانەی کە لە بەغداد دەیانخوێند، ڕێکخراوێکیان دامەزراند بە ناوی (کۆمەڵەی کورد لە بەغداد)، کە لەم زاتانە پێکهاتبوو:

(عومەر ئەمین – عبدالله عزیز (عەبە هەولێری) – ئەمین ڕەواندوزی – شێخ نوری شێخ ساڵح - فائق بێکەس – مستەفا سائیب – کریم زانستی – شێخ تەییب – غنی شاڵی – کامل کاکەمین – عبدالله علی حکمت – ڕەشید عارف – عبدالله سعید – محمد باشقە فەیلی – مستەفا خۆشناو (ئەفسەری شەهید) – عزت عبدالعزیز (ئەفسەری شەهید) – نوری ئەحمەد تاها (برای کامەرانی شاعیر) – تاهیر مەریوانی ( ت . ب . مەریوانی) – عبد القادر حشمەت – فائق مستەفا - شاکر سید حکیم و زۆری تر کە بەداخەوە لەم دەمەدا نایەنە بیرم. ئەوانە لە ماڵی (ئەمین رواندوزی) یا لە دوکانی وەستا (بەشیر موشیر) لە بەرامبەر مزگەوتی حەیدەرخانە کۆ دەبوونەوە. دوو

گۆڤاریشیان دەردەکرد.

لەناو ئەمانە قوتابییە هەولێرییەکان بازنەیێکیان لە ناو خۆیانا ڕێکخست کە ئەمانە بوون.

عبدالله عزیز (عەبە هەولێری، هەر ئەوسا ئەم ناسناوەی لە خۆ نا) – عومەر ئەمین –سید غریب سید سلیم – ئەمین ڕواندزی – عبدالمجید حسن – ابراهیم ڕەشید) و هی تریش.

ئەم کۆمەڵانە لە لایەن ناودارانی کوردی ئەوسا (تۆفیق وەهبی و جمال بابان و جەلال بابان و معروف جیاوک) ـەوە سەرپەرشتی دەکران. لە پاشان هەموویان چوونە ناو حیزبی (هیوا) وە}.

**خەڵاتی خولی (بەشیر موشیر)**

مایەی دڵخۆشی و شانازی بوو بۆ من (ڕێکخراوی ڕۆشنبیریی جەمال نەبەز) دەستنیشانم بکات بۆ وەرگرتنی خەڵاتی قەڵەمی زێڕینی جەمال نەبەز لە خولی (ئوستاد بەشیر موشیر)دا بۆ ساڵی ٢٠٢٤.

لە (٢٠٢٤/٣/٢٠) دا بەڕێوەبەری ڕێکخراوەکە(هەژار مەعرووف) ناسراو بە(دەوەن معرووف) ئەمەی پێ ڕاگەیاندم:


Jemal Nebez Cultural Organization
Rêkxirawî Roşinbîriy Cemal Nebez

ڕێکخراوی ڕۆشنبیریی جەمال نەبەز
منظمة جمال نَبز الثقافية

ژمارە: ٥٣
ڕۆژ: ٢٠٢٤/٣/٢٠

بۆ بەڕێز دوکتۆر وریا عومەر ئەمین

سڵاوی ئەدەب و جوانی

جەژنی نەورۆز و ساڵی نوێی کوردیت پیرۆز بێت.

لەسەر ڕاسپاردەی دەستەی شارەزایانی خەڵاتی (**قەڵەمی زێڕینی جەمال نەبەز**) بۆ ساڵی ٢٠٢٤ لە خولی (**ئوستاد بەشیر موشیر**) بەڕێزتان دەستنیشانکراون بۆ وەرگرتنی خەڵاتی قەڵەمی زێڕینی جەمال نەبەز. ئێمە وەک ڕێکخراوی ڕۆشنبیریی جەمال نەبەز لەکانی دڵمانەوە پیرۆزباییت لێ دەکەین و هیواداریـن تەمەن درێژبن بۆخزمەتکردنی زمانی کوردی.

لەگەڵ ڕێز و سوپاسماندا

بەڕێوەبەری ڕێکخراو

هژار مەعروف

تێبینی: بە ئەرک نەبێت، خۆشحاڵین بە ئامادەبوونت، لە کات و شوێنی ئاهەنگی وەرگرتنی خەڵاتی قەڵەمی زێڕینی جەمال نەبەز.

ڕۆژ: شەممە، ٥ \ ١٠ \ ٢٠٢٤ کاتژمێر: ٣ ی پاشنیوەڕۆ.

شوێن: هۆڵی سینەما سالم – شەقامی سالم – تەلاری نەزگای سەردەم .

عێراق/ هەرێمی کوردستان/ سلێمانی، شەقامی نالی، گەڕەکی ٢٠٤ کۆڵانی ٨ خانووی ژمارە ١

ڕێکخراوی ڕۆشنبیریی جەمال نەبەز

info@jnco-sul.org

053 3510761 - 07701209699

چـونکە مێـژووی ئەنجامـدانی کەرنەڤـاڵەکە (٢٠٢٤/١٠/٥) کەوتە کاتێـک خەڵکەکە خەریک و سەرقاڵی خۆ ئامادەکردن بوون بۆ هەڵبژاردنی بەرلمان لە (٢٠٢٤/١٠/٢٠) ، لیـژنەی ئامادەکـاری کـاتەکەی دواخسـت بـۆ (١٦/١٠/ ٢٠٢٤). لە سەعات ٣ ی دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە کەرنەڤاڵەکە دەستی پێکرد و بەڕێوەچـوو. بەڕێـوەبەری ڕێکخـراوی ڕۆشـنبیری جەمـال نەبەز، بەڕێـز (دەوەن مارف) لە بارەی کەرنەڤاڵەکەوە نووسیویەتی:

{ لە ڕۆژی شـەممەی ڕێککەوتـی(٢٠٢٤/١١/١٦) کـاتژمێر ٣ ی پاشـنیوەڕۆ لە هـۆڵی سـینەما سـالم کەرناڤـاڵی خەڵاتـی قەڵەمـی زێڕینـی جەمـال نەبەز سازکرا.

ڕێکخـراوی ڕۆشـنبیری جەمـال نەبەز، سـاڵانە لەژێـر نـاوی یەکێـک لە داهێنەرەکانی کورد، ئەم خەڵاتە ساز و ئامادە دەکات ، خولی (ئوستاد بەشیر موشیر) / ساڵی چوارەم، بە سپۆنسەری دەزگای میدیایی کوردسات ئەنجام درا. تەواوی کەرنەڤـاڵەکە بە ڕاسـتوخۆ لە کەنـاڵی کوردسـات پەخشـکرا . لەسەر ڕاسپارەی دەستەی شارەزایانی خەڵاتی قەڵەمی زێڕینی جەمال نەبەز، بڕیـاردرا خەڵاتـی ئیمسـاڵ بـدرێتە پرۆفیسـۆر (وریـا عـومەر ئەمـین) لەپـای خزمەتە زانستی و ئاکادیمییەکانی .

- سەرەتای کەرنەڤاڵە بە خولەکێک ڕێزگرتن لە شەهیدانی کوردستان بە سروودی ئەی ڕەقیب دەستی پێکرد .

- وتاری دەستەی شارەزایانی خەڵاتی قەڵەمی زێڕینی جەمال نەبەز، بۆ خسـتنەڕووی نێـوی بـراوەی خەڵاتـی قەڵەم، کە بەخشـرا بە زانـای نێـوداری کورد پرۆفیسۆر ( وریا عومەر ئەمین ).

پارێزگـــاری ســـلێمانی (د. هەڤـــاڵ ئەبـــوبەکر) وتـــاری ســـەبارەت بە کەرنەڤـاڵەکە و قوورسـایی خەڵاتەکە و پـێگەی پرۆفیسـۆر (وریـا عـومەر ئەمین)ی خستە ڕوو ،

نووسـەر و وەرگێـرو مامۆسـتا (تـارا شـێخ عوسـمان)، خەڵاتـی قەڵەمـی زێڕینی پێشکەش بە پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین کرد .

وتـاری نووسـەر و ڕۆنـاکبیر (خەڵات عـومەر)، سـەبارەت بە گرنگـی و

بـایەخی مامۆسـتا جەمـال نەبەز بـۆ بیرکـردنەوە بە کـوردی کە میتـۆدێکی بایەخداری مامۆستا جەمال نەبەزە.

وتاری حاجی (حەمەی حاجی مەحموود)، دەربارەی کۆمەڵێک یادەوەریی خۆی لەگەڵ مامۆستا جەمال نەبەز و هەڵوێستە مەردانەکانی مامۆستا جەمال نەبەز و ڕۆڵی ئوستاد بەشیر موشیر لەسەر ڕۆناکبیرانی نیوەڕاستی سـەدەی بیست.

وتـاری بەڕێوەبەری ڕێکخـراوی ڕۆشـنبیریی جەمـال نەبەز، سـەبارەت بە کەرنەڤاڵەکە و کار و چالاکییەکانی ساڵی ٢٠٢٤.

وتاری پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین،

چەنـد گـۆرانییەک لەلایەن گرووپـی مـوزیکی لـوڕ، کە کۆمەڵێک گـۆرانی ڕەسەنی کوردی بوون کە مامۆسـتا جەمـال نەبەز لەسـەردەمی ژیانیدا گوێی لێگرتوون .

ماڵئاوایی میوانەکان کۆتایی هاتن بە کەرنەڤاڵی خەڵاتی قەڵەمی زێڕین }.

**وتارەکەی پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین لە کەرنەڤاڵی ڕێزلێنانیدا:**

بەڕێزان ....هەموو کاتێکتان شاد

من وەک بەشیریستێک و هەڵگری بڕوانەمەی (بەشیرا)، ئیستاکە خۆم لە لـووتکەی بەخـتەوەری و شـانازیدا دەبیـنم ... لە میحرابـی بەشـیریزمدا ، لە حـوزووری گیـانی پـاکی د. جەمـال نەبەزدا ملـکەچ وەسـتاوم ، کڕنۆشـی بـۆ دەبەم.

مامۆستای کوردایەتی و پێشڕەو و پێشەنگ و سەرقافلەچیی زمانەوانانی کـورد، د. جمـاڵ نەبـەز، بیرمەنـد و زانـا و تێکۆشـەرێکی پـاکی دڵسـۆزی نەبەردی لەخۆبـوردەی کەمـوێنە بـوو. مێـژوو دروسـتکەر بـوو. سـەرتاپای ژیانی خۆی تەرخان کردبوو لە پێناو عیشقە پیرۆزە بێ پایانەکەی بۆ خاک و نەتەوەکەی.

جەمـال نەبەز سـەرکردە بـوو، شەسـت سـاڵ لە ئـاوارەیی و دەربەدەریدا، دەنگ و پەیامنێر و سـەفیری کـورد بـوو. هـاوار و نـاڵە و ئـازار و کارەسـاتی

کوردی بە هەموو جیهان گەیاند و ناساند.
جەمـــال نەبەز، قۆنـــاغێکی گرنـــگ لە مێـــژووی وشـــیاربوونەوەی زمانەوانیمان دەنوێنێ. ڕۆڵی سەرەکیی باڵای گێڕا لە برەودان و گەشەدان بە بواری زمانی کوردی و هزری کوردایەتیمان.
بەرهەمەکانی گەنجینەییێکی ڕەسەنی بەهادارن ، ڕێبازن ، مێژووپارێزن ، ئاڵای ڕەنگینن ، هەتا هەتایێ لەسەر لووتکەکانی چیاکانی کوردستانی گەورە، بەرز دەشەکێنەوە.
تەنها مێژوو دەتوانێ قەرەبووی بداتەوە. ئەگەر بتوانێ.
**بەڕێزان**
من هەمیشە خۆم بە شاگردێک و قوتابییەکی بچووکی(د. جەمال نەبەز) زانیوە. پەیوەندییێکی ڕۆحی لە نێوانماندا هەبوو... شانازی بەوەوە دەکەم کە چەندین وتار و باسم بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی لە بارەیەوە بڵاو کردۆتەوە. تەنانەت حەوت ڕۆژ بەر لە کۆچی دواییی و بەبۆنەی (٨٥) ەم ساڵیادی لەدایکبوونیەوە، باسێکم بە زمانی عەرەبی بڵاوکردەوە بە ناونیشانی (رائد الالسنيين الكورد (د. جمال نبز). تیایدا بەم ڕستەیە دەست پێ دەکەم:
(سادن اللغة الكوردية وشيخ الالسنيين البروفيسور الدكتور جمال نبز، مفكر وعالم لغوي كوردي كبير، ذات شأن و شهرة عالمية).
یەکسەر دوای بڵاوکردنەوەی پەیوەندیم بە د. سەروەر عەبدوڵلاوە کرد بەڵکو پێی بگەیێنێ. بە داخەوە ئەوسا لە نەخۆشخانەدا ڕاکشابوو ، دوا چرکەکانی ژیانی بەڕێ دەکرد.
هەرچی و هەرچەند بڵێم و بڵێین لەبارەی د. جەمال نەبەزەوە ناگەنە ئەژنۆی مەزنییەکەی. ئاواتەخوازم هەمیشە خەم و خەو و ئامۆژگارییەکانی لەناخ و دەروونماندا بزرینگێنەوە. بەردەوام بین لەسەر ڕێچکە پیرۆزەکەی لە پێناو پاراستن و گەشەدان و برەودان بە زمانە شیرینەکەمان، کە ناسنامەی بوونی نەتەوایەتیمانە.
سڵاو لە گیانی پاکی.

له كۆتاییدا، سوپاسی بێ پایانی كارمەندانی ڕێكخراوی ڕۆشنبیری و دەستەی شارەزایانی قەڵەمی زێڕینی جەمال نەبەز دەكەم بۆ ئەم شانازییە گەورەیەی بە منیان بەخشی بەم ڕیزلێنانەیان.

له كانگەی دڵمەوە سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە دەكەم كە بەو هەست و دەربڕینە جوانە ناسكە پڕسۆزەیان گوڵبارانیان كردم.

ڕێز و سوپاس و خۆشەویستیم بۆ یەكە یەكەی ئێوەی بەڕێز كە ئەزیەتتان كێشا و تەشریفتان هێنایە ئەم ژووانە.

ئاواتەخوازم هەمیشە دڵنیا و سەركەتوو بن. هەر خۆش بن.

**د. وریا عمر امین**

**سلێمانی ١٦ – ١١ – ٢٠٢٤**

**گیوی موکریانی**

مامۆستا گیوی موکریانی مرۆڤێکی دڵپاک و دڵسۆزو جەرگسۆز بوو بۆ کورد و کوردستان. لە پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا ڕۆلێکی باڵا و سەرەکیی گێڕا لە بڵاوکردنەوەی هەستی کوردایەتی لە شاری هەولێردا بە تایبەتی و لە کوردستاندا بە گشتی. چاپخانەکەی کە بە ناوی (کوردستان) بوو، تاکە مەڵبەندێکی ڕۆشنبیریی کوردی بوو لە هەولێردا. ڕۆشنبیرانی کورد ڕوویان تێدەکرد و لەوێ یەکترییان دەدی. قوتابخانەییێکی ڕۆشنبیری و ئەدەبی و زمانەوانیی کوردی بوو. زۆربەی شاعیران و نووسەرانی هەولێر دەرچووی ئەم قوتابخانەیەن .

من هەر لە منداڵییەوە ئەم زاتە پاکە دەناسم. لە دوا پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا باوکم هەندێ جار منی لەگەڵ خۆیدا دەبردە لای لە چاپخانەکەیدا ..پاشان کە لە قۆناغی ناوەندیدا بووم، خۆم یا لەگەڵ مەحموود زامدار و عەبدوڵلا پەشێو و جەمیل ڕنجبەر و عەبدوڵا حەداد و هاوڕێیە ئەدەب دۆستەکاندا زوو زووە دەچووینە لای. لەوێ چاوم بە زۆر لە شاعیران و ڕۆشنبیران دەکەوت، وەک مەدحەت بێخەو و پیرباڵ مەحموود و حەبیب عەلی میرانی و مەلا مەسعوود بێبەش و جاهید و زۆری تر. لایان دادەنیشتم گوێم دەدایە گفتوگۆکانیان لە بارەی زمان وئەدەب و مێژوو و کوردایەتی و باسوخواس و قسەی خۆش و پێخەنەکانیان. هەر لە چاپخانەی کوردستاندا بوو بە دیداری هەژاری موکریانی گەیشتم .

هەندێ لەو هەڵوێستانەی مامۆستا گیو دەگێڕمەوە کە ئاگاداریانم و بە چاوی خۆم بینیومن، دەری دەخەن کە ئەم زاتە چەند کوردپەروەر و جەرگسۆز بووە بۆ کورد و چیی کردووە لە پێناو کورد و کوردستان.

* مامۆستا گیو دەورێکی باڵای گێڕا لە بڵاوکردنەوەی ناوی کوردی لە شاری هەولێردا. گەربیبیستایە کەسێ منداڵی بووە، دەچووە لای نوقڵ وشیرینیی بۆ دەبرد، پیرۆزبایی لێ دەکرد و قەناعەتی پێ دەهێنا ناوی کوردیی لێ بنێت.

* مامۆستا مەحموود زامدار بۆی گێڕامەوە، وتی : خوتبەی هەینییان لە

مزگەوتەکـانی هەولێـردا هەمـوو هەر بە زمـانی عەرەبـی بـوو ..بـاوکم )مەلا عەبدوڵلای شـەنەغەیی (پێشنوێژ وخوتبەخـوێنی مزگەوتـی نـاو بـازاڕ بوو. لە سەرەتای پەنجاکاندا یەکەم کەس بوو خوتبەی هەینییانی بە کوردی پێشکەش کـرد. مامۆسـتا گیـو کە ئەمەی بیسـت یەکسـەر چـووە لای لە مزگەوتـدا، سوپاسی کرد و پیرۆزبایی لێ کرد .

* هەر سواڵکەرێک بهاتایە بەردەم چاپخانەکەی داوای خێری لێ بکردایە مامۆستا گیو پێی دەوت، ڕۆژی دووشـەممە وەرە. ئەمە سـەرنجیی ڕاکێشـام . جارێکیان لێم پرسی مامۆستا بۆ دووشەممە بێن؟ وتی هەر ئایینێک ڕۆژێکی پیرۆزی خۆی هەیە..ڕۆژی پیرۆزی کوردیش دووشـەممەیە. (وای لـێ هـات سـواڵکەرەکانی هەولێـر هەمـوو ڕۆژانـی دووشـەممە لەبەردەم چاپخـانەکەی مامۆستا گیو یەکتریان دەبینی.

* (چاپخـانەی کوردسـتان)ی مامۆسـتا گیـو لە ژێـر قەڵای هەولێـردا بـوو..یەکەم دوکـان لای چەپ لەسـەر ڕێـی بەرەو ناوبـازاڕ لە قشـلەوە. دوو بەش بوو . بەشی پێشەوە چاپخانەکەی تێدابوو و بەشی دواوەی حەوشەیێک بـوو سـەندووقێکی کـامیرای عەبـا ڕەش لەسـەر لە لای ڕاسـت دانرابـوو و ژوورێکی بچووکیش وەک مەخزەن لەلای چەپ. لە ژێر دیوارەکەی بە قەڵاوە نووسـاو گـوڵی تـێ دەچاند. ئیسـتا شـوێنەکەی کـراوەتە مەنیـومەنتێ هەر بە ناوی مامۆستا گیو خۆیەوە.

ئەوەی بچووبـایە نـاو بـازاڕ یەکەم شـت چـاوی بە چاپخـانەکە وجامخـانە ڕازاوەکەی بە کتێبی کوردی و نـاوە درەوشـاوەکەی (کوردسـتان) دەکەوت . سروودی چەقەچەقی مەکینەکەی دەبیست کە وەک سـیمفونیایێکی نەتەوەیی کتێـب وگۆڤـار و بڵاوکـراوەی کـوردیی پـێ چـاپ دەکـرا. ئەمـانە بۆخۆیـان بەیاننامەیێکی سیاسیی کوردایەتیی ڕۆژانە بوون کە دەورێکی باڵایـان گیـڕا لە ڕواندنی هەستی نەتەوایەتـی و کوردایەتی لە دڵ و نـاخ و دەروونـی خەڵـک و لاوانی شاری هەولێری ئەوساکە.

* لە سـاڵانی شەسـتەکاندا جـاش نـاونووس دەکران..عەریزەنـووس و وێنەگرەکـانی سەرشـەقامەکان ڕۆژیـان بـوو، نانیـان کەوتبـووە نـاو ڕۆن..کە

دەهاتنە دوكانەكەی مامۆستا گیو بۆ وێنەگرتن ..وێنەی بۆ نەدەگرتن بە هەنجەتی ئەوە فلیمی نەماوە. دەیووت ئەمانە دوژمنی كوردن دەبنە جاش.
* دام ودەزگا ئەمنییە ڕەگەز پەرستەكانی ئەوسا لایان نەنگ بوو ناوی (كوردستان) بهێنرێ و لەبەر چاوا بێ. چوونە سەری و ناوەكەیان پێ گۆڕی بە ( مطبعة اربيل) . مامۆستا گیو تابلۆكەی بەم جۆرە لێكرد ( مطبعه اربيل – كردستان سابقا) و لەسەر تابلۆیە كۆنەكەی كوتی ڕۆژی دوایی دیسان هاتنەوە سەری و پێیان وت (كردستان سابقا) لابەرێ. مامۆستا گیو بۆیاغێكی كاڵی بەسەر (كردستان) ەكە هێنا و (سابقا) ەكەی وەك خۆی هێشتەوە. ئەوەی دەیدی یەكسەر لە مەسەلەكە حاڵی دەبوو. دوای ماوەیێ بزماری لای چەپی تابلۆ تازەكەی بەربوو و لاییێكی تابلۆكە شۆڕبووەوە. بەمە (دستان) ی (كردستان )ی تابلۆ كۆنەكە دەركەوتەوە. بەم جۆرە مامۆستا گیو چاوشاركانێی لەگەڵیانا دەكرد. ڕەگەزپەرستە شۆڤینییەكان بە ناوی (كوردستان) دەتۆقین. چاویان بەرایی نەدەهات بیبینن،، هەموو هەوڵێكیان دەدا بیسڕنەوە و لەناوی بەرن،مامۆستا گیویش سوڕ بوو لەسەر هێڵانەوەی.
شایانی باسە كە قەدەغەكردنی ناوی (كوردستان) تا ڕووخانی ڕژێم هەر بەردەوام بوو. لەم بارەیەوە ئەم ڕووداوە سەیرە دەگێڕمەوە كە پەیوەندیی بە (د.كوردستان) ی كچی مامۆستا گیوەوە هەیە. لە حەفتاكانی سەدەی ڕابردوودا شۆڤینییەكان بریاریان دا دەربڕینی (منطقه الحكم الذاتي) لە جیاتی (كوردستان) بەكار بهێنرێ. یەكێ لە ڕۆژنامەكان ناوی (الدكتوره كوردستان)ی گۆڕیبوو بە ( الدكتوره منطقه الحكم الذاتي).
* مامۆستا گیو لەسەر كێلی گۆڕی دایكی، كە لە گۆڕستانی ئیمام محمد لە هەولێردا نێژراوە، ئەم چوارینەی نەخشیوە:

**لە ناو مەینەتی دێهات و شاری**
**كوڕم پێگەیاند بە خاكەساری**
**ئازادیان دەكەم حوزنی و گیو ئەگەر**
**ببنە قوربانی بۆ كوردەواری**

* ئەمانە و زۆر هەڵوێستی تری لەم جۆرانە كە لەبارەی مامۆستا گیوی

دەگێڕنەوە، هەموو بەڵگەی عەشقی ڕاستەقینەن بۆ کورد و کوردستان و ڕەنگدانەوەی هەستی پاکی مرۆڤایەتی و کوردایەتیی ڕەسەنی مامۆستا (گیوی موکریانی) ن.

هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی.

**لە ڕۆژنامەی بەدرخان ژ ١٤٥ی ٢٠١٠/٧/٢٦ بڵاو کراوەتەوە.**

**گۆران**

لە هاوینی ساڵی ١٩٦٠ دا، دووەم کۆنفرانسی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە بە ڕێوە چوو، بۆ گفتوگۆ کردن لە بارەی ڕەوشی نووسین و خوێندن بە زمانی کوردی. نوێنەرانی مامۆستایانی هەموو کوردستان ئامادە بوون. باوکم هاوڕێ و هاوپۆلی گۆران بوو. پێکەوە لە کەرکووک خوێندبوویان. جارێ منی لەگەڵ خۆیدا بردە کۆنفرانسەکە. لەوێ چاوم بە گۆران کەوت و ئامادە بووم کە شیعری (بە ڕێگادا .. بەرەو کۆنفرانس)ی خوێندەوە. شیعرەکە چامەیێکی درێژی (١٢٦ دێری) یە، تیایدا ئاوات دەخوازێ ڕۆژێ بێ کورد لە هەموو کوردستاندا بە یەک زار بدوێن و بنووسن: تیایدا دەڵێ:

**ئەگەر دوێنێ مامۆستاکان**
**یەک سوڵتانیان پێ ئەگەیان**
**ئەمڕۆ ئەبێ مامۆستای کورد**
**دانیشی و بە ڕاوێژی ورد**
**ڕێگای پێگەیاندن دانێ**
**بۆ ملیۆنان نەک سوڵتانێ**
**لە بێشکەی هەر بن سێبەرێ**
**سبەی ئەگەر بێتە دەرێ**
**خانزادێ سەلاحەددینێ**
**کاکە مەمێ .. خاتوو زینێ**
**ئەوسا بەستەی بێ خەمیمان**
**چ حیی پێنووس.. چ دەمیمان**

به تـــــاقەیەک زاری شـــــیرین
شـــاخ پـــڕ ئەکـــا لە پێکەنـــین
ئەسـا (خـانی) خـانیی سـەردەم
بە زمانێـــــک ئەنووســـــێ مەم
کە پێی ئەدون (نالی) و (مەحوی)
وەک (قوبادی) وەک (مـــەولەوی)

شەقڵاوە ١٩٦٠

ڕۆژی دوایی گۆران سەردانی باوکمی کرد. کۆمەڵە شیعری(بەهەشت و یادگار) ی پێشکەش کرد. بە یەکەوە گفتوگۆییێکی زۆریان لە بارەی شیعر و ئەدەبەوە کرد. یەکەم کسپەی سۆزی دڵداریم لە گەڵ شیعر و عیشقم بۆ گۆران لەوێوە دەست پێ دەکات. دەیان جار (بەهەشت و یادگار)ەکەم خەتم کرد و دەیان دێریم لێ ئەزبەر کرد، بێ ئەوەی لێیان تێبگەم. هەر ئەو ڕۆژە بوو، شیعر بوو بە بوونم. کاریگەریی گۆرانم لەسەر زۆر ئاشکرا و دیارە. تەنانەت مامۆستاکانم لە بەشی کوردی ناویان نابووم (خەلیفەی گۆران).

کە ڕوانگە لە (٢٥ نیسان ١٩٧٠) سەری هەڵدا، من بۆچوونی جیام هەبوو.. هەر بەردەوام بووم لەسەر ڕێبازی گۆران.

**لەم بارەیەیە، کەریم شارەزا دەڵێ:**

(دکتۆر وریا عومەر ئەمین، هەروەک پرۆفیسۆری پسپۆرە لە زمانی کوردی و گەردووونناسێکی مەعلانی کوردەو لێکۆڵینەوەی بە نرخی لەو زانستانەدا پێشکێش بە کتێبخانەی کوردی کردووە و جێگەی پەسندی خوێنەری هۆشیاری کوردن. دەبینین لە هەمان کاتدا شاعیرێکی شیعر ناسکی نوێکارە و لە خوێندنەوەی چەپکە شیعرێکیدا کە پێشکێشی کردووین، بە تەواوی سەرنجی ڕاکێشام کە شاعیرێکی نوێکارە و لە شاگردە هەرە زیرەکەکانی شاعیری مەزنی کورد (گۆران) ـە و بە کێشی خۆماڵی کوردی هونراوەکانی سەرکەوتووانە داڕشتووەو لە شیعری لیرکی و بە تایبەتی لە وەسفدا گەلێک سەرکەوتووە و ڕستە شیعرییەکانی بە زنجیرەیەک وێنەی شیعری ڕازاندۆتەوە و هەندێ جاریش دەبنە تابلۆی چەند دیمەنێ).

**(گۆڤاری نووسەری نوێ ژمارە (٢٢) هاوینی (٢٠٠٤) ل ٣٢ ـ ٤١)**
**عەبولڕەزاق بیمار دەڵێ:**
( .. ئەگەر سەیرێکی هەڵبەستەکانی بکەین، وا دەزانم بە سەرنجی یەکەم دیاربێ کە وریا عومەر ئەمین لە خوێنەرە شارەزاکانی هەڵبەستی گۆرانە، چ لە ڕووی پەسندی و پسپۆرییەوە بێت و، چ لە ڕووی ڕاکێشانی جادووی هونەرییەوە بێت، کەوتوەتە داوی کاریگەریی(گۆران) و وەکو هەر یەک لە قوتابییەکانی خوێندگەی گۆران ڕەفتار دەکات).
**ڕۆژنامەی ـ پاشکۆی عیراق ـ ژمارە (٤٥٥ و ٤٥٧) ١٢و٢٦ /١٠/ ١٩٩٧**
مامۆستای ئەدەبی کوردی زانکۆی سەلاحەددین (پ.د. ئیدریس عەبدوڵلا) ناسناوی (گۆرانە زیندووەکەی شیعری کوردی) ی پێ بەخشیووم.
**مەحموود زامدار** : وریا لە هەندێ لە شیعرەکانی لە گۆران گۆرانترە.
**سەعدوڵلا پەرۆش:** کاک وریا چلێکی پڕژینی هەڵچووی درەختی گۆرانە.
**(د. موحسین ئەحمەد عومەر)** مامۆستای ئەدەبی بەراورد لە زانکۆی سەلاحەددین،
**لە** کۆمێنتێکیدا لەسەر وێنەیێکم لەگەڵ (هێمن) کە لە (٨/١٣ / ١٩٧١) لە شەقلاوە گیراوە دەڵێ: (ڕاستییەکەی ئەم وێنەیە خۆزگە (گۆران) ی شاعیریشی تیابوایە، لەبەر ئەوەی جەنابی د. وریا عومەر ئەمین کە مامۆستای هەموومانە، تاقە شاعیرێکە ئەمڕۆ وەک بەردەوامی و بەرجەستەکاری ڕوحی گۆران و هێمنە لە کوردستان. تاکە شاعیرێکە بە تەواوی بۆن و بەرامەی گۆرانی لێ نیشتووە. ئەوەی شیعرێکی وریا بخوێنێتەوە، یەکسەر گۆرانی دێتە بیر). **( تێکستی ئەدەبی FB) ڕۆژی (٢٠٢٤/٢/٢٧).**
**غازی حەسەن لە لێکۆڵینەوەییێکیدا بە ناونیشانی(گوتاری شیعری لای د. وریا عمر امین دەڵێ:**(چانس بوو، یان قەدەر بوو ببمە قوتابیی(د. وریا عومەر ئەمین) لە بەشی کوردیی زانکۆی بەغداد. وەکو هەموو مامۆستایەک بەشەرمەوە لەگەڵی دەئاخافتم، بەڵام ئەو هەمیشە وەکو هاوزە و برادەرێک هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکردین. لە باسی زمان، لە نموونە هێنانەوە و باسی

شیعر (گۆران) وێردی سەرزاری بوو. زۆربەی شیعرەکانی بە هەموو مانا و ئاواز و مەبەستەکانییەوە ئەزبەر بوو. دەیگوت: "دیوانی گۆران هەمیشە لەژێر سەرینەکەمە".

لای مــن پەیوەنــدی ئەم مامۆســتایەم بە گــۆرانەوە وەکــو دیــاردەی "گــۆرانیزم" وایە. لە دەقە شیعرییەکانیشــدا ئەم پەیوەنــدییە ڕۆحــی و ئەشــقە ڕەنگاوڕەنگەی بۆ گۆران بەدی دەکرێت.ناتوانم بێژم ئەو کۆپی گۆرانە، نەخێر ئەو لەژێر ڕەشماڵی گۆران، ڕەشماڵێکی بۆ خودی (وریا) دروست کردووە.

تێڕوانینەکــــانی هەســــتی شــــاعیرانەی لەخۆگرتــــووە، دەیەوێــــت بەنەزمی(گۆران) سەما بە وشەکان بکات، لەزماندا وەستایە و لەبیرکرنەوەدا قووڵە، بە وێنە زهنیەکانی خۆی بیردەکاتەوە. هێندە سەرسامی گۆرانە، دەڵێی شـێوازی گۆرانمـان بـۆ دەنووسـێتە، بەڵام لەهەنـدێک دەربـڕین و وێناکردنـدا تەنیا لەخۆی دەچێت. ( **ڕۆژنامەی (خەبات) .ژ ٦٣٠٩ و ٦٣١٠ ی 12و١٣/ ٤ / ٢٠٢٢ ل ١٣)**

**ڕێدار سابیر** لە وتارێکیدا لە ماڵپەڕی(تێکستی ئەدەبی) لە(٢٠٢٤/٢/٢٤) دا دەڵێ:

(... ڕۆحێکی میهرەبان، ئەزموونێکی قووڵ وفراوان،. شاعیرێکی ناسک و خەیاڵ جوان، شیعرەکانی وەک ڕووبار پڕن لەئیقاعی دڵڕفێن وسەمای وشە و دەربڕینی پێشتر نەگوتراو، بۆن و بەرامەی (گۆران) یان لێ دێ ...)

**مامۆستای زانکۆ و پسپۆڕی ئەدەب (پرۆفیسۆر د. عوسمان دەشتی)** لە نووسینێکیدا دەڵێ: ( .. لەناو ئەوانەدا کەوا هەم شیعریش دەنووسـن و هەم لە بوارەکانی دیکەی ڕووناکبیریی کوردیدا کارامە و چالاکن یا ئەوەتا شـارەزا پسـپۆڕن، بـاس لە دوو کەس دەکەم، وەکـو دوو مرۆڤـی بـلیمەت و کـارامە و شـارەزا و پسپۆر، یەکێکیـان ( عەبدولڕەزاق بیمـار) و ئەوی دیکەیـان دکتـۆر (وریا عومەر ئەمین) ە. بەندە لە ساڵانی حەفتاکان بە دواوە ئاشنای شـیعر و نووسـین و بەرهەمەکانیـانم. هێشـتا ڕەوانشـاد عەبـدولڕەزاق بیمـار لە ژیانـدا بوو، دکتۆر ورياش وا شوکور لە نێوانماندا دەژیت، وتوومە کە ئەم دوو زاتە ئەگەر هـات و خۆیـان تەنیـا و تەنیـا هەر بـۆ شـیعر تەرخـان کردبـا و هەر بـۆ

شیعر ژیابان، ئەوە بێ شک دەبوون بە خەلیفەی گۆران).

**(عومەر میراودەلی) ی ڕۆماننووس دەڵێ:**

(ئەوەی شیعرەکانی (د. وریا) بخوێنێتەوە، یەکسەر هەست بە بۆن و بەرامەی گۆران دەکات. هەموو ئەوانەی لە شیعرەکانی(د. وریا) یان کۆڵیوەتەوە کاریگەریی گۆرانیان بە سەردا دەرخستووە و بە(میراتگەر و خەلیفەی گۆران و گۆرانە زیندووەکەی شیعری کوردی) ی ناودەبەن. لەگەڵ ئەوەشدا توانیویەتی خاوەنی دەنگی تایبەتیی خۆی بێ و لە گۆران ترازاوە).

لە ساڵی (١٩٦٧ – ١٩٦٨) لە ساڵی یەکەمدا بووم لە بەشی کوردیی کولێجی زمانی زانکۆی بەغداد، **(د. حەبیب الحسنی)** وانەی زمان و ئەدەبی عەرەبیی پێ دەوتینەوە. داوای لە ئێمەی قوتابییان کرد هەر یەکە باسێک لە بارەی شاعیرێکی کورد بە زمانی عەرەبی ئامادەبکات. من گۆرانم هەڵبژارد. کە باسەکەی بینی ئافەرین و دەسخۆشیی لێ کردم، باسەکەی بە پلەی نایاب هەڵسەنگاند و وتی قوتابییەکی کوردی ساڵی یەکەمی بەشی کوردی بتوانێ بە زمانی عەرەبی باسێکی وا بەم ئاستە بنووسێ دڵخۆشکەرەوەیە. پێشنیازی کرد بڵاوی بکەمەوە. من ئەوسا جورئەتی بڵاوکردنەوەم نەبوو. تا ساڵی ١٩٨٣ لە ڕۆژنامەی (العراق) بە سێ بەش لەژێر ناوی خوازراوەوە (ازا) بە ناونیشانی ( قراآت فی شعر گۆران)م بڵاوکردەوە. بەشی یەکەمی لە ژمارە( ٢١٢٥ ی ١٩٨٣/١/٢٧) بڵاوکرایەوە. دووبارە لە(٥٨) هم ساڵیادی گۆران، لە ڕۆژی (٢٠١٥/١١/١٧) لەسەر لاپەڕەی فێسبوکم (FB: Waria Omar Amin) بڵاومکردەوە.

گۆران لە (١٩٦٢/١١/١٨) کۆچی دوایی کرد. هەرچەند بچمە سلێمانی سەردانی گۆڕەکەی دەکەم.

**(گۆران ) و (د. گۆران فەیزی)**

لە ڕێکەوتە جوانەکانە کە ئەکادیمست و ڕۆشنبیر و مامۆستای زانکۆ (د. گۆران فەیزی) لە ڕۆژی (١٨ – ١١ – ١٩٧١) دا لە دایک بووە، کە دەکەوێتە (٩) نۆیەم ساڵیادی (گۆران). من دەرکی ئەوەم کرد و ئەم ڕێکەوتەم

دۆزییەوە. پێم وت دەزانی تۆ لە ڕۆژی ساڵیادی مردنی گۆران لە (١٨ – ١١ – ١٩٦٢) دایک بووی؟ بە لایەوە سەیر بوو، زۆری پێ خۆش بوو و بووە مایەی شانازی بۆی. زۆر سوپاسی کردم بۆ ئەمە.

وادیارە پاپیری د. گۆران، پەروەردکار و ئەدیب و ڕۆژنامەنووسی ناسراو، بەهەشتی(عزالدین فەیزی)، بە بۆنەی ئەم ڕێکەوتەوە، ئەم ناوە جوانە بەهادارەی لە کۆڕەزاکەی ناوە.

د. گۆران لەسەر ڕێچکەی پاپیری خۆی ڕۆیشت و ڕووی لە جیهانی ئەدەب کرد. بڕوانامەی دکتۆرای لە ئەدەبی کوردیدا دەسگیرکرد، داهێنەرێکی دەسڕەنگینە. بۆ جاری دووەمیەتی دەبێتە سەرۆکی بەشی کوردی لە کولێجی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین.

شایانی باسە کە مامۆستا (عزالدین فەیزی) ی باپیری د. گۆران خزمەتێکی بەهاداری بواری پەروەردەیی و ئەدەبی و ڕۆشنبیریی شاری هەولێر بە تایبەتی و کوردستانی بە گشتی کردووە.

گەلێ وتار و باسی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی شاری هەولێردا بڵاوکردۆتەوە .

دوو جار بە سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد – لقی هەولێر هەڵبژێردراوە. لە خولی دووەم (١٥ – ١ – ١٩٧١ ) و خولی سێیەم(٣٠ – ١٠ – ١٩٧٢).

ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی (هەولێر) بووە کە ژمارە (١) ی لە ١٦ ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٥٠دا دەچووە

ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(نووسەری نوێ) بووە کە ژمارە (١) ی لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٢دا دەرچووە..

ناونانی کوڕەزاکەی (گۆران) یش بە (گۆران) یێکێکە لە شاکارە ئەدەبییەکانی مامۆستای نەمر عزالدین فەیزی.

**مەسعوود محەممەد**

ماوەییێکی زۆر لە گەڵ مامۆستا مەسعوود محەممەددا هاوکار بووین. لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، لە لیژنە زمانەوانییەکانی کۆڕی زانیاریی عیراقدا هاو ئەندام بووین و پێکەوە کارمان کردووە. مامۆستا مەسعوود محمد زاناییێکی بێ هاوتا بوو..شێوازێکی پتەوی لە نووسیندا هەبوو. پشووی درێژ بوو، مەنگی و قووڵی و هێزێکی لەڕادەبەدەر لە دەربڕینە کوردی و عەرەبییەکانیدا بەدی دەکرێت، کە تەنانەت بۆتە مایەی سەرسوڕمانی نووسەر و ڕۆشنبیرە عەرەبەکانیش، مامۆستا مەسعوود محەممەد شێوازێکی تایبەتی هەبوو لە نووسیندا، کە لەگەڵ بەرنامەی لێکۆڵینەوەی زانستیدا نەدەگونجا. هەرگیز ئاماژە بە سەرچاوە ناکات.

مامۆستا مسعود محمد دەستێکی باڵای هەبوو لە لێکدانەوەی واتا شاراوەکانی شیعری کلاسیکیی کوردی، بە تایبەتی شیعرەکانی (ناڵی). لە ڕووی باسە زمانەوانەکانیدا، زیاتر بایەخی بە لایەنی فۆنەتیکی و نژادی وشە و زاراوەسازی دەدا. بۆچوونە زمانەوانییەکانی وردن بە تایبەتی لە لێکدانەوەی دارشتن و واتای وشە و زاراوەکاندا. لە ڕووی بیر و باوەڕەوە زۆر دژی چەپڕەوی بوو.

باوکم لە مامۆستا پێشەنگەکانی کوردستان بوو. دەورێکی باڵای گێڕا لە بڵاوکرنەوەی خوێندەواری و رۆشنبیری لە کوردستاندا لە بیست و سییەکانی سەدەی بیستەمدا.

لە ساڵانی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، مامۆستا بوول ە کۆیێ. بە دەیان کەڵە نووسەر و شاعیر و ناودارانی کورد قوتابیی ئەم بوون و لەژێر دەستی ئەودا فێری خوێندن و نووسین بوون. لەوانەی دەرسی پێ داون (دڵدار) ی شاعیر و (مسعود محمد) و (دڵزار) ی شاعیر و زۆری تر. هەر چەند سەردانی مامۆستا دڵزارم بکردایە بیرەوەرییەکانی خۆی وەک قوتابییێکی باوکم بۆ دەگێڕامەوە.

مامۆستا مسعود محمد لە ئاڵقەی پێنجەمی ( گەشتی ژیانم ) دا، کە لە گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژ ١٠٩ ساڵی ١٩٨٦ ل ٢٨٠ دا لە بارەی باوکم (عمر

ئەمین) ـەوە دەڵێ:

{ مامۆستا ( عمر أمین ) خەڵکی هەولێر بوو. باشترین دەرسدەری ( قراءە ) و (حیساب) بوو . دوای دەیان ساڵ بۆی دەگێڕامەوە، کە لە ماوەییێکی کورتدا فێری نووسینی بووم، هێندشم لێ ڕازی بوو کە زۆر جاران لە کاتی دەرسدا بە دوایدا دەناردم لە پۆلی خۆمەوە بۆ پۆلی لە خۆم هەورازتر، دەچووم پرسیارێکم وەڵام دەدایەوە کە قوتابییەکی ئەو پۆلە وەڵامی پێ نەدرابۆوە. تا بشلێی مەمنوونی دەکردم کە دەمبیستەوە لای باوکم ڕەزامەندیی خۆی بەرانبەرم دەربڕیوە.

مامۆستا ( عمر ئەمین) لە پاش خۆی دیارییەکی باشی بۆ سەقافەتی کوردی بە جێ هێشتووە، ئەویش ( د. وریا عمر أمین ) ە کە لە سەقافەتی نوێی زمانەوانیی ئەوروپا بەرخوردار بووە و خزمەتی زمانەکەمانی پێ دەکات}.

مامۆستا مەسعوود مرۆڤێکی قەدرزان بوو. زۆر ڕیزی لێ دەگرتم و منی خۆشدەویست. لە کۆبوونەوەکانماندا لە کۆڕی زانیاریی عیراقدا هەمیشە لای خۆی دایدەنیشتاندم. باس و خواسی باوکمی بۆ دەگێڕامەوە.

**محمود زامدار**

لە ڕۆژی پێنج شەممەی ڕێکەوتی (٢٠٢١/١١/١٨) لە بەغداد، لە هۆڵی الریان، یەکێتیی گشتیی ئەدیبانی عیراق لەگەڵ دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردیی بەغداد، ئاهەنگێکی شایستەیان گێرا بە بۆنەی دەیەم ساڵیادی ئەدیبی ناوداری کورد (مەحمود زامدار) ژمارەییێکی زۆر لە کەس و کارانی زامدار و نووسەر و ڕۆشنبیر و بەرپرسان ئامادەبوون. لەم ئاهەنگەدا ئەم وتارەم بە ناونیشانی (لک الخلود یا زامدار) بە زمانی عەرەبی پێشکەش کرد. تیایدا باسی بیرەوەرییەکانم لەگەڵ مەحموود زامدار دەکەم:

السادة الحضور الكرام اسعدتم صباحا بكل خير و محبة .

نحن اليوم في الثامن عشر من شهر تشرين الثاني. نجتمع هنا لنستذكر الاديب الراحل محمود زامدار. يتزامن هذا اليوم مع الذكرى التاسعة والخمسين

لرحيل الشاعر الكوردى الكبير گۆران، شاعر الانسانية والطبيعة والجمال ورائد الحركة الشعرية الكوردية الحديثة في اواسط القرن العشرين، الذي رحل في مثل هذا اليوم من سنة ١٩٦٢.

المدرسة الشعرية التي اسسها گۆران اصبحت قدوة للشعراء الشباب الكورد الذين بدؤا ينهلون موردها ويسيرون على هداها. في تلك الاجواء السحرية وبينما كانت مدرسة گۆران الشعرية في ربيعها وفي اوج بهجتها وبهائها، دخلت فردوس الشعر والكلمة لالتقي فيها بمحمود زامدار.

بهذه المناسبة نستذكر الشاعر العظيم گۆران، الذي كان احدى القواسم المشتركة بينا ونضع اكاليلا وباقاتا من الورود والزهور على ضريحه العطر، فى ذكراه التاسعة والخمسين.

تعود معرفتى بالراحل محمود زامدار الى اواسط ستينييات القرن العشرين، عندما كنت طالبا في الاعدادية. وكان هو طالبا في قسم اللغة الكوردية بجامعة بغداد .. استمرت صداقتنا قرابة النصف قرن والى يوم الاحد المصادف ٢٤ – ٧ – ٢٠١١ حيث التقيت به امام باب اتحاد الادباء الكورد في اربيل. كان يبدوا كئيبا منهكا على غير عادته، يمشى على مهل ومن على وجهه اختفت ملامح البهجة والنظارة والابتسامة التى كانت لا تفارقه .جلسنا معا في غرفة الاستعلامات .. واثناء الحديث التقطت له مجموعة من الصور.. فلما امعن النظر فيها، قال احتفظ بها لاربعينيتى التي باتت وشيكا، واهداني نسخة من اخر كتاب له، كان بعنوان (گەردانی ناو لە زمانی کوردیدا / تصريف الاسم في اللغة الكوردية) ... ثم افترقنا والى الابد .

بعد ثلاثة ايام ادخل الى المستشفى وبعدها بست واربعين يوما رحل عنا في ( ٨ ـ ٩ ـ ٢٠١١). وفي اربعينييته نشرت تلك الصور بناء على تنبؤه الذي كان بمثابة وصيته لي.

الحديث عن شخصية مرموقة كمحمود زامدار ليس بالامر الهين. فمن الصعوبة الخوض في غمار تجربته ونمط حياته وسيرته الغنية والغريبة والطريفة والمثيرة للجدل. حيث تحلى بصفات وميزات وخصال نادرا ما تجتمع في شخص واحد.

يعتبر محمود زامدار احد المع الاقلام التي برزت منذ سبعينيات القرن الماضي . بدأ حياته الثقافية في العمل الصحفي. عمل في صحيفة هاوكاري ومجلة بيان وصحيفة التآخي والعراق وبرايتي وعشرات الدوريات الكوردية والعربية الاخرى. اصدر المئات من المؤلفات من مقالات وبحوث وكتب في حقول الادب والنقد الادبي واللغة والفن والترجمة، كان شاعرا مبدعا، له اسلوب متألق في الكتابة . كان مفعما بالحيوية والنشاط، لا يكل ولا يمل. له حضور دائمى وحيوي في جميع النشاطات الادبية والثقافية،

ومن جميل منجزاته الرائعة أسهامه وبشكل فاعل بدعم وتشجيع الاقلام الشابة . حتى بات مرجعا ومدرسة يؤول اليه الشعراء الشباب. حيث ترعرع وتخرج على يده العشرات من الشعراء الشباب منهم الان من هم في الصفوف الامامية . يذكرون في احاديثهم ومذكراتهم فضله ودوره في تكوينهم الشعري.

كان محمود زامدار اذاعيا وملحنا يملك صوتا شجيا وفنانا مسرحيا كتب العديد من سيناريوهات الافلام القصيرة والدراما والمسرحيات كما قام باعداد وتقديم برامج ادبية وثقافية وفنية في الاذاعات والتلفزيونات. كان زامدار غنيا، ثريا في قلمه، خزينا للمعرفة، موسوعة ادبية ولغوية واجتماعية وثقافية.

و فوق كل هذه كان انسانا هادئا، نبيلا، صادقا، شفافا، طيبا، مرحا، بشوشا وحلو المعشر، محبوبا من قبل الجميع. تزدان المجالس بوجوده. واروع ما فيه انه كان متفائلا غير مباليا لنوائب الايام وعاديات الزمن.

برحيله فقدت الساحة الثقافية والادبية الكوردية قامة ابداعية خلاقة... رحل وخلف وراءه إرثا لا يقدر بثمن.

له الخلود، ولروحه الطاهرة السلام.

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته

د. وريا عمر امين

18 – 11 - 2021

### دوا جار چاوم بە (مەحموود زامدار) و (ئەحمەد ڕۆڕۆ) کەوت

ڕۆژی یەکشەممەی (٢٠١١/٧/٢٤) لەبەر دەرگای یێکیەتیی نووسەرانی لقی هەولێر بوو، بۆ دواجار چاوم بە هاوڕێی چل ساڵەم (مەحموود زامدار)

کەوت. دوا کتێبی خۆیی پێشکەشکردم..منیش ئەلبۆمێ وێنەییم گرت.وەک بڵێی دەمزانی ئەوە دوا جارمە لە گەڵیدا. ئەویش هەستی بەوە دەکرد کە، چی وای نەماوە و بە پێکەنینەوە وتی وێنەکان هەڵگرە بۆ چلە باشن. هەر واشی لێ هات و بوون بە دوا وێنەکانی و لە چلەکەیدا بڵاوم کردنەوە.

بەر لەوە بە ١٨ ڕۆژ چوارشەممەی (٢٠١١/٧/٦) بوو، لە هەمان شوێندا چاوم بە (مەحمود زامدار) کەوتبوو لەگەڵ (ئەحمەد ڕۆڕۆ) وەستابوو قرەقریان بوو باسی فەلسەفەیان دەکرد، ئەوساش ئەلبۆمێک وێنەییم لەگەڵ (ئەحمەد ڕۆڕۆ) گرت.

باری تەندرووستیی (مەحموود زامدار) کەوتە لێژی تا لە (٢٠١١/٩/٨) دا بەجێی هێشتین.

وا ڕێکەوت کۆچی (ئەحمەد ڕۆڕۆ) چەن ڕۆژێ پێش (مەحموود زامدار) بێ.

**دیارییەکەی فەڕەنسۆ حەریری بۆ زامدار**

دوای نیوەڕۆی ڕۆژی هەینی(١٩٩٨/١٢/٢٥)، شەش یا حەوتی مانگی ڕەمەزان دەبوو. لێزمەی باران و سەرماوسۆل بوو، دەرگا لێدرا. مەحمود زامدار بوو. وتی: وریا وەرە بمگەیێنە عەنکاوە، ئەتوو فەرخە دیان و منداڵی عەنکاوەی. ڕەمەزانە بازاری خواردنەوە هەموو داخراوە، حاڵم پەرێشانە، چوومە لای فەڕەنسۆ (پارێزگاری هەولێر بوو ئەوسا) ئەم ناونیشانەی دامێ وتی بڕۆ عەنکاوە لای (حەننا) سندووقێک عارەق وەرگرە با دیاریی من بێ بۆ تۆ.

من منداڵیم لە عەنکاوە بەسەر بردبوو.. شارەزای گەڕەکەکانی بووم. لە دەرگامانـدا مام حەننا لێی کردینەوە، سەرخۆش بوو. سندووقەکەمان وەرگرت. هەر بەڕێ کەوتین زامدار دوو سێ قومی چاکی لێدا و وتی: هەزار ڕەحمەت لە دایک و باوکت وریا. زامدارم گەیاندە بەر دەرگایماڵیان. دوو بوتلی لێ دەرهێنا، وتی وریا ئەمەش بەشی تۆ. خوا حافیزیم لێ کرد.

دوای ٢٠ ڕۆژێ ئێوارەیێکی درەنگ بوو، زامدار لە دەرگای دا، وتی: وریا ئەو دوو بوتلەی دامیتێ لات ماوە؟ چووم هێنامن و وتم. ڕەمەزان چوار پێنج ڕۆژی ماوە، هیوادارم بەشت بکات.

**ئیبراهیم باڵدار**

لە ساڵی ١٩٨٤ من سەرۆکی بەشی کوردی بووم لە زانکۆی بەغدادا . کە بیستم مامۆستا بالدار خانەنشین کراوە یەکسەر پەیوەندیم پێوەکرد. داوام لێ کرد، وەک وانە بێژێکی دەرەکی، بێ وانە لە بەشی کوردیدا بڵێتەوە. یەکسەر ڕەزامەندیی خۆی دەربڕی. ماوەی ١٤ ساڵ، تا کۆچی دواییی، لە بەشی کوردی وانەی ڕێبازەکانی وانەوتنەوەی بە قوتابییانی بەشی کوردی وتەوە و سەرپەرشتیی پەروەردەییی دەکردن. بەردەوام کاری لەسەر پرۆگرامەکانی خوێندنی بەشی کوردی دەکرد و پەرەی پێدەدان .

لە ساڵی ١٩٩٤ دا بووم بە سەرۆکی لیژنەی تەرقیاتی کولێژی پەروەردە، هەر خۆشم سەرۆکی بەشی کوردی بووم. بۆ ریز لێنان لە مامۆستا باڵدار (هەرچەن خانە نشین بوو و وانەبێژێکی دەرەکی بوو و لە سەر میلاکی بەشەکە نەبوو و بڕوانامەی دکتۆرای نەبوو .. بە پێی ڕێنومایییەکان نەدەکرا پلەی پرۆفیسۆریی بدرێتێ). لەگەڵ ئەمەشدا هەوڵێکی زۆرم دا تا توانیم ڕەزامەندیی بۆ دەسگیرکەم پلەی پرۆفیسۆریی پێ ببەخشین. ئەم ئاواتەم هاتە دی و بە پێی فەرمانی زانکۆیی (ژ ٢٩٨ ی ١٩٩٥/٥/٢) پلەی پرۆفیسۆریی پێ بەخشرا. تا ماوم شانازیی پێوە دەکەم.

پرۆفیسۆر باڵدار گەلێ نووسینی لە بواری پەروەردەیی و وانە وتنەوەدا هەیە. گرنگترینیان (ئەلف و بێی نوێ) یەکەییتی. کە لە ساڵی ١٩٤٩ دا وەزارەتی مەعاریف بە چاپی گەیاند. بەردەوام دەسکاریی دەکرد و پەرەی پێ دەدا.

لە ساڵی ١٩٥٣دا هونەرمەندی نەمر (بەدیع باباجان) وێنەکانی بە ڕەنگ کێشا. لە ساڵی ١٩٥٦ خاتوو (ترودی میتلْمان) وێنەکانی دارِشتەوە. تا ساڵی ١٩٨٥ بیست وپێنج جار چاپ کرا.

ئەم کتێبە لەسەر نوێترین و پتەوترین بنەماکانی پەروەردەیی و هونەری و نەتەوەیی دانراوە. جگە لە نووسین وخوێندنەوە، منال فێری ڕەوشتی بەرز و خۆشەویستیی گەل و نیشتمان و ژینگە دەکات. بە وێنەی کوردەواریی قەشەنگی ڕەنگاوڕەنگی جوانجوان ڕازاوەتەوە. ڕۆڵێکی گەورەی گێڕا لە

فێرکردن و چەسپاندنی ڕێنووسی کوردی .

به داخەوە، بێ هیچ بنەماییێک و ڕەچاوکردنێکی پەروەردەیی، ئەلفبێکەی باڵدار لابرا و به یێکێکی تری سەقەت جێگیر کرا. ئەمە تاوانێکی گەورە بوو دەرحق مێژوو و بواری پەروەردە و فیرکردنی منالانی کورد. دەبوو هەرخۆی بمابایه و نۆژەن بکرابایه.

مامۆستا باڵدار مرۆڤێکی دڵسۆزی کوردپەروەر بوو. پەروەردکارێکی ڕەسەن بوو.ئیشکەرێکی چالاک و کۆڵنەدەر بوو. هونەرمەندێکی دەسڕەنگین بوو، مێشکفراوان بوو، دڵتەڕێکی هەمیشه گەنج بوو. تا بڵێی زیرەک و هوشیار و چوست و چالاک بوو، سەری له هەموو شت دەردەچوو...چاندن، ئەندازیاری، تەلارسازی، بزیشکی و زۆر شتی تر.

که مامۆستا بوو له زانکۆی سلێمانی له چیمەنەکەیدا دیزاینی (کانیی عاشقان)ی کرد. کانیی عاشقان کارێکی هونەریی له ڕادەبەدەر جوان و دڵگیره، دەچێته ڕیزی شاکاره هونەرییەکانەوە. به داخەوه فەرامۆش کراوه. ئاواتەخوازم کاربەدەستان پیپارێزن به تایبەتی دوای ئەوەی زانکۆی سلێمانی گوێزرایەوه شوێنه تازەکەی. پێشنیازم کرد، سەرۆکایەتیی زانکۆی سلێمانی (کانیی عاشقان) بگوێزێته چیمەنەکانی زانکۆ تازەکه و بکرێ به مەنیومەنتێ به ناو و یادی باڵدارەوە.

چوارده ساڵ لەگەڵ ئەم زاته مەزنه پێکەوه کارمان کرد. بیرەوەرییەکانم له گەڵیدا یەکجار زۆر و سەیر و خۆشن .

له هاوینی ساڵی ١٩٩٤دا بوو ڕۆژێ داوام لێ کرد نەخشەییێک بۆ چیمەنی ماڵەوەم دابنێ. هەر بۆ ڕۆژی دوایی نەخشەییێکی جوانکیلەی هێنا و له شوباتی ١٩٩٥ دا چوار نەمام زەیتوونی بۆ هێنام، له چیمەنەکەدا چاندمن. ئیستا چڵەکانیان بەئاسمانا هەڵکشاون. یەکجار دڵگیر و به پیت و بەرهەمدارن، (باڵدار) ـەکان به دەیان هێلانەیان لەسەر دەکەن.... جیکەجیکیان سیمفۆنیاییێکی هەمیشەیین به یادی ئەم مرۆڤه مەزنه.

هەزار ڕەحمەتی لێ بێ

**ئەم وتاره له ڕۆژنامەی هەولێر ژ(١٩٤١) ی (١٣ ـ ٧ ـ ٢٠١٤) بڵاوبۆتەوە**

**فەرەیدوون عەلی ئەمین**

ئەم وتارەم لە(١٩٩٢/١/١٢) لە چلەی ماتەمینی مامۆستای پەروەردکار فەرەیدوون عەلی ئەمین خوێندەوە، لە کتێبی چلەی ماتەمینی مامۆستا (فەرەیدوون عەلی ئەمین) دا (١٩٩٣) ل ٢٣ ـ ٢٤ بڵاوبۆتەوە

وریا عومەر ئەمین

لە دوا شەستەکاندا بوو، کە هێشتا قوتابی بووین لە بەشە کوردییەکەی ئادابی بەغداد... لە گفتوگۆ و دانیشتنە ئەدەبییەکانماندا ناوی خوالێخۆشبوو (فەرەیدوون عەلی ئەمین) مان وەک نووسەر و ئەدیب دەبیست و بەرگوێ دەکەوت.

لە ساڵی ١٩٧١دا بوو کە یەکەم جار چاوم پێی کەوت، لە کۆڕێکی ئەدەبیی کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردیدا بوو... خوا لێخۆشبوو لەم کۆڕەدا قسەی کرد و شیعرێکی تەڕ و ناسکی خوساوە بە خەم و بیری فەلسەفیی خۆی خوێندەوە بە ناوی (نوقڵێ)..لە دوا دێرەکانیدا دەڵێ:

**نوقڵێ وا چرای شەو کوژایەوە**
**کەچی ڕەحمی تۆ نەتلیسایەوە**
**قەیناکا ئەوە با گلەیی بێ**
**با ئەو دڵەی تۆ بێ بەزەیی بێ**
**با نەتپرسیبێ حاڵی ئەم ونە**
**کە غەرقی دەریای خەمی بێ بنە**

بەمە مامۆستا فەرەیدوون خۆی وەک شاعیرێکی ڕەسەن و لێهاتوو و بەهرەدار ناساند. بیرمە کە کۆڕەکە تەواو بوو چۆن ئێمەی گەنج و قوتابییانی بەشی کوردی و ئەدەب دۆستان دەوروخولمان دا، هەریەکە دەیویست ئەم گەوهەرناسە لە نزیکەوە ببینێ و بناسێ و زیاتر شیعر و قسەخۆشەکانی ببیستێ.

دوای ئەمە هەر دوور بە دووری دەمناسی. ڕێکەوت نەبا کۆی نەدەکردینەوە. تا ساڵی ١٩٨٥ (من سەرۆکی بەشی کوردی بووم) داوام لێ

کرد بێ لە بەشی کوردیدا ببێ بە وانەبێژ. داواکەی ڕەت نەکردمەوە، تا ساڵی ١٩٨٩ مایەوە. لەبەر ئازاری قاچەکانی داوای لێبووردنی کرد.

ئەو ماوەیەی لە بەشی کوردیدا مایەوە وەک مامۆستای ئەدەبی کوردی، دەرفەتی بۆ ڕەخساندم مامۆستا فەرەیدوون عەلی ئەمین لە نزیکەوە بناسم.

مامۆستا فەرەیدوون مرۆڤێکی پاک و دەروون ڕوون بوو. دەرەوەی وەک ناوەوەی، ناوەوەی وەک دەرەوی. بڕوایەکی پتەوی بە خۆ هەبوو. دڵخۆش و گەشبین بوو، خاوەنی خۆی بوو ..جەرگسۆز و دڵسۆز و شەیدای گەل و نیشتمانەکەی بوو.تێکۆشەرێکی نەبەرد بوو، زمانی ڕەوان و پاراو و ناسک بوو، قسە خۆش و شارەزا بوو، کەم قسەی دەکرد و دەیزانی چۆن وشەکانی هەڵبژێرێ.. سینەی بە دەنگوباسی ئەدەبی پونگابووەوە.. ڕا و بۆچوونەکانی لەبارەی زۆر لە کێشە ئەدەبی و زمانەوانییەکان ورد و بەجێ بوون. قوتابییەکان خۆشیان دەویست و ڕیزیان لێ دەگرت. بەشی کوردیی ئاوەدان کردبووەوە، دانیشتنەکانمانی گەرم و گوڕ و دەوڵەمەند کردبوو.

مامۆستا فەرەیدوون هەرگیز باسی خۆی نەدەکرد بەڵام لە قسەکانییەوە تێدەگەیشتم کە زۆری پێیە و زۆری بە دەستەوەیە..ئاگادارم زۆر بەرهەمی چاک و ڕەسەنی هەبوو، ساڵەهای ساڵیشی بەسەردا تێپەڕیبوو و بڵاوی نەکردوونەتەوە...ئاواتەخوازم بنەماڵە و دام و دەزگا ڕۆشنبیرییەکان ئەم بەرهەمانەی ئازاد بکەن و گوڵدانی ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردیی پێ برازێننەوە.

ئەم مردنە کتوپڕە نا وەختەی مامۆستا فەرەیدوون زیانێکی گەورەی بە جیهانی ڕۆشنبیری و ئەدەب و پەروەردەی کوردی گەیاند...لە ئاست ئەم کارەساتە کۆستخەرە هەر ئەوەندەم لەدەست دێ بڵێم ..هەزار ڕەحمەتی لێ بێ ..خوا سەبووریی بە کەس و کار و دۆست و خۆشەویستانی بدات.

وریا عومەر ئەمین

١٢ - ١ - ١٩٩٢

**لە ڕۆژنامەی بەدرخان ژ ٨٧ ی (٢٢ / ١١ / ٢٠٠٧) بڵاوبۆتەوە.**

**نوری عەلی ئەمین**

مامۆستا نوری عەلی ئەمین زانا و ڕێزماننووسێکی بەهرەدار بوو،، بەرهەمێکی زۆری لە بارەی ڕێزمان و ئەدەب و ڕۆشنبیری بڵاوکردۆتەوە. یەکەم کەسە ڕێزمانێکی گشتیی زمانی کوردی بنووسێ زۆربەی لایەنەکانی ڕێزمانی کوردی بگرێتەخۆ.. یەکەم کتێبی بە ناونیشانی ( قەواعیدی زمانی کوردی لە سەرفو نحودا) بوو، بەرگی یەکەمی لە ساڵی ١٩٥٦ لە چاپخانەی مەعاریفی بەغداد چاپکراوە. دوای ئەمە زنجیرەیێک کتێب و لێکۆڵینەوەی ڕێزمانیی بڵاوکردۆتەوە .

لە سەرەتای هەشتاکانەوە زیاتر لە ١٥ ساڵ لەگەڵ مامۆستا نووری عەلی ئەمین لە کۆڕی زانیاریی عیراق و دەستەکوردییەکەی هاوکار بووین و پێکەوە ئەندام بووین لە لیژنەکانی ڕێزمان و ڕێنووس و زاراوەسازی.

لە ساڵی ١٩٩٢ دا من سەرۆکی بەشی کوردیی کولێجی پەروەردەی زانکۆی بەغداد بووم .. کە بەشی خوێندنی باڵای زمان و ئەدەبی کوردی لە بەشەکەدا دامەزرێنرا، داوام لێکرد هاوکاریمان بکات بە دەرسدانەوە و موناقەشەکردنی قوتابییانی ماجستێر و دکتۆرا. توانیم.ڕەزامەندیی سەرۆکایەتیی زانکۆی بۆ دەسگیرکەم. ئەمە داننانێکی فەرمی بوو بە زانایی و لێهاتوویی مامۆستا نوری عەلی ئەمین. تا ماوم شانازیی پێوە دەکەم.

بەرهەمەکانی هەموو بوون بە سەرچاوە بۆ زمانەوانان و قۆتابییانی بەشە کوردییەکان.

وەک ڕیزلێنانێک بۆی و ئەو ڕۆڵە گەورەیەی مامۆستا نوری عەلی ئەمین لە بواری ڕێزمانی زمانی کوردیدا گێڕای . (نوری عەلی ئەمین) مان کرد بە پڕۆژەی نامەیێکی ماجستێر لە بەشی کوردیی کولێجی پەروەردەی سەر بە زانکۆی بەغداد. بە ناونیشانی(ڕۆلی نوری عەلی ئەمین لە بواری ڕێزمانی کوردیدا) لە ساڵی ٢٠٠٤ دا، (د. سوزان سەعدوڵڵا عەبدولغەنی) پێشکەشی کرد .

**د. کەمال فوئاد**

لە کتێبی (کەمال فوئاد پیاوێک لە یاقووت ــ حەمید بەدرخان) ٢٠١٦ بڵاوکراوەتەوە.

لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا لە بەشی کوردیی زانکۆی بەغداددا دوو برا مامۆستامان بوون، (د. کەمال فوئاد و د. احسان فوئاد). د. کەمال فۆئاد لەساڵی سێیەم و چوارەمدا وانەی زمانی کوردی و ڕێزمانی پێ دەوتینەوە.

ئەو بابەتانەی کە د. کەمال لە وانەکانیدا پێشکەشی دەکردین زۆر جیا بوون لەوەی ئێمە ئاشنایان بووین..سەرنج ڕاکێش بوون ..ئامانجدار بوون...شنەی نوێکاری و تازەگەرییان لێ بەدی دەکرا.. چێژێکی تایبەتییان هەبوو، چ لە ڕووی سروشتی بابەتەکانییەوە، چ لە ڕووی جۆری وتنەوە و پێشکەشکردنیانەوە.

لە وانەکانیدا دەردەکەوت کە د. کەمال نەک هەر زانایێکی زمانەوانیی ڕەسەن و لێهاتوو بوو، بەڵکو بیرمەندێکی شارەزا بوو لە مێژووی کورد و جیهان و بیری مرۆڤایەتی بە گشتی.

د. کەمال بەردەوام ئامۆژگاریی دەکردین کە ئەبێ دەرکی گرنگێتیی زمانی کوردی لە بوونی ئێمەی کورددا بکەین. زۆر جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە زمانی کوردی ناسنامەی ڕاستەقینەمانە، سەنگەر و چەکی تێکۆشانمانە. بە پاراستنی زمانەکەمان، خۆمان دەپارێزین و دواڕۆژی گەشمانی پێ مسۆگەر دەکەین.

هەر چەند وانەکانی لە بارەی ڕێزمان و زمانی کوردییەوە بوون بەڵام باسی زۆر لایەنی تری بۆ دەکردین بۆ وشیارکردنەوەی قوتابییان لەڕووی نەتەوەیی و مرۆڤایەتییەوە. زۆر جاریش لە دەرەوەی وانەکاندا ئێمەی قوتابییان لە گەڵیا یەکترمان دەبینی و وەک کۆڕ و سیمینار کۆ دەبووینەوە بۆ گفتوگۆی باس و خواسی زمان و ڕۆشنبیری.

د. کەمال فوئاد، وەک هاوڕێ و هاوزەیێک لەگەڵ ئێمەی قوتابییان هەڵسوکەوتی دەکرد. من یەکێ بووم لەو قوتابییانەی کە زۆر بایەخی پێ

دەدام و زۆر هانی دەدام. هاوڕێتی و پەیوەندیی برایەتی و خۆشەویستیمان تا کۆچی دواییی (بۆ زیاتر لە ٤٣ ساڵ) بەردەوام بوو.. لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا کە لە زانکۆی لەندەندا قوتابی بووم، چەند بهاتایە لەندەن تەشریفی دەهێنایە لام. لەو ساڵانەش کە لە زانکۆی سلێمانیدا وانە بێژبووم هەندی جار لای ئەو دادەبەزیم، لەگەڵ د. ئیحسان فوئادی برای، کە ئەمیش هەر مامۆستام بوو، شەوان تا درەنگ پێکەوە دادەنیشتین باسی ئەدەب و زمان و گیروگرفتەکانی زمانی کوردی و ڕۆژنامەوانی و مێژوو و کەلتوور و کودۆلۆجیمان دەکرد. باسی بەشیریات و بیرەوەرییە سەیرەکانی خۆی لەگەڵ (بەشیر موشیر) دا بۆ دەگێڕاینەوە. هەرگیز لە قسە و باسە بە سوود و خۆشە پڕ لە حیکمەتەکانی تێر نەدەبووین.

د. کەمال مرۆڤێکی دڵپاک و دڵڕوون و ڕوحسووک بوو.. هێمن و لەسەرەخۆ بوو. خاوەن ڕەوشتێکی یەکجار ناسک بوو.پەروەردکارێکی ڕەسەن بوو. خزمەتێکی یەکجار زۆری کەموێنەی بواری ڕۆشبیریی کوردی کرد. بەرهەمەکانی وەک ئالاییێکی گەش هەتا هەتایێ لە ئاسۆی زمانەوانی و ڕۆشنبیریی کوردیدا بەرز دەشەکێتەوە.

هەزار سلاو و درووود لە گیانی پاکی.. چەپکێ گوڵی نێرگز لەسەر گۆڕی.

**لە کتێبی ( پیاوێک لە یاقوت) - حەمید بەدرخان - ٢٠١٦ دا بڵاوکراوەتەوە**

**د. ئیحسان فوئاد**

لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا من لە بەشە کوردییەکەی زانکۆی بەغداد قوتابی بووم و د. ئیحسان مامۆستام بوو..سێ ساڵ وانەی ئەدەب و ڕەخنە و زمانی ئینگلیزیی پێ وتینەوە.

وانەکانی د. ئیحسان چێژ و تام و بۆنێکی تایبەتییان هەبوو، چ لە ڕووی جۆری وتنەوەیان ، چ لە سروشتی بابەتەکانییەوە. باسی تازەگەری و ڕێبازە ئەدەبییەکانی بۆ دەکردین. ئێمەی بە شیلی و بایرۆن و ولیەم بلێک و وردسوێرث پۆشکین ناساند. ئاشنای ئەدەبی جیهانی و ڕۆمانتیکیی کردین. وانەکانی هەموو کۆڕی ئەدەبی و ڕۆشنبیر بوون، هەرگیز لێیان بێزار

نەدەبووین.

د. ئیحسان هەروەک چۆن مامۆستا و پەروەردکارێکی مۆدێرن بوو.. هاوڕێی قوتابییانیش بوو.. ئێمە دەستەیێک ئەدەب دۆست و شاعیر بووین ، بەردەوام دەوروخولمان دەدا..سەردانمان دەکرد لە ماڵەوە. لەگەڵیا دەچووین بۆ سەیران..

لە ساڵی چوارەممانـدا بوو. لە پشـووی نیوەی ساڵدا هەموو پۆلەکە لەگەڵیا گەشتێکمان بۆ شاری بەسرا کرد. ئەم گەشتە خۆشترین یادگاریی ژیانمانە.

دوای تەواوکردنی خوێندنم و گەڕانەوەم لە ساڵی ١٩٨٠ دا هەر لە بەشە کوردییەکەی خۆمان دامەزرێنرام. زیاتر لە بیست ساڵ تیایدا هاوکار بووین. واش ڕێکەوت ١٤ ساڵ دراوسێ بین. ئەمە دەرفەتی بۆ ڕخساندم زۆر باش بیناسم و شارەزای بم.

د.ئیحسان مرۆڤێکی مرۆڤ بوو.. ڕەوشت ناسک و بەرز بوو... ڕووخۆش و دڵروون و دڵپاک بوو... هێمن و لەسەرەخۆ بوو..جەرگسۆزی خاک و نەتەوەکەی بوو... لە ژیان گەیشتبوو..شاعیرێکی ناسک و دڵتەڕ بوو... داهێنەر بوو.. ڕەخنگرێکی سەرکەوتوو بوو... هەرچی ڕک و کینە لە دڵیدا نەبوو.. باسی کەسی نەدەکرد..ناوی کەسی بە خراپە نەدەهێنا.. هەرچی گیروگرفت بایە بە قسەی خۆش و بەشیرییاتەکانی چارەسەری دەکرد.

کۆچکردنی د. ئیحسان داخ و کەسەرێکی گەلێ گەورەیە ... برینێکە هەرگیزا و هەرگیز سارێژ نابێتەوە.

ئەم وتارەم لە چلەی د. ئیحسان فوئاد پێشکەش کرد.

**لە ڕۆژنامەی بەدرخان. ژ ٩٩ی ( ٢٠٠٨/٧/٨).**

لە کتێبی (گوڵی کێوی ماڵ ئاوایی لێ کردین/ حەمید بەدرخان، ٢٠٠٩، ل ٩٢) بڵاو بۆتەوە .

لە ساڵی ١٩٦٩ دا بوو د. ئیحسان داوای لێکردم بیبەمە لای (ڕووناک ئەحمەد موختار جاف) کە هاوسەری(نیازی عمر امین) ی برامە، بۆ هەندێ پرسیار لە بارەی باوکییەوە. د.ئیحسان دەسنووسی (مەسەلەی ویژدان) ی (

ئەحمەد موختار جاف) ی دەست کەوتبوو. بە تەمای بڵاوکردنەوەی بوو. (ڕووناک جاف) وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە و هەندێ وێنە و پەڕە دەسنووسی (ئەحمەد موختار جافی) پێشکەش کرد.

لە ساڵی (١٩٧٠) ڕۆمانی (مەسەلەی ویژدان) بڵاوکرایەوە، تیایدا ئاماژە بەمە دەکات.

**دەرنەفیس و پلاییسەکەی د. ئیحسان فوئاد**

من هەر لە زووەوە بێ جانتا دەرناچم. جانتاکەم بە(جانتا سیحرییەکەی وریا) ناوی دەرکردبوو. ئەمە سەرنجی زۆر کەس و هاوڕێیانی ڕاکێشابوو. تەنانەت گەر منیان بێ جانتا ببینیایە بەپێکەنینەوە لێیان دەپرسیم (کوا جانتاکەت؟). ڕۆژێ(د. شوان سلێمان یابە) منی بێ جانتا بینی، وتی مامۆستا سەیرە چانتات پێ نییە. وتم جانتاکە منی پێ نییە.

لەم بارەیەوە سەرنووسەری ڕۆژنامەی (بەدرخان) مامۆستا (حەمید ئەبووبەکر بەدرخان) لە دیدارێکیدا لەگەڵم کە لە ژمارە (٦٦ و ٦٧) ی (٢٢ – ٣/٢ – ٢٠٠٦) دا بڵاوکراوەتەوە دەڵێ:

{ لە (٢٠٠٦/١/١٤) لە نووسینگەی بەدرخان لە هەولێردا، پرۆفیسۆر د. وریا عومەر ئەمین بە خۆی وجانتا سیحراوییەکەی کە هەر لە ئەستێرەناسی و کەرەستەکانی زمان و شیعر و ساڵنامە و تۆگوڵ و ئەتلەس و ئامێر و کتێبی جۆراوجۆری تێدا ئاخنیوە، سەردانی کردین.

هەر وەکو شاعیر و ڕەخنەگر (عبدالرزاق بیمار)، لە لێکۆڵینەوەیەکیدا، د. وریا بە (جوانکیلەی پەناگرتوو) ناو دێر دەکات، لەگەڵیدا کەوتینە قسەکردن لەسەر بابەتی هەمەجۆر. بەرەبەرە دوای دە ساڵێک هەوڵدان توانیمان لەم پەناگەیەی خۆی تێدا حەشارداوە دەربهێنین و بە ڕەنگی خۆی، دوور لە سیاسەت و بێ سانسۆر، لە دەرگای ئەومان دا. ئەویش کە د. ئیحسان فوئاد بروانامەی (بەشیرا)ی پێ بەخشیوە، بەشیر ئاسا گوتی: ئەمین حازرم..... ڕۆژێکیان وانەی (د. ئیحسان فوئاد) مان هەبوو. هات و لە شوێنی خۆی دانیشت. دەستی بۆ سەعاتەکەی برد قوڕمیشی بکات . قوڕمیشەکە نەدەسووڕا، ڕووی لە ئێمەی قویابییان کرد و وتی؛ ئەرێ کەس پلاییسێکی

پـێ نیـیه؟ منـیش جانتـاکەم کـردەوە و دەرنەفیسـێک و پلاییسـێکم خسـتە بەردەمی. هەموو ئەبڵەق بوون و دایانە زرمەی پێکەنین) .

**د. چمشید حەیدەری**

لە ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی (١٩٧٣/٤/٢٨) لە مۆسکۆوە بە شەمەندەفەر چوومە لیننگراد، لای (د. جمشید حەیدەری) دابەزیم و حەفتەیێک لای مامەوە. ئەوسـا د. جمشـید خوێنـدکار بـوو لە کـولێجی فیلۆلـۆجیی سـەر بە زانکـۆی لیننگراد.

لەو ماوەیەدا د. جمشید منی بردە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسیی ئەکادیمیای زانستیی سۆڤیەتی و منی ناساند بە(د. قەناتی کوردۆ و د. زاریێ یوسـوپۆڤا و د. ئوردیخـانی جەلیـل و  د. کەریمـی ئەیـوبی و د. مارگریتـا ڕۆدینکـۆ). هەر وەهـا مۆزەخـانەی ئێرمیتـاژ و زۆربەی شـوێنە مێژوویيەکـانی ئەو شـارەی پێکردم.

.ئەوسا کوڕەکەی (حەیدەر) ساوا بوو گەلێ وێنەم لەگەڵیدا لەسـەر زێـی نیڤا گرت. بەم دواییە بۆ د. جمشیدم ناردن.

بە سـایەی د. جمشـیدەوە گەشـتەکەم بـۆ لیننگـراد یەکجـار خـۆش و سوودمەند بوو.

**جەواهیری**

هەر لە زووەکەوە جەواهیری پانتایيێکی فراوانی بوونمی داگیر کردووە. جەواهیـری لە مـانگی ئـابی ١٩٦٣ لە کـۆنگرەی قوتابییـانی کـورد، لە شـاری میــونیخ لە ئەڵەمانیــادا، شــیعری (کوردســتان .. مەڵبەنــدی قارەمانــان) ی پێشکەشکرد. ئەمە بە ڕووداوە هەر گرنگەکانی مێژووی ئازادیخوازیی کورد دەژمێـردرێ. جەواهیـری بە هـۆی ئەم شـیعرەیەوە کـورد و پرسـی ڕەوای کوردی بە هەموو جیهان ناساند.  شیعرەکە (١١١) دێرە، قەدەغە بوو. ئەوەی پێـی بگیرابـا یەکسـەر لەنـاو دەبـرا. ئـێمەی ڕۆشـنبیرانی کـورد نووسـینە قەدەغەکانمـان بە نهێنـی بە دەسـنووس لە ناوخۆمانـدا بـڵاو دەکـردەوە. لە هـاوینی سـاڵی ١٩٦٤ لە ڕێـی (د. عبداللــە حەداد) ەوە دەسـتم کەوت، تەواو

نەبوو (٦٧) دێر بوو. پاشان کە چوومە بەشی کوردی (د. عیزەددین مستەفا ڕەسوول) لە موحازەرەکانیدا زۆر باسی جەواهیریی بۆ دەکردین. لە ساڵی ١٩٧١ گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان) لە ژمارە (٣ و ٤) یدا تەواوی شیعرەکەی بڵاوکردەوە.

عیشقم بۆ جەواهیری وای لێکردم بەشێکی زۆری شیعرەکانی لەبەرکەم. و وتار و لێکۆڵینەوە و کتێب لەبارەیەوە بنووسم. وەک:

1 – الجواهري في دراسة كمية مجلة الاستاذ – كلية التربية / ابن رشد – جامعة بغداد، العدد 212 المجلد الاول، سنة 2015 ، ص 185 – 210..

2 – كردستان في ضمير الجواهري (2015) . منشورات جامعة جهان.

نووسینەکانم لەبارەی جەواهیرییەوە بایەخێکی زۆریان پێ درا لەلایەن پسپۆڕ و مامۆستایانی بەشە عەرەبییەکانی زانکۆکان. تەنانەت پێشنیازییشیانکرد پێڕەوەکەی لە خوێندنی باڵادا بخوێندرێ و لە لێکۆڵینەوەکانیاندا ڕەچاو بکرێت.


بسم الله الرحمن الرحيم

**وريا عمر أمين باحث متميز في الادب العربي واللغة العربية**

(كردستان في شعر الجواهري) للاستاذ الدكتور (وريا عمر أمين) ثمرة من ثمرات العقلية العراقية المفكرة التي رفدت المكتبة العربية بمئات البحوث و المقالات التي نتطلع من خلالها امكانية المفكر العراقي عندما يحاور النص الادبي و يسبر اغواره.

ان البحث في شعر الجواهري عمل ابداعي يكشف لك كيف يعاني الشاعر و كيف يجب. وقد عكس هذا البحث المتقدم الاصيل كيف احتلت كردستان قلب هذا الشاعر الذي عرفته المحطات البعيدة.

ان الجرد الكمي لشعر الشاعر والذي قدمه الباحث (وريا عمر أمين) مثل جهدا مميزا و شاقا توصل من خلاله الى نتائج اتمنى من المفكرين و الشعراء العرب الاطلاع عليها ، كما ان محاورته للنصوص كشفت عن قابلية نقدية سعت الى كشف اسلوبية هذا الشاعر العظيم (الجواهري).

اتمنى للباحث ان يرفدنا بالبحث تلو البحث ليغني المكتبة العربية في قابل الايام.

الاستاذ الدكتور
أحمد شاكر غضيب
استاذ الادب و النقد – قسم اللغة العربية
كلية تربية ابن رشد – جامعة بغداد
2015 – 10 – 14

**ناسناوی (مرید وراوية الجواهري)**

مایەی شانازی و سەربەرزی بوو بۆم کە لە کۆتا دانیشتنی کۆنفرانسی لێکۆڵینەوە بەراوردییەکان لە زانکۆی سلێمانی لە ١٦ی تەموزی ٢٠١٨ دا، بە ئامادەبوونی سەرۆکی یەکیەتیی گشتیی ئەدیب و نووسەرانی عیراق (ئیبراهیم خەیـات) و جێگـری سـەرۆک (حوسـێن جـاف) و گەلـێ لە ئەکادیمسـت و ئەدیبـانی کـورد و عەرەب و مامۆسـتایانی زانکۆکـان، یەکیەتیـی ئەدیـب و نووسەرانی عیراق ڕیزی لێ نام و خەلاتی کردم بە زرێ و ناسناوی (مرید و راوية الجواهري). د. لەتیف ڕەشید کە ئێستا سەرۆک کۆمارە ڕیزلێنانەکەی پێشکەش کردم.

**جەواهیری لە نێوان عەمماش و مندا**

ساڵی ١٩٦٩ ساڵێکی سەخت بوو لە مێژووی عیراقدا. گرتن و کوشتن و بـڕین و تـۆقین سـیمای سـەرەکیی بـارودۆخەکە بـوو.. زەلامەکـانی دەزگـا ئەمنییەکـان وەک گـورگی هـار بە نـاو خەڵـکەکە وەربووبـوون. بە هەزاران خزێنرابوونە بەندیخانە و لە شوێنە تاریکەکاندا بە ئەشکەنجە کوژران و لەناو بران. یەکێ لە کردەوە هەرە نەشاز و قێزەوەن و سەیرەکان، ئەوە بوو جلی کـورتی مینیجـۆبی کچـان قەدەغە کرابـوو. جنـدرمەکانی ڕژێـم بە فڵـچە و پەقرەجـی پـڕ بۆیـاغەوە لە سـەر شـەقامەکان و لە بەر دەرگـای زانکۆکـان دەوەستان، هەر کچێکیان بدیبانە جلی کورتی لەبەردایە پەلاماریان دەدا و بە فڵچە قاچوقولیان بۆیاغ دەکرد. من ئەوسا لە ساڵی دووەمی کولێجی زمانان بووم بە چاوی خۆم ئەم دیمەنە قێزەوەنانەم بینیوە.

ئەوسـا (فەریـق ڕوکـن سـالح مەهـدی عەممـاش) وەزیـری نـاوخۆ بـوو. عەمماش شاعیرێکی توانا بوو، دۆستی جەواهیری بوو. بە پێی ئەوەی ئەم وەزیـری نـاوخۆبوو، ئەوانەی ئەم کردەوانانەیـان ئەنجام دەدا سـەر بە دام و دەزگـای وەزارەتەکەی ئەم بـوون. جەواهیـری کە ئەوسـا لە شـاری بـڕاغ، پـایتەختی چیکۆسلۆفاکیا ئـاوارە بوو، لەم بـارەیەوە نـامەیێکی شـیعریی(١٠٠) دێریی بە ناونیشانی (رسالە مملحە) بۆ (سـالح مەهدی عەممـاش) نـارد تیایدا بە شێوازێکی گاڵتەجاڕیدا ڕەخنە لەم هەڵسوکەوتە قێزەوەنە ناشیرینە نەشـازە

دەگرێ . ئەمە دەسپێکەکەیەتی:

وفي لها نذرا فوافي .. وسعى بها سبعا و طافا

و رمى لها الجمرات من .. قلب تعلقها شغافا

لە ڕۆژنامەی (النور) ژمارە ١٦٩ ی (١١ / ٥ / ١٩٦٩) بڵاوکرایەوە.

عەمماش بە شیعرێکی (٧٥) دێری بە هەمان کێش و قافییەوە وەڵامی دایەوە. لە ڕۆژنامەی (بريد العوده) بڵاوکرایەوە. دەسپێکەکەی دەڵێ:

لاح سقانيها سلافا .. ورمى بها غيدا لطافا

طابت "مملحة"بها الـ .. أبيات تقطف اقتطافا

ئەم شیعرانە بووبوون بە بابەتی گفتوگۆی ڕۆشنبیر و شاعیران و خەڵکەکە.. منیش هەر ئەوسا چەند دێڕێکم لێ ئەزبەرکرد.

لە ساڵی ١٩٧٢ ساڵح مەهدی عەمماش دوور خرابووبووە، کرابوو بە سەفیری عیراق لە مۆسکۆ. ئەوسا من خوێندکار بووم لە زانکۆی مۆسکۆ.. لە (١ حوزەیران ١٩٧٢) عیراق نەوتی خۆماڵیکرد. باری ئابووری لە ڕادەبەدەر کەوتە لێژی. نەبوونی و برسییەتی باڵی کێشابوو بەسەر عیراقدا. حوکمەت کەوتبووە سواڵکردن، بڕیاری تەقەششوف و تەبەرووعاتی دەرکردبوو.

ڕۆژێ سەفیر ساڵح مەهدی عەمماش، داوای لە هەموو خوێندکارانی عیراقی لە یێکیەتی سۆڤیەت کرد بۆ کۆبوونەوە ئامادە بین. لە کۆبوونەوەکەدا وتی:

(.. ئێوە دەزانن کە ئێستا ئێمە لە چ قەیران و بارودۆخێکی ئابووریی سەختداین، بە هۆی خۆماڵیکردنی نەوت. گەمارۆی ئابووری بەسەرماندا سەپێنراوە. هەموومان دەبێ هاوکاربین، دەستی یەک بگرین بۆ پووچەڵ کردنەوەی پیلانەکانی دوژمنان و .. بۆ ئەوەی بۆیان بیسەلمێنین کە هەموومان یەک دەنگ و یەک هێزین ..داواتان لێ دەکەم تا دەتوانن تەقەشوف بکەن و ئاواتەخوازم بەشداری بکەن لە پشتگیریی حوکمەت بە تەبەرروع ..) و لەم جۆرە قسانە.. وەک پەندێ دێڕێکی شیعری جاهیلی هێنایەوە. کە دەڵێ:

بشبان يرون القتل مجدا .. وشيب في الحروب مجربينا

واتا: (بە گەنجانێ کە شانازی لە خۆ بەختکردندا دەبینن و

بە پیرانێ کە لە جەنگدا جەربەزە و ئەزموونداڕن).

نیوەی وت و دەستی لەسەر نێوچەوانی خۆی دانا ویستی نیوەکەی تری بێتەوە یاد، من یەکسەر دەستم بەرزکردەوە بە دەنگی بەرز نیوەکەی ترم بۆ تەواوکرد. وتی (احسنت دووبارەی بکەوە).

کە کۆبوونەوەکە تەواو بوو دەستی خستە سەر شانم، لە ناو و خوێندنمی لێ پرسیم. ئەوەی زۆر دڵخۆشی کرد ئەوە بوو، کە باسی شیعرەکەیم کرد لە وەڵامی جەواهیریدا و دێری یەکەمم بۆ خوێندەوە. بەوە سەرسام بوو کە من خوێندکاری ئەدەبی کوردی بووم کەچی بەم وردەکارییە ئاگاداری ئەدەبی عەرەبیشم... ئافەرینیی لێ کردم و ژمارەی تەلیفۆنی خۆی دامێ، وتی، شانازی بە خوێندکاری وەک تۆ دەکەین، هەر پێویستییەکت بوو یەکسەر پەیوەندیم پێوە بکە. زۆری پێ نەچوو گوێزرایەوە فنلەندا و دوای ئەمە ئێماشیان گەڕاندەوە عیراق.

دوای دوو ساڵ لە (١٩٧٤/١/١١) دا کۆنگرەی سێیەمی ئەدیبانی کورد لە زانکۆی موستەنسرییە لە بەغداد بەسترا. نیوەڕۆکەی هەموو چووینە چێشتخانەی لوئلوئە لە سەیرانگای زەورا. (جەواهیری) ش لەوێ ئامادەبوو. ئەو بەسەرهاتەم لەگەڵ (ساڵح مەهدی عەمماش) دا بۆ گێڕایەوە..کۆڵێک پێکەنی و وتی (کانت ایام واتا ڕۆژانێک بوو) لەو کاتەدا ( د. مستەفا زەنگەنە و فەرید زامدار و مەحموود زامدار و عبدالخالق سەرسام و پیربال مەحموود و مەجید هێرش) ئامادەبووین، چەند وێنەیێکمان لەگەڵ جەواهیریدا گرت. وێنەکان زۆر جار لە کتێب و ڕۆژنامەکاندا بڵاوکراونەتەوە.

جەواهیری لە (٢٦ تەمموز ١٨٩٩) لە نەجەف لە دایک بوو. لە (٢٧ تەمموز ١٩٩٧) لە دیمەشق – سووریا لە تەمەنی (٩٨) ساڵیدا. کۆچی دوایی کرد. لە گۆڕستانی (سەییدە زەینەب) نێژرا.

دوای ڕووخانی ڕژێمی سەددام چوار جار چوومەتە دیمەشق. سەردانی گۆڕەکەییم دەکرد.

## زیوەر خەتاب و جەواهیری

هاوڕێی دێرینم، ئەدیب و کەسایەتیی ناوداری شاری هەولێر بەهەشتی (زیوەر خەتاب)، بەر لە مردنی لە (٢٠١٩/١٠/٩) بە چەند ڕۆژێ نامەییکی سەرەخۆشیی بۆ ناردم بە بۆنەی مردنی خوشکم ( ئاهەنگ عمر امین) لەگەڵ دیارییێکی یەکجار بەنرخ، بە دەستی کوڕەکەی (شوان) و خێزانەکەی (جوان خالیس)..

دیارییەکە پێنج بەرگ دیوانی جەواهیری بوو (بڵاوکراوەی دەزگای بیسان – بەیروت - لبنان) لەگەڵ کتێبی دروێنەی ڕۆژەکانی زیوەر خەتاب..لە نووسین و ئامادەکردنی (ئازاد عبدالواحد).

## جەواهیری و دایکم

پاییزی ساڵی ١٩٩٨ بوو، دایکم جەڵتە لە مێشکی دا، زمانی تێکچوو، دەست و قاچی لای چەپی شەلپڵەیان تێکەوت. بزیشکەکانی هەولێرم پێ کرد سوودی نەبوو. بردمە بەغداد بیبەمە لای (د. سعد الوتری).کە پسپۆڕێکی لێهاتووی بەناوبانگی دەماری بوو.. د. سەعد بە ئاسانی دەست نەدەکەوت. دەبوو دوو سێ مانگ پێشوەخت مەوعیدی بۆ حجز بکرێ.

خۆشکی د. سەعد (د. خالده الوتری) مامۆستا بوو لە گەڵماندا لە بەشی ئینگلیزیی کولێجی پەروەردە. داوام لێکرد بەڵکوو یارمەتیم بدات. د. خالیدە یەکسەر تەلیفۆنی بۆ کرد. وابوو وتی بەیانی سەعات ٣ی دوای نیوەڕۆ بێن. عییادەکەی لە شەقامی ڕەشید بوو. چووینە لای. دوای ئەوەی لە پشکنین و ڕێنومایییدان تەواو بوو، وتم: دکتۆر چیرۆکی باوکت لەگەڵ جەواهیری دەزانی؟ زەردەخەنە ڕووی داگرت چاوەکانی کرانەوە، وتی بەڵێ آتێکی لێ دەزانم ..حەز دەکەم لە تۆشی ببیستم. . منیش بە کورتی چیرۆکەکەم بۆ گێڕایەوە.کە بەم جۆرەیە:

(د. هاشم الوتری) باوکی (د. سەعد الوتری) بزیشک و نووسەر و کەسایەتییێکی ناوداری عیراق بوو. یەکەم بزیشکی عیراقی بوو بڕوانامەی پسپۆڕیی لە زانکۆی لەندەن دەستگیرکات و ببێ بە ڕاگرِی کولێجی بزیشکی. بە بۆنەی هەڵبژاردنی وەک ئەندائێکی نایاب لە کۆمەڵەی بزیشکیی بەریتانی لە

ساڵی ١٩٤٩ دا، بڕیار درا ئاهەنگێکی شایستەی بۆ ئەنجام بدرێ، بە چاودێریی حوکوومەت. بۆ ئەمە داوا لە (جەواهیری) کرا بە شیعرێک بەشداریی تێدا بکات.

لیژنەی ئامادەکاریی ئاهەنگەکە داوای لە جەواهیری کرد شیعرەکە تەنها پێگە ومەزنیی هاشم الوتری بخاتە ڕوو، دوور لە هەموو سیاسەتێک و هەڕەشە و ڕەخنە لە حوکوومەت. دوای چەند ڕۆژێ جەواهیری شیعرێکی دانێ بە دڵی وان.

لە ڕۆژی ئاهەنگەکەدا وەسی و نووری سەعید و سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران و کەسایەتییە گەورەکان و خەڵکێکی زۆر ئامادە بوون. بانگی جەواهیری کرا بۆ پێشکەش کردنی شیعرەکەی. ئەوەی ئەبڵەقی کردن ئەوە بوو، شیعرەکە ئەوە نەبوو کە دابووی بە لیژنەی ئامادەکاری.

شیعرەکە ١٣١ دێر بوو. دە دوانزە دێری بە شان و باڵی وتریدا هەڵدەدا. ئەوەکەی تر هەموو جوێن و هێرش و هەڕەشە و ڕەخنە و سووکایەتیکردن بوو بە حوکوومەت.

کە جەواهیری لە خوێندنەوەی شیعرەکە بووەوە.. لەت لەتی کرد و لەتەکانی بە سەر ئامادەبووان وەرکرد.

شەوەکەی قازیی لێپێچینەوە داوای جەواهیریی کرد و خرایە بەندیخانە.

دوای گێڕانەوەی ڕووداوەکە چەند دێرێکیشم لە شیعرەکە بۆ خوێندەوە.

د. سەعد بانگی سکرتێرەکەی کرد. پێی وت پارەکەیان بۆ بگەڕێنەوە و برۆ ئەم دەرمانانەیان بۆ بکڕە.

ژمارەی تەلەفۆنی خۆی دامێ و وتی : هەج کاتێ ویستتان بمبینن پەیوەندیم پێوە بکەن.

### د. مجيد الماشتة

دۆستی دڵسۆزی کورد، مامۆستای زانکۆ (د. مەجید ماشتە) زمانەوانێکی زانای ناوداری عێراق بوو. بە دەیان کتێبی لە بارەی زمانەوانییەوە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی بڵاوبۆتەوە. چەندین نەوەی پێ گەیاندووە.

کە من قوتابی بووم لە بەشی کوردیی زانکۆی بەغداد، د. مەجید ماشتە

مامۆستای زمانی ئینگلیزی بوو. ئەوسا هەڵگری بڕوانامەی ماجستێر بوو.لە بواری زمانەوانی و وەرگێڕاندا کە لە ساڵی (١٩٦٣) لە زانکۆی ئەمەریکی لە بەیرووت وەدەستی هێنابوو. . پاشان ١٤ ساڵ لە (١٩٩٤ تا ٢٠٠٨) بووین بە دراوسێ لە گەڕەکی غەزالییە لە بەغداد . دوای ئەوەی کوڕەکەی شەهید بوو ماڵەکەی گواستەوە بۆ شاری خۆی (بەسرە).

بووم بە سەرۆکی لیژنەی گفتوگۆکردنی نامەی دکتۆراکەی کە لە (٢٠٠٤/٧/٧) بەڕێوەچوو، بە پلەی نایاب دەرچوو.. ئەمە ناونیشانی نامەکەی بوو:

The impact of the Generative Transformational Grammar on Translation Theory

لە (٢٠١٩/١٢/٢٥) کۆچی دوایی کرد. لە چلەکەیدا، کە لە ڕۆژی سێشەممەی ڕێکەوتی (٢٠١٩/٢/٤) لە کولێجی پەروەردەی ئیبن ڕوشد – زانکۆی بەغداد بەڕێوە چوو، ئەم وتارەم بە زمانی عەرەبی پێشکەش:

السادة الحضور .. اسعد الله صباحكم

بعد ساعات من رحيل الدكتور مجيد الماشطة في ٢٠١٩/١٢/٢٥ حدث كسوف حلقي للشمس .. وحال سماعي نبأ رحيله نشرت على صفحتي في الفيسبوك تغريدة بعنوان (مع كسوفه كسفت الشمس).هذه نصها :

أ.د. مجيد الماشطه في ذمة الخلود.

بمزيد من الحزن والأسى رحل عنا العالم الجليل أستاذ الأدب الإنكليزي واللسانيات والترجمة الحديثة العلامة (أ.د. مجيد الماشطة).

كان رحمه الله انسانا راقيا نبيلا، دمث الخلق والاخلاق ومربيا فاضلا واستاذا جامعيا متطورا قديرا، كون اجيالا من العلماء. . برحيله فقدنا قامة ورمزا شامخا من رموز العلم والتربية.

وهي من دواعي الشرف والفخر والاعتزاز لي بان تشرفت بتكليفي رئاسة لجنة مناقشته للدكتوراه . كان موقفا محرجا لي للغاية، كيف لي ان اتجرأ واسمح لنفسي ان اكون ممتحنا لاستاذي هذا العالم الكبير الذي علمني . اعتذرت كثيرا وطلبت اعفائي من هذه المهمة الصعبة .. لكنه الح على ذلك وقال بان الامر الاداري قد صدر ولايمكن التراجع عنه.

كان عنوان رسالته:

The impact of the Generative Transformational Grammar on Translation Theory

جرت المناقشة يوم الاربعاء المصادف ٧-٧-٢٠٠٤ في قاعة عبد الوهاب الوكيل بكلية الاداب - قسم الترجمة – جامعة المستنصرية وبموجب الامر الاداري المرقم ١١٩١ في ١٠-٦-٢٠٠٤ تألفت لجنة المناقشة من:

أ.د. وريا عمر أمين – رئيسا

أ.م.د. منذر منهل الدليمي

أ.م.د. عبد الحميد ناصر

أ.م.د. رياض طارق

أ.م.د. علياء محمد حسين

أ.د. عبدالواحد محمد مسلط – مشرفا

**مەدحەت بێخەو**

لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا بوو، لە قوناغی ناوەندیدا بووم..پەتا و موچڕکی شیعر و گۆرانی بە هەستما دەگەڕا ..کە دەچووم بۆ بازاڕ بە بەردەم چایخانەکاندا تێدەپەڕیم زۆر جار گۆرانییکانی هونەرمەندی مەزن فوئاد ئەحمەد دەیاندا بە گوێما. لە لاییێکدا دەوەستام گوێ ڕایەڵی دەبووم تا تەواو دەبوو. وشەکانیم دەنووسیەوە و یەکسەر لەبەرم دەکردن . لەو گۆرانییانەی کە ئەوسا بووبووە وێردی سەر زارم و هەمیشە لەبەر خۆما و لە ناو هاوڕێیان دەمووت و دەمووتەوە (گیانی شیرین) بوو:

**گیانی شیرین ئەی نازداری بێ گەردم**
**ئەی ئارامی دڵەی پڕ زام و دەردم**
**ئەی جوانترین لە نیگای بەهار**
**ئەی شاگوڵی ناو گوڵ و گوڵزار**
**تێکەڵاوی خوێن و هەست و بیرمی**
**کاری یەزدانە کەوا دڵگیرمی**

ئەمە وگۆرانیی تری وەک ( لەگەڵ یارا – دووریی تۆ – سروەی بەیان – دڵ هەر ئەڵێ تۆ – سڵاو بۆ یار . کە هەموو گەنجانی ئەوسا بەردەوام لەسەر زاریان بوو وخەڵکەکە لە ئاهەنگەکاندا پێشکەشیان دەکرد و گەشت و سەیرانەکانیان پێ دەڕازاندەوە و رازی دڵی خۆیان پێ دەردەبڕی

ئەم شیعرە لیریکییە ناسکانە کە هەمیشە جوانی و پاراوی و ناسکیی خۆیان دەپارێزن و هەرگیز کۆن نابن و ناوەرن هەموو هی( مەدحەت بێخەو) بوون. لە ڕێی ئەم گۆرانییانەوە بوو من ( مەدحەت بێخەو )م وەک شاعیر ناسی و چوومە لای لە نەخۆشخانەی هەولێر کە تێدا فەرمانبەر بوو.دوای ئەمە زوو زووە بە تەنیا یا لەگەڵ هاوڕێیانی شیعر ئەدەب دۆست سەرمان لێ دەدا و سوود و چێژمان لە قسەو گفتوگۆ و ئامۆژگارییەکانی وەردەگرت. خۆشبەختانە تا ئیستاش پەیوەندیی برایەتی وخۆشەویستیم لەگەڵیدا بەردەوامە .

بێخەو دەورێکی باڵای گێڕا لە پێگەیاندنی زۆر لە شاعیرە گەنجەکانی شەستەکانی سەدەی ڕابردووی شاری هەولێر .مامۆستای هەموومان بوو. شایانی باسە کە (فوئاد ئەحمەد)ی هونەرمەند و گۆرانیبێژی مەزنی ئەوسا ..شیعرەکانی بێخەو ڕۆلێکی سەرەکییان گێڕا لە سەرکەوتن و دەرخستنی. دەنگ و ئاوازەکانی کە بۆی دادەنان زۆر لەگەڵ شیعرەکاندا دەگونجان و سیمایەکی تایبەتیان پێ دەبەخشین.

جگە لە فوئاد ئەحمەد گەلێ گۆرانیبێژی ناوداری کورد شیعرەکانی بێخەویان کردە گۆرانی.لەمانە (عەلی مەردان - تاهیر تۆفیق - ڕەسوول گەردی - یەحیا مەرجان - عەبوللا دلسۆز - قادر کابان).

بێخەو یێکێکە لە شاعیرە هەرە سەرکەوتووەکانی ئەدەبی منالان و سروود نووسین. دەیان سروودی بۆ منالان و قوتابییان نووسیووە. هەموو پەند و ئامۆژگارین فێری نیشتمانپەروەری و خۆشەویستی بۆ خاک و گەل و مرۆڤایەتی دەکەن. وشەکانیان گڕی شۆڕش و کوردایەتی لە دڵدا هەڵدەگیرسێنن. کێمان هەمیشە ئەم وشە ئاگرینانە لە گوێیدا بە دەنگە زوڵاڵەکەی فوئاد ئەحمەد نازرنگێنەوە کە بێخەو لە یەکەم ڕۆژەکانی شۆڕشی

ئەیلوولدا دایناوە:

**ئێمە پێشمەرگەین هەتا ماوین لە ژین**
**نیشتمان ئازاد ئەکەین لە خوێنمژین**
**ئێمە کوردین نابەزین**
**جەنگاوەرین نابەزین**
**ئێمە کوردین تێکۆشەرین نابەزین**
**گیان فیداکارین لە ڕێگەی میللەتا**
**قارەمانی ڕێی ژیان و شۆڕشین**
**دوژمنی ناپاک هەزار هێزی هەبێ**
**ئەیبەزێنین ئەیڕمێنین نابەزین**
**نیشتمان خوێنی شەهیدانی ئەوێ**
**شەرتە تاکو سەربەخۆیی نەسرەوین**
**دەوری دیلی و ژێردەستی باوی نەما**
**ئەمڕۆ کاتی مافی ژینە و ڕاپەڕین**
**هێزی ئێمە کێوی پۆڵا و ئاگرە**
**خێلی ناپاک قڕ دەکەین ئازاد دەبین**

**لە ڕۆژنامەی (هەولێر) ژ ١٨٥٩ ی (١٢ – ٣ – ٢٠١٤) بڵاوبۆتەوە.**

### غازی فاتح وەیس

غازی فاتح وەیس لە ساڵی ١٩٧٩ هاتە لەندەن بۆ خوێندن لە زانکۆی لەندەن.. من ئەوسا لەوێ خوێندکار بووم.. ساڵێک لە زانکۆی لەندەنی خوێند، پاشان خوێندنەکەی گواستەوە زانکۆی ئێسێکس لە کۆڵچستەر..لەوێ بڕوانامەی ماجستێری وەرگرت . من زۆر یارمەتیم دا، هەموو کتێب و ڕاپۆرتەکانم خستە ژێر دەستی. هەر کێشەیێکی هەبایە پەیوەندیی پێوە دەکردم. لە ساڵی ١٩٨١ گەڕایەوە زانکۆی سلێمانی و بوو بە بەڕێوەبەری کتێبخانەکەی..لەگەڵ گواستنەوەی زانکۆی سلێمانی چوو بۆ هەولێر.. دوای ماوەیێک چووە سەر ستافی بەشی کوردی و بوو بە سەرۆکی بەشی کوردیی کولێجی ئاداب.

بەیانییەکەی ١٤ ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٥ مامۆستا (غازی فاتح وەیس) لە هەڕەتی داهێنان و کەنجیدا گیانی لە دەستدا بە کارەستێکی دڵتەزێن بە ڕووداوێکی ئوتومبیڵ لەسەر ڕێی نێوان هەولێر ـ کەرکوک نزیک پردێ. بەرەو سلێمانی دەچوو بۆ ئامادە بوون لە ئاهەنگی یادی سەد و یەکەمی دامەزراندنی شاری سلێمانی..

هەر ئەوسا وتارێکم لەبارەی ئەم کارەساتەوە نووسی و لە گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ ژمارە ١٠٨ ی ساڵی ١٩٨٥ ل ٢٢٧) دا بڵاو بووەوە.. بەیادی سیویەکەمی بەشێکی وتارەکە پێشکەش دەکەین ..

**ئەستێرەیەک ئاوابوو**

غازی فاتح وەیس .. ئەستێرەیێکی تازە هەڵبووی ئاسۆ تاریکەکەی زمانەوانیمان بوو ..لەگەڵ ئاوابوونیدا ئەو ئومێدە زۆرەی پێیمان بوو نێژرا.

غازی فاتح وەیس .. خونچەیێکی تازە پشکووتووی گوڵزارە کەم گوڵەکەمان بوو، وەری پێش ئەوەی بۆن و بەرامەکەی جیهانی زمانە شیرینە هەناسەساردەکەمان داگیر بکات.

غازی فاتح وەیس.. بە گیانێکی ئەکادیمیی پتەو و توانا و وزە و تاقەتێکی بێ پایان و پشتێکی ئەستوور بە ڕێبازی زانستییەوە پێی نایە مەیدانە یەکجار کزەکەی زمانەوانیمان ..

بەم تەمەنە یەکجار کورتەی ژیانی ئەکادیمیی بوونی خۆی سەپاند... بەرهەمێکی زۆری پێشکەش کردین ..کتێب و گەلێ وتار و لێکۆڵینەوەی بڵاو کردەوە.. زۆری تریشی بەدەسنووسی ماوەتەوە، گەر مەرگ وازی لێ بهێنایا پڕۆژەکەی ژیانی خۆی تەواو بکات، گەنجینەیێکی زۆر بە پیت و بە نرخی بۆ دادەگرتین، خزمەتێکی زۆری بە زمانی کوردیی دەگەیاند.

بەرهەمەکانی غازی فاتح وەیس جێی شانازین، ڕەسەنن، وانەن بۆ فێربوونی بەرنامە و پێڕەوی زانستی. .پار بوو (١٩٨٤) ئەمینداریێتیی گشتیی ڕۆشنبیر و لاوانی ناوچەی کوردستان کتێبێکی بۆ لەژێر ناوی (فۆنەتیک ) دا بڵاوکردەوە، نامەی ماجستێرەکەی بوو لە زانکۆی ئێسێکس لە ئینگیلتەرا. تیایدا دەنگەکانی زمانی کوردی لە ڕووی فیزیاوییەوە بەهۆی تازەترین

دەسکەوت و پێڕەوەکانی بواری دەنگسازیی ئامێری شیدەکاتەوە. ئەم کتێبەی دەبێتە سەرچاوەییێکی ڕەسەن بۆ بواری دەنگسازیی زمانی کوردی.

**لە گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ . ژ ١٠٨ ساڵی ١٩٨٦ بڵاوبۆتەوە**

**مام شەعبانی پۆستەچی**

لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا کە خوێندکار بووم لە دووروڵاتان.. زوو زووە نامەم بۆ دایکم دەنارد.. نامە زۆر دوا دەکەوت تا دەگەیشت. چونکە هاتوچۆ خێرا نەبوو و هەموو نامەییێک لە ریقابە دەبینرا و دەخوێنرایەوە بۆیە بە دوو مانک و سێ مانگ دەگەیشتن.. جاری واش هەبووە پێنج شەش نامە بە یەک جار دەگەیشت.. هەزار ڕەحمەتی لێ بێ (مام شەعبانی پۆستەچی) ئیشێکی چاکی لەگەڵما دەکرد.. نامەکانی بەیەک جار نەدەگەیاند.. گلی دەدایەوە و هەر ناوەناوە یێکێکی دەگەیاند.. بەمە دایکم بەردەوام دڵنیا دەبوو.. ئەوسا پەیوەندی کردن ئاسان نەبوو.. زۆر جار خەڵک دەچوونە بەغا بۆ تەلیفۆنکردن لەگەڵ وڵاتان.. کەچی ئیستا ئیمێل و ئەنتەرنێت و ڤایبەر و مۆبایل کەوتۆتە گیرفانی هەموو کەسێک.. وایان کردووە چەن لێک دوور بن، هەمیشە پێکەوە بن ..

بەسەرهاتێکی سەیرم هاتەوە یاد کە پەیوەندیی بەم مەسەلەیەوە هەیە... جارێکیان لە لەندەنەوە بۆ سەردان هاتمەوە هەولێر ٢٠ بیست ڕۆژ مامەوە.. پێش چوونم بۆ بەغداد، تا لە وێوە بچمە لەندەن. نامەییێکم بۆ دایکم نووسی پوولێکم لێدا و بە ژێری ئیستیکان مۆرم کرد و دامە (مام شەعبانی پۆستەچی)، شەممە بوو، پێم وت بەیانی دەچمە بەغداد.. سێ شەممە بە فڕۆکە سەفەر دەکەم.. دایکم زۆر پەرێشانە، تۆ ڕۆژی هەینی ئەم نامەیە بگەیێنە ماڵەوەمان.. خوا خێرت دەنووسێ.. وتی سەرچاو کاکە وریا بەخێر بچیت و بەخێر بێیتەوە.. کە چوومە بەغداد بەو ئومێدەی سێشەممە سەفەر بکەم.. کێشەی نوێکردنەوەی پەسەپۆڕتەکەم هاتە پێش وای کرد دوو حەفتە سەفەرەکەم دواخەم. ڕۆژی چوارشەممە گەڕامەوە هەولێر. ڕۆژی هەینی بەیانییەکەی زوو لە دەرگا درا.. من چووم دەرگاکەم کردەوە.. مام شەعبان بوو... خۆی و پاسکیلەکەی، نەیزانی و دەرکی نەکرد کە من وریام و

وتی:(چاوتـان ڕوون ئەمە نـامەیێکە بە بەریـدی خێـرا لە کـاک وریـاوە ئیسـتا گەیشت). منیش زۆر سوپاسم کرد و خۆم گێل کرد و پێم نەوت من وریام. نامەکەم لێ وەرگرت و تا ئیستاش لە ئەرشیفەکەمدا پارێزراوە.

**داری ساری**

داری سـاری – شـاعیر و مێژوونـووس و تێکۆشـەر و سیاسـییەکی کوردی لوڕ بوو. لەساڵی ١٩٣٧ لە شاری زڕباتیە کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری کوت لە دایک بووە. لە سەراتای پەنجاکانەوە کەوتۆتە تێکۆشـان و کـوردایەتی و بـوو بە ئەنـدام لە ڕێکخـراوە ئـازادی خوازەکـانی ئەوسـا و بەشـداریی کـرد لە دامەزرانـدنی بـزووتنەوەی هیـوا و رزگـاری. ئەنـدامێکی چـالاکی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان بـوو. گەلـێ جـار خـراوەتە بەنـدیخانە ترسـناکەکان و مـاوەیەکی زۆری تیایانـدا بەسـەر بـردووە. لە سـاڵی ١٩٧٤ حوکم درا بە ئیعدام. پێش عیدام کردنی بە چەن ڕۆژێ بە لێبووردنی گشتی دەرباز دەبێ.

دار ساری .. هەتا بلێی شارەزا و ڕۆشنبیر و مێشک فراوان و گەشبین و قسە خۆش بوو. شاعیرێکی بە پیت و حازر بەدەست بوو..تەنانەت زۆر جار لەکاتی قسەکردنی ئاساییدا بە شیعر وەلامی دەدایەوە. بە زمانی کوردیی (شێوەی لوڕ) و عەرەبی دەینووسی. کتێب و نووسینی گەلەک زۆربوو کە زۆربەیان لەبارەی کوردستان و زمانی کوردی و کوردایەتییەوە بوون... بۆیە ڕێـگەی نەدەدرایـێ لەکـاتی خۆیـدا بلاویـان کـاتەوە. هەر بە دەسنووسـی ماونەتەوە .. لە خۆیم بیست کە فەرهەنگێکی گەورەی شێوەزارەکانی کوردیی ئامـادە کـردووە. وەک بـزانم زۆربەی دەسنووسـەکانی لای شـاعیری خـوا لێخۆشبوو محمد بەدری بوو. زمانەوانێکی بە سەلیقە بوو لە مێژوو و نژادی هەر وشەیێکی کوردیت لێ بپرسیایە بۆچوون و شتی سەیری لە بارەیەوە دەگێڕایەوە. هەمان شت لە بارەی مێژووەوە.


لە ڕۆژنـامەی تەئـاخی و هاوکـاری و پاشـکۆی عیـراق و گۆڤـاری نووسـەری کـورد و ڕۆژنـامە عەرەبییەکانـدا وتـار و لێکـۆڵینەوەی بـلاو دەکردەوە.

ئەنـدامی یێکیێتیـی ئەدیبـانی عیـراق و دەسـتەی کـارگێڕیی کـۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی بوو..زۆر چالاک بوو.بەشداریی لە هەموو کۆنفراسـەکانی شیعری کوردی لە هەولێر و کەرکووک و سلێمانی دەکرد. و شیعری تیایاندا پێشکەش دەکرد.

لە ٢٠٠٠/١١/٣ دا لە بەغـداد کـۆچی دوایـی کـرد. لە سـاڵی ٢٠٠٨ دا بە کۆششی مامۆستا (حوسێن جاف) بەڕێوەبەری گشتیی خوێندنی کوردی لە وەزارەتی پەروەردە لە بەغداد قوتابخانەییێک لە ناوەڕاستی شاری بەغداد، لە شوریجە بەناوی داری سارییەوە ناو نرا.

لە بیرەوەرییەکانم لەگەڵ داری ساریدا :

لە ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی (١٩٨٣/١/١) لەگەڵ شاعیری میللیی کوردی فەیلیـی مەزن (داری سـاری) و مەحمـوود زامـدار و د. عیزەالـدین مسـتەفا رەسـوول و د. احسـان فوئـاد و د. فوئـاد حەمە خورشـید و حسـین جـاف و محمـد بەدری و د. کامیـل بەسـیر و مەلا شـوکور و زۆری تـر، پـێکەوە لە بەغداوە بەرەو هەولێر بەڕێکەوتین بۆ ئامادە بوون لە گۆنگرەی یێکیەتـی ئەدیبـانی کـورد. لە ڕێگـادا مامۆسـتا داری سـاری بە قسـە خـۆش و پـڕ لە بەشـیرییاتییەکانییەوە شـتی سـەیر و سـەمەرەی بۆ ئەگێڕاینەوە.. بە بەڵگەوە باسی مێژووی کوردی پێش ئادەمی کرد. دوای ئەمە مەحمود زامدار هـاتە سـەر باسـی (کەر) و (کەریـزم) بە وردی باسـی دەور و گرنگێتـی (زەڕینۆلۆجیـا) ی کـرد لە هەڵـدانەوەی نهێنـی و لایەنە شـاراوەکانی بیـر و مێژووی مرۆڤی پێش ئادەم، ئنجا ڕووی کردە مامۆستا داری ساری و وتـی: داری سـاری، ئەزانـی کە د. وریـا وەک کەر گیـا خـۆرە؟ بەزەیـی بە ئـاژەڵا بیێتەوە هەرگیـز گۆشـت نـاخوا و تخـوونی نـاکەوێ؟ داری سـاریش یەکسـەر ئەم سێ دێرەی نووسی و دایە من:



واتا: لە میوەجاتا هەموو شت دەخۆیت..
هەموو شتێک گۆشت نەبێ
لە عورفی ژیان بەمە دەوترێ گیاخۆر
لە عەقیدەی ژیان پێڕەوی غاندییە
ئەگەر مەحموود هات وەک کەر زەڕی
دکتۆر وریا لەگەڵیدا دەکەوێتە زەڕین
**ڕۆژنامەی هەولێر ژ ٢١٧٧ م ٢٠١٥/٧/١٢**

**عبد الرزاق بيمار**

شـــاعير و ڕوونـــاكبير و ڕۆژنـــامەنووس و تـــوێژەر و ڕەخنەگـــر و مامۆســـتای زانکـــۆ.. یەکـــێکە لە شـــاعیرە ڕۆمـــانتیکییە هەرە ناســـکەکانی قوتابخانەی گۆران.. لە ساڵی ١٩٣٦ لە شاری کۆیە لەدایک بووە، قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە کۆیە تەواو کردووە.. لەساڵی ١٩٦٣ لە یەکەم خولی یەکەم بەشی کوردیی زانکۆی بەغداد، بە یەکەمی دەرچووە..

یەکەم شـــیعری لە ســـاڵی ١٩٥٤ لە ڕۆژنـــامەی (ژیـــن) ی گۆرانـــدا بڵاوکـردۆتەوە. هەڵبەسـتی شـاعیرانی نـوێی عەرەب و ئەورۆپـایی کاریـان تێکردووە و یێکێکە لەوانەی دەورێکی باڵایـان گێڕا لە چەسپاندنی ڕێبازی شیعریی گۆران.

هەر لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە من مامۆستا عبدالرزاق بیمار وەک شاعیرێک دەناسم، بەردەوام شیعر و نووسینەکانی دەخوێنمەوە. تـــا ئیســـتاش پەیوەنـــدیی برایەتـــی و خۆشەویســـتیم لەگەڵ ئەم زاتە پـــاکە بەردەوامە. ئیســـتاش زوو زووە پەیوەنـدی لەگەڵ یەکتـر دەکەیـن و یەکتـر دەبینین.

لە ساڵی ١٩٨٣ دا بـوو، ئەوسا مـن سـەرۆکی بەشـی کـوردیی زانکـۆی بەغداد بووم. داوام لێ کرد بێ لە بەشی کوردیدا ببێ بە وانە بێژ. داواکەی ڕەت نەکردمەوە و بوو بە وانەبێژی ئەدەبی کوردی لە بەشـەکەدا (کە خـۆی دەرچووی یەکەم خولی بوو ). تا سـاڵی (١٩٩٠) بەردەوام بـوو. ئەو مـاوەیەی لە بەشی کوردی مایەوە دەرفەتی بۆ ڕەخسـاندم لە نزیکەوە بیناسـم. شـایانی باسە کە وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان مامۆستا (خالید دۆسکی) یەکێ بوو لە قوتابییانی.

عبـدالرزاق بیمـار مرۆڤێکـی هـێمن و پـاک و دەروون ڕوونە. شـارەزا و قسـەخۆش و لێزانە. سـینەی بە دەنگوباسـی ئەدەبی پونگـاوەتەوە. زمـانێکی شـیعریی ڕەوان و پـاراو و ناسـکی هەیە. کەم قسـە دەکـات و دەزانـێ چـۆن وشـەکانی هەڵبـبژێرێ...ڕا و بۆچوونەکـانی لەبـارەی زۆر لە کێشـە ئەدەبـی و زمانییەکـان ورد و بە جـێ و سـەرنجدارن...قوتابییەکان خۆشـیان دەویسـت و

ڕیزیان لێ دەگرت..

چالاکانە بەشداریی کرد لە پتەو کردن و پەرەسەندنی بەرنامەکانی خوێندنی بەشی کوردی. وانەی ئەدەب و ئەدەبی بەراوردی و پەخشانی بە پێی تازەترین ڕێبازەکان دەوتەوە. تەنانەت بە شێوەییێکی فەرمی و بەناوی لیژنەی زانستیی بەش داوام لێکرد کە موحازەرەکانی بکات بە کتێب. وابوو ئەوەکەی (پەخشان) ی وەک کتێب چاپکرد. (خۆشی لە پێشەکیی کتێبەکەدا ئەم ڕاستییە دەردەخا .(کتێبەکە تا ئیستاش وەک سەرچاوەییێکی ڕەسەن و گرنگ قوتابییان و توێژەران و مامۆستایان سوودی لێ وەردەگرن.

بە بۆنەی تێپەڕینی ٥٠ پەنجا ساڵ بە سەر دامەزراندنی یەکەم بەشی کوردی لە مێژوودا، لە ڕۆژی یەکشەممەی ڕێکەوتی (٢٠١٠/٢/١٤) دا کە بۆنەی جەژنی ڤالەنتاین و خۆشەویستییە.. ئاهەنگی یۆبیلی زێڕینمان لە بەشی کوردیدا گێڕا... لەم ئاهەنگەدا ڕیز لە مامۆستا عبد الرزاق بیمار نرا وەک یەمەم دەرچووی یەکەمی یەکەم خولی بەشەکە و وەک مامۆستاییێک تێیدا، کە خزمەتێکی زۆری بواری زانستی و پەروەردەیی پێشکەش کرد.

لەبەر پایە و پێگەبەرزیی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا،

**لە ڕۆژنامەی (هەولێر) ژ ٢١٨٥ ی (٢٠١٥/٧/٢٠) بڵاوبۆتەوە.**

**عبد الرزاق بیمار لە نامەییێکی ماجستێردا**

مامۆستا عبد الرزاق بیمار بوو بە پرۆژەی نامەییێکی ماجستێر لە زانکۆی ڕاپەڕیندا بە ناونیشانی (ئەزموونی ئەدەبیی عەبدولڕەزاق بیمار : لێکۆڵینەوەییێکی شیکاری – ڕەخنەیی) لەلایەن خوێندکار (شەیدا باسم عبدالله). لە ڕۆژی سێشەممەی ڕێکەوتی (٢٠١٦/٤/٢٦) وتوویژ کرا.

مایەی شانازی بوو بۆ من سەرۆکایەی لیژنەکەی بکەم کە لەم بەڕێزانە پێکهاتبوو:

د. وریا عمر امین – سەرۆکی لیژنە

د. عوسمان حەمەد خدر (دەشتی) – سەرپەرشت

د. عەلی تاهیر بەرزەنجی – ئەندام

د. حسێن غازی کاک ئەمین – ئەندام
مامۆستا عبدالرزاق زیاتر لە نیو سەدە لە بەغداد نیشتەجێ بوو..بەم دواییە گەڕایەوە مەڵبەندی لە دایکبوونی شاری کۆیە.
پێشنیازی دەکەم شەقامێک یا چیمەنێک لە شاری کۆیەدا بە ناوی بنرێ.

**حاجی هاشم**

ئەو مرۆڤانەی هەرگیز لەبیر ناچن.
دامەزرێنەری گەورەترین چاپخانە لە کوردستاندا
ئەو نەخوێندەوارەی بوو بە گرنگترین سەرچاوە بۆ خوێندەواران

حاجی هاشم خاوەن و دامەزرێنەری گەورەترین و پێشکەوتووترین چاپخانە بوو لە کوردستاندا... مرۆڤێکی خۆڕسکی کۆڵنەدەر بوو، بە ئازایەتی خۆی لە لووتکەی نەبوونی و هەژاری و چەرمەسەری و خاکەسەرییەوە، خۆی گەیاندە لووتکەی سەرکەوتن و هەبوونی و بوو بە باوکی هەژاران .. نموونەی مرۆڤی تێکۆشەری ڕەنجدەربوو .

حاجی هاشم مێژوویەکە پڕ لە شانازی، خاوەن ئەزموونێکی ڕەسەنی سەیری زۆر تایبەتیی بێ هاوتا بوو.. زوو زووە سەردانم دەکرد . جارێکیان زیاتر لە دوو سەعات لای دانیشتم....بە وتە پڕ لە حیکمەتەکانی ئەبڵەقی کردم..... شانازی بەوە دەکرد کە تا ئیستاش (نەخوێندەوار) ە ..لەگەڵ ئەمەشدا گەورەترین و پێشکەوتووترین سەنتەر و سەرچاوەی خوێندن و ڕۆشنبیریی بۆ خوێندەواران و ڕۆشنبیران دامەزراندووە، کە چاپخانەکەیێتی، تا مردنی (دڵشاد) ی کوڕی بە پەتای کۆڕۆنا، زیاتر لە ٣٠ سی هەزار ناونیشان و کتێبی بە چاپ گەیاندبوو. سەرگوزشتەی ژیانی خۆی لە لاپەڕەییێکدا تۆمار کردبوو، دانەییێکی لێ پێشکەش کردم .

حاجی هاشم لە ساڵی ١٩٣٦ لە هەولێر لەدایک بووە..کابراییێکی دڵفراوان و خێرەومەند و خێر خواز بوو .. زۆر یارمەتیی هەژاران و لێقەوماوانی دەدا. لە سەر ئەرکی خۆی نەخۆشخانەییێک و قوتابخانەییێک و دوو مزگەوتی لە گوندەکانی (پونگینە و پەرەگە) ی سەر بە شەقلاوە لە بناری سەفیندا درووست کردووە.

له سەرەتای ساڵی ٢٠٢٠ دڵشادی کوڕی بە پەتای کۆڕۆنا مرد. زۆری پێ نەچوو (حاجی هاشم) یش لە خەفەتانا لە(٢٠٢٠/١٢/٢٥) بەزگیدا
بە داخەوە کەم کەس ئەو مرۆڤە مەزنەی لە بیرە..

**لەتیف حامید**

لەتیف حامید (١٩٤٠ – ٢/٢٢/ ١٩٧٤) چیرۆکنووس و ئەدیبی داهێنەر، کوڕەمام و زاوای شاعیر لەتیف هەڵمەت بوو..لە قۆناغی ناوەندی وانەی عەرەبیی پێ دەوتینەوە ..جگە لەمە بۆ ماوەی دوو ساڵیش دراوسێمان بوو ..ماڵمان بەانبەر یەکتر بوو.. بۆیە زۆر لە نزیکەوە دەمناسی . وەک هاوڕێ و برایەکی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا دەکردم...ئەوسا تازە موچڕکی نووسین و شیعر بە لەشما دەگەڕا..ئەو شتانەی دەمنووسین پێشانم دەدان .. زۆر هانی دەدام و تێبینییەکانی تا ئیستا لە گوێما دەزرینگێنەوە.

لە ماوەی ئەو تەمەنە کورتەیدا کۆمەڵە بەرهەمێکی نایابی ڕەسەنی، بە شێوازێکی نوێ لە ڕووی ناوەرۆک و تەکنیکەوە، پێشکەش کرد.. شارەزاو زانا بوو لە بواری زمان و ئەدەبی عەرەبیدا..وەرگێڕیکی سەرکەوتوو بوو ..کۆمەڵە شیعرێکی شاعیرانی کوردی وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی (گۆران و کامەران و لەتیف هەڵمەت و ئەنوەر شاکەلی و هیتر.. ).

لەتیف حامید تێکۆشەریکی بیرڕوونـاکی نەبەرد بوو .. بە داخەوە لەهەرەتی گەنجێتیدا کۆچی دوایی کرد..تەمەن مۆڵەتی بدایە دەبوو بە کەڵەییێکی گەورەی بواری ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کوردی.

کۆچکردنی ناوادەی ئەم گەوهەرە نایابە زیانێکی گەورەی بە بواری ئەدەب و زمانەوانیی کوردی گەیاند.

لە ئاست ئەم کارەساتە جەرگبڕە هەر ئەوەندە دەتوانین بڵێین.. درووود لە گیانی پاکی.

ئەم وتارە لە ساڵیادی (٤٢) ەمی لەتیف حامید، لەسەر لاپەڕەی فێسبوک Waria Omar Amin لە ڕۆژی (٢٢ – ٢ – ٢٠١٦) دا بڵاو بۆتەوە.

نووسەر (سابیر ڕەشید) بە ناو نیشانی (ئینسایکلۆپیدیای لەتیف حامید) ـەوە کتێبێکی ٧٠٠ لاپەڕەیی لە بارەی (لەتیف حامید) ـەوە بڵاوکردۆتەوە ..

تیایدا بەرهەمەکانی (لەتیف حامید) و هەرچییەکی لەبارەیەوە نووسراوە پێشکەشی دەکات . ئەم وتارەی منیشی گرتۆتەخۆ (ل ٣٣). / کتێبەکە لە بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردییە(ژمارە ٣٤٦ ی ساڵی ٢٠١٨)

**لەتیف هەڵمەت**

لە رۆژی شەممەی ڕێکەوتی (٢٠٢٣/٦/١٧) لە سلێمانی، یەکەمین دیداری (لەتیف هەڵمەت) بۆ ئەدەبی منداڵان بە ڕێوەچوو. لەم دیدارەدا پێگەی لەتیف هەڵمەت لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا وەک هەمیشە بەرز نرخێنرا.

شەوەکەی پەیوەندیم پێیەوە کرد و پیرۆزباییم لێ کرد. بەسەرهاتێکی زۆر خۆشم بۆ گێڕایەوە. کە پەیوەندیی بە ناوییەوە هەیە.

لە ساڵانی (٢٠٠٤ – ٢٠٠٥) دا، (د. هەڵمەت بایز ڕەسوول)، کە ئێستا مامۆستای ئەدەبە، بە پلەی پرۆفیسۆری یاریدەر، لەبەشی کوردیی فاکەڵتی ئاداب - زانکۆی سۆران، قوتابیم بوو لە قۆناغی ماستەردا .

جارێکیان پێم وت، گەر کوڕێکت بوو ناوی لێ بنێ (لەتیف) دەبێتە (لەتیف هەڵمەت .(دەمێ ڕاما و بە پێکەنینەوە وتی، شانازییە بۆ من ناوی کوڕم (لەتیف هەڵمەت ) بێ. بەڵام دەبێ لێم ببووریت، ناوەکە کوردی نییە.

ئەم وتەیە دوو شتی زۆر گرنگی سەلماند:

١ – گەورەیی لەتیف هەڵمەت.

٢ – هەستی ناسکی کوردایەتیی د. هەڵمەت بایز.

شایانی باسە د. هەڵمەت یێکێ بوو لە قوتابییە هەرە هێمن و ڕووخۆش و زانستپەروەرەکان . لە ساڵی ٢٠٠٦ دا بڕوانامەی ماجستێری بە پلەی نایاب دەستخست. ناونیشانی نامەکەی: ( ڕەهەندی دەروونی لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەندا) بوو.

لە ساڵی ٢٠١٢ دا بە سەرکەوتوویی دکتۆراکەی تەواوکرد. ناونیشانی نامەکەی ( دەقاوێزان لە ڕۆمانی دواهەمین هەناری دنیای بەختیار عەلیدا) بوو ساڵی ٢٠١٢.

### د. عەزیز گەردی

عەزیـز گەردی زانـاییێکی کەمـوێنەی لێهـاتووی کـوردە .. لە شەسـتەکانی سەدەی ڕابردووەوە هاوڕێی گیانی بە گیـانیی یەکتر بووین .. بەردەوام زوو زووە یەکترمان لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر دەبینی، گفتوگۆکانمان لە بـارەی زمان و ئەدەبی کوردی و بیانی کۆتاییی نەدەهات. کتێب و بیر و بۆچوونمـان ئاڵوگۆڕ دەکردەوە .

وا ڕێکـکەوت لە نەوەدەکانـدا بـبم بە مامۆسـتای و ئەنـدام و سـەرۆک لیژنەی گڤتوگۆی نامەکانی ماجستێر و دکتۆراکەی کە بەم ناونیشانانە بوون:

١ ـ ماجستێرەکەی : (کێشی شیعری کلاسیکیی کوردی و بەراوردکردنی لەگەڵ عەرووزی عەرەبـی و کێشـی شـیعری فارسـی  ـ لێکـۆڵینەوەییێکی شیکاریی بەراورده). (١٩٩٤(

٢ ــ دکتـۆراکەی : (سـەروا لە شـیعری کوردیـدا)، لە( ١٣ – ٥ – ١٩٩٨) گفتوگۆکرا.

ئەم نامانەی دوایێ وەک کتێب چاپکران، شۆڕشێک بوون لە بواری کێش و سـەروای کلاسـیکیی کـوردی. ڕۆڵێکـی باڵایـان گێـڕا لە پێشخسـتنی لێکۆڵینەوەی کێش و خستنەڕووی لایەنە شاراوەکانی. بوون بە سەرچاوەی سـەرەکی بـۆ لێکـۆڵەوەران. وەڵامـی پرسـیارە دژوارەکانیـان دایەوە . هەر لە کاتی گفتوگۆی ماجستێرەکەی لە (١٩٩٤ (من ناسناوی (فەراهیدیی کوردم) پێ بەخشی.

شـایانی باسـە، لە ژمـارە ١٢٦ ی سـاڵی ١٩٩٠، )ل ٤٧ – ٥٨) ی گۆڤـاری ڕۆشـنبیری کوردیـدا باسـێکم بە ناونیشـانی (شـەپۆلەکانی شـیعری کـوردی) یەوە بڵاوبۆتەوە، تێیدا کێشی شیعریی کوردی و عەرووزی عەرەبی بەراورد دەکەم. بۆ یەکەم جار هەمـوو زەحافـات و عیلەلەکان بە یەک خشـتە دەخەمە ڕوو . لە گفتوگۆکانمادا لەگەڵ عەزیـز گردی لە بـارەی ئەم باسـەوە، لە کـاتی کۆڕسـەکانیدا، عەزیـز گەردی وتـی لەم باسـەتدا باسـی شـیعری عەرووزیـی کوردی ناکەیت، وتم ئەمە سنووری باسەکەمە تۆ دەتوانی ئەم ئەرکە ئەنجام بدەیت، باشـترین ناونیشـانە بۆ نـامەکەت . وا بـوو پەسـندی کرد و کـردی بە

بابەتی نامەی ماجستێرەکەی بە ناونیشانی (کێشی شیعری کلاسیکیی کوردی و بەراورد کردنی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسی.(

لە ساڵی ١٩٩٩دا وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکوومەتی کوردستان نامەکەی وەک کتێب بڵاوکردەوە، تێیدا لە ل (٤٢ ـ ٤٣) ناوی ئەم باسەم دەهێنێ و بۆچوونی خۆی لە بارەیەوە دەردەخات.

جگە لە لێکۆڵینەوەکانی لەبارەی کێش و سەروادا، د. عەزیز گەردی یێکێکە لە باشترین وەرگێڕەکانمان. دەیان ڕۆمانی جیهانیی کردۆتە کوردی، گەلێ لێکۆڵینەوەی ڕەخنەییی لە بارەی ئەدەبی کوردی و جیهانی پێشکەش کردووە. زمانزان و فەرهەنگناسێکی بێ هاوتا بوو .نووسینەکانی بە زمانێکی کوردیی پاراوی پتەو پێشکەش دەکات. بە سەدان وشە و دەربڕینی کوردیی ڕەسەنی بە بواری نووسینی کوردی ناساندووە .

هاوڕێیەتی و پەیوەندیی خۆشەویستیمان تا ساڵی ٢٠٠٩ بەردەوام بوو، تا لە پڕ لێم تۆرا، بە هۆی بارودۆخە دەروونییەکەی کە ئەنجامی بیرکردنەوەی قووڵ و هەستە فرە ناسکەکەی بوو. ئەمە وای لێکرد گومان لە هەموو کەس بکات و لە هەموو هاوڕێیانی نزیک و دووری دابڕێ . زۆر هەوڵم دا ئاشتی کەمەوە سوودی نەبوو. دەچوومە ماڵی دەرگای لێ نەدەکردمەوە، لە ڕێگادا دووچاری بام خۆی لێ لادەدام . تا دوای سێ ساڵ بەم دێرە شیعرە نامەیێکم بە مۆبایل بۆ نارد، دەڵێم:

**عەزیز گەردی تۆ لەلای من زۆر عەزیزی**
**ئێستاش نەمزانی لەسەرچی لە من زیزی**

وەڵامی نەدامەوە و مۆبایلەکەی لێ بلۆککردم .

لە ساڵ ٢٠١٦ دا، د. محمد خدر مەولوود لە دیمانەیێکیدا لە گەڵم، ئەم پرسیارەم لە بارەی خوێندنی باڵاوە لێ دەکات:

* ڕات بەرامبەر بە ئاستی زانستیی نامەکانی دکتۆرا و ماجستێر چییە؟

لە وەڵامدا دەڵێم:

لەگەڵ ڕێزم بۆ هەندێکیان، زۆربەی زۆری نامەکانی ماجستێر و دکتۆراکان، لاسایی و ئەرشیيفین و پێداچوونەوەن و دەچنە ڕیزی

ئامادەکردنەوەوە. زۆربەی زۆریان هیچ گیروگرفتێکی زمانی کوردی و هیچ بابەتێک و یاساییێکی پێشتر باس نەکراو ناخەنە ڕوو و هیچ کێشەییێکی ئەدەبی و ڕەخنەیی و زمانەوانیی کوردیی چارەسەرناکەن. گیروگرفت و گریمانە لە زۆربەی زۆریاندا بەدی ناکرێت، کە مەرجی سەرەکییە لە نامەی ماجستێر و دکتۆرادا .

پاشان د. محمد لێم دەپرسێ:

*** گەر داواتان لێ بکەم ناوی یێکێ لەوانە بهێنیت کە نامەکەیان لە ئاستێکی زانستیی بەرزدایە.**

..داوای ناوێکم لێ دەکەیت، یەکسەر (عەزیز گەردی) م هاتە بیر. کارەکانی هەموو ڕەسەنن، شتی تازەی دەستخستووە، هەمووی ئەنجامی خۆیەتی و ئامادەکردن لە نامەکانیدا بەدی ناکرێت. زۆر گیروگرفت و لایەنی شاراوە و دژواری کێشی شیعری کلاسیکیی کوردیی چارەسەر کردووە و ڕوونی کردۆتەوە. من بە (فەراهیدی) ی شیعری کلاسیکیی کوردیی دادەنێم .

### تاریق جامباز

پارێزەر تاریق جامباز، خزمێکی نزیک و هاوزە و هاوڕێی سەردەمی منداڵێمە. بیرمە لەو ساکەوە موچڕکی خوێندنەوە بە دەمارەکانیدا دەگەڕا. لە کۆتایی شەستەکانەوە دەستی بە نووسین و بڵاوکردنەوە کرد. من ئەوسا قوتابی بووم لە زانکۆی بەغدادا، هەندێ جار وتارەکانیم بۆ دەگەیاندە ڕۆژنامەی هاوکاری و تەئاخی و گۆڤارەکان بۆ بڵاوکردنەوە. لەبارەی وەرزش و بابەتی هەمەچەشنەی دەنووسی بە کوردییێکی پاک و ڕەوان، بە توانینێکی ئومێدەوار.

دوای تەواوکردنی بەشی یاسا و بوونی بە پارێزەر، لە سەردەمێکی یەکجار سەخت و گرنگ و ناسک لە مێژووی تێکۆشانی نەتەوایەتیماندا، کەوتە بایەخدان بە نووسینی بابەتی یاسایی، بە تایبەتی لەبارەی یاساکانی زمان، هەموو وزەی خۆی بۆ ئەم پرسە پیرۆزە تەرخانکرد و بوو بە پارێزەرێکی دڵسۆزی زمانە شیرینەکەمان کە سەدەها ساڵە کەوتۆتە بەر لێشاوی دڕندەی کوردتوێنەرە بێ ویژدانەکان.

پارێزەر تاریق یەکێکە لە پێشەنگ و دەستپێکەکانی بایەخدان بە زمانی کوردی لەڕووی یاساییەوە، ڕۆڵێکی یەکجار گرنگی مێژوویی گێڕاوە لە وشیارکردنەوەی لایەنی یاسایی و سیاسەتی زمان لە کوردستاندا، ساڵەهای ساڵە بێ کۆڵدان بەردەوامە لە پیشکەشکردنی بەرهەمی ڕەسەن، بەسوود وەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتان، لە پێناو وەدەستهێنانی مافە زەوتکراوە ڕەواکانی کورد و داکۆکیکردن لە سەر مافی مرۆڤ و مافی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانی تری کوردستان.

پارێزەر تاریق بە دەیان کتێب و وتاری بڵاوکردۆتەوە، لە بەرهەمە هەرە دیار و گرنگەکانی پڕۆژەی یاسای زمانە فەرمییەکانی عێراقە کە لە ساڵی ٢٠٠٧ دا پێشکەشی کردووە. هەروەها بەشداریی کردووە لە ئامادەکردنی (پڕۆژە یاسای زمانە فەرمییەکان لەهەرێمی کوردستان- عێراق) بە زمانی (کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکی) و بە پیتی لاتینیش. لەساڵی ٢٠١٣دا بڵاوکراوەتەوە و... گەلێ کاری گرنگی تر.

جگە لە نووسینەکانی، پارێزەر تاریق جامباز، وەک چالاکەوانێک بەشداریی لە گەلێ سیمینار و کۆڕ و کۆنگرەی یاسا و سیاسەتی زمان کردووە لە زانکۆکانی کوردستاندا. وچەند پێشنیازێکی گرنگی پێشکەش کردووە لەپێناو بایەخدان بەزمانی کوردی و گەشەپێدانی، وەک:

١. یاسای زمان لە زانکۆدا بخوێنرێ.
٢. سیاسەتی زمان پێگەی تایبەتی خۆی هەبێ لای لایەنە سیاسییەکان.
٣. هەبوونی لیژنەی زمان لە پەرلەمان و حکومەت و دامودەزگاکاندا بۆ داڕشتنی زمانەوانیی کۆنووس و بڕیار و پەیوەندییەکان و بڕیارەکان
٤. یاساکان بەزمانی کوردی بنووسرێنەوە.
٥. پڕۆژەی پاراستنی بەڵگەنامەکان.

پارێزەر تاریق بۆتە سەرنووسەری گۆڤاری (یاساپارێزی) و ئەندامی دەستەی نووسەران و ڕاوێژکاری چەند گۆڤار و بڵاوکەرەوەیێکی یاسایی.

بایەخدانی پارێزەر تاریق گەیشتە ڕادەییێک (کارزان)ی کوڕیشی بخاتە هەمان بوار، وابوو لە ساڵی ٢٠٠٨دا بڕوانامەی ماجستێری وەرگرت لە

بواری یاسای زمانەکان. ناونیشانی نامەکەی (التنظیم القانوني لتعدد اللغات في الدولة الفيدرالية) بوو.

وەک یاساوانێک پارێزەر تاریق هەمیشە جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە دەبێ یاسا سەروەر بێ و جێبەجێ بکرێ و بەردەوام بەدواچوونەوەی بۆ بکرێ.

پارێزەر تاریق جامباز بوو بە ئەندام پەرلەمانی کوردستان لە خولی یەکەم و دووەمیدا. لە ساڵی ٢٠٢٢دا کتێبێکی (٣٧٥) لاپەڕەیی بە ناونیشانی (پەرلەمانتاریمان) بڵاو کردەوە، تیایدا سەرگوزشتەی سەردەمی پەرلەمانتاریی خۆی دەخاتە ڕوو. بە دەیان دەکومێنتی مێژوویی گرنگی گرتۆتە خۆ، دەبنە سەرچاوییێکی سەرەکیی بە پیت و باوەر پێ کراو بۆ نووسینی مێژووی سەردەمێکی هەستیاری کورد. ئێستاش سەرقاڵی نووسینی پیرەوەرییەکانییەتی بە ناونیشانی (دایکم بەم ڕۆژگارەی گەیاندم).

من وەک نوێنەری هەرێمی کوردستان لە لیژنەی باڵای یاسا فەرمییەکانی زمانەکانی عێراقیی سەر بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق لە بەغداد، پارێزەر تاریقم وەک پسپۆڕێکی یاسای زمانەکان بە لیژنەکە ناساند و کتێبەکانیم پێشکەشکردن. پەسندیان کرد و سەرۆکی لیژنەکە د. رەحیم الساعدی لەکاتی کۆبوونەوەدا پەیوەندیی تەلەفۆنی لەگەڵ کاک تاریق کرد. سوپاسی کرد و ستایشی کارەکانی کرد. پێی ڕاگەیاند کە کتێبەکەی (من ابادة اللغات الى قانون اللغات الرسمية في العراق الاتحادي) دەکەن بە بەرنامەی کاری لیژنەکە، ئەمە داننانێکی فەرمیی لە ئاستێکی بەرزدا بوو بە گرنگێتی و ڕەسەنایەتی کارەکانی پارێزەر تاریق و بووە مایەی شانازی بۆ ئیمەی کورد.

دکتۆر وریا عمر امین

١٧ - ٧ - ٢٠١٧

**لە کتێبی (حەفتا مۆم) ی تاریق جامباز . ساڵی ٢٠١٨، ل ٢١٩ – ٢٢١دا بڵاوکراوەتەوە.**

**ڕەئووف جەمباز**


کەسایەتیی ناوداری شاری هەولێر کاک (ڕەئووف محمد سەعید جەمباز) برای پارێزەر (تاریق جەمباز) ە، هاوسەری خوشکی ڕەحمەتیم (گەلاوێژ) بوو. مرۆڤێکی هێمنی ڕەوشت بەرزی دڵفرەوانی گەشبینی سەخیی یارمەتیدەرە.

لە ساڵی ١٩٧٠دا بەیاننامەی ١١ی ئازار دەرچوو. یەکێ لە بڕگەکانی ئەوە بوو هەندێ قوتابیی کورد بنێررێتە دەرەوە بو وەدەسهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە زمان و ئەدەبی کوردیدا. ئەو ساڵە بوو (١٩٧٠ – ١٩٧١) من بە پلەی یەکەم لە بەشی کوردی دەرچووبووم. تەقدیمم کرد و ناوم دەرچوو بۆ خوێندنی دکتۆرا. داوای کەفیلیان لێ کردم بە (٧٥٠٠ دینار) کە ئەوسا پارەییێکی یەکجار زۆر بوو حەوت خانووی پێ دەکڕا. داوام لە زۆر لە کەسوکار و ناسیاوە دەوڵەمەندەکان کرد، هەموو بە هەنجەتی جیا جیا داوای لێبووردنیان کرد. کە کاک ڕەءووف ئەمەی بیست یەکسەر دەستی گرتم و وتی من بە سەد هەزار دیناریش بێ دەبمە کەفیلت. وا بوو چووینە لای کاتب عەدل بۆی مۆرکردم. گەر کاک ڕەئووف نەبا هەرگیز نەمدەتوانی خوێندن تەواوکەم. تا ماوم ئەو چاکەیەییم هەرگیز لە بیر ناچێ.

لە (١٩٧٠/١١/١٩) هەندێ لە برادەرانی خۆی بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ دەعوەت کردبوو. گەلاوێژی خوشکم خواردنی ئامادە کرد. بوو بە نیوڕۆ میوانەکان هەموو هاتن بەڵام کاک ڕەئووف دەرنەکەوت. من لەگەڵیاندا دانیشتم. بوو بە سەعات سێی دوای نیوەڕۆ هەر دەرنەکەوت. میوانەکان بێ ئەوەی نانەکە بخۆن، داوای لێبووردنیان کرد و وتیان خوا بە خێری بگێڕێ، دیارە شتێکی نەخوازراو ڕووی داوە، ئێمە دەچین لە بنکەی پۆلیس و نەخۆشخانەکان دەگەڕێین بەڵکوو دەیدۆزینەوە، هەر شتێکیشمان زانی یەکسەر ئاگادارتان دەکەینەوە. سەعات دەوروبەری نۆی شەو بوو لە پڕ زەنگی تەلەفۆن لێیدا ..گەلاوێژ بە قوڵپی گریانەوە وەڵامی دایەوە، کاک رەئووف خۆی بوو. وتی دڵتان لام نەمینێ من لە شوێنێکی باشم، ئیستا دانیشتووم سەیری بەرنامەی (الشورته في خدمت الشعب ) دەکەم لە

تەلەفزیۆندا. بەم زووانە دێمەوە. بەمە زانیمان کە گیراوە بەڵام نەمانزانی لە کوێیە و بۆ گیراوە. سێ مانگ و هەشت ڕۆژ دەنگوباسی بڕا. لە پڕ لە ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی (١٩٧١/٢/٢٧) هاتەوە. هەموو بەسەرهاتەکەی خۆی بۆ گێڕاینەوە کە لە (قەسرونهایە) لەسەر (حوسێن شێروانی) گیرابوو. (حوسێن شیروانی) هاوسەری قەدریەی خوشکی کاک ڕەئووف بوو، ئەوسا بە تۆمەتی جموجۆڵی کوردایەتی و پەیوەندیی لەگەڵ شۆڕشدا برابووە قەسرولنیهایە. کاک رەئووف هەوڵی بۆ دەدا ئازادی کەن، بۆیە گرتیان.

زۆر بە داخەوە، دوای دوو ساڵ لە ڕۆژی پێنجشەممەی ڕێکەوتی (١٩٧٢/ ١١/٢٣) (حوسێن شێروانی) لە ژێر ئەشکەنجەدان شەهید بوو. ئەمەش بەیاننامەی شەهیدبوونیەتی:


الجمهورية العراقية
وزارة الصحة
مديرية الاحصاء

صورة قيد وفاة

رقم الشهادة الاصلية ٦٩٢ - ٢١
تاريخ تنظيمها ٢٤ / ١١ / ١٩٧٢

الى / من يهمه الأمر

نؤيد لكم بان الوفاة المسجلة أوصافها أدناه، قد سجلت لدينا في سجل الوفيات تحت تسلسل ٤٢١٤ لسنة ١٩٧٢

اسم المتوفى حسين الجنس ذكر الجنسية عراقي العمر ٤٥ سنة الديانة مسلم

اسم الاب مولود شرواني

اسم الام فاطمه

تاريخ الوفاة : رقما ٢٢ / ١١ / ١٩٧٢

كتابة

محل وقوع الوفاة بغداد

سبب الوفاة

اسم المخبر عن الوفاة

اسم المنظم التوقيع التاريخ ٦ / ٢ / ١٩٨٩

اسم الدكتور التوقيع

وزارة الصحة
معهد الطب العدلي
الصادرة
العدد
التاريخ

بەیاننامەی مردنی شەهید حوسێن شێروانی

لەو ڕووداوانەی کە هەرگیز نەدەبوو ڕووبدات و جێی داخ و نیگەرانی و سەرسوڕمان بوو لای هەموو خەڵکەکە ئەوەیە، لە ساڵی ١٩٧٠ کاک ڕەئووف

ئوتـومبیلێکی مارسیدیسـی ڕەنگسـووری نـوێی کڕیبـوو . وەک کـاک ڕەئـووف خۆی هەمیشە دەیگێڕێتەوە:

(ع) لە ڕێـی برادەرێکیـانەوە داوای لـێ کردبـوو ئوتـومبیلەکەی پێشـکەش بکـات. کـاک ڕەئـووف ڕازی نەبـوو. وا بـوو چەکـداری نـاردە سـەری و ئوتومبیلەکەی بە زۆر لێ زەوت کرد. کاک ڕەئووف چووە لای مەلا مستەفا بـارزانیی نەمـر شـکایەتی لـێ کـرد و زۆر لە کەسـایەتییەکان هەولێـان دا ئەم کێشـەیە یەکلایی بکەنەوە چونکە زۆر ناشـێرین بـوو لەو کاتە ناسکەدا ئەمە ڕوو بدات، دیارە ڕێزی کەسی نەگرت.

ئەوسا (عبدولوەهاب ئەترووشی) پارێزگـاری هەولێـر بـوو و(شـێخ رەزای گولانی) مودیری شورتە بوو. کاک ڕەئووف داوای لێکردن نووسـراوێکی بـۆ بکەن بۆ تەئمین چونکە ئوتومبیلەکەی تەئمین کرابوو دەبێ ئاگاداریـان بکـا، بۆیان نەکرد و وتبوویان دەتەوێ بڵێی ئێمە دزین.

### حوسێن شێروانی

لە سـاڵی ١٩٦٦ قوتـابیی سـاڵی پێـنجەم بـووم لە ئامـادەیی هەولێـر. بـۆ خوێندن لە زانکۆ دەبوو ڕەگەزنـامەی عیراقی دەرهێنم. ئەوسـا ڕەگەزنـامەی هەموو عیراق تەنها لە بەغداد دەردەچوو. بۆ ئەمە چوومە بەغداد. یەکسـەر چـوومە لای شـەهید حوسـێن شـێروانی کە خزمێکـی نـزیکم بـوو. بـاوکی (ئەندازیار دڵسۆز و د. گۆڤەند شێروانی). کاک حوسێن ئەوسـا بەڕێوەبەری پۆلیسی (قوة الشرطة السیارة) بوو، فەرمانگاکەی لە بەتاوین بوو.

پـێم وت هـاتووم بەڵکـو یـارمەتیم بـدەیت بـۆ دەرهێنـانی ڕەگەزنـامە بـۆ قبووڵبـوون لە زانکـۆ. لێـی پرسـیم بە تەمـای چ کـولێجێکی. وتـم زۆر حەز دەکەم بچمە بەشی کوردی. دەیزانی من ئارەزووی نووسـین و شـیعرم هەیە. دەستخۆشیی لێ کردم و وتی ئافەرین زۆر باشە،.لە بەشـی کـوردی ئەنجامی باش دەهێنی و خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی پێ دەکەیت. زۆر دڵی خـۆش کردم و هانی دام. بانگی یەکێ لە زابیتەکانی کرد، پلەی مولازم بوو. پێی وت لەگەڵی برۆ بۆ دائیرەی جنسییە. وابوو هەر بە ئوتومبیلی پۆلیس چووین و بە ئاسانی ڕەگەزنامەکەم دەستکەوت.لە کاتێکدا هاوڕێکانم بە مانگ هـاتوچۆی

بەغدادیان دەکرد تا دەستیان دەکەوت.

شایانی باسە لە سالّی ١٩٦٩ کە بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر بوو یارمەتیی دام لە دەرهێنانی مۆڵەتی لێخوڕینی ئوتومبیل لە(١٠ – ٣ – ١٩٦٩).

(حوسێن شیروانی) مرۆڤێکی پاک و بێگەرد و کوردپەروەر بوو، لەبەر هەڵوێستەکانی لە ( ؟ - ١٠ – ١٩٧١) گیرا و برایە بەندیخانەی قەسرالنیهایە. دوای زیاتر لە ساڵێک لە (٢٣ – ١١ – ١٩٧٢) لەژێر ئەشکەنجەدان شەهید بوو.

### شیعری سەردەمی منالّیم

لەناو ئەرشیفە پەرپووت و قەڵەبالغەکەمدا ئەم سێ پارچە شیعرەم دۆزییەوە کە لە ساڵی ١٩٦٢ دا بۆ خوشک و براکانم (ئاواز - ئاهەنگ - ئازاد - ڕزگار) م نووسیون، ئەوسا هەموو لە قۆناغی سەرەتاییدا بوون.. نموونەی سەرەتای دەسپێکردنی شعر نووسینمن .. لە یادگارییە هەرە خۆشەکانی سەردەمی منالّیمن .. سەرەڕای سادەیی و ساکارییان شانازییان پێ دەکەم.

**(١)**

**ئێمە قوتابین ... هەموو وەک براین**
**لەناو نیشتمان دیارین وەک چراین**
**شەو و ڕۆژ هەردەم .. وا تێئەکۆشین**
**وانە ئەخوێنین .. زانست ئەنۆشین**
**چونکە ئەزانین ئەم نیشتمانە**
**زانست بۆ دەردی .. تەنیا دەرمانە**
**ئێمە قوتابین ..ژیرین دڵسۆزین**
**زانست چەکمانە .. پێشڕەوی هۆزین**
**نیشتمان سەری بە ئێمە بەرزە**
**بە ئێمە دوژمن لە ترس و لەرزە**
**ئێمە قوتابین هۆی پێشکەوتنین**
**هۆی شادیی ژین هۆی سەرکەوتنین.**


ئیمه قوتابین =

ئیمه قووتابین ... هه موو وه ك برایـن
له ناو نیشتمان دیارین وه ك چرایـن
شه و ورۆژ هه رده م ... واتیئه كوشیـن
وانه ئه خوینین زانست ئه نوشیـن
جونكه ئه زانین ئه م نیشتمانه
زانست بو ده ردی تـه نیا ده رمانه
ئیمه قووتابین .... زیریـن دلسوزین
زانست چه كمانه ... بیشره وی هه موزیـن
نیشتمان سه ری به ئیمه بـه رزه
بهند ئیمه دوژمن له ترس و لـه رزه
ئیمه قووتابین هـوی بیشكه وتنیـن
هـوی شادی ژیـن و هـوی سه ركه وتنیـن

وریا عمر امیـن

(٢)

بـــا ڕاكـــەین زووبین وا زەنـــگ لـــێدرا
ڕیز بین دەست بگرین وەک خوشک و برا
به دەنگی خۆش و بەرز گشتمان
با سروود بڵێین بەسەر نیشـــتمان
با هـــــاوار بكەین بە هەموو هەســـتمان
نیشتمان هەر تۆی ...تۆی خۆشەویستمان
ئەبێ هەوڵ دەین بتگەیێنین زوو
بە چرای گەشی هیوا و ئـــارەزوو
بۆ پێشكەوتنت زۆر ئێئەكۆشین
تا توانامان بێ زانست بنۆشین
با ڕاكەین زووبین بە نرخە كاتمان
بێ سوود نەیچوێنین لە دەس وڵاتمان



هاراکه ین

باراکه ین زووهین وا زه نگ لی درا

رییز بین ده س بگرین وه ک خوشک وبرا

به ده نگی خوش و به رزگشتمان

با سروود بلیین به سه رنیشتمان

باهاوار بکه ین به هه موهه ستمان

نیشتمان هه رتوی ٠٠ توی خوشه وستمان

ئه بي هه ول ده ین تابتگه ینین زوو

بو چرای گه شي هیواو ئاره زوو

بو بیشکه وتنت زور تیئه کوشین

تاتوانامان بي زانست بنوشین

باراکه ین زووبین به نرخه کاتمان

بي سوود نه یجوینین له ده س وولاتمان

**(٣)**

ئەوسا ئازادی برام لە پۆلی شەشەمدا بوو ئەمەم بۆ نووسی

**پۆلی شەشەم**


**ئێمە ئیستاکە لە پۆلی شەشین ... بۆیە بەختیارین هێندە ڕووگەشین**

**ئیمساڵمان ماوە لە سەرەتایی ... تەواوی ئەکەین موژدە ئەبەخشین**

**ئەیکەین بە جەژن و جلمان ئەگۆڕین.. بە ڕەنگی سەوز و سوور و زەرد و شین**

**پــەڕی منالــی ئاوابوو لێمــان ... ئیستا تێئەگەین بە بیر و هۆشین**

**ئەزانین کەوا ناگەین بە ئاوات .... بێ هەوڵدان و ڕەنج و تێکۆشین**



بولی ئەش

ئیمە ئیستاکە لە پۆلی شەشین
بۆیە بەختیارین هێندە رووگەشین
ئیسالمان ماوە لە سەرەتایی
تەواوی ئەکەین مژدە ئەبەخشین
ئەیکەین بە جەژن جلمان ئەگۆڕین
بە رەنگی سەوزو سوور و زەرد و شین
پەرری منالی ئاوا بولیمان
ئیستا تینەگەین بە بیروهوشین
ئەزانین کە وا ناگەین بە ئامانج
بی هەولدان و رەنج و تیکوشین

هەولیر – وریا عمر امین

**دیمانەکانم**

١ – گۆڤاری (هەولێر) - مانگی نەورۆزی ساڵی ١٩٧١.

٢ – حەمید بەدرخان - ژ ( ٦٦ و ٦٧) ی(٢/٢٢و٣/ ٢٠٠٦) ی ڕۆژنامەی (بەدرخان).

٣ – ڕۆژنامەی چاودێر - ژ (١٨٥ ی ٢٠٠٨/٧/١٤).

٤ - (هەرێم عوسمان) - ڕۆژنامەی چاودێر ژ (٣٧٥ ی ٢٠١٣/٨/٢٦).

٥ - ڕۆژنامەی بەدرخان - ژ (١٥٧ ی ٢٠١١/٨/١٥).

٦ – د. محمد خدر مەولوود – کتێبی (وریا عمر امین ڕیزلێنان و هەڤپەیڤین)، ٢٠٢١.

٧ - - گۆڤاری زمانەوانی ژمارە ٢٠٢٣/٢.

**یەکەم بڵاوکراوەم**

**١ - یەکەم شیعری بڵاوکراوەم**

بە ناو نیشانی(سەرنج) بوو لە ساڵی ١٩٦٥ بڵاوکراوەتەوە.

**٢ - یەکەم وتاری بڵاوکراوەم**

. له بــارەی شــاعیرییەتی (عبداللــه پەشــێو) ەوە بــوو. له ســاڵی ١٩٦٥ له ڕۆژنامەی (دەنگ و باس) دا بڵاوکرایەوە. یەکەم وتارە عبدالله پەشێو وەک شاعیرێکی بەهرەدار دەناسێنێ.

**٣ - یەکەم چیرۆکی بڵاوکراوەم**

(هاوڕێی دڵسۆز) له گۆڤاری نۆبەرە ژمارە (١) ل ٥٤ – ٥٦ ساڵی ١٩٧٠ بڵاوکراوەتەوە.

**٤ - یەکەم کتێبی بڵاوکراوەم**

بە زمانی ئینگلیزی بوو له ساڵی ١٩٧٦ له لەندەن،.بە ناو نیشانی:

Some fundamental Rules of Kurdish Syntax Structure

**٥ - یەکەم دیمانەی ڕۆنامەوانیم**

له گۆڤــاری (هەولێــر) ژمــارەی مــانگی نەورۆزی ســاڵی ١٩٧١ . ئەوســا قوتابیی قۆناغی چوارەم بووم له بەشی کوردیی زانکۆی بەغداد.

قوتابی کاك وریا عمر ئەمین له دانشگەی بەغدا بەشی کوردی بەم جۆرەی خوارەوە وەڵامی پرسیارە کانی گۆڤارە کەمانی دایەوە :-



١- بیرو باوەڕت بەرامبەر بەیانی ١١ی ئادار چی یە ؟

- بەلای منەوە بەیانی یانزەی ئادار گەورەترین دەسکەوتو گرنگترین بەرهەمی خەباتی نەتەوە کەمانە ، هەروا نرخێکی گەورەی هەیە له مێژووی کوردا چونکە سنووری دانا بو برا کوژی و دەرگای یەکیەتی کردەوە لەبەر دەم هێزە کانی کورد کە ئەمەیان ئاواتی کوردبوو.

٢- ئایا نەورۆز وە کوو جەژنێکی نەتەوایەتی حەقی خۆی دراوەتێ ؟

- گومان لەوە دا نیە کە بیرەوەری ئەم ڕۆژە وەك جەژنێکی نەتەوایەتی پیرۆز له سەخترین ڕۆژا کراوە ، وە هەمیشە کراوە بە مەشخەلی ڕێگای سەر بەستی ، لەم لایەنانە حەقی خۆی دراوەتێ لەم سەردەمەی دواییش دالی پیا نرا لەلایەن میری بوو بە پشودانێکی ڕەسمی .

٣- بیر و باوەڕتان چیە بەرامبەر گۆڤاری هەولێر ؟

- دەرچوونی ئەم گۆڤارە زۆر لە جێیەتی و بۆشاییەکی زۆری پڕ کردۆتەوە ، داوای پێشکەوتنی بۆ ئەکەم ، بەڵام دەرنەچوونی بە ڕێک و پێکی و لە یەک دانی دوو ژمارە لە بەرگێکا لە کەم و کوڕیەکانیەتی هیوا دارم لەمەو دوا ئەو کەم و کوڕیانەی نەمێنی .

٤- پێشنیارتان بۆ پێشکەوتنی شارە خۆشەویستە دێرینەکەمان هەولێر چیە ؟

- لەڕاستیدا شاری هەولێری خۆشەویست زۆر دوا کەوتوە ؛ وە پێویستی بە هەوڵدانێکی گەلەک زۆر هەیە بۆ پێشخستنی ، ئەم ئەرکەش ئەکەوێتە سەر شانی دانیشتوان و میری ، دانیشتوان ئەبێ هەوڵی ئەوە بدەن زمان و ئەدەبو کەلەپووری نەتەوایەتیمان بڵاو کەنەوە ، ومیریش ئاوەدانی کاتەوە بەدامەزراندنی کارگەو کردنەوەی قوتابخانەو ڕێک خستنی ،

٥ - هەستتان بەرامبەر بەشی کوردی کەتیادا! دەخوێنی چیە ؟

- بەشی کوردی کەجێی بەیەک گەیشتنی کادرە هەرە بەرزەکانی زمان و ئەدەب مێژووی کوردی و قوتابیانە ، بێ گومان کارێکی ئەوتۆ ئەکاتە سەر پێشخستنی لایەنی ڕۆشنبیری میللەتی کورد ، هیوا دارم پێشکەوتوتر بێ و زیاتر بایەخی بدرێتێ .




### ئازادکردنی کتێبەکانم

باوکم لە ڕۆشنبیرە ڕووناکبیرەکانی سەردەمی خۆی بوو، لە ماڵەوە کتێبخانەییەکی هەبوو زۆربەی ئەو کتێب و گۆڤارە کوردییانەی ئەوسای وەک گەلاوێژ و هەتاو و هاوار و ڕووناهی و هیوای کوردستانی گرتبووە خۆ. هەر وەها کتێبی (شیعر و ئەدەبییاتی کوردی - ڕەفیق حلمی / مێژووی ئەدەبی کوردی – عەلائەددین سوجادی/ گوڵدەستەی شوعەرای هاوعەسرم – عەلی کەمال / ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد. - ئەمین فەیزی بەگ / بەهەشت و یادگار – گۆران و ... ) لەگەڵ چەندینی تر بە زمانی عەرەبیی وەک:

قصص العلماء و المخترعين (1939) محمد عاطف البرقوقي
الذرة – Cecilia H. Hecht (1946) ترجمة اسعد النجار
مع الله في السماء –احمد زكي (1945 )
.. و هيتر

مـن هەر لە منـاڵییەوە چـاوم بەم کتێبـانە کـرایەوە و هـەر ئەمـانە بـوون، عیشـقی خوێنـدنەوە و زانسـتیان لە هەسـت و بـوونی منـدا ڕوانـد. بە تـایبەتی کتێبــی ( مــع اللــه فــی الســماء) ی (احمــد زکــی) منــی خســته جیهــانی گەردوونناسییەوە.

بـاوکم لە (٤ – ١ – ١٩٦٤) دا کـۆچی دوایـی کـرد. بـێ کـەس مـاینەوە، لە کتێبەکـانی زیـاتر هیچـی تـری بـۆ بەجـێ نەهێشـتین. مـن بەردەوام بـووم لە خوێنـدنەوە و کڕینـی هـەر کتێبێـک بە دڵـم بـووایە. تـا وای لێهـات لەم (٦٠) سـاڵەی بەسـەرچوو زیـاتر لە ١٢ هـەزار کتێـبم لا کـۆبێتەوە. لەم پێـنج شـەش ساڵەی دواییدا زۆربەیانم بەشییەوە بەسەر کتێبخانەکانی زانکۆکـان و کـردمن بە دیـاری بـۆ خوێنـدکارانی خوێنـدنی بـاڵا و هاوڕێیـان و کتێبـپەروەران و قوتــابی و خــوێنەرە گەنجەکــان. پێــنج ســەد کتێبــێکم لــێ، لەوانەی دەزانــم پێویستیم پێیـان دەبـێ، گلداوەتەوە .هەر کتێبێکیشـم دەربچـێ هەمووی دەکەم بە دیــاری. کتێبفرۆشــەکانی هەولێــر بەوە دەزانــن کە هەر کتێبــێکم لەلایەن دەزگاییێکەوە بڵاوبکرێتەوە بە سەدان دانەیان لێ دەکڕم و دەیانکەم بە دیـاری بۆ زمانەوانە گەنجەکان.

هەمــوو نووســەر و ڕۆشــنبیر و هەوادارانــی خوێنــدنەوە، کتێبخــانەی تایبەتیی خۆیان لە ماڵەوە لا گەڵاڵە بووە. هەیە ژمارەی کتێبەکـانی گەیشـتۆتە هەزاران. زۆربەی زۆری ئەو کتێبانە تۆزی ساڵەهایان لەسەر نیشتووە، دوای خوێندنەوەیان دەخرێنە ناو دەلاقەکـان و ئیتر هەرگیز توخونیان نـاکەونەوە.. بە داخەوە کتێبخانە کەسییەکانمان بوونەتە زیندانی کتێبان. کەس سـوودیان لێ وەرناگرێ، ئەنجام، دوای مردنیـان دەبێتە بەڵا بە سـەر کەس و کارانیـان. نووسـەر و ڕۆشنبیری وامـان هەبـووە، پـێش مردنـی کتێبەکـانی پێشـکەش بە دەزگاییێکی ڕۆشنبیری یا یێکێ لە کتێبخانە گشتییەکان کردووە. بۆ نموونە:

- نووسـەر و ئەدیبـی ڕوونـاکبیر (نەژاد عبداللـە عزیـز) بەر لە مردنـی، زیـاتر لە ١٣ هەزار کتێـب و دەسـنووس و دەکـومێنتی گرنـگ و بەهـاداری پێشکەش بە کتێبخانەی ئەکادیمیای کوردی کرد.

- بنەماڵەی ئەندازیار (ئیحسـان شـێرزاد) نووسـینگە و کتێبخانەکەیـان، کە بە هەزاران کتێـب و دەکومێنـت و کەلـوپەلی دەگمەن و بە نرخـی تێـدا بـوو، پێشـکەش بە ئەکادیمیـای کـوردی کـرد. ئەمـانە بە نـاوی خۆیـان شـوێنێکی شایەستەیان بۆ لە کتێبخانەی ئەکادیمیای کوردیدا تەرخان کراوە.

- کەسـایەتیی نـاوداری کـورد (فـارووقی مەلا مسـتەفا) سـەنتەرێکی ڕۆشنبیریی بە ناوی براکەی، (د. عیزەددین مستەفا ڕەسوول) دامەزراندووە. کتێبخانەکەی د. عزەددین، کە یێکێکە لە دەوڵەمەندترین کتێبخانە کەسییەکان، گواستراوەتێ.

- ئەندامی ئەکادیمیای کوردی (پڕۆفیسۆر د. عوسمان دەشتی) کتێبخانە یەکجار دەوڵەمەندەکەی خۆی بەخشییە زانکۆی کۆیە.

- کتێبخانەی پڕۆفیسـۆر د. کەمال مەزهەر ئەحمەد کە بە سـەدان هەزار کتێب و ئینسـایکلۆپیدیا و دەکومێنتی مێژوویـی لەخـۆ گرتـووە، بەداخەوە لە خانووێکدا لە گەڕەکی (دریم ستی - هەولێر) بەندکراوە.

- ئەدیبی ڕۆژنـامەنووس شـێخ مـحەمەد سالْح بەرزەنجی زیـاتر لە دوو هەزار کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە و دەکومێنتی بەهاداری پێشکەش بە زانکۆی جیهان و بنکەی ژین و سەنتەری د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ و شوێنی تر کردووە.

- ئەدیـب و نووسـەر و مامۆسـتای زانکۆ(پڕۆفیسـۆر د. ابـراهیم احمـد سـمۆ) هەمـان هەنگـاوی نـا.(٦٥٥٠) کتێبـی پێشـکەش بە کتێبخانەگشـتی و تایبەتییەکان و زانکۆکان و دەزگا ڕۆشنبیرییەکان کردووە.

ئەوەی پەیوەندیی بە منەوە بێ، من فریای خۆم کەوتم، لەم پێنج شـەش ساڵەی دواییدا زۆربەی کتێبەکانم بەشییەوە بەسـەر کتێبخانەکانی زانکۆکان و کـردمن بە دیـاری بـۆ خوێنـدکارانی خوێنـدنی بـالا و هاوڕێیـان و کتێبپەروەران و قوتابی و خوێنەرە گەنجەکان.

له وڵاته پێشـــکەوتووەکاندا کەس کتێـــب ناچەوســـێنێتەوە و نایخـــاتە بەندیخانەوە. کە لە زانکۆی لەندەن قوتابی بووم، دەمدی لە زانکۆ و لە هۆڵە ڕۆشنبیرییەکان و چیمەنە گشتییەکاندا، ڕیزەمێز کتێبی لەسەر دانراوە، هی ئەو مامۆستاو قوتابییانە و خەڵکەن کە ئیتر پێویستییان پێ نابێ، بەخشیویانە بەوانەی سوودیان لێ وەردەگرن .

کە بە شەمەندەفەر سەفەر دەکەن تا کاتیان بە فیڕۆ نەچێ، ڕۆژنامەیێ یا کتێبێ لەگەڵ خۆیان دەبەن، لە ڕێگا دەیخوێننەوە، کە دەگەن، بە جێی دەهێڵن تا یێکێکی تر بیخوێنێتەوە. بەمە شەمەندەفەرەکانیان کردۆتە کتێبخانە.

لە بۆنەکانـدا کتێب دەکەن بە دیـاری. لە نەریـتە هەرە جوانەکـانی ڕۆژی جیهـانیی کتێـب ئەوەیە، هەرکەســە بەلای کەمــی کتێبێـک دەکـاتە دیـاری و پێشکەش بە هاوڕێیێک یا خۆشەویستێکی نزیکی خۆی دەکات .

بـا ئـێمەش ئەم نەریـتە شارسـتانییە بخەیـنە نـاو خۆمـان و لە ڕۆژی جیهـانیی کتێبـدا و لە بۆنەکانـدا، هەریەکەمـان کتێبـێ بە دیـاری پێشـکەش بە خۆشەویست و نزیکێکی خۆمان بکەین. با هەموومان لە ئیمڕۆوە دەسپێکەین.

بـــا ســـاڵیادی ڕۆژی جیهـــانی ببێـــتە هانـــدەرێک.. ڕەحمـــێ بە کتێـــبە بەندکراوەکانمان بکەین.

وریا عمر امين
٢٣ – ٤ - ٢٠٢٣

**بە بۆنەی ڕۆژێ جیهـانیی کتێب کە دەکەوێتە (٢٢ ی نیسـان) لەسـەر لاپەڕەی فێسـبووکەکەمدا Waria Omar Amin لە (٢٣ – ٤ – ٢٠٢٣) بڵاوکراوەتەوە.**

لە کـاتی نووسـینی ئەم دێـرانە بەســەر هـاتێکی ســەیرم هـاتە بیـر، کە پەیوەنـدیی بە کتێـبەوە هەیە. ڕۆژێکیـان لە بـن قەڵای هەولێـر بینـیم منـداڵێ هەنـدێ کتێبـی ڕیـز کـردووە بـۆ فرۆشـتن. کتێبێکـی خـۆم بینی(سـاڵنامەی کوردستان). یەکسەر لێم ورگرت بیکڕم. بەو دەمە بەهشتی(سەلام ناوخۆش) بەوێدا تێپەڕی، منی بینی کتێبی خۆم دەکڕم، دەستی خستە سەر شانم و بە پێکەنینەوە وتی: مامۆستا ئەوە کتێبی خۆت دەکڕی؟. وتـم بەڵـێ کـاکە سـەلام، کەس نایخوێنێتەوە، هەر خۆم دەیکڕم و دەیخوێنمەوە.

## کتێبخانەی زانستی

کتێبخـانەیێکی بچـووکە، کەوتـۆتە کۆتـاییی بـازاری کتێبفرۆشـان، لە بـن قەڵای هەولێر. خاوەنەکەی(زیوەر ئەنوەر مەجید)ی ناسراو بە(زیوەر زانستی) یە. کـاک زیــوەر هــاورێیەکی نزیـک و دێـرینمە. خـوێنەر و ڕۆشــنبیرێکی بیرفـرەوانە. زۆر شــارەزای جیهـانی کتێـب و خوێنـدنەوەیە. کتێبخــانەکەی ڕووگەیێکی زانستی و ڕۆشنبیرییە. قوتابییانی زانکۆ و خوێنەر و ڕۆشنبیران ڕووی تـێ دەکەن بـۆ کتێـب کـڕین و دەسـکەوتنی سـەرچاوە. ئەمـیش بەدڵ یارمەتییان دەدات، ڕێنومایيان دەکات. ئەوەی داوای دەکەن، نەیبێ بۆیان پەیا دەکات.

من هەندێ ئێواران دەچمە لای، لەوێ چاوم بە زۆر لە هاوڕێیانی وەک (د. فـائیز مەلا بەکـر و ڕێـدار سـابیر و شـوان ئەحـمەد پەشـێو) و چەنـدین ڕۆشنبیر و قوتابییانی بەشە کوردییەکان دەکەوێ. پرسیارم لێ دەکەن، وێنەم لەگەڵــدا دەگــرن، داوای کتێــب و ســەرچاوەم لــێ دەکەن، منــیش هەمــوو داواکارییەکانیـان دابـین دەکەم، سـەرچاوەیان بـۆ پەیـا دەکەم، لە ڕێی(کـاک زیـوەر) ەوە پێیـان دەگەیێـنم. کـاک زیـوەر بـنکەی پەیوەنـدیمە بە قوتـابی و خوێنەر و زمانەوانە گەنجەکانەوە.

کــاک زیــوەر ئاژەڵدۆســت و ئایینــدارێکی ڕەســەنە، لە دوکانەکەیــدا بەرمـاڵێکی دانـاوە، دوکانـدار و کاسـپکارانی دەوروبەر دێـن نـوێژی لەسـەر دەکەن. لە وتەکانم لە بـارەیەوە، دەڵێم: کـاک زیـوەر (مزگەوتێکی سـەفەری)ی هەیە.

## کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کۆرد

دەزگـایێکی ڕۆشـنبیریی کـوردی بـوو لە لە حـوزەیرانی سـاڵی١٩٧٠دا، لەســەر دەسـتی کۆمەڵێـک لە گەورە ڕۆشـنبیرانی کـورد لە بەغـداد، بە پێـی نووســراوی وەزارەتــی نــاوخۆی عێــراق ژمــارە (١٢٣٣) ی (١٩٧٠/٥/٢٧) دامەزرێنرا. بنکەکەی لە گەڕەکی وەزیرییە بوو... ڕۆشـنبیر و و مامۆسـتایانی زانکۆ و نووسـەرانی نیشـتەجێی بەغداد ڕوویـان تێدەکرد، تیایدا بەشدارییان

دەکرد لە گفتوگۆی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و گێڕانەوەی قسەی خۆش و دەنگ و باسی کوردایەتی. لە بەرنامەکەیدا هەفتەی جارێ کوڕێک لە بارەی ئەدەب، زمـان، زانسـت و مێـژوو.. پێشـکەش دەکـرا. گەلـێ لە قوتـابییە خـوێنگەرمە کوردەکانی کولێجەکانی بەغداد ئامادەی کۆڕەکان دەبوون.

کۆمەڵەی ڕۆشـنبیری گۆڤارێکی مانگانەی بە زمـانی کوردی و عەرەبی، بەنـاوی (ڕۆژی کوردسـتان) دەردەکـرد... سەرنووسـەری (سـاڵح یوسـفی) و سـکرتێرەکەی (سـەعید ناکـام) و بەڕێـوەبەری نووسـین (شـێخ محمـد سـاڵح بەرزەنجـی ) بـوو . ژمـارە (١) ی لە حـوزەیرانی ١٩٧١ دا دەرچـوو. تـا سـاڵی ١٩٩٨ دوا ژمـارەی (٨٢) دەرچـوو. جگە لەو (٨٢) وە، ژمـارەییێکی تـایبەت بە شانۆ و چیرۆکەوەی لێ دەرچـوو بێ ئەوەی ژمارەی پێوە بێ. بەمە بـوو بە (٨٣) ژمـارە.. بیبلیۆگرافیـای تەواوی گۆڤـارەکە لە لایەن (شـێخ محمـد سـاڵح بەرزەنجـــی و مەریەم ســـەنگاوی) یەوە ئامـــادەکرا و لە ســـاڵی ٢٠٢٣ بڵاوکرایەوە.. من (٩) باس ولێکۆڵینەوەم تێیدا بڵاوکردەوە.

لە دەسـکەوتە هەرە گرنگەکـانی گۆڤـاری (ڕۆژی کوردسـتان)، بـۆ یەکەم جار بڵاوکردنەوەی دەقی تەواوی شیعرە نەمرەکەی(جەواهیری)،(کوردسـتان) بـوو، لە (ژ ٣ و ٤ ی سـاڵی ١٩٧١) دا. بەمە تەواوی دەقـی شـیعرەکەی بـۆ مێـــژوو پاراســـت، کە دوای ئەمە لە چەنـــدین شـــوێنی تـــر و تەنـــانەت لە دیوانەکانیشی بە کەم و کوڕی و بە لابردنی هەندێ لە دێرەکانی بڵاوکرایەوە.

من لە سـاڵی ١٩٨٠ دا خوێندنم تەوارکرد و گەڕامەوە. وەک مامۆسـتا لە بەشـی کـوردیی کـولێجی پەروەردەی زانکـۆی بەغـداد دەسـت بەکـاربووم. زۆربەی ئێوارەکـان دوای دەوام دەچـوومە کـۆمەڵەی ڕۆشـنبیری کـورد لە وەزیـرییە. ئەوانەی بەردەوام لەوێ چـاوم پـێ دەکەوتـن و بەشـدارییان لە جموجۆڵە ڕۆشـنبیرییەکانی دەکـرد:( د. عیـزەدین مسـتەفا ڕەسـوڵ – د. فوئـاد حەمە خورشید – د. عبدالستار تاهیر شەریف – عبدالله عباس – محمد ساڵح عبدالکریم بەرزەنجی - د. کوردستان موکریانی - د. بەدرخان سندی - محمد بەدری – حسێن جاف – عبد الستار کازم – محمد سلیم سـواری – جەمـال بەرواری - د. کەمال غەمبار – د. ئیحسان فوئاد) و زۆری تر بوون.

**شێخ محمد ساڵح بەرزەنجی** لە وتارێکیدا لە بارەی بەشدارییم لە جموجۆڵەکانی کۆمەڵەی ڕۆشنبیریدا دەڵێ:

( د. وریام لە ساڵی ١٩٨٠دا ناسی، دەهاتە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەرهەمی نوێی دەربارەی زمان و ڕێزمان دەهێنا، بۆ بڵاوکردنەوەیان لە ڕۆژنامەی هاوکاری و بەیان و ڕۆشنبیری نوێ. هەمووی خشتە و ژمارە و وێنەی ئەندازەیی پێوە بوو ... نووسینەکانی د.وریا تەنها لەسەر زمان نەبوون، شیعر و وتاری زانسیتی لەسەر فەلەک وماسی و زۆر بابەتی تریشی دەنووسی... بە گشتی لە هەموو بابەتەکاندا، ئەسپی خۆی تاو دابوو. ئێوارانیش دەهاتە کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی. لە هەموو وەرزەکاندا، دوو کۆڕی زیاتر پێشکەش دەکرد.. بیرمە جارێک خەڵکێکی زۆر هاتبوون بۆ کۆڕی سێشەممانمان، ئەو کەسەی دیاریمانکردبوو بۆ پێشکەشکردنی کۆڕی ئەو ڕۆژە، ناساغ بوو، نەهات، خێرا دکتۆر وریام ڕاسپارد و هاتە سەر سکێچ و داوام لێکرد، لەسەر شیعرەکانی باسێکمان بۆ پێشکەش بکات، کۆڕەکە هێندە بەلەزەت بوو، جێی ڕەزامەندیی ئامادەبووان بوو. ئەوجا ڕەوانشاد (مەحمود زامدار)، دەستی بەرزکردەوە و ڕێم دایێ قسە بکات، وتی: یاشێخ (دکتۆر وریا هەم ئەشیعرێنێ و هەم ئەعیلمێنێ)، ئیتر ئەوە مەحمود زامدار بوو، ئەو جۆرە قسانەی هەبوو. بۆیە ئەڵێم دکتۆر وریا وریایە.. ڕۆژنامەنووسە، نووسەرە، شاعیرە، ڕۆشنبیرێکی گەورەیە، زانای بوواری زانستی گەردوون و ساڵنامە و زمانناسی و مامۆستای زانکۆ، بەسەدان مامۆستای زانکۆ قوتابیی ئەم بوون).

**هەروەها شاعیر و ڕۆژنامە نووسی ناودار ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر و بەرپرسی لیژنەی ڕۆشنبیری مامۆستا (عەبدوڵلا عەباس)** لە وتارێکیدا لەم بارەیەوە دەڵێ:

(د. وریا عومەر امین، لەو ڕۆشنبیرە زاناو هوشیارانەی لەگەرمەی چالاکی کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردیدا ناسیم، (بەشانازیەوە لە دوو دەورەی هەڵبژاردندا، بە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر و بەرپرسی لیژنەی ڕۆشنبیری هەڵبژێردرام) . لەو ماوەیەدا زانا و هوشیار و چالاکی دڵ و دەروون پڕ لە

حەزی کوردانە (دکتۆر وریا عمر أمین) ڕاوێژکاری ژیری هەموو دەستەکانی بەڕێوەبەر بوو. هەمیشە بەشداری لە چالاکیی جموجۆڵە ڕۆشنبیرییەکان دەکرد ...لەڕۆژنامەی هاوکاری و لە گۆڤاری ڕۆشنبتری کوردیدا ڕاوێژکاری زمانەوانی و سەرپەرشتی زانستی بوو...) (FB; Abdulah Abbas /29/1/2024).

**ئیزگەی کوردیی بەغداد**

لە ساڵی ١٩٨١ ەوە تا ١٩٩١ بەرنامەیێکی حەفتانەم لە ئیزگەی کوردیی بەغداد پێشکەش دەکرد. بەرنامەکە هەر ساڵەی بە ناونیشانێک بوو(جیهانی زمانەوانی – گەردوونناسی – شیعر و ژیان - ئاسۆی ڕۆشنبیری – جیهانی زانست ...). لەو ماوەیەدا زیاتر لە ٤٠٠ بەرنامەم پێشکەش کرد. هەر وەرزەی لە بارەی بابەتێکەوە. دەنگوباسی تازەترین دەسکەوتەکانی زانستم پێشکەش دەکرد. گوێگرێکی زۆرم هەبوو. بە دەیان نامەم پێ دەگەییشت، وەڵامی پرسیارەکانیانم دەدایەوە.

هەر حەفتە جارێ دەچوومە ئیزگە، (حسێن عبداللە و ئاوڕەحمانە سوورە) بەرنامەکانیان تۆمار دەکرد. ڕۆژێکیان لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی تر چاوەڕێی نۆرەی خۆمان بووین، دوو کچ(خالیدە و زەینەب) لەوێ بوون، هاتبوون بەرنامەی ئەوانە تۆمار بکەن خۆیان ناتوانن بێن. بە عەرەبی قسەیان لەگەڵ یەکتر دەکرد، خالیدە بە زەینەبی وت: من خانەقینیم نازانم وەک سلێمانی قسە بکەم. وتی زۆر ئاسانە، هەر (دە) یێک بکە (ئە) دەبێتە سلێمانی. ئەوە بوو لە خوێندنەوەی (شێروان منالێکی شەش سالان بوو باوکی (دە) فلسی دایێ) کردی بە(شێروان منالێکی شەش سالان بوو باوکی (ئە) فلسی دایێ).

ئەویتر (زورافە گیانلەبەرێکە) ی کرد بە (زورافەگیان لە بەریکە) خوێندەوە.

**یەکیێتیی نووسەران**

**لە (٥ – ١ – ٢٠١١) بە ئەندامی یەکیێتیی نووسەرانی کورد وەرگیرام.**

لیستی ناوی ئەندامانی تازە وەرگیراو لە لقی هەولێر
بۆ لیژنەی نووسەرانی کورد

لیستی ناوی نووسەرانی پەسندکراو پەسەند نە کراو

| ژ | نـــــاو | تێبینی |
|---|---|---|
| ١ | د.ووریا عمر امین | پەسندە |
| ٢ | زانا خلیل خضر | پەسندە |
| ٣ | حەمید مجید محمد گەرمی | پەسندە |
| ٤ | د. محسین احمد عمر | پەسندە |
| ٥ | رەهبەر سەید برایم | پەسندە |
| ٦ | عیسا حسین عەزیز | پەسندە |
| ٧ | صدرالدین نورالدین ابوبکر | پەسندە |
| ٨ | خەسرۆ پیربال عمر | پەسندە |
| ٩ | نوال عبدالرحمن نورالدین (ناڵە) | پەسندە |
| ١٠ | هیاس محمود محمد کاکەیی | پەسندە |
| ١١ | سعدی علی محمدامین | پەسندە |
| ١٢ | محسین احمد محمد حسینی | پەسەندە |
| ١٣ | کاکل محمد طاهر بەهرام | پەسندە |
| ١٤ | محمد کریم اسماعیل نانەوا | پەسندە |
| ١٥ | رێدار سابیر محمد | پەسەندە |
| ١٦ | ئاری ئاغۆك نادر | پەسەندە |
| ١٧ | محمد حسین رسول | پەسەندە |
| ١٨ | احمد حمە رەشید صیرانی | پەسەندە |
| ١٩ | محمد وەسمان عزیز | پەسەندە |
| ٢٠ | بەهرە لقمان عبدالحمید مفتی | پەسەندە |
| ٢١ | نیگار نادر محمد | پەسەندە |
| ٢٢ | سەلام ناوخۆش بكر | پەسەندە |
| ٢٣ | د.شێرکۆ عبدالکریم تۆفیق بابان | پەسەندە |
| ٢٤ | محمد صالح ئەسمەر جگەرسۆز | پەسەندە |

وێنەیەك بۆ/
رۆشنبیری
کارگێری
دۆسیە ی تایبەت

مێژووی وەرگرتن
٥/١/ ٢٠١١ ز

## کۆمەڵەی بەزەیی هاتن بە ئاژەڵ

لە زانکۆی لەندەن لەگەڵ هەندێ قوتابی بووم بە هاوڕێ، کە ڕووەکخۆر و چالاکەوان بوون لە کۆمەڵەی ڕووەکخۆرانی بەریتانی.. لەگەڵیان ئامادەی کۆڕ و چالاکییەکانیان دەبووم. بڵاوکراوەکانیانم دەخوێندەوە.. دەچوومە چێشتخانەکانی تایبەت بە ڕووەکخۆران. زۆر زوو موچڕکی ئەم بیروباوەڕە گەڕا بە هەستمدا و چوو بە دڵما و لە مێشکما چەسپی و بووم بە ڕووەکخۆر.. لە ١٩٧٧/١٠/٢٤ دا، بیرمە سیودووەم یادی دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو، بریاری ڕووەکخۆریم دا. . ئەوە بوو بە ٤٧ ساڵ، لەوساکەوە هەرگیز تخون گۆشت و هەرچییەکی گۆشتی پێ کەوتبێ نەکەوتووم. هەر ئەوسا بووم بە ئەندام لەو کۆمەڵەیەدا. ئەم بیرە مرۆڤایەتییە ڕەسەنە لە وڵاتە پێشکەوتووەکان تەشەنەی کردووە.. ئیستا بە ملیونەهای لێ بوونەتێ.

کە گەڕامەوە دەستم کرد بە بڵاوکردنەوەی ئەم بیروباوەر و نەریتە بە نووسین و زارەکی.

لەم بوارەدا ئەنجامی باشم  بە دەست هێناوە..ژمارەییێکی زۆر لە کەس و کار و گەنجانی لای خۆمان کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی و بوونەتە ڕووەکخۆر..من شانازییەکی زۆری پێ دەکەم. ( بۆ وردەکاریی ئەم لایەنەی ژیانم، ئەم کتێبەم ببینن: چرۆکانی درەختی ژیانم ٢٠٢٢).

لە زانکۆی جیهاندا لەگەڵ (د. نەوزاد یحیی باجگر) کە چالەکەوانێکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ژینگەییە، کۆمەڵەییێکمان دامەزراند بەناوی (کۆمەڵەی بەزەیی بە ئاژەڵا هاتن) لەگەڵ یاسازان (لیوا دلێر ئەحمەد ئاکۆ) پێڕەوی ناوەوەی کۆمەڵەکەمان نووسی.

لەبەر سەرقاڵی ماوەییێک لێی سست بووین، ئیستا  خەریکین و بەتەماین چالاکی بکەینەوە. (لە شوێنی تری ئەم کتێبە زیاترلەم بارەیەوە ببینە).

## دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی بەزەیی بە ئاژەڵ هاتن

| | ناو | پیشە | ناونیشان | مۆر |
|---|---|---|---|---|
| 1 | د. وریا عومەر ئەمین | م. زانکۆ | ئەکادیمیای کوردی - هەولێر | |
| 2 | د. ئەوزاد یەحیا باجگر | بزیشکی ڕوونکار | زانکۆی جیهان | |
| 3 | د. ئەمجەد سابیر | م. زانکۆ | زانکۆی جیهان | |
| 4 | دلێر ئەحمەد ئاکۆ | مافپەروەر | هەولێر - ئازادی | |
| 5 | د. ئیسماعیل قەرەداغی | م. زانکۆ | زانکۆی سەلاحەدین - ک. زمان | |
| 6 | م. ئارین صدیق مام کاک | م. زانکۆ | زانکۆی سەلاحەدین - ک. پەروەردە | |
| 7 | ئاز ئەوزاد باجگر | م. زانکۆ | زانکۆی جیهان | |
| 8 | د. ئازاد حەمە شەریف | م. زانکۆ | زانکۆی سەلاحەدین - ک. زمان | |
| 9 | ڕێدەر سابیر | شاعیر | هەولێر - یەکێتیی نووسەران | |
| 10 | حەمید بەدرخان | ڕۆژنامە نووس | سەندیکای ڕۆژنامەنووسان | |
| 11 | زیوەر ئەنوەر مجید | نووسەر | هەولێر | |
| 12 | د. شوان سلێمان بابە | م. زانکۆ | زانکۆی سەلاحەدین - ک. زمان | |
| 13 | عباس عبداللە یوسف | شاعیر | هەولێر - یەکێتیی نووسەران | |
| 14 | نۆزاد عەزیز سورمێ | ڕۆژنامە نووس | هەولێر - یەکێتیی نووسەران | |
| 15 | د. موحسین ئەحمەد عومەر | م. زانکۆ | زانکۆی سەلاحەدین - ک. زمان | |
| 16 | سەعدوڵڵا پەرۆش | شاعیر | هەولێر - یەکێتیی نووسەران | |
| 17 | د. ئەجاتی عەبدوڵڵا | ئەکادیمیای کوردی | ئەکادیمیای کوردی - هەولێر | |

## ئەندامانی کۆمەڵەی بەزەیی بە ئاژەڵ هاتن

| ژ | ناوی سیانی | پیشە | ناونیشان | |
|---|---|---|---|---|
| ١- | نەوزاد عزیز سورمێ | ڕۆژنامەنووس | هەولێر - گەڕەکی خانزاد | |
| ٢- | د. حسن احمد محمد | نووسەر | هەولێر - زانکۆ | |
| ٣- | عیسا حسێن | [illegible] | هەولێر - [illegible] | |
| ٤- | سعداللە [illegible] | شاعیر | هەولێر - [illegible] | |
| ٥- | شوان سەرابی | شاعیر و ڕۆژنامەنووس | هەولێر - موفتی | |
| ٦- | ئاز ئەوزاد باجگر | [illegible] | [illegible] | |
| ٧- | زیوەر ئەنوەر مجید | نووسەر | هەولێر - منارە | |
| ٨- | د. شوان سلێمان بابە | مامۆستای زانکۆ | هەولێر - زراعە | |
| ٩- | ئالان [illegible] مام کاک | مامۆستای زانکۆ | هەولێر - [illegible] | |
| ١٠- | وریا صابر محمد | شاعیر | هەولێر - [illegible] | |
| ١١- | عباسی عبداللە یوسف | نووسەر و شاعیر | هەولێر - [illegible] نووسەران | |

## ڕۆژبوونی پشیلەکانم

بەیانییەکەی ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی ٢٠١٤/٤/٥ بوو .. کە دەرگای ئوتومبیلەکەمم کردەوە دەرچم، شاگەشکە بووم کە بینیم پشیلەیێکی ئێسکسووک لە ناو ئوتومبیلەکەدا، لە شوێنی لێخوڕیندا چوار بێچوەی هەڵێناوە. یەکسەر شیر و خواردنم بۆ دایکەکە هێنا. هەندێ وێنەم گرتن و وازم لێهێنان لە شوێنی خۆیان .

چوار ڕۆژ میوانم بوون، لەناو ئوتومبیلەکە مانەوە، پاشان دایکیان گواستنیەوە بۆ شوێنێکی تر لە چیمەنیماڵەوەدا .

سەیر لەوەدایە کە پەیوەندیی دایکایەتیی نێوان دایک و بێچووەکانی تا زیاتر لە ساڵێک و مانگێک بەردەوام بوو..سەرەڕای تەمەنیان و گەورەییان دایکیان لە شیری نەکردن (کە ماوەی سروشتی شیردانی پشیلة لە ٤ تا ٦ حەفتەیە).

لە وێنەی دووەمدا (٢٠١٥/٥/١٠ ) تەمەنیان بووبوو بە ساڵێک و مانگێک، قەبارەیان لە هی دایکیان گەورەتر بووە.. پێکەوە بە چواران شیری دایکیان دەخۆنەوە.(سەیری ئەلبۆمەکە بکە)

وەک لە زانستی بایۆلۆجییادا زانراوە و تۆمارکراوە، ماوەی شیرەخۆریی پشیلان (٤ تا ٦) حەفتەیە . واتا ئەوپەڕکی دوای شەش حەفتە دایکەکە واز لە پیچوەکانی دەهێنێت لە خۆیان دەکاتەوە .

ئەوەی مایەی سەرنج و سەرسوڕمانە، ئەم دایکە میهرەبانە، دوای ساڵێک و مانگێکیش هێشتا وازی لێ نەهێنابوون. لە مێژووی پشیلاندا هەرگیز شتی وا ڕووی نەداوە .

ئیستا نەوەی نەوەی نەوەکانیان بەردەوام سەردانمان دەکەن لە چیمەنەکەماندا دەخولێنەوە.

ئەم ڕووداو و دیاردە دەگمەنەم نارد بۆ کتێبی گینیسی تۆماربەزێن Gunnness World Recordو دەزگای ناشنەڵ جیۆگرەفیک National Geographic .

ئیستا نەوەی نەوەکانیان بە هەشت پشت، هەمیشە سەردانمان

دەکەن.

لە ئەلبـــوّمەکەدا وێنەکانیـــان ببیـــنن کە لە (٢٠١٤/٤/٥) و (٢٠١٥/٥/١٠) گرتوومن.

**کۆڕۆنا**

لە ڕۆژە کۆتاییەکانی مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩دا، دەنگوباسی پەتـای کۆڕۆنـا سـەری هەڵـدا. دوای مـانگێ لە (٢٠٢٠/١/٢٠) دا، ڕێکخـراوی تەندرووستیی جیهانیی سـەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، بە شـێوەییێکی فەرمـی ڕایگەیانـد کە بڵاوبـوونەوەی کۆڕۆنـا بـۆتە هـۆی سـەرهەڵدانی بـارودۆخێکی ناجێگیری ئەندرووستیی جیهانی. لە (١١ / ٢ / ٢٠٢٣) دا، ڕایگەیاند کە کۆڕۆنا بۆتە کارەساتێکی ترسناکی کوشندەی جیهانی.

کۆڕۆنا هەموو مرۆڤی سەر ڕووی زەمینی شڵەژاند و تۆقاند و خستنییە سـەر لێـواری مـردن. کەس بە تەمـای خـۆی نەمـا. خەڵـکەکەی هەمـوو لێـک دابڕانـد، ژیـانی وەسـتاند. هەمـوو قوتابخـانە و زانکـۆ و بـازاڕ و کـارگە پیشەسازییەکان لە هەموو جیهاندا داخران. ئوتومبیل و شەمەندەفەر و فڕۆکە و پاپۆڕەکـان هەمـوو کـوژێنرانەوە. شـەقامەکان کپ و چـۆل و هـۆل بـوون. ئەنجام کۆڕۆنا زیانێکی یەکجار زۆری بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی وزانستی و ئابووریی جیهانی گەیاند.

ڕۆژی بە هەزاران کەس لەمبەر و ئەوبەری جیهاندا بە هـۆیەوە دەمـردن. هەمـوو ڕۆژ کە لە خەو هەڵدەسـتام یەکسـەر دەسـتم بـۆ مۆبـایلەکەم دەبـرد، بزانم کـام عەزیـزم خواحافیزیی لێ کردووم. تا (٢٠٢٣/١/٢٢) لە سـەرتاپای جیهاندا زیاتر لە(٧٠٠) ملیۆن کەس کۆڕۆنای گرت، نزیکەی (٩٠) ملیۆنیان لـێ مردن. تاکە شتێ مایەی دڵخۆشی بوو، ئەوە بوو کۆڕۆنـا پەلامـاری منـاڵانی نەدەدا.

من لە سەرەتای مانگی نیسانی تووشی بووم. زیاتر لە ٢٠ ڕۆژی خایاند. ڕۆژانێکی یەکجـار سـەختم بەسـەر بـرد. لە (٤/١٤/ ٢٠٢١) یەکجـار بێ تـاقەتی کردم. هەستمکرد ئیتر تەواوبووم. هێزم دایە خۆم، ئەم وەسیەتەم نووسی:

(خۆشەویسـتەکانم ...وا هەسـت دەکەم ئەمە دوا چرکەکـانی ژیـانم بـێ.

تکایە لە کوێ مردم لەوێ بمنێژن. با کەس ئەزیەت نەکێشێ. پرسەم بۆ دامەنێن. ئاگاتان لە یەکتر بێ. هەمیشە ئامۆژگارییەکانمتان لە بیر بێ. لێم ببوورن هیچم نییە بۆتانی بەجێ بهێڵم. دەزانم دوای من ژیانتان سەخت دەبێ، خوا سەبووریتان بدات.و بتانپارێزێ
وریا(٢٠٢١/٤/١٤).

ئەم جارەش لە مردن دەرباز بووم. کۆڕۆنا کارێکی نەرێنیی توندی بە سەردا کردم. باروودۆخی تەندرووستیی گشتیی شڵەژاندووم. بێتاقەتی کردووم. هەموو وزەکانی سستکردووم، مێشکی تەپکردووم، تووشی زمان قورسی و لەبیرچوونەوەی کردووم. ئەوە بوو بە چوارساڵ ئاسەوارەکەی بەردەوامە.

کێشەی سەرەکیی پەتای کۆڕۆنا لەوەدابوو دەرمانی نەبوو. زانایان و دەزگا تەندرووستییەکان لە هەموو جیهاندا کەوتنە کۆشش و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی چارەسەر. تا دوای زیاتر لە ساڵێک کوتینێکی تایبەت بە پەتای کۆڕۆنا پێکهێنرا.

سەرەڕای ئەوەی کۆڕۆنا ئەو کارەساتانەی نابووەوە، هەندێ خاڵی ئەرێنیشی هێایە کایەوە. بۆ یەکەم جار بوو لە مێژوودا هەموو مرۆڤی سەر ڕووی زەمین هاودوژمن و هاودەرد بن، خەم بۆ یەکتر بخۆن و یەک بگرن دژی دوژمنێکی هاوبەش. وانەیێک بوو بۆ مرۆڤ بە هۆیەوە لە هیچ و پووچی و بێ نرخیی ژیان گەیشت. خۆشەویستی و تەباییی لە نێوان کەس و کاران پتەوکرد. کوشتن و دزین و تاوان و ڕک و کین و فڕوفێڵی بنبڕ کرد . دەوڵەمەند ئاگای لە دەوڵەمەندیی خۆی و هەژار لە هەژاریی خۆی نەما. ژینگەی پاک وخاوێن و ڕوون کردەوە.

لە وتارێکمدا بە ناونیشانی (کورونا - دروس و عبر) بە زمانی عەرەبی، لە (٢٩ / ٣ / ٢٠٢٠) دا لەسەر لاپەڕەی فێسبوکدا بڵاوکرایەوە، تیایدا بەم جۆرە لایەنە نەرێنییەکانی کۆڕۆنا دەخەمە ڕوو:

(بالرغم من الذعر الرهيب وهستيريا الخوف والرعب التي زرعتها هذه الجرثومة الصغيرة اللعينة (كورونا) في نفوس جميع بني البشر في عموم

الكرة الارضية كقانون الموت دون استثناء وبالرغم مما سببته من ايقاف الحياة بكل مفاصلها وتاثيرها السلبي البالغ على مجمل الاقتصاد العالمي وما سوف يعانيه الشعوب من ماسي وويلات بسببها، بالرغم من كل ذلك، ومن خلال ملاحظاتي، ان هذا الحدث الجسيم افرز بعض الجوانب الايجابية، منها:

١ – وحد البشرية كلها ووضعه في خندق واحد امام عدو مشترك واحد لأول مرة في تأريخه ومنذ نشأته.

٢ – سيكون درسا بليغا وقاسيا للإنسان برمته يتعلم من خلاله مفهوم الحياة والانسانية وكيف سوف يعيش ويتعامل مع اخيه الانسان أن تجاوزه.

٣ – حطم عجرفة المغرورين والمتباهين بالقوة المادية والمتشبثين بالحياة.

٤ – اصحى الانسان من غفوته وأيقظه من سباته العميق ليفسر له المادة الاولى والاخيرة من قانون الموت الذي لا يستثني احدا ولا يفرق بين القوى والضعيف والثري والمعدم والعليل والصحيح وحطم كل الحدود والقيود التي صنعها الانسان لعزل نفسه عن اخيه الانسان وانه مهما يكن فهو لا شيء.

٥ – وطد اواصر المحبة بين افراد العائلة والاقرباء وبني البشر وزرع في نفوسهم الالفة متجاوزين الكثير من الصراعات والمشاكل المستعصية بينهم. واستأصل الحقد والكذب والخداع والدجل.

٦ – قلل وبدرجة عالية من نسبة الجرائم في كل انحاء العالم وبكل انواعها. ومن حوادث المرور وغيرها.

٧ – الكثير من الذين كانو يعانون من امراض نفسية ومن امراض عضوية لأسباب نفسية تعافوا منها.

٨ – قلل من نسبة التلوث الى درجة كبيرة.

بالتأكيد ستنتهي كورونا، أن بقينا كأفراد او لم نبق، وسيمر وسيدخل ذاكرة التاريخ المأساوي التراجيدي كفاصل مرعب في تاريخ الانسان وتصبح ملحمة نحن ابطالها ترويها الاجيال كبقية التراجيديات. هكذا التاريخ).

**کۆڕۆنا و شیعر**

لە (١٥ / ٣ / ٢٠٢٠) یەکەم شیعری کۆڕۆنیم بە ناونیشانی (**ژوانی کۆڕۆنا**) وە بڵاو کردەوە:

**ژوانی کۆڕۆنا**

**بە دڵ تۆم خۆش ئەویَ.. نزیکم مەکەوە**
**گەر لە دەر گاشم دایت.. هەرگیز لێم مەکەوە**
**لەڕێگا بتبینم خۆم لە تۆ لا ئەدەم**
**لە دووڕڕا هەر بەچاو بۆت ئەدوێم.. نەک بە دەم**
**ناهێڵم ماچم کەیت دەس خەیتە ناو دەستم**
**بەنامە دەربڕە.. دەرئەبڕم بۆت هەستم**
**وێران بیَ کۆڕۆنا لێکی دابڕاندین**
**ژیانی لیَ شێواندین.. مردووشی تۆقاندین**
**هیچی پیَ نەهێشتین.. لەخۆشی و لە ئاوات**
**ئەبڵەق بووین نازانین بەرەو کویَ ئەمانبات**
**لێگەڕیَ.. بمانبا.. بۆ هەر کویَ.. بیەویَ**
**ئاواتمان دێتە دی.. پێک ئەگەین.. ئا لەویَ**

لە (٢٠ / ١ / ٢٠٢٠) دا یەکەم شیعری هایکۆم لە بارەی کۆڕۆناوە بڵاوکردەوە:

**داوای ژوانێکم لیَ کرد**
**وتی ئیمڕۆ نا**
**وتم بۆ؟ بۆ خاتری خوا**
**وتی کۆڕۆنا**

لە (٢٩ / ٣ / ٢٠٢٠) ئەم باسەم بە ناونیشانی (کۆڕۆنا و سەرهەڵدانی ئەدەبێکی جیهانیی نویَ) بڵاوکردەوە. دوای ئەمە، زۆر لە گۆڤار و بڵاوکراوەکانی جیهانی باسیان لە سەرهەڵدانی ئەدەبی کۆڕۆنیی جیهانی کرد، ئەم وتارە و ئەو شیعرانەم پێشەنگ و دەسپێکی ئەم بوارەبوون. یەکەم وتار و شیعر بوون لە مێژووی ئەدەبی کۆڕۆنای جیهانیدا.

**کۆڕۆنا و سەرهەڵدانی ئەدەبێکی جیهانیی نوێ**

(لەگەڵ سەرهەڵدانی هەر تراجیدیاییێک و بەسەرهاتێک و گۆڕانکارییێک لە بـواری ئـابووری و کـۆمەڵایەتی و فیکریـدا، هەسـت و ئـاوات و بەهاکـان دەگۆڕێن. شنەی نوێکاری لە ئەدەبدا هەڵدەکات، قۆناغێکی نوێی دەست پێ دەکات. شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و هونەر بەرگێکی نوێ دەکەنە بەر.

لە سـەردەمی پـێش کۆڕۆنـادا، گۆڕانکـارییە ئەدەبییەکـان لەپـڕ دەرنەدەکەوتن، بەڵکو بە شێوییێکی بەرەبەری و لەسـەرەخۆ، لە هەر وڵات و میللەتێکیشـدا لە سـەردەمێکی جیـاوازدا و شـێوەی جیـاوازی دەگرتەخـۆ هەریەکە بە گـوێرەی بـارودۆخی مێژوویـی و کـۆمەڵایەتیی تـایبەتیی خـۆی. پێچەوانەی ئەمە، ئەمە یەکەم جارە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، سەرتاپای مرۆڤی سـەر ڕووی زەمـین پـێکەوە هاوکـات لە پـڕ ڕووبەڕووی هەمـان هێـڕش و دیاردە دەبن، هەموویـان دەکاتە هـاودەرد و هاوهەست و هاوئاوات. هەموو بۆچـوون و بەهاکـان سـەرەوژێر دەکـات. ئەم ڕەشـەبایە تونـدوتیژە بەهێـزە لەپڕەی کۆڕۆنا کە هەموو جیهانی گرتەوە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ئەدەبێکی جیهـانیی ڕاسـتەقینە. بەمە پێناسـەی ئەدەبـی جیهـانی یەکلایـی دەکـاتەوە کە مشتومڕێکی زۆری لەسەرە)..

**ئەم شـیعر و باسـانەم لە کتێبـی (خسـتنی دەمامکەکـان) ی مامۆسـتا (جەمال جەباری) ل ٢٦٦ و ٣٨٠ دا بڵاو بوونەتەوە.**

**ئوم کەلسووم**

هەر لە منـاڵییەوە حەزم لە بیسـتنی دەنگـی خـۆش و مۆسـیقا و گـۆرانی بووە. بە تایبەتی سێ دەنگ کاریگەرییەکی یەکجار زۆریان تێکردووم، (تـاهیر تۆفیـق) و (عەبدولباسـت ئەبدولسـەمەد) ی قورئـان خـوێنی میسـریی بە ڕەچەڵەک کورد و (ئوم کەلسووم) ی گۆرانی بێژی میسری. بەردەوام  بە دڵ گـوێم لـێ دەگـرتن. ئەمە بـوو بە هـۆی بەشـەکی زۆری قورئـان و گـۆرانییە کوردییەکان و ئوم کەلسووم ئەزبەر بکەم.

ئـوم کەلسـووم. دیاردەیێـک بـوو هەرگیـز دووبـارە نـابێتەوە. تیایـدا سـێ لووتکەی(شـیعر و ئـاواز و دەنـگ) لێکیـان دابـوو. دەنگێکـی یەکجـار خـۆش و

ڕوون و بەهێــز و وزەییێکــی لە ڕادە بەدەری هەبــوو. پێــنج شــەش ســەعات لەسەر پێ، بێ وەستان و بێ هیچ پشوویەک گۆرانیی دەوت، بێ ئەوەی هیچ هیلاکییەکی پێوە دیار بێ. بە درێژاییی نیو سەدە بەم جۆرە بەردەوام بوو. لەو مـاوەیەدا نـزیکەی (٣٥٠) گـۆرانیی تۆمـار کـردووە. جـگە لە زۆری تـری تۆمار نەکراو.

لە ســاڵانی چلەکـان و بەرەو ژوور، کە بە (چـاخی ئـوم کەلســووم) نـاو براوە، لە سەرتاپای وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکاندا، بچووبایتە هەر قاوەخانە و چایخـانە وماڵێـک و بازاڕێـک، لە بەیـانییەوە تـا ئێـوارە، هەر دەنگـی ئـوم کەلسووم دەبیسترا.

یەکەم شــەوی پێنجشــەممەی هەمــوو ســەرەمانگێک گــۆرانییەکی نــوێی پێشـکەش دەکرد، لە ئیزگەی قاهیرە ڕاستەوخۆ پەخش دەکرا. بە ملیۆنەهـا هەواداران شــەونخوونییان بــۆ دەکرد..بــۆ ڕۆژی دوایــی هەمــوو ئیزگەکــان چەندین جار پەخشیان دەکردەوە و ڕۆژنامەکان شیعرەکەیان بڵاو دەکردەوە. چەندین کتێب لە بارەی ژیان و هونەر و گۆرانییەکانی دەردەچوو.

ئوم کەلسـووم پانتاییەکی زۆری لە بـوون و ژیـانی سـەردەمی گەنجیمدا داگیــر کردبــوو. هەر گــۆرانییەکی تــازەی پێشــکەش بکردابــا، مــن یەکســەر شــیعرەکەیم دەنووســییەوە و ئەزبەرم دەکــرد. زانیــارییەکی زۆرم لەبــارەی ژیــان و هــونەرەکەی پەیــاکرد. هەموو.هاوڕێیــان و ناســیاوانم بەمەی مــن دەزانن. تەنانەت ناویان نـابووم (ئینسـایکلۆپیدیای ئوم کەلسـووم). ئیستاشـی لە گەڵدابێ کەم ڕۆژ هەیە گوێی لێ نەگرم.

لەو ڕێـکەوتە خـۆش و سـەیرانەی بە سـەرمدا هـاتووە کە پەیوەنـدیی بە ئوم کەلسوومەوە هەیە ئەوەیە:

لە ڕۆژی سێشـەممەی ڕێکەوتـی (٣ / ٢ / ١٩٧٦) یەکەم سـاڵیادی مردنـی (ئوم کەلسووم) بوو. بەو بۆنەیەوە یەکیەتیی خوێندکارانی عەرەب لە لەندەن ئـاهەنگێکی لە هـۆڵی (ئیمپیـریەڵ کـۆلێج) گێـڕا. چـوومە ئـاهەنگەکە. هـۆڵەکە جمەی دەهات. گۆرانیی ئوم کەلسـووم بە دەنگی بەرز دەبیسـترا، شـیرینی و سـاردەمەنی و خـواردنێکی زۆر لەسـەر مێزەکانـدا دانرابـوو. میـوانێکی زۆری

ئینگلیز و بیانی ئامادەبوون. سەعات چواری ئێوارە ئاهەنگەکە دەستی پێکرد.. پێشکەشکارەکە بەخێر هاتنی میوانانی کرد. دوای ئەم، نوێنەری خوێندکاران وتارێکی پێشکەش کرد. فلیمێکی دەکومێنتاری نمایشکرا، کچیکی دەنگخۆش چەند پارچە گۆرانییەکی ئوم کەلسوومی چڕی. دوای ئەمە پێشکەشکار وتی.: بەڕێـزینە بڕگەییێکـی بەرنامەکەمـان موحازەڕەییێـک بـوو لە بـارەی ژیـان و هـونەری ئـوم کەلسـوومەوە لەلایەن(بە داخەوە نـاوەکەییم بیـر نیـیە) کە لە زانکـۆی (ئەدنبـرە) وە دێ، بە داخەوە تـا ئێسـتا دەرنەکەوت..هەر یێکـێ لە ئێوەی بەڕێز گەر شتێکی لەم بارەیەوە پێیە با بفەرمووێ بێتە سەر شانۆ پێشکەشی کات. من دەستم بەرزکردەوە و ڕێگەی دامێ.

دەستم پێ کرد بە لە ڕۆژی لە دایکبوونی ئوم کەلسوومەوە لە (١١/٣١/ ١٩٠٤) لە گوندی (تەممای الزهایرە) ی سەر بە پارێزگای دەهلەقییە لە میسر.. بارودۆخی کۆمەلاتی و ئابووریی .. قوناغەکانی خوێندنی و ناودەرکردنی لە نـاوچەکەدا.. گواسـتنەوەی بـۆ قـاهیرەی پایتەخـت.. پێشکەشـکردنی یەکەم گـۆرانیی (الصـب تفضـح عیونـە – شـیعری آحمـد ڕامـی) لە سـالی ١٩٢٤دا ...قۆناغەکـانی پەرەسـەندنی هـونەریی.. شـاعیر و ئاوازدانەرەکـان.. تـا دوا گـۆرانیی (حکـم علینـا الهـوی – شـیعری عبـدالوەهاب محمـد و ئـاوازی بلیـغ حمـدی) لە سـالی ١٩٧٣ دا. دوای ئەمە نەخـۆش کەوت، تـا مردنـی لە ڕۆژی دووشەممەی ڕێکەوتی(٣ – ٢ – ١٩٧٥) دا.

دوای ئەمە داوامکـرد ئەوەی دەیەوێ شـیعری هەر گـۆرانییەکی ئـوم کەلسووم ببیستێ با ناوی گۆرانییەکە بلێ تا پێشکەشی بکەم. داوای (ئەتلال و روباعیات خیام و نهج البردە و آقبل اللیل و هجرتک) یان کرد، هەموویانم لەبەر بـوو. لە خوێنـدنەوەی شـیعری (ڕوباعیـاتی خەیـام) دا بـووم، کـابرای موحازر دەرکەوت. هاتە سەر شانۆ تۆقەی لە گەلمدا کرد و سوپاسـی کردم. داوای لێبوردنی لە ئامادەبووان کرد، ئنجا بە زمانی ئینگلیزی باسەکەی خۆی پێشکەش کرد.

## بازگەی شێراوە

کە منداڵ بووم، هەر لەگەڵ دەستپێکردنی پشووی هاوین باوکم ئێمەی دەبردە شەقڵاوە. لەوێ سێ پارچە ڕز و باغی هەبوو کە تا ئیستاش ماومانە، هاوینمان لەناو ڕەز و باغە دڵگیرەکانی بەسەردەبرد. کە قوتابخانە دەکرایەوە دەگەڕاینەوە هەولێر.

ساڵی ١٩٥٩ بوو لە قۆناغی سەرەتاییدا بووم ..هاوینەکەی قوتابییانی ئامادەیی شاری کۆیە بە گەشت هاتبوونە شەقڵاوە ..لە باغێکی نزیک ماڵمان دابەزیبوون کە ڕیزە کەپرێکی لێ هەڵدڕابوو. ئێواران جموجۆڵی هونەرییان دەنواند. شیعر و گۆرانی و هەڵپەڕکێ و مۆسیقا و شانۆیان پێشکەش دەکرد. ئێمەی منداڵان هەموو ئێوارەیێک دەچووینە سەیرکردنیان .

یەکێ لەو قوتابییانەی کە زۆر جار شیعری دەخوێندەوە مامۆستا کەماڵ غەمبار بوو. من لەوساوە د. کەمال غەمبار دەناسم.

دوای ئەوەی چووەمە زانکۆی بەغداد بووین بە هاوڕێ و بەردەوام یەکتریمان دەبینی و نووسینەکانیم دەخوێندەوە.

لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا کە من سەرۆکی بەشی کوردی بووم لە زانکۆی بەغداد زوو زووە یەکترمان دەبینی. لە ساڵی ١٩٨٦ دا، داوام لێ کرد بێ لەبەشی کوردیدا وەک وانەبێژ دامەزرێ.. هات و دوو سێ ساڵ وانەی بە قوتابییانی بەشی کوردی وتەوە.

ساڵ هات و ساڵ چوو تا ٢٠٠٦ مامۆستا غەمبار کەوتە خوێندنی باڵا لە ئەدەبی کوردیدا. لە ساڵی ٢٠٠٨ دا بڕوانامەی ماجستێری وەرگرت بە پلەی نایاب.ناونیشانی نامەکەی (عبدالله كۆران رائدا لحركه تجديد الشعر الكردى) بوو .

یەکسەر دوای وەرگرتنی ماجستێرەکەی کەوتە خوێندن بۆ دکتۆرا. لە ساڵی ٢٠١٢ دا دکتۆراکەشی کە بە ناونیشانی (ڕحمد سالار رائدا للمسرح الكردى المعاێر) بوو، بە پلەی نایاب دەسگیرکرد .

ئەوەی شایانی باسە من ئەندامی لیژنە و خەبیر و هەڵسەنگێنەری هەردوو نامەکانی ( ماجستێر و دکتۆرا) کەی بووم.

یەکێ لەوبیرەوەرییانەم لەگەڵ د. کەماڵ غەمبار کە پانتاییێکی زۆری لەمێشک و دەروونما داگیرکردووە و هەرچەن بیرم دەکەوێتەوە موچڕک بە لەشما دەگەڕێ، ئەم بەسەرهاتە دەریدەخا ئێمە لە سەردەمی سەدامدا لە چ دەردەسەری و نەهامەتییەکدا دەژیاین:

لە تەمموزی ١٩٩٧ دا بوو. لە بەردەم چایخانەی مچکۆ لە هەولێر چاوم بە مامۆستا کەماڵ غەمبار کەوت، کۆڵێ ڕۆژنامەی لە بن هەنگڵدا بوو..دوای چاک و چۆنی و هەواڵ پرسین، وتی: ئیستا من لە (ڕۆژنامەی دەنگی گەل) کار دەکەم کە بە کوردی و عەرەبی دەردەچێ و دانەیێکی کوردی و یەکی عەرەبیی دامێ. لێم وەرگرت و خستمە ناو جانتاکەم.

ڕۆژی دوایی بەرەو بەغداد کەوتمە ڕێ. بیرم چوو ڕۆژنامەکان لە جانتاکە دەرهێنم . لە سەیتەرەی شێراوە لە کاتی پشکنییەوە ڕۆژنامەکان بەرچاو سەربازی پشکنەر کەوت. مانشێتەکەی کە گەورە و بە سوور نوسرابوو، زۆر توند بوو دژی بەعس. یەکسەر پێی وتم ناسنامەکەتم بدەرێ و بە شوفێرەکەی وت ئێوە بڕۆن.

ڕاستییەکەم بۆ گێڕایەوە چۆن ئەم ڕۆژنامانە کەوتنە ناو جانتاکەم زۆر بە تووڕەییەوە وتی قسە مەکە! کەل و پەلی خۆت بهێنە و لەگەڵمدا وەرە. منی بردە لای مەسئوولەکەیان و ڕۆژنامەکانی دایێ. مەسئوولەکە سەیرێکی کرد و لاپەڕەکانی هەڵدایەوە و وتی، بینێرن بۆ تسفیرات. زۆر هەوڵم لەگەڵیدا دا، وتم گەر من مەبەستێکم هەبێ ئەم ڕۆژنامانە بەرم بۆ بەغا وا بە ئاشکرا و بەرچاو نایانبەم. من مامۆستای زانکۆم لە بەغداد دەژیم، سەیری ناسنامەکەم بکە، دایکم زۆر نەخۆشە، لەسەرەمەرگدایە، داوای منی کردبوو بمبینێ، بۆیە هاتمە هەولێر. دوێنێ ئێوارە بە ڕێکەوت چاوم بە کۆنە برادەرێک کەوت وتی ئیستا لەم ڕۆژنامانەدا کار دەکەم و ئەم ڕۆژنامانەی دامێ، منیش بێ ئەوەی سەیریان بکەم خستمە ناو جانتاکەم و بیرم چوو دەریانهێنم و فڕێیاندەم. و .. من زۆرم وت ئەو هیچی نەبیست .

سەربازەکە منی بردە ژوورێکی بچووک و وتی چاوەڕێ بە تا دێن دەتبەن بۆ کرکوک. لەوێ چارەی خۆت بکە.

مـــاوەییێکی زۆر لە قـــرچەی گەرمـــای تەممـــوزدا لەو ژوورەی وەک تەندووری داخراو وابوو مامەوە. مێشکم وەستا نەمدەتوانی بیر بکەمەوە. منـاڵە بچکۆلەکـانم بیـرکەوتەوە، هەناسـەییێکی سـاردم هەڵکێشـا، چاوەکـانم فرمێسکیان تێزا و لە دڵی خۆما وتم بەستەزمان بەم منالّییە بێ باوک مانەوە.

لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەم دەکرد، چاوم بە نایب زابتێک کەوت. بە بەردەم ژوورەکەدا تێدەپەڕی. بـانگم کـرد، وتـم بـێ زەحـمەت دەتـوانم قسەیەکت لەگەڵدا بکەم. نزیکم کەوتەوە و بە عەرەبی وتی ( فەرموو کاکە). چـیم بەسـەرهات هەمـووم بـۆ گێـڕایەوە و سـوێندم بـۆ خـوارد کە چـۆنی دەگێڕمەوە وایە. هەر ئەوەندەی وت، خوا ڕزگارت کا و ویستی بڕوا، (سێ سەد هەزار دیناری تەبع و گەڵاییێکم پێبوو).. وتم لەسەر و سیماتەوە پێدەچی مرۆڤێکی چاک و لەسەرە خۆ بی. ئیستا من دەبەن نازانم بۆ کوێ و چیم بەسەردێ. ئەو برە پارەم پێیە تازە بۆچیمە، دەیکەم بە دیاری بۆ تۆ، بیدە بە مناڵەکانت.وتی سوپاست دەکەم با پێت بێ نەوەک لە کەرکووک پێویستت بێ. منیش بڕێکی کەمم لێ گێڕایەوە و وتم ئەوەش بۆ بەڕێزت. نەختێ بێ دەنگ مـــایەوە و وتـــی، خـــوا کەریـــمە و ڕۆیشـــت. دوای مـــاوەیێ دەرکەوتەوە، ڕۆژنامەکانی لە دەست، بەرەو من هات و بە زەردەخەنەوە سەیری دەکردم،. یەکسـەر تێگەیشـتم.. وتـی (**خلصـتک مـن مصـيبة کبيـرة**) واتـا (تـۆم لە کارەساتێکی گەورە ڕزگار کرد) و ناسنامەکە و ڕۆژنامەکانی دامێ و وتی هەر بە دەستی خۆت بیاندڕە. کە دڕیمن. پارەکەم هەڵگرت بیدەمێ وتی، لە شوێنی خۆی بەجێی بهێڵە و لەگەڵما وەرە. دوای کەوتم تا سەری شەقام و وتی تۆ بڕۆ خوا حافیزت بێ و سوپاسی خوا بکە و وریابە بە هیچ جۆر باسی نەکەیت... لە سەر شەقام وەستام، ئوتومبیلێ هات تا پردێ لەگەڵیا چووم، لەوێوە بۆ کەرکووک و ئنجا بۆ بەغا.

دوای دوو حەفتە گەڕامەوە هەولێر یەکسەر چوومە لای مامۆستا کەمال غەمبار و چیم بەسەرهات بۆم گێڕایەوە و وتم کوڕی باش خەریک بوو بە عیدام کردنم بدەیت.

لەو ساکەوە تا ڕووخانی سەدام و ئیستاشی لەگەڵدا بێ کە بە شێراوەدا

تێدەپەڕم ڕادەچنم، موچڕک بە لەشما دەگەڕێ.

**لە ڕۆژنامەی هەولێر ژ ١٩٠٥ م ٢٠١٥/٥/٢٢ بڵاوکراوەتەوە.**

### شەوێک لە پردێ

لە کۆتاییی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا بوو، لەگەڵ (د. گۆڤەند حوسێن شێروانی) لە بەغدادەوە بەرەو هەولێر کەوتینە ڕێ. دەبوو بەناو شارۆچکەی (پردێ) وە بەسەر پردە ئاسنینەکەیدا تێپەڕین. ئەوسا هەر ئەو پردە هەبوو. ئێوارە گەییشتینە بازگەی پردێ. وتیان پردەکە لایەکی تەپیوە، ڕێگە بۆ هەولێر بڕاوە. لێم پرسین هیچ ڕێگایەکی تر نییە؟ وتیان با، دەتوانن لە ڕێی (تەقتەق) ەوە بۆ کۆیێ و لەوێوە بۆ هەولێر بچن، ١٥٠ کیلۆمەترێ دەبێ. ئێمەش ڕێی بەرەو تەقتەقمان گرتە بەر. ماوەیێ ڕۆییشتین تاریک داهات، مەفرەزەی پێشمەرگە ڕایگرتین. پرسیمان گەر ڕێگاکە مەترسییدارە؟ وتیان ئاساییە. ئەگەر تەقەیان لێ کردن مەوەستن. ئێمەش وتمان ئەم موجازەفەیە ناکەین. گەڕاینەوە پردێ.

لە گەراجی بنکەی پۆلیسی پردێ بەرانبەر زێیەکە ڕامانگرت. پیاسەییێکی ناوبازاڕمان کرد. نەختێ چەرەزات و ساردیمان کڕی. گەڕاینەوە ناو ئوتومبیلەکە، تا درەنگانێک قسە و باسی خۆشمان بۆ یەکتر گێڕایەوە. هەر لەناو ئوتومبیلەکە خەوتین. بەیانی زوو لەگەڵ دەرکەتنی کازیوە ڕێی بەرەو تەقتەقمان گرتەوەبەر. گەییشتینە تەقتەق، بینیمان شارۆچکەیەکی خنجیلانەیە لەسەر زێی بچووک، پیاسەییێکمان بەسەر پردە جوانە قەشەنگەکەی و ناو بازارەکەی کرد. نانی بەیانیمان خوارد و کەوتینەوە ڕێ. دەور و بەری نیوەڕۆ گەییشتینە هەولێر.

ئەو بەسەرهاتەی کە بە ڕێکەوت بۆمان هەڵکەوت لە خۆشترین گەشتەکانی ژیانمە.

## چۆن کۆترەکەم ڕزگارکرد

لە هەشتاکاندا لە وەزارەتی پەروەدەی عیراق لە بەغداد ئەندامی ئەم لیژنانە بووم :

١ –لیژنەی هەڵسەنگاندنی ئەو کتێبانەی لە وەزارەتی پەروەردە دادەنرێن بە پێی فرمان

ژ(١٣٠٨٠) لە(١٩٨٤/٣/٢٠)

٢ - لیژنەی بژارکردنی موفرەداتی مەناهیجی زمانی کوردی لە خانەی مامۆستایانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی. ژ(٤١٠٢٩/٨/١٥) لە(١٩٨٤/٩/١٠)

٣ –لیژنەی مەناهیجی گشتی عیراق ژ(١٩٨٥/١٣) لە(١٩٨٤/١٠/٢٣)

٤ - لیژنەی پێداچوونەوە بە موفرەداتی مەناهیجی بەشە کوردییەکان. ژ(٢٩٨/٩) لە (١٩٨٥/١/٢٤).

. لیژنەکان بەردەوام بوون لە کارەکانیان تا ساڵی (٢٠٠٣). مانگی دوو جار کۆ دەبووینەوە. ڕۆژێکیان بەیانی پێش دەوام گەییشتمە بەر دەرگای وەزارەت بۆ ئامادەبوون لە کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتیی خوێندنی کوردیی ئەوسا(فوئاد فائق بەزاز). بینیم کۆترێک، لە بەرزاییی دە مەترێک گیربووە لەو پەتەی لەسەرەوەی بینایەکەوە ڕایەڵ کراوەتە سەر درەختێکی خورما، هەندێ ئالا و وێنەی پێدا هەڵواسراوە. کۆترەکە هەر باڵەفڕکێ و لەقەفرتێی بوو. یەکسەر چوومە پرسگە سێ کارمەندی لێ بوو. وتیان کاتی دەست پێکردنی دەوامە هیچ یێکێکمان ناتوانێ شوێنی خۆی بەجێ بهێڵێ. وازی لێ بێنە چیت لەمە داوە؟ چەند کەسێ لەوانەی بەوێدا تێدەپەڕین لام وەستان و ئامادەییی خۆیان پێشاندا بۆ یارمەتی دان. پاشان لە پرسگە وتیان لە نهۆمی چوارەم کارمەندێک هەیە ناوی(حسێن) ە، کۆتربازە، بڕۆ لای بەڵکو ئەو یارمەتیت دەدات. چوومە لای وتی: تەنها لایەنی ئەمنیی وەزارەت مافی چوونە سەربانی هەیە. چووینە لایان، دوای هەوڵدانێکی زۆر قەناعەتم پێ هێنان. یەکێ لە خۆیان سەرکەوت و پەتەکەی ڕایەڵ کرد و کۆترەکە نزیک ئەرز بووەوە. کۆترەکەم لە پەتەکە کردەوە و کابرای سەربان پەتەکەی ڕاکێشایەوە و لە شوێنی خۆی بەستییەوە. کۆترەکە باڵی لای چەپی هەموو

خوێنـاوی بووبـوو. زۆر سوپاسی(حوسـێن) م کـرد، کـۆترەکە و دوو دینـارم دایێ، کە بۆ ئەوسا بڕێکی زۆر بوو. سوێندم پێ خوارد ئاگای لێ بێ تا چاک دەبێتەوە و دەفڕێ. چوومە لای (فوئـاد فـائر) داوای لێبووردنم کـرد لە ئامـادە نەبوون بۆ کۆبوونەوە. وتی: ئاگام لێ بـوو خـەریکی چـی بـووی، ڕەحـمەت لە دایک و باوکت.

لە کۆبـوونەوەی داهـاتوو چـوومە لای (حوسـێن) هەواڵـی کـۆترەکەی لـێ بپرسم. وتی: کۆترەکەت دوای چوار پێنج ڕۆژ چاکبووەوە و فڕی، کۆترێکی منیشی لەگەڵ خۆی برد. تۆ پەندت پێ کردم.

شـــایانی باســـە لە ســـاڵی (٢٠٠٣) دا، بـــووم بە سەرپەرشـــتی نـــامەی ماجستێری مامۆستا (فوئاد فائق بەزاز). لە پەیمانگەی پەوەردەیی بۆ زانسـتە پەروەردیی و دەروونییەکان – بەغداد، پێی فرمان ژ (٣٤٢) (٢٠٠٣/١٢/٢٢). لە ڕۆژی پێنجشـــەممەی ڕێکەوتـــی (٢٠٠٥/١٠/٢٣) گفتوگـۆکرا. ئەمە ناونیشـانی نامەکەی بوو:

Constrastive Studies in Concord Between English and Kurdish Grammar

سەرۆکی لیژنەکە (پرۆفیسـۆر د. مەجید ماشـتە) بـوو. بە سـەرکەوتوویی دەرچوو.

## چۆن بووم بە مامۆستای مامۆستای خۆم

لە قۆنـــاغی دووەمـــی ناوەندیـــدا بووم..خوالێخۆشـــبوو پرۆفیســـۆر د. عبدالحمید یعقوب وانەی ئینگلیزیی پێ دەوتینەوە. من ئەو سـاڵە لە وانەکەی کەوتـم و ئیکمـال بـووم. ئەمە ناچـاری کـردم سـێ مـانگی هـاوین بە خەسـتی تەرخانکەم بۆ خۆ ئامـادەکردن بـۆ تـاقیکردنەوەی خـولی دووەم. ئەمە بـوو بە هـۆی ئەوەی لە زمـانی ئینگلیزیـدا بـاش بـبم و خۆشـم بـوێ و لە هەمـوو قۆانەغەکانی دواتردا بەسەرکەوتوویی تێیدا دەرچم.

لە سـاڵی ١٩٨٠دا خوێنـدنم لە زانکـۆی لەنـدەن تەواوکـرد و گەڕامەوە لە زانکـۆی بەغـداد دامەزرێنـرام..دوای ئەمە د. عبدالحمیـد چـووە ئینگلـتەرا و لە زانکـۆی وێلـز ماجسـتێری لە زمـانی ئینگلیزیـدا هێنـا و لە بەشـی ئینگلیزیـی

کـولێجی ئـادابی زانکـۆی سـەلاحەددین دامەزرا و بـوو بە سـەرۆکی بەشـی ئینگلیزی.

لە ساڵی ١٩٩٤ کە د. ئازاد محمد امین ڕاگری کولێجی ئاداب بوو، بەشی خوێندنی باڵای بەشی ئینگلیزی و بەشی کوردی لە زانکۆی سەلاحەددیندا دامەزرێنرا. من یەکێ بووم لە دامەزرێنەرەکانی. د. عبدالحمید بوو بە تاکە قوتابیی یەکەم خوڵی بەشە ئینگلیزییەکە. لە کۆرسەکانا زۆربەی وانەکانم پێ دەوتەوە و پاشان بووم بە سەرپەرشتی. ناونیشانی نامەکەی:

An applied contrastive study of English and Kurdish segmental system and structure بوو.

لە رۆژی ١٩٩٧/٨/٢١ موناقەشـەی کـرد و دکتـۆراکەی بە پـلەی نایـاب وەرگرت. لە موناقەشەکەدا من وەک سەرپەرشت لە بەرگریی قوتابیدا قسەی خـۆم کـرد و وتـم : (بەخـتەوەرم و شـانازی بەوەوە دەکەم کە بڕوانـامەی دکتـۆرا لە زمـانی ئینگلیزیـدا ببەخشـم بەو مامۆسـتایەم کە منـی لە زمـانی ئینگلیزیدا خست).

شایانی باسە کە هەموو تەرقییەکانی د. عبدالحمید تا پرۆفیسۆری بەهۆی منەوە بوو.

د. عبـد الحمیـد پەروەدگارێـک و مرۆڤێکـی مەزن بـوو. زانـا و شـارەزا بوو..هێمن و شارستان و لەسـەرەخۆ بوو.. تا ماوم قەرزار و منەتباری ئەم مامۆستایەمم .هەزار ڕەحمەتی لێ بێ.

## چۆن بووم بە قاچاخچی

بەیـانییەکەی ڕۆژی هەینیـی ڕێکەوتـی (٢٢ – ٩ – ١٩٩٥) لە گەراجـی هەولێـرەوە بەرەو بەغـداد بە ئوتـومبیلە ١٨ نەفەرییەکـان بەڕێ کەوتـم. گەییشتینە نزیک گوندی قوشتەپە ئوتومبیلەکە تێکچوو. ئێمەی نەفەرەکان دابەزین، لە سـەر ڕێگـاکە وەستاین بەڵکوو ئوتومبیلێ تێپەڕی بمـانگەیێنێ. بارودۆخ زۆر ترسناک و خراپ بوو، هاتوچۆ بەو ڕێگایەدا زۆر کەم بوو. بە دەگـمەن ئوتومبیلێـک دەبینـرا تێـپەڕێ .پێکـابێ دەرکەوت تـرێ و هەنـاری بارکردبوو، بەرەو کەرکووک دەچوو. دەستم بۆ بەرزکردەوە بۆم ڕاوەستا..

خۆم ناساند و داوام لێکرد تا پردێ بمبا، تا لەوێوە بچم بۆ کەرکووک و بەغا. وتی سەر چاو فەرموو. زۆر کەیفی پێ هات و بە خۆشحاڵییەوە وتی یاخوا بەخێر بێی دختۆر.

دوای دە دەقەیێ گەییشتینە بازگەی قوشتەپە کە کەوتۆتە سەر هێڵی ٣٦، ئەو سنوورەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٩١ بە بریاری ژمارە (٦٨٨) دەستنیشانی کردبوو بۆ پاراستنی کورد لە هێرش و هەڕەشەکانی ڕژێمی عێراق. تێیدا ژوور هێڵی ٣٦ ی باکووری دیاریکردبوو بە ناوچەیێکی قەدەغەکراو بۆ هێز و فڕۆکەکانی عیراق. هێڵەکە بە ١٥ کم لە باشووری شاری هەولێر بە ڕۆخ گوندی قوشتەپەدا تێدەپەڕێ

لە بازگەکەدا ڕایانگرتین. بۆ پشکنین هەموو قەرتاڵە ترێ و هەنارەکانیان بە شوفێرەکە داگرت. لە ژێریاندا چەند فەردەیێ قوماشی ئێرانی شاردبووەوە، دۆزییانەوە. من و کابرا هەردووک بە قەچاخچی گیراین و کەلەپچەمان خرایە دەست. بەسەرهاتەکەم بۆ سەربازەکان گێڕایەوە، وتیان ئێمە ناتوانین بەرتدەین ئەمرمان لەسەرە، ئامیر لەسەر هاتندایە زۆری نەماوە، خۆت قسەی لەگەڵدا بکە .داوام لێکردن ڕێم بدەن بگەڕێمەوە هەولێر، نەیانهێشت.

دوو سەعات بە قرچەی گەرما لەبەر هەتاوی برژێنەر بە دەست کەلەپچاوی وەستام تا ئامر دەرکەوت. ناوی (عەقید فەرحان) بوو. بەسەرهاتەکەم بۆ گێڕایەوە و وتم من مامۆستام لە کولێجی پەروەردە لە زانکۆی بەغداد. بە پێکەنینەوە داوای لێبووردنی لێکردم و بەسەربازەکەی وت کەلەپچەی دەستی دکتۆر بکەوە و منی لەگەڵ خۆیدا بردە ناو خێوەتەکە، ئاویان بۆ هێنام. پاش هەندێ قسە و باس وتی عەبدولحەمیدی کوڕم لە پۆلی چوارەمی بەشی ئینگلیزییە لە کولێجی پەروەردە.. وتم: بە تەئکید دەمناسێ من لەو بەشەدا دەرسدەڵێمەوە.. با بێتە لام هەر پێویستییێکی بوو من لە خزمەتام. هەڵسام خواحافیزیی لێ بکەم، بڕۆم ... وتی مەڕوو من دوای چارێگێکی تر دەچمەوە کەرکووک لە گەڵما وەرە. لەسەر ڕۆییشتندا بووین تکام لێ کرد ئەو کابرایەش ئازاد بکات، پیاوانە داواکارییەکەی ڕەت

نەکردمەوە. منی گەیاندە گەراجی کەرکووک.

دوای سێ ڕۆژ کوڕەکەی هاتە لام و وتی باوکم سەلامت لێ دەکات .لێم پرسی گەر هیچ پێویستییەکی هەبێ. وتی باسی دەرچوونم لەبارەی شاعیری ئینگلیز(بایرۆن) ە، پێویستم بە سەرچاوە و ڕێنومایییە. منیش تا باسەکەی تەواو کرد یارمەتیم دا.

## چۆن بووم بە پزیشک

پاییزی ساڵی ١٩٨٥ بوو، ئێوارە بوو، بەرەو بەغا دەچووم، لەسەر ڕێی(عزێم) نزیک شاری (خالیس) مەفرەزەییێکی مرووڕ ڕایگرتم.. داوای سەنەوییە و مۆڵەتی لێخوڕینی لێ کردم. ماوەی سەنەوییەکەم بەسەر چووبوو، لێی سەندم و وتی برۆ لە بنکەی پۆلیسی خالیس چاوەڕوان بە تا سەعاتێکی تر دەگەڕێینەوە.. خۆت لەگەڵ زابیتی خەفەر قسە بکە. کە چوومە شوێنەکە بینیم دە دوازدە کەسی تر وەستاون چاوەڕێ دەکەن. چوومە ژوور بینیم نایب زابیتێکی بە تەمەن دانیشتووە. سەلامم لێ کرد و وتم (من دکتۆر وریام .. مرور سەنەوییەکەی لێ سەندم ...) یەکسەر هەڵسایە سەر پێ و وتی بەخێر هاتی دکتۆر، فەرموو دانیشە. پاشان وتی (دکتۆر دەتوانم پرسیارێکت لێ بکەم)، وتم : سەر چاو، فەرموو. هەڵسایە سەر پێ، دەستی خستە سەر پشتی و ڕووی خۆی وەرگێڕا و وتی: جاروبار ئەم شوێنەم ژان دەکا.. بۆ چارەی بچمە کوێ باشە؟ .. لێم پرسی: شوێن هەیە لە سەریا ڕاکشێی تا فەحستکەم.. چووینە ژوورێک پێخەفێکی لێبوو. پێم وت: جلی سەرەوەت داکەنە و لەسەر سگ ڕاکشێ. نەختێ دەستم لێدا و ئەمدیو ئەودیوم پێ کرد، هەندێ پرسیارم لێکرد.. و وتم: لەوانەیە ئازارەکە هی گورچیلەت بێ.. یا ئەوەتا ئاوساوە، یا بەردی تێکەوتووە. دەبێ ئەشیعە وەرگریت، ئەوسا هۆیەکە دەزانرێ و چارەسەر دەکرێ.

(د. شوان) ناسیاوێکم بوو لە نەخۆشخانەی (مەدینەتولتوب) لە بەشی نەشتەرگەری لە نهۆمی چوارەم دەوامی دەکرد. لەسەر پارچە کاغەزێکدا ناوی خۆم و د. شوانم نووسی و پێم وت بچۆرە لای. ئەم کێشەیەی تۆ ئیختیساسی من نییە. دوای نیو سەعاتێ مەفرەزەکە هاتەوە.. دەستەیێک

سەنەوییە و مۆڵەتی لێخوڕینی خستە بەردەم نائیب زابیتەکە. ئەویش یەکسەر سەنەوییەکەی منی دەرهێنا و وتی فەرموو خوا حافیزت بێ. زۆر سوپاسم کرد و وتم: لە سەروسیماتەوە دیارە تۆ مرۆڤێکی هێمن و چاک و خێرخوازی، داواکارییەکم هەیە گەر بۆمی جێ بە جێ بکەیت خوا خێرت دەنووسێ.. وتی (انت غالي وەلتەلەب ڕەخیس) واتا (تۆ گرانبەهای داوەکە هەرزانە) فەرموو. وتم: تۆ پیاوەتییەکی گەورەت لەگەڵ من کرد، دەڵێن (الاحسان بالتمام) واتا (چاکە بە تەواوکردنەکەیێتی)، ئێوارەیە و درەنگە، ئەوانەی لەبەر دەرگا چاوەڕێن هیلاکن، ئێستا ماڵ و منداڵەکانیان چاوەڕێیان دەکەن، گەر هی ئەوانیش بگەڕێنیتەوە خوا چەندین بار خێرت بۆ دەنووسێ.. یەکسەر وتی ئەمر دەکەیت دکتۆر. یەکە یەکە ناویانی خوێندەوە و سەنەوی یا مۆڵەتەکەی دەدایەوە و پێی دەوت برۆ زوو نوێی کەوە ..دوای ئەوەی هەمووی گەڕاندەوە، خواحافیزیم لێکرد و دەرچووم. هەموو ئەوانەی سەنەوی و مۆڵەتەکانیان وەرگرتەوە. هاتن سوپاسیان کردم و دوعای خێریان بۆ دەکردم.

کە گەییشتمە بەغداد تەلیفۆنم بۆ د. شوان کرد و بەسەرهاتەکەم بۆ گێڕایەوە.. و وتم ئەگەر ئەو کابرایە هاتە لات ئاگایەکت لێ بێ.

### چۆن بووم بە وەکیلی شێخ

هەژدە ساڵ لە بەشی کوردیی زانکۆی بەغداد من سەرۆک بەش بووم و (ئومهەدیە) هەموو ئەو ماوەیە فەڕاشی بەشەکە بوو.. پیرەژنێکی نوورانیی نەخوێندەواری سادە و ساکار و میهرەبان بوو ..سێ کچی هەبوو ، باوکیان هەر بەمنداڵی جێی هێشتبوون ..ئەویش سەرەڕای ئەو هەژاری و نەخوێندەواری و بێ کەسییەی خۆی، کچەکانی چاک پەروەردە کردبوو و باشی پێ گەیاندبوون. هەرسێکیان زانکۆیان تەواو کردبوو.

من زۆر ڕیزم لێ دەگرت، وەک دایکی خۆم سەیرم دەکرد. ئەویش منی زۆر خۆشدەویست و وەک کوڕی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا دەکردم. هەر بە (وریا) بانگی دەکردم نە دکتۆر و نە مامۆستا. بە درێژایی ئەو هەژدە ساڵە هەرگیز بۆ یەک جاریش بێ، دڵم نەهات هیچ ئیشێکی پێ بکەم. زۆر هۆگرم

بووبوو. .بەیانیان زوو دەهات، لەسەر سۆبای عەلائەدین چای ئامادە دەکرد. تا دەگەیشتم لەسەر بالکۆنەکە دەوەستا چاوەڕێی دەکردم. هەر کە دەگەیشتم چایەکی بۆ دەهێنام و لام دادەنیشت باسی شتی سەیر و سەمەرەی بۆ دەکردم. شەو گوێی دەدایە دەنگوباس و بەرنامەی (العلم و للجمیع) ی (کامل دەباغ) کە دەیزانی من حەز لەو بابەتانە دەکەم، دەنگوباس و زانیارییەکانی بە جۆرەی تێگەیشتنی خۆی، بە سەرەوژێریی بۆ دەگێڕامەوە.

ڕۆژێکیان هاتە لام دانیشت، شەرم و شڵەژاویی پێوە دیاربوو، زانیم شتێکی پێیە دەیەوێ بۆمی بدرکێنێ، وتی: (وریا) تۆ کوڕی منی، بڕوا بکە گەر کوڕێکم هەبوایە بەقەد تۆم خۆش نەدەویست..خەمێکی گەلێ گەورەم هەیە و کەسەرێکم لە دڵدایە، دەمێکە دەمەوێ بۆتی بدرکێنم، تکایە با لە نێوان خۆمان بێ. وتم : ئیشاڵڵا خێرە، فەرموو. تۆ دایکمی، هەچ گرفتێکت هەیە، بۆم بکرێ یارمەتیت دەدەم. وتی:

خۆت دەزانی سێ کچی عازەبم هەیە. هەر سێکیان سوپاس بۆ خوا ڕێکوپێک و جوانن. زۆر بە ڕەوشتن. شوکور بۆ خوا هەرسێک کولێجیان تەواوکردووە. دڵم خەتەرەی کرد و بە پەلە وتم : بەڵێ دایە! وتی:

زۆر کەس دێنە داخوازییان، دوای چەن ڕۆژێ پەشیمان دەبنەوە و واز دەهێنن. لێم پرسی.. بۆ واز دەهێنن.؟ سەرەتا وتی نازانم. نەختێ بێ دەنگ بوو سەری هێنا و سەری بردم ئنجا وتی: لەماڵمان جنۆکە هەن. حەزیان لە کچەکان کردووە و بۆخۆیانیان ڕاگرتوون و بەستوویانن..من بە پێکەنینەوە وتم. دایە چۆن بڕوا بە شتی وا دەکەیت ؟..ئەمە وڕێنەیە ..شتی وا نابێ. وتی: من هیچ گومانم لەوەدا نییە. زۆر بە ئاشکرا هەست بە بوون و هاتوچوونیان دەکەین لە ناو ژوورەکاندا.. کە بەتەکمدا تێپەڕن هەست بە شنەیان دەکەم و جلەکانم دەلەرێنەوە.. شەو دڕەنگ غەڵبەغەڵبیان دەبیستین قسە لەگەڵ یەکتر دەکەن.. لە مووبەقەکەدا دەنگی قاپ و قاچاغەکان دەبیستین.

لێم پرسی.. لەکەیەوە لەماڵتانن؟ وتی: چوار ساڵ زیاترە..وتم : باشە بۆ بار ناکەن و بچنە شوێنێکی تر نەجاتتان بێ؟ وتی دوو ساڵ بەر لە ئیستا گواستمانەوە ئەوانیش لەگەڵماندا هاتن.. وتم ئەم جارە دەرچن و بچنە

شوێنێک بێ ئەوەی کەلوپەل و ناوماڵتان لەگەڵ خۆتان بەرن.. بۆ ماوەییێک پچنە شوێنێکی دوور. وتی : ئەمەشمان تاقی کردۆتەوە دەماندۆزنەوە، سەید و شێخ و پیاوچاک نەما نەچم. گەڵێ دوعا و نوشتەم لەلا کردوون، فایدەی نییە.. دەرەقەتیان نایەن.

زۆر بە قەناعەتەوە ئەم قسانەی دەکرد، هی ئەوە نەبوو موناقەشەی لەگەڵدا بکرێ. لێم پرسی: کچەکانت چی دەڵێن؟: وتی: هیچ ناڵێن..چاوەڕێی ڕەحمەتی خودان. ئنجا هەڵسایە سەر پێ و لێم نزیک بووەوە و وتی: دەڵێن لە هەولێر شێخێکی زۆر چاک و بەناوبانگ هەیە، یەکاویەکە .. ئەم گرێیانە دەکاتەوە و ئەم بەستنانە پووچەڵ دەکاتەوە... تۆ زووزووە دەچیتە هەولێر .. خێرت دەگات، ئەوەندە بۆ دایکی خۆت بکەیت، بۆم بپرسیت. تا بچینە لای بەڵکو چارەییێکمان بۆ دەدۆزێتەوە. ئەوە کچەکانم گەورە دەبن. بێکەسن نە باوکیان هەیە نە برا..من پیر بووم و نەخۆشم، زۆرم نەماوە بمرم، دەترسم لەوگۆڕە بمینێنەوە. بە ساقەت بم...ئەم خێرەم بۆ بکە.. لە خوا و لە تۆ زیاتر هیچ کەسێک شک نابەم.. تۆ وەک برایانی، دەخیلتم فریام بکەوە. خوا بتپارێزێ و دایە قوڵپی گریان. وتم: سەرچاوم دایکی بەڕێزم ئەمجارە بچمە هەولێر یەکسەر بۆت دەپرسم و لێی دەپێچمەوە.

دوای ماوەییێک چوومە هەولێر..کە گەڕامەوە ..هەر بە گاڵتە پێم وت : (شێخەکەم لە هەولێر دۆزییەوە و چوومە لای و گیروگرفتەکەی تۆم بۆ گێڕایەوە. شێخ وتی: ڕاستە ئەمانە بەستراونەتەوە .. کردنەوەی گرێکان دوعاییێکی تایبەتیی دەوێت .. ئیشاڵلا ئاسانە و خوا چاکی دەکات. شێخ داوای کرد (ناوی کچەکە و دایکی لەسەر کاغەزێک بە ڕەنگی سوور سەرەوژێر بنووسن و حەوت تاڵە قژی کورتی کچەکەی پێ لوول بدەن و بە داوێکی سەوز بە حەوت گرێ بیبەستن.). ئەمانەم بۆ بهێنە، بچمە هەولێر دەیانبەم و دەیاندەمە شێخ، ئیشاڵلا خوا دەرگاییکیان لێ دەکاتەوە.

بۆ بەیانی ئەوەی پێم وتبوو ئامادەی کردبوو و بۆی هێنام. لێم وەرگرت و خستمە ناو جانتاکەم و وتم: پێنجشەممەی دادێ دەچمە هەولێر و دەیگەیێنمە شێخ. تێر ئەمبەر و ئەوبەری ماچکردم و گەلێگ دوعای خێری بۆ

کردم. خەریک بوو لە خۆشیدا باڵ بگرێ.
کە چوومە هەولێر و گەڕامەوە، پێم وت ئەمانەتەکانم گەیاندە شێخ و موژدەم دایێ کە شێخ فەرمووی بە تەمای خوا ئیشاڵلا دوای سێ حەفتە گرێکان دەکرێنەوە و دوای ئەوە بە ٤٤ ڕۆژ جنۆکەکان لە کچەکانت دەتۆرێن و ماڵتان بەجێ دەهێڵن..و ئیتر دەکەوێتە دست خوا و نسیب.
دوای دوو سێ حەفتە هاتە لام و وتی: دەزانی دەنگ وجووڵەکانی جنۆکەکان بەرە بەرە کەمتر و سستتر دەبن، گۆڕاون، وەک جاران نەماون؟.
تا ٤٤ ڕۆژەکە بەسەر چوو بەردەوام دەنگوباسی بۆ دەهێنام. ڕۆژێ هات و وتی: دەزانی ئەوە چوار ڕۆژە هیچ دەنگ و ئاسەوارێکیان دیار نییە..دیارە وازیان هێناوە و باریان کردووە و دەرچوون لە ماڵەکەمان.. وتم: الحمد لله .. ئیشاڵا دەرگای خێرتان بۆ دەکرێتەوە..
پێنج مانگێکی بەسەر چوو .. ڕۆژی زۆر بە ڕوو بە پێکەنینەوە هاتە لام و شیرینیی بۆ هێنام و وتی: بە ڕاستی دوعای شێخ هاتە دی و سەری گرت..ئەمە شیرینیی خوازبێنیی کچە ناوەنجییەکەمە. سوپاس بۆ خوا ئەمجارەیان سەری گرت .. بەم زووانە دەیگوێزنەوە. دوای ساڵێ کچە گەورەکەشی شووی کرد..
ئومهەدییە بەردەوام دوعای خێری بۆ دەکردم و دەیگوت هەموو ئەمە بە سایەی خوا و کۆششی تۆ بوو . مەسەلەی شێخ لای بوو بە قەناعەتێکی بەردین.
ڕۆژ هات ڕۆژ چوو ..ڕۆژێکیان بەیانییەکەی چوومە کولێج .. پیرەژنێکی ڕەشتاڵی کورتە باڵای خڕیلەی قەڵەوی لووتزلی چاوزەقم بینی لای ئومهەدییە دانیشتبوو. کە منی بینی خێرا هەڵستایە سەر پێ. زۆر بە گەرمی پێشوازیی کردم .. منیش بەخێرهاتنێکی گەرمم لێ کرد و چوومە ژوورەکەی خۆم.
دەمووکەییێکی پێ چوو. ئومهەدییە پیرەژنەکەی هێنایە لام و وتی ئەمە فلانە، دراوسێمە وەک خوشکم وایە.. یەکماڵین.. چاکەی زۆرە بەسەرمدا .. کچێکی قەیرەی هەیە، خێرت دەگا . هاتووە داوات لێ دەکات بەڵکو بۆی بچیتە لای شێخەکەی هەولێر و زەرفێکی دامێ (دوو دانە) لە هەموو

پێویستییەکانی تێدا بوو، وەک ئەوەی پێشتر بۆ کچەکانی خۆی ئامادەی کردبوو....منیش لێم وەرگرت و لە دڵی خۆمدا وتم .. ئەی بەختەوەر خۆم، بووم بە وەکیلی شێخ لە بەغداد.

....

جینانی هاوسەرم کە ئەوسا فەرمانبەر بوو لە گەڵمان و مامۆستاکانی بەش هەموو ئاگاداری ئەم بەزم و بەسەرهاتانە بوون. (د. ئیحسان فؤئاد) ی بەهەشتی دەیگوت: ئومهەدییە (بەشیریست) ێکی مەزنە. شایانی بڕوانامەی (بەشیرا) یە بە پلەی نایاب.

**لە ڕۆژنامەی هەولێر ژ ٢٤٧٢ ی ڕۆژی (١٠/٢٤/ ٢٠١٦) بە ناو نیشانی (بڕوانامەی بەشیرا) بڵاوکراوەتەوە.**

## چۆن بووم بە مەلا

لەگەڵ سێ برادەری تر لە سلێمانییەوە بەرەو هەولێر دەهاتین. هاوین بوو، ڕۆژێکی یەکجار گەرم بوو. لەسەر ڕێگا لاماندایە مزگەوتێک. مزگەوتەکە چۆل و هۆل بوو، کەسی تێدا نەبوو. لە بن دیواری هەیوانەکە کەشیدە و جوببەیێکی مەلایان دانرابوو. جوببە و کەشیدەکەم کردە بەر. بەو دەمە دوو لادێیی خۆیان کرد بە مزگەوتەکە. هەر منیان بینی خێرا بۆم هاتن و پڕیاندایە دەستم و ماچیان کرد. منیش خۆم نەشێواند بەخێرهاتنم کردن و وتم درەنگە، زوو بڕۆن دەستنوێژی خۆتان هەڵگرن. هەر ڕۆییشتن من لە دڵی خۆمدا وتم، ئێستا مەلای ڕاستەقینە بێتەوە من چیبکەم!؟ خێرا جلەکانی مەلام داکەند و بە ڕاکردن دەرچووین.

لە کاتی خۆیدا وێنەیەکی ئەو بەسەرهاتەم بۆ هاوڕێی دێرینم (موحسین جوامێر) نارد، کە ئایینداریکی ئیسلامیی ناسراوە، ئێستا لە سویددا دەژیێ، زۆری پێ سەیر بوو، لێی پرسیم (بەس پێم بڵێ چۆن گەییشتیتە ئەم شوێنە!؟). بە داخەوە وێنەکان نادۆزمەوە.

لەکاتی نووسینی ئەم بەسەر هاتە (شەوی ٦/٩/ ٢٠٢٤) پەیوەندیم بە کاک موحسین جوامێرەوە کرد، بەڵکو وێنەکەی لا مابێ، وتی ئەوە بوو بە ٢٥ ساڵ، چووزانم چیی بەسەر هاتووە. هەر خوا خۆی دەزانێ.

هاوڕێی دێرینم کاک (موحسین جوامێر) و براکەی پسپۆڕی بایۆلۆجی(د. دلاوەر سابیر) لە سەرەتای شەستەکاندا دراوسێ بووین. دایکیان ڕەحمەتی خوای لێ بێ زوو بەجێی هێشتن. زوو زووە دەچوومەماڵیان. مامۆستا سابیر ئیسماعیلی باوکی مرۆڤێکی کەموێنە بوو. ڕۆشنبیرێکی بیر فرەوان بوو. باوکێکی نموونەیی بوو. نەبوونی دایک لە ماڵەوە ئەو بۆیان بووبوو بە دایک و باوک. مناڵەکانی بە جوانترین ڕەوشت پەروەردە کرد و پێگەیاند.(د. دلاوەر سابیر)ی برای پسپۆڕی (کیمیای ئەنزیمەکان)، دەرچووی ئەڵەمانیایە. وەرزشوانێک و قورئان خوێنێکی دەنگخۆش بوو، لاسایی(عبدالباسط عبدالسمد)ی دەکردەوە. زۆر جار لەگەڵ کاک (موحسین جوامێر) دەچووینە کتێبخانەی گشتیی هەولێر. کتێب و بیر و بۆچوونمان ئاڵوگۆڕ دەکردەوە.

## چۆن بووم بە ڕووەکخۆر

کە بۆ خوێندن چوومە زانکۆی لەندەن لەگەڵ هەندێ قوتابی بووم بە هاوڕێ کە ڕووەکخۆر و چالاکەوان بوون لە کۆمەڵەی ڕووەکخۆرانی بەریتانی. لەگەڵیان ئامادەی کۆڕ و چالاکییەکانیان دەبووم..بڵاوکراوەکانیانم دەخوێندەوە. دەچوومە چێشتخانەکانی تایبەت بە ڕووەکخۆران. زۆر زوو موچڕکی ئەم بیرە گەڕا بە هەستمدا و چوو بە دڵما و لە مێشکما چەسپی و بووم بە ڕووەکخۆر. لە ١٩٧٧/١٠/٢٤ دا، بیرمە سیودووەمساڵیادی دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو، بۆ دواجار گۆشت کەوتە زارم. ئەوە بوو بە ٤٧ ساڵ. هەر ئەوسا بووم بە ئەندام لەو کۆمەڵەیەدا. ئەم بیرە مرۆڤایەتییە ڕەسەنە لە وڵاتە پێشکەوتووەکان تەشەنەی کردووە.. ئیستا بە ملیونەهای لێ بوونەتێ.

کە گەڕامەوە دەستم کرد بە بڵاوکردنەوەی ئەم بیروباوەر و نەریتە بە نووسین و زارەکی. لە زانکۆی جیهاندا لەگەڵ دامەزرێنەری زانکۆکە (د. نەوزاد یحیی باجگر) کە چالاکەوانێکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ژینگەییە، کۆمەڵەییێکمان دامەزراند بەناوی (کۆمەڵەی بەزەیی بە ئاژەڵا هاتن) لەبەر سەرقاڵی ماوەییێک لێی سست بووین، ئیستا خەریکین و بەتەماین چالاکی بکەینەوە.

لەم بوارەدا تا ئیستا ئەنجامی باشم  بە دەست هێناوە..ژمارەییەکی زۆر لە کەس و کار و گەنجانی لای خۆمان کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی و بوونەتە ڕووەکخۆر..من شانازییەکی زۆری پێ دەکەم.

مرۆڤ خۆی ئاژەڵە.. ئاژەڵیش بەقەد مرۆڤ مافی ژیانی هەیە.. لە ڕووی هەست و ئازار و خۆشەویستیی ژیانەوە هیچ جیاوازییەک لە نێوانیانا نییە. ئەم بیرە لووتکەی مرۆڤایەتی و شارستانیەتە. لە کۆمەڵە دواکەوتووەکاندا دەرکی پێ ناکەن و بە ئاسانی جێی نابێتەوە، تەنانەت گاڵتەی پێ دەکەن. لەو بڕوایەدام هەچ ڕۆشنبیرێک بە قووڵی بیر لە چەمکی ئازار و ژیان بکاتەوە ئەم بیرە پەسند دەکات.  لەو قەناعەتەشدا دام کە ڕۆژێک هەر دێت، با دوای هەزاران ساڵیش بێ، دوترێ (سەردەمێ مرۆڤ گۆشتخۆر بوو).

بۆ زانیاریی زیاتر سەیری ئەم کتێبەم بکەن:

**چرۆکانی درەختی ژیانم (٢٠٢٢) ل.٤٩ – ٥٤. لەم ماڵپەڕەدا دەست دەکەوێ:**

http://wariaomaramin.blogspot.com

## چۆن بێ بلیت سواری فڕۆکە بووم

لە ساڵی ١٩٨٠ ئۆتومبیلێکم لە (الشركه العامه للسیارات) کڕی . دەبوو بچین لە بەسرا ئۆتومبیلەکە وەرگرین. چوومە نووسینگەی بڕینی بلیتی فرۆکە لە شەقامی سەعدوون، بینیم جمەی دەهات. بە سەدان کەس بۆ بلیت بڕین بۆ بەسرا وەستابوون. لە نووسینگە وتیان تا ١٠ ڕۆژی تر بەرت ناکەوێ. بە ڕێکەوت ناسیاوێکم بینی (جوان جاف) لە نووسینگەکە کاری دەکرد. داوام لێکرد یارمەتیم بدات. وتی بلیت تا بۆ ١٠ ڕۆژی تر حجز کراوە، بڕۆ فرۆکەخانە بەڵکوو لەوێ وەک ئیحتییات یەکێ نەهاتبێ جێگەی ئەوت دەستکەوێ.  ڕۆژی دوایی چوومە فڕۆکەخانە بینیم ڕیزێک بلیت بە دەست سرەیان گرتبوو بچنە ژوور. چوار ناسیاوم بینی (دلسۆز حوسێن شێروانی و جەلال قادر فاتەکە و حاجی عبدالموتەلیب عبدالڕەحمان و کوڕەکەی یوسف عبدالموتەلیب) لەگەڵ بێنج شەش کەسی تری هەولێری هەموو پێکەوە هاتبوون بچنە بەسرا بۆ ئۆتومبیل وەرگرتن. من بەگەریان کەوتم بلیتی

هەموویـانم وەرگـرت، پێشـیان کەوتـم.و دامـنە دەسـت کـابرای دەرگـاوان و هەموو پێکەوە چووینە ژوور.

فڕۆکە فڕی، کێک و ساردەمەنییان دابەشکرد بەسـەر نەفەرەکان. کاک یوسف ناوە ناوە ڕووی لەمن دەکرد و بە پێکەنینەوە دەیووت(لێدە لۆخۆت کاک وریا پارەت داوە).

ئەوە بوو بە ٤٤ ساڵ، ئێستاش کە یەکتر دەبینین باسی ئەو بەسەر هاتە دەگێڕینەوە، کۆڵی بە دڵ پێدەکانین.

## چۆن قوتابییەکی خۆم لە گرتن ڕزگارکرد

**مامۆسـتا (غـازی حەسـەن) لە سـاڵانی (١٩٨٤ – ١٩٨٨) قوتـابیم بـوو لە بەشی کوردیی زانکۆی بەغداد. لە نووسـینێکیدا باسـی بەسـەرهاتێکی خۆی دەگێڕێتەوە، کە چۆن گیرا و من فریای کەوتم. دەڵێ:**

من بۆ ماوەی چوار ساڵ قوتابیی (پرۆفیسۆر د. وریا عومەر ئەمین) بووم، لە بەشی کوردیی کۆلیژی پەروەردە، لە زانکۆی بەغداد (ئیبن ڕوشد). ئەم مامۆسـتایە بەڕێـزە جیـا و جیـاواز لە مامۆسـتاکانی دیـکە هەڵسـوکەوتی دەکرد، بە جووڵە و لەش سووک بوو، هەمیشە دەم بە پێکەنین و خەندە بوو، وکـو هـاوڕێ لەگەڵمانـدا هەڵسـوکەوتی دەکـرد. دەرگـای بەردەوام لە بەردەم قوتابییان کراوە بوو. وانەکانی ئاسان و سادە بوون، بە جەند خشتەیەک و هێلکارییەک کۆڵێ زانیاریی تـازەی پێ دەبەخشـین، کە لە کتێبە ڕێزمانییەکـان بەرچاو ناکەون. ئاشقی گۆران و شیعرەکانی بوو، لە هەناسە و ئاخاوتن و نموونە هێنانەوەدا هەست بە بۆن و بەرامەی گۆران دەکرا.

پشـووی هـاوینی سـاڵی ١٩٨٦ بـوو، لە سـەردەمی جەنـگە خوێنـاوییەکەی نێـوان عیـڕاق و ئێـران. دیوارەکـان هەمـوو بە لافیـتەی ڕەشـی سـەربازانی کــوژراو لە جەنــگ چنرابــوو. لە هەولێــر ئێــواران لەگەڵ هاوڕییەکــانم کە زۆربەمان لە ڕێکخستنەکانی حزب بە نهێنی کارمان دەکرد، پیاسەمان دەکرد. بە دەیان ئینزیبات بە درێژایی ڕۆژ لەنیوان مەچکۆ و جادەی باتا دەوەستان، جاودێری خەڵکیان دەکرد و گەنجانیان دەگرت.

ڕۆژێکیان لەگەڵ هاوڕێکانم لە شـەقامی باتـا پیاسـەمان دەکرد. لەناکـاو

ئینزیباتێـک داوای ناسـنامەی لە مـن کـرد. منـیش بـۆ بەدبەختـی ئەو ڕۆژە ناسـنامەکەم لە بیـر چووبـوو. منـی ڕاپـێچ کـرد و فڕێـی دامە نـاو زیلێکـی عەسـکەری، چەنـد گەنجێکـی تێـدابوو. چەنـد گـوتم و سـووێندم خـوارد مـن قوتـابیی زانکـۆی بەغـدادم، ئیمڕۆ ناسـنامەکەم لەبیر چووە، سـوودی نەبوو. لەناکاو وەکو فریشتە(د. وریا عومەر ئەمین) پەیدا بوو، منی بینی، بانگی کردم (غازی ئەمە چییە بۆ گیراوی؟). وتم: ناسنامەم پێ نییە.

یەکسەر چووە لای ئینزیباتەکە و ناسنامەی خۆی پێشـان دا و پێی وت:. من سەرۆکی بەشم لە زانکۆی بەغداد، ئەمە قوتابیی منە، قەناعەتی پێ هێنا و منـی ڕزگـار کـرد. ئەگینـا لەوانەبـوو یەکسـەر ڕەوانەی بەرەی جەنگیـان بکردمایە.

غازی حەسەن

١٤ – ٦ - ٢٠٢٤

## چۆن دزیم لێ کرا

بە ئوتومبیلێکی جێمسی بەرەو هەولێر دەچووم. جانتاییێکم پێ بوو بڕێکی زۆر پـارەی تێدابوو. بە شـوفێرەوە هەشـت نەفەر بـووین یێکێکمـان ژن بـوو. گەییشتینە نزیک شاری داقووق یێکێ لە نەفەرەکان فێی هـاتێ و بـووڕایەوە. هەمووومـان خێـرا دامانبەزانـد و لە سـەر پشـت ڕآمانکشـاند. ئاومـان بە دەموچاویـا داکـرد. بەرە بەرە هـاتەوە هـۆش خـۆی و کەوتیـنەوە ڕێ. ئێوارەییێکی درەنـگ بـوو گەییشـتینە هەولێـر، هەمووومـان لە گەراجـی هەولێـر دابەزین. ڕۆژی دوایی بەیانییەکەی دەستم بۆ جانتـاکە بـرد پـارەکە دەرهێنم.. پـارەکە نەمـابوو. وا دیـارە کە بـۆ یارمەتیـدانی کـابرا فێدارەکە دابەزیبـووین، ژنەکە دەستی بۆ بردووە و دزیویەتی. یەکسـەر چوومە گەراج. مـن هەمیشـە لە سـەفەرەکانم ژمـارە و ڕەنگـی ئوتـومبیلەکە لای خـۆم تۆمـار دەکەم. شـوفێرەکەم دۆزییەوە. لێم پرسـی گەر ئەو ئافرەتەی دوێنێ لەگەڵماندا بـوو دەناسێ.. وتی نەوەڵلا نایناسم. دوێنی لەگەڵ ئێوە دابەزی و ڕۆییشت. ئێسـتا بیشیبینم نایناسمەوە.

## چۆن ڕفێنرام

لە ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی (٨ نیسان ٢٠٠٦) لە بەغداد دەرچووین. پێنج نەفەر بووین. گەییشتینە (هبهب)، پیکابێکی پڕ چەکداری دەمامکدار ڕایانگرتین. بە شوفێرەکەیان وت : دوامان کەوە. شوفێرەکە وتی من سایەق تەکسیم و ئەمانە نەفەرن دەچینە هەولێر. وتی قسە مەکە، دوامان کەوە. پیکابەکە لایدایە ناو ڕەز و باغێکی پورتوقال و خورما. گەییشتینە شوێنێک چەند کۆلیت و خانووکی لێ بوو. ئێمەیان دابەزاند و لە ژوورێکا دەرگایان بە سەرماندا داخست. دوای نیو سەعاتێ بانگی شوفێرەکەیان کرد. لێپێچینەوەیان لەگەڵیدا کرد و پێیان وت برۆ لە ناو ئوتومبیلەکەت چاوەڕوان بە.

دەرگا کرایەوە، کابرا سەیرێکی کردین و پەنجە بانگی منی کرد. بردمیە ژوورێکی تر. ڕیشدارێ لەسەر مێزەکە دانیشتبوو، بەخێرهاتنی کردم. داوای ناسنامەی لێکردم. ناو و پیشە و خەڵکی کوێمی لێ پرسیم. کە ناوی باوکمی(عمر) بیست بە زەردەخەنەوە وتی (هەلا). تۆ برۆ. لە کۆتاییدا یێکێکیان گلدایەوە، دیارە شیعە بوو. ئێمەیان ئازاد کرد.

ئەوسا ناوچەی (هبهب) سەربازگەی ڕێکخراوی قاعیدە بوو، کە لایەنێکی سوننیی توندڕەوەی دژ بە شیعە بوو. لەسەر ناسنامە بە سەدانیان سەربڕی. ئەوەی منی ڕزگار کرد ناوی باوکم بوو(عمر) کە شیعە ڕکی لەم ناوەیە، هەرگیز لێی نانێ.

دوای ئەم ڕووداوە، تا کۆتاییی ساڵی(٢٠٠٩) هەر بە فڕۆکە هاتوچۆی کوردستانم دەکرد.

## چۆن ئوتومبیلەکەم ئازادبوو ؟

لە ساڵی ١٩٨٥ لە گەڕەکی مەنسوور لە بەغداد دەژیام.نزیک (نادي الثقافي لجامعة بغداد) و (نادي المنصور). ئێوارەکیان (د. بەهرام خدر مەولوود)، سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددینی پێشوو، تەلیفۆنی بۆ کردم وتی: لەگەڵ (د. مەڕوان عبد الرەحیم یاس) لە (نادي الثقافي لجامعة بغداد)ین ، چاوەڕێتین، وەرە ئیشەکم پێتە. ئیشەکە ئەوەبوو، د. مەڕوان بە تەمای

خواستنی کچی مامۆستا (ئیسماعیل ڕەسوول) بوو. داوایان لێ کردم بۆ ئیشی خێر لە گەڵیان بچمە لای مامۆستا (ئیسماعیل ڕەسوول). سەعات دە و نیو بوو دەرچووم ویستم بە بەردەم یانەی مەنسوورەوە بگەڕێمەوە ماڵ، بینیم هەرایە شەقامەکە پڕ حیمایە و ئوتومبیلی جامڕەش و پۆلیسە. وتیان سەدام لە یانەی مەنسوورە. ڕایانگرتم و داوای ناسنامەیان لێ کردم. ئوتومبیلەکەیان حجزکردم و وتیان ئوتومبیلەکەت بۆ یەک مانگ حجزە. ئەوەندە وتم ماڵم لێرە نزیکە دەگەڕێمەوە ماڵ، بفەرموون لە گەڵمدا وەرن بە چاوی خۆتان ببینن، فایدەی نەبوو. سویچی ئوتومبیلەکەیان لێ سەندم و بە پێیان گەڕامەوە ماڵ.

دوای دوو ڕۆژ لە کولێجی پەروەردە (د. عبد الستار تاهیر شەریف) م بینی کە ئەوسا خوێندکاری دکتۆرا بوو تیایدا . بەسەر هاتەکەم بۆ گێڕایەوە. منی لەگەڵ خۆی بردە لای بەڕێوەبەری گشتیی هاتوچۆی بەغداد و ئوتومبیلەکەی ئازادکردم.

شایانی باسە کە د. عبد الستار پێشتر لە کێشەییێکی کوشندە دەربازی کردم. (بۆ ئەمە سەیری بەشی - خوێندنم لە زانکۆی لەندەن - دا بکە).

### لە بەندیخانەی هەولێر

کاک شەریف جەمباز هاوسەری نەسرینی خوشکم بوو (ڕەحمەتی خوایان لێ بێ)، کەسایەتییەکی ڕووخۆش و هێمن و گەشبین و دڵفراوان و خاکی بوو. مرۆڤێکی یەکجار زیرەک و چالاک و لێهاتوو بوو. ڕۆشنبیرێکی هوشیار بوو. لە دوای کودەتای هەشتی شوباتی ١٩٦٣دا لەگەڵ هەزارانی تر لەسەر هەڵوێستە سیاسییە چەپڕەو و کوردپەروەرییەکانی گیرا و خرایە بەندیخانەی هەولێر. من ئەوسا مناڵ بووم، لەگەڵ پەروینی خوشکم هەموو ڕۆژ دەچووین خواردن و پێویستییەکانمان بۆ دەبرد.

حەوشی بەندیخانەکە هەمیشە جمەی دەهات، پڕ بوو لە کەس و کارانی بەندەکان. کە دەچووین بۆ بینینیان، دەبوو دوو سێ مەتر دوور لێیانەوە بوەستین و نزیکیان نەکەوین.

جارێکیان کاک شەریف ویستی شتێکم پێ بڵێ لەبەر دەنگەدەنگ و

واژەواژ گوێم لێ نەدەبوو. منیش بۆی چووم و خۆم لێ نزیک کردەوە. یەکسەر پۆلیسێک بۆم هات، توند یەخەی ملی گرتم و منی ڕاپێچکرد و بردمییە لای ئەفسەرەکە. ئەفسەرەکە قیژاندی بەسەرما و وتی هەر لە شوێنی خۆت لەسەر ئەرزەکە دانیشە، نەجوولێیتەوە. منیش دانیشتم. دوای نیو سەعاتێ بۆم هات، بە دوو دەستی هەردوو گوێی توند ڕاکێشام و منی هەڵستاندە سەر پێ و بانگی پۆلیسەکەی کرد و وتی بیبە دەرەوە با بڕوا. پۆلیسەکەش زللەییێکی ماڵی بە گوێمدا و بە پاڵ فڕێی دامە دەرەوە.

### بە چ دەردەسەرییەک باڵەخانەکەی بنیاتنا

ڕۆژێکیان لەگەڵ هاوڕێیەکم.. کە ئیستا نووسەرێکی ناسراوە، پیاسەمان دەکرد.. بەدەم باڵەخانەییێکدا تێپەڕین.. هاوڕێیەکەم لەپڕ وەستا و سەری خۆی بەرزکردەوە و سەیرێکی باڵەخانەکەی کرد و هەناسەییێکی ساردی هەڵکێشا و وتی: بیرەوەریی زۆر تاڵم لەگەڵ ئەم باڵەخانەیەدا هەیە.. مناڵ بووم تەمەنم هەشت ساڵان دەبوو، کوڕە هەژار بووم، لە کاتی بنیاتنانیدا وەک کرێکار کارم تێدا کرد..بە پەقرەچ چیمەنتۆم سەردەخست..خاوەن باڵەخانەکە زۆر بێ بەزەییانە دەیقیژاندی بەسەرما و دەیگوت بۆ بەقرەجەکە پڕ ناکەیت ؟ ..کە پڕم دەکرد زۆر قورس دەبوو و لێی دەڕژا و نەمدەتوانی خێرا بڕۆم ...ئەمجارەیان قیژاندی بەسەرما (...) بۆ ئاگات لەخۆ نییە ..نیوەی جەمەنتۆکە دەڕژێنی .. بۆ وا لەسەرەخۆ دەڕۆیت...؟ و زیلله یێکی ڕاماڵی بە بناگوێما.. منیش یەکسەر بەگریانەوە بە ڕاکردن وازم لێ هێنا و ڕۆژانەی ئەو ڕۆژەشمی بۆ مایەوە.

### جەژنی کەران

ڕۆژی (٨ ی ئایار) ی هەموو ساڵێک جەژنی جیهانیی کەرانە. با لەم ڕۆژەدا یادی ڕەشبگیریی کەرانی کوردستانیش بکرێتەوە، تا لە ڕێیەوە هەموو جیهان بزانێ ئێمەی کورد لە چ نەهامەتییەک و دەردەسەرییەکدا ژیاوین .

ڕەشبگیریی کەرگیرانی ساڵی ١٩٦٣ یێکێکە لەو ڕووداوە هەرە سەیرانەی کە مـایەی ئەوپەڕی سەرسـوڕمان و پێکەنـین و گاڵتەجـارییە. ڕووداوی وا هەرگیزا و هەرگیز لە مێژووی هیچ میللەتێکا ڕووی نەداوە و هەرگیز ڕوو ناداتەوە و دەبێ بچێتە کتێبی گنیسـەوە. هەمـوو هەولێرییە تەمەنـدارەکان ئەمەیـان لەبیرە. هیوادارم هەچ بیرەوەرییەکیـان لەم بـارەیەوە لایە تۆمـاری کەن تا جیهان و نەوەکانی دوا ڕۆژ بزانن ئیمەی کورد چیمان دیوە و چیمان بەسەردا هاتووە .

لەو ڕۆژەدا هەرچی کەری نـاو شـاری هەولێر و گونـد و لادێی دەور و بەریەتی هەموو گیران و خرانە ناو حەوشە گەورەکەی بەندیخانەکەی هەولێر کە کەوتبـووە پشـت بەڕێـوەبەرایەتیی گشـتیی پۆلیسـی ئەوسـا (بەرامـبەر پارێزگـای ئیسـتا)، بەو تـوومەتەی کە بەهۆیـانەوە ئـازووقە بـۆ پێشـمەرگەکان دەبرێ و کاروباری شۆڕشیان پێ ئەنجام دەدرێ .

لە شـاری هەولێر ژیـان وەسـتا.. تـوور و سـلق و کەرەوز و تەڕەپیـاز و ماست و پەنیر کە بە پشـتی کەر لە بـاغچە و لادییەکانەوە بۆ شـار دەهێنران لە بـازاڕدا نەمـان... ئاشـەکان کە باراشـیان بە پشـتی کەر بـۆ دەچـوو هەمـوو وەسـتان ... دەنگـی نەوتفـرۆش و دار فـرۆش لەگەڕەکەکانـدا نەمـا. ناڵبەنـد و کورتاندروو و کافرۆش و کۆڵهەڵگرەکان بازاڕیان مرد. مەیدانی کەر داخـرا و کەرفرۆشـەکان پەکیان کەوت.

نزیکەی هەزار کەر بەندکران. خاوەنەکانیان ڕۆژ تا ئێوارە لەبەر دەرگـای بەنـدیخانەکە بە هەنـدێ کـا و جـۆوە لە ڕیـز دەوەسـتان نۆرەیـان بـێ بچـن مواجەهەی کەرەکانیان بکەن و ئاو و ئالیکیان بۆ بەرن...کا و جۆفرۆش، وەک میـوە فرۆشـەکانی بەردەم نەخۆشـخانەکان، بە فەردە کـا و جۆیـان هێنـابووە نزیک بەندیخانەکە بۆ فرۆشتن.

کەرەکان ئەم گرتنەیان یەکجار پێ خۆش بوو... ڕزگاریان بووبوو لە بـار هەڵگرتن و عارەبـانە ڕاکێشـان و نەقیـزە و دارکـاریی و بێ بەزەیـی منـاڵان... لەهەمـوو ژیـان و مێژوویانـدا هەرگیـز خۆشـی و شـادیی وایـان بە خـۆوە نەدیبـوو و ئەوەنـدە نەحەسـابوونەوە.. بازدانیـان بەسـەر یەکـا و لووشـکە و

قەپگرتن و عەڕەعەڕ و زەڕینیان لە ناو حەوشەی بەندیخانەکەدا شانۆییێک و سیمفۆنیاییێک بوو بۆخۆی، زۆر شتیان دەردەبڕی و دەگێڕایەوە .

ئەوسا ئێمە دەستەییێک هاوڕێ بووین لە قۆناغی ناوەندیدا ( چەتۆ حەسەن و عبدالرحمن عبدالله ڕەسوول و ئەکرەم محەممەدەمین و ..)، دوای بەربوونمان لە قوتابخانە دەچووینە بەردەم سەرا. لەناو خاوەن کەرەکانا دەخولاینەوە گوێمان دەدایە قسەکانیان و خەمەکانیان بیرمە مەحموود زامدار کە تازە موچڕکی کەریزم بە دەمارەکانیدا دەگەڕا دڵی لە کەرەکان خۆشتربوو، لەوانەشە هەر ئەو ڕۆژە و ئەو ڕووداوە بوو عیشقی کەری لەدڵا چەسپاند.

قسە و باس و خواس و خەم و پێکەنین و پێخەنی خەڵکەکە ئەوسا بوو بەدونیای کەر و بەزمی کەرگیران . گەلێ شتی سەیر ڕوویدا و باس کرا.

رۆژێ دوو قوتابی لە پۆلەکەماندا نەهاتبوون.. کە مامۆستا ناویانی خوێندەوە یەکێ لە هاوڕێکانی وتی ( مامۆستا ئەوانە دراوسێمانن ... کەریان گیراوە ئیمرۆ مواجەهەی کەرانە، چوونەتە مواجەهە ئالیکیان بۆ بەرن).

کابراییێک کەرەکەی خۆی لە ژوورێکی ماڵەکەیدا دەشارێتەوە... شەو دەزەڕێ و لێی ئاشکرا دەبێ ... خۆی و کەرەکەی ڕاپێچی بەندیخانە دەکرێن، .پاشان کەرەکەیان بەردا و خۆی تا ئیستا شوونبزرە.

عەزیز ناوێک کەرەکەی خۆی دەرباز دەکا و لە ناو زوورگەکاندا دەیشارێتەوە...دوای ئەمە بە (عەزە کەرفیرار) ناوی دەرکرد. ئیستاش بە بنەماڵەی عەزەی کەرفیرار ناسراون.

دوای حەفتەییێک جاڕدرا کە هەر کەرگیراوێ عەریزەییێک بنووسێ تیایا بەڵێن بدا کە کەرەکەی بۆ کاری نایاسایی بەکار ناهێنێ، کەرەکەی ئازاد دەکرێ. خوا دەرگاییێکی والای لەسەر گازی پشت بۆ عەرزوحاڵچییەکان کردەوە. وێنە گرەکان کەوتنە گازاندە و دەیانوت حەقی وایە وێنەی کەرەکانیش بە عەریزەکانەوە بلکێنرێ .

بە دەیان کەرگیراو دەوری عەرزوحاڵچییەکان دابوو و وەک زەردەواڵە بەسەریانا نیشتبوون. کەرگیراوێ نەختێ پیر و بێ تاقەت دەبێ چەند دەکا

ناتوانێ خۆی بگەیێنێتە عەرزوحاڵچی، داوا لە یەکێ دەکا یارمەتیی بدات و عەریزەکەی بۆ بنووسێ.. ئەویش دیارە کابراییکی فشەکەر بووە، ئەمەی بۆ دەنووسێ :

(بەڕێز موتەسەریفی هەولێر ... ئەوە شەش ڕۆژە کەرەکەم گیراوە . من لە جیاتی ئەو سوێندتان بۆ دەخۆم و شایەتیی بۆ دەدەم کە ئەم کەرەی من هیچ پەیوەندییەکی بە هیچ لایێکەوە نییە و بێ خەتایە و هیچ کارێکی نایاسایی نەکردووە. تا بڵێی هیمن و ئیشکەر و لەسەرەخۆیە. هەرگیز لووشکەی لە کەس نەداوە و قەپی لەکەس نەگرتووە .. .سەرچاوەی ڕزقی مناڵەکانمە، داوا لە بەڕێزتان دەکەم ڕەحمێکی پێ بکەن و ئازادی کەن). یەکسەر کابرا دەگیرێ و کەرەکەی بیر دەچێتەوە.

ڕۆژی دوایی بوو و دوای ئەوەی زۆربەی کەرگیراوەکان بەڵێننامەی خۆیان پێشکەش کرد، بریاری لێبووردنی گشتی درا . کات دوای نیوەڕۆ بوو، دەروازەی بەندیخانەکەیان کردەوە و کەرەکانیان بەڕەڵلا کرد. ئەو سەدەها کەرە پێکەوە بەڕاکردن و خزینەپاڵ یەک و بە لووشکە و هەڵبەزین و دابەزینەوە بەبەردەم چاپخانەکەی مامۆستا گیو و دوکانەکەی مەجید پەقلاوەچییەوە بەرەو ناوبازار کەوتنە ڕێ. سەروسیمایان خۆشی و سەرکەتن و سەربەرزی و شانازییان لێ دەباری . خاوەنەکانیان بەناویان وەرکەوتبوون، هەریەکە لەمبەر بۆ ئەوبەر ڕایدەکرد لە کەرەکەی خۆی دەگەڕا، هەرکە دەیدۆزییەوە دەستی لە ملی دەکرد، هیواش هەبوو ماچیشی دەکرد و فرمێسکی شادیی بەیەکگەیشتنەوەی بۆ هەڵدەڕشت و دەیوت کەفارەتییە ئیشاڵڵا.

دوکاندار و خەڵکەکە لەمبەر و ئەوبەری شەقامەکە وەستابوون سەیری ئەو کۆڕەوەیان دەکرد، بە پێکەنین و گاڵتە لە گەڵ یەکترا دەدوان. هەندێ گەنج لەبەردەم دوکانۆکەکەی مام حەیدەری پینەدۆز وەستابوون، بەو پەڕی ڕیزەوە دەستی خۆیان بەرز، بە سڵاو و ڕیزەوە دەشەکاندەوە و وەک قارەمان پێشوازییان لێ دەکردن.

کەرەکانیش... ئەوەی خاوەنەکەی دۆزییەوە، ئەوە لێی خوڕی و

بردییەوە.. ئەوانی تر لەناو سووچ و کۆڵانەکانی ناو بازاڕدا بڵاو بوونەوە و لەناو خەڵکەکە توانەوە.

با ئەو ڕۆژە بکرێ بە ڕۆژ و جەژنی کەرانی کوردستان. هەموو ساڵ ئەم ڕۆژە یادبکرێتەوە و کەرنەڤاڵی بۆ سازبدرێ و لە ڕۆژی (٨ ی ئەیار) ی هەموو ساڵێکدا کە جەژنی جیهانیی کەرانە ئەم یادەش بکرێتەوە، تا لە ڕێیەوە میللەتانی جیهان بزانن ئێمەی کورد (لە چ ڕۆژانێکا و لە چ ژانێکا) ژیاوین.

**لە ڕۆژنامەی (بەدرخان) ژ ١٢٣ ی (٨ – ٨ – ٢٠٠٩) دا بلاوبۆتەوە**

**هەروەها لە بەرگی ٩ی ئینسایکلۆپیدیای هەولیر ل ٤١٩٢ ی (حەمید بەدرخان) دا**

## قەفەزەکەی ڕزگاری برام

هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بوو...جەنگی نێوان عیراق و ئێران بوو..ترس و تۆقین و سامناکی باڵی بەسەر ژیانا کێشابوو... ماڵ نەبوو یەک دوو کوڕی ڕاپێچی بەرەی جەنگ نەکرابێ کە، ڕۆژێ تەرمی سەدانیان لێ دەکران بە دیاری بۆ دایک و باوکان. ئەوەی ڕایکردایە بە بنەماڵەوە بنبڕ دەکران... خوشک و برا بچووک و دایک و داپیرە و باپیرە دەگیران و ڕادەگوێزرانە بیابانەکانی باشوور. لە گرتووخانە سامناکەکاندا دەخزێنران و لە کۆگۆڕەکاندا زیندەبەچاڵ دەکران .

دایکی برایم، بێوەژنێکی هەژاری بێ کەس بوو، دوو کچ و کوڕێکی هەبوو..ئەمانە هێشتا منداڵ بوون کە باوکیان مرد. بەهەزار دەردەسەری و خاکەسەری بەخێوی کردن. هەموو ئومێدی لە ژیاندا ئەو تاقە کوڕەی بوو. هەموو ئاواتی ئەوە بوو، ڕۆژێ بێ گەورە بێ، لە سایەیدا نەختێ بحەسێتەوە ..

دایکی برایم زوو زووە دەهاتە لای دایکم، هەردووک هاودەرد بوون، کوڕەکانیان ڕاپێچی بەرەی جەنگ کرابوون . پێکەوە دادەنیشتن دەرد و داخی دڵی خۆیان بۆ یێکتری هەڵدەڕشت، دڵی یێکتریان دەدایەوە، بۆ یێکتر دەگریان،، لە خوا دەپاڕانەوە ئاوێ بەم ئاگرە داکا، ئەو گەنجە جوانە نازدارانە

بپارێزێ. جەرگی دایک و باوکان نەسووتێ.
ڕۆژێ، لە چیمەنی دواوەی ماڵمان کە پڕ بوو لە درەخت و سەوزایی، پێکەوە دانیشتبوون وەک هەموو جار کەوتنە نزا و پاڕانەوە لە خوا، ماڵی سەدام وێران کات وەک هی هەزارانی وێران کرد، چی بەم خەڵکە دەکا بەسەری بێت ..جەرگی بسووتێ وەک جەرگی ئەو هەزاران دایک و باوکەی سووتاند. کوڕەکانی بە کوشتن چن. کچەکانی بێوەژن و دەر بەدەر بن و.. لەم کاتەدا بوو دایکی برایم چاوی بە قەفەزێ کەوت لە سووچی چیمەنەکەدا دانرابوو کە پێشتر لەوێ نەبوو..ئەشیزانی کە ڕزگاری برام تەیر و توار بەخێو دەکات وای زانی ئەمە هی ئەوە و هاتۆتەوە. زەردەخەنەیێک لە سەر ڕووە ماتەکەی نیشت و ڕووی کردە دایکم و وتی:
چاوتان ڕوون ئەوە بە خێر ڕزگار هاتۆتەوە؟ پێشم ناڵێی..! دایکم وتی:
خۆزگە هەزار خۆزگە، کوا؟. نەمردابام مرازم حاسر بایە جارێکی تر چاوم پێ بکەوتایە دایکت بمرێ، کوێراییم دایێ ... .نەوەڵڵا ئەم قەفەزە هی ڕزگار نییە. ئەوە حوکمەت بە ناخێری بەسەر ماڵاندا دابەشی کردوون.. دوێنێ لۆرییێک هاتە گەڕەکەکەمان، هەر ماڵەی دانەیێکیان دانێ لە چیمەنەکانیان دانێن.. وتیان جۆرە جورجێک پەیا بووە دەیانەوێ بیانگرن.. ئەمە هی ئەوەیە.
شەو داهات، دایکی برایم..لەسەر جێگاکەی ڕاکشا. خەیاڵی چووە لای کوڕەکەی و...لای دایکم و.. قەفەزەکەی هاتەوە بیر، لە پڕ دڵی کەوتە خەتەرە، دەبێ ئەو قەفەزانەی بە ناوی جورج و مشک گرتن لە ماڵاندا دایاناون شتێ نەبن بۆ تۆمار کردنی قسەکانیان .؟ ئەی ماڵ وێران خۆمان، هەبێ و نەبێ نزا و تووک و قسەکانیان هەموو تۆمار کردووین، هەر بەیانی و دوو بەیانییە دێنە سەرمان. بە جارێ ئۆقرەی لێ بڕا ..قوڕگی وشک بوو ..دڵی کەوتە لەرزین . حەجمنی نەما، تا بەیانی نەیتوانی چاوەکانی بنووقێنێ. هەر هات و هەر چوو، شەوەکەی لێ بوو بە ساڵ.
بەیانی زوو هاتە لای دایکم ئەم ترس و گومانەی بۆ گێڕایەوە. دایکم کە ئەمەی بیست ئەمیش زەندەقی چوو، تۆقی، هێزی لەبەر بڕا، هەموو گیانی

سڕ بوو، خەریک بوو بەربێتەوە. خۆی بە دیوارەکە هەڵپەسارد، ماوەییێک بێ دەنگ مایەوە تا نەختێ هێزی هاتەوە بەر و وتی :ڕاست دەکەی هەبێ نەبێ ئەمە بۆ چاودێریی ئەم خەڵکە دانراون. جورجی و مشکی چی!؟ خوایە بە قوربانت بم تووشی چیت کردووین؟ ئەم دەردە سەری و نیگبەتییە تا کەی؟

چوونە لای قەفەزەکە. سەرەتا لە دوورەوە تێی ڕامان .. بە دڵە کوتێ.. بە پسەپس و دەست و چاو لەگەڵ یێکتر دووان. بەرە بەرە لێی نزیک بوونەوە و لەلای دانیشتن و زاری خۆیان لێ نزیک کردەوە و بە دەنگێکی بەرز بە دووان کەوتنە پیا هەڵدان بە شان و باڵی سەدام.

**لە ڕۆژنامەی بەدرخان ژ ٩١ ی (٢٠٠٨/٣/٨) بە ناونیشانی (پینە کردن) دا بڵاوکراوەتەوە**

**(ڕزگار) ی برامی (ڕزگار) کرد**

هاوڕێی دێرینم فەریق روکن (د. محمد نەجمەدین نەقشبەندی) هەندێ کتێب و بڵاوکراوەی خۆی بۆ بە دیاری ناردووم. لە کانگەی دڵمەوە سووپاسی دەکەم . هەرگیز بێبەشمان ناکات لە بەرهەمە نایابەکانی. زۆربەی نووسینەکانی لەبارەی سوپا و زانستییەکانییەتی . بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی و کوردی دەنووسێ. بەرهەمەکانی لە ئاستێکی ئەکادیمیی بەرزدان . هەموو بوونەتە بەرنامەی خوێندن لە کولێجەکانی سوپا و ئەرکاندا

زانای سوپاناس ( شێخ محمد نەجمەدین نەقشبەندی)، لە کەسایەتییە هەرە ناسراو و کاریگەر و چالاکەکانی مێژووی سوپای عیراقە. دوو بڕوانامەی بەکەلۆریۆس و دوو ماجستێر و دکتۆرای لە زانستەکانی سوپا دەسگیر کردووە.. بەکەلۆریۆسێکی لە بواری زمان و ئەدەبی ئینگلیزیدا هەیە.لە پەیمانگەی توێژینەوە ئیستراتیجییەکانی زانکۆی بەرگریی نەتەوایەتی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکی – واشنتۆن دبلۆمی باڵای دەسگیرکردووە. گەلێ پۆستی بەرزی پێ سپێردراوە.دەیان کتێب و سەدان وتار و لێکۆڵینەوەی لە بارەی زانستە سوپاییەکان بڵاو بوونەوەتەوە. هەموو بوونەتە بەرنامەی خوێندن لە کولێجەکانی سوپا و ئەرکاندا. کوردپەروەرێکی دڵسۆزە زۆری خزمەتی بە کۆمەڵ گەیاندووە. دەستی یارمەتیی بۆ هەموو

ئەوانەی داوایـان لـێ بکـردایە درێـژ دەکـرد. ئاگـادارم چـۆن لە کـاتی جەنگـی (عیراق – ئێران) بە دەیان گەنجی لە مردن ڕزگار کرد. یەکێ لەوانە ڕزگـاری برام بـوو.کە سـەرباز بـوو برابـووە بەرەی جەنگی نێوان عیراق و ئێران. (د. محمـد نەجمەدیـن نەقشـبەندی) گواسـتییەوە مەعەسـکەری هەولێـر. بەمە لە کوشتنێکی سەداسەدی دەربازی کرد.

شێخ نەجمەددین ئێستا خانەنشینە لە هۆڵەندا دەژیێ. خەرکی نووسـین و توێژینەویە. کوردناسـێکی چالاکە، دامەزرێنەر و سـەرۆکی (ڕێکخـراوی مـاڵی کـوردان) ە. ئیسـتا خەریکـی دانـانی فەرهەنگـی زاراوەکـانی سـوپایە بە زمـانی کوردی. بەردەوام پەیوەندیم پێوە دەکات لەبارەیەوە.

لە مـانگی نیسـانی ئیمسـاڵ (٢٠٢٤) بانگهێشـتی کـردم بـۆ ئامـادەبوون لە کۆنفرانسی ماڵی کوردان لە هۆڵەندا. بەداخەوە بۆم نەکرا ئامادە بم.

### چۆن قۆپییەکەی لێ ئاشکرا بوو

لە سـالانی (١٩٨٢ – ١٩٩٨) لە کـولێجی پەروەردەی سـەر بە زانکـۆی بەغداد سەرۆکی بەشی کوردی بووم... بەشەکە هەرچەن بەشی کوردی بـوو کەچـی زۆر بە دەگـمەن کـوردی تیـا وەردەگیـرا.لە هەر قۆنـاغەی لە نێـوان شەسـت حەفتـا قوتابیـدا دە دوانـزە کوردیـان تێـدا دەبـوو، ئەوانیتـر هەمـوو عەرەب،، کە بە هیچ جۆر ئارەزووی خوێندنیان لە بەشـی کوردیدا نەدەکرد، بەڵام ناچـار دەبـوون لەترسـی عەسـکەریی سـەردەمی جەنگدا قبـووڵی کەن . ئێمەی مامۆستایانی بەشەکە گیرمان بە دەس ئەو بارە نالەبـارەوە خواردبوو. لە لاییێکـا هەوڵمـان دەدا و بەردەوام داوامـان دەکـرد بەشـەکە زیـاتر قوتـابیی کـوردی تیـا وەرگیـرێ لە لاییێکـی تـرەوە بەزەییمـان بە قوتـابییە عەرەبەکـان دەهاتەوە کە بە زۆر ئەم بەشەیان بەسەرا سەپێنرابوو.

ئـــێمەی مامۆســـتایانی بەش هەموومـــان بە گیـــانێکی شارســـتانانە هەڵسوکەوتمان لە گەڵیانا دەکرد. ڕوومان دەدانێ، یارمەتیمان دەدان، هەمیشە لەگەڵیانـا ڕووخـۆش بـووین.. لە وانەکانـا باسـی زمـان و ئەدەب و مێـژوو و هـونەر و کـۆمەڵی کوردمـان بـۆ دەکـردن.بە شـێوەییێکی ناراسـتەوخۆ زۆر شتمان لە بـارەی کـورد وکێشـەی کوردمـان تـێ دەگەیاندن....ئەنجام وای لـێ

دەهات بەرە بەرە لە گەڵ بەشەکەدا بگونجێن و خۆشەویستیی ئێمەیان لە دڵ بنیشێ و بە چاوێکی تر سەیری ئێمەی کورد بکەن .بەمە بە شێوەییکی عەفەوی بەشی کوردی بوو بە مەڵبەندێ بۆ پڕۆباگەندە کردن بۆ کورد لە بەغا لەو سەردەمە سەختەدا .لەمەدا ئەنجامی چاکمان وەدی هێنا. زۆر دۆستمان دەسگیرکرد ... ڕای زۆر لەو گەنجانە بەرامبەر بە کورد هاتە گۆڕین. جارێکیان قوتابییەک پێی وتم )مامۆستا، پێش ئەوەی بێمە ئەم بەشە زۆرم ڕک لە کورد بوو.. ئیستاش دەڵێم خۆزگە کورد بام). ئیستاش بە سەدانیان بەردەوام پەیوەندیم پێوە دەکەن و سەردانم دەکەن و لێم دەپرسنەوە.

گەلێ بیرەوەریی سەیر و خۆشی ئەوسی وپێنج ساڵە لە تۆماری یادگاریما خۆیان حەشارداوە.هەر جارەی ییێکێکیان دەگێڕمەوە:

ڕۆژێکیان .. تاقیکردنەوەی سەری ساڵ بوو. دوای زەنگ لێدان قوتابییەکان لە شوێنی خۆیان دانیشتن. دەفتەر و پرسیارەکانمان بە سەرا دابەش کردن ,ناوی ئامادەبووانم تۆمار کرد و چوومە ژوورەکەی خۆم .لە پڕ پیرەژنێک بە پەڵە خۆی کرد بە ژوورا.هەناسە برکێی دەکرد شەرم سەر و سیمای داگرتبوو ، خێرا سەلامی لێ کردم و وتی:

جەنابت دکتۆر( وەڕوەڕ) یت، سەرۆکی بەشی کوردی؟ . وتم :بەڵێ .. فەرموو دایکی بەڕێزم. وتی من دایکی قوتابی ( کەریم )م لە پۆلی سێیەمە....کوێراییم دایێ .. دوێنێ شەو تا نزیک بەری بەیان هەر خەریکی نووسینی ئەم کاغەزانە بوو..چەن لێی دەپاڕامەوە بچێ بخەوێ .. دەیوت .. دایە دەبێ تەواوی کەم ئەگینا دەرناچم. بەیانی دوای دەرچوونی .بینیم لە سەر تەلەفزیۆنەکە بیری چووە.ئەوە بۆم هێناوە ...بەساقەت بم... لە دەورت گەڕێم.. چۆن پێی بگەیێنم... فریای کەوە.

لێم وەرگرت بینیم یانزە پارچە کاغەزی بچووکی قۆپیە بوو، وا ورد نووسرابوو بە زەرەِبینیش نەدەخوێنرایەوە. وتم : سەرچاوم دایە هەر ئیستا پێی ئەگەیێنم تۆ فەرموو دانیشە .دەرچووم و چوومە ئەو هۆڵی تاقیکردنەوەی کەریمی لێ بوو. چوومە لای و وتم :کەریم .. کە لە

تاقیکردنەوە بوویتەوە وەرە لام .وتی سەرچاو مامۆستا .گەڕامەوە ژوورەکەم بە پیرەژنەم وت ...دایە دڵنیا بە، کاغەزەکانم گەیاندە دەست کەریم خۆی ...زۆر سوپاسی کردم ... شانی ماچ کردم...گەلێ دوعای خێری بۆ کردم و وتی ئێوەی کورد زۆر دڵپاک و باشن ... کەریم هەمیشە باستان دەکات و ئێوەی زۆر خۆش دەوێ . ئەوە نییە ناوی تۆ دەزانم (دکتۆر وەڕوەڕ) ئەوەندەی باستان بکات ..زۆر شتایشی تر.. خواحافیزیی لێ کردم...منیش تا دەرگای دەرەوەی کولێج بەڕێم کرد و بە دەم رۆیشتنەوە زۆر بەشان و باڵی کوڕەکەیم هەڵدا کە چەن کوڕێکی باش و ڕەوشت ناسکە.ئافەرین بۆ ئەو پەروەردە کردنەت...پیرەژن بەم قسانەم خەرک بوو باڵ بگرێ و بفڕێ.

دوای ئەوەی کەریم تاقیکردنەوەکەی تەواو کرد هاتە لام.وتی مامۆستا داوات کرد دوای تاقیکردنەوە بێمە لات .لێم پرسی چۆن بوویت ئیمڕۆ ؟ ، وتی زۆر باش بووم.خۆم نەختێ تووڕە کرد و وتم کەریم بۆ قۆپیە دەکەیت؟ وتی مامۆستا هەرگیز قۆپیەم نەکردووە. دەستم خستە گیرفانم و کاغەزەکانم دەرهێنا و نیشانم دا و وتم : ئەمانە هی تۆ نین؟ ئەمە دەسخەتی تۆ نییە؟ لێی وەرگرتم لێیان ڕاما.ئەودیوئەودیوی کردن.. واقی وڕما.. .ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا .. هەمووو ئازای گیانی بوو بە ئارەقە .. چاوەکانی زەق بوون بە سەرساممییەوە سەیری کردم ..فززەی نەکرد ..بێ دەنگ مایەوە سەیرێکی ئەمبەر و ئەوبەری خۆی کرد و وتی مامۆستا رێم دەدەی دانیشم؟ وا تاسابوو هێزی وەستانی لەبەر بڕابوو... وتم فەرموو. دانیشت سەری خستە سەر هەردوو دەستەکانییەوە...وا ئەبڵەق بووبوو نەیدەزانی چی بکات و چی بڵێ. هەر سەیری دەکردم و سەیرێکی کاغەزەکانی دەکردەوە و سەری خۆی ئەلەقاند و لەبەر خۆیا ئەیوت (یێدگ .. چدب ) منیش خۆم لێی مۆڕ کردبووەوە.

ماوەییێک ئاوا بەسەرچوو.. دەستی خستە سەر دەم و ژێر چەناگەیەوە و نەختێ بە چاوە زەقەکانییەوە تێم ڕاما و لە پڕ هەڵسایە سەر پێ و تەقیەوە بە ڕووما و بە دەنگێکی بەرز وتی : مامۆستا هەر چییەکی دەکەیت بیکە.... فەسڵم کە... دەرم مەچوێنە..دەرم کە... بە گرتنم بدە... لێم دە ..چی دەکەیت

بیکه .. بەس پێم بڵێ چۆن ئەمەت گەیشتێ!؟.
مەریوان دەوڵەت ( ئەوسا قوتانی بوو لە بەشی کوردی و ئیستا مامۆستایە بە پلەی پرۆفیسۆر لە زانکۆی سلێمانی.. لەو کاتەدا لەوێ بوو و ئاگاداری هەموو ئەم بەزمەیە.

## قۆپیەچییەکی لێهاتووو

چل ساڵی مامۆستایەتیی زانکۆییم پڕن لە بیرەوەریی تاڵ و شیرین. بە تایبەتی ئەوانەی سەبارەت بە پەیوندی و هاوڕێیەتیم بوون لە گەڵ قوتابییەکانم . من هەمیشە وەک هاوڕێ و هاوزە و یەکێ لە خۆیان بم، ئاوا هەڵس و کەوتم لەگەڵیاندا دەکرد. تەنانەت جلی وەک ئەوانم دەکردە بەر(زی الموحد). ئەوانیش زۆر ڕیزیان لێ دەگرتم، تووشی هەر کێشەییک بان پەنایان بۆ دەبردم. دەردی دڵی خۆیان بۆ هەڵدەڕشتم.

تاقی کردنەوەی سەری ساڵی ١٩٨٧ بوو. سەرۆکی بەشی کوردی بووم. ڕۆژێکیان دوای تەواو بوون و دەرچوونی هەموو قوتابییەکان، چووم چرا و پانکەکان بکوژێنمەوە و دەرگای هۆڵەکان داخەم. لە سەر پەیژەکانەوە بینیم قوتابییەکی پۆلی سێیەم، ناوی (هەمزە) بوو، لە هۆڵەکانەوە دەرچوو. چووم شوێنی دانیشتنەکەییم پشکنی، بینیم شەش حەوت تیلمە کاغەزی قۆپییەی بۆ تاقیکردنەوەی بەیانی لە ژێر ڕحلەکەی شاردۆتەوە. کاغەزەکانم هەڵگرت.

ڕۆژی دوایی، تاقیکردنەوە دەستی پێکرد. هەر خۆم وەک چاودێر بەسەریانەوە وەستام. پرسیارەکانم دابەش کرد،(هەمزە) سەیری پرسیارەکانی کرد، سیمای خۆشیی لە ڕوو نیشت. دیار بوو وەڵامەکان لە تیلمە کاغەزەکاندا بوون... چەند جارێ دەستی بۆ شوێنەکە برد. دوو سێ جار پێنووسەکەی بەرداوە و هەڵسا لێیان بگەڕێ. سەیری ناوی خۆی کرد لەسەر ڕحڵەکە شوێنی خۆی بوو .. سەیری ئەملا و ئەولا و پانکەکەی ژوور سەریی دەکرد، سەری خۆی بادەدا.. ئەنجام بە بێ ئومێدی وەڵامی خۆی دایەوە و هەڵسا دەفتەرەکەی دامێ. کە ڕووی خۆی وەرگێڕا دەرچێ من خێرا کاغەزەکانیم خستە ناو دەفتەرەکەی و بانگم کرد(حەمزە وەرە.. ئەم کاغەزانەت لە ناو دەفتەرەکەتدا بیر چووە). هەمزە بینی ئەوانەی خۆیەتی.

تاسا، سەری سوڕما، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا، هەموو ئازای گیانی بوون بە ئاو، زمانی گیرا. نەیزانی چی بکا... بێ ئەوەی نقەقەییێکی لێوە بێ، بە چاوە زەق هەڵگەڕاوەکانییەوە نەختێ تێم ڕاما و ڕۆییشت.

**لە ڕۆژنامەی بەدرخان بە ناونیشانی ( جەرگی دایک) ژ ٨٩ ی ٢٠٠٨/١/٢٢ بڵاوکراوەتەوە.**

## گای قوربانی

باوکم پارچە ڕەزێکی لە شەقڵاوە هەبوو.. تیایدا هاوینانمان بەسەر دەبرد.. ڕەزەکە باغەوانێکی هەبوو ناوی (م) بوو، بە خاو و خێزانەوە لەناو ڕەزەکەدا دەژیا ..منااڵ بووم.. جارێکیان وا ڕێککەوت جەژنی قوربان بکەوێتە هاوین و ئێمە لەوێ بین.. پێش جەژن بە چەند ڕۆژێ بینیمان (م) گاییێکی زەبەللاحی هێنایە ناو ڕەزەکە. لە درەختێکی بەستەوە و ئاو و ئالیکی لەبەردەم دانا . وتی ئەمەم بۆ قوربانی کڕیوە. ئەوە چەن ساڵە پارە کۆ دەکەمەوە بۆ وەدیهێنانی ئەم ئاواتەم، سوپاس بۆ خوا بۆم هاتە دی..

(م) زۆربەی کاتی خۆی لەسەر بەرماڵێکدا، تەسبیح بەدەست، لای دادەنیشت، دوعا و نوێژی دەکرد، دەستی بەرز دەکردەوە و لە خوا دەپاڕایەوە. زۆر دڵی پێ خۆش بوو و دەیوت خوا لە هەموو گوناحەکانم خۆش دەبێ و ئەم گایە لە ڕۆژی قیامەتدا بەسەر پردی سیراتدا دەمپەڕێنێتەوە بۆ بەهەشت.

دیارە نەریتەکە وا بوو دەبوو ناوی خاوەن قوربانییەکەیان لە سەر پارچە کاغەزێکدا بنووسرابا و چەن ئایەت و دوعایان لەسەر دەخوێندەوە و گایەکەیان سەردەبڕی. ( م) داوای لە من کرد ناوی بۆ لەسەر پارچە کاغەزێکدا بنووسم.. لەو کاتەدا بوو پیرەژنەکەی (م) لێی دەپاڕایەوە ناوی ئەمیشی بۆ بخاتە سەر. (م) ڕازی نەدەبوو و قبووڵی نەدەکرد. لێیان بوو بە مشتومڕ .(م) ڕووی تێکرد و بە تووڕەییەوە وتی : پێت دەڵێم بەسە، ئەم قرەقرەی پێ ناوێ، بشمری قەت ناوت نانووسم .. دەتەوێ لەوێش لەگەڵم بیت؟ بڕۆ لۆخۆت گایەکی بکڕە با ئەو بتپەڕێنێتەوە.

## یەکیێتیی گشتیی نووسەرانی عیراق

لە ڕۆژی (٢٨ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٠) یێکیەتیی گشتیی ئەدیب و نووسەرانی عیراق لەگەڵ دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە بەغداد، ڕێوڕەسمی ڕیزلێنانیکیان بۆ ئەنجام دام. ئەم وتەیەم بە زمانی عەرەبی پێشکەش کرد، تیایدا باسی چالاکیی ڕۆشنبیریم لە بەغداد دەکەم.

**السادة الحضور الكرام .. اسعدالله اوقاتكم وارحب بكم اجمل ترحيب.**

لا يسعني الا وان اقدم جزيل شكري وتقديري وامتناني وعرفاني اليكم جميعا والى كل الذين عملو وساهموا في احياء هذا الحفل الكريم. داعيا المولى عز وجل ان يمنحكم الامان والصحة والموفقية لما فيه خير الاخرين.

كل التبجيل والتوقير واجمل عبارات الشكر والامتنان للاتحاد العام للادباء العراقيين على احتفائهم بتكريمي. لقد غمرتموني بمشاعركم النبيلة وكرمكم الفياض وتقديركم العالي. ومن الجدير بالذكر بانه هذه ليست المرة الاولى التي احظى واتشرف بتكريم الاتحاد لي.. ففي الجلسة الختامية للمؤتمر العلمي للدراسات التقابلية المنعقد في جامعة السليمانية في شهر تموز ٢٠١٨ وبحضورالسيد رئيس اتحاد الادباء السابق المرحوم ابراهيم الخياط الذي استشهد في حادث مؤسف وهو في طريقه لحضور مناسبة ادبية في مدينة عقرة، والاستاذ فاضل ثامر الرئيس الاسبق للاتحاد ونائب رئيس الاتحاد الاستاذ حسين الجاف وغيرهم من الاعضاء وجمع غفير من الاكاديميين والادباء واساتذة الجامعات، شرفني اتحاد الادباء العام عظيم الشرف بتقليدي اسمى وسام وارفع شهادة ادبية على الاطلاق الا وهو درع الجواهري العظيم ومنحي لقب مريد وراوية الجواهري. كان فخرا كبيرا لي وسوف يبقى اروع تكريم لي في حياتي .

كما اتقدم بشكرى الجزيل وتقديري العالي الى دار الثقافة والنشر الكوردية ومديره العام الشاعر المبدع اوات حسن.. هذه المؤسسة الثقافية العريقة التي تشرفت بالاشتراك والمساهمة في نشاطاته الثقافية وعملت فيه قرابة الربع قرن كعضو في هيئة تحرير مجلاته وكخبير ومستشار علمى ومشرف لغوي.. ونشرت على صفحات منشوراته العشرات من البحوث والدراسات والمقالات

والقصص والقصائد..

ان لهذا الدار فضل ودور كبير ومشرف في تاريخ ومسيرة الثقافة والنشر الكوردية .. قدم خلال النصف قرن من عمره خدمات جليلة للثقافة الكوردية حيث نشأ وترعرع على صفحات منشوراته المئات من الشعراء والادباء والكتاب الكورد.. اصدر العديد من المجلات والجرائد ونشر المئات من الكتب الرصينة من دواين الشعر لكبار الشعراء القدماء والمعاصرين وكتبا عن التاريخ والتراث والروايات والعلوم والمخطوطات واحيا الكثير من المؤتمرات والنشاطات والمناسبات الادبية والثقافية.

كما لا يسعني الا وان اتقدم ايضا باجمل واعمق عبارات الشكر على الشهادات التي قيلت في حقي وبما اتحفتموني به بكلماتكم الرقيقة ومشاعركم النبيلة وعبارات التبجيل والمدح والثناء التى لا استحقها.. كل ما قدمته في حياتي هو اني عملت بصمت وقمت بواجبي بكل اخلاص وتفان بعيدا عن المصالح الشخصية والمنافع الذاتية والصراعات الغير مجدية.. عبرت عن حبي وعشقي للحياة والطبيعة من خلال الخوض في شعابها والتامل في جمالها وعظمتها وتفاهتها. ان تاملي في مفهوم ولغز الحياة والوجود والموت والالم جعل مني انسانا نباتيا اعشق الحياة بكل انواعها. اصبح لي ٤٣ سنة وبالتحديد ومنذ ٢٤-١٠-١٩٧٧، حينها كنت طالبا في جامعة لندن، انا نباتى لا اتقرب من اكل ومس كل ما جاء عن ذبح وقتل للحيوانات التى لها حق الحياة. اصبحت عضوا في جمعية الرفق بالحيوان العالمية وجمعية النباتيين .كتبت العديد من القصائد والقصص للاطفال عن حب الحيوانات. نشرت هذه الفكرة بين معارفي واصدقائى وتلاميذى واسست جمعية الرفق بالحيوان في كوردستان وكتبت مقالات عن الفكر النباتي الذي هو باعتقادي اسمى ما توصل اليه الفكر الانساني النير. الشىء الوحيد الذي اعتز به غاية الاعتزاز ويشع البهجة في نفسي وتمنحني الاطمئنان والمسرة واعتبره مفخرة حياتي هو نزعتي النباتية، ومن المحتمل ان اكون اول من يتبنى الفكر النباتى في العراق كمبدأ انساني وعلمي.

شكرا لكم على ما قدمتموه لي من احاسيس نابعة من قلوبكم.. ودام الله

عزكم ودام عطاءكم..

كانت كلمتى باللغة العربية، وباللغة الكوردية سوف القي عليكم قصيدة كتبتها ليلة بلوغي الاربعين من العمر وهي بعنوان (له تابلۆكانى داستانى چلەی ژیانم -لوحات من ملحمة اربعينية حياتي) هي رسالة موجهة الى طفولتي. منشورة في مجلة رنكين العدد ١٠٣ لسنة ١٩٩٧ والتي كانت تصدر عن هذا الدار .اعيد نشرها في مجموعتي الشعرية (نزهة في جنان الشعر) من مطبوعات دار اراس سنة٢٠٠٧. القصيدة تصوير وتعبير صادق للواقع المزري لطفولتي وشبابي ولما عانيناه من ماسي ومحن وويلات بسبب الظروف الاجتماعية والسياسية القاسية وتعكس فلسفتي ونظرتى للحياة فهي مفعمة بالتفاؤل والتسامح والتحدي والتفاعل مع اماني الناس جميعا والتطلع الى مستقبل مشرق زاهر .

............

ونحن في لقاء ادبي لابد لنا ان نذكر الغائب الحاضر دائما في ضمائرنا الجواهري هذا الانسان النابض حبا لكل ما هو جميل.. الذي احب الكورد حبا جما وصل الى درجة العشق احبهم شعبا وارضا وثقافة وتاريخا واندمجت مشاعره بمشاعرهم.

ان مجموع ما تغنى به الجواهري للكورد يشكل ديوانا بحد ذاته. له عن الكورد خمسة قصائد ثلاثة منها من المطولات. ولا ابالغ اذا قلت لو جمعنا كل القصائد الوطنية التي تتغنى بكوردستان وتمجد كفاح الشعب الكوردى في الادب الكوردي وقارنناه بما كتبه الجواهري عن الكورد، جميعها لا تعادل قصيدته (كردستان .. او موطن الابطال) قوة وعمقا وحبا وعشقا ووصفا لكوردستان والشعب الكوردي، مطلعها :

قلبي لكردستان يُهدى والفمُ ... ولقد يجودُ بأصغريه المُعدمُ

ودمي وإن لم يبقَ في جسمي دما ... غرثى جراح من دمائي تطعم

تلكُم هديةُ مُستميتٍ مغرم ... أنا بالمضحّى والضحية مغرم

أنا صورةُ الألم الذبيحِ أصوغه ... كَلِماً عن القلب الجريح يترجم

ولرُبَّ آهاتٍ حيارى شرَّدٍ ... راحت على فم شاعر تتنظَّم

ذوَّبت آلامي فكانت قطرةً ... في كأس منْ بنو الحياة ورمّموا
ووهمتُ أنى في الصبابة منهمِ ... ولقد يُعين على اليقين توهّم

وفي الختام القي عليكم عدة ابيات من قصيدته طيف تحدر التي القاها بمناسبة صدور بيان اذار سنة ١٩٧٠ وهي متدفقة بالبهجة ومفعمة بالتالق خاطب الجواهري فيها الكورد في غاية الابداع فيقول:

طيفُ تحدّر من وراءِ حجابِ ... غَضِرُ الترائبِ مُثقلُ الأهدابِ
متفجرَ اليَنبوعِ يزخَرُ بالسَّنا ... ويرُشُّ وجهَ الفجرِ بالأَطياب
وكأنَّ ساحرةً تُرقِّصُ حوله ... أعطافَ أوديةٍ وهامَ روابي
وكأنه ممّا يَتيه بنفسه ... تيهَ الحياة بزهوها المُنساب

........................

يومَ الشمال وأنت من تَطلابي ... وإليكَ من عشرينَ كان خِطابي
لم تُزو عن عيني رُؤاك ولا خَلَت ... شفتايَ من نغمٍ ومن تَطراب
قد كنتُ منك ولستُ أبرَح قِطعةً ... وهواك ظلَّ على المدى من دابي
ناغَيتُ أعشاشَ النُسور كأنها ... فوق القِبابِ نماذجٌ لِقباب
وعلوتُ أسنِمةَ الجبال وخلتُني ... منهنَّ ممتطياً مُتونَ سَحاب
وسمعتُ همهمةَ الرياح مُبينةً ... عمّا بها، وكأنه عمّا بي
ولمَمتُ من آداب أهلكِ باقةً ... نُثِرَتْ براعِمُها على آدابي
وجنتْ يدايَ قُطوفَها، وترنَّحتْ ... قدماي في سُوح له وشِعاب
وخطفت همساً من نجاوى صبوةٍ ... رَفل كأنداء الصباح عِذاب
خَلَجاتُ أحلامٍ، كأنَّ رفيفَها ... هَمْسُ الربيع لروضةٍ معشاب
ورؤى تمازَجُ لا تُبينُ كصَحوةٍ ... في غَفْوةٍ أو حَضْرةٍ بغَياب

...........

و شكرا لكم على ما قدمتموه لي من احاسيس نابعة من قلوبكم.. ودام الله عزكم ودام عطاءكم.

وريا عمر امين
٢٠٢٠/١/٢٨

## فێسبوک و ماڵپەڕەکانم

### ١ – لاپەڕەی فێسبوکی کەسیم کەسیم

لە ڕۆژی یەکشەممەی ڕێکەوتی (١٧ – ١٠ – ٢٠١٠) دا، لاپەڕەی فێسبوکم (Waria Omar Amin) کردەوە. ئەوە بوو بە (١٤) ساڵ. لەو ساکەوە ڕۆژ نییە یەک دوو بابەت بڵاو نەکەمەوە. تا ئێستا بە هەزارانم لێ لە بارەی زمانەوانی و گەردوونناسی و ئەدەب و مێژوو و ژینگە و کۆمەڵایەتی و زانست و ڕۆشنبیریی گشتی و خوێندنی باڵا و ڕووداو و بۆنە جیهانییەکان و .. هتد، بە وێنە و دەکومێنتەوە بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بڵاوکردۆتەوە. گەر کۆ بکرێنەوە پێنج شەش کتێبی بەرگەستووریان لێ دەردەچێ.(ئێستا کار لەسەر ئەم پڕۆژەیە دەکەم)

لاپەڕەی فێسبوکەکەم بە چالاکترین لاپەڕەی فێسبوکی کەسی لە قەڵەمدراوە. بۆتە دەزگاییکی زانستی و مەڵبەندێکی ڕاوێژکاریی گشتی. ڕۆژانە چەندین خوێندکار و ڕۆشنبیر و هاوفێس و هەواداران، لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستانەوە، پەیوەندیم پێوە دەکەن، پرسیار و داوای سەرچاوە و ڕێنومایيم لێ دەکەن.

بە سەدان وتار و کۆمێنت لە لایەن مامۆستایانی زانکۆ و ڕۆشنبیر و پسپۆرانەوە لە بارەیەوە بڵاو بوونەتەوە. بە ئینسایکلۆپیدیا و دەزگای زانستی و ڕۆشنبیری و کۆڕی زانیاریی ناودەبەن.

ئاوات و ئامانجی سەرەکیم لە نووسینەکانم پێوەرکردنی تۆی خۆشەویستی و تەباییە لە پێناو هەست کردن بە جوانی و مەزنیی ژیان و سروشت و بنبڕکردنی هەموو جۆرە توندوتیژی و گرژی و دەمارگیرییەک، کە لە ماڵوێرانی زیاتر هیچی تری بۆ نەهێشتینیتەوە.

جگە لە لاپەڕەی کەسیم . ئەم سێ ماڵپەڕەشم هەیە:

### ٢ - تابلۆی شانازی

www.facebook.com/Yekemekan
www.tabloyshanazi.blogspot.com

تابلۆی شانازی بڵاوکەرەوەییکی ساڵانەیە. ناو و وێنەی هەموو

یەکەمەکانی هەموو بەشە کوردییەکان نماییش دەکات. لە ساڵی (٢٠٠٩) دا لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی بەدرخان و فێسبوک و ئەنتەرنێتدا دامەزراندووە. بەشێکە لە پرۆژەی نووسینی (ئینسایکلۆپیدیای بەشە کوردییەکان).. ڕوویێکی گەش و جموجۆڵێکی ئەکادیمیی شارستانیی کۆمەڵایەتییە، مافی قوتابییە داهێنەرەکان دەپارێزێ و هۆکارێکی هاندەرانەیە لە پێناو گەشەدان بە بواری ئەکادیمی و ڕۆشنبیریی کوردی. بۆ یەکەم جارە لە مێژوودا ئەم جۆرە کارە دەردەچێ .

- **دامەزرێنەر و سەرۆکی بۆردی تابلۆی شانازی**

پرۆفیسۆر د.وریا عومەر ئەمین

- **ئەندامانی بۆرد**

د.تارا عەبدوڵڵا سەعید – زانکۆی سلێمانی

د.عبدولوەهاب خالید موسا – زانکۆی دهۆک

د.حاتەم ولیا محەمەد – زانکۆی سەلاحەددین

د.شوان سلێمان یابە – زانکۆی سەلاحەددین

د.عومەر مەحموود کەریم - زانکوی کۆیە

د.ئومێد بەرزان بەرزۆ – زانکۆی گەرمیان

د.قەیس کاکل – زانکۆی سۆران

د.شەهاب تەییب تاهیر – زانکۆی ڕاپەڕین

د.ئازاد باخەوان – زانکۆی کەرکووک

- **سکرتێری نووسین**

م..فەیسەل غازی محەمەد

بەشی کوردی  - کولێجی پەروەردە - زانکۆی بەغداد

لەگەڵ تەواوبوونی تاقیکردنەوەکانی سەریساڵ و دەرچوونی ئەنجامەکان، دەست دەکەین بە پەیوەندی کردن لەگەڵ بەشە کوردییەکان(کە بیست بەش دەبن) بۆ ناردنی ناو و وێنە و نمرەی قوتابیی یەکەمی بەشەکە..هەن یەکسەر بۆمانی دەنێرن هەشن دوای دەیان جار تکا و پاڕانەوە

ئەگەر بینێرن.

بە داخەوە ئەوە بوو بە شەش ساڵ لاپەڕەکە دەرناکەین چونکە هەر سێ چوار بەش هاوکارییان دەکردین، ئەوانیش دەنگیان نەما.

بەردەوام داوا لە بەڕێـزان بەرپرسـانی بەشـە کوردییەکـانی هەمـوو کوردستان دەکەین هاوکاریمان بکەن بۆ بووژاندنەوەی تابلۆی شانازی کە سـیمایێکی گەشـی جموجـۆڵی ئەکادیمییـان دەخـاتە ڕوو. داواش لە هەر دەرچـوویەکی یەکەمـی بەشـە کوردییەکـانی ئیمسـاڵ و سـاڵانی ڕابـردوو دەکەین، گەر نەکەوتوونەتە تابلۆکەوە، پەیوەندی لەگەڵ سکرتێر و ڕێکخەری تابلۆکە، مامۆستا (فەیسەل غازی محمد) بکەن بەم ناونیشانە:

tabloy.shanazi@gmail.com

**٣ - شەپۆلەکان**

http://shepolekan.blogspot.com/

www.facebook.com/shepolekan

شـەپۆلەکان مـاڵپەڕێکە وێنەی دەرچوونی قوتابییـانی بەشـە کوردییەکـان نمایش دەکات؛.

لە دامەزراندنی: پرۆفیسۆر د. وریا عومەر ئەمین

هەمـوو سـاڵ داوا لە بەڕێـزان دەرچـووانی هەمـوو بەشـە کوردییەکـان دەکەین وێنەی دەرچوونی خۆیان بنێرن..ئاماژە بە ناوەکان و زانکۆ و کولێژ و ساڵی دەرچوون بکەن، بۆ ئەم ناونیشانە:

**ئیمێل:** shepolekan@gmail.com

**موبایل** 07508171937

**٤ - سایتی بەرهەمەکانم**

http://wariaomaramin.blogspot.com

**لەم ماڵپەڕەدا کتێب و نووسینەکانم بە PDF دەست دەکەوێ.**

**ئەنجامی ژیانم**

منداڵ بووم، لە پۆلی شەشەمی سەرەتاییدا بووم،ماڵمان لە عەنکاوە بوو، لە گەڕەکی (جمعیە). جارێکیان، شەوێکی زستان بوو، باوکم کتێبێکی بە دەستەوە بوو لە بەر ڕووناکیی چرا دەیخوێندەوە، لێم پرسی چۆن یەکێ دەبێ بە نووسەر، وتی: (بە هەمیشە خوێندنەوەی زۆری درێژخایەنی هەمەچەشنە). ئەم وتانەی لە دڵ ودەروونم چەسپا. هەر ئەوە بوو منی خستە جیهانی خوێندنەوە و کردمی بە نووسەر. ئەمەش ئەنجامەکەیێتی:

١ - **پرۆفیسۆر د. هیمداد عەبدولقەهار** لە وتارێکیدا FB.: Himdad Muhemmad –(٢٠٢١/٦/٢٨)، بە ناونیشانی(**وریا عومەر ئەمین : فەرهەنگێکی زیندوو.. ئینسایکلۆپیدیای سەردەم**) لە بارەی نووسین و بەرهەمەکانمەوە دەڵێ :

~ لەوەتەی بەبیرم دێ، لەوەتەی دەخوێنمەوە، لەوەتەی خولیای نووسین و خوێندنەوە دەربارەی زمان لەگەڵ هزرم تێکەڵ بووە ناوی وریا عمر امین دەبیستم و دێتە ڕێگەم!

~ لە کاتێکدا نووسین لەبارەی زمان زۆر کەم بوو، ئەو لەبارەی زمانی کوردی دەینووسی بە زمانی کوردی و دواتریش بە ئینگلیزی و بە عارەبیش!

~ هیچ زانکۆیەکی کوردستان و عێراق نیە،وانەی خوێندنی باڵای تێدا نەگووتبێتەوە،یان سەرپەرشتی یان تاوتوێی نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرای تێدا نەکردبێت،هیچ بەرزکردنەوەیەکی پلەی زانستی نیە (مەبەستم بەشی ئینگلیزی) بەلای ئەودا تێپەڕنەبوو بێ (تا ئەمساڵانەی دوایش)!

~ کتێب و بابەتە ئەکادیمیەکانی لەبارەی زمانی کوردی هێندەدانسقە و بەسوودن وەک بنەمایەک بۆ زمانەوانی کوردی ئەژمار دەکرێن!

~ لە ژمارەیەکی زۆر لە لیژنەکانی کۆڕی زانیاری و بەمدواییانەش لە لیژنەکانی ئەکادیمیای کوردی ئەندامە!

~ جگە لە بابەتی زمان، لەبارەی ڕێکخستنی ساڵنامە و ڕۆژژمێری کوردی و زانستەکانیتریش دەستی باڵای هەبووە!

~ لەگەڵ ئەوانەشدا، لە ڕووی شیعردا داهێنەرێکی ناوازەیە و بە زمانێکی

ساده هەستە قووڵ و دەمودەستەکانی دەردەبڕێت!

~ جگە لە شیعرەکانی خۆی بە هەزارەها (بەڵگەم هەیە بۆ ئەوە...کاتێک لەناو ئۆتۆمبیل بەیەکەوە سەفەرمان کردووە...بەدرێژایی رێگە و بێ پچڕان شیعری لەبەر گوتووە و خوێندۆتەوە) شیعری شاعیرە بەناوبانگە کورد و عارەبەکان لەبەرە!

~ لەهەر کوێ پێویست بووبێ لەوێ بووە!

~ لەهەر کێ داوای هاوکاری لێکردبێ ئامادەبووە!

~ لە هەر کاتێک پەیوەندی پێوە بکەی ئامادەیە یان دواتر خۆی پەیوەندی دەکاتەوە!

~ کاری لەگەڵ سروشت و بۆشایی ئاسمان و رۆژی بۆنەجیهانییەکان بەردەوامە!

~ تابلۆی شانازی یەکەمەکانی بەشە کوردییەکان دەستپێشخەری ئەوە وهاندەرێکی زۆر باشە!

~ کەسێکی ئاژەڵ دۆستە و ژینگەپارێزە!

~ حەز بە هاندانی کەسانیتر دەکات!

~ هەرگیز رەزیلی ناکات لە زانستەکەی خۆی...چی پێ بێت ئەوەت پێدەدات!

~ حەز بە ئازاردانی کەس ناکات!

دڵنیام زۆر زۆر شتی تری باش هەیە من نەمزانیوە یان لەبیرمکردووە بینووسم...

بە کورتی پرۆفیسۆر دکتۆر وریا عمر ئەمین یەکێکە لە فەرهەنگە زیندووەکان و ئینسایکلۆپیدیاییەکە بۆ خۆی...وەرن با رێزی لێبگرین و وەفادار بین بەرامبەر بەخشندەکان تا لە ژیاندا ماوە!

لەدڵەوە سوپاست دەکەم مامۆستا، هیوادارم تەندروست و تەمەندرێژ بێت.

٢ - **دیاکۆ هاشمی** Diyako Hashemi - زمانەوانی پیر ڕووناکی وردبین، لە وتارێکیدا لەم ماڵپەڕەدا دەڵێ:
https://www.kurdipedia.org/default.aspx?lng=1...

پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین
دیاکۆ هاشمی

ئەو پرۆفیسۆرە مەزنەی زمانەوانی کە ناوەکەی بەدرێژاییی ساڵان دەنگ دەداتەوە، ڕێڕەوێکی پێشەنگانەی بنیات ناوە کە بەردەوام دەمانباتە ناو جیهانی قووڵ و ئاڵۆزی زمانەوە. لە ڕێگەی ساڵانێک لە خۆبەخشی و پابەندبوون بە بابەتی زمانەوانییەوە، عەقڵی شیکاری و بیرکردنەوەی بوێرانەیان بووەتە هۆی زنجیرەیەک شاکار کە دیمەنی زمانەوانیی کوردییان پێناسە کردووە و داڕشتووە.

پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین لەگەڵ هەر کارێکدا توانایەکی بۆ باشترکردنی تێگەیشتنمان لە جەوهەری زمان نیشان داوە. لە ڕێگەی شیکردنەوەی تیۆرییە ئاڵۆز و هاوسەنگەکانی زمان، دەرگای بە ڕووی تێڕوانینێکی نوێدا بۆ کردووینەتەوە. شاکارەکانی نەک هەر تیشکیان خستووەتە سەر لایەنی تیۆریی بابەتەکە، بەڵکوو لە چوارچێوەی پراکتیکیشدا بەکار هێنراون و کاریگەریی ڕاستەقینەیان لەسەر توێژینەوەکانی ئەو بوارەدا هەبووە.

هەروەها پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین مامۆستایەکی ئیلهامبەخش بووە کە زانیارییە بێکۆتاکانی خۆی لەگەڵ خوێندکاران و هاوکارەکانیدا بەیەکەوە دەبەستێتەوە. لە ڕێگەی خۆنەویستی و خولیایەوە، کەشێکی گەڕان و گەشەسەندنی فیکریی دروست کردووە. نەوە نوێیە زمانزانەکانی ئەم سەردەمە لەو شوێنە دەگەشێنەوە کە ئەو تۆوی چاندووە .

بەرهەمەکانی زۆر لەوە زیاترن کە وشەی سادە لەسەر کاغەز بتوانێت پێناسەیان بکات .

پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین مێژووی زمانەوانیی کوردیی بە شاکارە

زۆرەکانی دیاری کردووە و بۆ هەمیشە دەبێتە ئەستێرەیەکی درەوشاوە کە بەناو قووڵایی و وردەکارییەکانی زماندا ڕێنماییمان دەکات.

دیاکۆ هاشمی، سوید.

Diyako Hashemi FB/ 28 – 8 – 2023

**کارەکانم لە بواری زمانەوانیدا:**

٣ - **مامۆستای زانکۆ (ئاوات فەرحان)** کتێبێکی بە ناونیشانی(ڕۆڵی وریا عومەر ئەمین لە بواری زمانەوانیدا)، (کتێبخانەی سۆران) لە ساڵی ٢٠١٠ بڵاویکردۆتەوە. لە ئەنجامەکانیدا لە(ل. ٧٢ – ٧٤) دا لە بارەی کارە زمانەوانییەکانمەوە دەڵێ:

دوای لێکۆڵینەوە لە کار و بەرهەمەکانی د. وریا عومەر ئەمین دەرکەوت کە:

**١ –** یەکەم زمانەوانە بەپێی ڕێبازی(بنیاتگەری) و(گوێزانەوەی چۆمسکی) لە زمانی کوردی کۆڵیوەتەوە.

**٢ –** بەرهەمەکانی بە گیانێکی زانستییانە، بە پشت بەستن بە دەسکەوتەکانی زمانەوانیی نوێ، بە شێوازێکی سادە و ڕەوان و ڕاستەوخۆ پێشکەش کردووە. دەیان زاراوە و بیر و چەمکی زمانەوانی و تەکنیکی شیکردنەوەی نوێی بە بواری شیکردنەوەی زمانەوانیی کوردیی ناساندووە.

**٣ –** چەندین یاسای گرنگی ڕێزمانی کوردیی دەستنیشان کردووە، کە پێشتر باس نەکرابوون، هەندێ لایەنی لێڵی ڕێزمانی کوردیی ڕوون کردۆتەوە و لێکداوەتەوە، و تەکنیکی هێڵکاریی بە شیکردنەوەی ڕێزمان و زمانەوانیی کوردیی ناساندووە.

**٤ –** یەکەم زمانەوانە کە:

أ) – بە پێی یاسا فریزییەکان زمانی کوردیی شیکردۆتەوە.

ب) باسی مۆرفۆسینتاکس و مۆرفۆفۆنیمی لە زمانی کوردیدا کردووە و یاساکانی دارشتووە.

پ) – باسی لێڵیی ڕستەسازی لە زمانی کوردیدا دەکات.

ت) – فۆنەتیک و فۆنۆلۆجیی لە شیکردنەوەی دەنگسازیی کوردیدا لێک

جیا کـردۆتەوە و یاسـاکانی دارشـتنی بـڕگەی کـوردیی و چەنـد یاسـاییکی سەرەکیی فۆنۆلۆجیی زمانی کوردیی و هۆی لێڵیی فۆنۆلۆجی دەخاتە ڕوو و بە یاســای فۆنۆلۆجییەکــان مــۆرفیمە هاودەنگەکــانی مۆرفۆلــۆجی لە هــی سینتاکسی جیا دەکاتەوە.

ج) – یاســـاکانی دەرکەوتنـــی پاشـــبەندەکان و پەیوەنـــدییان بە پێشبەندەکانەوەی دەستنیشان کردووە.

چ) - سیسـتەمی کـار کردنـی ڕانـاوی جـودا و لکـاو و ئـاڵوگۆڕبوونی ئەرکەکانیـان بە گـۆڕینی کـات لە کرمـانجیی خـوارووو و ژووروو و نـاوچەی گەرمیاندا دەستنیشان کردووە.

ح) – لە رووی تـایپۆلۆجییەوە زمـانی کـوردیی وەک زمـانێکی (SOV) ی نووساوی پۆلیسێنسیتیکی (Polysenthetic) (Agglutinative) پۆلکردووە.

خ) – یاسـاکانی گـوێزانەوەی ڕسـتەی بکەر نادیـاری مۆرفۆسینتاکسـیی دەستنیشان کردووە.

د) – باسـی پەیوەنـدیی زمـان بە ماتمـاتیکەوە دەکـات و هەنـدێ لە ڕووە بیرکارییەکانی زمانی کوردی دەخاتە ڕوو.

هـ – باسی ئەسپێکت و مود و چۆنیەتی کارکردنیان لە زمانی کوردیدا دەکات، هێز وەک نیشانەیەکی کات دەستنیشان دەکات.

و - باسی سیستەمی ئێرگەتیڤ لە زماندا دەکات و زمـانی کوردی وەک زمانێکی ئیرگەتیڤ دەسنیشان دەکات و یاساکانی دەخاتە ڕوو.

٥ – کـاری لە بـواری زمـانەوانیی کـوردی کـردووە و ڕێبـازێکی نـوێی لە شیکردنەوەی زمانەوانی کوردی دامەزرانـدووە. زۆربەی زۆری زمانەوانـان و قوتابییانی خوێندنی باڵا کەوتوونەتە ژێرکاریگەریی پێڕەوەکەی . مۆرکی ئەم کاریگەرییە لە هەموو نامەی دکتۆرا و ماجستێرەکاندا بە ئاشکرا دیارە. دەیان زاراوەی زمانەوانیی بە کوردی دارشتووە.

٦ – ڕێزمانی کوردیی لە بۆتەی ڕێزمانی چاولێکەریی دەرباز کردووە و پێڕەوی تازەی هێنایە ناو بواری لێکۆڵینەوەی زمـانەوانیی زمـانی کـوردی و دەیان زاراوەی زمانەوانی دارشتووە.

٧ – دامەزرێنەری بەشی خوێندنی باڵای دکتۆرای زمان وئەدەبی کوردییە و زۆربەی هەرە زۆری دکتۆر و ماجستێری زمان و ئەدەبی کوردی و ئینگلیزی قوتابیی د. وریا بوون . تەرقییەی بە زۆربەی زۆری مامۆستایانی زمانەوانیی هەموو بەشە کوردی ئینگلیزییەکان کردووە بۆ پلەی پڕۆفیسۆری و یاریدەری و مامۆستا.

**نامەکەم بۆ مناڵیم**

لە ڕۆژی شەممەی(١٩٤٧/٣/١٥) بووم بە چل ساڵان. شەوەکەی ئەم نامە شیعرییەم بە ناونیشانی (چەند تابلۆییێکی داستانی چلەی ژیانم) بۆ مناڵیم نارد:

**ئەی منـــــاڵیم..ئەی بەهەشــــتە زەوتکـــــراوەکەم**
**ئیســتاش بەکوڵ بۆت ئەگـریم و شـینت بـۆ ئەکەم**
**فرمێســکی خوێنینــت وشــک نەبــوە لە چـــاوم**
**فێــــی بەدبەختــــی و خاکەســـــەریت بەری نەداوم**
**ئیســـــتاش تــــامی تــــاڵاوی تـــۆ پـــڕی زارمە**
**نـــــرکەی گریانـــــت ئـــــاوازی دڵـــــی زارمە**
**ئیســتاش ئـابەم هەســتەی وشـکم، بەم دڵەی پیــرم**
**نــــاخی نــــاخم ڕائەچەنـــێ کە دێیــــتە بیـــرم**
**مــوچڕک بە لەشــما ئەگەڕێ گیـــانم سـڕ ئەکـــا**
**هەســـت و هۆشـــم ئەشــێوێنێ مێشــکم وڕ ئەکـــا**
**هەر بـــــرینە و لەدوای بـــــرین ئەکـــــولێتەوە**
**بـــۆت ئەگـــریم و بەزەیـــیم بە خۆمـــا یێـــتەوە**
**ئەی دۆزەخـــی کــوێرەوەری و هەناســە ســاردیم**
**تۆ بەهەشت بووی لەچاو ئەوەی لەدوای تۆدا دیم**
**ڕۆژەکـــانم هەمـــوو خـــۆزگەن بە ڕۆژانـــی تـــۆ**
**بە شـــــەوانی پـــڕ هەژان و ڕووگرژانـــــی تـــۆ**
**چـــل زســـتانم کــرد بە بەهـــار گـــولێکم نەدی**
**ئـــــاواتێکی کەســـــەرکوژم بـــــۆ نەهـــــاتە دی**
**زامەکـــانم زۆر و ســـەیر و ســرک و ئـــاڵۆز بـــوون**

حەزەکانم وەک چاوی بەر ڕەشەبای تۆز بوون
هەر ڕۆژێکم هەر شەوێکم ساڵەهای ساڵ بوو
ڕێگام هەمووی تووناوتوون بوو..نشێو بوو..چاڵ بوو
وەک کۆترۆکەی باڵشکاوی دەس منالان بووم
بە هاوار و ناڵەی بێ دەنگ لە ئێش و ژان بووم
پیشا بەهاری جوانیم بە ترس و خەم و ئێش
لە مەینەتی دەرباز باما..(دە) م دەهاتە پێش
نە مناڵیم مناڵی بوو نە لاویم لاوی
کارەسات و مەینەت نەما نەکەومە داوی
لەگەڵ ئەوەی ژیانم هەمووی تاڵی و ترشی بوو
بە گەشبینی و زەردەخەنە ڕووی خۆم پۆشیبوو
ژەهراوم پێشکەش بکرابا، ئەمکرد بە شەکراو
گریانم کردە گۆرانی، فرمێسک بە گوڵاو
کێ خۆی لە من مەڵاس دابا ئەمخستە سەرچاو
پەلیم ئەگرت مەبادا خۆی بکەوێتە داو
ئەوەی بەرقی تێگرتابام گوڵم تێ ئەگرت
بۆ پیلان و کەتنەکانی ڕێم لێ نەئەگرت
خۆمم کردە پرد و پەیژە گەلێ پێ لێنرام
تیشکم هەرگیز بۆ خۆم نەبووە، وەک ژێری چرام
دڵخۆشێکم دیبا دڵم لەو خۆشتر ئەبوو
لەگەڵ گریاوان گریانم بە جۆشتر ئەبوو
ئاسۆی تارم بە ئەستێرەی گەش گەش جنیبوو
لەو شوێنە خۆم ئەدۆزیەوە لووتکەی ونی بوو
١٥ – ٣ – ١٩٨٧

لە گۆڤاری ڕەنگین ژ ١٠٣ ی ساڵی ١٩٩٧ بڵاوبۆتەوە.

.............

بەمە کۆتایی بە تۆماکردنی بیرەوەرییەکانم دەهێنم.

٢٠٢٤/٦/٢١ دوا ڕۆژی وەرزی بەهار

# ئەلبوم



د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، د. وریا عمر امین، د عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ



مەدحەت بێخەو، وریاعمر امین



د. نەوزاد یەحیا باجگر، د. وریا عمر امین (٢٨، ٢، ٢٠١٥)



لە چەپەوە، وریا عمر امین، گیوی موکریانی، عبدالرزاق پشدەری،
عبدالخالق سەرسام، چاپخانەی کوردستان، (١٩٦٧/٢/٢٠)



له ڕاستەوە، د.ئازاد حەمە شەریف، د. سالار عوسمان، ئەحمەد دلزار، کەریم شارەزا، د.وریا عمر امین، مجید ئاسنگر، له چیمەنی نووسەرانی کورد، هەولێر.



فاروق مستەفا ڕەسووڵ، وریا عمر امین، سلێمانی (٢٠١٥/٩/٣)



لەگەڵ د. محەممەد خدرمەولوود عبدالله لە کاتی دیمانەکەیدا



لە ڕاستەوە: عبداللە حداد، وریا عمر ئەمین،
پیرباڵ محمود، عبدالخالق عباس/ هەولێر ١٩٦٥



**کەمال غەمبار، ئەحمەد سالار، وریا عمر امین**
**فرۆکەخانەی بەغداد (٢٠١٧/١٢/٢٢)**



**خەلیل عەبدوڵلا، وریا عمر امین، نەوزاد عەلی ئەحمەد**
**(٢٠١٥/٨/٢٥)**



لە ڕاستەوە، د. ئەحمەد عبداللە فەرهادی،ئەحمەد دڵزار،
د. وریا عومەر ئەمین، پارێزەر تاریق جەمباز، د. سەباح ڕەشید،
ئەکادیمیای کوردی (٢٠١١/٩/٢١)





لە ڕاستەوە، ڕیزی پێشەوە، ئیبراهیم باڵدار، ئەمین موتابچی، ئاوڕەحمان مەعرووف،
عبدالستار تاهیر شریف، وریا عمر امین
ڕیزی دواوە، تانیا ئەسعەد ساڵح، عومەر سەلیم عەلی میراودەلی، پەیمان ئەحمەد فایەق،
مەریوان عومەر حەسەن دەوڵەت، ئایاری ١٩٨٥



بۆڕدی دەزگای زمانەوانیی زانکۆی جیهان
د. ئادیار سەعدی، د. سەرباز عەزیز، د. عیرفان عەزیز، د. وریا عمر امین،
د.نوزاد یەحیا باجگر، د. هاوکار حمەفرەج، د. گۆران مامەند




ئەندامانی بۆڕدی زانکۆکانی جیهان لە ڕاستەوە:
د. محمد سدیق خۆشناو، م. سەباح یحیی یاجگر، د. نەوزاد یحیی یاجگر،
د. وریا عمر امین، د. امجد سابیر، د. علی سعید، م. ناز نەوزاد باجگر،
د. سیروان بابان( ٢٠١٥/٩/١٦)



هێمنی موکریانی، وریا عمر امین، شقلاوە (١٩٧١/٨/١٣)



خالد نعمة الشاتي، سامي عبد الحميد، وريا عمر امين (٢٠١٥/٤/٢٠)




جەواهیري، وریا عمر امین، (١٩٧٤/١/١٢)




لەسەر گۆڕی جەواهیري، دیمەشق (ئابی ٢٠٠٨)



له ڕاستەوە، حەمید بەدرخان، وریا عمر امین، ئازاد حەمەشەریف،
عبدالڕەزاق بیمار، عبدالڕەحمان مەعرووف، نووسینگەی بەدرخان (٢٠١٠/١/١٢)



له ڕاستەوە: موخلیس یونس مستەفا،محسن محمد حسێن،
وریا عمر أمین، زیوەر خەتاب / کتێبخانەی تەفسیر، هەولێر ٢٠٠٧



د. عبد الحميد یەعقووب، د. وریا عومەر امین




ئەندامانی بۆردی زانکۆی جیهان، لەچەپەوە:
م. ناز نوزاد باجکر، د. سیروان بابان، د. وریا عمر امین، د. نوزاد یحیی باجکر،
د. أمجد سابر دەلەوی، أ. تەڵعەت یحیی باجکر، د. سعید اسماعیل سلیفاني،
د. محمد سدیق خوشناو (٢٠١٦/٢/٢٦)



لە ڕاستەوە : ڕیزی پێشەوە :
د. ڕەشید فندی، د. شەفیق قزاز، ئەدۆنیس، د.وریا عمر امین، د. محسن محمد حسین
ڕیزی دواوە: د. ازاد أحمد محمود، ؟، د. سەروەر عەبدوڵلا، (٢٠١٢/٨/١٤)،



لەگەڵ مناڵەکانم، (دیار، ئۆڕاس، جینان، وریا، ئیڤان )
لەسەر گۆڕی جەواهیری، سووریا، دیمەشق ( ئاب ٢٠٠٨)



د. مارف خەزنەدار، د. وریا عمر أمین (٢٠١٠/٥/٣١).



مەحموود زامدار، ئەحمەد ڕۆڕۆ، وریا عمر امین
یەکیێتیی نووسەران، هەولێر (٢٠١١/٧/٧)



ناز نەوزاد، د. وریا عمر امین، م. سەباح باجگر، د. نەوزاد باجگر،
د. ئەمجەد سابیر، م. تەلعەت باجگر (٢٠١١/٩/٢٥)




لە ڕاستەوە، ژەنەڕاڵی پایز: محمد عمر عثمان، لەتیف هەڵمەت،
وریا عمر امین، سلێمانی، (٢٠٠٧/٦/٢٩)



له چەپەوە: شێخ محەممەد قەرەداغی، د. فارووق عومەر سدیق، د. وریا عومەر ئەمین،
د. نەجاتی عەبدوڵلا، م. جەمال عەبدول، د. عبدالفتاح بۆتانی، د. شەفیق قەزاز،
د. عیزەددین مستەفا ڕەسوول، د. ئازاد ئەحمەد مەحموود، د. عبدالڕحمن مزوری،
(٢١٩/٩/٢٠)



لەگەڵ د. ئیحسان فوئاد لە گەشتێ بۆ خانەقین (١٩٧١/٤/٣٠)



له ناو كتێبەكانم



لایەكی ئەرشیفەكەم، لەگەڵ نەوەكانم یارا و ڤیان (١١/ ٦/٢٠٢٤)



لەگەڵ قوتابییانم، لە ڕاستەوە:
د. تابان محمد سعید حسن، د. مهاباد کامل عبداڵلە، د. تارا عبداللە سعید،
د. وریا عمر أمین، د. یارا قادر حمد، د. حاتم ولیا، زانکۆی سلێمانی (۲۱/۱۲/۲۰۱٤)



لەگەڵ قوتابییانم، لە ڕاستەوە:
د. عبد الوهاب خالد موسی، د.حسین تالیب، د. ازاد أحمد محمود، د. فریدون عبدول،
د. وریا عمر أمین، د. بایز عمر احمد، د. بکر عمر علی، زانکۆی سلێمانی(۱۹/۲/۲۰۲٤)



لە ڕاستەوە، د. ڕێبوار شەفیع تاهیر، د. ڕەوەند سەباح ئەحمەد،
د.عەباس مستەفا عەباس، د. وریا عومەر ئەمین، د. سەرکەوت محەممەد قادر،
زانکۆی سلێمانی (٢٠٠٩/٦/١٧)



لە ڕاستەوە: /حەمید بەدرخان، د. کوردستان موکریانی،
د. جمشید حەیدەری، د. وریا عومەر ئەمین



له ڕاستەوە، وەستاوەکان : وریا عمر امین، حاجی هاشم، عوسمان پیرداود
دانیشتووەکان : دڵشاد حاجی هاشم، کاوە فاروق،
چاپخانەی حاجی هاشم (٢٠١٧/٧/٦)



ڕێدار سابیر، جمال خزندار، باکوري، وریا عمر امین
نووسەران، هەولێر (٢٠١٨/٣/٨)



وێنەی یەکەم (٥، ٤، ٢٠١٤) ڕۆژی لەدایك بوونی پشیلەکان



وێنەی دووەم (٢٠١٥/٥/١٠ )
تەمەنیان بووبوو بەساڵێك و مانگێك و پێنج ڕۆژ



له ڕێگای بەرەو هەولێر (١٥، ٦، ٢٠١٦)



له ڕاستەوە، د. ڕەشاد میران، د. عوسمان دەشتی.
ئەکادیمیای کوردی (١٢٣/٦/٢٠٢٢



**لەگەڵ مناڵەکانم، (دیار، ئۆڕاس، جینان، وریا، ئیڤان )**
**لەسەر گۆڕی جەواهیری، سووریا، دیمەشق ( ئاب ٢٠٠٨)**



**شەقلاوە، لە ناو ئەم ڕەزەدا مناڵیم بەسەر برد**



(گوڵە وریا) (٢٠٠١/١٠/٢٤)
لە چیمەنەکانی کولێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین چاندوومن.



لە چەپەوە: د. فەرهاد پیرباڵ، د. گۆران سۆران فەیزی،
د. وریا عمر امین، بەشی کوردی، زانکۆی سەلاحەددین ( ٢٠١٥/٤/٨)



ئەندامانی لیژنەی یاسای زمانە فەرمییەکان لەگەڵ جێگری سەرۆکی نوێنەرانی عیراق
د. وریا عمر امین، د. بەشیر حەداد، د. ڕەحیم الساعدی، د. وەلید عبداللە
نوێنەرانی عیراق، بەغداد (٢٠١٩/٣/٢٥)



لەگەڵ مامۆستاکانم، مۆسکۆ (١٩٧٣/٦/٢٢)،
لە چەپەوە، وریا عمر امین، گالینا ڤاسیلینا، ؟،



له ڕاستەوە، د. فائیز مەلا بەکر، ڕێدار سابیر، وریا عمر امین، د. حاتەم ولیا



خەیال محمد مهدی الجواهری، وریا عمر امین، سەباح مەندەلاوی
(٢٠١٥/٤/٢٠)



لەچەپەوە: عەزیزی مەلای ڕەش، شوان ئەحمەد (پەشێو)، ڕێدار وەیسی،
وریا عمر امین
کتێبخانەی زانستی (٢٠٢١/١١/١٥)



زیوەر ئەنوەر مەجید، ڕێدار سابیر، وریا عمر امین، بن قەڵای هەولێر




ئەکتەری کۆمیدی (عبوسي) حمودي الحارثي، وريا عمر امين (٢٠١٥/٤/٢٠)



لە کاتی خوێندنەوەی شیعری (فرمێسکی ماڵئاوایی
لە ئاهەنگی دەرچوونمدا (نیسانی ١٩٧١



تاريق جامباز، وريا عمر امين، نەجاتی عەبدوڵلا




تاريق کارێزی، وريا عمر امين
کتێبخانەی کارێز، کەرکووک (٢٠٢٢/١٢/١٢)



**لە ڕاستەوە، وریا عمر امین، ئاسۆ عەلی ئەمین**
**ئاهەنگی پێکتر ناسین، هۆڵی شەعب، بەغداد (١٩٦٨/١١/٢١)**



**وریا عومەر امین، (براژنم) ڕووناک ئەحمەد موختار جاف (٢٠١٩/٢/٤)**



وریا و ئازاد عمر امین، نەورۆزی ١٩٥٧



د. نەوزاد یەحیا باجگر، د. وریا عمر امین ( ٢٠٢٣/١٠/١٨)



لە ڕاستەوە، هیمداد حوسێن، ڕەئووف بێگەرد، وریا عومەر ئەمین، بەهار حوسێنی، زانا خەلیلچیمەنی یەکیەتیی نووسەران، لقی هەولێر (٢٠١٣/١١/٢)



د. عمر نورەددینی، د. محمد سدیق خۆشناو، د. کەمال مەزهەر ئەحمەد
، د. وریا عمر امین، شەهلا تاهیر حەیدەری، د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی
زانکۆی فەرەنسی، لبنانی (٢٠١٥/٥/١٣)



لە ڕاستەوە، عبدالرحمن فەرهادی، مەسعوود پەرێشان، سعداللە پەرۆش، عمر فەرهادی، وریا عمر امین، نژاد عزیز سورمێ، نووسەران (٢٠١٥/١٢/١١)



لە ڕاستەوە، محمد وەسمان، وریا عمر امین،
عبدالرحمن معروف، ڕەشاد میران
ئەکادیمیای کوردی ٢٠٢٣



لیوا دلێر ئەحمەد ئاكۆ، وریا عمر امین (٢٠١٦/٦/٢٢)،



خەلیل عبداللە، خالید دۆسكی، وریا عمر امین (٢٠١٥/٦/١٨)



له ڕاستەوە، محسن ئاوارە، مسعود پەریشان،
وريا عمر امين، عبدالرحمن فرهادي



ئەدۆنیس، سەعدوڵلا پەرۆش، وريا عمر امين



جوان نیازی عمر امین، وریا عمر امین، سوزان شەریف جەمباز
لندن ١٩٧٨



د. گۆڤەند شیرواني، د.ئەمجەد سابیر دەلەوی، د. وریا عمر امین
(٢٠١٨/١/٣)



لە ڕاستەوە، د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، د. ئەمین موتابچی
، د. کاوە مەحموود، د وریا عمر امین، (٢٠١٠/١١/٢٨)



لە ڕاستەوە، د. وریا عمر امین، د. محمد خدر مەولوود، جەمال خەزنەدار
سەنتەری بەڵگەنامەکان، ئستەنبول (٢٠١٦/٨/٨)




لە ڕاستەوە، محمد خدر مەولوود، جەمال خەزنەدار، وریا عمر امین
یەکییێتیی نووسەران، هەولێر



جەمال خەزنەدار، د. ئۆندەر بایر، بەڕێوەبەری گشتیی سەنتەری
بەڵگەنامەکانی عوسمانی، محمد خدر مەولود، وریا عمر امین



له ڕاستەوە :ئاسۆ عەلی ئەمین، مام عەباس بۆیەچی، وریا عمر امین
، قاسم جەلیل عەتارچیمەنی کولێجی ئاداب (١٩٧١/٣/١٩)




وریا عمر امین، خەلیل یابە (٢٠٢٤/٤/١٩)




د. گۆڤەند حوسێن شێروانی، د. وریا عمر امین، غسان عەزام الدلێمی
(٢٠١٨/١/٣)




مام شەعبانی پۆستەچی



لە چەپەوە، وریا عمر امین، عومەر پەتی، و سێ لە قوتابییانمان
لە گفتوگۆی تێزی دکتۆراکەیدا لە (١٩٩٨/٢/١٩)



ناس وحكايات

عندما تنطق الصورة

## الجواهري..
## محاطاً بالادباء الكورد ومودتهم !

■ التقاط الصورة هو احتضان لومضة زمن من العمر، قد تكون هذه الومضة الزمنية مؤلمة او مفرحة عند التقاطها وقد تكون هذه الومضة فيما بعد عكس ما كانت تعبر عنها في حينها، نحن نرجع الى الصور، قد تكون صورة حقيقية بدمها ولحمها وقد تكون مرسومة في ذاكرتنا، أوقد تكون خيالية لا تمت الي الواقع باية صلة... هذه الصورة التي ترونها هي صورة حقيقية في الذاكرة وتحمل في حاضرها بعضاً من الخيال.. حقيقية لكونها موجودة بين ايديكم وبالامكان مشاهدتها وجني ملاحظات متعددة منها كل حسب تصوره، وانها في الذاكرة كونها قد فقدت من اصحابها او فقد احد منهم وخرجت عن حقيقة هذه الصورة روحاً وجسداً وانها خيالية لانها لايمكن ان ترجع تلك الصورة الى زمنها الا في الخيال، ذلك الخيال الذي يجمع بين من هم في هذه الصورة وهو العامل المشترك القوي ليكون ضمن العوامل المشتركة المقدسة كحب الوطن وحب الكلمة الصادقة الشفافة وحب جداول كردستان العزيزة.

□ في الصورة الادباء الكورد: من اليمين محمود زامدار، مجيد هيرش، عبدالخالق سرسام، د. وريا عمر امين، الجواهري الكبير، كاتب المقال..

عندما انعقد المؤتمر الثالث للاتحاد الادباء الكورد في بغداد وتحديداً في قاعة جامعة المستنصرية عام ١٩٧٤كان لي شرف الاشتراك فيه وهذه الصورة جاءت امتداداً للقاءات وجلسات المؤتمر، ذلك المؤتمر الذي اقترح فيه زميلي الاديب محمود زامدار ان يمنح الشاعر المسن صاحب الخط الابداعي (احمد شكري) لقب (د. شو) وعلى ضوء ذلك الاقتراح منح الشاعر المذكور ذلك اللقب الذي الزمه ويلازمه الى الابد، كان في ذلك الحين المرحوم (صالح اليوسفي) والمرحوم (شفيق الكمالي) في مقدمة المستقبلين المشاركين في مطعم لؤلؤة الواقع في حديقة الزوراء حيث حضروا حفل العشاء الذي اقيم على هوامش المؤتمر، عندما امعنت النظر كان من بين الضيوف الشاعر الكبير محمد مهدي الجواهري الذي عاش كلاسيكياً رائداً ومات كلاسيكيا وهو رائد مدرسته، كم كان جميلا طاقية الراس التي كان يعتمرها حباً لكوردستان التي نقش عليها اسمها، انا وزملائي، مجموعة من شباب الكرد المتعطشين للكلمة الرقيقة المرهفة فرحوا لمجيئ هذا الشاعر الكبير، صاحب المواقف البطولية، لذا كان من البديهي ان يصرح الجواهري ايضاً عندما رأى شباب الكرد يشكلون اتحاد ادبهم ويصوتون ديمقراطياً ويرشحون انفسهم ديمقراطياً.

فحباً للجواهري وحباً لصدق شباب الكورد لكلمتهم التقطت هذه الصورة. في مطعم لؤلؤة ... وكان الجواهري رمزاً للموقف الوطني والتقدمي عند الشباب فقد كانت مسيرته النضالية ورحلته الطويلة مع الكلمة حافلة بالعطاء، وكم من مرات دخل السجن على أثر قراءته لقصيدة من قصائده الوطنية.

مصطفى زه نگنه

### في دوائر المحاكم بأربيل
### محامون كثيرون ... ودعاوى قليلة!

● يتواجد في غرفة المحامين بمبنى محاكم اربيل يومياً حوالي (١٥٠) محامياً بينهم محاميات يتراوح عددهن بين ١٠ الى ١٤ محامية. وان عدد هذه الشريحة التي تتميز بالحيوية النسبية قد إزداد مؤخراً بعد استحداث كلية الحقوق (الدراسة المسائية) إضافة الى وجود كلية القانون والسياسة بجامعة صلاح الدين.

ونتيجة الاستقراء للقضايا المختلفة لوحظ ان هؤلاء المحامين يعانون من حالة صعوبة الحصول على الدعاوى التي هي الهوية الرئيسية لمهنتهم، ذلك بحكم التناسب الطردي بين تقدم الزمن وتزايد عدد المحامين من جهة والتناسب العكسي بين تزايدهم وشحة الدعاوى من جهة اخرى، الامر الذي دفع قسماً منهم الى ترك مهنة المحاماة والتعيين في الدوائر الرسمية المختلفة!

٤٠ زاكروس العدد (٥) - نيسان ١٩٩٨

جەواهیری لە ناو ئەدیبانی کورد، (١٩٧٤/١/١٢)



د. سەروەر عەبدوڵلا، د. وریا عمر امین
لە مۆزەخانەی شاعیر و هونەرمەندان (چایخانەی مەچکۆ)
هەولێر (٢١ – ١٢ – ٢٠١٥)




لەچەپەوە، کوردستان موکریانی، وریا عمر امین (وەستاو)
مۆسکۆ ( ١٩٧٢)




ئۆڕاس، جینان، دیار، وریا، ئیڤان
قەڵای حەلەب (٢٠٠٧/٨/١٧)



ئیڤان، ئۆڕاس، دیار، ڕۆژی داگیر کردنی عیراق (٢٠٠٣/٤/٩)
تانکی ئەمەریکی لە بەر دەرگای ماڵمان، بەغداد، غەزالییە



لینینگراد، مۆزەخانەی ئێرمیتاژ (١٩٧٣/٥/١)




شەوانی ڕەمەزانان، لەگەڵ دۆڵەنگێوان



شەوانی ڕەمەزانان، لەگەڵ دۆڵەنگێوان



شەوانی ڕەمەزانان، لەگەڵ دۆڵەنگێوان




فازيل سامر، حوسێن جاف، وریا عمر امین (٢٠٢١/١١/١٨)



لە ڕاستەوە، زانا خەلیل، ئازا حەسیب قەرەداغی، قوبادی جەلیزادە،
بێکەس حەمە قادر، وریا عمر امین، نووسەرانی هەولێر (٢٠١٩/٨/١٤)




پشتیوان نامق شوان، فەرهاد عبدالقادر بەرزەنجی، ئازاد عمر امین،
وریا عمر امین، سەر قەڵای هەولێر (١٩٦٧/٣/١٧)



مومتاز حەیدەری، وریا عمر امین (٢٠١٥/٩/١٨)



گۆڕی سەلادەددین ئەیووبی دیمەشق، سوریا (٢٠٠٧/٨/٩)



شەقلاوە لە سەردەمی کۆڕۆنادا،
لەناو ئەم ڕەزەدا مناڵیم بەسەر برد (٢٠٢٠/٨/١٨)


خەڵاتی قەڵەمی زێڕینی
جەمال نەبەز بۆ ساڵی
2024 بەخشرایە
پرۆفیسۆر
د. وریا عومەر ئەمین
KURDSAT BROADCASTING CORPORATION
ڕێکخراوی ڕۆشنبیری جەمال نەبەز
J.N.C.O
مەراسیمی بەخشینی خەڵاتی
قەڵەمی زێڕینی جەمال نەبەز
بە سپۆنسەری میدیایی دەزگای میدیایی کوردسات


خەڵاتی قەڵەمی زێڕینی جەمال نەبەز
خولی ئوستاد (بەشیر موشیر)
٢٠٢٤
پێشکەشە بە...
دکتۆر (وریا عومەر ئەمین)



تارا شێخ عوسمان، خەڵاتی قەڵەمی زێڕینی
پێشکەش بە پڕۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین کرد.





وریا عمر امین وتاری ڕێزلێنان پێشکەش دەکات



لە چەپەوە: بەدران ئەحمەد حەبیب – وریا عمر امین – ڕۆستەم ئاغالە
کتێبخانەی ماڵی جەمال نەبەز / سلێمانی ٢٠٢٤/١١/١٦



دەوەن مارف – وريا عمر امين
ماڵی جەمال نەبەز – سلێمانی ٢٠٢٤/١١/١٦



حەمەی حاجی مەحموود - تارا شێخ عوسمان – هەڤاڵ ئەبوبەکر – نیعمەت خان / خوشکی جەمال نەبەز- شێخ محمد ساڵح عبد الکریم بەرزەنجی – مهاباد عبدالله – وریا عمر امین – ئەنوەر قەرەداغی



جینان عەباس، نەورۆزی ١٩٩٠



ئیڤان، دیار، ڕزگار، ئۆڕاس، ئازاد، ئاسۆ



باوكم : عمر أمين



دایکم، سەبیحە کەریم عەبدوڵلا



خوشك و براكانم : لە ڕاستەوە، دانیشتوان، ئازاد، وریا، ڕزگار
وەستاوان: ئاواز، ئاهەنگ



لەگەڵ کوڕەکانم، ئۆڕاس، دیار، وریا، ئیڤان (٢٧/ ٢٠٢٣/٧)




جینان عەباس، وریا عمر امین (١٩٨٩/٩/٩)




جنان عباس، وریا عمر امین، (٢٠٠٥/١٤/٣)



لەگەڵ نەوەکانم (یارا و ڤیان ئیڤان) و دایکیان (بان یوسف عتمان)



دیار، جینان، ئۆڕاس، وریا، ئیڤان
بەغداد، غەزالییە (٢٠٠١/١٠/٣)





ڕیزی پێشەوە، ئۆڕاس، ڕزگار، دیار
ڕیزی دواوە، ئاهەنگ، ئاواز، جینان



**کتێبخانەی کەلەپووری میللی، ئستەنبول**
**(٩/ ٨/ ٢٠١٦، وریا (٨/١٠/٢٠٠٥)**



**یارا ئیڤان وریا، وریا عمر امین، ڤیان ئیڤان وریا (١٦/١١/٢٠٢٢)**



ئازاد عومەر ئەمین، فەرهاد عبدالقادر بەرزەنجی
وریا عومەر ئەمین، پشتیوان نامیق شوان (١٩٦٧/٣/١٧



ئۆڕاس، دیار، ئیڤان (٢٠٢٤/١١/٥)




**ئۆراس، دیار، وریا، ئیڤان**
**٢٠٠٦/٨/١٦**



**ئیڤان، وریا، دیار،**




**ئاهەنگی دەرچوونی ئۆڕاسی کوڕم (٨/ ٧/٢٠٢٢)**



ئاهەنگی دەرچوونی ئیڤانی کوڕم (٢٠١٤/٣/١٢)



ئاهەنگی دەرچوونی دیاری کوڕم (٣/ ٢٠١٧/٤)



المملكة العراقية
وزارة المعارف
بغداد
شهادة دار المعلمين

عدد ٢٣

التصوير

السجل

اسم الطالب : عمر امين
اسم والده : محمد امين
تاريخ ميلاده : ١٩٠٧
بلده : اربيل
عنوانه الدائم : اربيل خانقاه

| العربية | الانكليزية | المعلومات | | التربية | الرياضيات | الجغرافية | تاريخ | طبيعيات | الدين | المجموع | الرسم | عمل اليد | الرياضة البدنية | النشيد | المجموع | المجموع الكلي | السلوك | العناية | المواظبة | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| العلوم العقلية | | | | | | | | | | | العملية | | | | | | المواد الخاصة بالسجل | | | |
| ٧ | — | — | | ٨ | ١٠ | ٦ | ٦ | ٨ | ٦ | ٥١ | ٨ | ٩ | ٨ | ٨ | ٢٢ | ٨٤ | ١٠ | ٩ | ١٠ | ٩٢٣: ٩٢٤ |
| ٧ | — | ٨ | ٨ | ٨ | ٨ | ١٠ | ٨ | ٧ | ٩ | ٧٤ | ٩½ | ١٠ | ٩ | ٨ | ٤٦½ | ١٠٩½ | ٩½ | ٨ | ١٠ | ٩٢٤: ٩٢٥ |
| | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| ٧ | — | ٨ | ٨ | ٨ | ٩ | ٨ | ٧ | ٨ | ٨ | ٧١ | ٩ | ١٠ | ٩ | ٨ | ٤٦ | ١٠٧ | ٩¾ | ٨½ | ١٠ | المتوسط |

ان عمر امين بن امين من تلاميذ دار المعلمين الاوليه ذات الصفين في بغداد قد دخل الامتحان النهائي لسنة ١٩٢٤ — ١٩٢٥ فاحرز مئة وسبعة ونصف درجة من المجموع وكانت مرتبته الحادي عشر بين عشرين تلميذاً وبذلك قد اعطي هذه الشهادة

في ١٨ اغسطوس سنة ١٩٢٥ وفي ٢٧ محرم سنة ١٣٤٤

مدير المدرسة

نصادق عليها
وزير المعارف

REVENUE

بڕوانامەی (عمر امین) ساڵی ١٩٢٥



دانیشتووەکان : لە ڕاستەوە، عبدالمجید حسن، سید غریب سلیم، عمر أمین
وەستاوەکان : عبداللە عزیز (عەبە هەولێری)، فایق مستەفا (١٩٢٤ بەغداد)




لە نێوان دایکم و باوکم، گۆڕستانی ئیمام محمد،
هەولێر (٢٠٠٥/٤/١٤)




گۆڕی (ئاهەنگ عمر امین) ی خوشکم، هەولێر، گۆڕستانی شێخ ئەحمەد،
هەولێر،بلۆک (١٢) پارچە(٢٧٨٢)




**گۆڕی دایکم (سەبیحە کەریم عبداللە)، گۆڕستانی ئیمام محمد**



العدد
الاسم والشهرة
تاريخ ومحل الولادة
اسم الاب والجد
اسم الام والجد
الدين
المهنة وهل يقرأ ويكتب
هل متزوج وله زوج او زوجات
لون العين
لون الوجه
العلامات الفارقة الثابتة

اللواء | القضاء | الناحية | المحلة او القرية | رقم المسكن | نوع المسكن

حوادث
تغيير المسكن
حوادث الطلاق والنكاح والافتراق
المعاملات العسكرية
اسم الموظف
الامضاء


صاحب الدفتر رقم
اربيل
الاسم واللقب
اسم الاب والجد
اسم الام والجد
اسم رئيس الدائرة
التوقيع
التاريخ


**لە ناسنامەکانم**


COUNTRIES FOR WHICH THIS PASSPORT IS VALID
الاقطار التي يجوز الدخول اليها بهذا الجواز
The validity of this Passport expires on:
ينتهي العمل بهذا الجواز في
unless renewed
الا اذا جدد
ISSUED AT
صدر في
DATE
التاريخ
PHOTOGRAPH
WIFE
الزوجة
BEARER
جواز سفر
توقيع الزوجة
Signature of wife
توقيع حامله
Signature of bearer
REPUBLIC OF IRAQ
Passport
جمهورية العراق / کۆماری عیراق
جواز سفر / پاسپۆرت
P
IRQ
A10926973
WIRYA OMAR AMIN
AMIN AL-HAKIM
IRAQI / عراقي
M / ذكر
1947-03-15
IRQ / العراق - أربيل
SABEEHA KAREEM
2024-02-13
2016-02-15
BAGHDAD / بغداد
P<IRQAMIN<AL<HAKIM<<WIRYA<OMAR<AMIN<<<<<<<<<
A109269735IRQ4703158M2402136<<<<<<<<<<<<<<<02


СТУДЕНЧЕСКИЙ БИЛЕТ №
Фамилия
Имя
Отчество
Время поступления
Факультет
Дата выдачи билета
Директор (Ректор)
ПФ
КОМНАТА №
هوية
طلبة الصفوف المنتهية
الجمهورية العراقية
نقابة المعلمين
المؤسسة
الاسم الكامل
الوظيفة
زانكۆی جیهان
جامعة جيهان
سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان
Kurdistan Journalists Syndicate
PRESS
2013/12/17
7418
الجمعية الجغرافية العراقية
المركز العام
اتحاد الأدباء الكرد
( هوية العضوية )
Kurd Writers Union
Name:Dr.wra Omer Amin
Speciality: Poetry


حکوومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
ئەکادیمیای کوردی
ناو : د. وریا عومەر ئەمین
پیشە : ئەندامی کارا
گروپی خوێن : A+
ژمارەی ناسنامە
11
د. شەفیق قەزاز
سەرۆکی ئەکادیمیا


جمهورية العراق
وزارة الداخلية
رقم الهوية
٦٤٨٤١٨
الدائرة عينكاوة
مديرية الجنسية والاحوال المدنية العامة
٦٨٦١٨٥
البطاقة الشخصية
صادرة بموجب قانون الأحوال المدنية رقم ٦٥ لسنة ١٩٧٢ المعدل
الاسم وريا
اسم الأب والجد عمر امين
اللقب امين الحكيم
اسم الأم والجد صبيحة كريم
الجنس ذكر
توقيع المواطن الحامل
تاريخ التنظيم
توقيع المنظم
اسم الكاتب
رئيس دائرة احوال عينكاوة



المجمع العلمي العراقي
IAOS
مجلس الوزراء
رئيس المجمع
وريا عمر امين
عضو مجمع
90 / 119

MINISTRY OF HIGHER EDUCATION AND SCIENTIFIC RESEARCH
University of Baghdad
Name: Dr. Waria O. Amin
Occup.: Professor Emeritus
Office: Ibn Rushed Education College
Issue Date: 14/02/2023
Exp. Date: 14/02/2025
Nationlity ID No.: 194757821457
ID No.: 03597
UNIVERSITY OF BAGHDAD

Region of Kurdistan-Iraq
Ministry of Higher Education and Scientific Research
Cihan University
Lecturer ID
Name: Prof. Dr. Waria Omar Amin
Job Title: Member of the Board of Trustees
Birthdate: 1947
Address: Erbil - Tayrawa
Blood Group: A+
Release Date: 02/09/2020
Expire Date: 31/08/2025
ID: PCU 102


جمهورية العراق
وزارة الداخلية
مديرية الجنسية العامة
مديرية مكتب المعلومات المركزي
مكتب معلومات ........ الغزالية
اسم رب الاسرة ........ وريا عمر أمين
عنوان السكن م ٦٥١ ز ٦ د ١٢
رقم الاستمارة ........ ٩٨٤٣

Republic of Iraq
Iraqi Linguists Association
Licensed by The Ministry of Higher Education Scientific Research
No Bt 3413 in 11/5/2010
Name: werya Omar Amen
Rank: teacher
Certificate: professor
Workplace: Baghdad University
Issue Date: 1/7/2019
Exp Date: 1/7/2020
CardNo: 78



جامعة بغداد
كلية اللغات
بطاقة
الاشتراك في الامتحانات النهائية
للسنة الدراسية ١٩٦٧/ ١٩٦٨
الاسم: وريا عمر امين
القسم: اللغة الاردية
الصف: الاول
الشعبة: - ب -
الدوام: صباحي / مسائي
رضا القريشي
عن العميد



Scanned with CamScanner

بەرگی کتێب و لێکۆڵینەوەکانم


فەرهەنگی فەرهەنگەکان
لە قوژبنەکانی ڕێزمانی کوردی
تحديد العلاقات البنيوية للتقويمين الميلادي والهجري وتأسيس نظام للتقويم الكردي
د. وريا عمر امين
ئاسۆیەکی تری زمانەوانی
زمانی کوردی لە ئاستی ڕستەسازیدا
نظام الضمير في اللغة العربية
سیستەمی ڕاناو لە زمانی کوردیدا
د. وريا عمر امين
Scanned with CamScanner


Some Fundamental Rules of
KURDISH SYNTAX STRUCTURE
Wariu Omar Amin
London 1976
سالنامەی ئەکادیمیای کوردی
میوانی نازیز
ڕێزمانی ڕاناوی لکاو
سالنامەی کوردستان
ASPECTS OF THE VERBAL CONSTRUCTION IN KURDISH
London University
1979
سەیرانێکی شیعرستان
ڕێزمانی کاری زمانی کوردی
کردستان في ضمير الجواهري
جووتسالنامە
Scanned with CamScanner


Journal
of
the Kurdish Academy
Volume 1
2013
Kurdish as an Ergative Language
Erbil
Kurdistan-Iraq
گۆڤاری
ئەکادیمیای کوردی
بواری زەمانەوانی و
ئاستەکانی شیکردنەوە
پ. د. وریا عومەر ئەمین
التصنيف النمطي للغة الكردية

زمانەوانی
گۆڤاری
ئەکادیمیای کوردی
مۆرفۆفۆنۆسینتاکس
Journal of the Kurdish Academy
vol. 51
2022
DEIXIS IN ENGLISH AND KURDISH LANGUAGES
الأكاديمية الكردية
الدليل المبسط للأوزان الشعرية العربية
کاروان
Iraq National Commission for Education, Culture and Science
الساعة الرملية و مفهوم الزمن في نظرية آينشتاين النسبية


الأستاذ
الجواهري في دراسة فنية
مجلة علمية محكمة فصلية
گۆڤاری
ئەکادیمیای کوردی
٢٠١٤
Journal of the Kurdish Academy
vol 47
مجلة الأكاديمية الكردية
العدد ٤٧
٢٠٢١
التوافق في اللغة العربية الفصحى
دراسات كردية
مجموعة من الباحثين
الأكاديمية الكوردية
العدد 2 سنة 2023
مۆرفۆفۆنۆسینتاکس
٢٠١٢
لایەنێکی جیاوازی
٢٠١٣


زمانەوانی
گۆڤاری
ئەکادیمیای کوردی
٢٠١٦
مۆرفۆفۆنۆسینتاکس
٢٠١٢
Journal of the Kurdish Academy
vol 51
2022
DEIXIS IN ENGLISH AND KURDISH LANGUAGES
الأكاديمية الكردية
العدد ٥١
٢٠٢٢
أوراق مجمعية
الدليل المبسط للأوزان الشعرية العربية
کاروان
253
Iraqi National Commission for Education, Culture and Science
الساعة الرملية و مفهوم الزمن في نظرية آينشتاين النسبية
41
٢٠١٣



**لەو خانووانەی تیایاندا ژیام**
**لە عەنکاوە و هەولێر و بەغداد**

## وریا عمر امین

- ١٩٤٧/٣/١٥ لە شاری کۆیە لە گەڕەکی بەفری قەندی لە دایک بووە.
- قوتابخـانەی سـەرەتاییی لە گونـدی عەنکـاوە و ناوەنـدی و ئامـادەیی لە هەولێر تەواو کردووە.
- ١٩٧١ بەکەلۆریۆسـی لە زمـان و ئەدەبـی کـوردیی لەزانکـۆی بەغـداد بە یەکەمی وەرگرتووە.
- ١٩٧١-١٩٧٢ بوو بە مامۆستا لە قوتابخانەی (الجمهورية)ی دواناوەندی لە بەغداد.
- ١٩٧٢ - ١٩٨٠ لە زانکۆکـانی مۆسـکۆ و لەنـدەن خوێنـدوویەتی و بڕوانامەی دبلۆم و ماجستێر و دکتۆرای وەرگرتووە.
- ١٩٨٠ خوێندنی لە زانکۆی لەندەن تەواو کردووە و گەڕاوەتەوە وڵات و بە مامۆسـتای زمـانەوانی لە کـولێجی پەروەردەی زانکـۆی بەغـداد دامەزرێنراوە.
- ١٩٨٢ – ١٩٩٩ سەرۆکایەتیی بەشی کوردیی پێ سپێرراوە.
- ١٩٩٢ پلەی پرۆفیسۆریی وەرگرتووە. یەکەم کەسە پلەی پرۆفیسۆری لە زمانی کوردیدا دەسگیرکات.
- ١٩٩٧ بوو بە ئەندامی کۆڕی زانیاریی عیراق ـ دەستەی کورد
- ٢٠٠٤ دکتۆرا لە مێژوودا وەردەگرێ.
- ٢٠٠٧ بـوو بە ئەنـدامی کـارای کـۆڕی زانیـاریی کوردسـتان (ئەکادیمییـای کوردی).
- ٢٠٢٣ بـوو بە ئەنـدامی کـارای کـۆڕی زانیـاریی عیـراق (المجمـع العلمـی العراقی) .
- پرۆفیسـۆری زمـانەوانییە لە زانکـۆی بەغـداد و پرۆفیسـۆری وانەبێـژە لە زانکۆکانی سەلاحەددین و سلێمانی و کۆیە و ڕاپەڕین و گەرمیان.
- دامەزرێنەری بەشی خوێندنی باڵای ماجستێر و دکتۆرای زمـان و ئەدەبـی کوردییە لە زانکۆی بەغداد و زانکۆکانی کوردستان و لە دامەزرێنەرانی زانکۆی جیهانە و ئەندامی ئەنجومەنەکەییتی..

- سەرپەرشتیی نزیکەی ١٠٠ قوتابیی دکتۆرا و ماجستێری کردووە لە زمان و ئەدەبی کوردی و ئینگلیزی و عەرەبیدا.
- ئەندام و سەرۆک لیژنەی گفتوگۆی نزیکەی ٢٥٠ نامەی ماجستێر و دکتۆرا بووە لە زمان و ئەدەبی کوردی و ئینگلیزی و فارسی و عەرەبی و پەروەردە و دەروونناسیدا.
- ئەندامی دەستەی نووسەران و سەرپەرشتی زانستی و زمانەوانی بووە لە (٢٤) گۆڤاری زانستی و گشتی و ڕۆژنامە.
- سەرۆک و ئەندامی زیاتر لە ١٠٠ لیژنەی باڵای زانستی بووە لە زانکۆکان و دەزگا زانستییەکاندا.
- تەرقییەی بە دەیان مامۆستای زانکۆکان کردووە بۆ پلەی (پرۆفیسۆری و یاریدەر و مامۆستا) لە زمان و ئەدەبی کوردی و عەرەبی و ڕووسی و فارسی و ئینگلیزیدا.
- جگە لە کوردی زمانی ئینکلیزی و عەرەبی و تورکمانی و کلدانی و ڕووسی و فارسی دەزانێ. بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی دەنووسێ و بڵاودەکاتەوە.
- زیاتر لە هەزار و پێنج سەد وتار و لێکۆڵینەوە و کتێبی لە بارەی زمان و ئەدەب و ساڵنامە و فەلسەفە و مێژوو و زانست و چیرۆک بڵاو بۆتەوە.
- ئەندامی چەندین کۆمەڵەی زانستی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری.
- پێشکەشکردنی زیاتر لە ٤٠٠ بەرنامەی هەفتانەی ڕۆشنبیری و زانستی و زمانەوانی لە ئێزگەی کوردیی بەغداد لە ساڵانی(١٩٨١ – ١٩٩٢)
- یەکەم بڵاوکراوەی شیعر بوو، لە ساڵی ١٩٦٥دا. کۆمەڵە شیعرێکی بەناونیشانی (سەیرانێکی شیعرستان) ەوە لە ساڵی (٢٠٠٧) بڵاو بۆتەوە.
- زیاتر لە ٣٥٠ سوپاسنامە و ڕێزنامە و زرێی پێ بەخشراوە و بە دەیان وتار و باس و لێکۆڵینەوە لە بارەی بەرهەم و داهێنانەکانی بڵاوبۆتەوە.
- ٢٠١٢/٥/٧ خانەنشین کرا.
- ٢٠١٦/١/١٧ پلەی پرۆفیسۆری شەرەفی زانکۆی بەغدادی پێ بەخشرا.

wariaamin@gmail.com
http://wariaomaramin.blogspot.com
FB : Waria Omar Amin
(+964) 750 817 1937

# STATIONS OF MY LIFES JOURNEY

Dr. Wirya Omar Amin

# محطات رحلة حياتي

د. وريا عمر امين



رۆژانێك بوو.. نەمئەزانی تەواو ئەبن
گوڵی لاویم هەڵئەکەنرێ لە پڕ لە بن
ئیتر هەرگیز لەسەر بنجیا ناڕوێتەوە
هەرچی جوانی و گەشی و تینە ئەبڕێتەوە
رۆژانێك بوو، هیچم نەبوو، ئومێد نەبێ
ئێستاکەش هیچ نییە نەمبێ، ئومێد نەبێ

بڵاوکراوەی زانکۆی جیهان